زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# شاری کەرکوك لە ساڵانی ۱۹۵۸-۱۹۷۵دا

## توێژینەوەیەکی مێژوویيە دەربارەی ڕەوشی ڕۆشنبیریی

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی ئەدەبیات کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا


لەلایەن

**فریاد رحمان محمد داود**

بەکالۆریۆس لە مێژوو- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر ۲۰۰۸


بە سەرپەرشتیاری

**پ.ی.د. اسماعیل محمد حصاف**

أربیل- کوردستان

نیسان ۲۰۱٦

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا
وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ
خَبِيرٞ﴾

هەوالنامەی کتێب

الحجرات: ١٣

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەر نامەیە کە ناونیشانەکەی بریتیە لە (شاری کەرکوك لەساڵانی١٩٥٨-١٩٧٥دا توێژینەویەکی مێژووییە دەربارەی رەوشی رۆشنبیریی) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە جگە لەو جێگایانە کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان تۆژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێك بلاّوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پیێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەك شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

واژوو:

ناوی قوتابی: فریاد رحمان محمد

بەروار: / /٢٠١٦

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە ونووسراوە نێردراوە بۆ وەرگرتنی بروانامەی ماستەر لە پسپۆری مێژووی نویٚ و هاوچەرخ من پشتگیری دەکەم و رازیم کە بەمشێوەی ئیستا پێشکەش لێژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو

پ.ی.د. ئیسماعیل محەمەد حصاف

بەروار / /٢٠١٦

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجیٚ کراوە وهەروەها ئاماژە بە پشگیری ورەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆگفتو گۆ.

واژوو

ناو:پ.د. ارسن موسی رشید

سەرۆکی بەشی بەشی مێژوو

بەروار / / ٢٠١٦

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجیٚ کراوە، بۆیە رازیم کە نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی بالاٚ لە کۆلێژ

واژوو:

پ.ی.د. ئەحمەد میرزا میرزا

بەروار: / / ٢٠١٦

# بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەر نامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (شاری کەرکوك لە ساڵانی١٩٥٨-١٩٧٥دا توێژینەوەیەکی مێژوویيە دەربارەی ڕەوشی ڕۆشنیریی) خوێندەوە و قوتابییەکەمان کە ناوی (فریاد رحمان محمد داود) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری مێژووی نوێ و هاوچەرخ تێدایە.

واژوو:

ناو: پ.ی.د مهدی محمد قادر

ئەندام: سەرۆکی لیژنە

بەروار: / / ٢٠١٦

واژوو:

ناو: پ.ی.د.ئازاد عوبێد ساڵح

ئەندام: ئەندامی لیژنە

بەروار : / / ٢٠١٦

واژوو:

ناو: پ.ی.د هۆگر طاهر تۆفیق

ئەندام: ئەندامی لیژنە

بەروار: / /٢٠١٦

واژوو:

ناو: پ.ی.د.اسماعیل محمد حصاف

ئەندام: ئەندام وسەرپەرشتیار

بەروار: / / ٢٠١٦

هەواڵنامەی کتێب

لەلایەن کۆلێژی ئەدەبیات / زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر پەسندکراوە.

واژوو:

ناو:پ.ی.د. محمد عبدالله کاکە سور

راگری کۆلیژی ئەدەبیات

بەروار / / ٢٠١٦

## پێشکەشە بە

- بە باوك  ودایکی ئازیزم.

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاس و پێزانین

* سوپاس و ستایش بۆ خودای مەزن و دلۆڤان کە توانای پیٚ بەخشین بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

* بۆ بەڕێز (پ.ی.د اسماعیل محمد حصاف) کە ئەرکی سەرپەرشتیاری کردنی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆی خۆی و بە سەرنج و تێبینیەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەندتر کرد.

* بۆسەرۆکایەتی بەشی مێژوو کە دەرفەتیان بۆ فەراهەم کردین بۆ خوێندنی ماستەر، هەروەها سەرجەم مامۆستایانەی لە قوناغی خوێندنی ماستەر وانەیان پێگوتین کەهەریەك لەبەرێزان(پ.د. خەلیل عەلی موراد، پ.د.سەعدی عوسمان حوسێن، پ.د.عیماد عەبدولسەلام رەئوف ی.پ.د.مەهدی محەمەد قادر، ی.پ.د.اسماعیل محمد حصاف، ی.پ.د.محەمەد عبدالله کاکەسور، ی.پ.د.ئازاد عوبێد سالح، ی.پ.د. عوسمان عەلی)

* بۆ بەرێز(پ.د.سەعدی عوسمان حوسێن) کە لەسەرەتای هەڵبژاردنی بابەتەکە،پلانی توێژینەوەکە هاوکاری زۆری کردم.

* بۆ بەڕێز(سمکۆ بەهرۆز) دەکەم کە بە پێشنیار و پێدانی سەرچاوەی پێویست هاوکاری زۆری کردین.

بەڕێز(د.بختیار سەعید شوانی) دەکەم کە بە پێشنیار و پێدانی سەرچاوەی پێویست هاوکاری کردین.

* بۆ هەریەك لەم بەڕێزانە دەکەم کەبەجۆرێك لە جۆرەکان هاوکاریان کردووم (د.دڵشاد مەحمود عبدولرەحمان، د.رەفیق شوانی،م. نەهرۆ عوسمان، سیف الدین صابراسماعیل، حەمەد محەمەد ئەحمەد (حمەدیان)، م.نجاة کوثر اوغلو، طارق جامباز، محمد خضر الحمدانی، عەبدولستار جەباری م.کرێکار عەبدلرحمان، دەحام لوقمان م. رێبوار سەعید، م.دیدار عوسمان،م.هۆشەنگ ساڵح محەمەد ).

* بۆکارمەندانی کتێبخانەکانی( گشتی هەولێر و ناوەندی زانکۆی سەلاحە ددین و کۆلیژی ئەدەبیات وبەشی مێژوو، کتێخانەی گشتی کەرکوك، بنکەی ژین، ناوەندی روناکبیری کۆمەلایەتی کەرکوك، یەکێتی نوسەرانی کورد/ کەرکوك).

هەوالنامەی کتێب

# پوختە


ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (شاری کەرکوك لە ساڵانی١٩٥٨-١٩٧٥دا **توێژینەویەکی مێژوییە دەربارەی ڕەوشی ڕۆشنبیری**) بەئامانجی خستنەڕووی سەرجەم بزاوت وجموجۆڵە چالاکییە رۆشنبیرییەکانی شارەکە، کە لەو ماوەیەدا لەبوارەکانی پەروەردەو خوێندن و رۆژنامەگەری و ئەدەبی و هونەری...هتد، ئەنجامدراوە. بێگومان لێکوڵینەوە لە بواری رۆشنبیریی شارێکی وەکو کەرکوك بەتایبەت لەو قۆناغەدا کارێکی گەلێك هەستیارە، ئەمەش یەکەم: بەهۆی سروشتی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی شارەکە کەشارێکی فرە نەتەوە و ئاینەییە، هەریەك لەم پێکهاتانە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن بەتایبەتی لەڕووی رۆشنبیرییەوە، هەموویان بەشداریان لە بزووتنەوەی رۆشنبیریی شارەکەدا کردووە. دووەم: پێشهاتە سیاسیەکان لەعێراق و کوردستان کاریگەری گەورەیان لەسەر ئەم بواری رۆشنبیریی هەبووە، بەتایبەتی هاتنە سەردەسەڵاتی بەعسییەکان لە ٨ شوباتی ١٩٦٣ دواتریش لە١٧ تەموزی ١٩٦٨، رەنگدانەوەی خراپی کردە سەر باری ڕۆشنبیریی کوردی بە بەراورد بەنەتەوەکانی دیکەی شارەکە، سەرەڕای بوونی سامانێکی زۆری سروشتی شارەکە بەڵام سوودی ئەوتۆی بۆ شارەکەنەبووە، بەڵکو بوەتە مایەی ماڵوێرانی، کەحکومەتی عێراقی بەردەوام هەوڵی گۆڕینی باری دیموٚگرافیای شارەکەی داوە. ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر لایەنی ڕۆشنبیریی شارەکە کردووە، بوارەکانی ڕۆشنبیریی بوونەتە قوربانی سەرەکی ئەو ڕووداوانە، وێڕای ئەم دۆخە لەگەڵ ئەوەشدا رۆشنبیران هەر کەلێنێکیان بۆ ڕێکەوتبێت گوزرارشتیان لە توانا ئەدەبی هونەرییەکانیان کردووە.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و سێ بەش پێکهاتووە.

لە دەروازەدا کورتەیەك لەبارەی جوگرافیا ومێژوویی شارەکە و چاوپێخشانێکی خێرا بە ڕەوشی رۆشنبیریی شارەکە بەر لە ساڵی ١٩٥٨دا کراوە.

لە بەشی یەکەمدا: باسی بوارەکانی رۆشنبیریی شارەکەمان کردووە, کەپێکهاتووە لە چوار تەوەر, تەوەری یەکەممان تەرخانکردووە بە ڕەوشی پەروەردە وخوێندن, تەوەری دووەممان تایبەت کردووە بە رەوشی رۆژنامەگەری ناو شاری کەرکوك، تەوەری سێیەم تایبەتەبە رەوشی ئەدەبیات لەڕووی ژانرە ئەدەبیەکانی وەکو (شعر و چیرۆك و ڕۆمان وفۆلکلۆر), تەوەری چوارەممان تەرخانکردووە بۆ رەوشی هونەری کە(شانۆ وشێوەکاری وگورانی ومۆسیقا) لەخۆدەگرێت. لە هەریەك لەم بوارانەش بە وردی باس لەپێشکەوتن و گرفتەکانی بەردەم گەشەسەندنیان کراوە.

له بەشی دووەمدا: ڕۆڵی ناوەند و کۆمەڵە و ڕێکخراوە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان باسکراوە، کە بە چالاکی و جموجۆڵەکانیان توانیویانە نووسەر وئەدیب وهونەرمەندان و خەڵکی گشتی لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە تواناکانیان بەگەربخەن، خزمەت بە بزاڤی ڕۆشنبیریی شارەکە بکەن، هەر لەم بەشەدا باسی ڕۆڵ و کاریگەری ناوەند و کۆمەڵەکانی دەرەوەی شارەکە لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی شارەکە کراوە.

بەشی سێیەمدا: بریتیە کاریگەری ئەو پێشهاتە سیاسیانەی لەماوەی ساڵانی(١٩٥٨-١٩٧٥)دا لەسەر ئاستی عێراق و سەر ئاستی کوردستاندا ڕوویانداوە، وەك: شۆڕشی ١٤تەموزی ١٩٥٨ و هەڵگیرسانی شۆڕش ئەیلوولی١٩٦١ پێدانی مافی نەتەوایەتییەکانی (تورکمان١٩٧٠)و(سریان١٩٧٢)،هەروەها ڕێکەوتننامەی١١ی ئاداری١٩٧٠نێوان حکومەتی عێراق وسەرکردایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، هەریەك لەمانە کاریگەریان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەکە هەبووە و دیاریی کراوە.

هەواڵنامەی کتێب

# لیستی کورتکراوەکان

## بە زمانی کوردی

| | |
|---|---|
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |
| ه.س | هەمان سەرچاوە |
| ب | بەرگ–بەش |
| ب.ش | بێ شوێنی چاپ |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |
| ل | لاپەرە |
| چ | چاپ |
| ئا | ئامادەکردنی |
| و | وەرگێڕن |
| ژ | ژمارە |

## بە زمانی عەرەبی

| | |
|---|---|
| م.س | المصدر السابق |
| م.ن | المصدر نفسه |
| ج/مج | الجزء/ المجلد |
| ع | العدد |
| ت | الترجمة |
| د.م | دون المكان الطبع |
| د.ت | دون التاريخ الطبع |
| ص | الصفحة |

## بە زمانی ئینگلیزی

| | |
|---|---|
| سەرچاوەی پێشوو | Op.cit |
| لاپەرە | P |

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆك


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| II | بەڵێننامەی قوتابی |
| III | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| IV | بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە |
| V | پێشکەش |
| VI | سوپاس و پێزانین |
| VIII -VII | پوختەی نامە |
| XI- X | ناوەڕۆك |
| IX | لیستی کورتکراوەکان |
| ١-٦ | پێشەکی |
| ٧-٣١ | **دەروازە**<br>یەکەم:کورتەیەك لەتایبەتمەندییە جوگرافیاومێژووییەکانی شاریکەرکوك<br>دووەم:سەرنجێکی خێرا بۆ رەوشی رۆشنبیری شاری کەرکوك بەر لەساڵی ١٩٥٨ |
| ٣٢-٨٩ | **بەشی یەکەم: بوارەکانی رۆشنبیریی شاری کەرکوك**١٩٥٨-١٩٧٥ |
| ٣٢ | تەوەری یەکەم: بواری پەروەردەو فێرکردن |
| ٤٩ | تەوەری دووەم: بواری رۆژنامەگەری |
| ٦٢ | تەوری سێیەم: بواری ئەدەبی |
| ٧٦ | تەوەری چوارەم: بزاڤی هونەری |
| ٩٠-١٢٣ | **بەشی دووەم: ناوەند و ڕێکخراو و کۆمەڵە رۆشنبیرییەکان وکاریگەریان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شاری کەرکوك ١٩٥٨- ١٩٧٥** |
| ٩٠ | تەوەری یەکەم: ناوەند و دەزگا رۆشنبیرییە فەرمییەکان |
| ١٠١ | تەوەری دووەم: ناوەندە تایبەت ونافەرمییەکان |
| ١٠٩ | تەوەری سێیەم:ڕێکخراو و کۆمەڵە رۆشنبیریەکان |
| ١١٨ | |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| تەوەری چوارەم: ناوەند ودەزگا رۆشنبیرییەکانی دەرەوەی شاری کەرکوك | |
| **بەشی سێیەم:کاریگەریی پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوك** | ١٢٤-١٧٣ |
| تەوەری یەکەم: شۆڕشی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ | ١٢٤ |
| تەوەری دووەم: هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول١٩٦١وکاریگەرییەکانی لەسەر رەوشی رۆشنبیری لەنێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٠ | ١٣٨ |
| تەوەری سێیەم: پێشهاتە سیاسیەکانی ١٩٧٠-١٩٧٤ کاریگەریەکانی لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوك | ١٥٥ |
| تەوەری چوارەم: هەڵگیرسانەوەی شەڕ ١٩٧٤-١٩٧٥وکاریگەری لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوك | ١٦٩ |
| **ئەنجام** | ١٧٤-١٧٥ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | R١٧٦ |
| **پاشکۆکان** | A١٩٧ -A٢١٦ |
| **پوختەی تۆێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی** | B-A |


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

شاری کەرکوك بەیەکێك لەشارە دێرین و مێژووییەکان دادەندرێت، کە خاوەنی شارستانیەتێکی کۆنە و ئەمەش بە درێژایی مێژوو پاشخانێکی گەورەی لەرووی رۆشنبیرییەوە پێبەخشیووە. ئەو شارە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ مەڵبەندێکی سیاسی ئیداری و ئابووری ناوەندی ویلایەتی شارەزوو بووە. دۆزینەوەی نەوت پێگەی شارەکەی بەهێزتر کردووە، بووەتە هۆی هاتنی خەڵکی بیانی بۆ ناوچەکە بەتایبەت ئینگلیز و ئەمریکی و هیند و...هتد، پاشان هاتنی عەرەب لەڕێگەی بەعەرەبکردن، هەموو ئەمانە سەرباری خەڵکی رەسەنی شارەکە بەشدارییان لە ژیانی رۆشنبیریی شارەکە کردووە، هەروەها ئەوەی جێگای ئاماژەیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا شاری کەرکوك تاکە شاری باشوری کوردستان بووە، کە قوتابخانەی دواناوەندی تێدابووە. ئەمەش وایکردووە لەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە قوتابیانی کورد بۆ خوێندن رووی تێبکەن، بەمەش شاری کەرکوك بووەتە ئەڵقەی بەیەکگەیاندنی دەستەبژێری خوێندەوارانی کورد، بووەتە هۆی دروست بوونی توێژێکی گرینگ لە کۆمەڵگەدا کە ڕۆڵی دیاریان لە بزاڤی سیاسی و رۆشنبیریدا بینیوە, دیارترینیان دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر بووە لەساڵی١٩٣٧ لەلایەن قوتابیانی مەرکەزییەی کەرکوکەوە هەر ئەمانە چەندین پارت و کۆمەڵە و رێکخراویان لەپێناو بەدەست هێنانی ماف و ئازادی نەتەوەیی کوردا دامەزراندووە. ئەم پاشخانە مێژووییە ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە دروست بوونی بزاڤێکی رۆشنبیریی لە شاری کەرکوك.

**هۆکاری هەڵبژاردنی** بابەتێك لەسەر بواری رۆشنبیریی شاری کەرکوك لەماوەی ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥بۆ گرینگی بابەتەکە دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی شارەکە جموجوڵێکی رۆشنبیری گەورەی لەو ماوەیەدا بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام وەکو پێویست لەچوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستی مێژوویی کاری لەسەر نەکراوە، تەنها لێرەو لەوێ لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بەشێوەیەك لە شێوەکان باسی لایەنێکی سنووورداری بزاڤی ڕۆشنبیریی شارەکە کراوە، ئەو کارە زانستیانەی لە بارەی شارەکە کراون زیاتر مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوونە، وەکو کارنامەی دکتۆرای (پشکۆ حمە تاهیر ئاغجلەری) تایبەتە بە بارودۆخی سیاسی کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧-١٩٧٧، ماستەرنامەی بەناونیشانی(بەختیار سەعید مەحموود شوانی) کەرکوك لەسەدەی نۆزدەهەمدا لێکۆلینەوەیەکی مێژووییە دەربارەی بارودۆخی سیاسی وئابووری، کارنامەی دکتۆرای (دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان) دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوك ١٩٢١-١٩٥٨, هەروەها ماستەرنامەی ناوبراو کە لەسەر رۆڵی سیاسی و رۆشنبیریی شاری کەرکوك ١٩٣٢-١٩٥٨کە لەپاڵ لایەنە سیاسییەکان لایەنێکی بۆ بواری رۆشنبیری لە سەردەمی پاشایەتی١٩٢١-١٩٥٨ شارەکە تەرخانکراوە.

**ماوەی توێژینەوەکە** کە لەساڵی ١٩٥٨ دەست پیدەکات لەساڵی ١٩٧٥کۆتای دێت، لەو ساڵەدا شۆڕشی١٤ تەمموزی ١٩٥٨ روویداوە، بەمەش گۆڕانکاری گەورەی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگی لە عێراق وکوردستاندا هاتووەتە کایەوە، شاری کەرکوکیش لەو گۆرانکارییانە

بەدەرنەبووە، هەروەها ساڵی ١٩٧٥، کە لەو ساڵەدا ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عێراق وئێران مۆرکراو کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١–١٩٧٥ هێنا، بەمەش کاریگەری خراپی بەسەر ڕەوشی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی شاری کەرکوك هێنا، چونکە حکومەتی عێراق بزاڤی ڕۆشنبیریی بەتایبەتی ڕۆشنبیری کوردی خامۆش کردو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی داخست و هەموو جولەیەکی ڕۆشنبیری خستە خزمەت نەتەوەی سەردەست، کە ئەویش نەتەوەیی عەرەب و کاری کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی.

**سنووری جوگرافیایی توێژینەوەکە**، توێژینەوەکە بایەخی بە ڕەوشی ڕۆشنبیریی لەناو شاری کەرکوك داوە، بەڵام لەبواری پەروەردەدا ئەم سنورەی تێپەڕاندووە سەرجەم (لیوا–پارێزگا)کەی گرتووەتەوە، هەروەها ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی شاری کەرکوك لە خەباتی ڕۆشنبیری شاخ وشۆڕشدا لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا دیاری کردووە، سرنجیش خراوەتە سەرناوەند و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانی دەرەوەی شارەکە، کە کاریگەریان لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی شارەکە هەبووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە** تۆمارکردن وبەبەڵگەنامەکردنی چالاکییە ڕۆشنبیریەکانە لەو ماوەیەدا لە شارەکەدا ئەنجامدراون، کاریگەریان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەکە کردووە، ئەم چالاکیانە چ لەسەر ئاستی کاری کۆمەڵەیدا دابێت، یاخود لەلایەن ڕێکخراو وگروپێك بوو بێت، یان دەستەبژێرك لە ڕۆشنبیران لەپێناو پێشخستنی بوارەکە کاریان کردبێت، لەمیانەی هەست کردن بە لێپرسراویەتی قۆناغەکە، هەموو ئەو هەوڵانەش خزمەتێکی گەورەی مێژوویی و ڕۆشنبیریی شارەکەیان کردووە، ناکرێت فەرامۆش بکرێت.

**ڕێبازی توێژینەوەی**، بەگشتی ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی لەسەر شێوازی کرۆنۆلۆژی (گێڕانەوەی ڕووداوەکان)مان گرتووەتە بەر لە شوێنی پێویستدا پەنامان بردووەتە بەر ڕێبازی شیکاریش بۆ خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان.

**توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەروازەیەك و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە:**

**دەروازە:** گرنگترین تایبەتمەندییە جوگرافیەکانی شاری کەرکوك و کورتەیەك لە مێژوویی سیاسی شارەکە تا ساڵی ١٩٥٨ خراوەتە بەرچاو، هەروەها چاوپێخشانێکی خێرامان بۆ ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەکە لە بوارەکانی(پەروەردەوخوێندن وڕۆژنامەگەری وئەدەب وهونەر)دا کردووە.

**بەشی یەکەم:** تایبەت کراوە بۆ( بوارەکانی ڕۆشنبیریی لەشاری کەرکوك)، کە دابەش کراوە بەسەر چوار تەوەر: لە تەوەری یەکەمدا باس لە ڕەوشی پەروەردە وفێرکردن لەشارەکە دەکات، بەشێوەیەکی گشتی باسی دۆخی قوتابیان و لە بەرانبەر ڕێژەی پێویستی مامۆستا وقوتابخانەدا کراوە. هەروەها خستنەڕووی پڕۆگرمەکانی خوێندن، هەر لەم تەوەرەیەدا واقعی ڕێژەی خوێندەواری لەکەرکوکدا دیاری کراوە، تەوەری دووەم تایبەتکراوە بە بواری ڕۆژنامەگەری کەئەمەش خۆی لەڕۆژنامەی ئاشکرا ونهێنی وبڵاوکراوەی قوتابخانەکان دەبینێتەوە، تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بەو جموجۆڵە و چالاکییە ئەدەبیانەی لە شارەکە بەڕێوەچوون، لەتەوەری چوارەمدا تیشك خراوەتە سەر سەرجەم ئەو جموجۆڵە هونەرییانەی لەبوارەکانی شانۆ وشێوەکاری وگۆرانی و مۆسیقا لەشارەکەدا سازکراون: ئەم

بوارانە کراوەنەتە تەوەری سەرەکی توێژینەوەکە لە ناوەرۆکدا هەریەکیان بەجیا خراونەتەڕوو، کە کاریگەریان لەسەر بنیادی رۆشنبیریی شاری کەرکوک روونکراوەتەوە.

**بەشی دووەم:** تەرخان کراوە بۆ (ناوەند و رێکخراو کۆمەڵە رۆشنبیرییەکان وکاریگەری لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوک)، مەبەست لەو ناوەندانە ئەو شوێنانە بوون، کە بەهۆی چالاکی بەردەوامی رۆشنبیریی رۆشنبیران لەدەوری کۆبوونەتەوە. ئەم بەشەش دابەش کراوە بە سەر چوار تەوەردا لە تەوەری یەکەمدا ناوەندە فەرمییەکان(حکومیەکان)، وەك: قوتابخانەکان وکتێبخانەی گشتی کەرکوك و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کەرکوك و تەلەفزیۆنی کەرکوك و کۆمپانیای نەوتی کەرکوك رۆڵیان لە کۆکردنەوەی رۆشنبیران گرینگیدان بەبواری رۆشنبیریی دیاریی کراوە، لە تەوەری دووەمدا تیشك خراوەتە سەر ناوەندە ناحکومیەکان هەرچەندە لە بنەڕەتدا بەمەبەستی بازرگانی دامەزراون، بەڵام رۆڵی بەرچاویان گێراوە لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی کاریگەریان لەسەر لایەنی رۆشنبیری شارەکە هەبووە, لە تەوەری سێیەمدا هەڵوەستە لەسەر کارو چالاکی رۆشنبیریی کۆمەڵە و رێکخراوەکانی وەك مامۆستایان و قوتابیان و لاوان و یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کورد و تیپەکانی مۆسیقا، وەك: تیپی مۆسیقای بێکەس و سۆلاڤ و تیپە شانۆییەکانی خەبات و مەشخەڵ و باباگوڕگوڕ و تیپی نەتەوەیی تورکمان کراوە, تەوەری چوارەم تەرخانکراوە بۆ ناوەند و دەزگاکانی دەرەوەی شاری کەرکوك، کە کاریان لە سەر بزاڤی رۆشنبیریی شاری کەرکوك کردووە، وەکو دەزگاکانی رۆژنامەوانی و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان.

**بەشی سێیەم:** تایبەت کراوە بۆ(کاریگەری پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوك)، لێرەدا بەخێرایی باسی رووداوە سیاسییەکان کراوە، بەڵکو زیاتر رەنگدانەوەی بەسەر بوارەکانی رۆشنبیریی شەن وکەن کراوە، لەتەوەری یەکەمدا کاریگەری شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لەسەر بوارەکانی رۆشنبیریی وێناکراوە، لەتەوەری دووەمدا، تیشك خراوەتە سەر ئەو هەلومەرجانەی لەنێوان ساڵانی(١٩٦١-١٩٧٠)دا کەخۆی لەهەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١، کودەتای بەعسیەکان لە٨شوباتی١٩٦٣ و ١٧تەممووزی١٩٦٨کاریگەریەکانیان لەسەر جموجۆڵە رۆشنبیریەکان دیاری کراوە، تەوەری سێیەم، تەرخان کراوە بۆکاریگەرییەکانی هەریەك لە پێدانی مافە رۆشنبیریی تورکمان لە٢٤کانونی دووەم ساڵی١٩٧٠, هەروەها رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی١٩٧٠ ومافی رۆشنبیری سریانی لە٢٠ شوباتی ساڵی ١٩٧٢. تەوەری چوارەم باسی کاریگەری دەستپێکردنەوەی شەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥ بەتایبەتی لەسەر رۆشنبیریی کوردی کراوە. هەریەك لەم ڕووداوە سیاسییانە کاریگەری گەورەیان لەسەر بزاڤی رۆشنبیریی شاری کەرکوکدا کردووە.

**سەرچاوەو ژێدەرەکانی توێژینەوەکە** بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشت بە چەندین سەرچاوە هەمەجۆر، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی بەستراوە, کۆمەڵێك بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە و بڵاوکراوە و گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە, هەروەها یاداشت و بیرەوەری و لەگەڵ چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێك مامۆستاو رۆشنبیر و ئەو کەسانەی ئاگاداری بارودۆخی ئەوکاتی کەرکوك بوون.

سەبارەت بە بەڵگەنامەکان سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامە بۆ نووسینی هەر توێژینەوەیەکی مێژوویی پێویستییەکی زانستییە لێرەدا چەندین بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە وبڵاوکراوەمان بەکارهێناوە، لەوانە بڕیاری دامەزراندنی پیاوانی ئاینی بە مامۆستای فەرمی و گواستنەوەی مامۆستایانی کورد بۆ خوارووی عێراق بەبیانووی پەیوەندیان بە شۆڕشەوە، بڵاوکراوە حکومییەکانی لە بواری پەروەردە سوودیان لێوەرگیراوە، ئەوانیش ئامارە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردەی عێراق بەتایبەتی ساڵانی(١٩٥٧-١٩٥٨) تا ساڵانی(١٩٧٤-١٩٧٥) بەناوی (الجمهورية العراقية، وزارة المعارف/التربية الاحصاءالتربوي التقريرالسنوي) بڵاوکراونەتەوە.ئەو ئامارانە سەرچاوەی باوەڕ پێکراون, لەبەر ئەوەی بەوردی زانیاریەکانیان تۆمارکردووە و زانیاری بەسوودیان دەربارەی ژمارەی قوتابیان و مامۆستایان و پرۆگرامەکانی خوێندن تۆمارکردووە.

سەرچاوەی دیکە بریتیە لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لە ماوەی توێژینەوەکە لە شاری کەرکوک دەرچوون بێگومان ئەم گۆڤارانە بۆ دیارخستنی بزاڤی ڕۆشنبیریی شارەکە سەرچاوەی گرینگن. لەوانە گۆڤاری شەفەق(١٩٥٨-١٩٦٣)، ئەو گۆڤارە گرینگی بە هەواڵ و چالاکییە ئەدەبیەکانی شارەکەداوە و بەرهەمی زۆربەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی شارەکە و شارەکانی دیکەی کوردستانی عێراقی بڵاوکردووەتەوە, هەروەها ڕۆژنامەی کەرکوك(١٩٢٦-١٩٧٢)کە لەلایەن شارەوانی کەرکوکەوە دەرکراوە، هەواڵ و چالاکییەکانی شارەکەی بڵاوکردۆتەوە و ڕۆژنامەی بەشیر ١٩٥٨کە هەواڵ و چالاکی ئەدەبی ڕۆشنبیری شارەکەی بڵاوکردووەتەوە، جگە لەمانە ڕۆژنامەکانی هاوکاری، برایەتی/التاخی، گۆڤاری الاخاء/قارداشلق، پەروەردەوزانست سوودیان لێوەرگیراوە، سەرەڕای گۆڤارەکانی، وەکو ڕامان وکەرکوك وهاواری کەرکوك و...هتد.

یاداشت و بیرەوەرییەکان کە بە کتێب، یان لە گۆڤارەکان بڵاوکرابێتەوە سوودیان لێوەرگیراوە. لەم توێژینەوەیە لە نێو ئەو یاداشت و بیرەوەریانەی، وەکو کتێب بڵاوکراونەتەوە لەوانە بیرەوەریەکانی خالد دلێر کە لەبارەی ڕەوشی هونەری ئەوسای کوردستان زانیاری بەسوودی تێدایە، هەروەها بیرەوەریەکانی مەلا نوری ئاغجلەری،(بیرەوەرییەکانم لەنێوان بینین وبیستندا)، کە ئەم لەڕووی پەروەردەییەوە زانیاری بەسوودی بۆ توێژینەوەکەمان تێدایە، هەروەها (ذاکرة کرکوك)ی فاروق مستەفا لەڕووی بزووتنەوەی ئەدەبی لەشارەکە بەتایبەتی کە تێیدا باسی کۆمەڵەی کەرکوك و چاوپێکەوتن و دانیشتنە ئەدەبییەکانیان دەکات.

نامە و کارنامە زانستیەکان سەرچاوەی دیکەن، کە لەم توێژینەوەیە پشتیان پێبەستراوە، لەوانە ماستەر نامەو تێزی دکتۆرای دڵشاد محمود عەبدولرەحمان ماستەرنامەکەی بەناوی (کەرکوك لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی دەربارەی ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری ١٩٣٢-١٩٥٨)، تێزی دکتۆراکەشی بەناوی (بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوك لەسەردەمی پاشایەتی١٩٢١-١٩٥٨)، کە لە دەروازەکەدا سودی زۆریان لێوەرگیراوە, هەروەها تێزی دکتۆرای پشکۆ حمە تاهیر عەبدولرەحمان بەناوی (کەرکوك لەماوەی ساڵانی ١٩٥٧-١٩٧٧ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی) کە ئەم کارنامەیە هاوسەردەمی توێژینەوەکەیە لەڕووی سیاسیەوە لە بەشی سێیەمدا سوودی لێوەرگیراوە. هەروەها

تێزی دکتۆرای دلشاد عمر عبدالعزیز بەناوی (شرکة نفط العراق المحدودة دراسةتاریخیة فی نشاطها الاقتصادی والخدمی فی کرکوك ١٩٢٧-١٩٧٢)زانیاری دەربارەی نەوتی شارەکە و ڕۆڵی نەوت لە گەشەسەندنی لایەنەکانی شارستانی شارەکە تێدایە. هەروەها سوود لە نامەی ماستەری هۆشنك ساڵح محەمەد شەریف بەناوی (بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی لە شاری هەولێر١٩٥٨-١٩٧٥)وەرگیراوە، کە لێکۆلینەوەیەکی زانستییە لەبارەی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی لەشاری هەولێر.

چاوپێکەوتنەکان سەرچاوەیەکی دیکەن، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەمان، بۆیە سوودمان لە چاوپێکەوتنی هەندێك کەسایەتی وەرگرتووە کە ئاگاداری ڕەوشەکە بووینە، ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرچاوەکان زیاتر گرینگیان بە لایەنی سیاسی لە چاو لایەنە ڕۆشنبیرییەکان داوە، بۆیە پێمان وابوو دەتوانین لەڕێگەی ئەم چاوپێکەوتنانەوە توێژینەوەکەمان زیاتر دەوڵەمەند بکەین، سەرەڕای کەم و کوڕییەکانی, بەڵام سەرچاوەی گرنگن بۆ توێژینەوەکە.

ئینسایکلۆپیدیاش سەرچاوەیەکی دیکەن کە پشتمان پێبەستووە، وەکو (موسوعة کرکوك قلب العراق) لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە سوودی لێوەرگیراوە, ئینسایکلۆپیدیای کەرکوکیش کە تائێستا چاپ نەکراوە و دەستنووسە زانیاری لە بوارەکانی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابووری شارەکە تێدایە، سوودمان لێوەرگرتووە.

کتێب بە زمانە جیاجیاکان، سەرچاوەی دیکە بوون لەم توێژینەوەیەدا پشتیان پێ بەستراوە، لە بواری پەروەردەدا کتێبی (تطور التعلیم فی العراق١٨٦٩-١٩٣٢)ی ابراهیم خلیل احمد، هەروەها کتێبی (گەشەسەندنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراق ١٩٢١-١٩٥٣)ی محمد عبدالله کاکەسور، ئەم دووکتێبە لەبنەڕەتدا نامەی زانستین و پشتیان بەسەرچاوەی ڕەسەن بەستووە، لەدەروازەکەدا سودیان لێوەرگیراوە، هەروەها کتێبی (عن تعلیم فی الکردستان العراق)ی(أ.ب فەلەکەدین کاکەیی)، هەرچەندە نووسەر بەخێرایی باسی بابەتەکەی کردووە, بەڵام سەرچاوەیەکی بەسوودە بۆ لایەنی پەروەردەی کوردستان.

لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کتێبی (تاریخ الصحافه الترکمانیه فی العراق)ی (نصرت مردان)، کە لەبنەڕەتدا نامەی دکتۆرایە زانیاری دەربارەی ڕۆژنامەگەری تورکمانی لە عێراقدا خستووەتەڕوو. کتێبی (مێژووی گۆڕانە ڕۆشەنبیرییەکانی ناوچەی کەرکوك)ی(سمکۆ بەهرۆز)، ئەم کتێبە زانیاری دەربارەی زۆر لایەنی ڕۆشنبیریی شارەکەی لەخۆگرتووە، سەرەڕای بواری ڕۆژنامەگەری لەبارەی چاپخانە و کتێبخانەکانی شارەکە زانیاری گرنگیان خستۆتەڕوو. هەروەها کتێبی (تاریخ الطباعة و الصحافة فی کرکوك)ی عطا ترزی باشی، کە زانیاری لەبارەی مێژووی چاپخانەکان و ڕۆژنامەکانی شارەکە لەخۆگرتووە, هەروەها کتێبی (المرشد الی الصحافه کرکوك ٩١١-٢٠١١)ی صباح بازگان و کتێبی( تاریخ الصحافه الکردیه فی العراق و مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی)ی عبدالجبار محمد جباری ئەم دوو کتێبە بەشێوەی بیبلۆگرافیا نووسراوە و زانیاریان دەربارەی ڕۆژنامەکانی شارەکە خستووەتەڕوو.

لەبواری ئەدەبیدا ئەوەی لەم بوارەدا پشتی پێبەستراوەو سەرچاوەی زانیاری بوونە دیارترینیان کتێبی(جماعة كركوك التتمات اللاحقة)ی (فاروق مصطفی) کە تیشکی خستووەتە سەر جموجوڵە ئەدەبیەکان، بەتایبەتی چالاکییەکان کۆمەڵەی ئەدەبی کەرکوک دانیشتنی گفتوگۆکانی لەگەڵیاندا بەرگی یەکەمی کتێبی (ازهار القرنفل)ی(هانی صاحب حسن) ئەم کتێبە بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەسەر شیعری تورکمانی لەماوەی ساڵانی ١٩٥٨–١٩٨٨دا نووسراوە, هەروەها کتێبی (مێژووی ئەدەبیاتی تورکمانی)ی ئیسماعیل عەلی زانیاری بەسودی تیادایە.

لەبواری هونەریدا کتێبی (الحركة المسرحية في كركوك)ی(فاضل الحلاق)، هەروەها کتێبی (شانۆ شانۆگەری کوردی)ی(حەسەن تەنیا) ئەم دوو کتێبە زانیاریان دەربارەی سەرەتای شانۆ و شانۆگەرییەکانی کەرکوك تیادایە و پشتیان پێبەستراوە.

لەلایەنی سیاسیدا چەندین کتێب سوودیان لێوەرگیراوە، بۆ ئەم توێژینەوەیە وەك:بەرگی دووەمی کتێبی(بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد١٩٦١–١٩٧٥)ی (مسعودبارزانی)، هەروەها کتێبی (المسأله الكرديه في العراق ١٩٥٨–١٩٧٠)ی (سعد ناجي جواد)، هەروەها (کوردستان شۆرشەکەی)ی جەمال نەبەز، کتێبی (بەعەرەبکردنی کەرکوك ١٩٦٣–١٩٩١)ی (سنور صباح سديق) ئەم سەرچاوانە لەڕووی بارودۆخی سیاسی عێراق وکوردستان زانیاری بەسوودیان تیادایە لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لێوەرگرتوون.

نووسین و توێژینەوە لە بابەتی مێژووی شاری کەرکوك بەتایبەتی لەماوەی ساڵانی ١٩٥٨–١٩٧٥، کە ماوەیەکی هەستیاری ئەم شارەیە، سەرەڕای سروشتی پێکهاتەی نەتەوەیی شارەکە کە بووەتە سیمایەکی جوان بۆ شارەکە. بێگومان بێ ئاستەنگیش نابێت لەم توێژینەوەیە هەندێك کێشە وئاستەنگ هاتوونەتە پێشەوە وێڕای بوونی کتێبخانەی گشتی لەشارەکە، کە یەکێك بووە لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکانی لەسەر ئاستی شارەکە و عێراق, بەڵام بەهۆی گواستنەوەی کتێب وگۆڤار و ڕۆژنامەکانی بۆ بەغدا و سووتانی کتێبخانەکە لە ساڵانی ١٩٩١وساڵی٢٠٠٣ ناچار پەنامان بردووەتە بەر کتێبخانە تایبەتییەکان و کۆمەڵەکان، ئەمانەش وەکو پێویست نەبوون، هەروەها یەکێکی دیکە لەوگرفتانە پەراگەندەبوونی ڕۆشنبیران وئەدیبانی شارەکە بووە بۆ دەرەوەی وڵات، کە چاوپێکەوتنیان پێویستیەکی سەرەکی بابەتەکەمان بوون، هەرچەندە چەندین جار هەوڵماندا سوودیان لێوەرگرین, بەڵام ئەوانەی ئامادەییان دەربڕی زۆرکەم بوون و ئەوانەی لە شاریش بوون بەشێکیان بەهەر هۆکارێك بووبێت ئامادەنەبوون بۆ چاوپێکەوتن. هیچ کارێك بێ کەم وکورتی نابێت، لە کۆتایی هیوادارم بەم توێژینەوە خزمەتێکمان بە مێژوویی شاری کەرکوك کردبێت.

# دەروازە

یەکەم:کورتەیەك دەربارەی جوگرافیاومێژووی شاری کەرکوك

دووەم:کورتەیەك دەربارەی رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوك

بەر لەساڵی ١٩٥٨.

هەواڵنامەی کتێب

## دەروازە

## یەکەم: کورتەیەك دەربارەی جوگرافیاو مێژووی شاری کەرکوك:

شـاری کـەرکوك[١]، بـە یـەکێك لـە گـرینگترین شـارەکانی باشـووری کوردسـتان (کوردسـتانی دادەندرێت. ئەم شارە لەرووی شوێنگەی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٤٣،٣٤ – ٥٣، ٣٥) باکوور و هێلی درێـژی (٢٣، ٤٣–٤٢، ٤٥) رۆژهـەڵاتی گۆی زەوییەوە[٢]. شوینگەی شارەکە لە ئاستی عێراق لەرووی سروشتییەوە، بووەتە هۆکاری یەکلایکردنەوەی دوو ناوچەی جیاواز لەرووی پێکهاتـەی زەوی، ئـەوانیش ناوچـەی شـاخاویی و ناوچـەی دەشـتاییە. ئـەم شـارە لـە ناوچـەیەك هەڵکەوتووە، بە ناوچەی زوورگ دەناسرێت[٣]، لە ئاستی ڕووی دەریاوە نزیکەی ٣٥٠ مـەتر بـەرزە[٤]. لەڕووی بارودۆخی ئاو و هەواوە کەوتووەتە هەرێمی نیمچە وشك، کە بەبەرزی پلەی گەرمی لە وەرزی هاویندا و مامناوەندی پلەکانی گەرما لە وەرزی زستاندا دەناسرێت[٥]، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەمەندە ئاو بەتایبـەتی رووبـاری خاسەسـوو، کـە سەرچاوەیەکی گرینگـە بـۆ کشـتوکاڵ و ئـاودێری، بەمـەش بووەتە مەڵبەندێکی گرینگی بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی لەسەرئاستی عێراقدا[٦].

ئەوەی شایانی باسە لە ساڵی ١٥٣٤ سوڵتان سلێمان قانونی(١٥٢٠–١٥٦٦) سیستەمی کارگێڕی لە دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بنەمای سیستەمی ئەیالەت دامەزراند[٧]. شاری کەرکوك بەشێك بوو لە ئیالـەتی شـارەزوور پـاش ماوەیـەك کـەرکوك بـەهۆی گرینگـی جیۆپۆلـەتیکی وسیاسـی و ئـابووری و

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) ناوی کەرکوك بە چەند جۆرێك لە سەرچاوەکان هاتووە وەك (کنها، ئەڕابخا، کەرەك، کرخاد، بیت سلوخ، ئاراپخیۆس، گەرمەکان کور باجەرمی، کەرخێنی، کەرکوك) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:توفیق وهبی، الاثار الکاملة اعداد: رفیق صالح، ط٢، بغداد،٢٠٠١، ص ٢٢٥ومابعدها؛ جمال بابان، اصول اسماء المدن والمواقع العراقیة، ١٩٨٩، ص٢٤٧ومابعدها؛ دلشاد محمود عەبدولرحمن، کەرکوك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيە دەربارەی رۆڵی سیاسی و رۆشنبیری ١٩٣٢–١٩٥٨، ماستەرنامە(بلاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات – زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٦، ل١٠.

(٢) هاشم یاسین حمد امین واخرون، اطلس کرکوك، تاریخی–اداری، طبیعی–سیاسی–اقتصادی،اربیل،٢٠٠٦، ص٢٧.

(٣) شاکرخصباك، العراق الشمالی دراسة للنواحی الطبیعة والبشریة، بغداد١٩٧٣، ص١٦٣؛ حەمید عەبدوڵڵا صالح، سیاسەتی تەعریب لە شاری کەرکوك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٣.

(٤) زین العابدین علی صفر، النقل فی مدینة کرکوك، اطروحة دکتوراة (غیر منشورة)مقدمة الی کلیة الاداب، جامعة بغداد،١٩٩٦،ص ٨.

(٥) ئازاد محمد ئەمین، ئاوهەوای هەرێمی کوردستانی عیراق، هەولێر،١٩٩٨، ل٢٠.

(٦) محمد عبدالله عمر، الامن القومی الکوردی لاراضی محافظة کرکوك الزراعیة، هاواری کەرکوك"گۆڤار" کرکوك، ژ(١)، هەولێر ١٩٩٨، ص١٣٧؛ طارق کامل، جغرافیة طبیعة کرکوك، موسوعة کرکوك قلب العراق، بیروت ٢٠٠٨، ص١٩.

(٧) سعدی عثمان حسین، کوردستان الجنوبیة فی القرنین السابع عشروالثامن عشر، اربیل،٢٠٠٦، ص٧٥–٧٦.

عەسکەرییەوە کرا بە مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور[١]. ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەرپاشەرۆژی شارستانی شارەکە هەبووە، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا عوسمانیەکان کاتێک هەوڵی پەیڕەوکردنی سیستەمی ناوەندیاندا بە ئامانجی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی، بەتایبەتی لە هەرێمە کوردنشینەکانی کەوتنە دانانی کاربەدەستی تورك لەو ناوچانە[٢]. بۆ ئەم مەبەستە ویلایەتی شارەزووریان فراوانترکردو شاری موسلی گرتەوە، لە ساڵی ١٨٧٩ کردیانە ناوەندی ویلایەتەکە بەم شێوە مایەوە، تاوەکو کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانیەکان لە شارەکە ئەگەرچی شارەکە، وەکو ناوەندی ئیالەت نەما، بەڵام گرینگی مێژوویی وسیاسی وشارستانی وکلتووری و ڕۆشنبیریی لەدەست نەدا، بگرە گەشە سەندووتربوو.

بەشێوەیەکی گشتی هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان، کاریگەری زۆری کردووەتە سەر "پێکهاتە ئەتنۆگرافییەکەی بەوەی کە کوردستان چەندین نەتەوە روویان تێکردووە و بەشدارییان لە پێکهاتەی ڕەگەزی کردووە[٣]. کەرکوکیش وەك بەشێك لە کوردستان کەوتووەتە ژێر ئەو کاریگەرییانە. شاری کەرکوك لەماوەی مێژووە دێرینەکەی چەندین جار ڕووبەڕووی شاڵاو وپەلاماری داگیرکاری بووەتەوە، لەلایەن ئەو هێزو دەسەڵات وئیمپراتۆریانەی کە لە ناوچەکە دابوون، لە هەوڵی دەست بەسەردا گرتنی بوونە. بەهۆی گرینگی و ستراتیژی پێگە جوگرافییەکەی کە لەپێشوودا هەیبووە، کەوتبووە سەر ڕێگای ستراتیژی بازرگانیەکان، ئەو هێزانە هەوڵیانداوە قولە وقەڵاو ئوردوگاو شورەی سەربازی لە ڕێگای ئەم کاروانانە بنیات بنێن بەمەبەستی پاراستنی لە داگیرکاری. هەروەها هەوڵیانداوە خەڵك وداروەستەی خۆیان لەم ناوچەیە نیشتەجێ بکەن، ئەمەش وایکردووە چەند نەتەوەیەکی دیکە، وەکو تورکمان[٤] وعەرەب[٥] لەپاڵ خەڵکی ڕەسەنی شارەکە نیشتەجێبن[٦].

---

[١] سنوری ئەم ویلایەتە لەباشورەوە ویلایەتی بەغداو لەرۆژئاوا موسل ومیرنشینی بادینان لەباکورەوە هەکاری وئازەربیجان ولەرۆژهەلاتیش ولاتی فارس بووە، خلیل علی مراد، تاریخ العراق الاداری ولاقتصادی فی العهد العثمانی الثانی (١٦٣٨–١٧٥٠)، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب، جامعة بغداد، ١٩٧٥، ص٤٤–٤٥.

[٢] جبار قادر، قضایا کردیة معاصرة کرکوك –الانفال– الکرد و ترکیا، اربیل، ٢٠٠٦، ص٢١؛ پشکۆحمە تاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکوك١٩١٧–١٩٢٦، سلێمانی،٢٠٠٧، ل٦٠–٦١.

[٣] جەزا توفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، سلێمانی،١٩٩٩، ل١٧٥.

[٤] سەبارەت بەهاتنی تورکمان بۆ ناوچەکە بڕوانە: شاکر صابر الضابط، موجز تاریخ الترکمان فی العراق ٦٣٧–١٩٥٨، بیروت، ٢٠١١، ص٤٣؛ ارشد الهرمزی، الترکمان الوطن العراقی، مؤسسة وقف کرکوك، بیروت، ٢٠٠٦، ص١٣.

[٥] بەعەرەبکردنەکە بەچەند ڕێگەیەك بووە:أ–لەڕێگەی هاتنی خێڵە عەرەبیەکان کە ئەمەیان زۆر بەربلاو بووە. خێلەکانی(شمر، الطغیر، غنزة، جملة، العبید، القرغول، الجحیش، اللهیبات،الجبور،ابوطهرة،البوصباح)، ب–بە شێوازی تەوزیف کردن لە دەزگا فەرمییەکان، جەزا توفیق تالب، س.پ، ل١٧٧؛ غەفور مەخموری بەعەرەبکردنی کوردستان، هەولێر،٢٠٠٦، ل١٣. کمال مظهر احمد، کرکوك وتوابعهاحکم التاریخ والضمیر دراسةوثائقیة عن القضیة الکردیة فی العراق،ج١، ص٢٠ ؛ خلیل اسماعیل محمد، کرکوك دراسه فی التکوین القومی للسکان، اربیل، ٢٠٠٢، ص ١٤–١٥.

[٦] جبارقادر، م.س، ص٢١.

هەروەها دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراق، سیاسەتی بەریتانیا بۆ زیادکردنی ژمارەی عەرەب لەسەر حیسابی کورد وتورکمان بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەو شارەکەدا پەیرەوکراوە، هەروەها حکومەتی عێراق بەبەردەوام ئەو سیاسەتەی شارەکەدا پەیڕەوکردووە. دیارترین کاری دامەزراندنی پرۆژەی ئاوی حەویجە بوو[1]. هەروەها کۆمپانیای نەوتیش ڕۆڵی سەرەکی گێڕا لە بەعەرەبکردنی شارەکە. حکومەتی عێراقی بە بەردەوام کاری دەکرد بۆ ئەوەی ڕێژەی عەرەب لە شارەکە زیاد بکات، ئەویش لەڕێگەی ڕاگواستنی[2]خەڵکی ڕەسەنی شارەکە بەمەش گۆڕان لەڕووی دیموگرافی شارەکە روویداوە. لەشارەکە گروپ و ڕەگەزی دیکە هەبوون، لەوانە کلدان وئەرمەن وکاکەیی وصابیئەی ومەندایی وئیزیدی،کەمێژووی کۆنیان هەیە لەم شارە نیشتەجێی بووینە، هەروەها ڕەگەزونەتەوەی دیکە وەکو: ئینگلیز وهیندی وئەمریکی و تورکی و پاکستانی...هتد، کە لە کۆمپانیای نەوت کاریان کردووە. لەشارەکە ژیاون.

ئەم خشتەیە گۆڕانی دیموگرافیای شارەکە روون دەکاتەوە:

| ژ | ساڵ | کورد | تورکمان | عەرەب | ئەوانی تر |
|---|---|---|---|---|---|
| | قاموس اعلام[3] | ٧٥٪ | ٢٥٪بۆهەموونەتەوەکانی دیکەی داناوە | | |
| | کۆمەڵەی نەتەوەکان ١٩٢٤-١٩٥٩[4] | ٤٢,٥٪ | ٢٣٪ | ٢٨٪ | ٢,٢٪ |
| | سەرژمێری شارەوانی کەرکوک ١٩٣٠[5] | ٥١٪ | ٢١,٥٪ | ٢١٪ | ٧,٥٪ |
| | سەرژمێری ١٩٥٧[6] | ٤٨,٣٪ | ٢١,٤٪ | ٢٨,٢٪ | ٢,١٪ |
| | سەرژمێری ١٩٦٥[7] | ٣٦,١٪ | ١٩,٥٪ | ٣٩٪ | ٥,٤٪ |
| | سەرژمێری ١٩٧٧[8] | ٣٧,٦٪ | ١٦,٣٪ | ٤٤,٤٪ | ١,٧٪ |

ئەگەر سەیری ئەم خشتەیە بکەین ئەو ڕاستییە مێژوویەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە بەردەوام هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەی لە شارەکە دراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر چۆنێك بێت، هەموو

هەواڵنامەی کتێب

(1) پرۆژەی ئاوی حەویجە: لە ساڵی١٩٤٠ تەواو بووە، بەتەوابوونی حکومەت هەزاران ماڵی عەرەبی کۆچەری لەم ناوچەیە نیشتەجێ کرد، بەمەش ڕێژەی عەرەبی لەشاری کەرکوك بەشێوەکی بەرچاو زیاد کرد. فەرمان عەبدولرحمان، پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لەکوردستانی عێراقدا، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٦٣-٦٥.

(2) ڕاگواستن ڕاگواستنی زۆرملێی دانیشتوانەلەناوچەی نیشتەجی بوونی هەمیشەیان بۆناوچەیەکی دیکە، ئەم ڕاگواستنەش لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزو حکومەتی عێراق ئەو سیاسەتەی دەرهەق بەشاری کەرکوك پەیڕەوکرد. خليل اسماعيل محمد، مؤشرات التعريب والتهجير فی اقليم كوردستان العراق، ط٢، سليمانية،٢٠٠٣ ،ص٩٠.

(3) شمس الدين سامی، قاموس اعلام، مهران مطبعةسی، مج٥، استنبول، ١٣١٤رومی/١٨٩٢میلادی، ص٣٨٤٦.

(4) پشکۆ حەمەتاهیرئاغجەلەری، شاری کەرکوك١٩١٧-١٩٢٦، سلیمانی،٢٠٠٧، ل٢٨٢.

(5) جبار قادر، م.س، ص٢٤.

(6) الجمهوريه العراقيه، وزارەالداخليه، مديريه النفوس العامه،مجموعەالاحصائيه لتسجيل عام١٩٥٧، لوائی السليمانيه وكركوك، بغداد، ص ٢٤٣.

(7) خليل اسماعيل محمد، كركوك دراسات في التكوين القومی السكان، ص٩٩.

(8) عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆ دیموگرافیای باشوری کوردستان، هەولێر،٢٠٠٦، ل٨٩.

پێکهاتەکانی شارەکە، پێکەوە بەشداریان لە بزوتنەوەی رۆشنبیری شارەکە دا کردووە، بۆیە ئەمەش وایکردووئەم شارە لەڕووی کلتوور و زمان و فەرهەنگەوە دەوڵەمەندبێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە لە مێژووی نوێدا گرینگی و ستراتیژی شاری کەرکوکی بەدیارخستووە، دەرکردنی نەوتە لە شارەکەدا. بایەخی شارەکەی زیاتر کردووە، هۆکارێکش بووە بۆ هۆی چاوتێبڕینی وهەوڵی دەست بەسەرداگرتنی لەلایەن زلهێزەکان نێوخۆیی دەرەکیەکانەوە، هەر ئەمەش ئینگلیزەکانی هاندا، تاوەکو دەستی بەسەردا بگرن. ئەوە بوو لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا[1] لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨[2]. دەستییان بەسەر شارەکەدا گرت، لەکاتی داگیرکردنەکە دانیشتوانی شارەکە بەئومێدی جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەی کە پێشتر پێیان دابوون پێشوازیان لێکردوون[3]. هەر لەوکاتەوەش ئینگلیزەکان کردیانە ناوەندێکی سەربازی[4]، وەکو مەڵبەندی سەرەکی ناوچە کوردییەکانی باشووری کوردستان. ئینگلیزەکان سیاسەتیان لە شارەکە بریتیی بوو لە پشتگیری لە سەرۆك هۆزەکان کە کاروباری هۆزەکانیان بەدەستەوەبوو، لە شار نیشتەجێ بووبوون، بەهۆی چەوساندنەوەو زۆرداری دەرەبەگەکان خاوەن موڵکەکان لە گوندەکان وایکرد جوتیاران لەترسی لەدەستدانی سەرچاوەی بژێویان رووبکەنە شارەکان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شارەکە گەورە و فراوانتر بێت[5].

ئینگلیزەکان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە شارەکە کۆمەڵێك هەنگاویان نا، لە سەرەتا بڕێکی زۆر خواردەمەنیان گەیاندە خەڵك، کە بەهۆی شەڕەوە برسێتی لە شارەکە بڵاوبووەوە[6]، دواتر چەند کارگەیان لە شارەکە دامەزراند، هەروەها بەکارخستنی وزەی کارەبا و راکێشانی هێڵی شەمەندەفەر، کەرکوکی بە شارەکانی دیکە دەبەستەوە، هەرچەند ئەم هەنگاوانەی ئینگلیزەکان لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان وساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان بوو، بەڵام کاریگەریشی لەسەر گەشەی شارەکە هەبووە[7].

لە ٢٥نیسانی ١٩٢٠ بەپێی کۆنگرەی سان ریمۆ، ئینتداب بەسەر عێراق سەپێنرا، بەپێی ماددەی شازدەی پێڕەوی ئینتدابی عێراق ئاماژەبە ئیدارەیەکی کوردی بۆ ناوچە کوردییەکان کرابوو، بەڵام ئەمە جێبەجێ نەکرا[8]. لە ئاداری ١٩٢١ ئینگلیزەکان بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی خۆیان

---

[1] فواد حمە خورشید، کەرکوك لە بەڵگەنامەکاندا، و: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ل٨١، ١١٠؛ ڕەفیق حیلمی،"یاداشت"، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ محمود، ب١، بغداد، ١٩٥٦، ل٥٠-٥٦.

[2] عطاترزی باشی،کرکوك في القرن التاسع عشرالحاله الاجتماعية والادبية،ت:مولود طه قاياجى،کرکوك،٢٠٠٩،ص ١٧.

[3] دڵشاد عمر عزیز، نەوتی کەرکوك و ململانێ ی زلهێزەکان ١٨٩٠-١٩٢٧، کەرکوك، ٢٠١١، ل١٧٠.

[4] سیسل جۆن ئیدمۆنس، کورد-تورك-عەرەب، و:حامیدگەوهەری، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٤٥-٣٤٦.

[5] کمال مظهر احمد، م.س، ص١١٠

[6] ڕەفیق حیلمی، س.پ، ل٦٤.

[7] دڵشاد مەحموود عەبدولرەحمان، س.پ، ل ٢٦.

[8] مەهدی محەمەدقادر، هەولێر لە نێوان ساڵانی١٩١٤-١٩٣٠، هەولێر،٢٠٠٨، ل ١٢٥.

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆنگرەی قاهیرەیان بەست، کە بڕیاری دروست کردنی دەوڵەتی عێراقی لێ هاتە کایەوە، بڕیاردرا بە دانانی میرفەیسەل کوڕی عەبدوڵڵا بۆ پاشای ئەم دەوڵەتە ، ناوچە کوردییەکانیش هەر لەژێر چاودێری ئینگلیزەکاندا بمێنێتەوە[١].

لە٢١ی ئاب ١٩٢١ ڕاپرسیەك کرا لەسەر شەرعیەت دان بە فەیسەڵ بۆ پاشای عێراق، ئەمە لای دانیشتوانی کەرکوك ڕەتکرایەوە و دەنگی پێ نەدرا، ئەمەش لەبەر ئەوەی تورکمانەکان پشتگیری گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانیان دەکردو دەنگیان نەدا، هەروەها کوردەکانیش دەنگیان پێنەدا، لەبەر ئەوەی لە نەتەوەی عەرەب بوودەنگیان پێنەدا، پێیان وابوو سەربەخۆبن و بچنە چوارچێوەی ئەوئیدارە سەربەخۆییەی کە لە کوردستان[٢] بەپێی پەیمانی سیڤەری ١٠ی ئابی ١٩٢٠ دروست دەکرێت[٣].

چارەنووسی شاری کەرکوك، وەکو ناوچە کوردنشینەکانی باشوور بەستراوبووە بە کێشەی ویلایەتی موسل کە کەرکوك بەشێکی گرینگی ئەم ویلایەتەی پێکدەهێنا، بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان، لەساڵی ١٩٢٥ لە ویلایەتەکە ڕاپرسیەك کرا، ئەنجامەکانی بەهەر شێوەیەك بووبێت، لەم کاتەوە باشووری کوردستان بەدەر لە ویستی خەڵکەکەی بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێندرا[٤]. دەرهێنانی نەوت لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ وەك یەکێك لە پەرەسەندنە ستراتیژییەکانی شارەکە، کاریگەری گرینگی لەسەر پاشە ڕۆژی شارەکە لە گشت بوارەکان بەجێ هێشتووە[٥].

لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ پەیماننامەی عێراق– بەریتانیا مۆرکرا. سەرەڕای ئەوەی کە ئینگلیزەکان بەڵێنیان بە عێراق دا ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، بەڵام ئەم پەیماننامەیە لە شەقامی عێراقی ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە، بەڵام لەلای کوردەکان ناڕەزاییەکە زۆر زیاتر بوو، بەهۆی ئەوەی هیچ لە بەندەکانی باسی مافەکانی کوردی تێدا نەکرابوو، لە دژی پەیماننامەکە لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ لە سلێمانی مانگرتن و نارەزایی سەری هەڵدا، شۆڕشی شێخ محمود (١٨٨١–١٩٥٦) دووبارە هەڵگیرسایەوە،خەڵکی کەرکوك لە چوارچێوەی ئەم شۆڕشە نارەزایەتیان دەربڕیی و پشتگیری شۆڕشەکەیان کرد[٦]. لە ماوەی ئینتدابی بەریتانیا(١٩٢٠–١٩٣٢) کەرکوك ڕۆڵی دیاری هەبوو لە جموجۆڵە سیاسییەکان وکۆمەڵە و ڕێکخراوەکان وەك: کۆمەڵەی لاوانی کورد ١٩٢١–١٩٢٣، کۆمەڵەی زانستی کوردان١٩٢٦، کۆمەڵی کوردستان ١٩٢٦، یانەی سەرکەوتن١٩٣٠، کۆمەڵەی سەربەخۆی

---

[١]کمال مظهر احمد، م.س، ص١١٩ومابعدها.

[٢] دلشاد مەحموود عەبدولرەحمان ، س.پ، ل ٣١–٣٢.

[٣] ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر ، کوردستان لە سەردەمی ئاشتی دا، ئا: جەمال گردەسۆری، هەولێر٢٠١١، ل١٤.

[٤] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کێشەی ولایەتی موصل بڕوانە: فاضل حسین، کێشەی موسل، و: محمد شاکەلی، کەرکوك، ٢٠٠٩.

[٥] دڵشاد عمر عزیز، س.پ، ل ٣٣٧.

[٦]عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران بابان زادە ب٢٠١٠،٢، ل ١٨٨ودواتر .

کوردستان۱۹۳۰، کۆمەڵەی بەرگری تورکمان، کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان ، کۆمەڵەی زانستی کەرکوک[١].

لە۳ تشرینی یەکەمی ۱۹۳۲ عێراق بوو بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، بەمەش بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ و کۆتایی بە ئینتدابی بەریتانیا هات[٢]، سەرەڕای ئەمانە خەڵکی کەرکوک ڕۆڵی دیاریان لە پێشهاتە سیاسی و رۆشنبیرییەکان چ لەسەرئاستی عێراق، چ لەسەر ئاستی ناوچەکەدا گێرا. لەوانە کۆمەڵەی ئەهالی و یانەی رۆشنبیرانی سمکۆی شکاك ۱۹۳۵و کۆمەڵەی ئازادی کوردستان و کۆمەڵەی برایەتی (اخوان حریە) [٣].

ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە شاری کەرکوک تاکە شاری باشوری کوردستان بوو قوتابخانەی دواناوەندی تێدابوو، ئەمەش وایی کرد خەڵکی کوردستان بۆ خوێندن رووی تێبکەن، بۆیە ببووە ناوەندێکی ئاڵوگوری فیکری و سیاسی و رۆشنبیریی بۆ کوردەکان[٤]. دیارترین نموونەش دامەزراندنی کۆمەڵەی (دارکەر) بوولە نیوەی یەکەمی ئەیلولی۱۹۳۷ کەلەلایەن قوتابیانی ئەم قوتابخانەیەوە، دامەزرێندرا[٥].

وێڕای ئەمانە خەڵکی شاری کەرکوك بەشدارییان لە هەموو ئەوپێشهات و ڕاپەرینانەش کرد کە لەسەر ئاستی عێراق بە ئامانجی گۆرانکاری لە پێڕەوی سیاسی و چاکسازی روویانداوە. لەوانە کودەتای بەکر سدقی کە لە ۲۹ تشرینی یەکەمی۱۹۳٦، ناوبراو بەرەگەز کورد بووە خەڵکی ناوچەکەش بوو،[٦]. سەرەتا لەلایەن دانیشتوانی کەرکوك پشتگیری لێکرا ، بەڵام دواتر بەهۆی بەدەنگەوە نەهاتنی داوای خەڵکی شارەکە لە گەرانەوەی شێخ مەحموود، لابردنی مافی خوێندنی تورکمانی لە ساڵی۱۹۳۷، ئەم پشتگیرییەی لەدەست دا[٧]. هەروەها لە جولانەوەی مایسی۱۹٤١[٨]، ڕاپەرینی ۱۹٤۳- ۱۹٤٥ی بارزان، ڕاپەرینی کانوونی دووەمی ۱۹٤۸، رووداوی گاوربـاغی ۱۹٤٦ کە بەیەکێك لە وێستگە گرینگەکانی چالاکی سیاسی شارەکە دادەنرێت، هێمای پەرەسەندنی هۆشیاری چینی کرێکارانی شارەکە بوو[٩]، سەرەڕای ئەمانە چەند حزبێکی سیاسی لە کەرکوك جموجۆڵی دیاریان هەبوو، وەکو حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی هیوا. کۆمەڵەی رزگاری کورد و پارتی

---

[١] دلشاد مەحمود عەبدولرەحمان، س.پ، ل۲۹؛ محەمەدباقی سەعید، کەرکوك لەئامیزی مێژوودا، سلێمانی،۲۰۱٤، ل۲۳۱-۲۳۲.

[٢] عبدالرزاق الحسنی، تاريخ الوزارات العراقيه، مج۳، بغداد، ۱۹۸۸، ص۸۹.

[٣] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی ئەو کۆمەڵەو رێکخراو و حیزبانەی لە ناوچەی کەرکوك سەریان هەڵداوە، کەرکوك، ۲۰۰٦، ل ل ۱۸ ، ٤۲- ٤۳؛ دلشاد عەبدلرحمان محمود، س.پ، ل۲۱.

[٤] دلشاد محمود عەبدولرەحمن ، کەرکوك۱۹۳۲-۱۹۵۸....، ل ۸۱-۸۲.

[٥] سمکۆ بەهرۆز، س.پ، ل۷-۸.

[٦] شهاب احمد رحمن، الاغتيالات السياسية فی العراق " كركوك موصل نموذجا"، اربيل، ۲۰۱۳، ص۲۱۰.

[٧] دلشاد مەحمود عەبدولرەحمان، س.پ، ل ۷۹-۸۰.

[٨] بروانە: کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب١، بەغدا، ۱۹۸۵، ل ۱۹۹-۲۰۷.

[٩] كمال مظهر احمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، بغداد، ۱۹۸۷، ص ۱۳٤.

دیموکراتی کوردستان که له ساڵی ۱۹۵۳ کۆنگرەی سێیەمی خۆی لەم شارە بەنهێنی بەستووە و لەم کۆنگرەیەدا چەندین بڕیاری گرینگدرا لەوانە: گۆڕینی ناوی پارتی دیموکراتی کورد بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ناوی رۆژنامەی (رزگاری)بۆ (خەباتی کوردستان) بریاری دامەزراندنی چەندین رێکخراوی پیشەیی درا، وەکو یەکێتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان[1]. ئەم رێکخراوانە رۆڵێکی کاریگەریان لە بلاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و نەتەوایەتی رۆشنبیریی لە کوردستان بەگشتی وشاری کەرکوك بەتایبەتیدا گێڕاوە.

## دووەم: کورتەیەك دەربارەی رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوك بەر لەساڵی۱۹۵۸:

### ۱-خوێندنی ئاینی:

سەبارەت بە خوێندنی ئاینی هەرچەندە کوردستان وڵاتێکی فرە ئاین وئاینزایە و زۆرینەی موسلمانە، هەروەها ئاینی دیکە وەکو مەسیحی وجولەکە...هتد، هەروەها کاکەیی ئیزدیدی بونیان هەیە، بەلام ئەوەی زیاتر ڕۆڵی هەبووبێت خوێندنی ئاینی ئیسلامییە، ئەم ئاینە زۆر گرینگی بە خوێندن و خوێندەواری داوە، کە لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: (إقراء باسم ربك الذى خلق)[2]، (وقل رب زدنی علما)[3]، لە فەرموودەکانی پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێت هانی موسلمانان ئەدا بۆ گرینگی دان بەخوێندن، هەروەکو دەفەرموێت: ((طلب العلم فریضة علی کل مسلم و مسلمة) ،(اطلب العلم من المهد الی اللحد).

موسلمانەکان بۆهەر ناوچەیەکی جیهان چوو بوون پێش هەموو شتێك مزگەوتیان دروست کردووە. مزگەوت وێڕای ئەوەی شوێنێك بووە بۆ خودا پەرستی، لەهەمانکاتدا شوێنی توێژینەوە و شیکردنەوەی قورئان و فەرموودە و فیقە و زمان و زانستەکانی دیکە بووە، مزگەوتەکان بەدرێژایی مێژووی ئیسلام، ناوەندێکی گرنگی رۆشنبیریی و فێرکاری بوونە. دروست کردنی مزگەوت لەشارەکە بۆ سەرەتاکانی فەتحی ئیسلامی دەگەرێتەوە کە چەندان مزگەوت دروست کراون، دەتوانین بلێین سەرەتای خوێندنی ئاینی دەگەرێتەوە بۆ کاتی بلاوبوونەوەی ئاینەکە لەو ناوچەیە[4].

شێوازی خوێندن لە مزگەوت بە شێوەی کەتاتیب (الکتاتیب) بووە[5]. دواتر بەهۆی زیادبوونی ژمارەی قوتابیان کە لە مزگەوت جێگایان نەدەبوویەوە، بۆیە حوجرەکان و قوتابخانەکان پەیدابوون[6]. لەم بوارەدا لە سەردەمی سەلجوقییەکان(٤٤٧-٥٩٥ك) لە سەردەمی وەزیر(النضام

---

[1] حبیب محمد کریم، تاریخ الحزب الدیمقراطی الکردستان-العراق في محطات رئیسیة ١٩٤٦-١٩٩٣، دهوك، ١٩٩٨، ص٤٩-٥٠؛ سمکۆ بەهرۆز، مێژووی ئەو کۆمەڵەو رێکخراوە...، ل ل ٨-٢٧

[2] سورەتی العلق، ایه (١).

[3] سوره طه، ایه (١١٤).

[4] محمد علی قەرەداغی، مێژووی حوجرە و مەدرەسەکانی کوردستان، واتە،"گۆڤار"، ژ (٧)، شوباتی ٢٠١١، ل ١٤.

[5] سعید الدیوەجی، التربیه والتعلیم فی الاسلام، الموصل، ١٩٨٢، ص١٦ ومابعدها.

[6] ئومێد ئیبراهیم محمد، رەوشی خوێندنی ئاینی ئیسلام لەشاری سلێمانی١٩٢٢-١٩٥٨، ماستەرنامە(بلاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات-زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣.

الملك) یەكەم قوتابخانەی (النضامة)ی لە بەغدا دامەزراند بۆ فێربوون و خوێندنی زانستە ئاینییەكان[1]. لە دوای سەلجوقییەكان، عوسمانییەكان لە ناوچەكە دەستیان بە ئاوەدان كردنەوە و بنیادنان كرد، بەتایبەتی قوتابخانە، لە شارەكەدا كاربەدەستی توركیان تێدا دامەزراند و چەندین مامۆستایان لە ئەنادۆڵەوە هێناوە وانەیان بەزمانی توركی گوتوەتەوە، بەمەش ئەو زمانە بووەتە زمانی خوێندن، بێگومان بالاّ دەستی سیاسی دواتر بالاّدەستی زمان رۆشنبیریی لێبكەوێتەوە[2].

گرینگترین قوتابخانەكانی شارەكە، قوتابخانەی قەلاّی كەركوك و قوتابخانەی سەرا لەساڵی ١٦٣٧ دامەزراوە، قوتابخانەی شا غازی ١٦٥٦، قوتابخانەی مەیدان ١٧٠١، قوتابخانەی ئەحمەد پاشای ئەیوبی ١٧١٥، قوتابخانەی هەمزە ئەفەندی ١٧٢٢، قوتابخانەی غەوسیە ١٧٥٩، قوتابخانەی حاجی ئەحمەد ١٨٠٨، قوتابخانەی موسلیم ١٨٤٨، قوتابخانەی قیردار زادە، قوتابخانەی ئیبراهیم پاشا و...هتد[3]. سەرەڕای ئەم قوتابخانانە چەندین تەكیە وخانەقای دیار لە شارەكە بوونیان هەبووە، لەوانە تەكیەی تاڵەبانی و تەكیەی سەید ئەحمەدخانەقا و خانەقای خادم سجادە و تەكیەی رەفاعی و...هتد[4]. لە دەوروبەری شارەكە چەندین قوتابخانەی ئاینی دیار هەبوون، لەوانە: قوتابخانەی ملا یوسف و قوتابخانەی ئیبراهیم ئاغا لە مزگەوتی گەورەی كفری[5]، قوتابخانەی گوندەكانی چیمەن، كارێزە، ئاڵتون كۆپری، بیلاوە، توكل خورماتوو، سەنگاو، سیا مەنسور، صاری جم كبیر، تاڵەبان، عەرەب ئۆغلو، فرقان، قادر كەرەم، قەرە چێوار، لەیلان، یەحیاوە، و....هتد[6]. لە هەر گوندێك مزگەوتی هەبوایە بێگومان دەرسی تێدا دەخوێندرا، لەزۆربەی گوندەكانی كەركوكیش مزگەوت هەبووە، هەروەكو مارتین فان برونەسن، دەڵێت:"مەلا سەرپەرشتی بۆنەوئاهەنگی ئاینی گوندی كردووە، قورئان فێری منداڵان دەكات و بەرلەپەیدابوونی قوتابخانەی نویٚ زۆرجار مەلا خوێندەوار وشارەزاترین كەسی گوندبووە"[7]، هەروەها عەبدولرەحمان قاسملۆش سەبارەت بەرەوشی خوێندن لەگوندەكانی كوردستان ئاماژە بەوە دەدات"مەلاكان تەنیا توێژی خوێندەواری گوندە كانن"[8]. لە حوجرەكانی

---

[1] محمد كلدان، تأسيس المدارس النظامية في كركوك، الثقافة الحديثه"مجلة"، كركوك،ع(١)، مايس ١٩٥٤، ص٤٢.

[2] پشكۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری، س.پ، ل١٠٦.

[3] شاكرصابرضابط، مكانة كركوك الثقافية عبر التاريخ، الاخاء"مجلة" بغداد، ع(٣)،السنة الرابعة، تموز،١٩٦٤، ص٦-٧؛ نجاة كوثر اوغلو، صفحات من تاريخ كركوك منذ فجر التاريخ الى ١٩٥٨، كركوك، ٢٠٠٩، ص١٨٦

[4] عطا ترزر باشی، كركوك في القرن التاسع عشر، ص٢٠؛ گۆران فەتحی، شاری كەركوك، بەشێك لە مێژووی (مزگەوت و تەكیە و خانەقا و زاناو پیاوانی ئاینی یە ناودارەكان)، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٢.

[5] نجات كوثر اوغلو، التاريخ التعليم فی كركوك www.bizturkmeniz .com؛ صلاح الدين عبدالحميد عبدالله، شاری كفری لە تەرازووی رەسەنایەتی و شارستانییەتیدا، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل ٨٢-٨٣.

[6] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی قوتابخانە وحوجرەكانی ناوچەكانی دەوروبەری شاری كەركوك، بڕوانە: محمد علی القرەداغی، هوية كركوك الثقافية والادارية، اربيل٢٠٠٤، ص١١ومابعدها؛ عماد عبدالسلام رووف، مراكز ثقافية مغمورة فی كردستان، اربيل ٢٠٠٨، ص ص٢٦، ٥٤، ٥٩، ٦٦، ٩٤، ٩٥، ١٠٩، ١١٠، ١٢٣،١٢٤، ١٣٠، ١٥٤، ١٧٤.

[7] ئاغا شێخ دەولەت، و:كوردۆعەلی، ب٢، سلێمانی،٢٠٠٣، ل١٠٩

[8] كورد وكوردستان، و:عبدالله حسن زادە،چ٦، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٩.

شارەکە، وەکو هەمووقوتابخانەو حوجرەکانی دیکەی کوردستان جگە لە تەفسیری قورئان و فەرموودە، چەندین وانەی ئاینی وزانستی دیکەی تێدا دەخوێندرا، وەك(تەسریفی زەنجانی، عواملی جورجانی، انموذج، اظهار، صعدية، كافية، وضع استعارة، جامی، سیوطی، فناری، سید عبداللة كمال، عبدالله یزدی، شرح شمسی و...هتد)[1]، چەندان زانستی دیکە وەکو (بیرکاری، ئەندازیاری، فەلەك، کیمیا، ژمێریاری، فیزیا)، کە پێیان دەگوترا (علومی مدونە) فەقێیەکان وەك پرۆگرام خوێندوویانەو هەم کتێبیان لەسەر داناوە[2].

خوێندنی ئاینی چەندین قۆناغ و پلەی هەیە، ئەو قۆناغ و پلانەش بە بەراورد لەگەڵ خوێندنی قوتابخانی فەرمی جیاوازی هەبووە، لەخوێندنی ئاینیدا رەچاوی تەمەن ناکرێت. کە مەرج نییە قوتابی (فەقێیە) لە منداڵییەوە بخرێتەبەر خوێندن[3]. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە نێوان ٨-١٢ ساڵ منداڵان چوونەتەبەر خوێندنی ئاینی[4].

سیستەمی خوێندنی ئاینی دابەش کرابوو بەسەر چەند قۆناغێك: قۆناغی یەکەم پێی دەگوترا: کیتابی (قوتابی) قۆناغی دەستپێکی خوێندنە، قوتابی فێری پیتەکانی عەرەبی و لە ناوچەی کەرکوك فێری تورکیش دەکرا. پاشان خوێندنی قورئانی پیرۆز، سەرەتا بە جزئی(عم)لەگەڵ چەند وانەیەکی، وەکو عەقیدەی کوردی و مولودنامەی ئەحمەدی دەخوێند[5]. ئەم قۆناغە سێ ساڵی تێپەڕی نەدەکرد[6]. ئینجا دەچووە قۆناغێکی دیکە پێی دەگوترا: (سوختە) قۆناغی دووەمە قوتابی بە فەقێ ناودەبرا لەم قۆناغە زانستی نەحو سەرف و زانستەکانی فقیە، چەند وانەیەکی تری وەك (تەسریف جورجانی وعواملی جورجانی سەعدولای گەورە وبچووك)[7]. زانستە جیاوازەکان دەخوێندو دواترپێی دەنایە قۆناغێکی دیکەی زانستی ئەویش (موستەعید)ی بوو، کە دووپلە بوو: (ناسکە موستەعید)و(موستەعیدی تەواو)، هەردوو قۆناغەکە ٥-٧ ساڵی دەخایاند[8]. لەم قۆناغەدا کتێبی جامی وسیوطی المطول و.....هتد دەخوێندرا، لەگەڵ دوانزە عیلمەکان ، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئاینی کەنزیکەی ٢٥ساڵی دەخایاند بڕوانامەی زانستی لەلای مامۆستایەکی ئاینی

---

(1) محمد علی قەرەداغی، مێژووی حوجرە...، ل٢٤؛ علاءالدين سجادی، کوردەواری، بەغدا،١٩٧٤، ل١٠٥؛ عمرشێخ لەتیف بەرزنجی، رەوشی حوجرە لەپێگەیاندنی زانائاینیەکانی هەولێر، هەولێر،٢٠٠٧، ل ٤٢-٤٣.

(2) علاءالدين سجادی، س.پ، ل١١٣.

(3) عمرشێخ لەتیف بەرزنجی، س.پ، ل٩.

(4) حمەکەریم هەورامی، مێژووی پەروەردەو خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان، ب١، هەولێر،٢٠٠٨، ل٢٨١.

(5) عمرشێخ لەتیف بەرزنجی، س.پ، ل١١.

(6) زبير بيلال اسماعيل، علماء ومدارس فی اربيل، موصل،١٩٨٤، ص١٦.

(7) حمەکریم هەورامی،س.پ، ل٢٨٣؛ زبير بيلال اسماعيل، م.س، ص١٦.

(8) زبير بيلال اسماعيل، م.ن، ص١٦.

وەردەگرت. لە ڕێگەی ئەو بروانامەیەوە مافی ئەوەی پێدەدرا پێش نوێژی و وتاری هەینی ودادوەری وفتوا دەرکردن وکۆمەڵێك کاری دیکە کە پێویستە بەلای ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە بکات[1].

خوێندنی ئاینی لە کۆتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەرەو لاوازی چوو، ئەمەش بەهۆی پیادەکردنی شێوازی نوێی خوێندن بووە[2]، بەپێی زانیارییەکانی ساڵنامەی ویلایەتی موصل لەساڵی ١٨٩٠ لە شاری کەرکوك (١٨) قوتابخانەی ئاینی هەبووە[3]. دوای عوسمانیەکان وهاتنی ئینگلیزەکان بەگوێرەی راپۆرتە کارگێرییەکانی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٩ تەنیا(١٠) قوتابخانەی ئاینی لەشارەکەدا هەبووە[4]، ئەم کەمبوونەوەیش بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانەوە و دەرکەوتنی شێوازی نوێیی خوێندن، خراپی رەوشی گوزەرانی حوجرەکان کە لەگەڵ پێشکەوتنی رۆژگارەکە نەگونجاون[5]. دەکرێت، بڵێن سیاسەتی بەریتانییەکان لەگەڵ نەمان ولاوازی قوتابخانە ئاینییەکان بووە، چونکە بە جۆرێك پیاوانی ئاینی رابەرایەتی شۆڕش و راپەرینانەکانیان دەکرد. لەناوچەکەکە بەرپابوونیان شایانی هەڵوەستە لەسەرکردن بوو.

لە سەردەمی پاشایەتی لەعێراقدا(١٩٢١-١٩٥٨)، قوتابخانە ئاینییەکان لە شاری کەرکوك خواستی لەسەر بووەو پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە. لە ساڵی ١٩٢٧ کۆلیژی زانستی ئاینی لەلایەن سید ئەحمەد خانەقاوە[6] دامەزراوە، رەفیق حیلمی(١٨٩٨-١٩٦٠) عەلمی ئەفەندی خادم سجادە (١٩٠١-١٩٧١) دەرسیان تێدا وتوەتەوەو. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان رووی تێکراوە، لەوانە زانای گەورەی هەولێر مەلاعبداللە فرهادی(١٩١٨-٢٠١٠)،شێخ محەمەد شێخ عەبدولقادر(قانع) ی شاعیر(١٨٩٨-١٩٦٥) هاتووەتنە شارەکە و پەرەیان بە زانستی خۆیان داوە[7].

قوتابخانە ئاینیەکان وکونجی حوجرەکان جگە لە گرینگی دانیان بە زانستە ئاینی و زانستەکانی دیکە رۆڵی دیاریان هەبووە لە پێگەیاندنی توێژێکی رۆشنبیر لە زانا ودادوەر وشاعیر ونووسەر

---

[1] محمد عبدلله کاکەسور ونیشتمان بشیر، التعلیم الدینی(الاسلامی)فی کردستان العراق ١٩٢١-١٩٥٨، زانکۆ، "مجله" اربیل، ع(٤٠)، ٢٠٠٩، ص٢٣١-٢٣٢.

[2] م.ن، ص٢٣٣.

[3] موصل ویلایتی رسمیسیدر، موصل ویلایتی مطبعة سی١٣٠٨ھ/١٨٩٠م، ص١٣٩.

[4] راپۆرتی کارگێری دەڤەری کەرکوك لە١کانوونی دووەم تا٣١کانوونی دووەمی١٩١٩، و:سەربەست کەرکوکی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٩٦.

[5] ھ .س ، ل٩٦؛ محمد عبدلله کاکەسور ونیشتمان بشیر، م.س، ص٢٣١.

[6] ئەحمەد حوسێن عەبدولقادر ئەحمەد سەرداری بەرزنجەیە لە١٨٦٨ لە کەرکوك لە دایك بووە، خوێندنی ئاینی لەلای مەلا حیکمەت ئەفەندی تەواوکردووە، کەسایەتی ئاینی ناوداری شاری کەرکوك بوو. لەلایەن هەمووپێهکاتەکانی شارەکەوە رێزی لێگیراوە و خەنقاکەی جێگای هەژاران ورێبواران ولێقەوماوان گەورەسیاسیەکان بووە، لەساڵی١٩٥٢لە کەرکوك کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە:سیروان سەرگەلوی، خانەقای سەید ئەحمەد لە ئامێزی مێژوودا، کەرکوك،٢٠١٥، ل٨٥-١٢٦.

[7] دلشاد محمود عەبدولرحمان، بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوك ١٩٢١-١٩٥٨، دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٠، ل١٥٨-١٥٩.

ومامۆستاو دەرچووی ئەم قوتابخانەیە بوونە. هەروەها حوجرەوتەکیە وخانەقاکانی شارەکە لە بەرانبەرئەمەدا مەڵبەندی رۆشنبیریی گشتی بوونە، هونەری مەقام و دەنگ خۆشی گرینگی پێدراوە.

**٢- خوێندنی فەرمی:**

خوێندنی فەرمی کاریگەری گەورەی لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوکدا هەبووە، ئەم شێوازە خوێندنەش لە میانەی چاکسازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە لە زۆربەی جومگەکانی دەوڵەتەکەی ئەنجامی دا، یەك لەوانە وەزارەتی مەعاریفی دامەزراند، بۆ ئەم مەبەستەش لە ٢٠ ئەیلوولی ١٨٦٩ دەروازە باڵا(بابولعالی) یاسای مەعاریفی گشتی (معارف عمومیە نظامنامەسی)دەرکرد، زمانی تورکی کرا بە زمانی فەرمی[١]. لە سەردەمی والی عێراق مەدحەت پاشا(١٨٦٩-١٨٧٢)یەکەم قوتابخانەی فەرمی روشدییە (ناوەندی) لە کەرکوك لەسالی ١٨٧٠[٢]، لە گەرەکی ئەخی حوسێن لە باڵەخانەی مەعروف باباجان بەهاوکاری خەڵکی شارەکە کرایەوە[٣]. هەرچەندە لە ساڵی١٨٦٧ قوتابخانەیەکی سەرەتایی لەلایەن نێردراوی (دۆمینکان) کراوەتەوە[٤].

پەیڕەوی خوێندنی فەرمی لە دەوڵەتی عوسمانی دوو جۆر بوو، ئەوانیش قوتابخانەکانی سەر بەئەوقاف و قوتابخانەکانی سەر بەدائیرەی مەعاریف، قوتابخانە سەرەتاییەکان، تاوەکو ساڵی ١٩٠٨ سەر بە ئەوقاف بوون[٥]، دەرچوانی لە قوتابخانەکانی دائیرەی مەعاریف وەردەگیران، ئەوانەی قوتابخانەی روشدیەیش کە خوێندن تێدا سێ ساڵ بوو، دواتر قۆناغی ئامادەیی چوار ساڵ، دواتر قۆناغی خوێندنی باڵا، کە ئەم شێوەیە لەکەرکوك نەبووە[٦].

لە سەرەتای کرانەوەی قوتابخانەی روشدییە لەکەرکوك ژمارەی قوتابیانی(١٣٣) قوتابی بووە[٧]. ئەم جۆرە قوتابخانەیە تەنیاهەر لە ناو شاری کەرکوکدا نەبووە، بەڵکو لە قەزای کفری(صلاحیە)یش هەبووەکە لە ساڵی ١٨٨١ کراوەتەوە، (٢٩) قوتابی هەبووە[٨]. لە ساڵی١٩١٠ قوتابخانەی ئامادەیی لە شاری کەرکوك کرایەوە، کە (١٣٢) قوتابی و(٨) مامۆستای هەبووە، ئەم قوتابخانەیە تا ساڵی ١٩١٤ بەردەوام بووە، دواتر بوو بە سوڵتانییە، بۆ ساڵی خوێندنی(١٩١٣-١٩١٤)

---

[١] ابراهيم خليل احمد، تطور التعليم الوطنى في العراق ١٨٦٩-١٩٣٢، بغداد،١٩٨٢، ص٣٣؛ عبدالفتاح علی بوتانی، مدرسة ١١ اذار اول مدرسة كوردية في مدينة الموصل مع نبذة تاريخية عن التعليم في كوردستان–العراق، ط٢، اربيل، ٢٠٠٢، ص ص١٨، ٢٧.

[٢] جميل موسى النجار، التعليم العراق في العهد العثمانى الاخير ١٨٦٩-١٩١٨، بغداد، ٢٠٠١، ص١٤٨.

[٣] محمد كلدان، تأسيس المدارس النظامية في كركوك، ص٤٢؛ عيصمت صارى كهيه، تاريخ التعليم فى العهد العثمانى، قارداشلق (الاخاء) "مجله"، ع(٢١٥-٢١٦)، ص٢٠.

[٤] جميل موسى النجار، م.س، ص٢٨٠.

[٥] نجات كوثر اوغلو، صفحات....، ص ١٨٩.

[٦] عصمت صارى كهية، م.س، ص٢٠؛ محمد عبدالله كاكەسور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لەلیواکانی کوردستانی عێراق١٩٢١-١٩٥٣، هەولێر،٢٠٠٤، ل١٢.

[٧] عصمت صارى كهية، م.س، ص٢٠

[٨] نجاة كوثر اوغلو، تاريخ التعليم فى كركوك www.bizturkmeniz.com .

ژمارەی قوتابیانی(١٧٢) قوتابی بووە[١]. لە ساڵی(١٩١٤-١٩١٥) قوتابخانەی سوڵتانی (مولکی) کرایەوە، ئەمەش دوای ئەو یاداشتانەی نوێنەرانی کەرکوك لە ئەنجومەنی مەبعوثاتی عوسمانی لەبارەی خراپی رەوشی خوێندن و زیادبوونی ژمارەی قوتابیان و کەمی قوتابخانە خستبوویانە روو، داوای باش کردنی رەوشەکەیان کردبوو[٢]. لە سەر ئاستی عێراق دوو قوتابخانەی لەم چەشنە هەبووە، یەکێکیان لە بەغدا ئەویتریان لە کەرکوك، تاوەکو هاتنی ئینگلیزەکان بەردەوام بووە، کە (١٨) مامۆستا و(٢٦٩) قوتابی هەبووە[٣].

سەبارەت بە قوتابخانەی پیشەیی، ئەوەی شایانی باسە لەساڵی ١٨٧١ قوتابخانەیەکی پیشەیی کە بە (الصنایع) (اصلاحخانە) ناسراوە لە بەرانبەر چاپخانەی مەجیدیە کراوەتەوە[٤]. ئەم قوتابخانەیە رۆڵی دیاری هەبووە لە پێگەیاندنی کادیری پیشەیی لە هەموو بوارەکاندا، خاڵی گرینگی ئەم قوتابخانەیە هەبوونی چاپخانەکەیەتی (مطبعة مکتب الصنایع)، کە چەندین کتێب و رۆژنامەی چاپکردووە، گرنگترینیان کتێبی(محمد قواعدی سید طاهر زادە) و (رۆژنامەی حوادث)[٥]. ئەم قوتابخانەیە تا ١٩١٢ بەردەوام بووە، دوای هاتنی بەریتانیەکان بۆشارەکە١٩١٨ چاپخانەکەیان بۆ بەغدا گواستووەتەوە [٦]. لە ساڵی ١٩١١ قوتابخانەی علمیەی ئاینی بەشێوەی فەرمی کراوەتەوە. سەر بە دامەزراوەی (شێخ الاسلام) [٧] بووە ژمارەی قوتابیانی (١٤٠) قوتابی بووە، تاوەکوساڵی ١٩١٧ بەردەوام بووە[٨].

بوونی ئاینزاکانی دیکە لە شارەکە ئەوانیش قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان هەبووە، وەك مەسیحیەکانی شارەکە لە ساڵی ١٩٠٣ قوتابخانەی (کلدان مکتبی)تایبەت بەخۆیان دامەزراندووە ژمارەی قوتابیەکانی ئەم قوتابخانەیە (٥٥ )قوتابی بووە پێنجیان کچ بووە[٩]. هەروەها یەهودیەکان قوتابخانەی (موسوی مکتبی)یان لە ساڵی ١٩٠٩ دامەزراندووە، ژمارەی قوتابیانی (٦٠) قوتابی بووە، لە ساڵی ١٩١٣ قوتابخانەی (الیانس) کراوەتەوە و ژمارەی قوتابیەکانی ئەم قوتابخانەیەش(٢٥٠) قوتابی بووە. لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانی رەوشی خوێندن لەم شارە زۆر خراپ بووە، دەبینین

---

[١]نجاة کوثر اوغلو، صفحات...، ص ١٩٩.

[٢] ابراهیم خلیل احمد، م.س، ص٥٠؛ محمد کلدان، م.س، ص ٤٣.

[٣]راپۆرتی کارگێری دەڤەری کەرکوك١٩١٩....، ل٩٤-٩٥؛ محمد کلدان، م.س، ص٤٣-٤٢؛ محمد عبدالله کاکەسور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی...، ل٣٠.

[٤]محمد کلدان، م.س، ص٤٣؛ ابراهیم خلیل احمد، م.س، ص٣٩.

[٥]عطاترزی باشی، تاریخ الطباعة والصحافة فی کرکوك، ت: طة قایایی، کرکوك، ٢٠١٢، ص٣٥-٣٦.

[٦]عبدالرزاق الهلالی، تاریخ التعلیم فی العراق فی العهد الاحتلال البریطانی١٩١٤-١٩١٨، بغداد،١٩٧٥، ص١١٩.

[٧]دامەزراوەیەکی دەوڵەتی عوسمانییە لەدوایی سەرۆك وەزیرانی دەولەت (صدرالاعظم)بووە، سەرۆکی کاروباری ئاینی بووە، سەرەتایی دروست بوونی ئەم دامەزراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٤٢٥. بۆزانیاری زیار بروانە:احمد صدقی شقیرات، تاریخ مؤسسة شیوخ الاسلام فی العهد ٨٢٨-١٣٤١ە/١٤٢-١٩٢٢م، مج ١الاردن، ٢٠٠٢،ص١٧٧-٢٩٢.

[٨]نجات کوثر اوغلو، صفحات...، ص٢٠٣.

[٩]جمیل موسى النجار، م.س، ص٢٤٨-٢٤٩.

یەك قوتابخانەی روشدییە و قوتابخانەیەکی سەرەتایی و پازدە قوتابخانەی دینی هەبووە[1]. سەرەڕای بوونی قوتابخانەی فەرمی سەرەتایی و ئامادەیی لە سەردەمی عوسمانیەکاندا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی رەوشی خوێندن وەکو پێویست نەبووە و لە دۆخێکی خراپ دابووە. ئەمەش وێڕایی خراپی شوێنی خوێندن و شێوازی دواکەوتووبوو، قوتابخانەکان پێویستی ناوچەکەیان پڕنەکردووەتەوە، هەروەها قوتابخانە نەگەیشتۆتە تەواوی لیواکە و ئەوانەی دەیان خوێند، توانای داراییان باش بووە و کوڕی کاربەدەست و موڵکدار و بازرگانەکان بوونە، خەڵکی گشتی لەم خوێندنە بێبەش بوونە[2]. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا خوێندنی فەرمی رۆڵی بینیوە لە پێگەیاندنی ژمارەیەکی زۆر کادیر، کە توانیویانە خزمەت بکەن بگەنە پلەی بەرز، وەك: عیزەت صاری کەهیە[3] کە لە یەکەم حکومەتی نیشتمانی عێراقدا ساڵی ١٩٢٠ بە وەزیری مەعاریف و تەندروستی داندرا، دەرچووی ئەم قوتابخانانە بووە[4].

دوای ئەوەی ئینگلیزەکان هاتنە شارەکە، سەرجەم قوتابخانەکانییان هەڵوەشاندەوە، قوتابخانەی (ظفر)ی سەرەتایی کوڕانیان دامەزراند. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٠ قوتابخانەیەکی کچان بەناوی (ئاوچی) کرایەوە[5]. ژمارەی قوتابخانەکان بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٢٠-١٩٢١ چوار قوتابخانەی سەرەتایی بووە لە شارەکە[6]، لەسەر هەمان قوتابخانەی عیلمیە قوتابخانەی دواناوەندی کرایەوە، بەڵام تەنیا یەك دوو ساڵ بەردەوام بوو، لەبەرکەمی ژمارەی دەرچووانی قوتابیانی سەرەتایی داخرا، کەبە هۆی گۆرانکاری لە شێوازی قوناغی دواناوەندی، تاوەکوسالانی سیەکان دواناوەندی لەم شارەدا نەبووە[7]. ژمارە قوتابخانەکان لەشارەکە ساڵ بەساڵ لەزیادبوون دا بووە،ئەمەش دەرەوەی شارەکەشی گرتووەتەوە، لە ساڵی ١٩٢٨ لە قەزای چەمچەماڵ قوتابخانە کراوەتەوە[8]. لە ساڵی خوێندنی(١٩٣٢-١٩٣٣) ژمارەی قوتابخانەکان بووە بە ٢٩ قوتابخانە لەو ژمارەیە شەش قوتابخانەیان بۆ کچان بووە [9]، هەر لە هەمان ساڵدا باخچەی ساوایان لە ناو شاری کەرکوك کراوەتەوە[10]. لە سەرتاسەری کوردستان

---

[1] راپۆرتی کارگێری دەڤەری کەرکوك١٩١٩...، ل٩٦

[2] دلشاد مەحمودعەبدلرەحمان، بارودۆخی کۆمەڵایەتی...، ل١٦٥

[3] عیزەت زەینەل پاشا کرکوکی لەساڵی١٨٧٠ لەشاری کەرکوك لەدایك بووە، کۆلێژی سەربازی لەئەستەمبۆل تەواو کردووە، چەندین پۆستی سەربازی لەسوپای نیزامی عوسمانی وەرگرتووە، دواجار لەیەکەم کابینەی وەزاری نیشتمانی لە١٩٢٠/١٠/٢٥ بووتە وەزیری معاریف وتەندروستی، لەساڵی ١٩٣٢کۆچی دوایی کردووە. میر بصری، اعلام الترکمان والادب الترکی فی العراق الحدیث، لندن، ١٩٩٧، ص ٥٠-٥١.

[4] عصمت صاری کهیە، م.س، ص٢٠.

[5] محمد کلدان، م.س، ص٤٣.

[6] محمد عبدالله کاکەسور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی...، ل٣٥

[7] دلشاد مەحمود عەبدلرەحمان، بارودۆخی کۆمەلایەتی....، ل١٤٧.

[8] عبدالرزاق الهلالی، م.س، ص ٤٤٩؛ فەرهاد عەزیز، قوتابخانەکانی چەمچەمال ،ئاسۆی پەروەردەی"گۆڤار"هەولێر، ژ(١٦)، شوباتی٢٠١٢، ل٢٢.

[9] مصطفی نەریمان بیرەوەریەکانی ژیانم، بەغدا، ١٩٩٤، ل ٢٧.

[10] الحکومة العراقیة، وزارة المعارف، تقریر السنوی سیر المعارف لسنة، ١٩٣٤-١٩٣٥، ص٥ .

**قوتابخانەی دواناوەندی نەبووە، تەنها لە شاری کەرکوک لەسییەکانی سەدەی رابردوو کراوەتەوە[1]. قوتابخانەکان لە کەرکوک لە زیادبوون دابوونە بۆ سالی خوێندنی(١٩٣٩-١٩٤٠) گەیشتووەتە (٥٥) قوتابخانە، (٤٣)ی کوڕان ،(١٢)ی بۆ کچان[2]. لەسالی(١٩٤٣- ١٩٤٤)قوتابخانەی ناوەندی کچان لە کەرکوک کراوەتەوە، نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی بۆ کچان یەکێك لە گرفتەکانی خوێندن بووە، لەگەل ئەوەی ژمارەی قوتابیان بەردەوام لەبەرزبونەوە بووە ژمارە قوتابخانەکانی زیادیانکردووە بۆنمونە بۆسالی خوێندنی١٩٥٦-١٩٥٧، کە(٧١) قوابخانە بووە[3]، یەکێکی دیکە لەگرفتەکانی خوێندن لەناوچە کوردییەکان، سەرەڕایی کەمی پێداویستیەکانی خوێندن، لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی عێراقدا زمانی عەرەبی کرایە زمانی فەرمی خوێندن ونووسین، لەگەڵ ئەوەی تا ئەوکات زمانی تورکی زمانی خوێندن بووە لەشارەکە، بەلاّم بەپێی بریارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەبووایە زمانی کوردیش زمانی فەرمی بێت لەقوتابخانەو فەرمانگاکاندا، لەگەل ئەوەی نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی عێراقدا لەگەڵ خستنەڕووی ئەو دۆخە دژوارەی بواری پەروەردە لە ناوچە کوردییەکاندا، داوای زیاترگرینگی پێدانییان کردووە، هەروەهاداوایانکردووە زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی لەو ناوچانەدا[4]، ئەوە بوو حکومەتی عێراقی بۆ چوونە ناو کۆمەڵەی نەتەوەکان یاسای ژمارە(٧٤)ی زمانە ناوچەییەکانی لەسالی ١٩٣١دەرکرد. وێرای بریاڕی کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی مەعاریفی کوردستان، ناوەندەکەشی لەشاری کەرکوك داندرا[5]. بە پێی ئەو یاسایە زمانی فێرکردن زمانی ناوخێزانی زۆرینەی قوتابیەکانی ئەو قوتابخانە دەبێت، کەعەرەبی، یا تورکی، یا کوردی بێت، بەمەش بڕیاردرا بەکردنەوەی بەرێوەبەرایەتییەك بۆ خوێندنی کوردی، سەرباری کەم وکوڕییەکانی یاساکە، حکومەتی عیراق لەسالی ١٩٣٧ بەبیانووی پتەوکردنی ریزەکانی عێراق خوێندنیان بەیەکجاری بەزمانی تورکمانی هەڵوەشاندەوە، بەمەش کارگەری خراپی کردە سەر رەوشی پەروەردە وفێرکردن لەشارەکەدا، بەوەی بەشێکی دیاری قوتابیانی شارەکەی دووچاری کێشە وگرفت کرد[6].**

**- رۆژنامەگەری:**

**رۆژنامەگەری یەکێك بووە لەو بوارانەی کە لە شاری کەرکوك گرینگی بەرچاوی پێدراوەدا، ئەوەتا دەبینین چەند هەوڵێك دراوە بۆ دەرکردنی رۆژنامە، هاوشێوەی رۆژنامەی ( زوراء) ی بەغدا، رۆژنامەیەك بەناو(حظراء) دەربکرێت، بەلاّم بەهۆی گواستنەوەی مەرکەزی ویلایەت بۆ موصل، ئەم**

---

(1) مصطفی نەریمان، س.پ، ل.١٩.

(2)دلشاد مەحمود عەبدولرەحمان، بارودۆخی کۆمەلایەتی کەرکوك...، ل١٥١.

(3) هـ.س، ل١٤٦.

(4)ژیان "رۆژنامە" سلێمانی، ژ(١١٨)، سالّ(٣) ، ٢١/٦/ ١٩٢٨.

(5)مصطفی نەریمان، س.پ، ل٤٦.

(6)عبداللطیف بند اوغلو، الترکمان في العراق الثورة، تاریخهم، لغتهم، ادابهم تراثهم، بغداد، ١٩٧٣،ص١٩.

هەوڵـە بـە ئـەنجام نەگەیشـت[1]. کـەرکوك یەکـەم شـاری باشـوری کوردسـتان بـووە، کـە چـاپخانەی بـۆ هێنـدراوە، لەسـاڵی ١٨٧٩، ئـەویش چـاپخانەی ویلایـەت بـووە، دواتـر ئـەم چـاپخانەیە بـە فـەرمانی تەحسین پاشای والی موسل گواستراوەتەوە، بۆ شاری موسل[2].

بێگومـان چـاپخانە ڕۆڵی سـەرەکی دەگێڕێـت لـە دەرکردنـی ڕۆژنامـە وبلاوکـراوە وچـاپکردنی کتێب. ئەگەرچی لەدوای ئـەوە چـەندین هەوڵدراوە بۆهێنـانی چاپخانە، سـەرەڕای ئـەوەی ئامـاژەمـان بـەوە داوە کەچـاپخانەی قوتابخانـەی (الصـنایع) دامەزرێنـدراو چـەندین ڕۆژنامـە و بلاوکـراوەی پـێ چاپکراوە[3]،یەکەم ڕۆژنامەی پێ چاپ کرابێت ڕۆژنامەی (ژورنال)بوو کە لـە سـاڵی ١٩٠٩ چـاپکراوە[4]، هـەروەها چـاپخانەکانی حـوادث لـە ١٩١١ و چـاپخانەی شـارەوانی ١٩١٩ وچـاپخانەی تـەرەقی ١٩٥٣ وچـاپخانەی تـەتویج ١٩٥٤ و چـاپخانەی شـیمال ١٩٥٦ دامـەزراون [5]، هـەموو ئـەم چـاپخانانە ڕۆڵـی گـەورە و بەرچـاویان گێـڕاوە لـە چـاپکردنی گۆڤـار و ڕۆژنامـە وکتێـب لـەو ماوەیـەدا و ژمارەیـەکی بەرچاوگۆڤارو ڕۆژنامە دەرچوونە، دیارترینیان: ڕۆژنامـەی (حـوادث)[6]، گۆڤـاری (معـارف)[7]، گۆڤـاری (کوکب المعارف) [8] ،ڕۆژنامەی (نجمە)[9]،

---

[1]سمکۆ بەهرۆز، رابەری ڕۆژنامەگەریی لە دەڤەری کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٩٠٨-٢٠١٠ ڕۆژنامەنووس "گۆڤار"، هەولێر، ژ(٢٦)، بەهاری ٢٠١٢، ل ١١٦.

[2] عبدالجبار محمد جباری، تاریخ الصحافة الكردیة في العراق، بغداد، ١٩٧٥، ص٨٩؛ عطا ترزی باشی، کرکوك في القرن التاسع عشر، ص١٦؛ ڕەفیق ساڵح، ڕۆژنامەوانی کوردی لە کەرکوك، هەزارمێرد"گۆڤار"، سلێمانی، ژ(١٦)، حوزەیرانی، ٢٠٠١، ل٧.

[3] صلاح الدین ساقی ولی، دلیل المطبوعات الكركوكیة، تحقیق: حسن رضا، کرکوك، ٢٠٠٣، ص٢٠-٢١.

[4]فاروق جمیل کریم، ڕۆژنامەوانی لە کەرکوك لە بەرایەکان تا ساڵانی٢٠٠٥، کەرکوك، ٢٠١٢، ل ٢٨.

[5] هەڵۆ کاکە وەیس، مێژووی چاپخانە لە کەرکوك، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢١- ٣١.

[6]لە٢ی شوباتی ١٩١١ لەلایەن ئەحمەد مەدنی قودسی زادە، دەرچووە، ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی، رامیاری، ئابووری، کۆمەلأیەتی بووە، تاوەکو ١٤مایسی١٩١٨، (١٣٨) ژمارەی لێدەرچووە، سمکو بەهروز، ڕۆژنامەنووس ....، ل ١١٦.

(٧)لە ٢٣ی نیسانی ١٩١٣ پانزە ڕۆژ جارێك دەردەچووە، گۆڤارێکی هونەری ئەدەبی بوو، بە زمانی تورکمانی بە قەبارەی(٨) لاپەڕە. خاوەنەکەی محەمەد جەواد و خاوەن ئیمتیاز ئەحمەد قودسی زادە بوو، تا ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩١٣ بەردەوام بووە. عطا ترزی باشی، تاریخ الطباعة و الصحافة ....، ص ص٧٥-٢٧٩.

[8]لە ٣ی شوباتی ١٩١٥ لەلایەن (جەمعیەی دیفاعی وەتەنی) دەرچووە، گۆڤارێکی کۆمەلأیەتی و هونەری و زانستی و ئەدەبی بوو. مانگی سێ جار دەردەچوو، چوار ژمارەی لێ دەرچووە. سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆڕانە ڕۆشنبیریەکانی ناوچەی کەرکوك، کەرکوك ٢٠٠٦، ل ٦٠-٦٢.

[9]لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ سەرەتا بە زمانی عەرەبی و دواتر بە زمانی تورکی دەردەچوو، ئینگلیزەکان ڕۆڵیان لە دەرچوونی هەبووە، دەساڵ بەردەوام بووە دواتر بووە بەڕۆژنامەی (کەرکوك)، مامۆستایان ڕۆڵی دیاریان لەم ڕۆژنامەیەدا هەبووە. نصرت مردان، م.س، ص ٩٥؛ کمال مظهراحمد، کرکوك وتوابعها...، ص١٠٩؛ ڕەفیق حیلمی، س.پ، ل٣٦٩.

**رۆژنامـەی (تجـدد) [١]، رۆژنامـەی (کـەرکوك)[٢]، رۆژنامـەی (ئەیلـەری) [٣]، رۆژنامـەی (الوحـدە) [٤]، گۆڤاری (صدی الشباب) [٥]، بلاوكراوەی (ناوەندی كەركوكی كچان)[٦]، رۆژنامەی (صدی الشمال) [٧]، رۆژنامەی (رزگاری) [٨] ، گۆڤاری (الثقافة الحدیثة) [٩]،**

---

[١] لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠ دەرچوو، ڕۆژنامەیەكی ئەدەبییە، خاوەنەكەی ئەحمەد مەدەنی بوو، ماوەیەكی كەم بەردەوام بوو، پاشان وەستێندرا. صباح بازرگان، المرشد الى الصحافه كركوك ١٩١١–٢٠١١، كركوك، ٢٠١٣، ص ١٠.

[٢] لە ١٢ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٦ دەرچووە، ڕۆژنامەیەكی سیاسی بووە، هەفتەی دوو جار، سەرەتا بە زمانی توركی دەرچووە، وجدی ئەفەندی و هیجری دەدە و عەبدولرحمان بەكر و جەمال یەعقوبی بەرێوەبەری ڕۆژنامەكەیان كردووە . سەرەتا لە چاپخانەی (حوادث) دواتر لە چاپخانەی (شارەوانی) لەچاپ دراوە، لە ژمارەی (٣٠٢)ی مایسی ١٩٣٠ تاژمارە(٣٤٢)ی ١٧شوباتی ١٩٣١ دوولاپەرەی بە كوردی بووە دواتر بەشە كوردییەكەی بۆتە چوار لاپەڕە ئەم ڕۆژنامەیە تا ٢٠ی ئابی ١٩٧٢ بەردەوام بووەو(٢٠٣٦)ژمارەی لێدەرچووە. فاروق جەمیل كریم، س.پ، ل٣٩؛ ڕۆژنامەی كەركوك كوردی ساڵی١٩٣٠، ئا: ئەحمەد تاقانە، هەولێر،٢٠٠٧؛ سمكۆ بەهرۆز، ڕۆژنامەنووس ....، ل ١٢١.

[٣] لە ٢٠ی ئاداری ١٩٣٥ دەرچووە، ڕۆژنامەیەكی رۆشنبیریی بووە، هەفتەی دوو ژمارەی بە زمانی توركی لێدەرچووە، خاوەن ئیمتیازی بەكر سدقی و سەرنووسەر خلوسی كفرلیی بووە (١٦) ژمارەی لێدەرچووە.نصرت مردان، م.س، ص١٤٤–١٤٦؛ عطا ترزی باشی، تاریخ الطباعة الصحافة ...ص ١٣٠.

[٤] لە ٦ ئازاری ١٩٤٨ دەرچووە، ڕۆژنامەیەكی ئەدەبی رۆشنبیریی هەفتانە بووە بە زمانی عەرەبی دەرچووە خاوەن و سەرنووسەرەكەی جمال عبدالنور(٢ ژمارەی لێدەرچووە لە ١٥ ئەیلولی ١٩٤٨ وەستاوە. صباح بازرگان، م.س، ص ١٢.

[٥] لە كانوونی دووەمی ١٩٤٨ لەلایەن ناوەندی (الغربیە) كوران لە كەركوك دەركراوە، گۆڤارێكی زانستی، رۆشنبیریی بووە، (٤) ژمارەی لێدەرچووە، سمكۆ بەهرۆز، ڕۆژنامەنووس..، ل ١٢١؛ صباح بازرگان، م.س، ص١٢

[٦] لە ساڵی ١٩٥١ لەلایەن ناوەندی كەركوكی كچان بە زمانی عەرەبی بەبۆنەی كۆچی دوایی (شاژن عالیە) دایكی مەلیك فەیسەل بلاوكراوەتەوە، لەلایەن كەوكەب داود خەشاب سەرپەرشتی كراوە. سمكو بەهرۆز، ڕۆژنامەنووس...، ل١٢٢.

[٧] لە١ی شوباتی١٩٥١دەرچووە، رۆژنامەیەكی سیاسی هەفتانە بووە، سێ ژمارەی لێدەرچووە مەعروف عارف خاوەن ئیمتیاز و بورهان عومەر تكریتی سەرنووسەربووە. صباح بازرگان، م.س، ص ١٣.

[٨] لە ١ی ئەیلوولی١٩٥١ بە نهێنی دەرچووە، زمانحاڵی پارتی دیموكراتی كوردستان بووە، ئیبراهیم ئەحمەد سەرنووسەر و هەمزە عەبدوڵڵا سەرپەرشتی كردووە، تاوەكو كۆنگرەی سێی١٩٥٣ گۆرا بۆ(خەباتی كوردستان) تاوەكو ١٩٥٥ بەردەوام ژمارەی لێ دەرچووە. حبیب محمد كریم، م.س، ص٥٢؛ صباح بازرگان، ن.م، ص ١٣.

[٩] لە ١ی مایسی ١٩٥٤ لەلایەن كۆمەڵەی مامۆستایانەوە دەرچووە، گۆڤارێكی رۆشنبیریی گشتی بەزمانی عەرەبی دەردەچوو، عەتا ترزی باشی بەرێوەبەری نوسین بووە، دوو ژمارەی لێدەرچووە. عطا ترزی باشی، تاریخ الطباعة و الصحافة ....، ص١٤٠–١٤٢.

ڕۆژنامەی (الافاق) [1]، گۆڤاری (مرۆڤ) [2] ، ڕۆژنامەی (خەبات) [3] ، ڕۆژنامەی (خەباتی کوردستان)[4]، ڕۆژنامەی (ئازادی کوردستان) [5]. دەبینین لەشاری کەرکوك ژمارەیەکی بەرچاو ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاۆکراوە دەرچوون بێگومان ئەمانە ڕۆڵی دیاریان گێڕاوە، لە بلاۆکردنەوەی ڕۆشنبیریی گشتی، ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە بوونی ئەو ناوەند و شوێنانەیە کە ئەم ڕۆژنامانەیان گەیاندووە بە خوێنەران، دیارترینیان کتێبخانەی گشتی کەرکوك [6]، هەروەها جگە لەمە چەندان کتێبخانەی تایبەت لەشارەکەدا هەبوون، لەوانە : کتێبخانەی (عباس حلمی) لە سیەکان و کتێبخانەی (حەبیب)[7]، کتێبخانەی (عصریە)[8] . کتێبخانەی (عومەر بێکەس) و کتێبخانەی (محمد ئەمین حسین) لەسالأنی ١٩٤٥-١٩٥٧ ...هتد، کە ڕۆڵیان هەبووە لە بلاۆکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کە لەشارەکە وە دەرەوەی شارەکە دەرچوون دەیانگەیاندن دەستی خوێنەران[9].

### ٤- بزاڤی ئەدەبی:

شاری کەرکوك یەکێکە لە شارە دەوڵەمەندەکان لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی ئیتنی و ئاینی، هەریەك لەو نەتەوانەی لەم شارەدا ژیاون، خاوەن کلتوور و داب و نەریت و فۆلکلۆرو ئەدەبی خۆیان بوونە، ئەمەش وایکردووە ئەم شارە زیاتر لەم بوارەدا دەوڵەمەند بێت، بزاڤی ئەدەبی کە لەسەربنەمای ئەدەبی فۆلکلۆری گەش ونمای کردووە، بنەمای سەرەکی دروست بوونی بنەماکانی ڕۆشنبیریی بوو لە شارەکە، ئەدەبی فۆلکلۆریش بەوەدەقانە دەوترێت کە لەناو خەڵکی دروست دەبێت و خاوەنەکەی دیار نییە، بەواتایەکی دیکە هەموو نەتەوە خاوەنیەتی و خۆی بەخاوەنی دەزانیٚ، کە بەیتی میللی وسەربردە وپەندی پێشینان وقسەی نەستەق دەگرێتەوە[10].

---

[1] لە ٨ی مایسی ١٩٥٢ دەرچووە، گۆڤارێکی ئەدەبی، ڕۆشنبیریی بووە بە زمانی عەرەبی و تورکمانی دەرچووە، شاکر زیائەدین خاوەن ئیمتیاز و حوسامەدین ساڵەیی سەرنووسەر بووە، لە ٢٧ ئازاری ١٩٥٩ وەستاوە، لەو ماوەیەدا (٢٠٥) ژمارەی لێدەرچووە. نصرت مردان، م.س، ص١٤٦-١٤٨.

[2] لە ساڵی١٩٥٥ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لەدوای کۆنگرەی سێیەوە بە زمانی کوردی بلاۆکراوەتەوە. وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٩٦، هەولێر ١٩٩٦، ل١٦.

[3] لە پایزی ١٩٥٥دەرچووە، زمان حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەمزە عەبدوڵلاّ سەرپەرشتی کردووە، . هـ.س، ل١٨.

[4] لە کانوونی دووەمی ١٩٥٧ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان یەکگرتوو، بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرکراوە، هەریەك لە هەمزە عبدالله و جەلال تالەبانی و نوری احمدتەها سەرپەرشتیان کردووە، صباح بازرگان، م.س، ص١٦.

[5] لە ساڵی ١٩٥٧ لەلایەن حیزبی شیوعی عێراقی بەشێوەی نهێنی دەرکراوە هەریەك لە ساڵح حەیدری و حەمید عوسمان سەرپەرشتیان کردووە. حمە صالح فرهادی، چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنوسی کوردی، ، بەغدا، ١٩٨٨، ل٤١.

[6] حەمەدیان، مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لەکتێبخانەی کەرکوك، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٣.

[7] مصطفی نەریمان، س.پ، ل ١٣٤.

[8] هەلۆ کاکەوەیس، س.پ، ل٣٣ ودواتر.

[9] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆڕانە ڕۆشنبیریەکان....، ل ١٥٥.

[10] علاء الدین سوجادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٧٨، ل ١٤٨.

**شاری کەرکوك لە بواری ئەدەبی زۆر دەوڵەمەندە، مێژوویەکی کۆنی هەیە، چەندین شاعیر دەرکەوتوون، لەوانە ئەمین ئیسماعیل زەنگەنە و ئەحمەد بەگی زەنگەنە و محەمەد زەنگەنە، کارێزی و...هتد ئەمانە دیوانی شیعری لە پاشیان بەجێ نەماوە، تەنیاچەند پارچە شیعرێکیان نەبێت لەلای مەلا جەمیل رۆژبەیانیەوە پارێزراوە بڵاوکراونەتەوە[1].**

**لە سەدەی هەژدەمدا دیارترین شاعیری دەرکەوتوو، رەنجوریە ١٧٧١-١٨١٠[2]، بەڵام لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا بزاڤی ئەدەبی جموجۆڵی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە چەندان شاعیر بەدیارکەوتوون، ئەوەی جێی سەرنجە شاعیرانی شارەکە وێرای بە زمانی دایك بە زمانەکانی تر شیعریان هۆنیوەتەوەوەك: (میرزا شەفیعی حەمە رێزی ١٧٧٦-١٨٣٦، مەلای جەباری ١٨٠٦-١٨٧٦، شێخ عەبدولرحمن تاڵەبانی (خالص) ١٧٩٧-١٨٥٨، فەقێ قادری هەمەوەند١٨٣٠-١٨٩٠، شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٧٥-١٩١٠، یەسوسوساوك ١٨٥٦-١٩٣٥، خلیل منوەر ١٨٦٣-١٩٢٣، هیجری دەدە ١٨٨٠-١٩٥٢، خدر لوتفی ئەفەندی ١٨٨٠-١٩٥٩، صابری ١٨٨٢-١٩٤٤) ، ئەسیری ١٨٩٥-١٩٦٢،سید محمد جواد ١٨٩٥-١٩٧٢، مامەند کەرکوکی ١٨٩٥-١٩٦٩،ئەسعەد نائب ١٨٩٧-١٩٩٢، راهبەر ١٩٠٣-١٩٧٣، لوتفی ١٩٠٥-١٩٨٩، جلال رضا ئەفەندی ١٩٠٤-١٩٨١، مەلا عباس حلمی کاکەیی ١٨٨٢-١٩٦٦و.......هتد) [3].**

---

**[1] وەرگیراوە لە: نزار محمد صابر کەرکوکی، لەبارەی شیعر وشاعیرانی کلاسیکی کوردی کەرکوك وگەرمیانەوە، سلێمانی٢٠١٤، ل ١٠٨.**

**[2] خالید بەگی کوری عومەر بەگی زەنگەنەیە، زانا و شاعیری کوردی سەدەی هەژدەیە، نازناوی (رەنجوریە)، حاجی قادری کۆیی لە شیعرێکی بەم شێوەیە وەسفی کردووە:یەکێ رەنجوری ئەهلی کەرکوکە فکری بیکری هەموو وەکو بووکە. بروانە : دیوانی رەنجوری ملا عومەری زەنگەنە، لێکۆلینەوە:(محەمەد عەلی قەرەداغی) بەغدا، ١٩٨٣، ل٦؛ مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ب٢، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١١٥.**

**[3] بۆزانیاری دەربارەی ئەم شاعیرانەو کاروبەرهەمە ئەدەبیەکانیان بروانە: مارف خەزنەدار، س.پ، ب٣، ل٣٠٩-٣١٠؛ علاء الدين سجادی مێژووی ئەدەبی کوردی، چ ٢، بەغدا ١٩٧١، ل ٣٠٧-٣١٨؛ نوری تالەبانی، شێخ وئیرشادی تالەبانی وچەند ناودارێکی ئەم بنەماڵەیە، کەرکوك"گۆڤار"، ژ(٣)، ساڵی دووەم، زستانی٢٠٠١، ل١٦-٢٣؛ محەمەد ئەحمەد سعید، کەرکوك و بزاڤی شیعری کوردی لێکۆڵینەوە هەڵسەنگاندن، سلێمانی٢٠٠٨، ل ل١٥٠، ٢١٦-٢١٩؛ ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید ئەسیری شاعیری نەتەوەخوازی کورد، کەرکوك، ٢٠٠٦، ل٨٥؛ گولەرسیاە منصوری، سید محمد جواد ادیبا وشاعیر و صحفیا، باریش"مجلة"، اربیل، ع(٥)، تموز،٢٠٠٥، ص٣٤؛ کریم شارەزا، مامەند کەرکوکی کێیە، بەیان "گۆڤار"،بەغدا، ژ(١٨)، ساڵی١٩٧٥، ل ٢-٢٨؛** ATA TERZI BASL, kerkuk sairlrrin (3)kitap Istanbul.2013.pp 175-190 pp317-327 pp279-291

**٥- بزاڤی هونەری:**

١-شانۆ وسینەما: سەبارەت بە مێژووی شانۆ لە شاری کەرکوک زانیاری تەواومان لەبەردەستدا نیە، بەڵام توێژەران دەیگێرنەوە بۆ دانیشتنەکانی و چایخانە و قاوەخانە و دیوەخانەکان کە شارەکەدا لەمە بەناوبانگ بووە، هەر لە کۆنەوە زۆرخانە و قاوەخانە و چایخانەکان مەڵبەندی مەقام و گۆرانی بوونە، گۆرانیبێژە کورد و تورکمانەکان گۆرانیان تێدا گوتووە، نوکتە وگاڵتە وگەپی تێدا گێردراوەتەوە خەڵکی لەدەوریان کۆبونەتەوە[١]، هەروەکو ئیبراهیم داقوقلی دەڵێت: "سەرەتای شانۆی تورکمانی لەسەر گۆرانی ومەقام بووە"[٢]، کوردەکانیش بەبۆنەی ئاهەنگی نەورۆزەوە چونەتە دەر و سەیران و ئاهەنگێران و نمایشیان کردووە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەم یادەوە بێت، لەوانەش شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر نمایش کراوە، کە ئەم داستانە خۆی لەخۆیدا بە جێگەیاندنی رێو رەسمی شانۆیە[٣]. دواتر شانۆ پەرەی سەندووەو گواستراوەتەوە بۆ سەر تەختی شانۆ، لەم رووە وە قوتابخانەکان رۆڵی دیاریان بینیوە بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان، یەکەم شانۆ بەناوی (هیمیز یوردەقدا) (ئێمە هەموومان گیان فیدای نیشتمانین) لە ساڵی ١٩١٦ لەلایەن تیپی شانۆی قوتابیانی سوڵتانیە نمایش کراوە[٤]. بەڵام ئەو شانۆگەریەی، کە بەشێوەی بەڵگەنامەیی هەبێت شانۆگەری (عومەری کوری خەتاب و بێوەژن)ە، کە لەلایەن قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانەی ظفر لە ١١ تەموزی ١٩٢١ نمایشکراوە[٥]. ئیتر لێرە بەدواوە ساڵانە شانۆگەری بە بەردەوامی لەم شارە نمایشکراوە، تاوەکو ساڵی ١٩٥٨ ژمارەیەکەی بەرچاوشانۆگەری نمایشکراوە لەوانەش: خاك وبێوەژن ١٩٢١[٦]، سەربازی ئازاوعەبدولکریم دەشتەکی١٩٣٣، وەحیدە١٩٣٤، لەپێناو تاجداوشاعیر١٩٣٥، سەرخۆش١٩٣٨[٧]، هەواری عەکاف ١٩٤٣، قەدەرەکان ١٩٤٨، مێش کوری مەگەز ١٩٤٩، دەروێش و ژنی زۆردار و وێنەگر لە١٩٥٠، هەروەها لە چایخانەی چوارباخ لە١٩٥٢ وبوك وزاوا و ئۆمەری دادپەروەر لە١٩٥٣، هەروەها شانۆگەری (العندلین)١٩٥٤ کە شانۆگەریەکی منداڵان بوو لە لایەن کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بە زمانی ئینگلیزی نمایشکراوە[٨]، شانۆگەری (الفنان) ی جەلیل قەیسی بە زمانی ئینگلیزی لە ١٩٥٦ نمایش کراوە[٩]، و ئینتخابات ١٩٥٦[١٠]،

---

[١] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی‌گۆرانە رۆشنبیریەکان ...، ل١٦٩.

[٢] فنون الادب الشعبی الترکمانی، بغداد،١٩٦٢، ص٧٦

[٣] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان...، ل ١٧.

[٤] تحسین شیخ اوغلو، نشأة المسرح الترکمانی في کرکوك والفنانین الروادالمعاصرین،باریش،ع(١) سنة ٢٠٠٠، ص٣٣.

[٥] فاضل الحلاق، الحرکة المسرحیة في کرکوك تواریخ أسماء وثائق، کرکوك، ٢٠٠٩، ص ٨-٩.

[٦] محمد حضر محمود، المسرح في کرکوك، کرکوك، ٢٠١٣، ص١٤.

[٧] رووبار عەلی، شانۆی هاوچەرخی تورکمانی لە کەرکوك، بارش "گۆڤار" هەولێر، ژ(٢٠)، شوباتی٢٠٠٥، ل ١٢٧؛ تحسین شێخ اوغلو، م.س، ص٣٣.

[٨] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ...، ل ١٧٤-١٧٨

[٩] محمد خضر محمود، م.س، ص٢٣؛ فاضل الحلاق، م.س، ص ٤٦.

[١٠] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ... ، ل ١٧٨.

گەشتەوان ١٩٥٧[١]،و ... هتد سەرەڕای ئەم شانۆگەریانە تیپی شانۆی کە شانۆکاری بەناوبانگی عێراقی حەقی شبلی(١٩١٣-١٩٨٥)، سەردانی شاری کەرکوکی کردووە لچەند شانۆگەریەکیان پێشکەش کردووە لەوانە شانۆگەری سوڵتان عبدالحمید لە تەموزی ١٩٣٢ لە باخچەی هوتیل ئەحمەد پالاس نمایش کردووە، کە چەند شانۆکارێکی کەرکوك، وەك زوهدی عەلی وموسا زەکی مستەفا، چەند شانۆکارێکی میسریر، وەکو (محمد القبانی و بشارە واکیم) بەشداریان تێدا کردووە[٢]. لە پەنجاکاندا چەند تیپێکی شانۆی دروست بوو، وەك تیپی کەرکوکی تیثی شانۆی میللی(مسرح الفن للتمثیل وفرق المسرح الشعبی) ئەمانە چەند شانۆگەریەکیان نمایشکردوە، وەك :(ئومر بیل، فلوس الدوە ...هتد)[٣]. بەشێوەیەکی گشتی شانۆگەرییەکان لەلایەن خەڵکی شارەکە پێشوازی لێکراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆربەی شانۆگەرییەکان لە قوتابخانەکان، وەکو پێویستیەکی پەروەردەیی بووە، شانۆگەری پەرەسەندنی دیاری بەخۆیەوە بینیوە لەم شارەدا، ئەمەش بەومانایەش نایەت کە بەبێ گیروگرفت و ئاستەنگ نەبووبێت. بەتایبەتی نەبوونی دەقی شانۆیی[٤]، بەشدارنەبوونی ئافرەت بەهۆی ڕێگری ئاینی و داب ونەریت بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، بۆ یەکەمجاریش لەسەر ئاستی شارەکانی کوردستان لەشاری کەرکوك پیاو، وەکو ئافرەت ئەو ڕۆڵەی گێڕاوە[٥]، هەروەها نەبوونی هۆڵی شانۆی تایبەت لەشارەکە گرفتێکی تربووە، بۆیە زیاتر لە قوتابخانەکان وکۆمەڵە وقاوەخانەو ئۆتێلەکان نمایشکراون، بەلام لە ساڵی ١٩٥٠ هۆڵی شانۆی لە ئامادەیی کەرکوك دروست کراوە[٦].

ناوەندێکی دیکە کە ڕۆڵی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە شاری کەرکوك بوونی سینەما بووە، وەکو ناوەندێکی کاریگەر لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیری شارەکە، کاریگەریی بەرچاوی هەبووە، لە ئاشناکردنی خەڵك بە هونەر و سینەمای جیهانی. هەر لە سیەکانەوە سینەما لە کەرکوك هەبووە، ئەوتا لە ساڵی١٩٣٢سینەمای غازی کراوەتەوەو دواتر سینەمەکانی (خەیام) و (دونیا) و (العلمین) و (الحمراء) و (اطلس) و (صلاح الدین)...هتد، کراونەتەوە[٧].

**ب- هونەری شێوەکاری:**

هونەری شێوەکاری لە شاری کەرکوك مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەو میللەتانەی لەم ناوچەیە ژیاون جێ پەنجەیان لەم بوارەدا بەجێهێشتووە، لەوانەش لە نوزی و ئەرابخا و کورەخانی، دەست ڕەنگینیان لەو نەخش و نیگاری کۆتەڵ و بەکارهێنانی ڕەنگ لە ڕازاندنەوەی کۆشکەکان و

---

(١) حەسەن تەنیا، شانۆ و شانوی کوردەاری، بەغدا، ١٩٨٥ ، ل ١٠٦.
(٢) فاضل الحلاق، م.س، ص ٢٩.
(٣) فاضل الحلاق، م.س، ص ٤٦-٤٧.
(٤) سمکۆ بەهرۆز، مێژوو گۆرانە رۆشنبیریەکان.... ، ل ١٧٣-١٧٤.
(٥) ابراهیم داقوقلی، م.س، ص٧٨.
(٦) شێخ تحسین اوغلو، م.س، ص٩٧.
(٧) فاضل الحلاق، م.س، ص٤٦.

پەرستگاکاندا هەبووە، دوای هاتنی فارس ئەسکەندەر و ساسانی و مەسیحی دواتر ئیسلام ڕەنگدانەوەیان لەسەر لایەنی هونەری شارەکەدا جێهێشتووە.

لە سەدەی بیستەمدا قوتابخانەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە، لە گەشەسەندنی هونەری شێوەکاری لەم شارەدا، کە زیاتر خۆی لە چالاکی وێنەکێشاندا دەبینێتەوە[1]. لەساڵی ١٩٣٤ یەکەمین پێشانگای وێنەکێشان لەلایەن هونەرمەند عەزیز سەلیم[2]لە چایخانەی ((یدالله)) لە گەڕەکی شۆریجە بە شەش تابلۆ کرایەوە، فەرمانبەرانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك ئەم تابلۆیانەیان بە (٤-٦) دینار کڕیوە. ئیبراهیم خەلیل بەناوبانگترین شێوەکاری دەڤەری کەرکوك بووە و سەردانی ئەم پێشانگایەی کردووە، هانی داوە بۆ کاری چاکتر[3]. لە چلەکاندا هونەری شێوەکاری لە کەرکوك جموجوڵێکی بەخۆیەوە بینیوە، لێرەدا قوتابخانەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە. لە ساڵی ١٩٤٠ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك پێشانگایەکی گشتی بۆ وێنەکێشان وکاری دەستی کردووەتەوە بەمجۆرە ساڵانە ئەم پێشانگایانە بەردەوام بووە[4]. شەفیق عومەر ڕەزا مامۆستای وێنە بایەخی بەقوتابیەکانی داوەو فێری وێنەکێشانی کردوون و پێشانگای بۆ کردوونەتەوە، هەر ئەم مامۆستایە وێنەی مەلیکی عێراق مەلیك فەیسەڵی لەسەر مس بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش نەخشاندووە[5].

لە ساڵی ١٩٤٩هونەرمەندان ئازاد شەوقی ومەحمود عوبەیدی[6] پێشانگایەکی هاوبەشیان لە کەرکوك کردووەتەوە[7]، مەحمود عوبەیدی تابلۆی کندی فەیلەسوف کێشاوە و خەڵاتی یەکەمی دەوڵەتی وەرگرتووە[8]. لە ساڵانی پەنجاکاندا هونەری شێوەکاری پەرەسەندنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە. لە ساڵی ١٩٥٠ شێوەکار خالد سەعید پێشانگای فریشتەی کردووەتەوە تێدا (٥٠) تابلۆی نمایشکردووە، کە گوزارشتیان لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری وئەوروپی کردووە[9].

---

[1] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گورانە ڕۆشنبیریەکان.... ،ل١٣٢-١٣٣.

[2] عەزیز سلیم: لە ساڵی١٩١٥ لە ناوچەی پشدەر لەدایك بووە، لە منداڵیەوە باوکی مامۆستای تایبەتی بۆ گرتووەو فێری وێنەکێشانی کردووە، لە سەرەتادا وێنەی سروشتی کێشاوە، یەکەم پێشانگای لە ساڵی١٩٣٢ لە شاری سلێمانی کردووەتەوە چەند پێشانگایەکی کوردستان و دەرەوەی کوردستان کردۆتەوە لە ساڵی٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە، فەرهاد پیربال، مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا لەکۆنەوە تا پەنجاکان، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٠١-١٠٢.

[3] هـ.س، ل ١١٤.

[4] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گورانە ڕۆشنبیریەکان، .....،ل٢٣٠

[5] هـ.س، ل٢٣٥

[6] مەحمود عوبەیدی، لە ساڵی ١٩٢٨ لە کەرکوك لەدایك بووە، دەرچووی خانەی مامۆستایان بووە، لە ساڵانی١٩٤٨-١٩٩٠ چەندین پێشانگای هونەری کردووەتەوە، چەند پەرتوکی هەرلەم بوارە داناوە وەك: (فن الرسم)، (کیف تجمع المجسمات)، (کتاب الاشغال)، سمکۆ بەهرۆز، مێژوو و گۆڕانە ڕۆشنبیریەکان، ...، ل٢٤١.

[7] فەرهاد پیربال، مێژووی هونەری شێوەکاری...، ل٧٩.

[8] فەرهاد پیربال، فاریزەیەك لەبارەی مێژووی هونەری شێوەکاری لە شاری کەرکوك، هاواری کەرکوك"گۆڤار"، هەولێر، ژ(٢) کانونی یەکەمی ١٩٩٨، ل ١١٧.

[9] سمکۆ بەهرۆز، مێژوو گۆڕانە ڕۆشنیریەکان....، ل٢٢٣.

**ئەوەی جێگای باسە لە ساڵی ١٩٥٣ گروپی هونەرمەندانی کەرکوك لەلایەن مەحمود عوبیدی و سدیق ئەحمەد عاشور[١] و سنان سەعید[٢] دامەزرا. یەکەمین پێشانگای خۆیان لە قوتابخانەی غازی سەرەتایی کردەوە. ئەم گروپە زیاتر لە (١٢) پێشانگای دیکەی لەم شارەدا دەکاتەوە[٣]، لە ساڵی ١٩٥٥ عەتا سەبری[٤]، لەگەڵ نیگارکێشی بەریتانی بەناوی(R.Ros.Tomes)(ئار ڕۆس تۆماس) بەگەشتێکی هونەری هاتۆتە کوردستان و بەرهەمی ئەو گەشتەیان دەکەنە پێشانگایەك و لە شاری بەغدا نمایشی دەکەن، یەك لەو تابلۆیانە تابلۆی لالش پەرستگای ئێزیدیەکان بووە[٥].**

**هونەرمەندێکی دیکەی ئینگلیزی بەناوی (Sawt-Be)(ساوت بی) لە ساڵی ١٩٥٦ پێشانگایەکی شێوەکاری لە شارەکە کردووەتەوە[٦]. هونەرمەندانی کەرکوك بەشداریان لە پێشانگاکانی دەرەوەی شاری کەرکوکیشدا کردووە، عەبدوڵڵا ئەمین[٧] یەکێکە لەهونەرمەندانی شارەکە نێردراوە بۆ وڵاتی لوبنان بۆ خولی هونەری سەرکەوتووترین هونەرمەندی خولەکە بووە، دیارترین تابلۆکانی تابلۆی کوردستان کە ئەم دێرە هۆنراوەی ئەسیری لەژێردا نووسراوە، هونەرمەند لێرەدا سروشتی کوردستانی ئەم دێرە شیعرەی تەوزیف کردووە لەکارە هونەریەکەیدا:**

**بێرە کوردستان عەزیزم گەرتۆ سەیرانت دەوێ**

**بتبەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کۆێستانت دەوێ [٨]**

---

[١] سدیق ئەحمەد عاشور، لە ساڵی ١٩١٥ لە شاری موسل لەدایك بووە، خانەی مامۆستایانی لە ساڵی ١٩٣٩ تەواوکروە(١٠) تابلۆی لەسەر سروشتی کوردستان کێشاوە، لە مۆزەخانەی بەغدا پارێزراوە، بەشداری هەموو پێشانگاکانی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کەرکوکی کردووە تاکو ساڵی١٩٦٠. سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ....، ل ٢٣٨ .

[٢] سنان سەعیدئۆغلۆ:لە ساڵی ١٩٣٤ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەوشارە تەواو کردووە، دواتر بۆتە مامۆستای وێنە هەر لەوشارە بروانامەی دکتوارای لەم بوارە لەساڵی١٩٦٥بەدەستهێناوە، لە١٩٩١ کۆچی دوایی کردووە.سمکۆ بەهرۆز ، س.پ، ل٢١١.

[٣] فرهاد پیربال، فاریزەیەك لەبارەی مێژووی شێوەکاری ....، ل ١١٦.

[٤] عەتا سەبری، لەساڵی١٩١٣ لە کەرکوك لەدایکبووە، لە ساڵی١٩٥٠ دیبلۆمی باڵا لە لەندەن وەرگرتووە، بەشداری دامەزراندنی (کۆمەڵەی بەغدای هونەری نوێ) کردوە، چەندان تابلۆی لەبارەی ژیانی کوردەواری کوردستان کێشاوە، لەساڵی١٩٣٠ حکومەت یەکەم شاندەی هونەری ناردە دەرەوەی عێراق، یەك لەوانە عەتا سەبری بووە، فەرهادپیربال مێژووی هونەری شێوەکاری، ل ٧٢؛ أم ایدن، الفنان عطاصبری، باریش، ع(١٨)، لسنە ٢٠٠٤، ص١٢٠-١٢١.

[٥] أم ایدن، م.ن، ص ١٢١.

[٦] محمدخضرالحمدانی، أوائل من کرکوك، موسوعة کرکوك قلب العراق، بیروت، ٢٠٠٨، ص ٢٣٩.

[٧] عەبدوڵڵا ئەمین، لە ساڵی١٩٢٣ لە چەمچەماڵ لەدایك بووە، لە ساڵی١٩٥٤ پەیوەندی بە کۆمەڵەی هونەرمەندانی کەرکوك کردووە بەشداری پێشانگای ئەم کۆمەڵەی کردووە، لەم شارەدا چەندین پێشانگای کردووەتەوە، دواتر بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق رووی کردۆتە ئەوروپا. مستەفا زەنگەنە، لاپەرەیەکی شاراوە لە ژیانی هونەرمەند عەبدولا ئەمین، هاواری کەرکوك، ژ(١) ئەیلولی ١٩٩٨، ل ل ٨٥- ٨٨.

[٨] مستەفا زەنگەنە، هـ.س، ل ٨٦.

زۆربـەی هونەرمەنـدانی کـەرکوك لـە ژێـر کاریگـەری کۆمەڵـەی هونەرمەنـدانی کـەرکوك بـوون. بەشێوەیەکی گشتی هونـەری شـێوەکاری لەکوردسـتان وعێـراق، لەژێرکاریگـەری قوتابخانـەی ریـالیزمی – واقعـی دا بوونـە[١]. کەواتـە شـێوەکارانی کـەرکوك هاوشـێوەی شـێوەکاری دیکـەی ناوچـەکە خـاوەن دەسـت رەنگینـی وزەوق و سـەلیقەی هونـەری بـەرز بوونـە، بەواتایـەکی دیکـە دەتـوانین بڵـێن ئاسـتی هونـەری جوانناسـی تـابلۆ شـێوەکاریەکانیان لـە ئاسـتێکی بـەرزی هونـەری وچێژێکی خـەیال بـەخش وکاریگەردا بووینە.

**ج- گۆرانی و مۆسیقا:**

گۆرانی و مۆسیقا لە شاری کەرکوك، زادەی فۆلکلۆر و داب و نەریتی ئەونەتەوانەیـە کـە لـە شـارەکەدان. ئـەوان خـاوەن فۆلکلـۆر وکـەلتووری تایبـەت بـەخۆیانن و پارێزگاریـان لێ کـردووە، ئـەم شارەش لەم بوارەدا زۆر دەوڵەمەندە، ئەوەی شایەنی ئاماژەیە فۆلکلۆر زەمینەیەکی باشـی بـۆ گـۆرانی و مۆسیقا رەخسـاندووە، بەشـێوەیەکی گشـتی ئـاواز وگـۆرانی و مۆسـیقا چـەند جۆرێکـە، لەوانـە مـەقام و بەستە و قۆریات و بەند و گۆرانی میللی و کارکردن و سرودی نیشتمانی بۆنە ئاینیەکان و....هتد[٢]

سـەبارەت بەمـەقام: جۆرە گۆرانییـەکی خـاوی رۆژهەڵاتییـە لەگـەڵ هـەموو جـۆرە شـیعریك دەگوترێت، ناوچەی کەرکوك بەمەڵبەندی مەقامات لە عێراق دادەنرێت. مەقامیش چەندجورێکی هەیـە، لەوانە مەقامی (راست، بەیات، سێگا، حیجاز، چوار گا، نەهاوەند، سـەبا) [٣]، هەڵکەوتـەی جوگرافیـایی شارەکە، کە کەوتبووە سەر رێگای کاروانە بازرگانییەکان، بۆیـە مانـەوەیان و تێکـەڵ بوونیـان بـە بـەزمی شـەوان وگـۆرانی گـوتن ومـەقام خوێنـدنی شـەوانە لـە خانـەکان، توانـای خـەڵکی شـارەکە لـەوەرگرتنی هەموو جۆرەکانی مەقام هەبووە، دواتر گەشەیان بەم هونەرە داوە، کوردەکـان چـەندین مـەقامی تایبـەت بەخویان هەبووە وەك (قەتار، ئەلا وەیسی، خاوکار، خورشیدی، ئای ئای، و.....هتد)[٤].

تەکییەی تاڵەبانی، وەکو مەڵبەنـدێك بۆپێگەیانـدنی چـەندین مـەقامزان رۆڵـی سـەرەکی گێـڕاوە، بەتایبـەتی لـە خوێندنـەوەی سـرودە ئاینیـەکان لـەیادی لـەدایك بـوونی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسەربێت)، پێدا هەڵگوتنە ئاینیەکان لەم شارە ژمارەیەکی زۆر مـەقام خـوێن هەبوونـە، لەوانـە (مـەلا ولی ١٧٤٣-١٨٣٠، شـەلتاغ ١٧٩١-١٨٧١، مـەلا تـەها عەبـدوڵڵا کـەرکوکی ١٨٧٦-١٩٦٩، حـاجی نـەعمان

---

[١] ریالیزمی–واقعی: بنەمای شێوەکارییە لەم شێوازە هونەریە و شێوەکار دیمەنی سروشت و واقعی کۆمەڵگە و شێوە و ئەدگارەکانی مرۆڤ ودیمەنەکانی سروشت وەکو خۆی ئاوا دەگوازرێتەوە، ئەمەش لەرووی مێژوویەوە قۆناغی سەرەتایی هونەری شێوەکارییە. هۆشەنگ ساڵح محمد شریف، بزاڤی رۆشنبیریی لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، ماستەرنامە(بلاونەکراوە) زانکۆی سەلاحە ددین– هەولێر، ٢٠١٣، ل ٢٩.

[٢] بەشیر سەبری بۆتانی، هونەری فۆلکلۆری وملليەکانی دەڤەری کەرکوك ستران وگۆڤەند میوزیك، هەولێر،٢٠٠٨، ل ٧-١١؛ محمود زامدار، دەروازەیەك بۆئاوازو گۆرانی کوردی ، بەغداد، ١٩٨٠، ل ٥٣-٦٠.

[٣] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانەرۆشنبیریەکان....، ل ٢٢٢.

[٤] موعتەصەمساڵەیی، لەنێوان ئێستا و ڕابردودا، کەرکوك،٢٠٠٦، ل ٥٧.

ڕەزوان کەرکوکی ١٨٥٠ – ١٩٣٦، مەلا عەبدوڵڵا لۆبیاچی ١٨٩٤– ١٩٧٤، مەلا محەمەد تۆپاڵ ١٨٩٢– ١٩٧٩، عەلی مەردان ١٩٠٤ – ١٩٨١، حمە دریژ ١٩٢٦– ١٩٩٣، خلە باران چاوشو، صلاح داودە، حوسێن عەلی...هتد)[1]. ئەوەی شایانی باسە تا ئێستاش ئەم جۆرە هونەرە لەم شارە هەر ماوە. بەم شێوەیە کەش وهەوا وژینگەی شاری کەرکوک جیاواز لەهەموو شارەکانی دیکە، لەمەسەلەی گۆرانی ومۆسیقا، خاوەن تایبەتمەندی جۆرە ئاوازو سەدایەکی خۆیەتی، کە ئەویش لەهەموویان ناسراوتر ودیارترینیان مەقام و جۆرەکانی مەقامە، کەواتە دەبێت ئەم راستیە بخەینەروو لانکەی سەرهەڵدان گەشەسەندو پێگەیاندنی مەقام شاری کەرکوک بووە.

سەبارەت بە قۆریات (خوریات) هونەرێکی تورکمانیە و تایبەتە بە تورکمانەکان و بە یەکێك لە لقەکانی مەقام دادەنرێت، ئەم جۆرە گۆرانیە لەسەر چوارینە شیعرێکی ئەویندارى کۆمەڵایەتی میللی تۆمار نەکراوە ، بەڵکو دەماو دەم دەگوازرێتەوە، لە بۆنە ئاینی و جەژنەکان و دانیشتنەکانی ماڵان و شەوانی رەمەزان لە یاری سنی و زرفدا دەگوترێت[2] ، قۆریاتیش چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە: (بەشیری، قزل، کردە، موخالف، تیر موفالف، ماالله، دەللی حسینی، عمر گلت، کاسرك، حچلە و...هتد).دیارترین ئەوانەی قۆریاتیان خوێندووە(رەشەی گوڵە رەزاو مستەفا قەڵایی و عەلی مەردان و محمد تۆپال و ئەمین باغەوان و یاسین باغەوان، هابە ...هتد)[3]، چایخانە و قاوەخانە و دیوەخانەکان و تەکیەکان شوێنی چڕینی مەقام و قۆریات و خوێندنەوەی مەولود بووە، هونەرمەندانی کەرکوك بە زمانی نەتەوەکانی دیکە، گۆرانیان چڕیوە و شارەزاییان لێ هەبووە، عەلی مەردان بە زمانی تورکمانی و عەرەبی گۆرانی ووتوە. ئەوە دەبینین ئاهەنگەکان لە ماڵی کەسایەتیە ناودارەکان بەرێوە چووە، هەر لەم بوارەدا سەید ئەحمەدی خانەقا کەسایەتی دیاری ئاینی و کۆمەڵایەتی کەرکوك مەقامبێژان و دەنگخۆشانی لەخۆ کۆکردووەتەوە و لە کۆڕ و دانیشتنەکان مەقامیان خوێندووە، لە ماڵی کەسایەتی ناوداری کەرکوك (مەلا قادری ئیمام) ئاهەنگی گۆرانی گەورە سازکراوە[4].

سەبارەت بە بواری مۆسیقا لە شارەکەدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، پەیکەرێکی گلینی عودژەنێکی هوری لەنوزی دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ ١٦٠٠ ساڵ بەرلە زاین دەگەرێتەوە[5]. لەشاری کەرکوك ئامێرە مۆسیقا میللیەکانی وەکو بلوێر و شمشاڵ دەف و دەهۆڵ و زوڕنا لەم شارە و دەورووبەریدا ژەندراوە.

---

(١)سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ....، ل ٢١٤؛ وجدی مصطفی طوپال، نخبة من اعلام المقام العراقی فی کرکوك ، بارش "مجلة" ع(٤٩)مارت٢٠١٠، ص ٥٢– ٤٧.

(٢)ابراهیم داقوقلی، م.س، ص٧٧؛ عطاترزی باشی، القوریات نشاة تطورة، الاخاء/قارداشلق، ع(٥)، السنة الثانیة ایلول ١٩٦٢، ص٨–١١.

(٣) دەربارەی خویرات بڕوانە: عطا ترزی باشی، کرکوك خویراتلری وماعنیلری، برنجی جلد، بغداد١٩٧٠.

(٤) موعتەصەم ساڵەیی، لەنێوان ئێستا و ڕابردودا، کەرکوك، ٢٠٠٦، ل٥٦.

(٥) محەمەد حەمە باقی، مێژووی موزیکی کوردی، چ٣، هەولێر،٢٠٠٩، ل١٨٧.

کۆنگرەی یەکەمی جیهانی مۆسیقا لە میسر لەساڵی١٩٣٢سازدرا، عەلی مەردان، وەکو نوێنەری کەرکوک بەشداری کردووە، بەڵام بەهۆی هەوڵی شۆڤێنیانە ڕێی نەدراوە گۆرانی بە زمانی کوردی بچڕێ، بەڵام لەم سەردانەیەدا چەندکەسایەتیەکی دیاری بینیوە، وەك: ئەحمەد شەوقی شاعیر و عباس محمود عقاد نوسەر و ڕەخنەگر، هەروەها چەند هونەرمەندی بەناوبانگی عەرەب وەکو (محمد عبدالوهاب ،ام کلثوم عبدالحلیم سید) کە بە تواناکانی علی مەردان زۆر سەرسام بووە، ناوبراو لەم سەردانەی چەندان دیداری هونەری سازداوە، شەش قەوانی لە کۆمپانیای (سود الوادی) تۆمار کردووە[1] ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی هونەرمەندان بەرهەمەکانیان تۆمارنەکراوەو فەوتاون. تاوەکو ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوو لەسەرقیرقەوان تۆماردەکران ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە رادیۆی کوردی بەغدا(١٩٣٩) رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە تۆمارکردنی بەرهەمی هونەرمەندانی کورد بەتایبەتی عەلی مەردان کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەفتانە گۆرانی پێشکەش کردووە، لەهەمان کاتدا هونەرمەند علی مەردان رۆلی سەرەکی بینوە لەتۆمارکردنی بەرهەمی چەند گۆرانیبێژێکی تورکمانی، کە بەرهەمەکانیان لەم رادیۆ وە تۆماربکەن، کەدواتر بۆتە ئەرشیفێکی دەوڵەمەند بۆهونەری گۆرانی تورکمانی[2] .

یەکێك لەو پەرەسەندنانەی هونەری شارەکە بەخۆیەوە بینوویەتی جێگای ئاماژە بۆکردنە یەکەم سرووودی نەتەوەیی وشۆڕشگێری کورد، کە (ئەی رەقیبە) لەلایەن دڵداری شاعیر (١٩١٧–١٩٤٨) نووسراوە، ناوبراو ئەو کاتە لەشاری کەرکوك ژیاوە، ئەو سرودەی داناوە، هونەرمەند عوسمان شارباژێری، دەڵێت:"شیعرو ئاوازی ( ئەی رەقیب) لەشاری کەرکوك لەدایك بووە". هەروەها دەڵێت: "لەساڵی ١٩٣٩ لەماڵی حمەی سەید ئەحمەد خانەقا بەئامادەبوونی کۆمەڵێك نیشتیمان پەروەر دڵدار بۆ یەکەمجار بەدەنگێکی بەرز ئەم شیعرەی خوێندەوە" هەردوای ئەمە لەلایەن شێخ حوسین بەرزنجی[3] لەهەمان کاتدا ئاوازی بۆ داندراوە، بەمشێوەیە ئەم سروده تا ئیستا بووەتە سرودی نیشتمانی گەلی کورد، بووەتە بزوێنەر و جۆش وخرۆش دان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، ئەوەتا لە کۆماری کوردستان لە مهاباد لە ساڵی١٩٤٦ بە کۆرس لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان خوێندراوەتەوە[4]. بۆیە دڵداری شاعیر بۆ یەکەمجار گەلی کوردی کردە خاوەن سرودێکی نیشتیمانی کە لاوان و گەنجانی کوردی لە پێناو خەبات و رزگاریخوازی گەلەکەیان پێ جۆش و خرۆش دەدا, تەنانەت تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش ناسنامەی خۆی، وەکو سرودی نەتەوەیی کورد لە دەست نەداوە.

---

(1) بڕوانە:علی مەردان بیرەوەری گەڵای پایز، ئا: عبدالقادر علی مردان، چ٢، هەولێر،٢٠١٢.

(2) دیار، قۆریات هونەرێکی میژووی ناسنامەی میللەتێکی دێرین، باریش، ژ(٤)نیسانی٢٠٠١، ل١٠٢–١٠٣.

(3) حوسین عەبدولکریم حوسێن بەرزنجیە، لە ساڵی١٩٢٠ لەشاری کەرکوك لەدایك بووە، لە ساڵی١٩٥٠ کۆلێژی مافی تەواو کردووە، بەهۆی ڕووداوەکانی ١٩٥٩، ساڵی ١٩٦٣لە سێدارە دراوە.شەهید شێخ حوسێن بەرزنجی ژیان وبەرهەمەکانی، ئامادەکردنی(یەحیا بەرزنجی)، هەولێر،٢٠٠٩، لاپەری جیاجیا.

(4)شەهید شێخ حوسێن بەرزنجی، س.پ، ل١٩٢–١٩٣؛ عوسمان شارباژێری، سرودی ئەی رەقیب، هەرێمی کوردستان"گۆڤار"، هەولێر، ژ(٣٩٥) ٩/کانوونی دووەمی، ٢٠٠٧، ل٥٢.

# بەشی یەکەم

## بوارەکانی رۆشنبیریی شاری کەرکوك لەسالأنی١٩٥٨-١٩٧٥دا

### تەوەری یەکەم: بواری پەروەردەو فێرکردن

### تەوەری دووەم: بواری رۆژنامەگەری

### تەوەری سێیەم: بواری ئەدەبی

### تەوەری چوارەم: بواری هونەری

## بەشی یەکەم
## بوارەکانی رۆشنبیریی لە شاری کەرکوک

### تەوەری یەکەم: بواری پەروەردە و فێرکردن :

بواری پەروەردە وفێرکردن لە شاری کەرکوك زۆرترین کاریگەری بەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکەوە هەبووە، چونکە هۆکارێك بووە بۆ بلاوبوونەوەی خوێندەواری لەناو کۆمەڵگەکەدا لەلایەك و لەلایەکی تر هۆکارێك بووە بۆ بلاوبوونەوەی رۆشنبیریی گشتی، زۆربەی رۆشنبیرانی شاری کەرکوك دەرچووی قوتابخانەکان بوونە، رۆڵی دیاریان لە گەشەسەندنی رەوشی رۆشنبیریی شارەکەدا گێراوەو بەشداری دیاریان تێداکردووە. دامەزراوە پەرەوەردەییەکان بزوێنەری بزووتنەوەی رۆشنبیری بوون. لەوانە قوتابخانەکان وپەیمانگاکان...هتد، کە لەخوارەوە باسی دامەزراوە پەروەردەییەکان و رەوشی قوتابخانەکان و مامۆستایان و قوتابیان و پرۆگرامەکانی خوێندن دەکەین:

### أ/ قوتابخانە:

یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ودامەزراوەیەکی فەرمی حکومییە، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراقەوە بەڕێوە دەبدرا.لەژێر کاریگەری سیاسەتی حکومەت بووە. قوتابخانەکانی شاری کەرکوك لەماوەی ئەم توێژینەوەیەدا گۆرانکاری بەرچاویان بەسەرداهاتووە، لەڕووی چەندایەتی وچۆنیەتیەوە، زیاتر کەوتووەتە ژێر کاریگەری بارودۆخە سیاسیەکانەوە، بەمەش هەندێك جار ژمارەی قوتابخانەکان زۆر زیادی کردووە. هەندێك جاریش بەپێچەوانەوە کەمی کردووە. لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەدا بەوردی باسی کاریگەری هەلومەرجە سیاسییەکان لەسەرئەم لایەنە دەکەین .

لەدوای شۆرشی ١٤ی تەمموزی ساڵی١٩٥٨[1] لەبواری پەروەردەدا گۆڕانکاری گەورە روویداوە ئەگەر سەیری قوتابخانەکان بکەین، دەبینین ژمارە باخچەکانی ساوایان و قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی ودواناوەندیەکان بە بەراورد، لەگەڵ سەردەمی پاشایەتی لە شاری کەرکوك زیادی کردووە، ئەگەر سەیری داتاکانی وەزارەتی مەعاریف بکەین بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٥٧–١٩٥٨ دەبینین ژمارەی قوتابخانەکانی شارەکە (١٣٣) قوتابخانە بووە[2]، بەلام بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٠–١٩٦١ ژمارەکە بەرزبووەتەوە بۆ (٣٢٤) قوتابخانە[3]. زیادبوونی ئەم ژمارەیە بەهۆی بەپیرەوەچوونی زۆربەی خەڵك

---

[1] لە١٤ تەموزی ١٩٥٨ کۆمەڵێك ئەفسەرانی سوپای عێراق کۆتاییان بەرژێمی پاشایەتی(١٩٢١–١٩٥٨) لەعێراقدا هێنا. بۆکاریگەری ئەم شۆڕشە لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە بڕوانە: بەشی سێیەمی توێژینەوەکە.

[2] الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، التقرير السنوی عن سير المعارف لسنة ١٩٥٧–١٩٥٨، بغداد١٩٥٩، ص١٧.

[3] الجمهورية العراقية، وزارة المعارف، الاحصاء التربوی– التقريرالسنوی ١٩٦٠–١٩٦١، بغداد، د.ت، ص ص١٤، ٣٣.

بووە بۆ خوێندن بەتایبەتی لەگوندەکان، هەر بۆیە هەربەناوی شۆڕشەوە چەند قوتابخانە کرانەوە، وەك: قوتابخانانەی١٤ی تەمووز، گۆڕینی ناوی قوتابخانەی ئەمیرعەبدول ئیلا بۆ (فتوە).

بەڵام ئەگەر سەیری ژمارەی قوتابخانەکان بۆ ساڵی خوێندنی١٩٦٣-١٩٦٤بکەین ئەوا ژمارەکەیان بۆ (٢٩٤) قوتابخانە کەمی کردووە[١]، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیەش دەگەڕێتەوە، بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ئەیلوولی١٩٦١[٢] لەلایەك و لەلایەکی ترەوە هاتنە سەرکاری بەعسیەکان بۆفەرمانرەوایی عێراق لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣[٣]، کە بەهۆی ئەو هێرش و پەلامارانەی بۆسەر ناوچە کوردییەکان ئەنجامیان داوە، شاری کەرکوك زۆرترین زیانی بەرکەوتووە. بەتایبەتیش قوتابخانەکانی گوندەکانی دەووروبەری شارەکە داخراون، بەمەش مامۆستاکان هەندێکیان پەیوەندیان بەشۆڕشی کوردەوە کردووە و هەندێکیان بۆناوشارەکە، هەندێکیش بۆ ناوەراست و باشووری عێراق گواستراونەتەوە[٤].

ئەگەری سەیری داتاکانی وەزارەتی پەروەردە بکەین، دەبینین ژمارەی قوتابخانەکانی شاری کەرکوك بۆ ساڵەکانی خوێندنی(١٩٦٥-١٩٦٦-١٩٦٨-١٩٦٩)گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بە هۆی ئەو ڕێکەوتنە ناوبەناوانەوە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد وحکومەتی عێراقدا بەستراوە، وەك رێکەوتننامەی٢٩ی حوزەیرانی١٩٦٩. هەروەکو دەبینین بۆساڵی خوێندنی ١٩٦٥-١٩٦٦ ژمارەی قوتابخانەکانی شارەکە (٣١٢) قوتابخانە بووە[٥]. لەمیانەی گەشەسەندنەکەدا دەبینین بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٨-١٩٦٩ ژمارەکە گەیشتووەتە(٣٣٦)قوتابخانە[٦]، بەڵام بۆساڵی خوێندنی١٩٦٩-١٩٧٠ژمارەی قوتابخانەکان روویان لە کەمی کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی هاتبووە ئاراوە، لەئاکامی هێرشی سوپای عیراق بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان[٧].

---

[١] الجمهورية العراقية، وزارة التربية،الاحصاءالتربوی-التقرير السنوی١٩٦٣-١٩٦٤، بغداد ١٩٦٩، ص ص١٣،٢٣ ، ٥٢.

[٢] بۆزانیاری دەرباری شۆڕشی ئەیلول بروانە: مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٢٩-٥٩. بۆکاریگەری ئەم شۆرشە لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەکە، بڕوانە: بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە.

[٣] .سعد ناجی جواد، المسالة الكردية فی العراق، لندن،١٩٩٠، ص٧٧.

[٤]الرقم:(٧٤١٢٥)، أمر وزاری: نقل معلمين، وزارة المعارف، مديرية التعليم العامة محافظة كركوك، الجمهورية العراقية، بتاريخ ١٩٦١/١١/١١ .

[٥]الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوی-التقرير السنوی١٩٦٥-١٩٦٦، بغداد ١٩٦٩، ص ص٢٠-٢١، ٣٣ - ٣٤.

[٦]الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوی-التقرير السنوی١٩٦٨-١٩٦٩،ص ص٣٢-٣٣ ،٧٣ -٧٤.

[٧]سەروان مصطفى كريم، مسيرة التعليم فی كوردستان العراق ١٩٥٨-١٩٧٥، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية الاداب، قسم التاريخ، جامعة بيروت العربية، ٢٠١٣، ص١٢٩.

**ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە ئەو بارودۆخەی لە نیوەی یەکەمی سالآنی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا هاتە ئاراوە، بەتایبەتی داننان بە مافە نەتەواتیەکانی تورکمان لە٢٤ کانونی رێکەوتننامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠[٢] و داننان بەمافی رۆشنبیریی سریان (ئاشوری،کلدان،سریان) لە٢٥ی شوباتی ١٩٧٢[٣]، هەموو ئەم پەرەسەندنانە وایکرد ژمارەی قوتابخانەکان گەشە سەندنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت، بەمەش جارێکی تر ژمارەی قوتابخانەکانی شارەکە بەرچاو زیادی کرد، بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشی پەروەردە وفێرکردن بووژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینووە بۆسالّی خوێندنی ١٩٧٠-١٩٧١ کە ژمارەی قوتابخانەکان( ٤١٢)قوتابخانە بوو[٤]. ژمارەکەش بەبەردەوام لە زیادبووندا بووە، بەمەش بۆ سالّی خوێندنی ١٩٧٣-١٩٧٤ ژمارەی قوتابخانەکانی شارەکە بووەتە (٦٤٦) قوتابخانە[٥] .بەلاّم ئەوەی دەبینین ژمارەی قوتابخانەکانی شارەکە بۆ سالّی خوێندنی ١٩٧٤-١٩٧٥ بۆ (٥٧٦) قوتابخانە کەمی کردووە[٦]، ئەم کەمبوونەوەیەیش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە لەوانە هەڵگیرسانەوەی شەڕی لەنێوان کورد و حکومەتی عێراق، بۆیە بەمەش بەشێکی زۆری ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە پشێوی تێکەوتووە، هەروەها چەند ناوچەیەکیش کەوتووەتە بن دەستی شۆڕشگێرانی کورد، وێڕایی ئەوەی چەند قوتابخانەیەکی شۆڕشیش لەدەرەوەی دەسەلآتی حکومەت هەبوون، کە لە دەرەوەی ئامارە فەرمیەکانی حکومەت دابوونە[٧].**

**سەبارەت بە ژمارەی قوتابخانەکان بەپێی ڕەگەزی( کوڕان وکچان)، وێڕای گەشەسەندنی ژمارەی قوتابخانەکانی کچان لە کەرکوکدا لە ماوەی توێژینەوەکەدا، بەلاّم قوتابخانەکانی کوڕان بە جیاوازیەکی زۆر لە سەرووی قوتابخانەکانی کچانەوە بووە، ئەمەش وێڕای تێڕوانینی کۆمەڵگەکە بۆچوونە بەر خوێندنی کچان لەلایەك و لەلایەکی تر لە زۆربەی گوندەکان قوتابخانەی کچان نەبووە**

---

**(١) حکومەتی عێراقی بۆ راکێشانی سۆزی نەتەوەکانی دیکە، دانی نا بە مافە رۆشنبیریەکانی کەمە نەتەوەکانی عێراق، عێراق، لەوانە:نەتەوەی تورکمان بەبریاری (٨٩)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش- عێراق لە ١٩٧٠/١/٢٤ بۆ دەقی بریارەکە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٦) .**

**(٢) دوایی شەڕو ململانێی لەنێوان حکومەتی عێراق وسەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە١١ی ئاداری ١٩٧٠ هەردولاّ گەیشتن بەڕێکەوتن، بۆ دەقی رێکەوتنەکە بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٣٤-٣٤٢.**

**(٣) حکومەتی عێراقی بە بریاری(٢٥١) لە ١٩٧٢/٢/٢٥ دانی نا بەمافە رۆشنبیرییەکانی سریانی کە(ئاشوری وکلدان و سریان)، بۆ دەقی بریارەکە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٨) .**

**(٤)الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوى، التقرير السنوى١٩٧٠-١٩٧١، بغداد ١٩٧٢، ص ص٣٢- ٣٣، ٨٢- ٨٣.**

**(٥)الجمهورية العراقية، وزارة التربية الاحصاء التربوى – التقرير السنوى ١٩٧٤ -١٩٧٥، بغداد ص ص ٧٦، ١٤٨- ١٤٩، ١٥٠.**

**(٦)م.ن، ص ص، ٢٠، ٣٦، ٨٥.**

**(٧)سەروان مصطفى كريم، م .س، ص١٥٤.**

بەتايبەتی دوايی تەواوكردنی قۆناغی سەرەتايی. كوڕان ڕوويان دەكردە شارەكان، بەڵام كچان ئەم دەرفەتەيان بۆ نەرەخساوە، بۆيە وازيان لە خوێندن هێناوە[١].

دوای شۆڕشی١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨، كچانيش بەڕێژەيەكی بەرچاو ڕوويان لە قوتابخانە كردووە، بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٥٧-١٩٥٨ ژمارەی قوتابخانەكانی كچان (٨) قوتابخانە بووە[٢]، بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٠-١٩٦١ گەيشتووەتە(٢٠) قوتابخانەی كچان بە قۆناغەكانی سەرەتايی و ناوەندی و ئامادەييەوە[٣]. بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٨-١٩٦٩ ژمارەكە زۆر زيادی كردوەو گەيشتووەتە (٩١) قوتابخانە، ئەوەی جێی سەرنجە ژمارەی قوتابخانەكانی كچان بۆساڵی خوێندنی١٩٧٠-١٩٧١ بووەتە(٣٦)قوتابخانە[٤]، ديارە هۆكاری ئەم كەمبوونەوەيش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چەند قوتابخانەيەك يەكخرابێت لەيەك بينای گەورەی تازەدا. وێڕای ئەم دابەش بوونە بەشێك لە قوتابخانە بەشێوەی تێكەڵاو بووە، ئەمەش زياتر لە قۆناغەكانی سەرەتايی و ناوەندی بەدی كراوە.

بەپێی پەيڕەوی پەروەردە، خوێندن لە عێراق بەچەند قۆناغێك بووە، كە قۆناغی سەرەتايی (٦) پۆل بووە، لە پۆلی يەكەم تاوەكو پۆلی شەشەم، قۆناغی ناوەندی (٣) پۆل بوو، لە پۆلی يەكەمی ناوەندی تاوەكو سێی ناوەندی دەرچووانی ئەم قۆناغە دەچوونە ئامادەيی، سەبارەت بە قۆناغی ئامادەيی (٢) پۆل بووە، تاوەكو ١٩٦٩-١٩٧٠ دواتر لە ساڵی١٩٧٠-١٩٧١بووتە سێ پۆل كە ئەميش دابەش دەبێت بەسەر لقی زانستی و وێژەيی و پيشەيی[٥]، ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە بەشێكی دەرچووانی ناوەندی ڕوويان لە خانەی مامۆستايان دەكرد، كە دەرچووانی بە مامۆستای سەرەتايی دادەمەزرێندران[٦].

لەڕووی بيناوە قوتابخانەكانی شاری كەركوك بێ گيروگرفت نەبووە، بەڵكو كەمی بينای قوتابخانە گرفتێكی گەورەی بەردەم پرۆسەی پەروەردە بووە، بەبەراورد بەرێژەی قوتابيان كەم بووە. گيروگرفتی گەورەی هەبووە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پەيڕەوەی سيستەمی دوو دەوامی بكرێت، واتە لە يەك بينای قوتابخانە دوو دەوامی تێدا دەكەن[٧]. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بينای قوتابخانەكان بەكرێ گيراون، بۆنموونە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٢-١٩٦٣لە كۆی (٣٠٠) بينای

---

[١]غازی حەسەن، خوێندەواری ڕێگايەكی سەخت ودرێژ لە كوردستاندا، چ١، هەولێر،٢٠٠٨، ل ٦٦.

[٢]الجمهورية العراقية، التقرير السنوی ١٩٥٧-١٩٥٨، ص ص ٤، ١٥، ٣٢ -٣٣.

[٣]الجمهورية العراقية، التقرير السنوی ١٩٦٠-١٩٦١، ص ص ٣٢ -٣٣، ٧٣- ٧٤.

[٤]الجمهورية العراقية، التقرير السنوی ١٩٦٨-١٩٦٩، ص ص٣٢-٣٣، ٧٣-٧٤.

[٥]الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوی – التقرير السنوی ١٩٧٠-١٩٧١ بغداد، د.ت، ص١٠.

[٦]چاوپێكەوتن لەگەڵ: فاتح ميرزا لە٢٠١٥/٥/٢٦:ناوبراولە ساڵی١٩٤٢ لە كەركوك لەدايك بووە، خانەی مامۆستايانی سەرەتايی لەكەركوك لەساڵی١٩٦٤ تەواوكردووە و بووەتە مامۆستا لە كەركوك لەزۆربەی ناوچەكانی دەوروبەری كەركوك خزمەتی كردووە. لەسەرپەيوەندی بەشۆڕشی كوردەوە، چەند جار زيندانی كراوە دواتر لە ساڵی ١٩٧٥ گواستراوەتەوە بۆ خوارووی عيراق بۆماوە (١١) ساڵ ئيستا خانەنشينە، بەرپرسی ئيداری سەنتەری ڕۆشنبيری وكۆمەڵايەتی كەركوكە.

(٧)اكرم طه، يتحدثون عن المشاكل كركوك، الاخاء"مجلة"، ع (١٠-١١)ی شباط -مارت ١٩٦٩، ص٢؛ Doxidis Kirkuk master plan final report 1975 p17

قوتابخانه (١٥٩) یان له کرێ دابوون. سەرەڕای ئەوەی هەندێکیش لەلایەن خەڵکەوە بە خشرابوون (تبرع) بە پەروەردە[١]. لەڕووی دابەش بوونی قوتابخانەکان بەسەر شارەکەدا، وەکو پێویست نەبووە. پێکهاتەی بینای قوتابخانەکانی کەرکوك جگە لە پۆلەکانی خوێندن، ژووری کارگێری ومامۆستایان وکتێبخانە و کۆگا و تاقیگە و یەکەی وەرزشی و ژووری وێنەکێشانی تێدابووە، گرنگی زۆریان پێدراوە، بەڵام لە گوندەکان قوتابخانە تەنیا لە ژوورێك یان دوو ژوور پێکهاتبووە هیچی دیکەی لەخۆ نەگرتووە[٢].

زۆربەی قوتابخانەکانی ناو شاری کەرکوك کتێبخانەی دەوڵەمەندیان تێدابووە، قوتابیان و مامۆستایان سوودیان لێ وەرگرتووە، بۆنموونە قوتابخانەی ئامادەیی کەرکوك دەوڵەمەندترین کتێبخانەی هەبووە، دوای کتێبخانەی گشتی کەرکوك. هەروەکو مامۆستا جەلال محەمەد شەریف ئەمینداری کتێبخانەکە بووەو دەڵێت: **"لە هۆڵی کتێبخانەدا شەست کورسی تێدابووە، کتێبەکان لەچوارچێوەی دانرابوون کە زیاتر لە پێنج هەزار ناونیشانی کتێبی لەخۆگرتووە، زیاتر لە پێنج هەزار گۆڤاری تێدابووە، تەنانەت پەرتوکی دیاری دەولەتی عوسمانی تێدابووە"**[٣].

## ب- قوتابیان:

قوتابیان توێژێکی گرینگی کۆمەڵگەن. بزوێنەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنن، کاریگەری گەورەیان بەسەر ڕەوتی خوێندنەوە هەیە، بە فەراهەم کردنی کەشێکی لەبار بۆ ئەم توێژە دەبێتە هۆی هاندانی زیاتریان بۆ خوێندن و زیادبوونی ژمارەیان دەبێتە هۆی دروست بوونی چینێکی هۆشیار و خوێندەوار و کۆمەڵگەیەکی شارستانی. بەپێچەوانە کەمبوونەوەی ڕێژەیان دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ئاستی خوێندەواری و دواکەوتنی کۆمەڵگە. بۆیە لێرەدا هەڵوێستەیەك لەسەر ژمارەی قوتابیان وهەڵکشان وداکشان و هۆکارەکانی دەکەین.

سەبارەت بەڕەوشی قوتابیان لەشاری کەرکوك، هەروەکو قوتابخانەکان ئەو هۆکارانەی کاریان لەزیادبوون وکەمبوونەوەی قوتابخانەکانی شارەکە کردووە، هەمان کاریگەریان لەسەر ژمارەی قوتابیان کردووە، چونکە بە کەمبوون و زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەکان کاریگەریان لەسەر ڕەوشی پەروەردەو ژمارە قوتابیان هەبوو. ئەگەر سەیری ژمارەی قوتابیان بکەین لە شارەکە بەر لە شۆڕشی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ داواکاری لەسەر خوێندن کەم بووە، لەلایەن قوتابیانەوە، بەڵام دوای شۆڕش چوونە بەر خوێندن زۆر زیادی کردووە، بەتایبەتیش لەلایەن کچانەوە. ئەگەر سەیر بکەین بۆ ساڵی خوێندنی

---

[١] الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، نتائج الاحصاء الثقافي ١٩٦٢-١٩٦٣، بغداد ١٩٦٤، ص ١٧٧-١٧٨.

[٢]چاوپێکەوتن لەگەڵ فاتح میرزا له٢٦/٥/٢٠١٥؛ Doxidis Kirkuk master plan final report 1975 p17

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال محەمەد شەریف ٢٦/٥/٢٠١٥: ناوبراو لە ساڵی١٩٤٣ لەدووبزلەدایك بووە، پاشان هاتۆتە کەرکوك، سەرەتا خوێندنی ئاینی دواتر چۆتە بەر خویندنی فەرمی، سەرەتایی و دواناوەندی لە کەرکوك تەواوکردووە، لە کۆلیژی پەروەردەی بەشی عەرەبی زانکۆی بەغدای لە ساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩تەواوکردووە، وەکو مامۆستا لەکەرکوك دەوروبەری خزمەتی کردووە.ئیستا خانشینە لەکەرکوك ژیان بەسەردەبات.

١٩٥٧-١٩٥٨ ژمارەی قوتابیان لە کەرکوك (٢٣٧٣٧) قوتابی بووە بەهەموو قۆناغەکانەوە[١]، بەڵام ئەم ژمارەیە زۆر زیادی کردووە بۆ ساڵی خوێندنی١٩٦٠-١٩٦١وگەیشتووەتە(٤٩٩٣٦) قوتابی[٢]، ژمارەکە بەردەوام لەهەڵکشاندابووە بۆساڵی خوێندنی ١٩٦٢-١٩٦٣ئەم ژمارەیە بووەتە (٥٨٣٣٤) قوتابی[٣]، بەمەش دەبینین لەماوەیەکی کەمدا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەوەی دەبینین ئەم ڕێژەیە وەکو خۆی نامینێت بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ساڵی١٩٦١ و کودەتای ٨ی شوباتی١٩٦٣ بەعسیەکان ژمارە قوتابیانی شارەکە بۆ ساڵی خوێندن ١٩٦٣-١٩٦٤ بۆ (٥٣٧٥٢) قوتابی کەمی کردووە[٤]، بە هۆی ئەوەی لەم ماوەیەدا ژمارەی زۆر گوندەکانی دەوروبەری شارەکە بەتاڵان بران وسوتێنران بەتایبەتی ناوچەکانی شوان وساڵەیی ...هتد، تەنانەت رووخاندنی گەڕەکێکی کوردنشین لەناو شاری کەرکوك بەناوی گەڕەکی (کۆماری)[٥].

ئەگەر سەیری داتاکانی وەزارەتی پەروەردەی عێراق بکەین، دەبینین وێرای ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق لەنێوان شەڕوپێکدادان وهێرشی حکومەت بۆسەر ناوچە کوردییەکان، لەلایەك و لەلایەکی ترەوە دانوستانە ناوبەناوەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق، ژمارەی قوتابیان ساڵ بەساڵ لەزیادبوون دابووە، بۆ نموونە لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٥-١٩٦٦ژمارەی قوتابیانی شارەکە(٦٢٣٣٣) قوتابی بووە[٦]. ئەم ژمارەیە بۆ ساڵی خوێندن ١٩٦٨-١٩٦٩ بەرزبووەتەوە بۆ (٦٨٣٨٠) قوتابی[٧]. هەروەها ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠ تەکانێکی گەورەی بەپرۆسەی خوێندن لە شاری کەرکوك داوە، بەتایبەتی خوێندنی کوردی، بەمەش داواکاری بۆ خوێندن بەتایبەتی لە گوندەکان زیاتر بووە، کە پێشتر بەهۆی شەڕ و پشێوی بەردەوام لە خوێندن بێبەش ببوون، بەڵام دوای ڕێکەوتننامەکە گەشەسەندنێکی باش لەژمارەی قوتابیان لە کەرکوك هاتووەتە کایەوە. ئەگەر سەیری داتاکانی وەزارەتی پەروەردە بکەین دەبینین بۆساڵی خوێندنی ١٩٧٠-١٩٧١ ژمارەکە بووەتە (٧٢٥٨١) قوتابی[٨]. ئەم ژمارەیە بۆ ساڵی خوێندنی١٩٧٣-١٩٧٤ بەرزبووەتەوە بۆ(٩٧٥٨٢) قوتابی[٩]. ئەو زیادبوونەی ژمارەی قوتابیان، گەورەترین گرفتی دروست کردووە بەتایبەتی بەهۆی نەبوونی بینای قوتابخانەی پێویست، هەروەك دەبینین فاتح

---

[١] الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، التقرير السنوى ١٩٥٧-١٩٥٨، ص ١٧.

[٢] الجمهورية العراقية، وزارة التربية ١٩٦٠-١٩٦١، ص ص ٤-٥ ، ١٤ ، ٣٢-٣٣.

[٣] الجمهورية العراقية، وزارة التربية ١٩٦٢-١٩٦٣ ، ص ص ٤-٥، ١٤-١٥، ٣٢-٣٣.

[٤] الجمهورية العراقية، وزارة التربية ١٩٦٣-١٩٦٤، ص ص١٣ ،٢٣، ٥٢.

[٥] بۆ زانیاری دەربارەی سیاسەتی بەعسییەکان بەرامبەر کەرکوك بروانە: سنورسەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك ١٩٦٣-١٩٩١، هەولێر٢٠٠٩، ل ل ٤٤، ٧٧.

[٦] الجمهورية العراقية، وزارة التربية ١٩٦٥-١٩٦٦، ص ص ٢٠-٢١، ٣٢-٣٣ ،٩٥-٩٦.

[٧] الجمهورية العراقية، وزارة التربية ١٩٦٨-١٩٦٩، ص ص ٢٠-٢١، ٣٢-٣٣، ٧٣ -٧٤ .

[٨] الجمهورية العراقية، وزارة التربية١٩٧٠-١٩٧١، ص ص٣٢-٣٣ ،٨٢-٨٣؛ الجمهورية العراقية، مديرية تربية كركوك، دراسة وصفية تحليله لواقع التعليم في كركوك ١٩٧٠-١٩٧١ / ١٩٧٢- ١٩٧٣، ص ص ٢-٣، ٣٩.

[٩] الجمهورية العراقية، وزارة التربية ١٩٧٥، ص ص٣١، ٨٥، ٨٦.

محەمەد ئەمین یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوك بۆ کاروباری خوێندنی کوردی بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری دەڵێت:" بەهۆی زۆربوونی ژمارەی قوتابیان کەمی بینایە پەیڕەوی سێ دەوامی و تاڕادەیەك چواردەوامی دەکەین، کە لەمە زیاتر ماوە نیە بگاتە پێنج دەوامی"[(١)].

سەبارەت بە وەرگیرانی قوتابیان دوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی بەشێکی دەچوونە خانەی مامۆستایان و بەشێکی تریان بۆ قوتابخانە پیشەیەکان وەکو (پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی وهونەری ماڵداری)، ئەوەتا دەبینین بەپێی ماستەر پلانی شاری کەرکوك ساڵی ١٩٧٥، کە تێیدا جەختی لەسەر کراوەتەوە لە بری ئەوەی زانکۆ لەم شارە بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە زیاتر گرینگی بدرێت بە قوتابخانە پیشەییەکان، لە بەر ئەوەی شارەکە لەمێژووی خۆیدا تا ئێستاش لەڕووی پیشەگەرییەوە لەسەر ئاستی عێراق ناوبانگی هەیە[(٢)]. بەشێکیش لە قوتابیان دەچوونە ئامادەیی کە بەشی(زانستی و وێژەیی) لەخۆگرتووە. خوێندن لەم قۆناغەدا تاوەکو ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ دوو ساڵ بوو، لە ساڵی خوێندنی١٩٧٠-١٩٧١ بووە بە سێ ساڵ و دەرچووانی لە زانکۆ وپەیمانگاکان وەردەگیران[(٣)].

سەبارەت بە وەرگیرانی قوتابیانی کەرکوك لە زانکۆ بەتایبەتی کۆلێژەکانی سەربازی عێراق، هەمیشە ڕووبەڕووی گرفت بوونەتەوە، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٥٩ ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی کورد و تورکمان و عەرەب ئامادەیی (موسەڵلا)و(کەرکوك) داواکاریان بۆ کۆلێژی سەربازی پێشکەش کردووە، بەڵام ئەوەی دەبینین هیچ لە قوتابیانی کورد و تورکمان وەرنەگیراون، تەنها قوتابیانی عەرەبی شارەکە لەم کۆلێژە وەرگیراون[(٤)].

هەرچەندە ڕێکەوتننامەی١١ی ئاداری١٩٧٠ کۆمەڵێك پەرەسەندنی لەبواری پەروەردەدا بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام بەمانای ئەوە نایێت لەگیروگرفت بەدەربووە، یەکێك لەوگرفتانەش وەکو پێویست وەرنەگیرانی قوتابیانی کوردبوو، وەکو دەبینین بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧١-١٩٧٢ دەبوایە (١١٠) قوتابی کورد لە کۆلێژی سەربازی وئەکادیمییەکان وەربگیریایە، بەڵام تەنیا(٨) قوتابی کورد وەرگیراون[(٥)]، هەروەها یەکێکی تر لەگرفتەکانی بەردەم قوتابیانی کورد، بەبیانووی کەمی نمرەیان، بەتایبەتی لە کۆلێژەکانی پزیشکی وپزیشکی ددان وئەندازیاری وەرنەگیراون[(٦)].

---

(١) هاوکاری "ڕۆژنامە"، بەغدا، ژ(٢٧)، ٧ اب ١٩٧١.

(٢) Doxidis Kirkuk master plan final report 1975 p30.

(٣) الجمهورية العراقية، وزارة التربية،١٩٧٠-١٩٧١، ص١٠.

(٤) محمدشاكلی، كورد و تركمان مشروع لتقويم واقع مفتعل، اربيل، ٢٠٠٧، ص ٢٢-٢٤.

(٥) گوینتەر دیشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدرلێکراو، و: حمە کریم عارف، هەولێر، ١٩٩٩، ل٢٢٨.

(٦) أ.پ، عن التعليم في كردستان العراق ، مطبعة خەبات، ١٩٨٦، ص٢٨.

**ج- مامۆستا:**

مامۆستايان يەكێكن لەتوێژە هەرە بە سوودو گرينگەكانى كۆمەڵگە، رۆڵى گەورەيان هەيە لە پێگەياندنى كۆمەڵگەيەكى هۆشيار و ڕۆشنبير. هەر گۆڕانكارييەك بە ئەرێنى يا نەرێنى بەسەر ژيان وگوزەرانيان وئاسايشى ژيانياندا بێت ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوە و كاريگەرى لەسەر رەوشى پەروەردە و خوێندن بەجێدەهێڵێت.

لەمێژووى پەروەردەى عێراقدا يەكێك لە ئاستەنگەكانى بەردەم رەوشى پەروەردە، كەمى رێژەى مامۆستا بووە، بەرامبەر بە رێژەى قوتابيان بەر لە شۆڕشى١٤ى تەممووزى١٩٥٨، حكومەت بۆ پڕكردنەوەى ئەو بۆشاييە مامۆستاى لە دەرەوەى عێراقەوە دەهێنا. ئەگەر سەيرى داتاكانى وەزارەتى مەعاريف ساڵى ١٩٥٧-١٩٥٨ بكەين، ژمارەى مامۆستايانى كەركوك (٧٦٤) مامۆستا بووە كە ئەم رێژە وەكو پێويست نەبووە، بەڵام دواى شۆڕشى١٤ى تەممووزى ١٩٥٨ لەبەر ئەوەى داخوازى لەسەر خوێندن زۆر زيادى كردووەو ژمارەى قوتابيان گەشەسەندنى بەرچاوى بەخۆوەبينى. بۆيە پێويستى بە مامۆستاى زۆر زياتر بوو، حكومەت بۆ ئەم مەبەستە چەند هەنگاوێكى نا لەوانە كردنەوەى خولى پەروەردەيى بۆ مامۆستايان وقوتابيانى ئاينى بۆ ساڵى ١٩٥٩-١٩٦٠ لە شارەكانى هەولێر وكەركوك و بەغداو موسڵ. بەمەش سەدان لە پياوانى ئاينى پەيوەنديان پێوەكردووە، دواى ئەوەى تاقيكردنەوەيان پێدەكرا، دەرچووان بە بڕوانامەى پۆلى پێنجەمى ئامادەيى هەژمار دەكرا، بەپێى بڕيارێكى مەعاريفى كەركوك لە ٢٧ تشرينى دووەم١٩٦٠، حكومەت(٧٠) مامۆستاى ئاينى دەرچووى ئەو خولە وەكو مامۆستاى فەرمى لە قوتابخانە سەرەتاييەكان بڕيارى دامەزراندنيان دەردەكات[1]. هەروەها بە بڕيارێكى ديكە مەعاريفى كەركوك لە٢٩ى تشرينى دووەم١٩٦٠، ژمارەيەكى ديكەى مامۆستا دامەزراندووە[2]. جگە لەوهەنگاوانە چەندان خولى تر بۆ دەرچووانى دواناوەندى وئامادەيى دەكرانەوەو دواتر دەكران بە مامۆستا، بەم هەنگاوانە ژمارەى مامۆستايان زيادى كردووە، ئەوەتا بۆساڵى خوێندنى ١٩٦٠-١٩٦١ ژمارەى مامۆستايان گەيشتووەتە (١٦٧٥) مامۆستا[3].

جێگاى ئاماژەيە بەر لە هەڵگيرسانى شۆڕشى ئەيلوولى ساڵى١٩٦١ حكومەت دژايەتى خوێندنى كوردى كردووەو لەساڵى١٩٦٠ بە فەرمانێكى وەزارى هاتووە بۆ بەرێوەبەرايەتى زانيارى شارى كەركوك بۆ ئەوەى هەرچى دەرچووانى كوردى خانەى مامۆستايان هەيە لەسلێمانى دابمەزرێن نەوەكو لە كەركوك[4]، لەگەڵ هەڵگيرسانى شۆڕشى ئەيلوول ژمارەيەك مامۆستاى كورد پەيوەنديان بە شۆڕشەوە كرد قوربانيشيان داوە لەپێناو شۆڕشى كوردستاندا، ديارترين بەڵگەش بۆ بەشدارى

[1] الرقم:(٤٩٧٥/٧)، امر ادارى، تعيين المعلمين، مديرية معارف لواء كركوك-الذاتية، الجمهورية العراقية، بتاريخ ١٩٦٠/١١/٢٧.

[2] الرقم:(١٥٠٩/٧)، امرد ادارى، تعيين المعلمين، مدير معارف لواء كركوك-الذاتية ابتدائية، الجمهورية العراقية، بتاريخ ١٩٦٠/١١/٢٩.

[3] الجمهورية العراقية، وزارة التربية ١٩٦٠-١٩٦١، ص ص ٤-٥، ١٤-١٥، ٣٢-٣٣.

[4] وەرگيراوە لە ژين "رۆژنامە"، سلێمانى، ژ(١٥٦٧) ساڵ(٣٥)، ١٩٦٠/١٠/١٠.

مامۆستایانی کەرکوك، ئەوەیە کە یەکەم شەهیدی مامۆستای شۆڕش مامۆستا حەسیب محمدئەمین بووە[1].سەرەڕای ئەمە ژمارەیەکی دیکەی مامۆستای کورد بەهۆی بوونی پەیوەندیان بە شۆڕشەوە دوورخراونەتەوە بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق[2]، بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٢-١٩٦٣ شاری کەرکوك (٢٢٠٢) مامۆستا هەبووە[3]، بەڵام بە هاتنی بەعسیەکان بۆ دەسەڵات و شاڵاوەکانیان بۆسەر ناوچە کوردنشینەکان ئەم ژمارە بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، ئەوەتا بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٣-١٩٦٤ ژمارەکە بۆ (١٩٧٥)مامۆستا و کەمی کردووە[4]، بەڵام لەگەڵ ڕێکەوتنامەکانی نیوان ساڵانی١٩٦٦-١٩٧٠ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق لەماوەیەدا، ژمارەی مامۆستا لەشاری کەرکوك گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوەو بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٥-١٩٦٦ ڕێژەکە گەیشتووەتە (٢٧٨٥)مامۆستا وبۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٨-١٩٦٩ بەرزبووەتەوە بۆ (٣٠٩٣) مامۆستا[5].

دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠ژمارەی مامۆستایانی شاری کەرکوك زیادی کردووە، بۆساڵی خوێندنی١٩٧١-١٩٧٢ژمارەکە گەیشتووەتە (٣٥٦٢) مامۆستا[6]، بێگومان ئەم زیادبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە لەبارەی هاتووەتە کایەوە، بەتایبەتی بۆ خوێندنی کوردی وتورکمانی، بەڵام هەرچەندە ئەم دۆخە بۆ کوردەکان کورت خایەن بووە بۆ تورکمانیش بەهەمان شێوە کورت خایەن بووە، چەند ساڵێکی نەبرد حکومەتی عێراق لەبەڵێنەکانی بەمامۆستایان پاشگەزبووەو مامۆستایانی تورکمان خۆپیشاندانیان کرد، لەئەنجامدا چەند مامۆستایەك شەهید بوون[7].

ئەوەی جێگای سەرەنجە شاری کەرکوك بەردەوام گرفتی کەمی مامۆستای هەبووە، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی بەهاوکاری وەزارەتی پەروەردە کراونەتەوە. بۆ نموونە یەك لەو خولانە(٨٠) مامۆستای سەرەتایی وناوەندی لە کەرکوك بەشداریان کردووە[8]، بەتایبەتی بۆ مامۆستای پسپۆڕی بەشە زانستییەکان[1]، لە هەموو

---

[1] حەسیب محەمەد ئەمین: لە ساڵی١٩٢٦ لە کەرکوك لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لەوشارە تەواو کردووە، پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی ئەعزەمیەی لەبەغدا تەواوکردووە، بووەتە مامۆستا لە کەرکوك، چەندین جار دوورخراوەتەوە بۆخوارووی عێراق لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی١٩٦١پەیوەندی بەشۆڕشەوە کردووە لە٩ی تشرنی یەکەمی١٩٦٢ لەشەری ئاغجەلەر کوژراوە. وشیار ئەحمەد حاجی، دەفتەری سەروەری مامۆستایانی کوردستان، ب١، هەولێر١٩٩٩، ل١١.

[2] الرقم: (٧٤١٢٥)، امر وزاری، نقل المعلمین، مدیر التعلیم الابتدائی، وزارة المعارف، بتاریخ ١٩٦١/١١/١١.

[3] الجمهوریة العراقیة، وزارة تربیة ، ١٩٦٢-١٩٦٣، ص ص ٤-٥، ١٤-١٥، ٤٠-٤٢.

[4] الجمهوریة العراقیة، وزارة تربیة ،١٩٦٣-١٩٦٤، ص ص ١٢-١٣، ٢٤، ٥٢-٥٣.

[5] الجمهوریة العراقیة، وزارة تربیة ،١٩٦٨-١٩٦٩، ص ص ٢٠- ٢١، ٢٢- ٣٣، ٧٣- ٧٤.

[6] الجمهوریة العراقیة، وزارة تربیة ،١٩٧٤-١٩٧٥ ، ص ٧٥- ٧٦.

[7] مەلانوری ئاغجەلەری، س.پ، ل٢٠٦-٢٠٧؛ الرقم:(٩٦٩٦)، الموضوع /تحقیق، مدیریة الامن محافظة کرکوك، مدیریة الامن العامة، بتاریخ ١٣تشرین الثانی١٩٧١.

[8] غازی حەسەن، س.پ، ل ٨٦.

ناوچەکانی کەرکووکەوە قوتابیان داوای مامۆستای پسپۆڕیان کردووە، بەتایبەتی بەشە زانستیەکان یەکێك لەداوا سەرەکیەکانی قوتابیان بووە[٢]، هەروەها لە هۆکاری کەمی مامۆستایان بەهۆی بیروباوەڕی سیاسی ونەتەوایەتی تووشی گرفت وڕاوەدوونان وگواستنەوە بوون، وێڕای خزمەتی سەربازی، هەروەها حکومەتی عێراق بەبیانووی خوێندنی وانەی کوردی لەقوتابخانەکانی ناوەڕاست وباشوری عێراق مامۆستای کوردی دەنارده ئەوناوچانە و ناردنی مامۆستا بۆ وڵاتانی عەرەبی هەمووئەمانە هۆکاربوون بۆ کەمی ڕێژەی مامۆستا [٣].

## د- پڕۆگرامەکانی خوێندن :

سەبارەت بە پڕۆگرامەکانی خوێندن لە شاری کەرکوك، هەمان ئەو پڕۆگرامانە بوون، کە لەعێراقدا دەخوێندران، فەلسەفەی پەروەردە وفێرکردن لەعێراقدا لەژێر کاریگەری سیاسەتی حکومەتە دا بووە. بەشێوەیەکی گشتی پڕۆگرامەکانی خوێندن لەدوای شۆڕشی ١٤ ی تەموز ئەو پڕۆگرامانەی خوێندراون جۆراوجۆر بوون لە بابەتی زانستی و کۆمەڵایەتی و وێژەیی و پیشەیی و زمانەوانی و....هتد، بە گشتی لەماوەی ئەم توێژینەوەیەدا گۆڕانکاری بەسەر ناوونیشانی پڕۆگرامەکانی نەهاتووە، تەنیا بابەتەکانی ناو پڕۆگرامەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، لەژێر کاریگەری پەرەسەندنە سیاسیەکانی قۆناغەکەکاندا ناونیشانی بابەتی دیکەی خراوەتە سەر. ئەوەی شایانی باسە لە کوردستان، وەکو عێراق پڕۆگرامەکانی خوێندن بە زمانی عەرەبی بووە تاساڵی ١٩٥٨ هیچ قوتابخانەیەکی کوردی و تورکمانی لە کەرکوك نەبووە، وێڕای ئەوەی لە هەموو دانوستانەکاندا جەخت لە خوێندن بەزمانی دایك کراوەتەوە، خوێندنی زمانی کوردی لە ڕێکەوتننامەکان باسکراوە دواتر دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠لە کوردستان پڕۆگرامەکانی خوێندنی بووەتە کوردی، بەهەمان شێوە دوای داننان بە مافی نەتەوەکانی دیکە، خوێندن بە زمانی تورکمانی خوێندراوە.

گرینگترین ئەوپڕۆگرامانەی لە سەرەتایی وئامادەیی خوێنراوە، لەقۆناغی سەرەتایی (التربیه الدینیه، اللغه العربیه، اللغه الانگلیزیه، الحسابات هندسیه العلمیه، التربیه الاجتماعیه والوطنية، التربيةالرياضة، التربیه الفنیه الاعمال یدویه، النشید الموسیقی، مبادی العلوم، التربیه الصحیه، التربیه الزراعیه و الفنیه).

لە قۆناغی ناوەندی (التربیه الدینیه، اللغه العربیه، اللغه الانگلیزیه، الاجتماعیات (التاریخ، الجغرافیه، التربیه الوطنية).

سەبارەت بە قۆناغی ئامادەیی دابەش دەبوو بەسەر دوو بەشی سەرەکی بەشی وێژەیی و بەشی زانستی وپیشەیەکان ئەو بابەتانەی لەبەشی وێژەیی دەخوێندران (اللغه العربیه، الغه الکردیه،

---

[١]هیاس کاکەیی، مشاکل التعلیم في کردستان، گولان "مجلة"، اربیل، ع(٨)، ١٩٩٧/١/٢٥، ص ٥٩-٦٠.

[٢]التاخی"جریدة"ع(١٢٧٤) ٥ی اذار١٩٧٣.

[٣]وزارة تربية، تربية محافضة كركوك، دراسة و صفية تحليلية لواقع التعليم في مراحل المختلفة في محافضة كركوك ١٩٧٣-١٩٧٤ /١٩٧٤-١٩٧٥؛ فاروق مصطفی، ذاکرة.....، ص٢٣.

التفسير، اللغه الانگليزيه، التاريخ، جغرافيا دراسه حول العراق، الرياضيات) له بەشی زانستی (التفسير، اللغة العربية، اللغه الكرديه، اللغه الانگليزيه، الاقتصاد، الجبر والهندسة (الرياضيات)، العلوم الصحه، الكيمياء، الاحياء—فيزياء) .له بابەتەكانی التربية الفنية، التربية الرياضة، الاقتصاد المنزلی و تربيه طفل (للبنات فقط) علم الاجتماع [1]. لەهەردوو بەشەكە له قۆناغی ئامادەیی خوێندراون.

سەبارەت بە خوێندنی كوردی لە قوتابخانە فەرمیەكاندا لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دەستی پێكردووە[2]. لەمیانەی هەست كردنی مامۆستایانی كورد بە گرینگیدان بەخوێندن بەزمانی كوردی، بۆ ئەم مەبەستە چەند هەفتەیەك دوای شۆڕش كۆمەڵێك مامۆستای كورد لەناویاندا چەند مامۆستایەكی كەركوك یاداشتێكیان بۆ وەزارەتی مەعاریف بەرزكردەوە، كە وێڕای بایەخدان بە زمان و كەلەپوری كوردی، داوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی مەعاریفی كوردستان (مديريه معارف كوردستان) یان كرد. كە ناوەندەكەی لە كەركوك بێت و لیواكانی (سلێمانی و هەولێر و كەركوك و قەزای خانەقین و قەزا كوردنشینەكانی پارێزگای موصل)یش بگرێتەوە[3]، هەرچەندە ئەم یاداشتە بە ئاقارێكی تردا برا، بەڵام سەرەنجام بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی كوردی لە وەزارەتی مەعاریف لە بەغدا دامەزرا[4]. دیارترین كارەكانی ئەم بەرێوەبەرایەتیە لە ٢٧ی نیسانی١٩٦٠ لێژنەیەكی پێكهێنا بۆ دانان و وەرگێرانی كتێب بۆسەر زمانی كوردی.مامۆستایانی كەركوكیش لەم لیژنەیەدا بەشداریان كردووە[5].سەبارەت بە خوێندن بە زمانی توركمانی تاوەكو پێدانی مافە رۆشنیرییەكانی نەتەوەی توركمان پرۆگرامەكان بەزمانی توركمانی نەبووە، تەنها ئەوە نەبێت بابەتی زمانی توركمانی، وەكو بابەتێك خوێندراوە[6].

بەشێوەیەكی گشتی پرۆسەی پەروەردەو فێركردنی كوردی لە كەركوك دژایەتی زۆری كراوە و بەربەستی بۆ دروست كراوە. هەوڵی لەناوبردنی خوێندنی كوردی دراوە، ئەوەی لە بەڵگەنامەیەكی فیرقەی دووی سوپای عێراق لە كەركوك بۆبەشی هەواڵگری سەربازی لە ١٩٥٨/٩/٩ كە ئاماژە بە

---

[1] بروانە : الجمهورية العراقة ، وزارة التربية، الاحصاء التربوى التقرير السنوى ١٩٦٣-١٩٦٤، ص٧٠.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوى- التقرير السنوى ١٩٦٥-١٩٦٦، ص ص ٣٢، ٥٨، ٩٤.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوى-التقرير السنوى ١٩٧٠-١٩٧١، ص ص ٣١، ٨١.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوى-التقرير السنوى ١٩٧٤-١٩٧٥، ص ٢٩، ٣١، ٨١-٨٢.

[2] عبدالفتاح على بوتانى، مدرسة ١١ اذار اول مدرسة كوردية....، ص ٤٤-٤٥.

[3] بروانە: پاشكۆی ژمارە ( ٣).

[4] سەبارەت بەكرانەوەی ئەم بەرێوەبەرایەتیە بروانە: كریم شارەزا، بەرێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی، پەیامی ئەیلول "گۆڤار" هەولێر، ژ(٣) بەهاری ٢٠٠٨،ل ٣-٦.

[5] غازی حەسەن، س.پ، ل ٩٣.

[6] چاوپێكەوتن لەگەل نجات كوثر اوغلو، ٢٠١٥/٦/١٢، ناوبراو لەساڵی١٩٥١ لە كەركوك لەدایك بووە. خانەی ماموستایانی كەركوكی تەواو كردووە، ماوەیەكی درێژ لە بواری پەروەدەكاری كردووە، خاوەنی چەندین لێكۆلینەوەی میژوویيە، ئێستا خانە نشینە، سەرنوسەری گۆڤاری توركمان ئیلی زمان حاڵی بەرەی توركمانی عێراقیە.

یاداشتی ماموستایانی کورد دەکات و داواکاریەکانیان رەتدەکاتەوەو ئاماژە بەوە دەکات بەبیانووی نابەجیٚ کە پێویستە سەرۆکی مەعاریف بدرێت بە کەسایەتی عەرەب، لەراستیدا ئەمە لێدانێکی ئاشکرابوو لە خوێندنی کوردی[1]. دوای سالێك لە هەلگیرسانی شۆرشی ئەیلول و کودەتای بەعسیەکان لە سالی١٩٦٣ پرۆسەی خوێندن تووشی سست بوون هات و زمانی کوردی قەدەغەکرا لەجیاتی (دارا دوو داری دی بووبە(دار... داران)و( الی متی یبقی البعیر علی التل)[2]، بەم شێوەیە خوێندنی کوردی وتورکمانی تووشی تەگەرەی گەورە هاتن، پرۆگرامەکان هەمووی بە زمانی عەرەبی دەخوێندران، تەنیا ئەوە نەبێت لەو قوتابخانەی قوتابی تورکمانی زۆربوون ماموستاکان بەتورکمانی وانەکانیان شرۆڤەکردووە، هەروەها ئەو قوتابخانەش کە زۆربەی قوتابیەکانی کوردبوون ماموستاکان وانەیان بە کوردی شرۆڤە کردووە [3].

تاوەکو سالانی حەفتاکان رەوشی پەروەردە و خوێندن لە کەرکوك لە بارودۆخێکی زۆرخراپ دابووە، بەلام دوای داننان بەمافە نەتەوەیەکانی تورکمان، رێکەوتننامەی ئاداری١٩٧٠، داننان بەمافەکانی سریانی، بەمەش بواری پەروەردە لە شاری کەرکوك بوژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هەروەك دەبینین هەریەك لە یاریدەدەرانی بەرێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی و خوێندنی تورکمانی لە پەروەردەی گشتی کەرکوك کرانەوە، کە رۆلی سەرەکی هەبوو لە پێشخستنی خوێندن لەم شارەدا، لەوانە چەسپاندنی زمانی کوردی لەو قوتابخانانەی کە زۆربەی قوتابیەکانی کورد بوون، زمانی تورکمانیش لەو قوتابخانەی زۆربەی قوتابیەکانی تورکمان بوون، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکیان دروستکردو لە پەروەردەی گشتی کەرکوك لەئەنجامدا (٣٨) قوتابخانەی کوردی و(١٧) قوتابخانەی تورکمانی کرانەوە[4]. هەر ئەم لێژنەیە پرۆگرامی خوێندنی بە زمانی نەتەوەکانی شارەکە داناو دارشت، ئەوانەی لەدانانی پرۆگرامی خوێندنی تورکمانی بەشداریان کرد، هەریەك لە (عزالدین عبدی البیاتی) سەرۆکی لیژنە – (رشید کاظم البیاتی) و(محمد خورشید داقوقلی)بوون، دیارترین ئەو کتێبانەی بە زمانی تورکمانی دانران ئەمانەبوون:

کتێبی الف باء بۆ پۆلی یەکەم .

کتێبی خوێندنەوە (اقوما کتابی) بۆ پۆلی دووەم.

کتێبی خوێندنەوە (اقوما کتابی) بۆ پۆلی سێیەم.

کتێبی خوێندنەوە (اقوما کتابی) بۆ پۆلی چوارەم [5].

---

[1] بروانە: پاشکۆی ژمارە (٣)

[2] برایەتی "رۆژنامە"، ژ (٢٧٧٩) چوارشەمە ١٩٩٩/٢/١٧.

[3] مصطفی نەریمان، س.پ، ل١٤٠.

[4] ئینسکلۆپیدیای کەرکوك دەسنووس، ب٩، ل١٣٣-١٣٥؛ ملا محمد امین زنگنە، الدراسة الکوردیة والترکمانیة فی مدینة کرکوك، کرکوك ع(١٤)السنةالرابعة، خریف٢٠٠٢، ص٢٢٣-٢٢٦.

[5] احمد قوشجواوغلو، اقرار حقوق الترکمان الثقافیة في العراق عام ١٩٧٠، تورکمن ایلی"مجلة"،کرکوك، ع(٢٤)کانون الثانی ٢٠١٠ ص ١٦-١٧.

سەبارەت بە پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردیش، کتێبەکانی خوێندنی کوردی وەرگێڕدرانە سەرزمانی کوردی ومامۆستایانی کەرکوك رۆڵیان هەبووە، لەم لیژنەیەدا بەشداریان کردووە لەوانە:(عەبدولجەبار جەباری، تاهیر سادق، لەتیف بەرزنجی، فاتح محەمەد ئەمین، سوبحی داودی، مستەفا وەیسی، ئیبراهیم سەعید، خەزعەل ڕەشید)[1]. لەم ماوەیەدا کتێبەکانی ناوەندی ودواناوەندیشی گرتووەتەوە، لەقۆناغی سەرەتایی ۱۹۷۱-۱۹۷۲ (مێژووی عەرەب وئیسلام: بۆ پۆلی پێنجەم، مێژووی عیراق: بۆ پۆلی شەشەم، پەروەردەی کۆمەڵایەتی: بۆ پۆلی چوارەم، جوگرافیای عەرەبستان: بۆپۆلی شەشەم، خوێندنەوەی کوردی: بۆ پۆلی چوارەم) ساڵی خوێندنی ۱۹۷۲-۱۹۷۳:( خوێندنەوەی کوردی: پۆلەکانی پێنجەم وشەشەم، پەروەردەی نیشتمانی: پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم، زانیاری پەروەردەی زانستی: پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم، جوگرافیا بۆ پۆلی چوارەم).

قۆناغی ناوەندی بۆساڵی خوێندنی ۱۹۷۱-۱۹۷۲: (زمان و ئەدەبی کوردی: بۆ پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم، مێژووی چاخە کۆنەکان، جوگرافیایی گشتی، ماتماتیك پەروەردەی ئاین، پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی، سەرەتایی زانیاری گشتی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی) .

بۆ ساڵی ۱۹۷۲-۱۹۷۳:(پەروەردەی ئاین، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، کیمیا، جوگرافیای عەرەبستان، بایۆلۆژی وتەندروستی، مێژووی عەرەبی ئیسلام، سەرەتایی ئەندازە، جەبری ناوەندی) بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی)[2].

خاڵێکی دیکە لە پەرەسەندنەکانی بواری پەروەردە لەشارەکە کردنەوەی کەناڵێکی پەروەردەیی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك بوو، کە ئەمەش گرینگی زۆری بە بواری پەروەردەدا، بەزمانەکانی کوردی وعەرەبی وتورکمانی چەندین وانەی بۆقۆناغەکانی سەرەتایی ناوەندی پەخش کردووە[3].

ئەوەی شایانی باسە ئەم هەنگاوانەی پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لە شاری کەرکوك نران، بەتایبەتی خوێندنی کوردی وتورکمانی بەڕادەیەکی بەرچاو بەرەوپێشەوە برد، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوەنایەت بێ گرفت بووبێت، یەك لەوگرفتانە ئەوە بوو تورکمان داوای ئەوەیان دەکرد پرۆگرامەکان بەپیتی لاتینی بێت، بەڵام کاربەدەستانی پەروەردە ئەمەیان رەتدەکردەوە. هەروەها خوێندنی کوردیش لە کەرکوك ڕووبەڕووی چەندین گرفت بووەوە، لەوانە نەبوونی مامۆستای بابەتی زمانی کوردی، نەبوونی مامۆستای کورد بۆ بابەتەکانی دیکە[4]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایانی کورد خۆبەخشانە دەوامی زیادیان کردووە و وانەیان بەزمانی کوردی گوتۆتەوە، لەپێناو ئەوەی پرۆسەی خوێندنی کوردی لەم شارەدا پەکی نەکەوێت[5]. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە چەندین خول بۆ مامۆستایان

---

[1] پەروەردە و زانست" گۆڤار"بەغداد، ژ (٤) ساڵی ۱۹۷۲؛ غازی حەسەن ، س.پ، ل۹۲.

[2] پەروەردە و زانست، ژ (۲)، ساڵی۱۹۷۲، ل۸٥.

[3] هاوکاری، ژ(۱۱٦)۱۳ی مایسی ۱۹۷۲؛ ژ(۱٤٥)۸ی کانوونی یەکەمی ۱۹۷۲.

[4] غازی حسن، س.پ، ۹۷ ؛ ملا نوری ئاغجەلەری، س.پ، ل۲٤٤.

[5] ملا نوری ئاغجەلەری، س.پ، ل ۲۲۸.

کراوەتەوە، بۆ چۆنیەتی گوتنەوەی وانەی کوردی وانەکانی دیکە بەزمانی کوردی. هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی مامۆستای کورد، بریتیی بوو لە سەربازگرتن بەمەبەستی خزمەتی سەربازی، هەروەها گواستنەوەیان بۆ پارێزگاکانی خواروو وناوەڕاست بۆ وتنەوەی وانەی کوردی[١].

دەبێت ئەوەش بگوترێت کە بەشێوەیەکی گشتی ڕەوتی پەروەردە و فێرکردن، بەتایبەتی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕێبازی نەتەوایەتی عەرەبی بوو، بەتایبەتی لەوانەی پەروەردەی نیشتمانی (التربیە الوطنیة) [٢]. لەوانەی مێژوو وجوگرافیا باسی جوگرافیا ومێژوو شارستانیەتی نەتەوەکانی دیکەی پشتگوێ خستبوو، زیاتر گرینگی بە جوگرافیا و مێژووی نیشتمانی عەرەبی شارستانییەتی عەرەبی دەدا، بە هەموو شێوەیەك جوگرافیاومێژوو وشارستانی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی بەدووربووە[٣].

## هـ-باری خوێندەواری:

باری خوێندەواری لە کوردستان بە گشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی لەماوەی تۆێژینەوەکەماندا لە دۆخێکی خراپ و ناهەمواردا بووە, ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی چەندان سەدە کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا بووە, هەربەدواکەوتویی هێشتویانەتەوە. بە هیچ شێوەیەك گرینگیان بە بواری خوێندن وخوێندەواری نەداوە, وەکو دەبینین لە کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی لە کوردستان ڕێژەی نەخوێندەواری لە ٩٨٪ بووە[٤]، ئەو خوێندەوارییەی هەبووە لە چوارچێوەی خوێندنی ئاینی تێپەڕی نەکردووە، لە کۆتایی دەسەڵاتی بەریتانیا لە عێراق لە ساڵی ١٩٣٢ ڕێژەی نەخوێندەواری لەعێراق ٩٥٪ بووە[٥]، زۆربەی خەڵکی عێراق نەخوێندەوار بووە، ئەمەش بەهۆی کەمی قوتابخانە بووە ئەوانەی هەبوون تەنیا لە شارەکان بوون، لێرەشدا چەند چینێك توانای خوێندنیان هەبوو، وەك منداڵانی دەوڵەمەند و دەرەبەگ وپلەدارە سەربازییەکان، بەمەش بەشێکی زۆری خەڵکی لەخوێندن بێبەش بوونە نەخوێندەوار بوونە، سەرەڕای ئەوەی قوتابخانە لە گوندەکان نەبووە، هەروەها لە ناو شارەکانیش ئافرەتان لە خوێندن بێبەش بوونە, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی کۆمەڵگە، کە ڕێنەدراوە ئافرەتان بچنە بەر خوێندن. ئەو دۆخەی بەسەر عێراق و کوردستاندا هاتبوو شاری کەرکوکیش لەمەدا بەدەر نەبووە, دوای دامەزراندنی قوتابخانەی فەرمی لە شارەکە و کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت بە ئافرەتان لەساڵی ١٩٢١, دواتریش هەوڵی لەناوبردنی نەخوێندەواری دراوە،

---

[١] التآخی،ع(١٢٩١)، ٢٦اذار١٩٧٣؛ هاوکاری، ژ(٤٤) ٧ تشرینی دووەم ١٩٧؛ تربیة محافضة کرکوك ، دراسة وصفیة تحلیلیة لواقع التعلیم في مراحل المختلفة في محافضة کرکوك ١٩٧٣-١٩٧٤ /١٩٧٤-١٩٧٥، ص١١-١٢.

[٢] النظام التربوی و التعلیم في العراق – ثنائیة التبعیث و العسکریة، ص٥٧.

[٣] غازی حەسەن، س.پ، ل ١٠٦.

[٤] عبدالفتاح علی البوتانی، مدرسة ١١اذار....، ص٣٣.

[٥] نجاة کوثراوغلو، صفحات،....،ص ٢٥١.

ئەوەتا لە ساڵی ١٩٢٨ دا قوتابخانەیەك بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە شاری کەرکوکدا کراوەتەوە[1]. لەگەڵ هەموو ئەو هەنگاوانە لە کردنەوەی قوتابخانە لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا ئامادەیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی نەخوێندەواری لە شارەکەدا لە دۆخێکی خراپ دابووە. بەپێیی ئاماری فەرمانگەی سەرەکی سەرژمێریەکان بەپێی سەرژمێری ١٩٥٧ تێکرای ڕێژەی نەخونێدەواری لەکۆتایی دەسەڵاتی پاشایەتی لە لیوای کەرکوك ٨٣,٩١٪ بووە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە[2]، داتاکان ئەوەمان پێ دەڵێن لە کۆتایی دەسەڵاتی پاشایەتی هەرچەندە هەوڵی کەمکردنەوەی نەخوێندەواری دراوە، بەڵام هەوڵەکان وەکو پێویست نەبوونە، ئەمەش نیشانەی پشتگوێ خستنی کەرتی پەروەردەو خوێندن بووە، بەتایبەتی نەکردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکان و ناوچە کوردییەکان کە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق چەندین جار بەیاداشت و بیرخەرەوە ئەو رەوشە خراپەی کەرتی پەروەردەیان بۆ کاربەدەستانی حکومەت روون کردوەتەوە. ئەوەتا عەبدولسەتار تاهیر شەریف کە ئەوکات مامۆستا بووە لەناوچەکە دەڵێت" لە ناحیەکانی ئاڵتون کۆپری و شوان یەك قوتابخانەی تێدا نەبووە لە ٩٩٪ دانیشوانی ئەم گوندانە نەخوێندەوار بوون[3]. بەمشێوەیە دەبینین رەوشی خوێندن وخوێندەواری لە دوا ساڵەکانی رۆژگاری پاشایەتی لە عێراق بەگشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی لە دۆخێکی خراپدابووە، ئەمە وێرای ئەوەی لە سەرتاسەری کوردستانی عێراق شاری کەرکوك تاکە شاربووە قوتابخانەی ناوەندی تێدابووە، بێگومان بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواری لەناوچەکانی دیکەی کوردستان لە ئاستی خراپتر دابوونە.

دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی١٩٥٨ گۆڕانکاری گەورە بەسەر بواری پەروەردەدا لە کوردستان بەگشتی لەشاری کەرکوك بەتایبەتی ژمارەیەکی بەرچاو قوتابخانە لە سنووری کەرکوکدا کراوەتەوە، بەتایبەتی لەگوندەکانی شارەکە، سەرەڕای ئەمانە بەردەوام بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری (محو الامیە) بۆ ئافرەتان وجوتیاران کراوەتەوە، بۆکەمکردنەوەی ڕێژەی نەخویندەواری لە شارەکە، ئەوەتا بۆ لە ساڵی ١٩٦٢-١٩٦٣ کە (١٢)ی بنکەی نەهێشتنی نەخوێندنەوەی کراوەتەوە بەمەبەستی کەمکردنەوە نەخوێندەواری لە ناو کۆمەڵگە[4].

---

(1) نجاة کوثراوغلو، صفحات،....،ص ١٧٣.

(2) الجمهوریة العراقیة، وزارةالداخلیة، مدیریة النفوس العامة،مجموعةالاحصائیة عام١٩٥٧،لواء کرکوك، بغداد،ص١٩٨.

(3) عەبدولستار تاهیر شەریف، س.پ، ل١٩.

(4) الجمهوریة العراقیة، الاحصاء الثقافي، ١٩٦٢-١٩٦٣، ص ١٧٨.

**ئەم خشتەیە پۆلێنکردنی دانیشتوان شاری کەرکوك بەگوێرەی باری خوێندەواری لەنێوان سالانی(١٩٥٧- ١٩٧٧) دەردەخات[1]:**

| ساڵ | ڕەگەز | ژمارەی دانیشتوان | باری خوێندەواری | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نەخوێندەوار | | تەنها خوێندنەوە | | خوێندنەوە ونووسین | |
| | | | ژمارە | ڕێژەی (٪) | ژمارە | ڕێژەی (٪) | ژمارە | ڕێژەی (٪) |
| ١٩٥٧* | نێر | ١٥٦٥١١ | ١١٧٥٩٧ | ٧٥,١٣ | ١٣٩٨ | ٠,٨٩ | ٣١٤٩٣ | ٢٠,١٢ |
| | مێ | ١٥١٨٦٨ | ١٤١١٦٦ | ٩٢,٩٥ | ٧٤٧ | ٠,٤٩ | ٨١٣٧ | ٥,٣٥ |
| | کۆی گشتی | ٣٠٨٣٧٩ | ٢٥٨٧٦٣ | ٨٣,٩١ | ٢١٤٥ | ٠,٦٩ | ٣٩٦٣٠ | ١٢,٨٥ |
| ١٩٦٥** | نێر | ١٩٥٩٩٢ | ١١٠١٥٩ | ٥٦,٢ | ٣٢٣١ | ١,٦ | ٥٢٦٧١ | ٢٦,٧ |
| | مێ | ١٨٢٤٤٩ | ١٤٩٩١١ | ٨٢,٢ | ٣٠١٣ | ١,٧ | ١٣٧٢٠ | ٧,٥ |
| | کۆی گشتی | ٣٧٨٤٤١ | ٢٦٠٠٧٠ | ٦٨,٧ | ٦٢٤٤ | ١,٧ | ٦٦٣٩١ | ١٧,٥ |
| ١٩٧٧*** | نێر | ٢٣٢٤٧٥ | ٧٧٤٠٨ | ٣٣,٣ | ٣٠٢٢ | ١,٢ | ٦٨١١٠ | ٢٩,٣ |
| | مێ | ١٧٦٧٠٠ | ١٢٩٦٧٥ | ٧٣,٤ | ١٦٣٦ | ٠,٩ | ٢٢٩٢٣ | ١٣ |
| | کۆی گشتی | ٤٠٩١٧٥ | ٢٠٧٠٨٣ | ٥٠,٦ | ٤٦٥٨ | ١,٤ | ٩١٠٣٣ | ٢٢,٢ |

**ئەگەر سەیری داتاکان بکەین دەبینین هەموو ئەو هەنگاوانەی لەم بوارەدا نراوون وای کردووە، ڕێژەی نەخوێندەواری کەم بێتەوە، ئەوەتا بەپێی ئامای فەرمانگەی سەرژمێرییەکان بۆ ساڵی ١٩٦٥ ئەم ڕێژی نەخوێندەواری دابەزیووە، بووە بە ٦٨,٧٪ کە دانیشتوانی شارەکە نەخوێندەوار بوونە[2]، هەرچەندە ڕێژە بەرزە ئەگەر بەراوردی بکەین بەشارەکانی تری عێراق بێگومان ئەمش بەهۆی سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە شارەکە، کە گرینگی بەم شارە نەداوە تەنیا ئەوە نەبێت، وەکو ناوچەیەکی دەوڵەمەندی بەسەرچاوەی سامانی سروشتی تەماشای کردووە، هەروەها بەردەوام دژایەتی خوێندن وکەناڵەکانی رۆشنبیری کوردی شارەکەی کردووە، بەردەوام سیاسەتی ڕاگواستنی**

---

[1]–الجمهورية العراقية، وزارةالداخلية، مديرية النفوس العامة، مجموعة الاحصائية لتسجيل عام١٩٥٧، ص١٩٨.

–الجمهورية العراقية، وزارة اتخطيط، جهاز المركزى الاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة١٩٦٥، بغداد١٩٧٣، ص٥٠، ٥٣٨.

–الجمهورية العراقية، وزارةاتخطيط، جهاز المركزى الاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة١٩٧٧، محافظة التاميم،١٩٧٨، ص٥٢.

*به پێی ئەو سەرژمێرییە (١٩٥٧) ژمارەی دانیشتوان (٣٨٨٨٣٩) کەس بوو . بۆ باری خوێندەواری ژمارەی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە خوار پێنچ ساڵییەوەیە هەژمار نەکراون، کە ژمارەیان (٨٠٤٦٠) کەس بوو.

**به پێی ئەو سەرژمێرییە (١٩٦٥) ژمارەی دانیشتوان (٤٧٣٦٢٦) کەس بوو . بۆ باری خوێندەواری ژمارەی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە خوار پێنچ ساڵییەوەیە هەژمار نەکراون، کە ژمارەیان (٩٥١٨٥) کەس بوو.

***به پێی ئەو سەرژمێرییە ژمارەی دانیشتوان (٤٩٥٤٢٥) کەس بوو . بۆ باری خوێندەواری ژمارەی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە خوار پێنچ ساڵییەوەیە هەژمار نەکراون، کە ژمارەیان (٨٦٢٥٠) کەس بوو.

[2]الجمهورية العراقية، جهازالمركزى الاحصاء، التعدادالعام للسكان لسنة١٩٦٥، بغداد،١٩٧٣، ص ص٥٠، ٥٣٨.

دەرهەق پەیرەو کردوون، لەلایەکی دیکەوە بەشێکی ناوچەکە ببووە گۆڕەپانی شەڕو ململانێی حکومەت وهێزی شۆڕشگێرانی کورد، ئەمە وای کردووە قوتابخانە لەوناوچانە وەکو پێویست نەکرابێتەوە، هەموو ئەمانە وایکردووە ڕێژەی نەخوێندەواری لە شارەکە لە ئاستێکی مەترسیداربێت، دواتر لە ساڵی١٩٧٠ ئەو کەشە سیاسیەی لەبارەی هاتە کاییەوە بەتایبەتی دوایی ڕێکەوتننامەی ١١ ئادارەوە، هەروەها وەستانی شەڕ وکردنەوەی قوتابخانەی زیاتر لەناوچەکان، هەروەها کردنەوەی بنکەی زیاتری دیکە بۆ بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەوەتا لەساڵی ١٩٧٤ کە(٩٠) بنکە بۆ ئەم مەبەستە کراونەتەوە[1]، ئەم بنکانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لەسەرتاسەری شارەکەدا، بەپێیی ئاماری ساڵانەی سەرژمێرییە گشتیەکانی عێراق ساڵی١٩٧٧ ئەم ڕێژی دابەزیووە، بووەتە٥٠،٠٦٪ [2]. هەمووئەو هەنگاوانە وایکردووە ڕێژەکە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزێت وئاستی خوێندەواری بەرزبێتەوە.

[1]هاوکاری، ژ(٢٤١) ٨ /١١/١٩٧٤.

[2]الجمهورية العراقية، الاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة١٩٧٧، محافظة التاميم،١٩٧٨، ص٥٢.

**تەوەری دووەم: بواری رۆژنامەگەری :**

**رۆژنامەگەری لەکەرکوکدا مێژوویەکی کۆنی هەیە. ئەمەش بەوەی کەرکوك یەکەم شاری کوردستان بووە چاپخانەی بۆ هێنراوە، پێی ووتراوە چاپخانەی(ویلایەت) لە ساڵی١٨٧٩ لە سەردەمی عوسمانیەکاندا هێندراوەتە شارەکە، رۆڵی سەرەکی هەبوو لە دەرکردنی چەندین رۆژنامە و گۆڤار بەشێوەیەکی گشتی بواری رۆژنامەگەری گەورەترین کاریگەری بە سەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکەدا گێراوە. لەدوایی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا، ئەو کاریگەریە بەهێزتربوو، بەتایبەتی رۆژنامەگەری کوردی، سەرەڕای خراپی ئەو بارودۆخە سیاسییەی بەسەر شارەکەدا سەپێندرابوو.**

**بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی ئەم توێژینەوەدا لەساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ژمارەیەك رۆژنامە بەزمانەکانی کوردی و تورکمانی و عەرەبی لە شارەکە دەرچوون، کە بریتیی بوون لە :**

**١-رۆژنامەی(کەرکوك): یەکێکە لە کۆنترین رۆژنامەکان لەسەرئاستی عێراق وکەرکوکدا، هەروەها یەکێك بووە لە ڕۆژنامە بایەخدارەکانی بواری رۆژنامەگەری شاری کەرکوك، رۆژنامەیەکی سیاسی بووە، یەکەم ژمارەی لە١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٦لەلایەن شارەوانی کەرکوك، سەرەتا بە زمانی تورکی و دواتر بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە[1]. ئەم رۆژنامەیە دوای شۆرشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ هەر بەردەوام بووە، بۆ ماوەیەك ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (گاورباغی).**

**جارێکی دیکە رۆژنامەکە لە ژمارە(١٧٣١)ی٢٦ی ئەیلولی١٩٦٠ەوە بەناوی(کەرکوك) بڵاوبۆتەوە، سەبارەت بە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەکە، هەر لە سەرەتایی دەرچوونییەوە تاوەکو داخستنی، کۆمەڵێك کەسایەتی ئەو ئەرکەیان گرتووەتە ئەستۆ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن شارەوانی کەرکوکەوە سەرپەرشتی کراوە[2]، وەکو زمانحاڵی شاری کەرکوك بووە. لەسەرەتای دەرچووندا بە زمانی تورکی بووە، لە ژمارە (٣٠٢)ی ٢ی مایسی١٩٣٠ دوو لاپەڕەی بە کوردی و دواتر بووەتە چوار لاپەرە، تا ژمارە (٣٤٢)ی١٧ شوباتی ١٩٣١ دەرچووە[3]. دواتر لە ساڵانی پەنجاکاندا چەند لاپەڕەیەکی بە زمانی عەرەبی لەپاڵ تورکییەکەی دەرکراوە، لە سەرەتای ١٩٦٠ بەشی تورکیەکەی لابراوە، ئیتر لێرە بەدواوە هەر بە زمانی عەرەبی دەرچووە، تاوەکو وەستانی ڕۆژنامەکە[4]. سەبارەت بە ژمارەی لاپەڕەکانی رۆژنامەکە بەردەوام لەگۆڕین دابووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە(٤)لاپەڕە کەمتر نەبووە[5]. بابەتەکانی رۆژنامەکە جۆراوجۆر بوونە، لایەنی سیاسی، مێژوویی، ئەدەبی، وەرگێران، هەواڵی وەرزشی، پروپاگەندە، هەروەها ئەو راگەیاندن و ئاگادارییانە کە داموو**

---

[1] .عطا ترزی باشی، تاريخ الطباعة و الصحافة ....، ص١٢٣؛ سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانەرۆشنبیریەکان....، ل ٦٤.

[2] م.ن، ص١٢٣.

[3] ئەحمەد تاقانە، رۆژنامەی کەرکوك....،ل٨-١٤.

[4] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ....، ل٦٦.

[5] عطا ترزی باشی، تاريخ الطباعة و الصحافة ....، ص ١٢٥.

دەزگا فەرمیەکان وهاولاتیان بلاویانکردووەتەوە[١]. سەرجەم ژمارەکانی رۆژنامەکە لەچاپخانەی شارەوانی شارەکە لەچاپدراون. رۆژنامەکە تا رۆژی٢٠ئابی١٩٧٢ بەردەوام بووە، لەوماوەیەدا ئەم رۆژنامە(٢٠٣٦) ژمارەی لێدەرچووە، لەپاش ئەمە هیچ ژمارەی دیکە لێ دەرنەچووە وداخراوە[٢]. ئەم رۆژنامەیە یەکێکە لە رۆژنامە گرینگەکانی شارەکە، چەندین نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس بەرهەمەکانی خۆیان تێدا بلاوکردووەتەوە، وەك( هیجری دەدە، پیرەمێرد، فەلەکەدین کاکەیی، رەفیق حیلمی، لەتیف بندەر اوغلو، عوسمان مستەفا خۆشناو، عەباس عزاوی، ئەسعەد نائب، مستەفا جواد، تۆفیق وەهبی، وحیددین بەهاددین، موکرم تالەبانی، جەبار جەباری، فازیل عزاوی، و.....هتد). بەشداری ئەم رۆشنبیرە دیارانەی کەرکوك لە رۆژنامەکەدا کاریگەری لەسەر رەوشی رۆشنبیریی و ئەدەبی شارەکەدا هەبووە بۆیە دەتوانین رۆژنامەکە بەبلاوکراوەیەکی گرینگی مێژووی رۆژنامەگەریی شاری کەرکوك لە قەلەم بدەین[٣].

**٢- گۆڤاری (شەفەق-بەیان):** یەکێکە لە گۆڤارە پڕ بایەخەکانی شاری کەرکوك. یەکەمین گۆڤاری کوردی بوو لەشارەکەدا، لەسەر گۆڤارەکە نووسراوە"**گۆڤارێکی نیومانگی ئەدەبی زانستی (عیلمی) کۆمەلایەتیە، بە زمانی کوردی و عەرەبی لەکەرکوك دەرئەچی**"[٤]. ئەم گۆڤارە بەهەوڵ وکۆششی عەبدولقادر بەرزنجی[٥]، کەخاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بووە، رۆڵی سەرەکی هەبووە لە دەرچوونی. یەکەم ژمارەی لە١٥کانوونی دووەمی١٩٥٨ لەکەرکوك دەرچووە، پاشان گۆڤارەکە لە نیسانی١٩٥٩ گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی، ژمارە(٣)ی ساڵی دووەمی لە نیسانی ١٩٥٩ لەژێر سەرپەرشتی عەبدوڵلاگۆران(١٩٠٤-١٩٦٢) لە سلێمانی بلاوکراوەتەوە و ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (بەیان). لێرەدا، گۆڤارەکە وەکو ئۆرگانی ئاشتیخوازان بووە[٦]. ژمارە (٤) لە ئایاری هەمان ساڵ بەهەمان ناو بلاوکراوەتەوە، ژمارە(٦) ساڵی دووەم بەناوی (بەیان-شەفەق) لە تەموزی١٩٥٩بلاوکراوەتەوە[٧]. پاشان گۆڤارەکە گەڕاوەتەوە کەرکوك، هەمان ناوی جارانی (شەفەق) وەرگرتووەتەوە، سەبارەت بە مێژووی داخستنی و وەستانی گۆڤارەکە نووسەران کۆك نین، جەمال خەزنەدار پێیی وایە لە ساڵی١٩٦٢داخراوە، ، بەلام نووسەرانی دیکە، پێیان وایە سەرەتای ساڵی١٩٦٣ بەیەکجاری

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: لاپەرە جیاجاکانی ڕۆژنامەکە.

[٢]کرکوك، ژ (٢٠٣٦)، ٢٠ی اب ١٩٧٢.

[٣] صلاح الدین ساقی ولی، م.س، ص ٥٨.

[٤] بروانە:شەفەق"گۆڤار"کەر کوك، ژ (١) ، ساڵی یەکەم، ١٥ کانونی دووەمی ١٩٥٨، ل ٣.

[٥]عەبدولقادر بەرزنجی: لەساڵی ١٩٠٩ لەکەرکوك لەدایك بووە، خوێندنی سەربازی تەواو کردووە، لەساڵی١٩٧٤ بووەتە سەرنوسەری ڕۆژنامەی ژین لە ساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کردووە. سمکۆ بەهرۆز، ببیلۆگرافیای ناوداران و رۆشنبیرانی کەرکوك، کەرکوك، ٢٠١٣، ل٣٣٥.

[٦] بۆزانیاری دەرباری ئەم بزووتنەوەیە بروانە:مەهدی محمد قادر، رۆڵی کورد لە بزووتنەوەی ئاشتیخوازان لە عێراقدا(١٩٥٠-١٩٦٣) هەولێر٢٠١٥، ل١١-١١٤؛ بەیان-شەفەق، ژ(٣)نیسانی١٩٥٩؛ مارف خەزنەدار، رۆژگاری من، ١٩٤٩-١٩٦٠، ب٢، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٧٧-٢٧٨.

[٧] شەفەق، ژ (٦) سالی دووەم ١٩٥٩ .

داخراوە[1]. بەڵام بۆچوونەکەی جەمال خەزنەدار پەسندترە چونکە ناوبراو لەگۆڤارەکە کاری کردووە شەفەق لەماوەی ١٩٥٨-١٩٦٣ (٢٧) ژمارەی لێ دەرچووە، ئەوەی جێی سەرەنجە گۆڤارەکە بەهۆی جێگۆڕکێ شوێنی دەرچووونی وفشارەکانی سەری لە چەندین چاپخانەدا لەچاپدراوە، لەوانە چاپخانەکانی (شیمال لەکەرکوك، ئەسعەد و تەمدون و ئەعزەمی لە بەغدا، ژین لە سلێمانی)[2].

لەم گۆڤارەدا ژمارەیەك نووسەری دیار بەرهەمەکانیان تێدا بلاْوکردووەتەوە لەوانە (ئیبراهیم ئەحمەد، مارف بەرزنجی، عەبدولسەمەد خانەقا، مارف خەزنەدار، جەمال خەزنەدار، محەمدی مەلا کەریم، عوسمان خۆشناو، مەلاجمیل رۆژبەیانی، ڕەفیق حیلمی، زوهدی داودی، و...هتد). جگە لە نوسەرانی کورد نووسەرانی نەتەوەکانی دیکە، لەوانەش (محمد مهدی الجواهیری،عصام بشیر الادلمی، صلاح الدین ناهی، یوسف سعید، ابراهیم داقوقلی، فاضل العزاوی ومؤید الراوی و...هتد). بەرهەمەکانیان لەم گۆڤارەدا بلاْوکردووەتەوە.

گۆڤاری شەفەق وەك گۆڤارێکی ئەدەبی بایەخی تەواوی بە ئەدەبیاتی کوردی داوە، لەپاڵ بابەتە ئەدەبیەکان، کۆمەڵێك بابەتی مێژوویی وکۆمەلاْیەتی و زانستی وسیاسی هەروەها گۆشەی تایبەت بۆ ئافرەتان تەرخانکردووە. دواین لاپەڕەکانی گۆڤارە کەبۆئاگاداری و راگەیاندن و، دامەزراوە فەرمیەکان و هاوولاْتیان بلاْوکردووەتەوە. گۆڤارەکە لەشار وشارۆچکەکانی کوردستان وتەنانەت لەبەغداش باوەڕ پێکراوو بریکاری فرۆشتنی هەبووە[3].

لە دوای شۆڕشی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨یش گۆڤارەکە بەردەوام بووە. ژمارە (٧)ی بەرگی یەکەمی ساڵی یەکەم، کە یەکەم ژمارەی دوای شۆڕش لە تەموزی ١٩٥٨ دەرچووە. بەناوونیشانێکی گەورە لەسەر گۆڤارەکە پیرۆزبایی لە شۆڕش دەکات ودەنووسێت :**"گەلی کورد لەناو جەرگەی کوردستانەوە پیرۆزبایی جمهوریەتە خۆشەویستەکە دەکات"** . ئەم پیرۆزباییە بەناوی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە ئاراستەی سەرکردایەتی شۆڕش کراوە[4]. لەژمارە(٩)ی ساڵی یەکەمی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ لە بەرگی یەکەمی گۆڤارەکەدا وێنەیەکی عەبدولکەریم قاسم سەرکردەی شوڕشی ١٤تەمموزی لەبەرگی دواوەی گۆڤارەکە وێنەی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد مستەفا بارزانی بلاْوکردووەتەوە[5]، لەدوای شۆڕشەوە ئەگەرچی گۆڤارەکە ئاراستەیەکی سیاسی وەرگرتووە، بەلاْم لەگەڵ ئەوەشدا بابەتە ئەدەبیەکان بەشی سەرەکی گۆڤارەکەیان پێکهێناوە.

ئەم گۆڤارە بایەخی تەواوی بە ئەدەبیات و زمان و رۆشنبیریی کوردی داوە، بەتایبەتی شیعر و چیرۆکی کوردی، هەروەها لایەنێکی گرینگی ئەدەبی کوردی کە رەخنەی ئەدەبی کوردییە بایەخی

---

(1) جەمال خەزنەدار، رابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، بەغدا،١٩٧٣، ل٢؛ وریا جاف، کەرکوك، دراسة سیاسیة واجتماعیة، اربیل، ١٩٩١، ص ٤٦.

(2) سەدیق ساڵح وئەوانی تر،شەفەق یەکەمین گۆڤاری کوردی لە کەرکوك، ب:١، بنکەی ژین، سلێمانی٢٠١١،ل ٢٩-٣١.

(3) بۆزانیاری زیاتر بروانە:شەفەق، ژمارە جیاجیاکانی گۆڤارەکە.

(4) بروانە: شەفەق، ژ (٧)ی ساڵی یەکەم، تەموزی ١٩٥٨، ل ١-٢.

(5) بروانە: شەفەق، ژ(٩) تشرینی یەکەم بەرگی یەکەم١٩٥٨ کۆتای گۆڤارەکە.

پێدراوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ژمارەی یەکەمیدا موحەرەم محەمەد ئەمین وتارێکی لەم بارەیەوە بلاٌوکردووەتەوە. هەر لە بەشی رەخنەدا مارف بەرزنجی وتارێکی رەخنەی لەسەرکامەران موکریی و دیاریەکەی نوسیوە[١]، رەخنەکانی تەنها رەخنەیی ئەدەبی نەبوو، بەڵکو رەخنەی لەو کتێبانەی تازە بلاٌوکراونەتەوە گرتووە[٢] .

یەکێك لەو بوارانەی گۆڤارەکە گرینگی پێدراوە بواری پێشبڕکێی نووسین بووە، بە درێژایی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی لەساڵی١٨٩٨ەوە لە رۆژنامەی(کوردستان) کە یەکەمین رۆژنامەی کوردی تاوەکو گۆڤاری شەفەق (١٩٥٨-١٩٦٣) یەك جار پێشبرکێ بۆنووسینی کوردی کراوە، ئەویش لە رۆژنامەی(پێشکەوتن) ئەنجام دراو پەخشانێکی زەکی سائب بە یەکەم دەرچووە[٣]، دوای ئەمە لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری شەفەقدا ئاگاداری بلاٌوکراوەتەوە بۆ پێشبرکێ بۆ باشترین و چاکترین نووسین و چیرۆکی کوردی تازە ...)[٤] لە ژمارەکانی داهاتوودا (٣١) نووسەر بەرهەمەکانیان بۆ ئەم پێشبرکێیە ناردووە[٥]، لەناو ئەو بەرهەمانە چیرۆکی (چای شیرین)ی محەمەد صدیق عارف(حوسێن عارف) بەیەکەم دەرچووەو بلاٌوکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چیرۆکە تائێستاش لە یادەوەری ڕۆشنبیرانی شارەکەدا هەرماوە[٦]. بەم شێوەیە شەفەق شوێنێکی دیاری لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی شاری کەرکوك هەیە، بەتایبەتی لە بواری ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی، کاریگەری لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی و نەتەواییەتی کوردی لە شاری کەرکوك کردووە.

**٣- رۆژنامەی (البشیر):** رۆژنامەیەکی ئەدەبی رۆشنبیری هەفتانە بوو، بە زمانی تورکمانی و عەرەبی دەردەچوو، یەکەمین ڕۆژنامەیە لە کەرکوك دوای شۆرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨دەرچوو بێت. ژمارە (١)ی لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٥٨ دەرچووە، خاوەن ئیمتیازی محەمەد ئەمین عصری[٧]بوو، بەشی تورکمانی لەلایەن عەتا تەرزی باشی[٨]، بەشە عەرەبیەکەشی لەلایەن حبیب هرمزی[١] سەرپەرشتی

---

[١] شەفەق ، ژ (١) ساڵی یەکەمی ١٩٥٨ .

[٢] ئەحمەد محمد ئیسماعیل، شەفەق ئەستێرەیەکی گەشی دونیای رۆژنامەگەری کوردی (١٩٥٨-١٩٦٢)،رامان" گۆڤار"، ژ(٥٩)ی ٥ی مایسی ٢٠٠١، ل ٨٠.

[٣] هـ.س، ل ٨٠.

[٤] شەفەق، ژ(٢) بەرگی ١٥ی شوباتی ١٩٥٨.

[٥] شەفەق، ژ (٤)ی نیسان ١٩٥٨، ل٢١.

[٦] شەفەق، ژ (٥-٦)ی مایس وحوزەیرانی ١٩٥٨، ل٢٠-٢٣.

[٧] محەمەد ئەمین عەسری: لەساڵی ١٩٠٠ لە کەرکوك لەدایك بووە، خوێندنی ئاینی تەواوکردووە، هەر لەوشارەدا مامۆستایەتی کردووە، لەساڵی١٩٤٩ کتێبخانەی تەرەقی و لە ساڵی١٩٥٣ چاپخانەی لە شارەکە داناوە، چەندان بەرهەمی نووسەرانی شارەکەی چاپکردووە، لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەری دەستی باڵای هەبووە، لەوانە دەرکردنی رۆژنامە (البشیر).بروانە: هەڵۆ کاکەویس، س.پ، ل٣٣-٤٧.

[٨] عەتا تەرزی باشی لەساڵی١٩٢٤ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەشارە تەواو کردووە، لە ساڵی١٩٥٠کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، لەبواری نووسین رۆژنامەگەری دەستی باڵای هەیە، لە٢٠١٦

کراوه[٢]. ئەم ڕۆژنامەیە تاوەکو ١٧ی ئاداری ١٩٥٩ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا (٢٦) ژمارەی لێ دەرچووە[٣]، سەرجەم ژمارەکانی لە چاپخانەی کەرکوك چاپ کراوە[٤].

ناوی ڕۆژنامەکە بە ناوی موتەسەڕیفی کەرکوك (بشير حديد) ناونراوە بەشیر(مژدە)، کە ژمارە یەکی ڕۆژنامەکەش بەبۆنەی ڕژێمی کۆمارییەوە بابەتێکی بەناوی دەرکەوتنی گرنگی کۆمارییەوە بلاوکردووەتەوە[٥]. لەو ڕۆژنامەیەدا بابەتی هەمەجۆر بلاوکراونەتەوە، بەلام بەشێوەیەکی زیاتریش گرینگی بەلایەنی ئەدەب دراوە، هەواڵە ناوەخۆییەکان و بابەتی کۆمەلایەتی و یاسایی و تەندروستی و وەرزشی و کشتوکاڵی بلاوکراوتەوە. لەپاڵ ئەمەدا چەند بابەتێکی گشتی وەکو ئاگاداری و ڕاگەیاندن و وەکو پڕوپاگاندە وهاوسەرگیری وپرسە وچالاکی وەرزشی و پێشانگای هونەری و شانۆی ئاگاداری بۆ کراوە. لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەیەك نووسەر بەرهەمیان بلاوکردووەتەوە، لەوانە (مستەفا کوك قایا، حەبیب هورمزی، محەمەد خەتات، وحیدین بەهادین، مستەفا جواد و....هتد)، جگە لە نووسەرانی کەرکوك، بەڵکو نوسەران و شاعیرانی دەرەوەی کەرکوکیش بەرهەمیان بلاو کردووەتەوە، وەکو شاعیری دیاری تورکمان نسرین اربیللی[٦]. وێرای ئەمانە نووسەرانی کوردیش بەرهەمیان بە زمانی عەرەبی تێدا بلاوکردووەتەوە[٧]. ڕۆژنامەی بەشیر هەرچەندە تەمەنی کورت بوو، بەلام توانیویەتی لەو ماوە کورتەدا بەهەموو ئەو بەرهەمانەی بلاوی کردووەتەوە، تەکانێك بە مێژووی ڕۆژنامەگەری تورکمانی لە کەرکوك بدات و خزمەت بە بواری ڕۆشنبیریی و ئەدەبی تورکمانی لە شارەکە بکات.

**٤-بلاوکراوەی(صدى جمهورية):** بلاوکراوەیەکی قوتابخانەییە، لەلایەن قوتابخانەی الوطنی سەرەتایی کچانەوە لە مایسی ١٩٥٩ بە زمانی عەرەبی دەرکراوە. تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچووە بە ئامێری ڕۆنیۆ چاپ کراوە[٨] .

---

کۆچی دوایی کردووە، صباح عبدالله کەرکوکلی، اعلام الصحافه الترکمانیه فی العراق١٩٠٠-٢٠٠٣، کرکوك، ٢٠١٣، ص١٠٦.

[١] حبيب هرمزی لەساڵی ١٩٣٢لەکەرکوك لەدایك بووە، لەساڵی١٩٥٤کۆلێژی مافی تەواو کردووە.لەبواری ڕۆژنامەگەری جێی پەنجەی دیارە، لەساڵی٢٠١٤کۆچی دوای کردووە. م.ن، ص١٣٨-١٣٩.

[٢]حەبیب هورمزی لەساڵی ١٩٣٢ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شارەکە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥٤ کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەری دەستی بالای هەبووە، لەوانە گۆڤاری الاخاء/قارداشلق. صباح عبدالله کرکوکلی، م.س، ص١٣٨؛ نصرت مردان، م.س، ص ١٥٤.

[٣] حبيب هرمزی، تاريخ الصحافة الترکمانية في کرکوك، سومر"مجلة"،ع(٧) سنة ٢٠٠٧، ص٦٢.

[٤]عطا ترزی باشی، تاريخ الطباعة و الصحافة، ...، ص ١٦٦.

[٥]نصرت مردان، م.س، ص١٥٥.

[٦]عطا ترزی باشی، تاريخ الطباعة و الصحافة ...، ص ١٧٤.

[٧] ئیسماعیل علی، بەشیر یەکەمین ڕۆژنامەی تورکمانی سەردەمی کۆماری لە کەرکوك ڕۆژنامەنووس"گۆڤار" هەولێر، ژ (٤)ی ٢٢/نیسانی ٢٠٠٥، ل ١٨٩.

[٨] صباح بازرگان، م.س، ص ١٦.

**٥-رۆژنامەی (ئازادی):** ڕۆژنامەیەکی سیاسی، زمانحاڵی حیزبی شیوعی عێراق لقی کوردستان بووە، بە زمانی کوردی دەردەچوو، خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەرەکەی پارێزەر نافع یونس[١] بووە. ژمارە (١)ی لە ١ی مایسی ١٩٥٩دەرچووە، رۆژنامەکە سەرەتا هەفتانە بووە، پاشان بووەتە رۆژانە. پاش ڕووداوەکانی ساڵی١٩٥٩ گواستراوەتەوە بۆ بەغدا و لە ٢٨ تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ داخراوە[٢]. لەو ماوەیەدا (١٥٦) ژمارەی لێ بلاۆکراوەتەوە، کە (١٣) ژمارەی سەرەتایی لە شاری کەرکوك دەرچووە لە چاپخانەی کەرکوك لە چاپدراوە[٣].

دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکە هەریەك لە (ئەحمەد غەفور، محەمەدی مەلا کەریم، عەزیز محەمەد، حوسێن عارف، عزەددین مستەفا رسول)بووە. رۆژنامەکە سەرەتا (٤) لاپەڕەی بە قەبارەی ٢٩×٤٢ بووە دواتر بۆتە (١٤) لاپەرە، سەرەڕای گرینگی دانی بەهەواڵی سیاسی وچالاکی حیزبی زۆر بایەخی بە شۆڕشی ١٤ تموزی ١٩٥٨ داوە چەندین لاپەرەی بۆ تەرخان کردوە بەتایبەتی لە ژمارە (١٤)ی زۆربەی لاپەرەکانی بۆ یادی شۆڕش تەرخان کردووە.

جگە لەمانە رۆژنامەی ئازادی چەندان هەواڵی کوردستانی و عێراقی بلاۆدەکردەوە. وێڕای ئەو بابەتە مێژوویی و هونەری و ئەدەبی بلاۆکراوەتەوە[٤]. ئەم رۆژنامەیە لە شارەکەدا رۆڵی گەورەی هەبوو، لە هۆشیارکردنەوەی چینی زەحمەتکێشان وداخوازیەکانیان مافی نەتەوایەتی کورد و بەرەو پێش بردنی باری ئەدەبی و هونەری زمانی رۆشنبیریی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

**٦- رۆژنامەی (گاورباغی):** درێژە پێدەری رۆژنامەی کەرکوك بوو، دووەم رۆژنامەیە لە پاش شۆڕشی ١٤ تەموزی١٩٥٨ لە کەرکوك دەرچووە، رۆژنامەیەکی هەفتانە بووە، بە تورکمانی وعەرەبی لە ٢٩ی حوزەیرانی١٩٥٩دەرچووە، لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی کەرکوك سەرپەرشتی کراوە بەهەوڵ وتەقەلاّی عوسمان موستەفا خۆشناو[٥] دەرکراوە، بەڕێوەبەری نوسینی رۆژنامەکە بووە دەڵێت"سەرەتا وا بڕیار بوو ناوی رۆژنامەکە بکرێتە بابا گورگور، بەڵام دواتر ناونرا گاورباغی بەهۆی ڕووداوەکەی ساڵی ١٩٤٦ی کەرکوکەوە"[٦].

---

[١] نافع یونس لەساڵی ١٩١٧ لەشاری هەولێر لەدایك بووە، کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدای لە١٩٤٨ تەواوکردووە، ئەندامی لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراقی بووە، لەساڵی ١٩٦٣لەسێدارە دراوە، جمال بابان، م.س، ص٥٠٨.

[٢] صباح بازرگان، م.س، ص١٧.

[٣]سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان، ...، ل٨٠-٨١.

[٤]جمال خەزنەدار، س.پ، ل٦٨؛ بروانە ئازادی"ڕۆژنامە" ژ(١٤)سالی یەکەم ١٩٥٩.

[٥] عوسمان مستەفا خۆشناو:لە ساڵی ١٩٢٦ لەشاری کۆیە لەدایك بووە، لەساڵی١٩٣٦هاتۆتە کەرکوك، بەهۆی چالاکی سیاسیەوە چەندین جار دەستگیرکراوە، لەبواری ئەدبیات دەستی بالاّی هەبووە، لەسالی ٢٠١٥کۆچی دوایی کردووە. عوسمان مستەفا خۆشناو، گەلاّوەریوەکان، هەولێر٢٠٠٧، لاپەرەی جیاجیا.

[٦] ئەم رووداوە لە ئەنجامی مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لەشارەکە لەپێناو باشکردنی ژیان وگوزەرانیان هاتووەتە کایەوە، حکومەت بەهێز وەلاّمی مانگرتووانی داوەتەوە، لە ئەنجامدا چەند کرێکارێك تیاچوون. بروانە:مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق،١٩٤٥-١٩٥٨،سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٢٢-٢٣٨؛

ئەم ڕۆژنامەیە (٣٤) ژمارەی بەناوی گاورباغیەوە لێدەرچووە، دواتر لە ٢٦ی ئەیلولی ١٩٦٠ ناوی بووەتەوە کەرکوك لە ژمارە(١٧٣١) جارێکی دیکە دەرچووەتەوە[١]. ئەم رۆژنامەیە گرینگی بەلایەنی سیاسی و هەواڵی ناوەخۆیی دەدا، چەندین بابەتی ئەدەبی وەك چیرۆك و شیعری، هەروەها وێڕای ئەمانە هەواڵی پەروەردەیی وزانستی وتەندروستی، لەگەڵ پڕوپاگەندە و راگەیاندنی ئاگاداریەکانی دامەزراوە فەرمیەکان و هاولاتیانی بلاوکردووەتەوە[٢]. سەرجەم ژمارەکانی رۆژنامەکە لە چاپخانەی شارەوانی لەچاپدراون[٣].

**٧-گۆڤاری(طليعة):** گۆڤارێکی ئەدەبی رۆشنبیریی پەروەردەیی مانگانە بوو، لەلایەن خانەی مامۆستایانی کەرکوك (دارالمعلمين)ەوە دەردەچوو، ژمارەی (١)ی لە حوزەیرانی ١٩٥٩بە زمانی عەرەبی دەرچووە، دەستەی نووسەرانی هەریەك لە (سەعد جەباری، زوهدی داودی، کەمال نامق) بوون، ئەوەی جێگای ئاماژەیە نازانرێت چەند ژمارەی لێدەرچووە[٤].

**٨-گۆڤاری(صوت الطلبة-دەنگی قوتابیان-اوکرنجی سەسی):**گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی قوتابیانە، ئۆرگانی لقی کەرکوکی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق بوو. بەزمانی عەرەبی وکوردی وتورکمانی بەرهەمەکانی بلاوکردووەتەوە، تەنها دوو ژمارەی لێدەرچووە ژمارە (١)ی لە ١٣ی ئابی ١٩٥٩ دەرچووە لە چاپخانەی شیمال لەچاپدراوە، لە ڕووپەری یەکەمی رۆژنامەکە وێرای باسێکی بەیادی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بلاوکردووەتەوە، هەروەها وێنەی سەرکردەی شۆڕش عبدالكريم قاسم لە ڕووپەری یەکەمی داوە. دەنگی قوتابیان بەشێوەیەکی گشتی بایەخی بەبابەتی قوتابیان وچالاکیەکانیان داوە، بواری ئەدەبیشی فەرامۆش نەکردووە،چەندین چیرۆك و شیعری تێدا بلاوکراوەتەوە[٥].

**٩- رۆژنامەی (رای گەل /رأى الاهالى):** رۆژنامەیەکی سیاسی و ئۆرگان و زمانحاڵی پارتی (نیشتمانی دیموکراتی[٦]) بوو، یەکەم ژمارەی لە ٦ی ئەیلولی ١٩٥٩ بەزمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، صدیق

---

سەباح ئیسماعیل، چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان موستەفا خۆشناو، نەوشەقەق، "گۆڤار" کەرکوك،( ٦٣)کانوونی یەکەم ٢٠٠٨، ل ٥٠-٥٤.

[١] عطا ترزي باشي، تاريخ الطباعة والصحافة ....، ص ١٣٠.

[٢] بروانە: گاورباغی"رۆژنامە"، ژ(١٠) ساڵی(٣٣)، ٢٤ تشرینی یەکەمی ١٩٥٩.

[٣] فاروق جەمیل کریم ، س.پ، ل ٥٣.

[٤] ه.س، ل٥٠؛ عطا ترزي باشي، تاريخ الطباعة والصحافة ....،ص ١٨٨.

[٥] بروانە :صوت طلبة "مجلة"، كركوك، ع(١) السنة الاولى، الخميس ١٣اب ١٩٥٩؛ ع(٢) السنة الاولى ١٩٥٩ .

[٦] ئەم پارتە لەساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە، کامل چادرچی سەرۆکی بووە، زۆربەی کات ئەم پارتە بەرهەڵستکاری حکومەتی عێراقی کردووە، ئامانجی سەربەخۆیی عێراق و چاکسازی لەبواری سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتی وسەربازی...هتد. حەسەن بارام، مەوسوعەی پارتەسیاسیەکانی کوردستان وعێراق١٩٠٨-٢٠٠٥، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ١٦١-١٦٢.

علی بلوکینی[1] خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکە بووە، تاوەکو ژمارە (٦٩) کە لە یەکێك لە شەقامەکانی کەرکوك تیرۆرکرا، دوای ئەو نازم وندای بووەتە، خاوەن ئیمتیازی محەمەد مەردان قەلەمچی سەرنووسەری بووە. دەستەی نووسەرانی هەریەك لە (محەمەد توفیق و نازم وەنداوی)بوون، چەند ژمارەیەکی لە چاپخانەی شارەوانی لە کەرکوك و ژمارەکانی دیکەی لە چاپخانەی سەلاحەددین لەچاپدراوە[2].

١١- **بلاوکراوەی (العزە)**: بلاوکراوەیەکی پەروەردەیی لە شێوەی گۆڤار بوو، لەلایەن قوتابخانەی العزەی سەرەتای کوران لە ساڵی ١٩٥٩بلاوکراوەتەوە تەنیا یەك ژمارەی لێدەرچوو[3].

١٢-**گۆڤاری (پێشڕەو –الطلیعة)**:گۆڤارێکی رۆشنبیریی پەروەردەیی قوتابیان بووە، خاوەن ئیمتیازی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق/لقی کەرکوك بوو. تەنیا (٣) ژمارەی لە ساڵی١٩٦٠ بە زمانی کوردی وعەرەبی وتورکمانی دەردەچوو، سەرجەم ژمارەکانی لە چاپخانەی شیمال لەچاپدراون. بابەتەکانی تایبەت بوون بە کاروبارو دەنگوباس و چالاکی قوتابیانی شاری کەرکوك[4].

١٣-**گۆڤاری (الربیع)**: گۆڤارێکی رۆشنبیریی کۆمەڵایەتی مانگانە بووە، خاوەن ئیمتیازەکەی دانیال داود بنیامین و تەیمور صاحێبقران سەرنوسەری بوو، یەکەم ژمارەی لە ١٤ ایلولی١٩٦٠ بەزمانی عەرەبی و ئاسوری دەرچووە، یەکەمین گۆڤار بوو لە شاری کەرکوك بە زمانی ئاسوری دەرچوو بێت، تاوەکو ١٦ی ئابی ١٩٦١ بەردەوام بووەو دواتر وەستاوە[5].

١٤-**رۆژنامەی(رێگای کوردستان)**: رۆژنامەیەکی رێکخراوەیی نهێنی بوو، لەلایەن رێکخراوی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقی لە ساڵی ١٩٦٢ بە زمانی کوردی دەرکراوە، لەژێر سەرپەرشتی ئەحمەد دلزاردا بوو تاوەکو ٨ شوباتی ١٩٦٣وەستاوە[6].

١٥-**گۆڤاری (نشاط المدرسی)**: بلاوکراوەیەکی هونەری بوو، لەلایەن بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك بەشی چالاکیە هونەرییەکان (النشاط الفنی) بە زمانی عەرەبی تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە (١) لە ساڵی خوێندنی(١٩٦١-١٩٦٢) ژمارە (٢)لە ساڵی خوێندنی(١٩٦٣-١٩٦٤)بوو. دەستەی

---

[1] صدیق علی بلوکینی، کەسایەتیی دیارو ڕۆشنبیری کورد بوو، دوایی رووداوەکانی ١٩٥٩ لەلایەن بە کرێگیراوانی قاسم وتۆرانیەکان کوژراوە، رەفیق شوانی، ووتارەکانم دەربارەیکێشەی کورد،...، ل٢٠٢.

[2] فاروق جەمیل کریم، س.پ، ل ٥٦.

[3] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان....، ل ٧٨.

[4] عبدالجباری محمد جباری، تاریخ الصحافە الکردیە فی العراق، بغداد، ١٩٧٥، ص ٦١؛ سمکۆ جباری، باری ڕۆژنامەوانی و روناکبیری کەرکوك، رۆژنامەنووس ، ژ (٢٣-٢٤)ی زستانی ٢٠١١، ل ١٥٨.

[5] سمکو بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ...، ل ٨٢.

[6] ئەحمەد مستەفا حەوێزی، لە ساڵی١٩٢٠ لە شاری کۆیە لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٧٠ بووەتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتی نوسەرانی کورد، چەند بەرهەمی شیعری هەیە لەوانە خەبات وژیان١٩٥٩، گەنجینە١٩٦٠، دیوانی دلزار ١٩٩٢. جمال بابان، م.س، ص٤٧-٤٨؛ صباح بازرگان، م.س، ص ١٩.

نووسەرانی هەریەك لە (مەحموود عوبێدی و ئەنوەر محەمەد رەمەزان، سەلاحەددین شخیلر، نوئیل بهجەت) بوون. لە چاپخانەی شیمال لە کەرکوك چاپکراوە[1] .

١٦-**رۆژنامەی (النهضة)**: رۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانە بوو، خاوەن ئیمتیازی عبدالعزیز تاڵەبانی بوو سەرنووسەرەکەی محمد سدیق نقاش بوو، ژمارە(١)ی لە ١٢ئازاری١٩٦٣ دەرچووە،تاوەکو ژمارەی٣بە عەرەبی دەرکراوە، دواتر لە ٢٨ ئازاری ١٩٦٣ گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی بەزمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە [2].

١٧-**گۆڤاری (العامل الاشتراكي)**: گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی بوو، خاوەن ئیمتیازەکەی رەجەب طفاج جمیلی بوو، سەرنوسەرەکەی خلیل العباسي بوو ژمارە (١)ی لە ٣٠ی مایسی ١٩٦٣ دەرچووە تاوەکو ١٨تشرینی دووەمی ١٩٦٣ داخراوە[3].

١٨- **رۆژنامە(العراق الرياضي)**: رۆژنامەیەکی وەرزشی بوو بە هەوڵی ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی دەرکراوە، تەنیا یەك ژمارەی بە زمانی عەرەبی لێدەرچووە، ئەویش بەبۆنەی جامی جیهانی تۆپی پێ ی ١٩٦٦ بووە[4].

١٩-**بڵاوکراوەی(صدى كەركوك الرياضي)**: بڵاوکراوەیەکی وەرزشی بوو، لە شێوەی کتێب بڵاوکراوەتەوە لەلایەن ئیسماعیل تورکمن[5]، سەرپەرشتی کراوە. (٤) ژمارەی لێدەرچووە، ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٦٦ دەرچووە دوا ژمارەی لە ساڵی ١٩٦٧ دەرچووە پاشان وەستاوە[6] .

ئەم گۆڤارە چەند باسێکی بۆ مێژووی تۆپی پێ ی شارەکە تەرخان کردبوو، چەندین بابەتی وەرزشی وەکو ژیاننامەی یاریزانانی ناوەخۆ و یاریزانانی دەرەکی و بابەتێکی تەرخان کردبوو بۆ ژیانی بۆکسێنی جیهانی محەمەد عەلی کلای. بابەتی دەربارەی یاسا وەرزشییەکان بڵاوکردووەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم بڵاوکراوەیە کاریگەری لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری وەرزشی لە شاری کەرکوك هەبووە [7].

٢٠-**رۆژنامەی(انباء الرياضة والشباب)**: رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەبوو، خاوەن ئیمتیازەکەی ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی بووە، تەنیا یەك ژمارەی لە ٢٠ تشرینی دووەمی ١٩٦٧ لێ دەرچووە

---

[1] عطا ترزي باشي، تاريخ الطباعة والصحافه...، ص ١٨٨.

[2] صباح بازرگان، م.س، ص ١٩.

[3] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ..، ل ٨٢.

[4]چاوپێکەوتن لەگەل ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی لە٢٠١٥/٦/١٧، ناوبراو لە ساڵی١٩٤٧ لە کەرکوك لەدایك بووە، لەبواری شیعرو رۆژنامەگەری دەستی هەیە، چەندین گۆڤار ورۆژنامەی دەرکردووە، ئێستا لەکەرکوك ژیان بەسەردەبات.

[5]اسماعیل سرت تورکمن: لە ساڵی١٩٣٣لە قرەبات لە پارێزگای دیالە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لە کەرکوك تەواو کردووە، لە١٩٥٣خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە، دواتر بووەتە مامۆستا لە کەرکوك دەستی باڵا لە بواری شیعرو چیرۆکی منداڵان هەبووە، لە بواری ڕۆژنامە گەریش رۆڵی دیاری هەبووە، چەندین رۆژنامەی لەکەرکوك دەرکردووە لە ساڵی ١٩٩٩ کۆچی دوای کردوە. صباح عبدلله کرکوکلي,م.س, ص١٤٥-١٤٦.

[6] صدى كركوك الرياضي "مجلة" ع (١) سنة ١٩٦٦؛ ع(٢) سنه ١٩٦٦؛ ع (٣) سنة١٩٦٦.

[7] صدى كركوك الرياضي ، ع(٢) سنة١٩٦٦.

چەندین بابەت و هەواڵی وەرزشی ناوەخۆیی و شاری کەرکوك و جیهانی بڵاوکراوەتەوە [1]، بەهۆی نەبوونی پارە وەستاوە[2] .

**٢١-گۆڤاری پشکۆ:** ئەم گۆڤارە زمانحاڵی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان/ لقی کەرکوك بوو، ژمارە(١)ی لە١٩٦٧بەزمانی کوردی دەرچووە، دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە، (قادرمەلاعومەر وعبدوڵڵا حەمید،عبدولستار تاهیرشریف، عەبدوڵڵا سەراج،عبدولقادرسەلام) بوونە. تاوەکوساڵی١٩٦٩ بەردەوام بووە، لە دەرچوون لەو ماوەیەدا (١٨) ژمارەی لێدەرچووە گرینگی بە خوێندن و کاروباری مامۆستایان داوە[3] .

**٢٢-رۆژنامەی(کرکوك الیوم):** رۆژنامەیەکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی ناوبەناو بووە، بە زمانی عەرەبی لەلایەن لیژنەی هۆشیاری (اللجنة التوعیة) سەرۆکایەتی شارەوانی کەرکوك، ژمارە(١)ی لە حوزەیرانی ١٩٦٨ دەرچووە، تاوەکو ساڵی ١٩٧٢ تەنیا(٥)ژمارەی لێ دەرچووە، لە چاپخانەی شارەوانی لە کەرکوك لەچاپدراوە، بابەتەکانی زیاتر تایبەتمەند بوون بە چالاکی شارەوانی کەرکوك[4].

**٢٣-گۆڤاری(صدی الشباب):** گۆڤارێکی رۆشنبیری قوتابیان بوو، تەنیا یەك ژمارەی لەلایەن قوتابخانەی ناوەندی الغربیة بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە[5] .

**٢٤-گۆڤاری(مەشخەڵ):** گۆڤارێکی سیاسی نهێنی بوو، لەلایەن لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکراوە، لەبەر سروشتی پێکهاتەی نەتەوەیی شاری کەرکوك بە هەرسێ زمانی کوردی و تورکمانی و عەرەبی بابەتەکانی بڵاوکردووەتەوە. لە ژمارە ژمارە (١) لە تشرینی ١٩٦٧ی گۆڤارەکەدا لە مانشێتی گەورەی دا بە ناونیشانی (الشعلة النفط) تێیدا، هاتووەمەبەست لە هەڵبژاردنی ناوی مەشخەڵ مەبەستی لەو گڕەیە کە لەناوچەی کەرکوك ئەدرەوشێتەوە. گۆڤارەکە چەندان بابەتی سیاسی و ئابووری بڵاوکراوەتەوە لەوانەی کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر پیشەسازی لەجیهاندا، هەروەها بۆ گەلی کورد بووەتە مەینەتی مەشخەڵ، بایەخی بە جوتیاران و تێکۆشەران و قوتابیان داوە. ئەم گۆڤارە بە ئامێری رۆنیۆ چاپ کراوە (٢٠)لاپەرە بووە، گۆڤاری مەشخەڵ بیری نەتەوایەتی بڵاوکردووەتەوە لە سنوری پارێزگای کەرکوکدا رۆڵی گەورەی لەم بوارەدا گێراوە[6].

**٢٥-گۆڤاری(هەڵمەت):** گۆڤارێکی سیاسی هەواڵی پەروەردەیی بوو، لەلایەن سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان/لقی کەرکوك بەشێوەیەکی نهێنی ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٦٨ دەرکراوە، هەریەك لە:(عەبدولقادر عومەر گنێدی و عەبدولقادر سەلام و عەبدڵڵا حەمید)دەستەی نووسەران بوونە

---

[1] ابناء الریاضة و الشباب "جریدة" ع (١) سنة ١٩٦٨.

[2] چاوپێکەوتن لەگەل: ئەحمەد محمد کەرکوکلی٢٠١٥/٦/١٧.

[3] صباح بازرگان، م.س، ص ٢٠.

[4] عطا ترزی باشی، تاریخ الطباعة و الصحافة ....، ص ٨٦.

[5] صباح بازرگان، م.س، ص ٢١.

[6] وریا جاف، مێژووی رۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٩٦دهۆك، ١٩٩٦، ل ٣٨-٣٩.

بابەتەکانیان کۆدەکردەوە لە کەرکوک بە نهێنی دەنێردرایە سلێمانی بە ئامێری رۆنیۆ لەچاپدراون تا ساڵی١٩٧٠بەردەوام بووە، گۆڤارەکە گرینگی بە مامۆستا و کێشەکانیان داوە[١].

٢٦-**بڵاوکراوەی(المربی)**: بڵاوکراوەیەکی پەروەردەی ناوبەناو لەلایەن پەیمانگای مامۆستایان (دار المعلمین) لە کەرکوك ژمارە (١) لەساڵی١٩٦٩ دەرکراوە، بەسەرپەرشتی دەستەیەك لە مامۆستایانی زمانی عەرەبی پەیمانگا، کە چەند ژمارەیەکی لێدەرچوو[٢].

٢٧-**بڵاوکراوەی (الازدهار)**: بڵاوکراوەیەکی پەروەردەیی ڕۆشنبیریی گشتی بوو، لەلایەن قوتابخانەی (الازدهار)ی ناوەندی کچانەوە ، ژمارە (١)ی لەساڵی١٩٦٩ دەرچووە. هەریەك لە مامۆستا سەحاب محمد بەرێوەبەری قوتابخانە و مامۆستا فەوزیە عبدالله هندی مامۆستای زمانی عەرەبی، مامۆستا شهزنان عبدالباری مامۆستای کۆمەڵایەتی رۆڵیان لەدەرکردنی دا هەبووە[٣].

٢٨-**گۆڤاری (العامل)**: نیو مانگانەیەکی کرێکاری رۆشنبیریی، زمانحاڵی یەکێتی سەندیکای کرێکارانی کەرکوك بوو، باتەکانی دەربارەی رەوشی کرێکاران وهۆشیاری کرێکاران بووە، ژمارە (١)ی لە ١٨ کانوونی یەکەمی ساڵی١٩٦٩ بە عەرەبی دەرچووە، گۆڤارەکە شەش ژمارەی لێ دەرچووە و ژمارەی کۆتایی لە ١ی ئاداری ١٩٧٠ سەرجەم ژمارەکانی لە چاپخانەی شارەوانی لە کەرکوك لە چاپدراوە[٤] .

٢٩-**گۆڤاری** (**English magazine**): ئەم گۆڤارە بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن ناوەندی کەرکوکی کچانەوە، تەنیا یەك ژمارەی لە ساڵی ١٩٦٩ لێدەرچووە[٥].

٣٠-**گۆڤاری (المعرفة Knowledge)**: گۆڤارێکی پەروەردەیی بوو، بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن ئامادەیی کەرکوکی کورانەوە لە ئاداری ساڵی١٩٧٠ دەرچووە لە چاپخانەی شیمال لەچاپدراوە[٦].

٣١-**بڵاوکراوەی (منع وقع الحوادث)**: بڵاوکراوەیەکی لەشێوەی کتێب لە کۆمپانیای نەوتی عێراق کەرکوك و کۆمپانیای نەوتی موسل بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ژمارە (١)ی لە ١٩٧٠ دەرچووە، تەنیا سێ ژمارەی لێدەرچووە[٧] .

٣٢-**گۆڤاری (النمر)**: گۆڤارێکی رۆشنبیریی سەربازی بوو، لەلایەن سەرۆکایەتی تیپی دووی کەرکوك (**قیادة فرقة الثانیة**) ژمارە (١)ی لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٧١ بە زمانی عەرەبی بە یادی دامەزراندنی سوپای عێراق دەرچووە، کەباتەکانی تایبەت بوونە بە چاڵاکی سەربازی[٨].

---

[١] فاروق جەمیل کریم، س.پ، ل ٥٧-٥٨ .

[٢] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ... ، ل٨٧.

[٣] الازهار "بڵاوکراوە" ، ژ(١) سالی یەکەمی ١٩٦٩.

[٤] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ....،ل ٨٦.

[٥] صباح بازرگان، م.س،ص ٢٣.

[٦] م.ن ص٢٣.

[٧] صباح بازرگان، م.س، ص ٢٣.

[٨] فاروق جەمیل کریم، س.پ، ل ٦٦.

**٣٣-گۆڤاری(سسلر)**:گۆڤارێکی رۆشنبیری بوو، لەلایەن کۆمەڵێك لاوی کەرکوك بەسەرپەرشتی ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی دەرکراوە، تەنیا دوو ژمارەی لێدەرچووە ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٧١، ژمارەی (٢)ی لە ساڵی١٩٧٢ بە زمانی تورکمانی دەرکراوە لە چاپخانەی جمهوری لەچاپدراوە، گۆڤارەکە بەهۆکاری ئابووری لەدەرچوون وەستاوە[١].

**٣٤-گۆڤاری (الصداقة)**: گۆڤارێکی منداڵانەی مانگانە بوو، لەلایەن چەند قوتابیەکی(ناوەندی مەرکەزی) کوران دەرکراوە، تەنیا یەك ژمارەی لە ١ی کانونی دووەمی١٩٧٢لێدەرچووە [٢].

**٣٥-گۆڤاری(گزنگ)**:کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمەرەنگی نووسەرانی کەرکوکە، لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکوك لەژێر چاودێری رەزا شوان[٣]، ژمارە (١)ی لە٥ی ئاداری١٩٧٢ بە زمانی کوردی دەرچووە[٤]. تەنیا ئەو ژمارەی لە کەرکوك دەرچووە دواتر داخراوە، وگواستراوەتەوە شاخ بە نهێنی تاوەکو ١٩٩١ (١٧) ژمارەی لێ دەرکراوە[٥]. لە ساڵی ٢٠٠٤ جارێکی دیکە لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوکەوە دەست کراوەتەوە بە دەرکردنی تاوەکو ئێستا بەردەوامە.

گۆڤارەکە بابەتەکانی ئەدەبین بریتین لە دەقی شیعری و چیرۆك، رۆڵی دیاری لەبەرەو پێش بردنی رۆشنبیری کوردی لە شاری کەرکوك هەبووە، کە توانیویەتی لە تاقانە ژمارەکەدا کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی نووسەران وشاعیرانی کەرکوك وکوردستان بخاتە بەردەست خوێنەرانی کورد. لە چاپخانەی شیمال لە کەرکوك لەچاپدراوە[٦].

**٣٦-بڵاوکراوەی (المربی)**: بڵاوکراوەیەکی ناوبەناوی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بوو، یەکێتی مامۆستایانی کەرکوك بە زمانی عەرەبی وتورکمانی ژمارە(١)ی لە ٢٧ی کانونی یەکەمی ساڵی١٩٧٢ دەرچوو، قاسم یەحیا رحیب سەرنووسەری بووە، هەشت ژمارەی تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ لێ چاپکراوە[٧].

**٣٧-گۆڤاری(ئاڵای سوور)**:ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکس-لینینی کوردستانی عێراق بوو، لەلایەن شەهاب شێخ نوری ساڵح سەرپەرشتی کراوە، ژمارە (١)ی لە کۆتایی ساڵی١٩٧٢ تاوەکو ژمارە (٣)ی لە ساڵی ١٩٧٣ کەرکوك لە گەڕەکی ئازادی لە ماڵی فەرەیدون عەبدولقادر دەرکراوە، هەر خۆشی بەدەست تایپی کردووە، رۆژنامەکە رەهەندێکی کوردستانی هەبووە، زۆر بە بیروباوەڕی ماویزمی گوتاری توندی دژی یەکێتی سۆڤیەت نووسیوە[٨].

---

[١] سسلر،" بڵاوکراوە"،کرکوك ژ(١) تشرینی یەکەمی١٩٧١؛ چاوپێکەوتن ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی لە ٢٠١٥/٦/١٧.

[٢] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ....، ل ٨٨.

[٣]رەزا شوان: لە ساڵی١٩٤٣لەشاری کەرکوك لەدایك بووە، لە ساڵی١٩٦٨ پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواو کردووە، لەبواری رۆژنامەگەری چالاکی بەرچاوی هەبووە، ئیستا لەهەندەران ژیان بەسەردەبات. سمکۆ بەهرۆز، بیبلۆگرافیای ناوداران ....، ل١٦٤.

[٤] بروانە: گزنگ "گۆڤار"، کەرکوك، ژ (١)، ٣ی ئاداری، ١٩٧٢.

[٥]نەوزاد عەلی، گۆڤاری گزنگ لێکۆڵینەوە بیبلۆگرافیا، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٣١-٣٢.

[٦] بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە بابەتەکان: گزنگ، ژمارە (١)،٣ی ئاداری١٩٧٢.

[٧] صباح بازرگان، م.س، ص ٢٥.

[٨] فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلوپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٢٧.

**٣٨-گۆڤاری (بابەگوڕگوڕ)**: گۆڤارێکی پەروەردەیی بوو، لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی کوردستان/لقی کەرکوک دەرکراوە، تەنیا یەك ژمارەی لە ساڵی ١٩٧٢ لێدەرچووە [1].

**٣٩-گۆڤاری (باباگوڕگوڕ)**: گۆڤارێکی نهێنی نیمچە ئاشکرا بوو، لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان ژمارە (١)ی لە کانونی دووەمی ساڵی١٩٧٣دەرچووە. ژمارەی لاپەرەکانی(٢٠) لاپەرە و بە ئەندازەی ٢١×٢٢سم بەرۆنیۆ راکێشراوە، پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ١٩٧٤ گۆڤارەکە وەستاوە هەرچەندە هەوڵ دراوە درێژەی پێبدرێت، بەڵام نەتوانراوە ژمارەی دیکەی لێ دەربکرێت[2].

**٤٠-گۆڤاری(کوچوك قارداش)**: گۆڤارێکی منداڵانە بوو، لەلایەن ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی لە حوزەیرانی ساڵی١٩٧٣ تەنیا یەك ژمارەی بە زمانی تورکمانی لێدەرچووە، لە چاپخانەی شیمال لەچاپدراوە[3].

ئەوەی دەبینین لەوماوەیەدا ژمارەیەکی بەرچاوگۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەی پەروەردەیی لەشاری کەرکوک دەرکراون، بەڵام ئەگەر سەیرکەین دەبینین بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری لە سەرووی هەموویانەوە، هۆکاری سیاسیی وئابووری رۆڵی سەرەکیان هەبووە، لە بەردەوام نەبوونی ئەو گۆڤار رۆژنامانە، لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێوەیەکی گشتی بواری رۆژنامەگەری کاریگەری گەورەی لەهۆشیارکردنەوەی تاك وبەرزکردنەوەی مەعریفەی کۆمەڵگە هەبووە.

---

[1] صباح بازرگان، م.س، ص ٢٥.

[2] وەرگیراوە: لە زاهیر رۆژبەیانی ئەزموونی رۆژنامەگەریم، کەرکوك، ٢٠١٢، ل ١١-٣٢.

[3] چاوپێکەوتن لەگەل ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی لە٢٠١٥/٦/١٧.

## تەوەری سێیەم: بواری ئەدەبی:

ئەدەب یەکێك بووە، لەو بوارانەی کاریگەری گەورەی بەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوکدا هەبووە، ئەدەب هەمیشە خاوەن پەیامێك بووە، وەکو پێویستییەکی سەردەمەکە،خواست و ئارەزووی خوێنەران بۆ پەیامەکە ئەرێنی بووە. بواری ئەدەبی لە شاری کەرکوك بەسەرجەم لقەکانیەوە بەتایبەت (شیعر و چیرۆك وفۆلکلۆر ...) توانیویەتی رۆڵی کارا لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە بگێڕێت، زۆربەی رۆشنبیرانی شارەکە بەشداریان تێداکردووە، بەرهەمەکانیان لە رێگەی گۆڤار و رۆژنامەکان یان لەرێگەی دەرکردنی کتێب و نامیلکەی ئەدەبی بڵاوکردووەتەوە، یان بەشداریان لە رێگەی کۆمەڵ و کۆڕ و کۆبوونەوە ومیهرەجانە ئەدەبییەکانی کردووە، هەڵبەتە ئەمەش ئامرازێك بووە بۆگەیاندنی پەیامەکانیان.

## أ-شیعر:

شیعر ڕەگەزی سەرەکی ئەدەبە، لەسەرەتادا ئەدەب تەنیا بەرهەمی شیعری بوو. بەرهەمە شیعرییەکان لەماوەی ئەم توێژینەوەیە لەنێوان ساڵانی١٩٥٨-١٩٧٥ لە شاری کەرکوکدا رۆڵی کاریگەریان هەبووە، لە سەر بزوتنەوەی رۆشنبیریی شارەکە، بەرلەشۆڕشی١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بە شێوەیەکی گشتی شاعیرانی شارەکە بە رێبازی کلاسیکی شیعریان نوسیووە، لە دوایی شۆڕشیش لەسەر ئەم رێبازە بەردەوام بوون، وەك: ئەسیری(١٨٩٠-١٩٦٢)[١]، رەهبەر(١٩٠٣-١٩٧٣)[٢]، لوتفی (١٩٠٥-١٩٨٩)[٣]. ئەوەی دبینین تاکە هەوڵێك بۆ نوێگەری لەشیعری کوردی لەکەرکوك درابێت ئەویش لەلایەن مامەند کەرکوکی بووە، کە کۆت و قاڵبی کۆنی کلاسیکی بەزاند و رێچکەی تازەگەری گرتووەتە بەر، بەرابەری نوێگەری شیعری کوردی دادەنرێت لەدەڤەری کەرکوکدا[٤]. دوایی شۆڕشی ١٤ی تەمموز بەشێك لە شاعیران رێبازی ریالیزمیان پەیڕەوکردووە. شاعیرە نوێخوازەکان بە گوزارشت کردن لە هەستی ئازار و هەڵچوونەکانیان گەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی وخەباتی ڕزگاریخوازی واقیعی ژیانی خەڵك، کەرەستەی سەرەکی شیعرییان بووە.

جێگای سەرەنجە لە شەستەکان وحەفتاکاندا نەوەیەکی تازەی لەشاعیرانی کوردی لە کەرکوك دەرکەوتن، کە هەندێکیان خاوەن دیوان بوونە، وەك سەلام محەمەد[٥] دیوانی(ژانی ئەرخەوانی)، لەتیف

---

[١] ئیسماعیل ابراهیم سەعید، س.پ، ل ٣٢٢.

[٢]دیوانی رەجبەر، س.پ، ل ١٠.

[٣] شێخ لەتیف رەزا بەرزنجی گلەزەردەیی، ئا:عبید شێخ لەتیف بەرزنجی، چ٣، کەرکوك، ٢٠١٣، ل٢٢.

[٤]رەمزی رەحیم جاوفرۆش لە ساڵی١٨٩٥ لە گەڕەکی ئەخی حوسێن لە کەرکوك لەدایك بووە، بە نوێکەرەوەی شیعری کوردی دەڤەری کەرکوك دادەنرێت، لە ساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە. بروانە: کریم شارەزا، مامند کەرکوکی کێ یە، بەیان"گۆڤار" ژ (١٨) سالی ١٩٧٥، ل٢٦،٢٧.

[٥]سەلام محەمەد: لەساڵی١٩٥٤ لە ناوچەی شوانی سەر بە کەرکوك لەدایك بووە، کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە. لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەستی بەشیعر نووسین کردووە. ئەندامی کارای یەکێتی نووسەرانی کورد

هەڵمەت[1] دیوانی چاپکراوی هەبوو بەناوی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)، عوسمان مستەفا خۆشناو دیوانی (ئاوازی ژیان)[2]، سەرەڕای ئەوەی ئەوانەی دیوانی شیعری چاپکراویان هەبووە، لەهەمان کاتدا لە گۆڤار و رۆژنامەکانی کەرکوك ودەرەوەی کەرکوکدا بەرهەمی شیعری خۆیان بلاۆکردووەتەوە. هەروەها (شێخ رەئوف خانەقا، مستەفا زەنگەنە، جەبار جەباری، تەیب جەباری، ئیسماعیل رۆژبەیانی، عەبدوڵلاّ سەراج....هتد)، لەگۆڤارو رۆژنامەکاندا شیعریان بلاّوکردووەتەوە.

سەبارەت بە شیعری تورکمانی، تاوەکو شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ شاعیرانی تورکمان ریبازی کلاسیکی و ئەدەبیاتی دیوان کێشی هیجا شیعریان هۆنیووەتەوە[3]. وێڕای چەند هەوڵێك بۆ تازەکردنەوەی شیعری تورکمانی لەلایەن چەند شاعیرێك وەکو عەبدولتیف بەندەر ئۆغلۆ[4]و ئەحمەد سوکار[5]، بەلاّم بەشێك لە شاعیرانی تورکمان هەر لەسەر رێبازی کلاسیکی شیعریان هۆنیووەتەوە لەدوای شۆڕشی تەموز لە سەرهەمان رێباز بەردەوام بوون، وەك:(ئەسعد نائب، مستەفا کوك قایا، سەباح بازرگان، خدر لوتفی، محەمەد سادق، عوسمان مەزلوم، محەمد عزەت خەتات....هتد)، لەو قۆناغەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە شیعری میللی وگۆرانی تورکمانی بلاّوکراووەتەوە، هەروەها جگە لەوەی شاعیران خاوەن دیوانی خۆیان بوون وەك: حسن کوثر خاوەنی دیوانی شیعری بووە گەلاّوەریوەکان(الاوراق المتساقطة)[6]وە قەدریە زیائی خاوەنی دیوانێك بوو بەناوی (لك)[7]. بەلاّم ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە چەند شاعیرێکی تورکمانی هەوڵی نوێکردنەوە وتازەکردنەوەی شیعری

---

لقی کەرکوك بووە، چەندین بەرنامەی ئەدەبی لەتەلەفزیۆنی کەرکوك پێشکەش کردووە، لە ولاّتی سوید ژیان بە سەردەبات. عبدالله سلێمان، لە کەرکوکەوە بۆ ڤێتەرۆنس لەگەڵ سەلام محمدی شاعیر، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ل١٦، ٤١-٥٤ .

[1] لەتیف هەڵمەت لە ساڵی١٩٥١ لە کفری لەدایك بووە، لە ساڵی١٩٧٠ هاتووەتە کەرکوك، لەبواری نۆێگەری شیعردەستی باڵای هەبووە، لەگۆڤار و رۆژنامەکان بەرهەمەکانی بلاّوکردووەتەوە. شەمێران سلێمان، رووبەروو لەگەڵ لەتیف هەڵمەت ، هەولێر،٢٠١١، لاپەرەی جیاجیا.

[2] عوسمان مستەفا خۆشناو، گەلاوەریوەکان، هەولێر،٢٠٠٧، ل٣٤٩.

[3]ئیسماعیل عەلی، مێژووی ئەدەبیاتی تورکمانی و ناودارەکانی، هەولێر،٢٠١٠ ، ل٥٦.

[4]عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلو:لە ساڵی١٩٣٧ لە توزخورماتوو لە دایك بووە، یەکێکە لە ئەندامانی کۆمەڵەی کەرکوك لە بواری رۆژنامەگەری تورکمانی دەستی دیاری هەبوو، بەشداری لەدامەزراندنی کۆمەڵەی ئەدەبی تورکمانییەکان کردووە. چەندین بەرهەمی ئەدەبی بەزمانی تورکی وعەرەبی بلاّوکردووەتەوە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان پۆستی وەزیری وەرگرتووە. صباح عبدالله کەرکوکلی،م.س، ص١٥٥-١٦٠.

[5]هانی صاحب حسن، ازهار القر نقل دراسه في الشعر الحر التركماني في العراق، بغداد، ١٩٩٢، ص ١٥-١٦.

[6]حەسەن کەوسەر لە ساڵی١٩٤٢ لەشاری کەرکوك لەدایك بووە، لە بواری نووسین رۆژنامەگەری وپەروەردە جێ پەنجەی دیارە لە ساڵی٢٠١٥کۆچی دوایی کردووە. زاهید البیاتی،حسن کوثرفی ذمة خلود، تورکمن ایلی"مجله" ،ع(٨٧)نیسان٢٠١٥.

[7] قدریە الالزیائی لە ساڵی ١٩٤٠ لە کەرکوك لەدایك بووە، خانەی مامۆستایانی لە ساڵی ١٩٦٩ تەواوکردووە، وێرای دیوانەکەی چەندان پارچە شیعری لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بلاّوکردووەتەوە، محمد مردان، م.س، ص١١٣؛ ئیسماعیل علی، س.پ، ل ١٢.

تورکمانیان داوه دەست بەرداری ڕێبازی کلاسیك بوونە، لەوانە: قەحتان هورمزی[1]، عەبدولخالق بەیاتلی....هتد[2].

خاڵێکی گرینگ لێرەدا ئەوەیە ئەوەی ڕۆڵی هەبووە، لە گەیاندنی بەرهەمەکانی شاعیران بە خوێنەران و ڕۆشنبیران ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بوون، کە لە شاری کەرکوك و دەرەوەی کەرکوکدا بەرهەمەکانیان تێدا بڵاودەکردووەتەوە، وەك ( کەرکوك، بەشیر، شەفەق، گزەنگ، هاوکاری، الاخاء، التآخی/برایەتی، یورد، شیعر، شیعر٦٩، الادیب، الاداب....هتد.

هەروەها چایخانە و قاوەخانەکانی کەرکوك بەتایبەتی هەردوو چایخانەی (مجیدیە ونەسر) وەکو دوو ناوەندی ڕۆشنبیریی دیاری شاری کەرکوك ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە کۆکردنەوەی بیرمەندان و ئەدیبان و شاعیران و نووسەرانی شارەکە بەرهەمەکانیان لێدەخوێندەوە و گفتوگۆی ئەدەبی چڕیان لەسەرکردووە[3].

بەتایبەتی ئەو کۆمەڵە ئەدەبیانەی، کە لەناوەڕاستی پەنجاکان و شەستەکان لە کەرکوك دروست بوو، ئەویش کۆمەڵەی ئەدەبی کەرکوك(جماعة کرکوك)بوو[4]، لە ساڵانی١٩٥٤-١٩٦٤ ناسرابوون، گەورەترین ڕۆڵیان هەبووە لە بەرەوپێش بردنی بواری ئەدەبی لەشارەکەدا. ئەوەی شایانی باسە پێکهاتەی ئەم کۆمەڵەیە لەهەموو نەتەوەکانی شارەکە بوون، کەئەمانەبوون: فازیل عزاوی [5]، موئەید ئەلراوی[6]، ئەنوەر ئەلغەسانی[7]،

---

[1]قەحتان هورمزی: لە ساڵی١٩٣٦ لە کەرکوك هاتووەتە دونیاوە، خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە، مامۆستایەتی کردووە، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کەرکوك بووە، لە بواری شعردا دەستی باڵای هەبوو. حمیدجاف، ادباء من کرکوك، کرکوك،٢٠١٠، ص١٩.

[2]عەبدولخالق بەیاتلی لە ساڵی١٩٣٠ لە دوزخورماتوو لە دایك بووە، دکتۆرای لە ئابوری هەیە، لە گۆڤار ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە شیعری بڵاوکردووەتەوە، بەتایبەتی لە گۆڤاری (الاخاء)، ڕۆژنامەی (البشیر). محمد مردان، م.س، ص٦٧-٦٨؛ هانی صاحب، م.س، ص١٩.

[3]فاروق مصطفی، ذاکرة کرکوك، کرکوك،٢٠١٠، ص ٣٣-٣٤.

[4] ئەم ناوەیان لەلایەن ئەدیبانی بەغدا لێنرا.

[5] فازیل العزاوی: لە ساڵی١٩٤٠ لە کەرکوك لەدایك بووە، بەکالۆریۆسی لەزمانی ئینگلیزی بەدەستهێناوە، لەبواری شیعرو چیرۆك و ڕۆمان و شانۆدا دەستی هەبووە، لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کەرکوك و عێراق و دەرەوەی عێراقیش بەرهەمەکانی بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی١٩٦٤ بە هۆکاری سیاسی چۆتە بەغدا دواتر ڕووی کردووەتە دەرەوەی وڵات. بڕوانە: فاضل العزاوی، الروح الحیة جیل الستینات فی العراق، ط٢، دیمشق، ٢٠٠٣، صفحات متفرقە.

[6]موئەید ئەلراوی لە ساڵی ١٩٣٩ لە کەرکوك لەدایك بووە، خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە، مامۆستایەتی کردووە، بەهۆی بیروباوەڕەکانیەوە لە ساڵی١٩٦٣ زیندانی کراووە، لەبواری شیعرو ڕەخنەدا ڕۆڵی هەبووە، لەساڵی ١٩٦٩ عێراقی جێهێشتووە وچووەتە لوبنان. هشام القیسی، شعراء جماعة کرکوك، کرکوك، ٢٠٠٩، ص٨٦-٨٧.

[7]ئەنوەرئەلغەسانی: لە ساڵی١٩٣٧ لە پارێزگای میسان لەدایك بووە، دواتر هاتووەتە کەرکوك لەم شارە خوێندنی تەواوکردووە، ئەندامە دیارەکانی کۆمەڵەی کەرکوکە دەستی باڵای لەبواری شیعردا هەبووە. هەروەها پلەی دکتۆرای لەبواری ڕۆژنامەگەری بەدەستهێناوە. حمید جاف، م.س، ص٤.

جەلیل قەیسی [1] لە نەتەوەی عەرەب بوون، هەروەها هەریەك لە سەلاح فایق [2] محێدین زەنگەنە [3]، زوهدی داودی[4]، یوسف حەیدری [5] لەنەتەوەی کوردبوون، هەروەها هەریەك لە قەحتان هورمزی، عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلو لە نەتەوەی تورکمان بوون، هەروەها هەریەك لە یوسف سەعید[6]، سەرگۆن پولس[7]جان دەمۆ[8] کلدو ئاشور بوون[9] هەرچەندە لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بە چەندکەسی دیکە کراوە، بەڵام ئەوانەی زیاتر ناویان دێت ئەمانەی ئاماژەمان بۆکردن. ئەوەی جێگای سەرنجە فرە نەتەوەیی و فرە زمانی و فرە کلتووری یەکێك بووە لە سیما دیارەکانی ئەم کۆمەڵەیە رۆڵی سەرەکی

---

[1] جەلیل قەیسی: لە ساڵی١٩٢٧ لە کەرکوك لە دایك بووە، دامەزرێنەری کۆمەڵەی کەرکوکە دەستی باڵای هەبووە، لە بواری چیرۆك و شیعر و رۆمان وشانۆدا لە ساڵی٢٠٠٧ لە کەرکوك کۆچی دوایی کردووە. فاروق مصطفی، مدخل تعریفی الی جماعة کرکوك، کرکوك، ٢٠١٥، ص١٠.

[2] سەلاّح فایەق: لەساڵی١٩٤٤ لە کەرکوك لەدایك بووە، لە بەر باروگوزەرانی خێزانەکەی نەیتوانیوە خوێندن تەواوبکات، بەرهەکانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کەرکوك بلاّوکردووەتەوە، لە ساڵی١٩٧٥ کەرکوکی بەجێهێشتوە، دواتر لە ئینگلترا گیرساوەتەوە. حمید جاف، م.س، ص١١.

[3] محێدین زەنگەنە: لە ساڵی ١٩٤٠ لە کەرکوك لەدایك بووە، دەرچووی بەشی زمانی عەربی زانکۆی بەغدایە، لەچەند ناوچەیەکی عێراق مامۆستایەتی کردووە، لەنووسینی دەقی شانۆی دەستی هەبووە، چەندین خەلاّتی لە عێراق ودەرەوەی عێراقدا لەبواری نووسینە شانۆیەکانی وەرگرتووە، لە ساڵی٢٠١٠ کۆچی دوایی کردووە. حمید جاف، م.ن، ص٥٠-٥١.

[4] زوهدی داودی: لە ساڵی١٩٤٠ لە دوزخورماتوو لەدایك بووە، بڕوانامەی دکتۆرای لەئەڵمانیا بەدەستهێناوە، مامۆستای زانکۆی موسڵ ١٩٧٦-١٩٧٩بووە.. چەندین لێکۆڵینەوەی لەبواری مێژوو وچیرۆك وشیعرو رۆمان بەزمانە جیاجیاکان هەیە، ئیستا لە تاراوگە ژیان بەسەردەبات. فاروق مصطفی، مدخل...، ص١٢.

[5] یوسف حەیدەری: لە ساڵی ١٩٣٩ لە کەرکوك لەدایك بووە، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانە، لە کەرکوك مامۆستایەتی کردووە، بەهۆی کاری سیاسیەوە دوورخراوەتەوە بۆ خواررووی عێراق، سەرەتا بەشیعر نوسین دواتر دەستی کردووە بەچیرۆك نوسین، لە ١٩٩٣ لە کەرکوك کۆچی دوایی کردووە. موسوعە کرکوك قلب العراق، م.س، ص٢٦٠-٢٦١.

[6] یوسف سەعید:لە لە ساڵی ١٩٣٦لە موسڵ لەدایك بووە. خوێندنی ئاینی مەسیحی هەر لەوێ تەواو کردووە، دواتر وەکو قەشە هاتووەتە کەرکوك ، لەهەمان کاتدا دەستی باڵای لە بواری شیعر و رەخنە هەبووە، دیارترین ئەندامی گروپی کەرکوکە، چەندین بەرهەمی بلاّوکردووەتەوە.حمیدالجاف، م.ن، ص٢٨.

[7] سەرگۆن پۆلس: لە ساڵی ١٩٤٤ لە حەبانیە هاتۆتە دونیاوە، دواتر لەگەڵ خێزانەکەیان روویان لە کەرکوك کردووە، چەندین بەرهەمی شیعری هەیە، بابەتی لە گۆڤار و رۆژنامەکانی دەرەوە و ناوەوەی عێراق بلاّوکردووەتەوە، لە ساڵی١٩٦٩ رووی لەئەمریکا کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ لە بەرلین کۆچی دوایی کردووە. فاروق مصطفی، مدخل الی تعریف...، ص١٤. نوری بطرس، سرکون بولص ، جان دمو، شاعیران من کرکوك، اربیل،٢٠١١، ص٢٠٦ وما بعدها.

[8] یوخنا دمۆ یوسف: لە ساڵی ١٩٤٢ لە کەرکوك هاتۆتە دنیاوە، یەکێکە لەشاعیرە نوێگەرەکان بەزمانی عەرەبی وئینگلیزی نووسویەتی، لە دامەزرێنەرانی گروپی کەرکوکە، دواتر روویکردۆتە هەندەران، لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ئوسترالیا کۆچی دوایی کردووە. هشام القیسی، م.س، ص١١٥؛ نوری بطرس، م.ن، ص٩ وما بعدها.

[9] فاضل العزاوی، م.س، ص٢٧٩؛ نهاد جامی، گروپی کەرکوك داهێنانی ئەدەبی وتێکستی شار، کوردستانی نوێ "رۆژنامە"، ژ(٥٨٧٥)، ی١٠ئەیلوولی، ل٢٠١٢.

هەبووە، لە دروست بوونی کۆمەڵەکە. هەروەکو دەبینین جەلیل قەیسی دیارترین کەسایەتی ناو کۆمەڵەکە کەیە لە باوکێکی عەرەب و دایکێکی کورد بووە ژنەکەیشی ئەرمەنی بووە، لە گەڕەکێکی تورکماننشین نیشتەجێ بووە و زمانی هەموو نەتەوەکانی کەرکوکی زانیووە[1].

بەڵام کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکی رۆڵیان هەبووە، لە دەرکەوتنی ئەم کۆمەڵەیە ئەدەبیە لە شاری کەرکوك، دیارترینیان بوونی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك ئەوانە بەهۆی کارکردنیان لەو کۆمپانیایە فێری زمانی ئینگلیزی بوون، رۆڵی گۆڤاری (العاملون فی النفط)، کە لە لایەن کۆمپانیاوە دەردەکرا ئەدەبی ئینگلیزی بلاودەکردەوە[2]، هەروەها چالاکیەکانی حیزبی شیوعی لە شارەکە گەشەسەندنی بیری مارکیسیزم، بلاوبونەوەی بیری بونیادگەری لە رێگەی بلاوبوونەوەی کتێبەکانی ژان پۆل سارتەر...هتد[3]. ئەو هۆکارانە وایکردووە، کە تەنیا ئاگاداری بەرهەمی ناوچەیی نەبن، بەڵکو ئاگاداری ئەدەبی ئینگلیزی وجیهانیش بن، هەروەها لەرێگەی نوسەرە تورکمانەکانەوە ئاگاداری ئەدەبی تورکیش بوون[4].

سەبارەت بەزمانی نووسینیان، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵەکە سەر بە نەتەوەی جیاوازبوون، بەڵام زمانی عەرەبی زمانی نووسینیان بووە[5]. لە نێو ئەدەبیاتی عێراقیدا لە شەستەکاندا کۆمەڵەی کەرکوك پێگەیەکی بەرزیان هەیە سەبارەت بەبواری شیعری لە کەرکوکدا ئەم کۆمەڵەیە دەستی باڵایان هەبووە، بە پێشەنگی شیعری ئازاد دادەنرێن لەسەر ئاستی عێراق لەدوای هەریەك لە(بدر شاکر سیاب و نازك الملائکە...هتد) دێن[6]. ئەم کۆمەڵەیە چەندین بەرهەمی شیعریان لە گۆڤار و رۆژنامەکانی کەرکوك و دەرەوەی کەرکوك وعێراق بلاوکردووەتەوە. هەندێکیان خاوەن دیوانی خۆیان بوون وەك یوسف سەعید دیوانی (الموت اللغة)، فاضل العزاوی (سلاًما ایتها البحر)، صلاح فایەق دیوانی (راهن) [7] ،مؤید الراوی دیوانی (ممالك)[8]، قحطان هرمزی دیوانی(ایام شدیدة البؤس)[9]. سەرەڕای ئەو کارە ئەدەبیە خۆماڵیانەی پێشکەشیان کردووە، چەندین بەرهەمی شیعریان لە زمانە جیاجیاکانی دونیا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی، بەپێچەوانەوەش بەرهەمەکانیشیان بۆ زمانە

---

[1] نهاد جامی، گروپی س.پ، ل٢٠؛ جەلیل قەیسی، چاوپێکەوتن:نەوزاد ئەحمەد ئەسود، نەوشەفەق، ژ(٧٥)کانونی یەکەمی ٢٠٠٩ ، ل ٥١.

[2] سەباح ئیسماعیل، گروپی کەرکوك خۆری ئاوانەبوو کوردستانی نوێ، ژ(٥٨٧٥)١٠ئەیلولی٢٠١٢، ل ٢.

[3] فاضل العزاوی، م.س، ص٢٨٦-٢٨٧؛ سەباح ئیسماعیل ، س.پ، ل٢.

[4] عەباس عبدالله یوسف، گروپی کەرکوك چەند ئاماژەیەکی چڕ، کوردستانی نوێ، ژ(٥٨٧٥)، / ٢٠١٢/٩/١، ل٤.

[5] نیهاد جامی، س.پ، ل٢٠.

[6] عباس عبدالله یوسف، س.پ، ل٥.

[7] فاروق مصطفی، مدخل تعریفی....، ص ص١٥، ١٩.

[8] موید الراوی، ممالك، ط٢، دارجمل،٢٠١٠.

[9] قحطان الهرمزی، ایام شدیدة البؤس، بغداد، ١٩٦٢.

بێگانەکان وەرگێڕدراوە، بەم بەرهەمانەیان نەك تەنیا کاریگەریان لەسەر رەوشی  ئەدەبی کەرکوك بەڵکو ئەدەبی عێراقیش بەشێوەیەکی گشتی کردووە[1].

ئەم کۆمەڵەیە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی ناچاربوون،  کەرکوك وعێراق بەجێ بهێڵین رووبکەنە تاراوگە[2]. تەنیا جەلیل قەیسی نەبێت هەتا سەری نایەوە لە شاری کەرکوك مایەوە، ئەگەرچی لەهەر شوێنێکی جیهان بوون، بەڵام هەمیشە کەرکوك ئیلهام بەخشی نوسین و داهێنانەکانیان بووە، وەك سەلاح فایەق لە شیعرێکی دا دەڵێت:

**گەر ئێستا لە کەرکوك دەبووم**

**سەردانی گۆڕی پیاو چاکێکم دەکرد**

**پەڕۆیەکی ڕەنگاو ڕەنگم بەدیواری**

**گۆڕە لە مێژینەکەی هەڵدەواسی[3].**

هەروەها سەرگون پوڵس دەڵێت:"بەلای منەوە کەرکوك سەرەتایی نووسین و ئەو چاوگ وشوێنەیە کە تێیدا چاوم لەسەر هەڵوێستەکانی شیعر هەڵێنم ولە هەموو کتێبەکانم لە سەر کەرکوکم نوسیوە" وەك (چامەی رۆژێك لە کەرکوکدا)، کە بەردەوام لەگەڵ خۆیدا هەڵی دەگرت[4]. یەکێك لە داهێنانە ئەدەبیەکانی ئەم کۆمەڵەیە ئەندامێکی دیاری گروپەکە فازیل عزاوی، دەرکردنی بەیانی شیعریە لە ساڵی١٩٦٩لە ژمارە(١) گۆڤاری شیعر١٩٦٩ لە بەغدا بلاْوکردەوە، کە تێدا جەختی لەسەر سەربەستی نوسین وداهێنان  ودژایەتی هەمووفشارێکی ئایدۆلۆجی وسیاسی کردووە[5].

سەرەڕای ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە کەرکوکیان بەجێهێشت، بەڵام کۆمەڵەیەکی دیکەی ئەدەبی، وەکو درێژە پێدەری ئەم کۆمەڵەیە سەرهەڵدەدات کە بە گروپی دووەمی کەرکوك ناسراون هەریەك لە: (عبدالله ئیبراهیم، حمزە حمامچی، عواد علی، صاحێب گرابێت ئایدینجیات) ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە بوون، هەندێکیان خاوەن دیوان بووە وەك، صاحێب گرابێت کەخاوەنی دیوانی (حشوە الافیونیە) بوو[6]. بەشێوەیەکی گشتی ئەم گروپانە گەورەترین کاریگەریان لەسەر رەوشی شارەکەدا هەبووە بە بزوێنەری رۆشنبیری شاری کەرکوك دادەنرێن.

جگە لەم گروپانە گروپێکی دیکە، کە کاریگەری لەسەر رەوشی ڕوشنبیریی کەرکوك هەبووە. گروپی کفری-کەرکوك لەساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩ سەریهەڵداوە لەسەر دەستی هەریەك لە( لەتیف هەڵمەت

---

[1] عبدالله ابراهیم، بورهان ئەحمەد، کەرکوك تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیست ، کوردستانی نوێ،  ژ(٥٨٧٥)،١٠ی ئەیلولی٢٠١٢، ل١٠-١١.

[2] لەتیف هەڵمەت، گروپی کەرکوك لە کەرکوکەوە بۆ بەغدا، کوردستانی نوێ، ژ(٥٨٧٥)، ١٠ی ئەیلولی٢٠١٢، ل١٣.

[3] سەباح ئیسماعیل، گروپی کەرکوك..، ل٣؛ عمر علی شریف، گروپی کەرکوك١٩٦٤-١٩٦٨، باریش "گۆڤار"، ژ (٤٠) مارتی٢٠٠٨، ل ١٨.

[4] ه.س،ل ٣.

[5] بروانە: فاضل العزاوی، م.س، ص٣١٨-٣٣٤.

[6] عبدالله ئیبراهیم، گروپی دووی کەرکوك، و: بورهان ئەحمەد، نەوشەفەق،  ژ (٨٤) ، ل١٢-٢٠.

وئەحمەدشاکەلی وئەنوەرشاکەلی)، دواتریش هەریەك لە کەنعان مەدحەت ولەتیف حامد[١] هاتوونە ریزی گروپەکەوە، گروپەکە گروپێکی نوێخوازی شیعری کوردی بوون بە گیانی یاخی بوون، لەژێر کاریگەری رەوتی نوێخوازی ئەدەبیاتی هاوچەرخ، ئەدەبیەکانی عەرەب وگروپی ئەدەبیەکانی کەرکوك وبەغدا بەیانی شیعری ٦٩دابوونە[٢]. گروپەکە خۆیان لەگۆڤاری رزگاری خۆیان راگەیاند[٣]، لە ١٤ تەموزی١٩٧١ لە کۆنگرەی نووسەرانی کورد بەیاننامەی خۆیان دەرکردووە[٤]. دیارترین ئەو کارە ئەدەبیانەی گروپەکە، دیوانە شیعریەکەی لەتیف هەڵمەت بوو، بەناوی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) پێشکەشی کرد، کە ئەم دیوانە نوێگەری لەشیعری کوردی تێدا بوو، هەروەها سەلام محەمەد بەرهەمێکی پێشکەش کرد لەژێرناوی( ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە)دەنگدانەوەی گەورەی لێکەوتەوە[٥]. هەر چەند ئەو کات ئەم گروپە وەکو گروپێکی ناوچەیی دانراون و پەراوێز خراون، بەڵام کاریگەری گەورەیان لەسەر رۆشنبیریی شاری کەرکوك بەجێهێشتوو.

لەحەفتاکاندا گروپی روانگە، وەکو گروپێکی ئەدەبی کوردی نوێخواز لەژێر کاریگەری ئەدەبی نوێی جیهانیدا، بەیاننامەی خۆیان لە شێوەی بانگەوازێك، لەلایەن پێنج رۆشنبیری کوردەوە، هەریەك لە: (شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، کاکەمەم بۆتانی، جەلالی میرزا کەریم، جەمال شاربازێری) بلاّوکراوەی روانگەیان لەژێر دروشمی (وتەی نوێ–بیری نوێ–کرداری نوێ) خۆیان راگەیاند[٦]،وێرای ئەوەی ئەم گروپە کەوتنەبەر رەخنەی گروپی (کفری–کەرکوك)، کە پێیان وابوو نەیان توانیوە خۆیان لە کۆنە خوازی دەرباز بکەن[٧]، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا شاعیرانی کەرکوك کەوتوونەتە ژێر کاریگەریان.

ئەو کەشە لەبارەی دوای رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هاتە کایەوە لە کوردستان لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لەبوارەی رێکخراوەیی، چەندین کۆمەڵەو ڕیکخراوی ڕۆشنبیریی دامەزرێندران، یەکێك لەوانەی لە بواری رۆشنبیریی رۆڵی گێڕاوە، یەکێتی نوسەرانی کورد وکردنەوەی لقەکانی لەهەموو شارەکانی کوردستان بەشاری کەرکوکیشەوە بووە، لقی کەرکوکی یەکێتی نوسەرانی کورد لە بواری رۆشنبیریی ئەدەبی شارەکە رۆڵی بەرچاوی بینووە، بەبەردەوام کۆڕی شیعری بۆ

---

[١] لەتیف حامید: لە ساڵی١٩٥٣ لە چەمچەماڵ لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە کەرکوك و کفری خوێندووە، لەساڵی ١٩٥٩ کۆلێژی پەروەردەی بەشی عەرەبی زانکۆی بەغدای تەواوکردووە، وەکو مامۆستا دامەزراوە لە بەسراو هەولێر وکەرکوك خزمەتی کردووە، پەیوەندی بەشۆرشی ئەیلولەوە کردووە، لە١١ی‌شوباتی ١٩٧٤ بە نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کردووە. عبداللە ئاگرین، خوێندنەوە بۆ چەند بابەتێکی ئەدەب، هەولێر، ٢٠١٣، ل١١٨–١١٩.

[٢]لەتیف هەڵمەت، گروپی کەرکوك، س.پ ، ل١٥.

[٣] شەمیران سلێمان، س.پ، ل ٣٦.

[٤] ئەحمەد میرە، کاریگەری بزوتنەوەی رۆشنبیری کوردییەکان لەسەر رەوشی رۆشنبیری ١٩٧٠–٢٠٠٣، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٩٤.

[٥] عبداللە سلێمان، س.پ، ل ١٥.

[٦] ڕوانگە"گۆڤار"، ژ(١)١٩٧١؛ ئەحمەد میرە، س.پ، ل٩٥.

[٧]شەمیران سلێمان، س.پ، ل٤٧.

شاعیرانی کەرکوك سازدەکرد[1]، دیارترین کاری ئەدەبی یەکێتی نووسەرانی کورد بەتایبەتی لەسەرداوای عوسمان مستەفا خۆشناو سەرۆکی لقی کەرکوکی یەکێتیەکە، سازدانی میهرەجانێکی شیعری کوردی لە کەرکوك بوو[2]، ئەوەبوو لە ژێر دروشمی(شیعر و ئادارِ نەورۆز) لە رۆژانی ٢٢-٢٣ ئاداری ١٩٧٢، یەکەم میهرەجانی شیعری کوردی لەشاری کەرکوك سازدرا، سەبارەت بە دیارترین کاروچالاکی و بەرهەمەکانی ئەم میهرەجانە لە ٢٢ئاداری١٩٧٢ لە هۆڵی سینەمای سەلاحەدین لەژێر چاودێری سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر(١٩٦٨-١٩٧٩) لە ٩ی سەرلە بەیانی لەلایەن وەزیری دەوڵەت ونوێنەری سەرۆك کۆمار وسەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کورد ساڵح یوسفی(١٩١٨-١٩٨١) بەوتارێك میهرەجانەکەی کردەوە. جێگای ئاماژەیە شاعیری بەناوبانگی عێراقی محمد مهدی الجواهیری(١٩٠٠-١٩٩٧) سەرۆکی یەکێتی ئەدەبیاتی عێراق وێڕایی خوێندنەوەی وتارێك چەند پارچە شیعرێکی لەمیهرەجانەکە خوێندەوە، پاش چەندین وتار و پارچە میوزیکی رەسەنی کوردی، وێڕای شاعیرانی کەرکوك شاعیر و رۆشنبیرانی کورد لەهەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان روویان لە کەرکوك کردبوو، بۆ بەشداریکردن لە میهرەجانەکە و پێشکەش کردنی بەرهەمەکانیان.

لە کۆڕی یەکەمی میهرەجانەکەدا چەند پارچە شیعرێك پێشکەشکران لەوانە :ساڵح یوسفی شیعری (کەرکوك) و هێمن مهابادی بە شیعری (شەپۆلی تۆڵە) د. ئیحسان فواد بە شیعری (ڕۆژێك ئەبیٚ) شێرکۆ بێکەس بە شیعری (من تێنوتیم بەگڕ ئەشکێ)، عوسمان خۆشناو بە شیعری (ئازار و نەورۆز)، بەدرخان سندی بەشیعری (بیکاکوردا)، کاکەی فەلاح بەشیعری(دڵێکی کۆست کەوتوو)، خورشیدبابان بە(دارتوو)، محەمەد دارا بە(نەورۆز)، عەبدوڵلا پەشێو بۆ یەکەمجار شیعری بەناوبانگی (١٢) وانە بۆ منداڵانی کوردی خوێندەوە بووە جێگای سەرنجی ئامادەبووان.

کە لەوانەیەکی دا دەڵێت: منداڵەکان

ئەی برسییە ژین تاڵەکان
لەسەر سینگە نەوتاوییەکەی باباگوڕگوڕ
نزیك تاڤگەی سەرو ژووری زێڕینی گڕ
گلکۆیەکی بچکۆڵەم دی
لێی نووسرابوو
ئا لێرانا منداڵێکی چاوگەشی کورد
لەبرسامرد.......لەبرسامرد[3]

بەخوێندنەوەی پارچە هۆنراوەیەکی کامیل ژیر (زەنگی کاروان)ی کۆتایی بە پرۆگرامی کۆڕی یەکەمی میهرەجانەکە هات، کۆڕی دووەمی میهرەجانەکە لە ٢٣ ئاداری ١٩٧٢ لە هۆڵی نەقابەی مامۆستایان لە کەرکوك بە وتاری زانکۆیی سلێمانی لەلایەن کەمال فوئادەوە کرایەوە، شاعیران بەرهەمەکانیان

---

[1] هاوکاری، ژ (١٤٨) ٩/ کانونی یەکەمی ١٩٧٢.

[2] عوسمان مستەفا خۆشناو، گەلاوەریوەکان....، ل٢٨٦.

[3] عبدالله پەشێو، شیعری مەهرەجانەکانی(کەرکوك- هەولێر- کۆیە) لە ١٩٧١-١٩٧٢، ب.ش، ١٩٧٩، ل٢٢.

پێشکەش کرد، ئەوانیش هەریەك لە: ئەژی گۆران بە شیعری (بۆ هۆنراوە)، کەریم شارەزا (کچی نەورۆز)، ئەورەحمان مزوری (هۆزانەك ژ نەورۆزی را )، ع .ع . شەونم (مۆری ژێری پیّ)، پیربالٚ محمود ( لە نەورۆزدا)، أ.ب هەوری (وەتەن مژدەبیّ)، مەدحەت قەرەداغی (شێتی شاعیر)، دلزار (رەشەبا)، مەدحەت بیّ خەو ( پایز و سروشت)، سالح عەلی گولی (بابە گوڕگوڕ) خوێندرانەوە .

لە کۆڕی سێیەمدا لە ٢٣ ئاداری ١٩٧٠دا لە هۆڵی نەقابەی مامۆستایان، هەریەك لە خەلیل خوێناوی (لیوەکانت)، ع.ح.ب (نەورۆز وئادار)، محەمەد بەدری( نامەییّ بۆ بابەگورگوڕ)، سالٚح هەژار( ئازار چی یە)، هاوار (بەیادی نالی وسالم)، عەبدللاّ سەراج (لەکاروانا)، شێرۆ مفتی ( یازدەی ئاداری پیرۆز)، جەمالٚ شارباژێری (خۆمتان پێشکەش ئەکەم)، عەبدوڵلاّ عەباس ( تابلۆکانی ئەیلولی سور) ،محەمەد علی (یەك نامەی هەناسە سوار)، ئەحمەد شوکری بەخوێندنەوەی چەند پێنج خشتەکیەکی کۆمیدیای گاڵتە ئامێز، کۆتایی بە میهرەجانەکە هێنا[1].

یەکەم میهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکوکدا کارێکی ئەدەبی گەورە بوو لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بەوەی کە گڕوتنێکی تەواوی بە بزوتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیریی لە کوردستان بە گشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی دا. ئەم میهرەجانە کاریگەری لەسەر رەوشی ڕۆشنبیری شارەکە دا هەبووە کەشێکی رۆشنبیری ئەدەبی لەباری رەخساند بۆ شاعیران تا بیروباوەڕەکانیان ئالوگۆڕ بکەن.

وێڕای ئەمانە رۆڵی تەلەفزیۆنی کەرکوك، لەبایەخدان بەبواری ئەدەبی لەشارەکەدا، بەتایبەتی لەڕێگەی یەکێتی نوسەڕانی کورد لقی کەرکوك بەرنامەی ئەدەبی پێشکەش کراوە، لەلایەن سەلام محەمەد، کە یەکەمین چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەدیبانی وەکو جەلالی میرزا کریم وعەبدوڵلاّ سەراج ئەنجامداوە[2]، هەروەها بەرنامەیەکی ئەدەبی بەزمانی تورکمانی لەلایەن عەبدولعەزیز سەمین پێشکەش کراوە[3]. ئەدەب بەگشتی وشیعر بەتایبەتی چەکێکی گرینگی شاعیر ونوسەران بووە، واتە ئەگەرچی شاعیران راستەوخۆ بەشداری خەباتی سیاسی چەکدارییان نەکردبێت، بەڵام هەڵگری چەکی قەڵەم و ئەندێشە وخەیاڵی پڕ لە شۆڕشگێرانە و ئەدەبێکی یاخی وبەرگڕی نەتەوەیی بوون، بەرانبەر دەسەلاّتی داپڵۆسێنەر.

## ب-چیرۆك:

چیرۆك وەکو ژانەرێکی سەرەکی ئەدەب، یەکێکە لەئامرازە گرینگەکان بۆ دەربڕینی گیروگرفتە سیاسی و کۆمەلاّیەتی وسایکۆلۆژییەکان. لە ماوەی ئەم توێژینەوەیەدا چیرۆك وەکو ژانرێکی ئەدەبی، رۆڵی سەرەکی گێڕاوە و کاریگەری بەرچاوی لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوکدا هەبوو. نووسەران و رۆشنبیران و ئەدیبانی کەرکوك، چ لە گۆشەی گۆڤار و رۆژنامەکان و چ لەڕێگەی بەچاپ

[1] وەرگیراوە لە: کەریم شارەزا، میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی، هاواری کەرکوك "گۆڤار"، ژ(٥) ئابی ٢٠٠١، ل ١١٨-١٢٥.

[2] عبداللە سلێمان، س.پ، ل ١٣.

[3] محمد خضرالحمدانی، اوائل من کرکوك، موسوعة کرکوك قلب العراق، ص٢٤٥.

گەیاندنی نامیلکە و کتێب و وەرگێڕانی چیرۆکی بیانی ڕۆڵی گەورەیان هەبووە، لە ئاشناکردنی چیرۆکی خۆماڵی و ئەدەبیاتی جیهانی بە خوێنەران و ئەدیبانی شارەکە.

لەم ماوەیدا چەندین چیرۆکنووس لە شارەکەدا دەرکەوتون و بەرهەمی بەپێزیان بلاْوکردووەتەوە لەوانە: (مارف بەرزنجی[1]، کۆمەڵێك چیرۆکی وەك: (نامەی سەرسنور[2]، ئاواز وکەباب[3]، گای شەتڵ)[5]بلاْوکردووەتەوە. هەروەها قەحتان هورمزی کۆمەڵە چیرۆکێکی کۆکردەوە لە دووتویٚ کتێبی( کسیح امام المرقص) ،کەلەئاستێکی زۆر بەرزدا بووە پلەی یەکەمی چیرۆکی رۆژنامەی (الابناء الجدیدة) بەدەستهێنا بووە[6].

لە ماوەی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا وێڕای ئەو بارودۆخە سیاسییە ناهەموارەی بەسەر شارەکەدا هاتبوو، کە بە پلەی یەکەم رۆشنبیران و نووسەران و ئەدیبان زەرەرمەند بوون و کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان کردووە، ئەمەش دوایی داخستنی بەشێکی زۆری گۆڤارو رۆژنامەکان. بەم شێوەیە ئەو قوناغە بەتایبەتی بە قۆناغی مت بوونی چیرۆکی کوردی دادنرێت، بەلاْم لەگەلْ ئەوەشدا ئەدیبان و نوسەران، چ لەناوەوە، یان لەدەرەوەی کەرکوکدا، لە هەوڵەکانیان نەکەوتن وبەرهەمەکانیان گەیاندووەتە خوێنەر، بەم شێوەیە لەو قوناغەدا بەرهەمە کوردییەکان بەتایبەتی چوونەتە قاڵبی خزمەتی بزووتنەوەی نیشتمانی رزگاری نەتەوەیی، چەندین بەرهەم بلاْوکراوەتەوە، وەك (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: دارەکەی بەرماڵمان[7]، شەڕی برا کوشتن، دیاری پەسند نەکراو و..هتد)[8]، عوسمان شکور فەرەج (بەسەرهاتێك)[9]، لەگەل ئەوەشدا چەند نووسەرێکی ئەم بوارە بەرهەمەکانیان لە دووتویی کتێب بلاْوکردۆتەوە وەکو زوهدی داودی کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی (الاعصار)١٩٦٢لە چاپداوە[10]، جەلیل قەیسی (صهیل الحاره حول العالم)١٩٦٨ وەکو یەکەم بەرهەمی

---

(1) معروف عەبدولکەریم بەرزنجی لە ساڵی١٩٢١ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەوشارە تەواو کردووە، لەساڵی١٩٤٨کۆلێژی مافی تەواو کردووە، نوێنەری ئاشتی خوازان لەکەرکوك بووە هەروەها سەرۆکی شارەوانی کەرکوك بووە، لەبواری ئەدەبیدا دەستێکی بالاْی هەبووە، بەهۆی رووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ لە٢٣حوزەیرانی١٩٦٣لەسێدارە دراوە.سامان مەعروف بەرزنجی عومەرمەعروف بەرزنجی،مارف بەرزنجی شەهید، سەرجەم بەرهەمی، هەولێر، ١٩٩٣، ل٤٣-٤٥.

(2)مارف بەرزنجی، چرایەك لە تاریکی، چ ٢، کەرکوك، ٢٠٠٩، ل ١١٠.

(3) شەفەق، ژ(٢) شوباتی ساڵی یەکەم، ١٩٥٨، ل ٢١-٢٤.

(4)چرایەك لە تاریکی، س.پ، ل ١٠٨.

(5)شەفەق، ژ(٣)، ساڵی پێنجەم، تەموزی ١٩٦١.

(6)فاروق مصطفی، جماعة کرکوك ...، ص٥٥.

(7)برایەتی، ژ (١١٠)، ١٩٦٧/٨/١٩، ل٦.

(8)سمکۆ بەهرۆز، بیبلۆگرافیای ناوداران ...، ل٢٣-٢٤.

(9)هـ.س، ل٢٩٥.

(10)فاروق مصطفی، مدخل تعریفی....ص١٢

ئەدەبی لەسەر ئاستی عێراق لەدەرەوەی عێراق لەچاپدراوە[1]. هەروەها نووسەری دیاری کەرکوك یوسف حەیدری چیرۆکی (حین یفجر بحر)١٩٦٧،(رجل نکرهاالمدینه) ١٩٦٩[2]، بلاوکردووەتەوە، سەربارى ئەم هەولانە لە بوارى چیرۆك نووسیندا چەند نوسەرێکی دیکە قەلەمەکانیان بۆ ئەم بوارە تەرخانکردووە وەکو:حمزه حمامچی و عەبدولصەمەد خانەقا وعەبدولعەزیز خانەقا و ئەنوەر غەسانی،چیرۆکی خۆمالیان بەزمانی کوردی وعەرەبی وتورکمانی نووسیووە[3] .

ئەوەی جێگای سەرەنجە لە حەفتاکاندا بەتایبەتی دوای رێکەوتننامەی١١ی ئاداری١٩٧٠ بەهۆی ئەو کەشە لەبارەی هاتەکایەوە زەمینەیەکی باش بۆ نووسەران و رۆشنبیرانی شارەکە، بەتایبەتی کوردەکان رەخسا، وەکو زاهیر رۆژبەیانی دەلێت:"لە سالی ١٩٧٠ ئەدەب و کولتووری کوردی بەتایبەتی شیعر و چیرۆك تەقینەوەیەکی بەخۆیەوە بینی"[4]. ئەمەش بووە، هۆی ئەوەی چەند ناوێکی دیکە لەسەر شانۆی نووسین بەدەربکەوێ، چەندان بەرهەمی بەپێز پێشکەش بکەن لەوانە: (رەزا شوان، محەمد موکری، عەبدوللا سەراج، نەصرت مردان، مەولود تەها قایەچی، ئەحمەدشاکەلی، جەلیل کاکەویس، محێیدین زەنگەنە، و....هتد)[5].

سەرەرای ئەمانە چیرۆکنووسانی کەرکوك لەم ماوەیەدا چەندین کۆمەلە چیرۆکیان لە کتێبی سەربەخودا لەچاپدا وەك رەئووف بێگەرد دوو کۆمەلە چیرۆکی (بوار) و(هەوار)ی لەچاپداوە[6]، جەلیل قەیسی (زلیخا البعد یقرب) ١٩٧٤[7]، زوهدی داودی (رجل فی کل مکان)١٩٧٤[8]، ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە لەتیف حامید ناوێکی دیار، کە لە بوارى چیرۆکنووسینیدا جێی دەستی دیاربووە، بەرهەمەکانی لەگۆڤارەکانی ئەوسەردەمەدا بەتایبەتی و بەیان بلاوکردووەتەوە، دیارترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی (وەرزی گرانەتا)[9]، (سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو)[10]، (قولپی رشانەوە)[11]، (رۆژمێری خەوالویەکی شاری سەلجوقی)[12]، (زەردوسوور وسەوز وشین)[13]، (سوالکەرە نەناسراوەکە)[14]،

---

(1) جلیل قیسی، صهیل الحاره حول العالم، بیروت ١٩٥٨ .

(2) فاروق مصطفی، مدخل تعریفی....ص١٨.

(3) ستارجەباری، گولبژێرێك بەناوکەلتوری تورکمانی، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٥.

(4) زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی شێوە وشێواز و بنیاد، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٣٦٧.

(5) زاهیر رۆژبەیانی، ه.س، ل٣٦٧-٢٦٨؛ الاخاء / قارداشلق، ع (٤-٥)، السنه التاسعه ١٩٧٠ ، ل ١٨.

(6) سمکۆ بەهرۆز، بیبلۆگرافیای ناوداران ....، ل١٧٢.

(7) جلیل قیسی، زلیخا البعد یقترب، ١٩٧٤.

(8) فاروق مصطفی، مدخل تعریفی....ص١٣.

(9) عبدالله ئاگرین ،س.پ، ل١٢١.

(10) هاوکاری، ژ (٤٣)، ٣١/ تشرینی یەکەمی /١٩٧٠.

(11) هاوکاری، ژ (٤٣)، ١٠/تەموزی/١٩٧١.

(12) هاوکاری، ژ(٣٩)، ٣/تشرینی یەکەمی/١٩٧١.

(13) بەیان، ژ (٩)، ١٩٧٢، ل ٢٥-٢٦.

(14) بەیان، ژ(١)، ١٩٧٢ ،ل ٤٦-٤٨.

(وێنەی پیاوی نوقمی سێبەر)[1]، لەچەندچیرۆکی کەمدا، لەماوەیەکی کەمی تەمەنیدا  توانی داهێنان و نوێگەری تازەکردنەوە لە چیرۆکی کوردیدا بکات.

سەبارەت بە وەرگێرانی چیرۆکی بیانی، ئەدیب و نووسەران و رۆشنبیرانی کەرکوك توانیان چەندین چیرۆکی بیانی لە زمانە جیاجیاکاندا وەربگێڕنە سەر زمانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی، ئەوانەی لەم بوارەدا رۆڵیان گێراوە لەوانە: حەمزە حمامچی، رەزا شوان، وحدین بەهادین، سەبارەت بەچیرۆکی منداڵان، چەندین چیرۆکنووس خۆیان بۆ ئەو بوارە تەرخانکردووە، لەوانە برهان رەشید قافلی(الفدائون الصغار والتضحیة)، جومعە محەمەد سێ چیرۆکی بۆمنداڵان لەتورکیەوە وەرگێراوەتە زمانی کوردی[2]. هەروەها حسن جاف چیرۆکی (سێ وێنەی ناخی دەروون) چیرۆکی بۆ منداڵان نوسیووە[3].

لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەشێوەیەکی گشتی چیرۆکەکانی ئەو سەردەمەدا لایەنی سیاسی وکۆمەڵایەتی پەند و ئامۆژگاری وچەوسانەوە و نەخوێنەواری کێشەی نەتەوە جیاوازەکانی شارەکەیان بەسەردا زاڵە ، بابەتە ئەدەبیەکان لەدەوری مەسەلەی نیشتمانپەروەری ونەتەوایەتی خولاونەتەوەو ڕەنگدانەوەی واقعی ژیانی ئەو سەردەمە بووە.

لەم ماوەیەدا چیرۆکی کوردی بەگشتی چیرۆکنوسانی شاری کەرکوك بەتایبەتی شێوازێکی تازە ونوێخوازی بەخۆیەوە بینیووە واتا لە قاڵبی گێڕانەوەی ئاسایەکانەوە دەرچووە، زیاتر بەرەو تاك وهەست دەرخستنی ناخ ودیوی ناوەوەی تاك ڕوو چووە، هەوڵی داوە بۆ دیوی ناوەی خەم و ژان و ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگە بچێت لەڕێگەی تاکی کۆمەڵگەوە، ئەم تازەبوونەوەیەش لەسەر دەستی گروپە ئەدەبیەکان بەتایبەتی هەریەك لە کۆمەڵەی کەرکوك (جماعة كركوك) هاتۆتە ئاراوە کە توانیویانە نەك تەنها لە کەرکوکدا، بەڵکو لەسەر ئاستی عیراق پێشەنگی تازەگەری لە چیرۆکدا بکەن. هەروەها گروپی(کفری–کەرکوك) دیارترین کەسی ناو گروپەکە لەتیف حامد کە بەچەند بەرهەمێکی کەم توانی تازەگەری وداهینان لە چیرۆکی کوردیدا بکات.

لە ماوەی توێژینەوەکەدا نووسەران  و رۆشنبیران و ئەدیبان نووسینەکانیان زیاتر لەچوارچێوەی چیرۆك و کورتە چیرۆکدا خولاوەتەوە. ئەوانەی خۆیان لە ڕۆمان داوە ژمارەیان زۆر کەمە، بەڵام بەرهەمی ناوازەشیان پێشکەش کردووە، وەکو فەلەکەدین کاکەیی رۆمانی (بطاقة يانسيب)١٩٦٧، کە نەك تەنیا لە کەرکوك، بەڵکو لە سەرئاستی عێراق دەنگدانەوەی هەبووە[4]، زوهدی داودی رۆمانی

---

[1] عبدالله ئاگرین، س.پ، ل ١٢٤.

[2] ئیسماعیل سرت تورکمن، سێ چیرۆك بۆ منداڵان، و: جومعە محمد، کەرکوك ١٩٧٢.

[3] برایەتی، ژ(٤٣) ٢٢/ئاداری/١٩٧٣، ل ٣.

[4] فەلەکەدین کاکەیی، بطاقة يانسيب،١٩٦٧،

(طريق الاخرين) له١٩٦٠بلاوكردووەتەوە[١]. فازيل عزاوى رۆمانەكانى(مخلوقات فاضل العزاوى الجميله) ، (قلعه الخامسه)ى بلاوكردووەتەوە[٢].

## ج–فوڵكلۆر:

فۆلكلۆر ئەو بەرهەمە ئەدەبيانە دەگرێتەوە كە لە زارێكەوە بۆزارێكى تردەگوازرێتەوە، لەناو خەڵكيشدا باوبووە، بەرهەمى تاكەكەسى نين، بەڵكو بەرهەمى هەموو خەڵكە، ميراتى نەتەوەيە بە زمانێكى سادە و ساكار دەردەبردرێت[٣]. هەروەها سروشتى پێكهاتەى نەتەوەيى شارى كەركوك كە لە چەند نەتەوەيەكى جياوازە پێكهاتووە، هەريەك لەم نەتەوانەش خاوەن فۆلكلۆرى تايبەت بەخۆيانن، ئەمەش وايكردووە ئەم شارە لەڕووى فۆلكلۆرەوە دەوڵەمەند بێت، لەڕاستيدا ئەم سامانە نەتەوايەتيە ئەگەر تۆمار نەكرێن مەترسى لەناوچوونى لەسەر دەبێت، لەوماوەيەدا بەشێك لە ڕۆشنبيران وئەديبان و نووسەران خۆيان بۆ بوارى فۆلكلۆر تەرخان كردووە لەمەدا رۆڵى خۆيان گێڕاوە. گۆشەى گۆڤار و رۆژنامە و بلاۆكراوەكانيان بۆ ئەم مەبەستە بەكارهێناوە، بەم جۆرە رۆژنامە و گۆڤارەكان رۆڵى سەرەكيان بينيوە لە پاراستن و زيندوڕاگرتنى بابەتە فۆلكلۆرى و ميلليەكان، ئەوەى دەبينن يەكەمجار لەمێژووى رۆژنامەگەرى كورديدا، زاراوەى فۆڵكلۆر لەگۆڤارى شەفەق (١٩٥٨–١٩٦٣) بەكارهاتووە[٤]. ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە، گۆڤار و رۆژنامەكان، رۆڵى گرينگيان گێڕاوە لە كۆكردنەوەو پاراستنى بابەتە فۆلكلۆريەكاندا و بلاۆكردنەوەى لەناوكۆمەڵگەدا، وەك:(شيعر و داستانى دڵدارى و پاڵەوانى و حەكايەت و گۆرانى و پەند و قسەى نەستەق و مەتەڵ ونوكتە و سەربوردەو دەبينێتەوە[٥].

لەماوەى توێژينەوەكەدا وێڕاى ئەو بابەتە فۆڵكلۆريانەى لەگۆڤار و رۆژنامەكاندا بلاۆكراونەتەوە، چەندين كتێب و ناميلكەى فۆلكلۆرى لەلايەن نووسەران و ئەديبان و رۆشنبيرانى كەركوك بلاكراونەتەوە، وەك:ئيبراهيم داقوقلى (فنون الادب الشعبى التركمانى)[٦]، عبداللطيف بندراوغلو تركمان فى العراق (تاريخهم أدبهم و تراثهم )[٧]. وێڕاى ئەمانە هەوڵ و كۆششى عەتا تەرزى باشى يەكێكە لە رۆشنبيرە ديارەكانى كەركوك، شوێن پەنجەى ديارە لەم بوارەدا، كە چەندان چاوپێكەوتنى ئەنجامداوە بۆ كۆكردنەوەى فۆلكلۆرى توركمان، گرنگترين بەرهەمەكانى (خويرات ماعنيلرى كركوك)[١]

---

[١] سمكۆ بەهرۆز، بيبلۆگرافيا ناوداران...ل١٨١.

[٢] فاروق مصطفى، مدخل تعريفى....ص١٥.

[٣] عيزەدين مستەفا رەسول، لێكۆڵينەوەى ئەدەبى فۆلكلۆرى كوردى، چ٣، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٢.

[٤] شەفەق ، ژ(٢)ى ساڵى يەكەم، ١٥ شوباتى ١٩٥٨، ل ٣–٤.

[٥] عيزەدين مستەفا رەسول، س.پ، ل ١٥.

[٦] ابراهيم داقوقلى، فنون الادب الشعبى التركمانى، بغداد ١٩٦٢.

[٧] عبداللطيف بند اوغلو، التركمان في العراق الثورة، تاريخهم ، لغتهم ، ادابهم تراثهم، بغداد ١٩٧٣.

کرکوک)[1] و (کرکوک اسکیلرسوزی)[2]، حەکایەتی (ارزی قنبر)[3]، جگە لەمانە داستانی دڵداری (شیرین و فەرهاد)، لەلایەن علی باپیر وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی لەکەرکوک لە چاپدراوە[4]، هەروەها چاپخانەکانی کەرکوک چەندین حەکایەت و مەتەڵیان لەچاپداوە، دیارترینیان حەکایەتی مەلای مشهور لە کەرکوک لە چاپدراو هەروەهاحەکایەتی (دزوقازی) مەلاجەمیل رۆژبەیانی لە فارسیەوە وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی[5].

بابەتە فۆلکلۆرییەکان بۆهەر میللەت ونەتەوەیەك جێگای بایەخ و گرینگی پێدانن، ئەمە بۆ نەتەوەکانی شارەکەش زۆر گرینگە، چونکە ئەو سامانە دەوڵەمەند پڕ زانیاریی وداهێنانە هونەرییە، رێگەیەکە بۆ بە زیندوو هێشتنەوە لە ناو نەچوونی، زمان وکلتوور و داب ونەریت رابردووی شارەکە، لەهەمان کاتدا داهێنان و نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی هەر میللەتێك لەڕێگەی ئاوەردانەوەیەتی لە بابەت و بەشە فۆلکلۆرییەکان و تەوزیف کردنیان لەبابەتە ئەدەبی هونەرییەکانی سەردەم و بەرە پێشچوونیان.

---

[1] عطا ترزی باشی، خویرا تلری وماعنیلرری کرکوك، بغداد ١٩٧٠.

[2] عطا ترزی باشی، کرکوك اسکیلرسوزی، بغداد ١٩٦٢.

[3] عطا ترزی باشی، أرزی قنبر، بغداد ١٩٦٤.

[4] شیرین فرهاد، و: علی باپیر اغا،چ٢ ، کەرکوك ١٩٩٢.

[5] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ... ، ل٤٨.

## تەوەری چوارەم: بواری هونەری :

بواری هونەری لە شاری کەرکوك لە ماوەی توێژینەوەکەدا، لایەنێکی زیندووی رۆشنبیریی شارەکە بووە. ئەمەش لەبەرە نجامی جموجۆڵ و کۆشش و چالاکی هونەرمەندان بە دەستهاتووە، لە شانۆگەری و شێوەکاری و گۆرانی و مۆسیقا، کەدیارترین بوارە هونەرییەکانی شارەکەن لێرەدا تیشکیان دەخەینە سەر:

### ١-شانۆگەری:

دوای شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ هونەری شانۆ پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە شاری کەرکوکدا، بەوەی کە چەندین تیپێکی شانۆیی دامەزراون، بەمەش چەندین شانۆگەری نمایشکراوە. وەك دەبینین رۆژنامەی بەشیر لە ماوەی ٢٢ ئەیلولی ١٩٥٨ تا ١٧ تەموزی ١٩٥٩ ئاماژە بەوە دەکات (١٥) شانۆگەری نمایشکراوە، لەوانە:(فلوس دوە، رأس الشليله، و...هتد ) بە زمانی عەرەبی نمایشکراون[١]. لەکۆتایی پەنجاکان وسەرەتایی شەستەکاندا چەند تیپێکی شانۆیی لە کەرکوك دامەزران، لەوانە تیپی شانۆی تورکمانی لەلایەن عیسمەت هورمزی[٢]، هەروەها تیپی هونەری خەبات، ئەم تیپانە لەماوەیەکی کەمدا، چەندین شانۆگەریان نمایشکردووە، کە گوزارشتیان لە بارودۆخی ئەو سەردەمە کردووە دیارترین ئەو شانۆگەریانە(یائیشقده یا قرانلقر)، (گۆرانی مالئاوایی)، (فاڵچی)، (ژیان لە دوو دەوردا)، (شەوی کۆتایی) نمایشکردووە[٣].

سەبارەت بە شانۆی کوردی لەم ماوەیەدا، وێڕای نەبوونی ئەکادیمیای هونەری لە کوردستان، کە وایکردووە هونەری شانۆ لە کوردستان سست بێت، بەڵام توانراوە چەند شانۆگەریەك بە زمانی کوردی و دەقی خۆماڵی نمایش بکرێن، دیارترین ئەوانەی دەقی شانۆیان نوسیوە هەریەك لە:(مستەفا نەریمان، خالید دلێر، کەمال قەرەداغی، یەحیا بابان)بوون. ئەوەی جێگای ئاماژەیە لایەنێکی پێشکەووتوی شانۆی کوردی لە کەرکوکدا لەو ماوەیەدا، بەشداری کارای ئافرەتانی کورد لە شانۆگەریەکان بوو لەوانە:(نەجلا شێخ رەئووف، نازەنین بەکر، فەریدە حەسەن). ئەوەی دەبینین ئافرەتانی کەرکوك تەنیا بە بەشداری کردن نەوەستاون، بەڵکو بگرە خۆشیان شانۆگەریان دەرهێناوەو نمایشیان کردووە، وەك: (ئافرەت ونووشتە)[٤]. هەر لەو ماوەیەدا شانۆکاری ناسراوی کەرکوك جەلیل

---

[١] فاضل الحلاق، م.س، ص٨٥.

[٢] عیسمەت هورمزی:لەساڵی ١٩٣٦ لە کەرکوك لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەشارەکە تەواو کردووە، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە ساڵی١٩٥٩ تەواوی کردووە، لە بواری شانۆ و دەرهێناندا رۆڵی بەرچاوی گێراوە، حەقی شبلی شانۆکاری ناسراوی عێراقی گەواهی ئەم راستیەی بۆدەدا، لەساڵی ١٩٦١ roویکردووەتە تورکیا بەمەبەستی خویندن، دوای گەرانەوەی چەندین شانۆگەری دەرهێناوە ونمایشی کردووە. عصمت الهرمزي، محطاط فی حیاة الرائدالمبدع، سومر"مجلة"،ع (٤)، ٢٠٠٦، ص٢١ومابعدها.

[٣] فاضل الحلاق، م .س، ص٦٥؛ حەسەن تەنیا، س.پ، ل١٠٧-١٠٨.

[٤] حەسەن تەنیا، س .پ، ل١٠٧.

قەیسی سەردانی ئەمریکای کردووە بۆ ئەوەی بەشداری سینەما بکات، هەرچەندە ناوبراو لەم هەوڵەی سەرکەوتوونەبووە. بەڵام ئەمە مانای ئەوەیە، کە شانۆکارانی شارەکە ئاگاداری هونەری دونیابوونە. ئەوەتا فازیل عزاوی لە کتێبی (روح الحیه) دەڵێن:" ئێمە وەکو کۆمەڵەی کەرکوك شان بەشانی ئەدەب وشیعر وێنە و نووسین چاوەڕێ هەموو بەرهەمێکی سینەمایمان دەکرد. سینەما ڕۆڵی گرینگی لە ژیانی ئێمەدا هەبوو". هەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت وەکو گروپەکە، لەگەڵ موئەید راوی دا یەکەم تیپی شانۆیمان دامەزراند، یەکەم بەرهەمەمی شانۆی(جیان) لە نوسینی یەحیابابان بوو، بەڵام بەهۆکاری سیاسی نمایش نەکرا[١].

بواری شانۆگەری لە شاری کەرکوك لە ساڵانی شەستەکاندا گەشەسەندنێکی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بەهۆی دامەزراندنی چەندین تیپی نوێ لەلایەن ئەو کۆمەڵە قوتابیانەی، کە لە ئەکادیمییە هونەرییەکان دەردەچوون، هەروەها کردنەوەی بەشی چالاکی هونەری قوتابخانەکان لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوکدا، کە بەشێکی سەرەکی شانۆگەری شارەکە بوو[٢]، بەشێکی زۆریش مامۆستا و قوتابیان تواناکانی خۆیان تێدا دەرخستووە، دیارترین ئەو تیپانەی دروست بوون (تیپی شانۆی مامۆستایان ١٩٦١ وتیپی شانۆی قوتابیان ١٩٦٢ لەلایەن ئەنوەر رەمەزان[٣] سەرپەرشتی کراوە، تیپی شانۆی ناوەندی غەربیە ١٩٦٣ لەلایەن سوعاد عیزەت ئەرسەلان[٤]، تیپی شانۆی قوتابیان ١٩٦٤ لەلایەن سەلاح شیخلەر[٥]، تیپی شانۆی زێری رەش(الذهب الاسود)١٩٦٤ لەلایەن جەلال ئەحمەد ئەلحسوێنی تیپی شانۆی نوێ (المجددون) ١٩٦٥ لەلایەن تەحسین شەعبان، تیپی شانوی نۆی (ینی تمثیل طاقمی) ١٩٦٩ دامەزراون [٦]. لەو قۆناغەدا ئەو تیپانە توانیویانە کۆمەڵێك بەرهەمی شانۆیی

---

[١] فاضل العزاوی، م.س، ص٣٠٢.

[٢] ماهیر النقیب، م.س، ص٣٧٦.

[٣]ئەنوەر رەمەزان: لە ساڵی١٩٣٧ لە کەرکوك لەدایك بووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانە، لە زۆربەی ناوچەکانی کەرکوك مامۆستایەتی کردووە، دواتر بۆتە لێپرسراوی بەشی شانۆ لەچالاکی پەروەردەی کەرکوك، چەندین چالاکی شانۆیی لەشاری کەرکوك بەرێوە بردووە..

[٤]سوعاد عیزەت ئەرسەلان: لە ساڵی ١٩٣٦ لە کەرکوك لەدایك بووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانە، لە بواری شانۆ شێوەکاری وپەروەردە دەستی باڵای هەبوو، بەشداری چەند شانۆگەری و پێشانگای شێوەکاری لەناوەو دەرەوەی وڵات کردووە. فلاح یاوز اوغلو، سعات غزت ارسلان، الفنان التشکیلی والمسرحی، تورکمن ایلی، السنه الخامسه، ع(٥٠)٢٠١٢، ص٢٢.

[٥]سەلاح شیخلر: لە ساڵی ١٩٣٩ لە کەرکوك لەدایك بووە، خانەی مامۆستایانی لەساڵی ١٩٥٩ تەواوکردووە، ئەندامی کۆمەڵەی هونەری کەرکوك بووە، لە بواری شانۆگەری رۆڵی بەرچاوی هەبووە، بەشداری چەندان شانۆگەری وپێشانگای شێوەکاری کردووە. فاضل محمدبربر، لقاء صلاح الدین شیخلر، تورکمن ایلی،ع(٥٢) السنةالخامسة، مایس ٢٠١٢، ص٨-١٠.

[٦]بۆ زانیاری دەربارەی کارو چالاکیەکانی ئەو تیپانە بروانە: اکرم صابر کرکوکلی، تطورالفن المسرحی الحدیث فی کرکوك، الاخاء/قارداشلق، ع(٥-٦)للسنة(١٢)ایلول وتشرین الاول١٩٧٢، ص١٦-١٧.

بەپێز نمایش بکەن، کە گوزارشتیان لە واقعی ژیانی ئەو سەردەمە کردووە. ئەو بەرهەمە هونەرییانە کاریگەری بەرچاویان لەسەر بزاڤی رۆشنبیری شارەکەدا گێڕاوە.

سەبارەت بەدەقی شانۆیی، وێڕای وەرگێڕانی دەقە بیانیەکان، کۆمەڵێك نووسەری شارەکەش قەڵەمەکانیان بۆ چیرۆکی شانۆگەری تەرخانکردووە، لەوانە جەلیل قەیسی شانۆنامەی (کیفارا عاد افتحوالابواب) نوسیووە[1]، محیێدین زەنگەنە دەقە شانۆیەکانی سێجار خەڵاتی باشترین دەقی شانۆیی لەسەر ئاستی شانۆی عەرەبی بەدەست هێناوە[2] هەروەها یوسف سەعید شانۆگەری (المجزره الاولی) نووسیوە[3]. گۆڤارو رۆژنامەکانی کەرکوکیش بایەخیان بە شانۆگەری و چالاکییە شانۆگەرییەکان داوەو وتاریان لەسەر شانۆی جیهانی و مێژووی شانۆ لە کەرکوك بڵاوکردووەتەوەو رەخنەی شانوییان گرتووە. چاوپێکەوتنیشیان لەگەڵ شانۆکاران سازداوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە زۆربەی ئەو شانۆگەریانەی نمایشکراون بە زمانی عەرەبی و تورکمانی بوو. سەبارەت بە شانۆگەری کوردی، لەم قۆناغەدا وێڕای چەند شانۆکارێکی کورد رۆڵیان بینیوە، بەڵام شانۆگەری کوردی دوایی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی١٩٦١ بەبەراورد لەگەڵ شانۆی تورکمانی و عەرەبی زۆر سست بووە، گەیشتووەتە قۆناغی خامۆش بوون، تاوەکو رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠ هیچ شانۆگەرییەکی کوردی نمایش نەکراووە. لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك شانۆکار و دەرهێنەری شانۆیی لە کەرکوکدا رۆڵیان هەبوو، وەك:(عیسمەت هورمزی، ئەنوەر محەمەدرەمەزان، ئایدن ئەلعێراقی، جەلال ئەحمەدئەلحەسنی، سوعاد عیزەت ئەرسلان، سەلاح شخیلر، تەحسین شەعبان فازیل جاف، جەلیل زەنگەنە[4]،و...هتد)[5].

شانۆگەری لەنیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی دوایی راگەیاندنی مافی رۆشنبیریی تورکمان و رێکەوتننامەی١١ی ئاداری١٩٧٠شانۆگەری پێی نایە قۆناغێکی نوێوەو گەشەکردنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بەتایبەتی شانۆگەری کوردی، کە ماوەیەکی زۆر بێ دەنگ کرابوو، ئەو پەرەسەندنەش لەئەنجامی دامەزراندنی چەند تیپێکی شانۆیی بوو لە شاری کەرکوك، وەکو تیپی شانۆی مەشخەڵ کە شانۆگەری (دایکی شەهید)ی نمایشکرد، بەمەش جارێکی دیکە، خوێنی کرد بە بەر شانۆی کوردیدا لە شارەکەدا[6]، هەروەها تیپی یەکێتی لاوانی دیموکراتی و تیپی

---

[1]جلیل قەیسی، جیفارا عاد افتحوالابواب، بیروت ١٩٧١.

[2]فاظل العزاوی، م.س، ص٣٠٢

[3]یوسف سعید، المجزره الاولی، کرکوك، ١٩٥٨.

[4]جەلیل زەنگەنە:لە ساڵی١٩٤٧ لە کەرکوك لە دایك بووە، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردووە هاتووەتە ناو دونیای شانۆی کوردی، لەشاری کەرکوك چەندان کاری شانۆیی کردووە، چ وەکو ئەکتەر چ وەکو دەرهێنەر، ناوبراو ئێستا لە سلێمانی ژیان بەسەردەبات، سمکۆ بەهرۆز، بیبلۆگرافیای ناوداران...، ل٩٨-٩٩.

[5]بۆ دیارترین ئەوشانۆکارانەی لەماوەی یەدا رۆڵیان هەبووە بڕوانە: ئینساکلۆپیدیای کەرکوك،(دەست نووس). ب٥، ل٩٠-١٠٩.

[6]موحسین محەمەد، بزووتنەوەی شانۆی کوردی لەشاری کەرکوك١٩٥٣-١٩٧٤، هاواری کەرکووك، ژ(١)ی ئەیلولی ١٩٩٨، ل٣٦.

کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کورد/لقی کەرکوك بە شانۆگەری (تەقینەوە) بەشداری میهرەجانی هونەری کوردی، لەبەغدا کرد، خەڵاتی باشترین شانۆی میهرەجانەکەی بەدەستهێنا، بەوەی کە سەلمان فایەقی دەرهێنەر توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی شانۆی کوردی هەندێ بینراوی سینەمای تێکەڵ بە شانۆگەرییەکە کردبوو، خەڵاتی یەکەمی میهرەجانی وەکو دەرهێنەر بەدەست هێنا[1]. وێڕای ئەمە ئەم تیپە شانۆیانە چەندین شانۆگەری تریان لەکەرکوك نمایش کرد.

هەر لەم ماوەیەدا ژمارەیەك هونەرمەند دەرکەوتن لەسەربواری شانۆ، کە جێ پەنجەیان دیارە لە مێژووی شانۆگەری شارەکە لەوانە (جیهاد دڵپاك، جەلیل زەنگەنە، نیعمەت خەیات، علی کەریم، سیروان جاف، محمد گلی، عزیز زەنگەنە، بەختیار سیامەنسوری و... هتد). یەکێکی تر لە ئاماژەکانی پێشکەوتنی شانۆی کوردی بەشداری ئافرەتان بوو، لە شانۆگەریەکان بەمەش گرۆتینێکی باشیان بە شانۆی کوردی داوە لە کەرکوکدا دیارترینیان (پەروین ئەحمەد، سەبریە کەمیل ، پەروین عبدالقادر، نەجیبە خان، چنورئەحمەد، عالیە خان، شکوریە خان، ژیان خان)بوون،کە رۆڵی گرنگیان بینیووە لە کاتێکدا لە شارێکی وەکو سلێمانی لەشانۆگەریەکاندا پیاو رۆڵی ئافرەتی دەبینی[2].

هەموو ئەو پەرەسەندنانە کاری کردە سەر بەرەو پێشبردنی رەوتی شانۆ لە کەرکوکدا، کە ژمارەیەکی زۆر شانۆگەری بە زمان و دەقی خۆماڵی پێشکەش کران. بە بەراورد لەگەڵ پێش رێکەوتننامەی ١١ی ئادار ١٩٧٠، یەکێکی دیکە لەو پەرەسەندنانە ئەوەبوو، کە چەند دەقێکی شانۆیی و نوسەرێکی شانۆی خۆماڵی دەرکەوتن، لەوانە:(سەلمان فائق، جەلیل زەنگەنە، عەلی کەریم، فازیل جاف) دەقی شانۆییان نوسیوە[3]. بەڵام ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت، کە شانۆی کوردی، لە شارەکە بێ گرفت بێت، بەڵکو ڕووبەڕووی چەند گرفتێك بووەتەوە، دیارترینیان کەمی دەقی شانۆی کوردی کە گوزارشت لە واقعی کۆمەڵگای کوردی بکات[4].

شانۆی تورکمانی دوای دەرچوونی بڕیاری مافە رۆشنبیری تورکمان چووە قۆناغێکی نوییەوە، چەند تیپێکی شانۆیی دامەزران، لەوانە (تیپی میللی تورکمان و تیپی بابەگوڕگوڕ ئەم تیپانە چەندین شانۆگەری تورکمانیان نمایش کردووە. دیارترینیان شانۆگەری(عباس کسلان–تەمبەل عەباس)، بووە دەنگدانەوەی گەورەی هەبووە[5]. دیارترین ئەوانەی لە بواری دەرهێنان و ئەکتەری شانۆی تورکمانی کاریان کردووە، هەریەك لە (تەحسین شەعبان، هاشم زەینل، عیماد بەهجت، حوسێن عەلی غالیب، ئەنوەر رەمەزان، محەمەد قاسم ...هتد)سەبارەت بەو دەقە شانۆی خۆماڵی، کە لەو ماوەیەدا وێڕای

---

[1] حەسەن تەنیا، س.پ، ل٩٩.

[2] ئینساکلۆپیدیای کەرکوك( دەست نووس)، ب٥، ل٩٦–٩٨.

[3] ه.س. ل٩٩–١٠٧.

[4] هاوکاری، ژ(٣٤)٢٩ئابی١٩٧٠.

[5] فاضل الحلاق، م . س، ص٨٥–٨٦.

وەرگێران بەشێكی نوسەران وەك (نەصرت مەردان، سەلاح نەورەس، قەحتان هورمزی، تەحسین شەعبان) قەڵەمەكانیان بۆ شانۆگەری خۆماڵی تەرخان كردبوو[1].

لەماوەی تویێژینەوەكەدا وێستگەیەكی دیكەی پێشكەوتووی شانۆ لە كەركوك بریتیی بوو لەوەی بەشێكی شانۆگەریەكان گواسترانەوە بۆسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكان و پەخشی رادیۆكان بەتایبەتی هەردوو تەلەفزیۆنی كەركوك-بەغدا. دیارترین ئەو شانۆگەریانەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن گەیشتووەتە بینەران ئەوانیش: (تەمسیلی مەرەزە، بەهاری دزراو، قەرایالای پاركن كاتی (قەدەر بەردەوام دەبێت)، التی الیغ -شەش درهم، شمندەفەر، غبیورلری براسی، دەلیلردختوری، نفیت بزمر و....هتد). چەند شانۆگەریەكیش لە رێگەی رادیۆ پێشكەشكراون (موچلا، همپزمداكارلغ ، رشیدكولا، سرودخال)[2]. هەمووی ئەو شانۆگەریانەی لەو قۆناغەدا نمایشكراون بەگشتی رۆڵی گرینگیان بینووە، لە هۆشیاركردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵگە، لە دیاردە بزێوە ناشرینەكان، هەروەها پەنجە خستنە سەر ئازاری نەتەوەكانی شارەكە، بەڵام ئەم دۆخە وەكو خۆی نامینی بەتایبەتی لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ساڵی١٩٧٤ بەدواوە هونەری شانۆ، بەتایبەتی شانۆی كوردی بەرەو خامۆشی چووە.

## ب/ شێوەكاری:

چالاكی هونەری شێوەكاری، لەماوەی تۆێژینەوەكەدا، یەكێكە لەلایەنە زیندووەكانی بزاڤی رۆشنبیریی شاری كەركوك. پەرەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە. بێگومان كۆمەڵێك هۆكار رۆڵی سەرەكیان هەبوو لەو پەرەسەندنە، لەوانەش بەپلەی یەكەم رۆڵی قوتابخانەكان بەتایبەتی لەپرۆگرامی خوێندن بابەتی وێنە(رسم)دەخوێندرا، هەروەها بەشێكی زۆری قوتابخانەكان ژووری وێنەكێشانییان هەبووە، وانەی وێنەیان خوێندووە. هەروەها رۆڵی چالاكی قوتابخانەكان كە هەر لە چلەكانەوە هەموو ساڵێك بەشێكی زۆر مامۆستایان و قوتابیان بەشداری چالاكی هونەری شێوەكارییان كردووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ژمارەیەكی زۆری قوتابیانی كەركوك لە ئەكادیمیای هونەری بەتایبەتی لە بەغدا وەرگیران و دواتر گەرانەوە وەكو مامۆستا لە قوتابخانەكان دەست بەكاربوون، بەمەش تەكانێكی باشیان بە هونەری شێوەكاری داوە.

ئەوەی لەو قۆناغەدا رۆڵی گەورەی گێڕاوە لە بەرەوپێش بردنی هونەری شێوەكاری لە شارەكەدا كۆمەڵەی هونەرمەندانی كەركوك(جماعة فنانی كركوك)بوو، كە كاریگەری گەورەیان لەسەرهونەری شێوەكاری لە شارەكە داناوە، سەرەتای دروست بوونی ئەم كۆمەڵەیە، تەنیا سێ هونەرمەند بوون، بەڵام لەساڵانی شەستەكان ژمارەكەیان گەیشتە نزیكەی (٤٠) هونەرمەند[3]، كە لە دەوری ئەم كۆمەڵەیە كۆبووەنەتەوە. ئەمكۆمەڵیە چەندین پێشانگایان لە شاری كەركوك و دەرەوەی كەركوك كردووەتەوە،

---

[1] نصرت مردان، اطلالة علی المسرح الترکمانی المعاصر، کرکوك،٢٠٠٠، ص١٧-٢١.

[2] ئینسكلۆپیدیای كەركوك(دەسنووس)، ب٥، ل٩٤-١٠٥؛ تحسین شیخ اوغلو، نشاة المسرح الترکمانی فی کرکوك والفنانین الرواد المعاصرین، باریش، ع(١) سنة٢٠٠٠، ص٣٦.

[3] لەبارەی ئەم كۆمەڵیەوە، بڕوانە: دەروازەكە.

بەتایبەتی دوایی شۆڕشی١٤تەمموزی ١٩٥٨ یەکەم پێشانگایان، کە پێشانگای سێزدەهەم و چواردەهەمیان بوو، لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی کەرکوک، هەر بەناوی پێشانگای شۆڕشەوە (المعرض الثورة) کردووەتەوە. بە بەشداری هونەرمەندی دیاری شێوەکار کەرکوک مەحموود عوبێدی دیارترین هونەرمەندانی شارەکە[1]. کۆمەڵەکە لە ساڵی ١٩٦٠ لە هەمان هۆڵدا پێشانگای پانزەهەمی خۆیان کردووەتەوە[2]، ئەوەی شایانی باسە لە شەستەکان سستی دەکەوێتە چالاکی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کەرکوک، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی سێ هونەرمەندی دیاری کۆمەڵکە کەرکوکیان بەجێهێشت، سەعید ئەحمەد عاشور رووی کردە بەغدا، سینان سەعید رووی کردە کۆماری ئەزەربایجانی سۆڤیەت بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن[3].(عەبدوڵڵا ئەمین)یش بەهۆی پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ درا، بەڵام دواتر دوورخرایەوە بۆ خوارووی عێراق و پاش ئازادبوونی رووی کردە هەندەران [4]. دوورکەوتنەوەی ئەم هونەرمەندانە لە گۆڕەپانی هونەری شێوەکاری لە کەرکوک هۆکارێك بوو، بۆ سست بوونی چالاکییە هونەییەکان لەبواری شیوەکاری لەشارەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵەکە بەشداری چەندان چالاکیان کرد و بەتایبەتی لە فیستیڤاڵی هونەری ساڵانەی پەروەردەی کەرکوکدا لە نیسانی ١٩٦٤ هونەرمەندانی گروپەکە پێشانگایەکی شێوەکاریان کردەوە، وەزیری پەروەردەی ئەوسای عێراق(ئیسماعیل العارف) پێشانگایەکەی کردەوە[5]، هەروەها لە٢٥ی ئابی ١٩٦٩ لە بەغداش پێشانگایەکی هاوبەشیان لە هۆڵی (کولبنکان) کردەوە هەریەك لە (محمود العبیدی، فخری جلال، فریال المودریس، نورالدین عیزت، خالد رمضان، پولص عیسا، عبدالرزاق شیخلر، عباس ئرنای، کمال تاهیر، اکرم صابر، نەوزاد کەدەل) بەشداریان تێداکردووە[6].ئەوەی دەبینین کۆمەڵەکە نەك تەنیا لەکەرکوك، بەڵکو لە بەغدا و دەرەوەی عێراقیش بەتایبەتی لەتورکیا پێشانگای تایبەتیان کردووەتەوە، یاخود بەشداریی پێشانگا هاوبەشەکانیان کردووە.

سەبارەت بەهەوڵی تاکەکسی لەکردنەوەی پێشانگا، چەند هەوڵێك دەبینین لەوانە هونەرمەند ئایدن شاکر ئەلعێراقی یەکێك بووە، لەو هونەرمەندانەی لەو ماوەیەدا بەهەوڵی تاکەکسی لەساڵی

---

[1] احمد محمد کرکوکلی، هولاء هم جماعة فنانی کرکوك، صوت الاتحاد"المجلة"،ع(١٨٤)، ٢٧شباتی ٢٠٠٨،ص١٢.

[2] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە ڕۆشنبیریەکان...، ل٢٣٧؛ بهجت مردان، محمود العبیدی مؤسة جماعة فنانی کرکوك ، سومر، ع(٥)، السنةالثانیة، کانون الثانی٢٠٠٧، ص ١٥.

[3] احمد محمد کرکوکلی، هم جماعة...ص١٢؛ سنان سعید، جماعة فنانی کرکوك، سومر،ع(٥)، السنةالثانیة، کانون الثانی٢٠٠٧، ص٢٢.

[4] مستەفا زەنگەنە، لاپەرەیەکی شاراو لە ژیانی هونەرمەند عەبدوڵڵا ئەمین، هاواری کەرکوك، ژ(١)،ئەیلولی١٩٩٨، ل٨٧.

[5] سمکۆ بەهرۆز، مێژوی گۆرانە ڕۆشنبیریەکان ....، ل٢٣٨

[6] احمد محمد کەرکوکلی ، هولاء هم جماعة...... ص١٢.

١٩٦٧ يەکەمین پێشانگای تایبەتی خۆی لە یەکێك لە هۆڵەکانی شاری کەرکوك لە شەقامی ئەتڵەس کردووەتەوە[١].

هەروەها هونەرمەند بەدیع حوسێن باباجان[٢]، کە یەکێکە لەو هونەرمەندە نیگار کێشانە شێوازی تایبەتی خۆی هەبووە، وەکو خۆی دەڵێت "لە بیروباوەری هونەری واقیعم لە جێبەجی کردنی کارەکاندا کلاسیکم". شارەزایی و بەهرەمەندی ناوبراو لەکارکردن وای کردووە، لەساڵی١٩٦٧ لەلایەن بانقی ناوەندی عێراقەوە داوای لێبکرێت وێنەی سەر دراوە کانزاییەکان بکێشێ، باباجانیش وێنەی سەر دراوە کانزایەکانی عێراقی بەشێوەیەکی زۆر وردو لێهاتوویەوە لەسەرهەردوو دیوی دراوەکانی( ٥فلس، ١٠فلس، ٢٥فلس، ٥٠فلس)ی کێشاوە[٣]. سەرەڕای ئەمە هونەرمەند بەدیع باباجان یەکەم هونەرمەندی کورد بووە، وێنەی پیاوە ناودارەکان و شاعیرانی کوردی کێشاوە، لەوانە وێنەی شەرەفخانی بەدلیسی مێژوونووس ، بێگومان کێشانی ئەو وێنەیە بەو خەیاڵە بەربڵاوەی بارتەقای گرینگی کتێبە مێژووییەکەی شەرەفخانە گرینگی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەها وێنەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی، وەك (باباتاهیری هەمەدانی، مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی،ناڵی، سالم، کوردی، مەلای جەباری، مەولەوی، حاجی قادری کۆیی....هتد)کێشاوە، وێڕای ئەم کارانە وێنەی ناوەڕۆك و بەرگی چەندان کتێب و گۆڤاری کێشاوە. هەروەها یەکێکی دیکە لە کارە ناوازەکانی، لۆگۆی یەکێتی نوسەرانی کورد و وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی کێشاوە[٤].

لە حەفتاکاندا بزاڤی شێوەکاری لە شاری کەرکوك پەرەسەندنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، چووەتە قۆناغی گەشەسەندن، ئەمەش بەرەنجامی ئەو بزووتنەوە هونەریە بوو، لەچلەکان و پەنجاکاندا سەری هەڵداوە، هەروەها وەرگیرانی قوتابییەکی زۆری شارەکە لە ئەکادیمییە هونەرییەکان، کە لەدوای تەواوبوونیان بونەتەوە بە مامۆستا لە شاری کەرکوك بناغەی هونەری شێوەکارییان دانا، ئەوانە لەوماوەیەدا چەندین پێشانگای هاوبەش و پێشانگای تاکەکەسیان لە کەرکوك و دەرەوەی کەرکوك وعێراق کردووەتەوە و بەشداریان تێدا کردووە، دیارترین ئەوچالاکییە شێوەکاریانەی لەشارەکە کراون لەوانە: لە ئەیلولی ١٩٧٠ کۆمەڵێك هونەرمەندی کەرکوك پێشانگایەکی هاوبەشیان بەناوی (پێشانگای

---

[١]ایدن شاکر العراقی: لە ساڵی١٩٣٦ لە کەرکوك لەدایك بووە، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواوکردووە، بووەتە مامۆستای وێنە لەبواری وێنەکێشان و شیوەکاری و شانۆ دەستی باڵای هەبووە، بەشدای چەندین پێشانگای کردووە، ئیستالەشاری کەرکوك ژیان بەسەردەبات. الفنان الرائد ایدن شاکر العراق، سومر، ع(٥)السنةالثانية، کانون الثانی٢٠٠٧ ، ص٢٥.

[٢]بەدیع حوسپن باباجان: لە ساڵی١٩٢٣لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، لە ساڵی١٩٥٠ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواو کردووە، لە بواری خۆشنووسی وێنەکێشان دەستی باڵای هەبووە، لەساڵی١٩٩٦ کۆچی دوایی کردووە، جمال بابان، م.س، ص٥٦٣.

[٣]جەمال خەزنەدار، چاوپێکەوتن، هونەرمەند بەدیع باباجان، رەنگین"گۆڤار"، ژ(٥٢)ساڵی ١٩٩٣، ل٩؛ بروانە: بەختیار سەعید، بەدیع باباجان١٩٢٣-١٩٩٦، چ٢، سلێمانی،٢٠١٣، ل ل٢٥، ١٣١.

[٤]هێرش محمد ئەمین، چاوپێکەوتن، بەدیع باباجان، رەنگین، ژ (٧) مایسی١٩٨٨، ل ٢٨-٣٠؛ بەختیار سەعید، س.پ، ل ٢٦-٦٣.

هونەرمەندانی تورکمان) کردووەتەوەو شێوەکارێکی زۆر بەشداریان تێدا کرد. هەر لەهەمان ساڵدا هونەرمەندانی کەرکوك، لەشاری ئەنکەرە بەشداری پێشانگایەکی هاوبەشیان کردووە[١].

هەروەها رەخسانی ئەو کەشە لەبارەی بۆ کوردەکان بەتایبەتی دوایی رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠هونەرمەندە کوردەکانی شارەکە ئیتر دەستیان بەجمو جۆل کردووە، چەند پێشانگاییەکی هاوبەش و تاکەکەسیان کردووەتەوە، لەوانە: هونەرمەند ئەحمەد کاکەسوور[٢]، لە ساڵی١٩٧١دا پێشانگایەکی تایبەتی لە هۆڵی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان/لقی کەرکوك کردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٣ جارێکی دیکە، لە هۆڵی رۆشنبیریی جەماوەری شاری کەرکوك پێشانگای دووەمی تایبەتی بە خۆی کردووەتەوە. جگە لەوەی بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندان ئاری بابان[٣] گارا رەسول[٤] لە هۆڵی ئامادەیی ئیمام قاسم پێشانگای هاوبەشی کردووەتەوە[٥].هەر لەومیانەدا پێشانگا هاوبەشییەکانی یەکێتی مامۆستایانی کەرکوك پێشانگایەکیان بۆ هونەرمەندانی کەرکوك بەناوی پێشانگای سەرکەوتن بۆ هونەرمەندانی شێوەکاری کردووەتەوە[٦].

هەروەها هەرلەو ماوەیەدا هونەرمەند ناسر خەلەف پێشانگەیەکی تایبەتی خۆی بەشێوەی هێڵکاری لە ساڵی ١٩٧٢ لەژێر ناوونیشانی (الحبر) لە هۆڵی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیریی جەماوەری کەرکوك کردووەتەوە[٧]، لە ساڵی ١٩٧٣ هەریەك لە هونەرمەندان ئاری بابان وخالید رەزا پێشانگایەکی هاوبەشیان لە هۆڵی ئامادەیی کوردستان کردووەتەوە لەپێشانگایەدا(٢٠) تابلۆیان نمایشکردووە، کە گوزارشتیان لە سروشتی کوردستان ودیاردە شارستانیەکانی شاری کەرکوك کردووە[٨]، هەر لەهەمان

---

[١]ماهر النقيب، م.س، ص ٣٨٧؛ فاضل الحلاق، التشكيلي التركماني...اسماء التواريخ، سومر، ع(٥) السنة الثانية، كانون الثاني٢٠٠٧، ص ٩.

[٢]ئەحمەد کاکە سوور: لە ساڵی١٩٤٧ لە کەرکەوك لەدایك بووە، لە ساڵی١٩٧١پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواوکردووە، لەناوچەکانی کوردستان مامۆستایەتی کردووە چەند پێشانگای شێوەکاری لەکەرکوك کردووەتەوە، ئیستا لەتاراوگە ژیان بەسەر دەبات. سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆڕانە رۆشنبیریەکان ...، ل٢٤٥.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەل عومەر عوبێد عبدولقادر(ئاری بابان) لە ٢٠١٥/٣/١٢: ناوبراو لە ساڵی١٩٥٣ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، دەرچوی بەشی کتێبخانەی کۆلێژی ئادابی زانکۆی موستەنسریە یە، لە بواری شێوەکاری دەستی باڵای هەیە، چەندین پێشانگای شێوەکاری تایبەت وهاوبەشی کردۆتەوە، ئیستا لە سلێمانی ژیان بەسەردەبات.

[٤]تەیب رسول (گارا): لەشاری کەرکوك لەدایك بووە، لەبواری شێوەکاری چالاکی هەبووە، ئێستا لە تاراوگە ژیان بەسەر دەبات.

[٥] سەلاح حمە ئەمین، ئەحمەد محمد کاکەسور، هەواڵ"هەفتەنامەی"ژ (٣٣١) ٢٦ ئایاری ٢٠٠٧؛سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆڕانە رۆشنبیریەکان....، ل ٢٤٣

[٦]محەمەد باقی سەعید، یەکیتی مامۆستایانی کوردستان بیرەوەریەکان وخەباتی مامۆستایان، سلێمانی،٢٠١٣، ل١٩٦.

[٧]ناصرخەلەف: یەکێکە لەشێوەکارەکانی کەرکوك لە بواری شێوەکاری چالاکی هەبووە، چەند پێشانگای هاوبەش و تایبەتی کردووەتەوە.

[٨]رەنگدانەوەی کەرکوك لەتابلۆکانی ئاری بابان، ئا:"گۆڤاری کەرکوك"، ژ(٢)ساڵی چوارەم، پایزی ٢٠٠٢، ل٦٥-٦٨.

**ساڵدا کۆمەڵێك هونەرمەندی کەرکوك بۆ هاوبەشی ماتەمینی گەلی فەلەستین لە هۆڵی شارەوانی شارەکە پێشانگایەکیان کردووەتەوە[١].**

**هەریەك لە هونەرمەندان ئاری بابان و ئازادە رەش لەساڵی ١٩٧٤ پێشانگایەکی هاوبەشیان بەبۆنەی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق لە بارەگای ئەو حیزبە لەشاری کەرکوك کردووەتەوە[٢]. هونەرمەند عادل علی یەکەمین پێشانگای تایبەتی خۆی لەساڵی ١٩٧٥ لە هۆڵی یانەی وەرزشی سۆلاڤ کردووەتەوە، تیدا (٢٢)تابلۆی نمایشکردووە، تابلوکانی گوزارشتیان لە رزگاری کورد وسروشتی کوردستان و ئازادی مرۆڤ کردووە[٣].**

**لەهەمان ساڵدا هونەرمەندانی کەرکوك لە خانەی رۆشنبیریی تورکی پێشانگایەکی هاوبەشیان کردووەتەوە[٤].ئەوەی تێبینی دەکەرێ تابلۆکانی شێوەکارانی کەرکوك ئیلهامیان لە سروشتی کوردستان وکەرکوك وەرگرتووە. تابلۆکانی خۆشەویستی شار وقەڵا ودار و درەخت و شوێنەوارەکانی پێوە دیارە.**

**بەشێوەیەکی گشتی هونەرمەندانی کەرکوك لەژێر کاریگەری شێوەکارانی عێراقی وبگرە بیانی وەك (بیکاسۆ، ڤانگۆغ، غوغان، سیزان، سلڤادۆر دالی و....هتد بووینە[٥]. ئەو کەرەستانەی هونەرمەندان بەکاریان هێناوە لە قوڕ و دار و تەختە و پەرۆ و بۆیە و فلچە...هتد، هەندێکشیان لەسەر دار و تەختە هەڵکۆڵینیان کردووە.**

**سەبارەت بە ناوەڕۆکی تابلۆکان ئەوا شێوازی ریالیزمی واقیعی باو بووە، لەگەڵ ئەوەشدا تابلۆی تەعبیری هاتووەتە ناو هونەری شێوەکاری کەرکوك ئەمەش لەژێر کاریگەری ئەو قوتابیانە بوو کە لە بەغدا خوێندبوویان[٦].**

## ج/ گۆرانی و مۆسیقا:

**شاری کەرکوك بەفرە نەتەوەیی وئاینی ناسراوە، هەر یەك لەو نەتەوانە خاوەن تایبەتمەندی رەسەنایەتی خۆیەتی، یەك لەو بوارانە گۆرانی ومۆسیقایە، لەم بوارەدا ناوچەی کەرکوك بەیەك لە ناوچە دەوڵەمەندەکان دادەنرێت، بەتایبەتی لە بواری مەقام و قۆریات. سەبارەت بەرەوشی گۆرانی و**

---

[١]ناظم کرکوکی، التشکلین ترکمان في المهجر، سومر، ع(٥) السنةالثانية، کانون الثانی٢٠٠٧، ص٤١.

[٢]ئازاد مستەفا: یەکێکە لەشێوەکارەکانی کەرکوك لە حەفتاکاندا لەبواری شێوەکاری جێ پەنجەی دیارە، بەشداری چەندان پێشانگای کردووە.

[٣]چاوپێکەوتن لەگەڵ عادل عەلی لە ٢٠١٥/١٠/٧: ناوبراو لەساڵی ١٩٥١ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، کۆلێژی هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواو کردووە، لەساڵی١٩٧٨ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی لەکەرکوك کردووەتەوە، لەبواری پەروەردە خزمەتی بەرچاوی کردووە، تا ئێستا بەشداری چەندان پێشانگای لەناوەو دەرەوەی شارەکە کردووەتەوە. ئیستا لە کەرکوك ژیان بەسەردەبات.

[٤]فاروق فائق عمر، المعارض في العراق، سومر، ع(٥) السنةالثانية، کانون الثانی٢٠٠٧، ص ٤٣.

[٥]فاضل العزاوی، م.س، ص٢٨١.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاری بابان٢٠١٥/٣/١٢.

مۆسیقا بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، زەمینەیەکی باش هاتە کایەوە و دەرفەتی رەخساند بۆ دامەزراندنی یانە و تیپی جۆراوجۆر. ئەمەش بوە هۆی لەدایك بوونی یەکەم تیپی مۆسیقای کوردی لە شاری کەرکوك کە تیپی مۆسیقای (بێکەس) لە سالأنی ١٩٥٧-١٩٥٨ دامەزراوە، لەسەر دەستی هەریەك لە هونەرمەندان (رەمەزان زامدار، عەبدوڵڵا محێدین، سەردار فەتاح)دامەزرێندرا، پاشان هەریەك لە هونەرمەندان سەلاح عەباس و شەوکەت رەشید هاتنە ناو تیپەکە(١).

شایانی باسە ئەم تیپە رۆڵی کاریگەری هەبووە، لەسەر رەوشی رۆشنبیریی و هونەری شارەکە، ئەمەش لەبەر ئەو رۆڵە کارایەی گێراویەتی لەم بوارەدا، بەتایبەتی بەشداری هەموو، ئەو ئاهەنگە نەتەوەیی و نیشتمانی و چالاکییە هونەریانەی لە کەرکوك کردبوو، جگە لە کورد وعەرەب و تورکمان و ئەرمەن روویان لەم تیپە کردووە(٢). هەروەها ئەم تیپە ئاوازی بۆ ژمارەیەك لە هونەرمەندانی شارەکە داناوە، ئەوانەی لەگەڵ ئەم تیپە خزمەتیان بەئاواز و گۆرانی کردووە، وەك (جەلال وەندی، جەبار سۆدەچی، حوسێن بەهادین، ڤارگیس، قادر مەردان، ئەنوەر تایەر، نەجمەدین قارداش، شەوکەت رەشید ...هتد(٣).

ئەم تیپە بەشداری چەندین ڤیستیڤاڵ و ئاهەنگی جەماوەری شارەکەی کردووە، لەسەر دەستی ئەم تیپە گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەتایبەتی لە کەرکوك گەشەی کردووە. هەروەها جگە لەمە رۆڵی رادیۆی بەغدا بەشی کوردی گرنگ بوو لەم بوارەدا، چەندین گۆرانی کوردی بۆهونەرمەندانی کەرکوك لەوانە عەلی مەردان و قادر مەردان(٤)و....هتد. تەنانەت علی مەردان نەك لەرادیۆ، بەڵکو لە تەلەفزیۆنی بەغدا گۆرانی تۆمار کردووە(٥). هەروەها دواتر کردنەوەی بەشی تورکمانی لە رادیۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٩ خالێکی گرینگ بوو، بەمەش کۆمەڵێك هونەرمەندانی تورکمان بەرهەمەکانیان لێ تۆمارکردووە،

---

(١)چاوپێکەوتن لەگەڵ رەمەزان زامدار: لە ٢٠١٥/٨/١٧ ناوبراو لە ساڵی١٩٤٣ لەگەڕەکی ئیمام قاسم لەشاری کەرکوك لەدایك بووە، لەحوجرە خوێندویەتی پاشان ناوەندی تەواوکردووە، لەپەیمانگای نەوتی کەرکوك وەرگیراوە، دامەزرێنەری یەکەم تیپی مۆسیقای کوردیە لە شاری کەرکوك رۆڵی دیاری هەبووە لەدانانی شیعری گۆرانی ئاوازدانان بۆ زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان لەسەر کوردایەتی چوارجار زیندانی کراوە، هەر بەو هۆیەشەوە لەساڵی١٩٧٦ لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك لەسەر کارەکەی دەرکراوە. تاوەکو ٢٠٠٦ گەڕاوەتەوە سەرکارەکەی ئێستاخانەنشینە، لەکەرکوك دەژێت خاوەن ستۆدیۆی رەمەزانە لەشەقامی کۆماری .

(٢)زاهیرشکور، جارانی کەرکوك گەشتێك بەناوگەڕەك وشەقامەکانی کەرکوك، ب:١،کەرکوك، ٢٠١٣، ل٢٤٢.

(٣)چاوپێکەوتن لەگەڵ: رەمەزان زامدار ٢٠١٥/٨/١٧.

(٤) قادرمەردان: لە ساڵی١٩٣٨ لە کەرکوك لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا، بەشی مۆسیقا وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٦١ بووەتە مامۆستای هونەر، لە قوتابخانەکانی کەرکوك لەسەرەتایی شەستەکان تیپی مۆسیقای ئیرشادی دامەزراند، بەڵام چالاکی کەم بووە لەگەل تیپی سۆلاڤ کاری کردووە، دواتر لەگەڵ تیپی مۆسیقای تەلەفزیۆنی کەرکوك، ئاوازی بۆ زۆرلە گۆرانی بێژانی کورد داناوە. بڕوانە: وشیار ئەحمەد ئەسوەد، مۆسیقا ودەنگ لەلای قادر مەردان هاواری کەرکووك، ژ(١)ی ئەیلولی١٩٩٨، ل١١٩-١٢١.

(٥)علی مەردان، س.پ، ل ٤٣؛ وشیار ئەحمەد ئەسوەد، مۆسیقاودەنگ لای هونەرمەندقادرمەردان...، ل١١٩.

وەك: عبدالواحد كوزەچی اوغلو دواتر هونەرمەند عزالدین نعمت و عبدالرحمن قول ای، فایق نجار[1] چەند گۆرانیەكیان تۆمار كردووە، سەرەڕای ئەمە هەندێك لە گۆرانی بێژانی توركمان گۆرانیان لەتەلەفزیۆنی بەغدا تۆماركردووە وەك: ساطح كۆپرلو، عبدالرحمن قزلان، عبدالواحد كوزەچی. هەروەها حەمید صالح قازی لە ١٩٦٧ چەند گۆرانیەكی لە تەلەفزیۆنی كەركوك تۆماركردووە وەك(گولم گولر، باخاتان، واس كیجام زارانن)[2].

ئەوەی شایانی باسە لە شەستەكاندا هیچ تیپێكی مۆسیقای توركمانی لە شارەكەدا نەبووە، بۆیە فۆلكلۆری توركمانی سەرچاوەی سەرەكی گۆرانییەكانیان بووە، یەكێك لەو لایەنە هونەریانەی شاری كەركوك پێی ناسراوە بواری مەقام و قۆریاتی توركمانییە، وێڕای ئەمانە مەقامی عەرەبیش خوێندراوە، لێرەدا تەكیەی تاڵەبانی وەكو مەڵبەند و قوتابخانەی مەقامات بووە لە شارەكەدا، لەبەرئەوەی سروشتی شاری كەركوك فرە نەتەوەیە ئەم نەتەوانە ماوەیەكی زۆر دوورودرێژە پێكەوە ژیاون پێكەوە گونجاون تێكەڵ بووینە لەڕێگەی ژن و ژنخوازی و بازرگانی و خوێندن وكاری ئیداری ئەمەش وای كردووە، بەئاسانی فێری زمانی یەكتربن وێڕای گفتوگۆی رۆژانە، بگرە دەتوانن هەست و سۆزو شیعری گۆرانی پێ بچرن دەبینین چەندان هونەرمەندی توركمانی بە كوردی مەقام و قۆریاتیان خوێندووەتەوە.وەك: (رەشەی گولەرەزا) بەپێچەوانەشەوە، هونەرمەندانی كەركوك سەرەڕای كوردی توركمانی شارەزایی باشیان لەمەقامی عەرەبیدا هەبووە، بەباشی خوێندوویانەتەوە، وەك:میقداد حوسێن، عەلی مەردان و حەمە درێژ ...هتد لەم بوارە جێ پەنجەیان دیارە[3] .

دیارترین ئەو هونەرمەندانەی لەم ماوەیەدا لە گۆڕەپانی هونەردا بووینە، بەتایبەتی بواری مەقامی كوردی هەریەك لە (عەلی مەردان، حەمە درێژ، حوسێن علی، ئەحمەد دیوانە، سەلاح داودە، حاجی ئەحمەد، میقداد حوسێن، شكور خەیات، شەوكەت كاكەیی، عارف كاكەیی، ئەحمەد بەراوی و...هتد). سەبارەت بەبواری قۆریات دەبینین ئەوانەی لە بواری قۆریات(خۆیرات) مەقامی توركمانیان خوێندووە، وەك:(مەلا محەمەد تۆپال(١٨٩٢-١٩٧٨)، مەلاتەها، عەبدولقادركەركوكی (١٨٧٦-١٩٦٩)، رشید گوڵە رەزا(١٨٨٩-١٩٧٤)، عەبدولواحدكوزەجی(١٩٢٥-٢٠٠٧)، اسماعیل حاجی ئەنوەر(سمە بربر)(١٩١٤-١٩٨١)، عەلی قلعەلی، ئەكرەم گوزلو، ئیسماعیل دەرزی، ئایدن جامچی، هابە...هتد، بوون[4] كە مەقام قۆریاتیان خوێندنەوە لەئاهەنگ و بۆنە ئاینیەكان وەكو مەولود، كە

---

[1] عبدلطیف بندراوغلو، م.س، ص١٤؛ سمكۆهەولێری، كورتەیەكی مێژووی لەمەر گۆرانی توركمانی، باریش، ژ(٢٢)ی ٢٠١١، ل١٣٣.

[2]سید فەخرەدین هەولێری، هونەرمەند حەمید سالح قازی، باریش، ژ(١٦)نیسانی٢٠٠٤، ل١٣٥.

[3]وشیار ئەحمەد ئەسوەد، گۆرانی ومەقام لە كەركوك، باریش، ژ(١٨) تشرینی یەكەمی٢٠٠٤، ل٩٩-١٠١؛ زاهیرشكور، س.پ، ل٢٢٥-٢٣٢؛ موعتەسەم سالەیی، لەنێوان ئێستاورابردوو......، ل٤٣-٤٨.

[4]زاهیرشكور، س.پ، ل٢٣٨؛ محمد خضر و بهجت مردان، هابة غائب جسدا حاضر فنا، كركوك،٢٠٠٢، ص٧-٨؛ صلاح شاكر بیرقدار، كركوك موطن المقام العرقی الاصیل، ج:١، كركوك،٢٠٠٩، ص٢٢؛ وجدی مصطفی طوبال، القوریات والمقام العراقی، باریش، ع(٢٥)كانون الاول٢٠٠٥، ص٥٩.

تورکمانەکان ئەم یادەیان زۆر کردووەتەوە، سەرەڕای ئەگلەنجە و یاری( سین و زەرف) لە کەرکوك مێژووی درێژیان هەیە. هەروەها رادیۆی بەغدا بەشی تورکمانی، تەلەفزیۆنی کەرکوك، چەندین بەرهەمی هونەرمەندە تورکمانەکانیان تۆمارکردووە، هەموو ئەمانە بووینە هۆی گەشەسەندنی هونەر و گۆرانی تورکمانی لە شاری کەرکوکدا.

لەو ماوەیەدا چەند هونەرمەندێکی کورد، وەکو نەوەیەکی نوێ دەرکەوتن گۆرانیان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمارکردووە، لەوانە، هەروەها سەلاّح داودە لە گۆرانی و مەقامی (نایلونە زالم زالم–ئەمان–کراس کودەری ئاوریشم) دەرکەوتووە، دەنگدانەوەی زۆری هەبووە گەورە و گچکە گوێیان لێ گرتووە، هەروەها یەکێکی تر لەو هونەرمەندانە شکور خەیات بوو، لە ساڵی١٩٦٨ چەند گۆرانیەکی خۆی تۆمارکردووە، وەك (یار غەزاڵ–سەوزە سەوزە)[١].

دیارترین ئەوانەی لە شاری کەرکوك ئامێری مۆسیقایان دەژەنی لەوانە: (رەمەزان زامدار (کلارنێت)، سەردار فەتاح (عود) عەبدوڵلاّ محێدین (کەمانجە)، الهام مەردان، لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندنی تورکمان کاری کردووە، هەروەها بهجت غەمگین بەشی مۆسیقای ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای لە١٩٦٦–١٩٦٧ تەواوکردووە، هەروەها چەندین مۆسیقا ژەنی ئامێری هەواییەکانیان، وەك(محمد عەبدوڵلاّ مەزلوم، نەوزاد بیلال جەباری، جەبارد وزەلە.....هتد) دووزەلەیان ژەندووە، هەروەها(سەباح فەقێ، نەجات علی، عوسمان عەبدوڵلاّ) دەهۆڵ وتەپل یان لێداووە، هەریەکە لە (سیام فەقێ، نەوزاد عەزین، شێرزاد چاوشین) دەفیان لێداووە[٢].

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی دوایی پێدانی مافە رۆشنبیرییەکانی تورکمان و رێکەوتننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ رەوشی گۆرانی و مۆسیقا گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، چەندین تیپی هونەری مۆسیقا و گۆرانی دامەزراون، وەکو تیپی نەتەوەیی تورکمان (تورکمان مللی طاقمی) لەلایەن هونەرمەند جەلال وەندی[٣] دامەزراوە. ئەم تیپە بەشداری چەندین چالاکی هونەری لە شاری کەرکوك ودەرەوەی کەرکوك وەکو بەغدا و هەولێر و موسڵ و تەلعفر و...هتد. کردووە، ئەم تیپە رۆڵی سەرەکی هەبووە، لەبەرەو پێشبردنی گۆرانی تورکمانی وای کرد گۆرانی تورکمانی لەسەر بنەمای فۆلکلۆرەوە بۆ گۆرانی هاوچەرخ هەنگاو بنێت. جگە لەمە تیپەکە بەشداری چەندین شانۆگەری لە کەرکوکدا کردووە. دیارترین بەشی ئەم تیپە بەشی(سەمای تورکمانی)یە،

---

[١] گەرمیان شکورهەیەری، لەچەیحانەی شکورخەیاتەوە، کەرکوك٢٠١٠، ل١٠٠.

[٢] هەردەوێل کاکەیی، مەقام و موزیکی فۆلکلۆری کوردی، کەرکوك،٢٠٠٦، ل ل٩٨، ١٠٢؛ صلاح شاکر بیرقدار، م.س، ص٥٣؛ زاهیر شکور، س . پ، ل٢٤٢.

[٣] جەلال وەندی: دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدایە، لە بواری مۆسیقادا شارەزای باشی هەبووە، رۆڵی سەرەکی بینیووە، لە دامەزراندنی تیپی نەتەوەی تورکمان، چەندان کەس لەسەر دەستی ئەوفێری مۆسیقا بەشێوەی ئەکادیمی بووە.www.alturkmani.com

چەندین سەمای کلتوری تورکمانی نمایش کردووە، ئەم تیپە تاوەکو ١٩٧٤ بەردەوام بووە، دواتر هەڵوەشاوەتەوە[١].

ئەوەی جێی ئاماژەیە هەر لەوماوەیدا ئەوەی رۆڵی سەرەکی بینیووە لە بزووتنەوەی هونەری کوردی تیپی مۆسیقای سۆلاڤە، کە لەساڵانی ١٩٦٩ –١٩٧٠ کە لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرانی یانەی سۆلاڤەوە دامەزراووە[٢]، ئەم تیپە گەنجان ولاوان بە هەموو نەتەوەکانەوە روویان تێکردوە فێری میوزك و گورانی بوونە، سەرەڕای ئەوەش تیپەکە چەندین چالاکی ئەنجامداوە و چەندین پارچە مۆسیقای بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمارکردوە[٣]. ئاوازی کوردی بۆچەندین هونەرمەندی کورد داناوە، بەشداری هەموو بۆنە نەتەوەییەکانیشی کردووە، دیارترین کاری ئەم تیپە سازدانی گەورەترین ئاهەنگی جەماوەری بوو لە شاری کەرکوك بەبۆنەی رێکەوتننامەی ١١ئاداری١٩٧٠لە گوندی حەسار کەنەك تەنیا لە کەرکوك بەڵکو لە کوردستاندا ئەم ئاهەنگە دەنگدانەوەی گەورەی هەبووە، تائیستا لەهزری کەرکوکیەکان زیندووە[٤].هەروەها تیپی سۆلاڤ ئاوازی بۆ زۆر گۆرانی داناوە لەوانە لەیلا، بۆتۆ ئەژیم ) عەلی مەردان، (ئەو کۆڵانە ئەو کۆلانە) دکتۆرە بەلقیسە[٥]و....هتد. هەروەها چەندان هونەرمەندی لە کەرکوك دەرکەوتن وەك جەلال کۆچەر، شەوکەت رەشید، تەها جاف، حەمە رەئووف کەرکوکی سابیر کوردستانی و...هتد. سەرەڕای ئەم خزمەتەی تیپی سۆلاڤ بە ئاواز و گۆرانی کوردی دوایی تێکچوونی بارودۆخی کوردستان هەڵگیرسانی شەڕلە ساڵی ١٩٧٤ تیپەکە هەڵوەشایەوە.

هەروەها لەم ماوەیەدا تەلەفزیۆنی کەرکوك رۆڵی گەورەی گێڕا، لە تۆمارکردنی چەندین بەرهەم بۆ هونەرمەندانی شارەکە، بۆ نموونە سێ گۆرانی بۆ هونەرمەند سەلاح داودە تۆمارکردووە ئەوانیش (کوێستانە–خاڵ خاڵ–رێبوار–راوەستاوە لەو بانە)[٦]، لەم ماوەیە هونەرمەندان کەرکوك چەندین بەرهەمی نۆیەوە دەرکەوتن لە کەرکوك لەوانە عەباس محەمەد عەباس بەگۆرانی(وەی وەی)، عەلی عەزیز بە گۆرانی (بۆ ئەو یارەم لێ زیزە، شۆخی نازدار) قادر مەردان بەگۆرانیەکانی(یار یار، یادم کەوە، قەت قەت ئەزانی، دوێنی بەیانی، دەرگای ماڵی یار) بەردەوام تەلەفزیۆنی کەرکوك لێیداووە،

---

[١] فلاح یاوزاوغلو، الفرقة القومیة الترکمانیة، www.alturkmani.com .

[٢] ئەم تیپە لەلایەن هەریەك لە (شێخ پیرۆت تاڵەبانی، ستار عەبدوڵڵا بەرزنجی، صلاح صالح، عەبدولستار مەحەمەد، ، نەجیب مەحەمەد ساڵح، عەبدولعەزیز تاهیر، ئیسماعیل تەها، خورشید عوسمان)دامەزرێندراوە.

[٣]چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ پیرۆت تاڵەبانی لە٢٠١٥/٨/٢٣: ناوبراو لەساڵی ١٩٤٣ لە قەلادزێ لە دایك بووە، قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی لە کەرکوك خوێندووە، کۆلێژی یاسای لەساڵی ١٩٦٦تەواوکردووە، وێڕای کاری پارێزەری چەند پۆستێکی ئیداری لەکەرکوك وەرگرتووە، دامەزرێنەری یانەی سۆلاڤەلە١٩٦٩.ئێستا لەکەرکوك ژیان بەسەردەبات.

[٤] هاوکاری، ژ(١٨)ی١٦ مایسی١٩٧٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ پیرۆت تاڵەبانی لە٢٠١٥/٨//٢٣.

[٥]چاوپێکەوتن لەگەڵ رەمەزان زامدار ٢٠١٥/٨/١٧.

[٦]گەرمیان شکور هەیەری، س.پ، ل١٠٤.

سەبارەت بە رۆڵی ئافرەت لە بواری گۆرانی ومۆسیقا هەرچەند بەشێوەیەکی بەرچاو دەرنەکەوتوون، تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێ ئەوانیش سەلیمە ئەحمەد لە ساڵی١٩٥٩ کە گۆرانیەکی بۆ رادیۆی بەغدا تۆمارکردووە، هەروەها زەینەب دەمیرچی بەشێوەی هاوبەش لەگەڵ فتحوڵلاّ ئالتون سەس لە تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمارکردووە، بەلاّم ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی ئافرەتی دەنگ خۆش هەبوون، وەك (مەلا فەریدە حسیب، هەیبەت خان، مەلا فاتیمە.....هتد) ئەمانە زیاتر لە پرسە ومەولود و بۆنە ئاینیەکان بەشداریان کردووە. بەهۆی داب و نەریتی کۆمەلاّیەتییەوە هونەرەکەیان لەم بوارەدا خنکاوە نەیان توانیووە بەهرەکانیان دەربخەن[1]. خاڵی دیکە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین کاریگەری هونەرمەندانی دەرەوەی کەرکوك لەسەر رەوشی گۆرانی و هونەری شاری کەرکوك، کە ئەویش لە رێگەی رادیۆکانی بەغدا کرمانشان دەنگی کوردستان و....هتد، هەروەها لە رێگەی تەلەفزیۆنەکانی بەغدا و موسل، یان لە رێگەی تۆمارگاکان کاسیەتەکانیان دەگەیشتنە شارەکە، کاریگەریان لەسەر ئەم بوارەدا کردووە ئەوانیش (ام کلثوم، فرید الاطرش، عبدالحلیم حافظ، حەسەن زیرەك، محمد ماملی، مریەم خان، شەمال سایب، محەمەدعارف جەزراوی، حەسەن جزراوی، نەسرین شیروان، گوڵبەهار، عیسا بەرواری، ئایشەشان، محمدعبدالوهاب ، ناظم غزالی، اسمهان، زەکی موران، ادیب اق بیرام، یشار اوزقل، امل صاین و ....هتد[2].

---

[1] زاهیرشکور، س.پ، ل٢٣٩.

[2] زاهیرشکور، س.پ، ل٢٣٩؛ خالید دلێر، بیرەورییەکان، هەولێر٢٠١٥، ل٢٠-٢١ ؛چاوپێکەوتن لەگەڵ رەمەزان زامدار ٢٠١٥/٨/١٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهجەت غەمگین ٢٠١٥/٩/١٢.

# بەشی دووەم

## ناوەند و ڕێکخراو و کۆمەڵە رۆشنبیرییەکان وکاریگەریان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شاری کەرکوک ١٩٥٨–١٩٧٥دا

**تەوەری یەکەم: ناوەند و دەزگا رۆشنبیرییە فەرمییەکان**

**تەوەری دووەم: ناوەندە تایبەت ونافەرمییەکان**

**تەوەری سێیەم:ڕێکخراو و کۆمەڵە رۆشنبیریەکان**

**تەوەری چوارەم: ناوەند ودەزگا رۆشنبیرییەکانی دەرەوەی شاری کەرکوک**

# بەشی دووەم

# ناوەند و ڕێکخراو و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و کاریگەریان لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوك١٩٥٨-١٩٧٥دا

## تەوەری یەکەم: ناوەند و دەزگا رۆشنبیرییە فەرمی و نافەرمییەکانی شاری کەرکوك:

لەماوەی توێژینەوەکەماندا لە شاری کەرکوك چەندین دامەزراوەی فەرمی ونافەرمی دامەزراون، هەریەك لەو دامەزراوانە رۆڵی کاریگەریان لەسەر باری رۆشنبیریی شارەکە دروست کردووە، ئەم ناوەندانەش پاڵنەری سەرەکی بووینە بۆ دروست بوونی چینێکی رۆشنبیریی دیار لە سەر ئاستی شارەکە و عێراقدا، ئەم دامەزراوانە چ لە چوارچێوەی دامەزراوە حکومییەکان بووینە، یان سەربەخۆ یان بۆ مەبەستی بازرگانی دامەزرابن، بێگومان رۆڵی دیار وبەرچاویان لەبەرەو پێشبردنی ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەکە گێڕاوە.

### یەکەم: ناوەند ودەزگا حکومییەکان( فەرمییەکان):

مەبەست لە ناوەند ودەزگا حکومییەکان ئەوانەن، کە لەلایەن حکومەتەوە بەشێوەیەکی فەڕمی لە شاری کەرکوك دامەزراون، لەم شارەدا وەکو یەکەیەکی ئیداری سەربە حکومەتی عێراق کۆمەڵێك ناوەند و دەزگای حکومی دروستکراون، کە تایبەت بووینە بەبواری رۆشنبیریی، یا لایەنێکی تایبەت بووە بە رۆشنبیریی، گرینگی بەم بوارە داوە، لێرەدا ئاماژە بە گرینگترین ئەو ناوەندانە دەکەین، کە کاریگەریان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەکەدا هەبووە.

**أ-ناوەندەکانی خوێندن:** سەبارەت بە ناوەندەکانی خوێندن، قوتابخانەکان بە سەرجەم قۆناغەکانییەوە هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا پەیمانگا و زانکۆ دەگرێتەوە، کاریگەری گەورەیان لەسەر بزاڤی رۆشنبیریی شارەکە دروستکردووە، کە رۆڵیان هەبوو لە پێگەیاندنی چەندین کادیری پەروەردەیی ونووسەر وئەدیب وهونەرمەند...هتد، هەرچەند لەماوەی ئەم توێژینەوەیەدا هیچ زانکۆیەك لە شاری کەرکوکدا نەبووە. ئەوەی هەبووە تەنیا خانەی مامۆستایان بووە .

یەکێك لە دیارترین چالاکییە رۆشنبیرییەکانی ناوەندەکانی خوێندن لە بواری هونەری خۆی بینیوەتەوە، کە بریتین لە (شانۆگەری ومۆسیقا وشێوەکاری)، ئەم چالاکییانە بە بەردەوامی لە کەرتی پەروەردەدا بەڕێوەچوونە، وێڕای ئەوەی هەردوو وانەی وێنەکێشان و سرود کە لە قوتابخانە خوێندراووە، سەبارەت بە وانەی وێنەکێشانیش پرۆگرامی تایبەت بەم وانەیە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەیی عێراقەوە نەبووە، لێرەدا مامۆستایان بە هەوڵ وکۆششی خۆیان وانەکەیان وتووەتەوە، هەوڵیان داوە قوتابیان ئاشنای ئەم هونەرە بکەن[1]، هەروەکو دەبینین هونەرمەندی شێوەکاری دیاری

---

[1] هۆشەنگ سالح محەمەد شەریف، س.پ، ل ٦٨.

کەرکوک ئاری بابان دەڵێت:"من خۆم بە قەرزاری مامۆستا فەخری جەلال[1] دەزانم کە بە هەوڵ و کۆششی خۆی فێری هونەری وێنەکێشانی کردین"[2]. هەروەها لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە پەروەردەی کەرکوک، وەکو نەریتێکی ساڵانەی پێشانگای شێوەکاری وێنەکێشانی بۆ قوتابیان و مامۆستایان دەکردەوە، ئەم پێشەنگایانەش دوایی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ هەربەردەوام بوو، بەتایبەتی دوای کردنەوەی بەشی چالاکی قوتابخانەکان لەساڵی١٩٦٠ لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک[3]. چەندین چالاکی لەم جۆرەی ئەنجامداوە، بێگومان هۆڵی قوتابخانەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە بۆ نمایشکردنی ئەو پێشەنگایانە وەکو هۆڵی قوتابخانەکانی ئیمام قاسم وئامادەیی کەرکوک و کوردستان و هۆڵی قوتابخانەی قازی سەرەتایی و.....هتد، ئەوەتا هەروەك هونەرمەند دیاری کەرکوك فازیل عزاوی دەڵێت:"ئێمە لەدوای دەوامی قوتابخانە دەماینەوە خۆمان بە وێنەکێشان خەریك دەکرد، بەشێکی زۆری قوتابخانەکانی کەرکوك هۆڵی وێنەکێشانی تێدابووە"[4]، کە هۆکارێکی سەرەکی بووە لە هاندانی قوتابیان ومامۆستایان کە سەرنجیان بۆ هونەری شێوەکاری وێنەکێشان رابکێشێت.

سرود و گۆرانی بوارێکی دیکەی هونەرییە لە قوتابخانەدا کە گرینگی زۆری پێدراوە، قوتابخانەکان ڕۆڵی دیاریان گێڕاوە لە ئاشناکردنی قوتابیان بە گۆرانی وسرود ومۆسیقا، شارەزابوون لە ئامێر و نۆتەکانی مۆسیقا، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە پرۆگرامی قوتابخانەکان بابەتێك بەناو سرودی قواتابخانەکان (الاناشید المدرسیة) هەبووە، قوتابی فێری چەند سروودێك دەکرد، کە لەرووی نیشتمانی وکۆمەلایەتی هاندان بۆ خوێندن پاك وخاوێنی و...هتد، هەروەها ئامێرەکانی مۆسیقابەشێوەی زانستی فێری قوتابیان کراوە.ئەمەش دەرفەتی بۆ ئەو قوتابیانە رەخساندووە کە بەهرەی هونەریان تێدایە لەلایەن مامۆستاکانیانەوە گرینگی زیاتریان پێبدرێت[5]. شایانی باسە بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەندەکانی خوێندن قوتابیانی دەرەوەی شار و ناو شار چالاکییان ئەنجامداوە، بەتایبەتی لەیادو بۆنە نەتەوایەتی ونیشتمانیەکان، وەك: نەورۆز و یادکردنەوەی شۆڕشی ١٤ تەموزی١٩٥٨ و ڕێکەوتننامەی١١ ئاداری ١٩٧٠و...هتد، کە لە قوتابخانەکان کراونەتەوە، قوتابیانیش بەشداری دیاریان تێداکردووە، بەچەندین سرود وگۆرانی نمایشی شانۆ وتار و شیعر وپەخشان خوێندراونەتەوە قوتابیانیش بەشداربوون. وێڕای ئەمە لە قوتابخانەکان، وەکو نەریتێك هەموو ڕۆژانی پێنج شەممە قوتابیان لە گۆڕەپانی قوتابخانە کۆکراونەتەوە، سەرەڕای ئامۆژگاری

---

[1] فەخری جەلال: لە ساڵی١٩٤٠ لەکەرکوك لەدایك بووە، لەساڵی١٩٦٤پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواو کردووە، بۆتە مامۆستای وێنە لەقوتابخانەکان شارەکە، بەشداری چەندان پێشانگای کردووە.سمکۆ بەهرۆز، بیبیلیۆگرافیای....، س.پ، ل٣١٧-٣١٨.

[2] ئاری بابان، س.پ، ل ٦٦.

[3] ماهر نقیب، م.س،ص٣٧٦.

[4] فاضل العزاوی، م.س، ص٢٨٢؛ فاروق مصطفی التتمات...،ص٦٦؛ رزگار شوانی، هونەرمەند ئاری بابان، کەرکوکی ئەمرۆ، "گۆڤار"کەرکوك، ژ(٦)، تەموزی٢٠٠٨، ل١٥.

[5] بڕوانە: الجمهوریة العراقیة، وزارة التربیة، مدیریة النشاط المدرسی، الاناشید المدرسیة، بغداد،١٩٧٢.

قوتابیان چەندین چالاکیان ئەنجامدەدا، لەوانەش هەڵکردنی ئالاّ و خوێندنەوەی سرودی ئالاّو چەندین پارچە هۆنراوە، هەروەها شانۆی پەروەردەیی لەلایەن قوتابیان بەبەشداری مامۆستایان پێشکەش کردووە[1].

یەکێکی دیکە لەلایەنەکانی رۆشنبیریی بواری رۆژنامەگەری بووە، گرینگی زۆر پێدراوە. سەرەتای ئەم رۆژنامەگەرییە بە بلاّوکراوەی سەر دیوار (النشرة الجدارية)، کە لە قوتابخانەکانی عێراق باوبووە، بەشێوەیەکی بەرفراوان دروست کراون. ئەو بلاّوکراوە سەردیوارانە لەلایەن مامۆستایان سەرپەرشتی کراون، دوای ئەوەی بەکۆمەڵ لەلایەن قوتابیانەوە ئامادەکراون[2]. لەقوتابخانەکانی شاری کەرکوك چەندین رۆژنامەی قوتابیانە دەرکراون لەوانە: (صدى الجمهورية ١٩٥٨) لەلایەن قوتابخانەی وەتەنی سەرەتایی کچان دەرکراوە[3]. هەروەها سەردیواری (كواكب ١٩٦٩) لەلایەن حمە ساڵح توفیق لە دواناوەندی کفری، بە بابەتی هەمە جۆر و بەزمانی عەرەبی تەنیا دووجار دەرکراوە، هەروەها هەردوو سەر دیواری (گیڤارا) و (جیکۆ) لەساڵی١٩٧٠ لە دواناوەندی کفری لەلایەن فەرهاد شاکەڵی بلاّوکراونەتەوە[4].

سەبارەت بە رۆژنامەی چاپکراویش لە قوتابخانەکان، بەشێوەیەکی گشتی مامۆستایان بەسەرپەرشتیان کردووە، بەهاوکاری قوتابیان چەندین ڕۆژنامەیان بەچاپ گەیاندووە، لەوانە: گۆڤارەکانی (العزه ١٩٥٩) لەلایەن قوتابخانەی العزەی سەرەتایی کورانەوە، هەروەها (صدى الشباب ١٩٦٨) لەلایەن قوتابخانەی دواناوەندی الغربیه، بلاّوکراوەی(الازدهار١٩٦٩) لەلایەن قوتابخانەی دواناوەندی الازهاری کچان، (knowlegde English magazine١٩٧٠) لەلایەن قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی کەرکوك بە زمانی ئینگلیزی بلاّوکراونەتەوە[5].

جگە لەو رۆژنامانەی کە تایبەت بوون بە قوتابیان بەهاوکاری مامۆستایان دەرکراون، هەروەها رێکخراوە پیشەییەکانی پەیوەندیدار بە کاروباری قوتابیان بەهاوکاری قوتابیان لەلایەن ئەندامەکانیەوە چەندین رۆژنامە و گۆڤاریان لەقوتابخانەکان دەرکردووە، قوتابیان رۆڵیان لە دەرکردنی گێڕاوە، وەك: گۆڤارەکانی(صوت طلبة –دەنگی قوتابیان١٩٥٩) لەلایەن یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق لقی کەرکوك دەرکراوە[6]، (باباگوڕگوڕ١٩٧٣) لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی کەرکوکەوە دەرکراوە[7].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهجەت غەمگین٢٠١٥/٩/١٢.

[2] نەژادعزیز سورمێ، ڕۆژنامەگەری کوردی چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك وهونەرەکانی،هەولێر، ١٩٩٩، ل٩٤.

[3] صباح بازرگان، م.س، ص ١٦.

[4] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکان ...، ل ٨٦.

[5] صباح بازرگان، م.س، ص ٢٢-٢٣.

[6] صوت طلبة، ع (١) لسنة ١٩٥٩؛ جبار جباری، م.س، ص ٦١.

[7] زاهیر رۆژبەیانی، ئەزمونی رۆژنامەگەریم...، ل١٨.

لایەنێکی دیکەی رۆشنبیریی ناوەندەکانی خوێندن بریتیی بووە، لە بوونی کتێبخانە لەناو قوتابخانەکاندا، قوتابخانە نەبووە لەناوشاری کەرکوکدا کتێبخانەی تایبەت بەخۆی نەبووبێت، کە بەمەبەستی فراوانکردنی ئاسوی رۆشنبیریی قوتابیان دامەزراون. گرینگی زۆریان پێدراوە و کەشێکی لەباریان بۆ سازکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش هۆڵی تایبەت بۆ خوێندنەوە ئامادەکراوە، بۆ نموونە لە قوتابخانەی ئامادەیی کەرکوك لە هۆڵی خوێندنەوەی تایبەتی هەبووە(٥٠)کورسی خوێندنەوەی بۆ داندراوە. ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ گرینگی پێدانی و بەدەمەوەهاتنی قوتابیان بۆ خوێندنەوە[1].

**ب- خانەی مامۆستایان:**

هەردوو خانەی مامۆستایانی کوڕان و کچان لە شاری کەرکوك لە ساڵی ١٩٥٦ کراوەتەوە[2]. خانەی مامۆستایان هەر لەسەرەتایی دروستبوونیدا، وەکو مەڵبەندێکی پەروەردەیی و رۆشنبیریی گشتی رۆڵی کاریگەری لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە گێڕاوە، توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر پسپۆری پەرەوەردەیی پێبگەیەنێت و بتوانن لە ناوەندەکانی پەروەردە خزمەت بکەن، رۆڵی سەرەکی ببینن لە پێگەیاندنی هەر تاکێکی خوێندەوار و رۆشنبیر بۆگەشەدان بەرەوشی پەروەردە و فێرکردن، هەروەها لەلایەکی دیکەیەوە ئەم ناوەندە گرینگی بە بواری رۆژنامەگەریش داوە، کە چەند گۆڤار و رۆژنامە بە هەوڵ و کۆششی مامۆستایان بەهاوکاری قوتابییەکان دەرکردووە، وەك: گۆڤاری (الطليعة ١٩٥٩)، بلأوکراوەی (المربی ١٩٦٩)[3].

**ج- چالاکی قوتابخانەکان :**

بەشی چالاکی قوتابخانەکان لە هەموو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکانی عێراقدا هەبووە، کە سەرپەرشتی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی دامودەزگا پەروەردەییەکانی دەکرد. سەرەتای دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە پەروەردەی کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٩٦٠، یەکەم بەڕێوەبەری چالاکی قوتابخانەکان مامۆستا ئەنوەر رەمەزان بووە[4]. ئەم بەڕێوەبەرایەتیە رۆڵی گرینگی بینیووە لە بایەخدان بەچالاکییە جۆربەجۆرەکانی قوتابخانەکان لە بوارەکانی شانۆ و گۆرانی و مۆسیقا و شێوەکاری، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەڕێوەبەرایەتییە تیپی تایبەتی خۆی هەبووە، وەکو تیپی شانۆی مامۆستایان کە لە ساڵی ١٩٦٠ دامەزراوە، هەروەها تیپی شانۆی قوتابیان لە ساڵی ١٩٦٠ دامەزراوە و لەلایەن ئەنوەر محەمەد رەمەزان سەرپەرشتی کراوە. ئەم تیپانە لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك چالاکییان ئەنجامداوە بەتایبەتی لەبواری شانۆگەریدا، دیارترین ئەوشانۆگەرییانەی تیپی مامۆستایان لەو ماوەیەدا نمایشیان کردووە. وەك: (انتصار الحريه، العرضالچی، دموع ابليس، اهل الكهف) لە ساڵی ١٩٦٢(انتيكونا ١٩٦٢)، (فتح مكه، يوليوس قيصر ١٩٦٤)، ( قتله المسيح يتكلمون ١٩٦٥) هەروەها

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەل جەلیل محەمەد شەریف/ ٢٦/ ٥ /٢٠١٥

[2] محمد خضرالحمدانی، اوائل من كركوك ...، ص٢٤٠.

[3] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆڕانە رۆشنبیریەکان ...، ل٧٩ ،٨٧.

[4] ماهر نقيب، م.س، ص٣٧٦.

تیپی شانۆگەری قوتابیان چەندین شانۆگەریان نمایشی کردووە، لەوانە:(مدرسة الامية، تاجر البندقية ١٩٦٣)، نهاية الطاغية ١٩٦٦ و...هتد)[١].

د- بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کەرکوک:

مێژووی دروست بوونی شارەوانی کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ١٨٧٥، دامەزراوەی شارەوانی وەکو دەزگایەکی حکومی سەرەڕای ئەرکە خزمەتگوزارییەکانی، کە ئەرکی سەرەکی بووە[٢]. هەروەها لە بواری رۆشنبیریی لە شارەکە رۆڵی گێڕاوە و خزمەتی بەرچاوی کردووە، بەتایبەتیش لە بواری چاپەمەنیدا، کە چاپخانە بەناوبانگەکەی چەندین رۆژنامە و گۆڤار، و نامیلکە و کتێبی نووسەرانی شاری کەرکوک و دەرەوەی کەرکوکی پیَ چاپکراون، یەکێك لە کارە دیارەکانی ئەم چاپخانەیە، چاپکردنی سەرجەم ژمارەکانی رۆژنامەی کەرکوك بووە، کە لە ٢٦تشرینی١٩٢٦ تا ٢٠ئابی ١٩٧٢بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا ٢٠٣٦ ژمارەی لێدەرچووە، لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانییەوە سەرپەرشتی کراوە[٣]. ئەم رۆژنامەیە یەکێك بوو، لە رۆژنامە دیارەکان لە سەر ئاستی عێراق و کوردستاندا، رۆڵی کاریگەری لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی شارەکەدا گێڕاوە، جگە لەمە شارەوانی کەرکوك رۆژنامەیەکی دیکەی بەناوی (کەرکوك الیوم) لە حوزەیرانی ١٩٦٨ دەرکردووە، تاوەکو ساڵی ١٩٧٣ بەردەوام بووە، ئەگەرچی تەنیا پێنج ژمارەی لێدەرچووە و گرینگی بە لایەنی هۆشیاری کۆمەڵگەو کاروباری شارەوانی لەهەموو بوارەکاندا داوە[٤]، ئەم دامەزراوەیە رۆڵی گرینگی گێڕاوە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی شار و کاریگەری لەسەر رەوشی ڕۆشنبیریی شارەکە داناوە.

ه-کتێبخانەی گشتی کەرکوك:

کتێبخانەی گشتی کەرکوك لە ساڵی ١٩٣١، لەلایەن جەمیل رەئووف پشکنەری مەعاریفی لیوای کەرکوك کراوەتەوە. سەرەتا لەناو یانەی مامۆستایان بووە و کە تەنیا لەدوو ژوورپێکهاتبوو، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٣٧ بینایەکی نویَ ی بۆ دروستکراوە[٥]. دواترلەلایەن سەید ئەحمەد خانەقا[٦]، پارچە زەویەکی لەناو خانەقاکەی بەخشیوەتە کتێبخانەکە بینایەکی سەردەمیانەی بۆ دروستکراوە[٧]. بایەخی زیاتری پێدراوە. ئەم کتێبخانەیە یەکێك لە مەڵبەندە گرینگەکانی رۆشنبیریی شاری کەرکوك

---

[١] دەربارەی ئەو شانۆگەریانە بڕوانە: ئینسایکلۆپیدیای کەرکوك(دەسنووس)،ب٥، ل٩٥-١٠٨..

[٢] بڕوانە:عبدالعظیم عباس نصار، بلديات العراق فی العهد العثمانی١٥٣٤-١٩١٨، بغداد،٢٠٠٦، ص٢٥٧؛ ماهر نقيب، م.س، ص ٢٥٣-٢٥٤.

[٣]کەرکوك ، ع (٢٠٣٦)،١٠ ئاب ١٩٧٢؛ عطا ترزی باشی، تاريخ الطباعة والصحافة ...،ص١١٣.

[٤] عطا ترزی باشی، تاريخ الطباعة والصحافة ....، ص٨٦.

[٥] حەمەدیان، مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لە کتێبخانەی گشتی کەرکوکدا، ٢٠٠٨،ل ١١؛ سردار زەنگەنە، نبذة مختصرة عن المكتبة العامة في كركوك، الصوت الاخر، ع(٢٨٠)، ١٧شباط ٢٠١٢، ص٢.

[٥] سردار زەنگەنە، م.س، ص٢.

[٧]حەمەدیان، س.پ، ل ١١-١٢؛ لەتیف فاتح فەرج، کتێبخانە لە کەرکوك ئاورێکی خێرا، رامان ، ژ (١٨٤)، ئەیلولی ٢٠١٣، ل ٢٤.

بووە، خزمەتی گەورەی بە بوارەکانی رۆشنبیریی شارەکە کردووە، لە سەرووی هەموویانەوە، کتێبخانەکە وەکو شوێنی کتێب وخوێندنەوەی کتێب بووە، کە هۆڵی تایبەت بەخوێندنەوەی هەبووە خوێنەران بەگشتی بەردەوام روویان تێکردووە، ئەوەی شایانی باسە ئەم کتێبخانەیە یەکێك بووە لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکان لەسەرئاستی کوردستان و عێراقدا لەرووی سەرچاوەو کتێبەوە، بەڵام چەند کارەساتێك، زیانی زۆری پێگەیاندووە، لەوانە لە ساڵی ١٩٥٣ بەهۆی روودانی لافاوێکی گەورە، لەئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر کتێب و گۆڤاری لەناوچوون، ئەوەتا لە کۆی (١٧) هەزار کتێب و گۆڤاری هەمەجۆر تەنیا (٩) هەزار کتێب و گۆڤاری لیٚ ماوەتەوە. جگە لەمە لەساڵی ١٩٥٤تووشی رووداوی ئاگرکەوتنەوە بووە. ئەم دوو رووداوە زیانی زۆری بەکتێبخانەکە گەیاندووە، بووەتە جێگای هەڵوەستەی کاربەدەستانی شارەکە، بۆیە بڕیاری دروستکردنی بینایەکی نوێیان بۆکتێبخانەکە داوە، لە ساڵی ١٩٥٨ باڵەخانەی تازەی بۆ دروست کراوە، تاوەکو ئەمڕۆ هەر لەو بینایە دایە. کتێبخانەی گشتی کەرکوك لەناوچەکانی سەر بە لیواکە لقی کردووەتەوە، لەوانە کتێبخانەی گشتی کفری– حەویجە و دووزخورماتوو سەر بەم کتێبخانەیە بوون[1].

سەبارەت بە کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیە هەمەجۆر بوون لە بەشەکانی ئەدەبی و هونەری و مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فەلسەفی و ئابووری و سیاسی ...هتد. کە بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەلمانی و سریانی. هەروەها لەم کتێبخانەیەدا بەشی خولاوەکان (رۆژنامە و گۆڤارەکان)یش هەبووە[2].

بەشێوەیەکی گشتی ئەم کتێبخانەیە، وەکو ناوەندێکی رۆشنبیریی فەرمی خزمەتێکی گەورەی بە بواری ڕۆشنبیریی لەشاری کەرکوك کردووە. هەموو چین و توێژەکان روویان تێکردووە بەهۆی بوونی هۆڵی خوێندنەوە، بەتایبەتی چینی رۆشنبیر و قوتابیان ئەویش بەهۆی خراپی گوزەرانی ئەو سەردەمەوە کە بەئاسانی نەیان دەتوانی کتێب بکڕن و دەستیان بکەوێت. هەروەها ئەم کتێبخانە وێستگەیەکیش بووە، بۆ گەیشتنی خوێندەوار و رۆشنبیران، تا بیروباوەڕەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکی دیکە لە چالاکییە رۆشنبیرەکانی ئەم کتێبخانەیە نمایشکردنی فلیم بووە، بەبەردەوام هەفتانە سیٚ فلیمی سینەمایی تێدا نمایشکراوە[3].

**و–کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار ١٩٢٧–١٩٧٢:**

نەوت لە کوردستان وبەتایبەتی لەشاری کەرکوك مێژوویەکی کۆنی هەیە, دەرکەوتنی دەگەریتەوە بۆ هەزارەی پێنجەمی پێش زاین، هەندێك لە سەرچاوەکان دەیگێڕنەوە بۆ چاخەکانی پێش میژوو، ئەمەش بەپێی دۆزینەوە شوێنەوارییەکانە لەناوچەی چەرمۆ، پاشماوەی کەرستەی

---

(1) حەمەدیان، س.پ، ل١٤.

(2) سردار زەنگەنە، م.س، ص٢ .

(3) لەتیف فاتح فەرەج، س.پ، ل ٢٦.

کشتوکاڵ قیڕو ئەسفەلت و بەشێك بووە لە پێکهاتەکانی[1]، دانیشتوانی کەرکوك لەو باوەڕەدان ئەو ئاگرەی لە کەرکوك هەیە ئەزەلیە لە گەشتەکەی پێغەمبەر دانیال (سفردانیال النبی) باسی لێکراوە[2]، نەوت لە کۆنەوە ناسراوە گرینگی هەبوو، بەپێی پێویستی سەردەمەکەی خۆی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی رۆژانە. بەڵام دواتر بووەتە سەرچاوەیەکی وزەی بەسوود، سەرنجی بازرگان و گەریدە و رۆژهەلاتناس و نێردەی ولأتانی جیهانی راکێشاوە, هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ململانێی گەورە لە نێوان زلهێزەکانی وەك (بەریتانیا، فرنسا، ئەلمانیا، رووسیا)لەسەر پشکنین و دەرهێنانی نەوتی کەرکوك بێتەکایەوە, چەندین کۆمپانیایان بۆ بەدەست هێنانی ئەو ماف وچاوگانە دروست کردووە[3]. رووخانی دەوڵەتی عوسمانی، دروست بوونی دەوڵەتی عیراق لەساڵی١٩٢١, دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ ویلایەتی موسل خرایە سەر عێراق, لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٢٧ کۆمپانیای نەوتی تورکی مافی دەرهێنانی نەوتی کەرکوکی وەرگرت, دەستی بە هەڵکەندنی کردووە، یەکەم بیری نەوت لە ٤ تشرینی یەکەم ١٩٢٧ دەرهێندراوە[4]، دواتر ناوی کۆمپانیای نەوتی تورکی گۆڕا بۆ کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار ( Iraq petroleum ltd) ئەم کۆمپانیا لە ٨ی حوزەیرانی١٩٢٨ بارەگای لە کەرکوك دامەزراند[5].

کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار لەپێناو دەرهێنانی نەوت کۆمەڵێك کاری گرینگی لە بواری شارستانی و گەشەپێدانی شار، چەندین کاری خزمەتگوزاری، وەکو دابینکردنی کارەبا دروستکردنی گەرەك وبینای سەردەمیانە لەشارەکە ئەنجامداوە, هەروەها هاتنی خەڵکی بیانی بەتایبەتی ئەوروپی و ئەمەریکی و هیندی و عەرەبی تێکەڵاو بە دانیشتوانی شارەکە بوون بەمەش کرانەوەی بەڕووی شارەکە داهێنا، ئاشنابوون و وەرگرتنی کەلتوور و شارستانی و فەرهەنگی گەلانی دیکە, کۆمپانیای نەوتی عیراق لە کەرکوك، وەکو ناوەندێکی ستراتیژیی گرینگ لە کەرکوك چەند کارێکی لە بوارەکانی رۆشنبیریی بۆ کارمەندان و خەڵکی شارەکە ئەنجامداوە.

یەکێك لەو لایەنەی کە گرینگی زۆری پێداوە لایەنی ڕۆژنامەگەری بووە، کە چەند گۆڤارێکی دەرکردووە، لەوانە: گۆڤاری (أهل النفط١٩٥١-١٩٥٨)[6] گۆڤاری (عێراق پترۆلیۆم Iraq petrelum)[7] گۆڤاری (العاملون في النفط ١٩٦١-١٩٧٢)[8] ئەم گۆڤارانە سەرەڕای بابەتی تایبەت بە پیشەسازی

---

[1] دلشاد عمر عبدالعزیز، شرکة نفط العراق المحدودة دراسة تاریخیة فی نشاطها والاقتصادیة والخدمی فی کرکوك ١٩٢٧-١٩٧٢، جامعة موصل، دکتورا، ٢٠١٤، ص٩ .

[2] ئازاد مەجید محەمەد, نەوتی کەرکوك ١٩٢٥-١٩٧٢, کەرکوك ٢٠١٢، ل٣٢.

[3] سەبارەت بە ململانییەکان لەسەر نەوتی کەرکوك بروانە: دلشاد عمر عبدالعزیز, نەوتی کەرکوك ململانێ ی زلهێزەکان ١٨٩٠-١٩٢٧، ل ل ٦٦-٣٤٢.

[4] ئازاد مەجید محەمەد, س.پ, ل٤٨؛ ئازاد نەقشبەندی, س.پ , ل٢٥

[5] فواد حەمە خورشید، س.پ، ل١١٢.

[6] بروانە :أهل النفظ "مجلة"، العددان(٦٠+٦١)، السنةالخامسة، ١٩٥٦.

[7]دلشاد عمر عبدالعزیز, شرکة نفط العراق، ...ص١٩٥.

[8] العاملون فی النفط "مجلة"، الاعداد(٣٥، ٨٣، ٨٦ ، ٨٨، ٩٠) شباط، اذار، نیسان،١٩٦٩.

نەوت، بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و مێژووی تەکنۆلۆجیا و هەواڵی شاری کەرکوکیان بڵاوکردووەتەوە، هەروەهانوسەرانی شارەکە بەرهەمیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، جگە لەمە گۆڤارەکە چەندین بابەتی جیهانی وەرگێراوەتەوە سەر زمانی عەرەبی، بەشێوەیەکی گشتی ئەم گۆڤارانە ڕۆڵی دیاریان هەبوو لە ڕۆشنبیرکردنی فەرمانبەرانی کۆمپانیا بەتایبەتی خەڵکی شارەکە بەشێوەیەکی گشتی.

هەروەها لەڕووی هونەرییەوە زۆر گرینگی بە سینەماو شانۆ وفیلم دراوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند هۆڵی شانۆو فیلم لە ناو کۆمپانیا کراونەتەوە، وەك هۆڵی بابا baba لەساڵی ١٩٥٤، چەندین فیلمی ڕۆشنبیریی وکۆمەڵایەتی و پیشەسازی نمایشکردووە، هەروەها ئەم هۆڵە ڕۆڵی دیاری هەبوو، لە نمایشکردنی بەرهەمی هونەری شانۆیی شانۆکارانی شارەکە, هەروەها چەندین ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقای تێدا ئەنجامدراوە[1]، ئەم کۆمپانیایە فیلمی (بلادونا ملکنا)لەسەر نەوت دەرهێناوە. لایەنێکی تری ئەم کۆمپانیایە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، دامەزرادنی پەیمانگای پێگەیاندنی کادیران کەدەرچوانی پۆلی سێیەمی ناوەندی قوتابخانە فەرمەییەکانی وەردەگرت، بەمەش ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابیان چوونەتە ئەوپەیمانگاییە هەروەها لایەنێکی دیکەی ڕۆشنبیریی بوونی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند بە کتێب وگۆڤارو ڕۆژنامە بە زمانە جیاوازەکانی جیهانی لەکتێبخانەی کۆمپانیا[2].

بەم شێوەیە دەبینین لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە ئەم کۆمپانیایە خزمەتی بەرچاوی زۆربەی بوارەکانی ڕۆشنبیری کردووە, بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە ئاست ئەو داهاتە نەبووە لەڕیگەی نەوتی کەرکوکەوە دەستی حکومەتی عێراقی دەکەوت, لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام داهاتەکەی دژی نەتەوەی ڕەسەنەکانی شارەکە بەتایبەتی کوردەکان بەکارهێندراوە، و هۆکارێکی سەرەکیش بووە بۆ دەرکردنیان کەمکردنەوەی ڕێژەکەیان، هەروەها هۆکاری سەرەکی بوو، بۆ تەعریبکردنی شارەکە و ڕاگواستنی کوردەکان، بۆیە حکومەتی عێراقی لە پێناو داهاتی نەوت و شارەکە هیچ کات ئامادە نەبووە، ئەم شارە فەرامۆش بکات وگرینگی پێنەدات و دەست هەڵگرێ لە دژایەتی کردن بەرپەرچدانەوەی سەرکردایەتی کورد و شۆڕشە کوردییەکان وگەڵی کورد لە بەرانبەردا سەرکردایەتی شۆرشی کوردیش لە پێناو خاکەکەی وەکو بەشێك لە کوردستان ئامادە نەبووینە سازش لەسەر ئەم شارە بکەن ودەستبەرداری بن و چەندان قوربانی لەپێناودا دراوە، مێژوو وبەڵگەنامە مێژووییەکانیش کوردستانی بوونی کەرکوکیان سەلماندووە.

**و- تەلەفزیۆنی کەرکوك:**

مێژووی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ ١٥ی تەمموزی ١٩٦١. بەبۆنەی یادی سێ ساڵەی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ەوە بەردی بناغەی داندراوە، بەڵام ئەم پڕۆژەیە بەهۆی خراپی بارودۆخی سیاسی کوردستان دواخرا، تاوەکو ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧ لە لایەن

---

[1] دلشاد عمر عبدالعزيز ,شركة نفط العراق ...ص١٩١؛ نجاة كوثراوغلو من حوادث كركوك،١٧٠٠-١٩٥٨ ،كركوك، ٢٠١٠، ،ص٢٠١.

[2] دلشاد عمر عبدالعزيز ,شركة نفط العراق .١..، ص١٩٢.

تاهیر یەحیا(١٩١٦-١٩٨٦) سەرۆك وەزیرانی عێراقی ئەوكات كراوەتەوە[1]. ئەم تەلەفزیۆنە، وەكو یەكەم تەلەفزیۆنی هەرێمی لەعێراق بەهێزی پەخشی ١٤٦ كیلۆوات بە نزیكەی ١٠٠ كیلۆمەتر بینەران سودیان لە پەخشەكەی وەرگرتووە[2]، پاشان پەخشەكەی هەموو كوردستانی گرتووەتەوە. لە سەرەتا بەرنامەكانی هەمان ئەو بەرنامانە بوون كە لە تەلەفزیۆنی بەغدا پەخش كرابوون، بۆ رۆژی دواتر نێردراوەتە كەركوك لەم تەلەفزیۆنەوە بۆ شارەكانی كوردستان پەخشكراون، سەرەتا هەموو بەرنامەكانی بە زمانی عەرەبی بووە، تەنیا بەرنامەیەكی بەكوردی بوو، ئەویش (انغام من الشمال) وەك دەبینین كە تایتلەكەشی بەعەرەبی بوو، كە چەند گۆرانی و هەڵپەركێی كوردی پەخش دەكرا، ئەم بەرنامەیە هەفتەی جارێك بۆ ماوەی١٥خولەك پەخش كراوە[3].

سەبارەت بە كردنەوەی بەشی كوردی لەتەلەفزیۆنی كەركوك دەگەرێتەوە بۆ١٧ی تەموزی ١٩٦٩ لەسەر داوای كوردەكان كراوەتەوە، ئەوەبوو راستەوخۆ دوایی ئەم داوایە بەشی كوردی كرایەوە، هەر بەم بۆنەیەوە كۆمەڵێك گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەركێی كوردی لەلایەن تیپی مۆسیقای سۆلاڤەوە پەخشكراوە، دواتر هەواڵەكان بە زمانی كوردی خوێندراوەتەوە، یەكەم بێژەری كوردیش (نامیق محەمەد) دەنگوباسی بەكوردی خوێندووەتەوە, دواتر هەریەك لە (جەبارجەباری) و(مستەفا زەنگەنە) و(هاشم جەباری)هەواڵەكانیان ئامادەكرووە و پێشكەشیان كردووە[4]. ئەوە بوو دواتر ماوەی چارەكە سەعاتێك بۆ پەخشی كوردی، ماوەی (١٠) دەقیقە بۆ پەخشی توركمانی تەرخانكراوە، كە هەریەك لە (مەولود تەها قایاچی) و عەبدوڵلا جەعفەر) وەكو بێژەر و وەرگێری بەشی توركمانی كاریان كردووە[5]، هەرچەندە ئەم ماوانە، وەكو پێویست نەبوون، لەگەڵ ئەوشدا بەسەرەتاییەكی گرینگ لەمێژووی راگەیاندنی بینراوی كوردی و شارەكە دادەنرێت، ئەوەی دەبینین فرە رەنگی وكلتووری شارەكە لەو تەلەفزیۆنە بچووكە رەنگی دابووە.

ئەوەی شایانی باسە ئەو زەمینە لەبارەی دوای رێكەوتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠ وپێدانی مافە رۆشنبیرییەكانی نەتەوەكانی دیكە هاتەكایەوە كاریگەری گەورەی لەسەر بوژانەوەی زمان و كلتور رۆشنبیریی لەشاری كەركوكدا كرد. كەجەختی لەسەرگرینگی دان بەزیاد كردنی ماوەی

---

(1) كركوك، ع (١٩٣٠)ی ٣٠ تشرینی یەكەمی ١٩٦٧؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ: هاشم عەبدوڵلا معروف جەباری لە ٩ی ئەیلولی ٢٠١٥. ناوبراو لە ساڵی١٩٤٤ لە شاری هەولێر لەدایك بووە، خوێندنی ئامادەیی لەو شارە تەواوكردووە، لە كۆلێژی سەربازی وەرگیراوە، بەلام بەئارەزووی خۆی نەچووەتە ئەو كۆلێژە، لە١ی ئەیلولی١٩٦٩لە تەلەفزیۆنی كەركوك وەكو بێژەر وەرگیراوە١٩٧٤ بووەتە بەرپرسی كەناڵی كوردی، بۆماوەی بیست وپێنج ساڵ لە بەشە جیاجیاكانی تەلفزیۆنەكە خزمەتی كردووە، دواتر لەچەندین دەزگای راگەیاندنی دیكەی كاری كردووە، ئێستا خانەنشینە لە كەركوك ژیان بە سەردەبات.

(2) خالد حبیب الراوی، تاریخ الاذاعة والتلفزیون في العراق، بغداد، ١٩٩٢، ص١٢١-١٢٤.

(3) شێخ سدیق، گەرانێك بەنێومالەكانی كتێب سینەما شانۆ مۆسیقا تەلەفزیۆن لە كەركوك، ٢٠١٠كەركوك، ل ٥٦.

(4) نامیق محەمەد؛ مستەفا زەنگەنە چاوپێكەوتن لەگەڵ تەلەفزیۆنی كەركوك لە بەرواری ١٤ نۆڤمبەری ٢٠١١.

(5) نجاة كوثر اوغلو، مشهد أدب تركماني تتحدى الخمود مولود طه قایاجی، كركوك،٢٠١٣، ص ١٣.

بەرنامەکان بەتایبەت بەزمانی تورکمانی وسریان دەکردەوە[1]، بەمەش بەهۆی زیادکردنی ماوەی بەرنامەکان بەکوردی بۆ ماوەی(٤٠) خولەك هەروەها بۆ تورکمانی(٢٠) خولەك و(١٥)خولەکیش بۆ سریانی تەرخانکرا[2]. ئەوەی جێگای ئاماژەیە تەلەفزیۆنی کەرکوك گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوەبینی دوایی ئەوەی کە لە ١ی حوزەیرانی١٩٧٤ کەناڵێکی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك کرایەوە، ئەم تەلەفزیۆنە لە کاتژمێر شەشی ئێوارە، تاوەکو نیوەی شەو بەرنامەکانی بەزمانی کوردی پەخش کردووە. لەو ماوەیەدا تەلەفزێۆنەکە توانی گەورەترین خزمەت بەسەرجەم بوارەکانی رۆشنبیریی لەشاری کەرکوك بەتایبەتی و کوردستان بەشێوەیەکی گشتی بکات[3].

تەلەفزیۆنی کەرکوك، وەکو دەزگایەکی فەرمی سەر بە وەزارەتی راگەیاندنی حکومەتی عێراق بوو. یەکێك بووە لەدەزگا رۆشنبیرییەکان شاری کەرکوك. لە ماوەی ئەم توێژینەوەدا وێڕای ئەو تەنگوچەڵەمانەی هاتووەتە رێگەی لەرووی تەکنیکی هونەری، رێگیریە سیاسییەکان، توانیویەتی خزمەتێکی گەورەو دیار بەباری رۆشنبیریی هەموو پێکهاتەکانی شاری کەرکوك بکات، لەسەرجەم بوارەکانی رۆشنبیریی کلتووری و سیاسی و پەروەردەیی وئەدەبی وئاینی و هونەری...هتد. ئەوەی شایانی باسە تەلەفزیونی کوردی کەرکوك نەك تەنیا لەسەر ئاستی کەرکوك، بەڵکو لەسەر ئاستی کوردستان خزمەتی بەرچاوی بزووتنەوەی رۆشنبیریی کوردی کردووە، چەندین گۆرانی وهەڵپەرکێی کوردی تۆمارکردووە، چەندان شانۆ و درامای کوردی پەخش کراوە. هەروەها ئەم تەلەفزیۆنە ناوەندێکی گرینگی پەرەپێدانی بەگۆرانی ومۆسیقای کوردی بووە، تیپی مۆسیقاکانی هەولێر و سلێمانی و باواجی کۆیە و دهۆك توانویانە چەندین گۆرانی و سرودو بەرهەمەکانیان تۆماربکەن، ئەم تەلەفزیۆنە بووەتە وێستگەی بەیەك گەیاندنی هونەرمەندانی کوردستان و تابتوانن ئەزموونەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن. بەمەش هەموو ئەم چالاکییە رۆشنبیریانەی کاریگەری گەورەی لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە دروستکردووە.

**ز- چاپخانە حکومییەکان :**

چاپخانە لە شاری کەرکوکدا مێژوویەکی کۆنی هەیە. یەکەم شاری کوردستان بووە، کە چاپخانەی هەبووە، بێگومان چاپخانە ناوەندێکی رۆشنبیریی گرینگە، هەرچەندە تایبەت بووە بەچاپکراوە حکومیەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندان کتێب وبڵاوکراوەی جۆراوجۆر و رۆژنامە وگۆڤار ونامیلکە و...هتد پێ چاپکراوە. لە ماوەی ئەم توێژینەوەیەدا تەنیا یەك چاپخانەی حکومی هەبووە کە لەلایەن حکومەتەوە سەرپەرشتی کراوە، ئەویش چاپخانەی شارەوانی بووە.

**چاپخانەی شارەوانی:** سەرەتای دامەزراندنی ئەم چاپخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٩، کە لەسەرەتا ئامێرێکی سادە بوو، بەدەست کاری دەکرد[4].لە ساڵی١٩٢٦ەوە، رۆژنامەی کەرکوکی پێ

---

[1] بروانە: پاشکۆی ژمارە( ٦-٨).

[2] شێخ سدیق، س.پ، ل ٥٩.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ: هاشم جەباری ٢٠١٥/٩/٩.

[4] عطا ترزی باشی، تاریخ الطباعة و الصحافة ....، ص ٩١.

چاپكراوه، لەلایەن شارەوانی كەركوكەوە سەرپەرشتی كراوە، بەتایبەتی دوای شۆڕشی١٤ی تەمموز گرینگی زۆری پێدراوە لەو میانەیەدا لە كۆتایی ساڵی ١٩٥٩ شارەوانی كەركوك چاپخانەیەكی نوێی ئەڵمانی لە جۆری هایدلبرگ بەهەردوو قەبارەی بچووك (٩٠X١٥) قەبارە مامناوەند (٧٥X١٥) لەگەڵ هەموو پێداویستیەكانی كڕیووە[1]. ئەم چاپخانەیە وێڕای ئەوەی توانیویەتی هەموو پێداویستییەكانی شارەوانی كەركوك بەشێوەیەكی باش جێبەجێ بكات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چاپخانەیە خزمەتی بەرچاوی رەوشی رۆشنبیریی شاری كەركوكیشی كردووە، بەهۆی ئەوەی كە ژمارەیەكی زۆر گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوكراوە لەم چاپخانەیە لە چاپدراون، هەروەها بەرهەمی جۆراو جۆری نوسەران وئەدیبانی بەزمانی ناوەخۆیی شارەكە، هەروەها دەرەوەی شارەكەشی چاپكردووە.

[1] هەڵۆ كاكە وەیس، س.پ، ل ٢٩؛ عطا تزری باشی، تاريخ الطباعة و الصحافة ....، ص ١٣.

## تەوەری دووەم : ناوەندە تایبەت و نافەرمی (ناحکومی) یەکان:

ناوەندە تایبەت و نافەرمییەکان هەموو ئەو ناوەندە رۆشنبیریانە دەگرێتەوە، کە لە دەرەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت دابوون، کە بەشێکی سەرەکی لە مێژووی رۆشنبیریی شارەکە پێکدێنن، شان بەشانی دامەزراوە فەرمییەکان خزمەتی بواری رۆشنبیریان کردووە، کاریگەریان لەسەر رەوشی رۆشنبیری شارەکەدا داناوە:

**١-چاپخانەکان:** چاپخانە نافەرمیەکان یەکێك بوون لەم دامەزراوانەی بەهەوڵی تاکە کەسی دامەزراون، کە مەبەستی سەرەکیان بازرگانی بووە، بەشێوەیەکی گشتی توانیویانە ئەو بۆشاییە پربکەنەوە لەم بوارەدا کە حکومەت نەیتوانیوە ئەنجامی بدات. چاپخانە نافەرمییەکان کۆمەڵێك کتێب و گۆڤار و رۆژنامە وبەرهەمی نووسەرانی ناوەوە ودەرەوەی کەرکوکی بەچاپ گەیاندووە.لەماوەی توێژینەوەکەدا لەشاری کەرکوکدا چەند چاپخانەیەك هەبوون، ئەوانیش:

**أ-چاپخانەی تەرەقی:**

ئەم چاپخانەیە ساڵی١٩٥٣ لە لایەن محەمەد ئەمین عەسری دامەزراوە. دوای شۆرشی١٤ تەموزی ١٩٥٨لە کارکردن بەردەوام بووە ناوەکەی گۆرا بۆ بەشیر[1]. محەمەد ئەمین عەسری سەرەتا چاپخانەکەی لەناو ماڵی خۆی دانابوو، لە گەرەکی ئاوچی. چاپخانەکە لە جۆری (مارینو) فەرەنسی و جۆن مۆنوپۆل بەدەست کاری دەکرد ئەم چاپخانەیە تاوەکو ساڵی ١٩٧١ کاری لەچاپدانی کردووە[2]. لەو ماوەیەدا چاپخانەی تەرەقی و خاوەنەکەی خزمەتی گەورەیان بە رەوشی رۆشنبیری بواری چاپەمەنی و رۆژنامەگەری و ئەدەبیات و باری نەتەوەیی لە مێژووی شارەکە کردووە بەبێ جیاوازی، دیارترینیان لە بواری رۆژنامەگەری بووە، ئەویش رۆژنامەی بەشیری دەرکردووە[3]. هەروەها لەوماوەیە نزیکەی (٦٠) کتێبی بە زمانە جیاجیاکانی شارەکە، لە بوارەکانی ئاینی و مێژوویی و ئەدەبی لەچاپداوە. بەم شێوەیە دەبینین ئەم چاپخانە لەپاڵ مەبەستە بازرگانییەکەی خزمەتی بەرچاوی بزوتنەوەی رۆشنبیری و بەتایبەتی زمانی کوردی لە شاری کەرکوکدا کردووە[4].

**ب- چاپخانەی تەتویج:**

سەرەتایی دامەزراندنی ئەم چاپخانەیە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٣ کە بەهەوڵ و کۆششی هەریەك لە یوحەنا لازار و یلْدا شەمعون دانراوە. ئەم چاپخانەیە لەدوای شۆرشی ١٤ تەموزەوە ناوەکەی گۆرا بۆ چاپخانەی کەرکوك. بەشێوەیەکی گشتی لەم چاپخانەیەدا چەندین گۆڤار و رۆژنامە لەچاپدراون، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو کتێبی ئاینی لەچاپداوە، لەوانە:(مختصر تاريخ الكنيسة الشرقية النسطورية)، هەروەها بلاْوکراوەکانی(جمعية الرحمة الكلدانية)،هەروەها دیوانی(فاضل العزاوی)

---

(1) جەبار جەباری، م.س، ص٩٣

(2) عطا ترزی باشی، تاريخ الطباعة و الصحافة ...، ص ١١٥.

(3)هەڵۆ کاکە وەیس، س.پ، ل ل ٣٣-٤٨.

(4) جەبار جەباری، م.س، ص ٩٣.

(اساطير خالدة) و...هتد، هەروەها لەپاڵ ئەوەشدا كارتی بازرگانی و ڕێكلامی وپسولەی لەچاپداوە[1]، ئەم چاپخانەیە خزمەتی دیاری بزاڤی ڕۆشنبیریی سریانی لەشاری كەركوكدا كردووە.

**ج- چاپخانەی شیمال:**

ئەم چاپخانەیە لە ١٦ی كانوونی دووەمی١٩٥٦ لەلایەن سەبری عەبۆ دامەزراوە. ئەم چاپخانەیە لەدوایی شۆڕشی ١٤تەمووزی ١٩٥٨، خزمەتی گەورەی بواری چاپەمەنی كردووە،(٣٢) كتێبی بە زمانی عەرەبی و كوردی و توركمانی و ئینگلیزی لە چاپداوە[2].دیارترین كاری ئەم چاپخانەیە یەكەم ڕۆژمێری كوردی ساڵی ١٩٥٧-١٩٥٨مستەفا نەریمان ئامادەیی كردووە، لەچاپداوە[3]. وێڕای كارە بازرگانییەكان، ئەم چاپخانەیە خزمەتی دیاری ڕەوشی ڕۆشنبیریی شاری كەركوكی كردووە، یەكێك بووە لە ناوەندە ڕۆشنبیرییە بەرچاوەكانی شارەكە، ڕۆڵی سەرەكی گێڕاوە لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی شارەكە زۆربەی نووسەران و ئەدیبان بەرهەمەكانیان لەم چاپخانەیە لەچاپداوە[4].

**د- چاپخانەی نەینەوا:** ئەم چاپخانە لە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن هەریەك لە داود بنیامین و شماس گورگیس لەشاری كەركوك دامەزراوە. ئەم چاپخانەیە زیاتر بڵاوكراوەی كلدانی لەچاپداوە لە ساڵی ١٩٦٢ گواستراوەتەوە بۆ شاری بەغدا[5].

**هـ- چاپخانەی جمهوریەت (الجمهورية):** ئەم چاپخانەیە لەساڵی ١٩٦٨ لەلایەن ئیبراهیم ئیسماعیل لەشاری كەركوك دامەزراوە، لەم ڕێگەیەوە خزمەتی دیاری بە ڕۆشنبیریی شارەكە كردووە. بەتایبەتی لە بواری لەچاپدانی كتێبدا بۆ ئەم مەبەستە ئامێرێكی لەجۆری هایدلبرگ ئەڵمانی كریووە، لە ماوەی توێژینەوەیەدا ئەم چاپخانەیە، وەكو ناوەندێكی ئەهلی خزمەتی بەرچاوی بە بواری چاپەمەنی كردووە، توانیویەتی(٥٠) كتێبی لە بابەتەكانی گۆرانی و مۆسیقا و ئەدەبی و ئاینی بە زمانی توركمانی وعەرەبی وكوردی لەچاپ بدات[6].

**و-چاپخانەی تیجاریە:** ئەم چاپخانەیە لەساڵی١٩٧١ لەلایەن محەمەد ئەمین عەسری، دوای وەستانی كارەكانی چاپخانەی تەرەقی ئەم چاپخانەیەی دامەزراندووە، كاروبارەكەی ڕادەستی كورەكانی كردووە، هەرچەندە ئەم چاپخانەیە بۆ كاری بازرگانی بووە، بەڵام ژمارەیەك كتێبی بە زمانەكانی كوردی و عەرەبی و توركمانی لەچاپداوە، بەشێوەیەكی گشتی ئەم چاپخانەیە و خاوەنەكەی خزمەتی گەورەیان بە بواری ڕۆشنبیریی كردووە و كاریگەریان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەكەدا داناوە[7].

---

[1] عطا ترزی باشی، تاريخ الطباعة والصحافة ....، ص١١٤.

[2] سمكۆ بەهرۆز، مێژووی گۆڕانە ڕۆشنبیریەكان....، ل ٤٧-٥٠.

[3] مستەفا نەریمان، س.پ، ل ١٣٤.

[4] جەبار جەباری، م.س، ص ٩٣.

[5] عطا ترزباشی، تاريخ الطباعة والصحافة ....، ص ١٥٧.

[6] جەبار جەباری، م.س، ص ٩٤؛ عطا ترزباشی ، تاريخ الطباعة والصحافة ....، ص١٥٨-١٦٠.

[7] هەلۆ كاكەوەیس، س.پ، ل ل ٣٠-٣١ ، ٤٤-٤٥؛ عمر محمد ساڵح، ئاوەردانەوەیەك لە محمد ئەمین عەسری و ڕۆژنامەی كەركوك، هاواری كەركوك، ژ (٣)، ئاداری، ١٩٩٩، ل ٩٩ و دواتر .

**٢ـ کتێبخانە ئەهلییەکان (ناحکومییەکان):**

**کتێبخانە ئەهلییەکانی شاری کەرکوك کە رۆژنامە و گۆڤار و کتێب وبلاْکراوەکانیان دەفرۆشت، ئەگەرچی بە مەبەستی بازرگانی بوون، بەلاْم بەشێوەیەکی گشتی بەشداری بەرچاویان لە مێژووی رۆشنبیریی کەرکوکدا کردووە، لایەنێکی گرینگی بزوتنەوەی رۆشنبیریی شارەکە بوون، بەوەی توانیویانە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانەوە کتێب و گۆڤار بگەیێنە دەستی خوێنەران و بە کتێبە جیهانیەکان ئاشنایان بکەن، ئارەزووی خوێنەرانی شارەکە تێر بکەن. بەر لەماوەی ئەم توێژینەوەیەدا (١٩٥٨-١٩٧٥)ژمارەیەکی زۆر کتێبخانە لە کەرکوك هەبوون، لەم ماوەیەشدا بەردەوام بوون، سەرەڕای ئەوەی چەندانی تر دامەزراون، ئەوانیش کتێبخانەکانی (عەسریە ١٩٣٠، عەرەفە ١٩٥٧، کوردستان، حەمید باتاسی، مەلا خالد کچانی، محەمەد حوسێن، فەلەستینیە ١٩٦٨، ئاسۆ ١٩٦٩، ئەمین ١٩٦٩، هندرێن١٩٧٠، گەل، الامل، ئازادی، دارا١٩٧٠، التأخی١٩٧١، جەماهیر١٩٧٢، هەروەها کتێبخانەکانی کۆمەڵەی ئیخوان و مەڵبەندی رۆشنبیری بەریتانی و...هتد[1]) لەبەر زۆری ژمارەی کتێبخانەکان و سنورداری توێژینەوەکەمان لێرەدا تیشك دەخەینە سەر چەند کتێبخانەیەکی دیاری ئەو ماوەیە کە رۆڵیان هەبووە، وەکو ناوەندێکی رۆشنبیریی روناکبیری کە رۆشنبیران و ئەدیبان وسیاسییەکان روویان تێ کردووە.**

**أ- کتێبخانەی عەسریە:**

**ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی ١٩٣١ لەلایەن عەباس حلمی[2] دامەزراوە. یەکەم کتێبخانەی ئەهلییە لە کەرکوك کە فەرمانی ژمارە (١) لە لیوای کەرکوك بۆ دانانی کتێبخانە عەسری وەرگرتووە. سەرەتا کتێبخانە لە شەقامی مجیدیە بووە و لە ساڵی ١٩٥٧ گواستراوەتەوە بۆ بازاری عەسریە، ئەم کتێبخانەیە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە، بەتایبەتی لەماوەی توێژینەوەکەدا مەڵبەندێکی گرینگی رۆشنبیریی شاری کەرکوك بووە. کە کاربەدەستانی میری و رۆشنبیران و خوێنەرانی شار روویان تێکردووە. لەم کتێبخانەیەدا وێڕای فرۆشتنی کتێب لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەکانی بەغدا و کوێت و**

**[1] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆڕانە رۆشنبیریەکان...، ل١٥١-١٦٦؛ عبدالله عبدالرحمن زەنگەنە، منیش ئەوەندەی لێئەزانم، رەنگین، ژ(١٠٥)، تشرینی یەکەمی ١٩٩٧، ل ١٨؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ صباح بازرگان لە١١ی ئەیلول ٢٠١٥ ناوبراو لە ساڵی ١٩٥١لە کەرکوك لەدایك بووە، کۆلیژی زانیاری زانکۆی سلێمانی ١٩٧٥ تەواوکردوە، لەحەفتاکانەوە لە گۆڤار و رۆژنامەکان دەنوسێت، تا ئێستاش لەکەرکوك ژیان بەسەر دەبات؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ فاروق مستەفا لە١١ی ئەیلول ٢٠١٥: ناوبراو لە ساڵی١٩٤٤ لە کەرکوك لەدایك بووە، دەرچوی بەشی زمانی عەرەبی زانکۆی بەغدایە، بۆتە مامۆستا دواتر بۆهەمان مەبەست نێردراوە بۆ جەزائیر، لەبواری نوسین رۆشنبیری رۆڵی دیاری هەیە.**

**[2] عەباس حلمی لوتفوولڵا لە ساڵی ١٨٩١ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، بووەتە سەرباز لە لەشکری عوسمانی، لە ساڵی ١٩٣١ لە شاری کەرکوك یەکەم کتێبخانەی عەسری ئەهلی داناوە، کە کتێب وگۆڤار و ڕۆژنامە وبلاْوکراوە وکەل وپەلی قوتابخانەی فرۆشتووە لەساڵی ١٩٧٦ لەکەرکوك کۆچی دوایی کردووە، ابراهیم خلیل سعید، کرکوك پانوراما التاریخ الانسان، ج٢، کرکوك، ٢٠١٥، ص ٣١٨.**

سعودیە و میسر و تورکیا و...هتد لەم کتێبخانەیە دەستی خوێنەر کەوتووە[1]. بەم شێوەیە کتێبخانەکە دیارترین کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی شارەکەدا کردووە.

**ب-کتێبخانەی تەرەقی:**

ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی ١٩٤٧لەلایەن محەمەد ئەمین عەسریەوە دامەزراوە[2]. سەرەتا ناوی کتێبخانەی مەعارف بووە، دواتر لە ساڵی١٩٥٨ ناوەکەی گۆڕاوە بۆ تەرەقی شوێنەکەی لە بازاری گەورەدا بوو، تاوەکو ساڵانی١٩٧٠ لەلایەن محەمەد ئەمین عەسریەوە سەرپەرشتی کراوە، دواتر لەلایەن کورەکانییەوە سەرپەرشتی کراوە. ئەم کتێبخانەیە مەڵبەندێکی ڕووناکبیری و ڕۆشنبیریی بوو لەشاری کەرکوك، ڕۆشنبیران ونوسەران و پیاوانی ئاینی روویان تێکردووە. ئەم کتێبخانە توانیویەتی سەرچاوەی ڕەسەن دەگمەن لەوڵاتی شام و میسر و تورکیا بهێننە شارەکە[3]، وێڕای ئەوەی خاوەنی کتێبخانەکە چاپخانەیەکی هەبوو چەندین کتێبی بەزمانی کوردی و عەرەبی وتورکمانی لەچاپداوە[4].

**ج- کتێبخانەی کوردستان:**

ئەم کتێبخانەیە لە پەنجاکاندا لەلایەن عومەر بێکەس[5]، لەبەرامبەر موتەسەرفیەی کەرکوك داندراوە، ئەم کتێبخانەیە ناوەندێکی دیاری ڕۆشنبیریی بوو، هەموو چین وتوێژەکانی شارەکە روویان تێکردووە، بەتایبەتی کەسایەتی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرەکان. ئەمەش بەهۆی ئەوەی خاوەنەکەی خاوەن هەڵوێستێکی نەتەوەیی بووە، یەکەم کەس بووە لە شاری کەرکوك ناوی دوکانەکەی بەکوردی بنووسێت، یەکەم کەس بووە کە بەئاشکرا چاپەمەنییە کوردییەکان بفرۆشێت[6].

**دکتێبخانەی ئاسۆ:**

ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی١٩٦٧ لەلایەن جەبار عەبدوڵڵا دانراوە، لەسەرەتا لە بەرانبەر ئوتێل (شرق الاوسط)بووە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ شەقامی کۆماری. ئەم کتێبخانەیە لەلایەن جەلال تاڵەبانی ئەم ناوی لێندراوە، ئەم کتێبخانەیە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی کوردی بووە، کە نووسەران ئەدیبان، کەسایەتیە سیاسیەکان وخەڵکی ئاسایی سەردانیان کردووە، کتێبی کوردی وعەرەبی و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی و عەرەبیەکان لەم کتێبخانەیە دەست دەکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا وەکو

---

[1] ابراهیم خلیل سعید، م.س، ص٣١٨؛ محمد ئەحمەد کەرکوکلی، مکتبە سید عباس حلمی ملتقی ثقافی کرکوك، صوت الاخر، ع (٥٤٠)، ٢٩ تموز ٢٠١٥.

[2] ابراهیم خلیل سعید، م.س ، ص٣٢٣-٣٢٤.

[3] هەلو کاکە ویس، س.پ، ل ل ٤١-٤٧؛ مستەفا نەریمان، س.پ، ل ١٣٤.

[4]سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆڕانە ڕۆشنبیریەکان...، ل٧٨.

[5]عومەر غەریب عەباس (عومەر بێکەس) لە ساڵی ١٩٢٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، نازناوی بێکەس بۆخۆی داناوە ئەمەش لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد بێکەسە، دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی ١٩٤٢ هاتۆتە کەرکوك خەریکی کاری سەربەست بووە کتێخانەی داناوە، لەماوەی ساڵانی ١٩٦٠-١٩٧٤ خزمەتی ڕۆشنبیریی کوردی لە کەرکوکدا کردووە، بروانە: لەتیف فاتح فەرج، کتێبخانە لە کەرکوك..، ل ١١٠-١١٣.

[6]سمکۆبەهرۆز، مێژووی گۆڕانە روشنبیریەکان... ، ل١٦٢-١٦٦؛ لەتیف فاتیح فەرەج، کتێبخانە لەکەرکوك... ، ل١١٢.

بنکەیەکی سیاسی بوو، لایەنگران و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتیە سیاسیە دیارەکانی حیزبی سەردانیان کردووە، ببووە شوێنێك بۆ بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەناو گەنجانی کورد و چینی رۆشنبیرانی شارەکە[1].

## ٣ـ مەڵبەندە گشتی وجەماوەرییەکان:

ئەو ناوەند و مەڵبەندە رۆشنبیریانەی شاری کەرکوك کە رۆشنبیرانی شارەکەیان لە دەوری خۆیان کۆکردووەتەوە، بەتەنیا هەندێ مەڵبەندی ڕۆشنبیریی تایبەت بەم بوارە نەبوون، بەڵکو کۆمەڵێك ناوەندی گشتی و جەماوەری هەبوون، کە ئەڵقەی بەیەکگەیشتنی رۆشنبیران بوون، بۆ گۆڕینەوەی بیروڕای ئەدەبی و سیاسی و فەرهەنگی، لەلایەکی دیکە بەیەکگەیشتنی رۆشنبیران وخەڵکانی ئاسایی کە ئەوانیش :

**أ- ناوەندە ئاینییەکان:**

شاری کەرکوك یەکێکە لەو شارانەی کە چەندین ناوەندی ئاینی لەخۆ گرتووە، وەك مزگەوت و تەکییە و خانەقا و کلێسا، بێگومان هەریەك لەم ناوەندانە رۆڵی گرنگیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی ئاینی بە شێوەیەکی گشتی، کە لە وتارە ئاینیەکان هەفتانە دراون، لەگەڵ ئەوەشدا مەڵبەندێکی گرینگی فێرکردن بووە، بەبەردەوام خوێندنی ئاینی تێدا خوێندراوە، کەم مزگەوت هەبووە، لەپاڵیدا حوجرەو قوتابخانەی ئاینی تێدا نەبێت، بەڵام ئەوەی دەبینین دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز١٩٥٨ قوتابخانە ئاینیەکان رۆڵیان زۆر کەم بووە. ئەمەش بەهۆی ئەو هەنگاوانەی حکومەت ناویەتی لەوانە ژمارەیەك لە پیاوانی ئاینی کران بەمامۆستای خوێندنی فەرمی و هاوچەرخ، بەشێوەیەکی بەرچاویش منداڵان روویان کردە قوتابخانە فەرمیەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنی ئاینی لە زۆربەی قوتابخانەکان ئەنجام دەدرا.

هەروەها لە دیارترین ناوەندە ئاینیەکانی شارەکە تەکییە و خانەقاکان بەتایبەتی تەکییەی تاڵەبانی و خانەقای سەید ئەحمەد کە دوو ناوەندی ئاینی وکۆمەڵایەتی وهونەری وسیاسی گرینگ بوون رۆڵی دیاریان لە ژیانی شارستانی کۆمەڵگەی کەرکوك بینیووە. زۆربەی سیاسییەکان و کاربەدەستانی باڵای عێراق سەرکردەکانی کورد و لەکاتی هاتنیان بۆ شارەکە سەردانیان کردووە. ئەوەتا دوایی گەڕانەوەی مستەفابارزانی لە ٢٢ی تشرینی یەکەم لەیەکیتی سۆڤیەت بەکەرکوکدا گەڕایەوە ئەویش لەم خانەقاییە دابەزی لەلایەن خەڵکی شارەکە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە بەخێرهاتنەوەی گەرمی لێکراوە[2]، بەر لە وەش دوایی ئازادکردنی زیندانیانی سەردەمی پاشاییەتی لە سەردەمی کۆماریدا. شێخ ئەحمەد بارزانی لەگەڵ هاوڕێیانی سەردانی خانەقای سەید ئەحمەدیان کردووە، هەروەها هەندێکی تر لەو گیراوانە چوونە تەکیەی تاڵەبانی سەرەڕای ئەمە تەکیەی تالەبانی

---

[1] زاهیر شکور، س.پ، ل ٧١-٧٢؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ فاتح میرزا ٢٠١٥/٥/٢٦؛ لەگەڵ هاشم جەباری ٢٠١٥/٩/٩؛ صباح بازرگان ٢٠١٥/٩/١١؛ عبدالله سلێمان، س.پ،ل ٩٥.

[2] زرار سلێمان بەگ دەرگەلەیی، بیرەوەریەکانم١٩٤٣-١٩٧٧، ل٢٠٧.

لەپاڵ لایەنە ئاینیەکەی  ناوەندێکی گرینگی هونەری بووە[1]، ڕۆڵی بەرچاوی گێراوە لە پێگەیاندنی چەندەها مەقامزان، هەروەها فێرکردنی مەقام هەروەها بەردەوام خوێندنی ئاینی تێدا خوێندراوە زانای گەورە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس(١٩٠١-٢٠٠٥) لە سالانی١٩٤٥تا١٩٦٠دەرسی ئاینی تێدا ووتۆتەوە[2]، ئەوەی جێگای ئاماژەیە تا ئیستاخوێندنی ئاینی کۆڕی زیکرو مەقامات لەم تەکییە هەر بەردەوامە[3].

ب-چایخانەکان:

چایخانەکانی شاری کەرکوك، وێڕای ئەوەی شوێنی سەرەکی کات بەسەربردن بوون، بەڵام لەگەل ئەوەشدا، وەکو ناوەندێکی ڕۆشنبیریی ڕۆڵی دیاریان لە کۆکردنەوەی ڕۆشنبیرانی شارەکەدا گێڕاوە و جێگای بەیەکگەیشتنی و دیداری ڕۆشنبیران و ئەدیبان بووە، ئەم دیاردەیە لەکەرکوکدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر لەسەرەتاوە چایخانەکان ڕۆڵی هۆڵەکانی شانۆ وسینەمای بینیووە، لە سەردەمی خۆیاندا ڕەنگدانەوەی بەرچاویان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەکەدا بەجێهێشتووە، ئەوەی جێی باسە لەماوەی توێژینەوەکەدا چایخانەکانی ئەم ڕۆڵەیان لە دەست نەداوە، بگرە لە پاڵ لایەنی ڕۆشنبیری و گفتوگۆ ئەدەبیەکان، لەم قۆناغەدا کارو ڕێکخستنی سیاسیان تێدا ئەنجامدراون. دیارترین چایخانەکانیش کە لەو ماوەیەدا ئەو ڕۆڵەیان گێڕاوە وەك :چایخانەکانی مجیدیە و نەسر و حەبیب و مەیاس (جوت قاوە) و....هتد، ئەم چایخانانە وێڕای خەڵکی شار، لەهەموو ناوچەکانی دەوروبەری شارەوەش خەڵکی ڕوویان تێکردوون، لایەنێکی دیکەی ڕۆشنبیریی چایخانەکان بەردەست بوونی بوارەکانی ڕاگەیاندنی، وەکو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ کە ئەوکات لەناو شاری کەرکوك کەم ماڵ هەبووە تەلەفزیۆنی هەبوو بێبت. لەچایخانەکاندا تەلەفزیۆن داندرابوون، یەك لەم کەناڵانەی وەریگرتووە  کەناڵی بەغدا بووە، وێڕای بەرنامەکانی تری بەبەردەوام گۆرانیەکانی ناظم الغزالی وعەلی مەردان ونسرین شیروان وگول بەهار وسەلیمە مراد و احلام وهبی و...هتد لێدراون، خەڵکی بەپەرۆشەوە گوێیان لێگرتووە، جگە لە تەلەفزیۆن  بوونی ڕادیۆیەکە گوێبیستی چەندین بەرنامە بەتایبەتی ئێزگەی بەغدا و بی بی سی و...هتد بۆ ئاگاداربون لە هەواڵەکانی  جیهان و دەروەوە[4].

---

[1] شەفەق، ژ(٨) ی ئابی١٩٥٨، ل٢٨؛ مارف خەزنەدار، ڕۆژگاری من...، ل٢٦٠.

[2] سالح هەلاج، پیاوێك گرەو لەنەمری دەباتەوە، کەرکوك٢٠٠٥، ل٢٠٥-٢٠٦.

[3] چاوپێکەوتن لەگەل شێخ یوسف تاڵەبانی ٢٠١٥/٨/٢٣ ناوبراو لەساڵی١٩٦٠ لە کەرکوك لەدایك بووە، لەم تەکییە خوێندوویەتی، خوێندنی فەرمی لەشارەکە تەواوکردووە،  زانکۆی ئیسلامی کۆلێژی شەریعەی شاری مەدینەی سعودیە تەواوە کردووە، ئیستا سەرپەرشتی تەکیەی تاڵەبانی دەکات.

[4] زاهیر شکور، س.پ، ل ٢٥-٢٦؛ فاروق مصطفی، ذاکرة کرکوك...، ص ٣١-٣٢؛ موسوعة کرکوك قلب العراق، م.س، ص١٩٠-١٩٣؛ ابراهیم خلیل سعید، ج١، م.س، ص ١٧٣-١٨٩.

**ج- سینەما:**

سینەما یەکێکە لە سیما دیارەکانی شار، وەکو ناوەندێکی تایبەتی ڕۆڵی گەورەی هەبووە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕووناکبیری بەر لە شۆڕشی١٤تەمموزی ١٩٥٨ چەند سینەمایەك هەبوون لە شاری کەرکوك، وەك سینەمای "وەتەن" وسینەما "غازی" کە لە سیەکاندا بنیاتنرابوون، هەروەها سینەمای "عەلەمین" لە پەنجاکاندا بنیات نراوە، هەردوو سینەمای غازی و عەلەمین لە دوای شۆڕشی ١٤ تەمموزی بەردەوام بوون و فیلمیان نمایشکردووە، هەروەها سینەما "خەیام" کە لەپەنجاکان لەلایەن حاجی خورشید بنیاتندراوە، تاوەکو ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٠ بەردەوام بوو، دیارترین ئەو فیلمانەی نمایشکردووە فیلمی هیندی بوو هرقل، ئەمیر ئەرسەلان، ڕۆستەم زۆراب و....هتد ) هەروەها یەکێك لەوانە فلیمی (ابی فوق الشجره)ی (عبدالحلیم حافظ)، ئەم فیلمە زۆرترین بینەری هەبوو نەك تەنها پیاوان بەڵکو خێزان لەناویشیاندا کچان لە پیاوان پەرۆشتربوونە بۆ بینینی فیلمەکە[1]. هەروەها سینەما "سەلاحەددین" لە ساڵی ١٩٦٧ بەشێوازێکی مۆدێرن و سەردەمیانە دروست کرابوو، جێگای تایبەتی بۆ خێزان تەرخان کردبوو، یەکەم فیلمی نماشکرد (جانورای شامی کابور) فیلمێکی هیندی بوو[2]. هەروەها سینەماکانی ئەتلەس و حمراء، وێڕای ئەوەی چەندین سینەمای هاوینە لە کەرکوك هەبوون، وەکو سینەما (دونیا، سیندباد، نەسر) سینەماکانی حمراء و خەیام بەشی سینەمای هاوینەیان هەبووە. بەشێوەیەکی گشتی سینەماکان کە شوێنی گشتی و کات بەسەربردن بوون، بەڵام دەبینین کاریگەریان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەکەدا هەبووە. چەندین فیلمی ئەورووپی و هیندی و ئەمریکی و عەرەبی نمایشکراون. ئەوەی دەبینین لە نێوان فیلمەکان بەردەوام گۆرانی هونەرمەندە بەناوبانگەکانی وەکو (فرید الاطرش وعبدالحلیم حافظ وام کلثوم ومحمد عبدالوهاب و...هتد). لەکاتی پشوی نێوان فیلمەکان پێشکەش کراون[3].

هەموو ئەو چالاکیانەی لە سینەماکانی کەرکوك نمایشکراوە، خەڵکی شاریان بەهەموو چین وتوێژەکان ئاشنا بە هونەر وکلتووری جیهانی کردبوو، هەروەها لایەنێکی دیکەی سینەماکان خێزان روویان تێدەکرد، لەسینەماکاندا جێگای تایبەت بۆ ئافرەتان تەرخان کرابوو، کە ئەمەش لایەنێکی دیکەی شارستانییەتی بوو لە شارەکەدا[4] .

سەبارەت بە ڕێکلام کردن بۆ ئەو فیلمانەی کەنمایش کراون، سینەماکان عارەبانەیەکیان هەبوو، لەسەر تەختەیەك پۆستەری فیلمەکایان لێدەدا لەناو بازاڕەگڕان، پۆستەری فیلمەکان لەچاپخانەی شارەوانی کەرکوك لە چاپدراون داهاتەکەشی بۆ خاوێن کردنەوەی شار خەرج کراوە، جگە لەمە چەند

---

(1) زاهیر شکور، س.پ، ل ٢٥٦-٢٥٩؛ فاروق مصطفی؛ ذاکرة کرکوك ....، ص ١١-١٤.

(2) هەلویست جاف، دور سینما في کرکوك،سایتی WWW.KIRKUKNOW.COM لەڕۆژی ٢٠١٥/١٠/١؛ شێخ صدیق، س.پ، ل ٨٨-٨٩.

(3) نصرت مردان، سینمات کرکوك وأیام المتعه في الظلام، میزوبوتامیا" مجلة"بغداد،العدان(٥-٦) تموز٢٠٠٥، ص٣٩١-٣٩٤؛ زاهیر شکور ،س.پ، ل ٢٥٨.

(4) شێخ صدیق، س.پ، ل ٨٩.

کەسێك پۆستەری فیلمەکانیان لەتەختەیەك دەدا کۆلان بەکۆلانی شاردەگەڕان و بە ئاوازێکی تایبەت باسی چیرۆکی فلیمەکە و پالەوانەکەیان دەکرد. دیارترین ئەوکەسانەش ئەم کارەیان دەکرد، هەریەك لە (دایی عزەت و عەلی تەرەزان)بوون [1].

[1] نصرت مردان، سینمات فی کرکوك ...، ص ٣٩١-٣٩٤؛ فاروق مصطفی، ذاکرة کرکوك.... ص ١٣.

## تەوەری سێیەم: ڕێکخراو و کۆمەڵە رۆشنبیرییەکان:

ڕێکخراو و کۆمەڵە رۆشنبیرییەکان رۆڵی گەورەیان لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی شاری کەرکوکدا گێڕاوە، کاریگەری گەورەیان لەسەر بەجێهیشتووە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە ژمارەیەکی بەرچاو رۆشنبیران و ئەدیبان و نووسەرانی جگە لەناو شار لە دەرەوەی شاریش لە دەوری خۆیان کۆکردووەتەوە، بۆ ئەوەی تواناکانیان لەڕێگەی ئەم مەڵبەندە رۆشنبیریانە دیاربخەن. وەك:

### أ- ڕێکخراوە رۆشنبیرییە سەربەخۆکان:

لەشاری کەرکوك لە ساڵانی١٩٥٨-١٩٧٥دا کۆمەڵێك ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی سەربەخۆی تێدا هەبوو، لەکارو چالاکی نواندن سەربەخۆیانە کاریان کردووە، رۆڵی بەرچاویان لە بزوتنەوەی رۆشنبیریی شارەکەدا گێڕاوە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

### ١-یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکوك:

یەکێتی نووسەرانی کورد، وەکو ڕێکخراوێکی تایبەت بە نووسەرانی کورد لە١٠ی شوباتی ١٩٧٠دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە یەکەم کۆنگرەی خۆی لە رۆژانی ٢٣-٢٤ ی حوزەیران ١٩٧٠ لە شاری بەغدا بەستووە[١]. دواتر لقی لە شاری کەرکوك کردووەتەوە، لە رۆژی٣٠ی ئابی ١٩٧١ یەکەم کۆنفرانسی خۆی لە هۆتێلی کەرکوك بەبەشداری ٣٨ شاعیر و نووسەر و ئەدیبی شارەکە گرێداوە. هەرچەندە لێرە عوسمان مستەفا خۆشناو دەنگی زۆرینەی بەدەست هێناوە، بەڵام دواتر لەبەر گەورەیی تەمەن و کەسایەتی ناسراوی شیخ رەئووف خانەقا[٢] وەك سەرۆکی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد دەست نیشان کرا[٣].

لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد یەکێك بووە، لە کاراترین ڕێکخراوەکانی شاری کەرکوك, کە چەندەها چالاکی بەتایبەتی لە بواری نووسین وئەدەبیاتدا ئەنجامداوە, لەوانەش سازدانی یەکەم میهرەجانی کوردی شیعری لە رۆژانی ٢٢-٢٣ ی ئاداری ١٩٧٢ بەبۆنەی یادەکانی نەورۆزو ئادارەوە, ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە لەم میهرەجانەدا جگە لە شاعیرانی کەرکوك لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە بەبەرهەمی شیعریەکانیان بەشداریان تێدا کردووە [٤]. هەروەها لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، بەبەردەوام کۆری شیعری و ئەدەبی رۆشنبیریی بۆ رۆشنبیران و ئەدەیبانی شارەکە ساز کردووە. لە میانەی گرینگیدان بەبواری ئەدەبی، لقی کەرکوکی ئەم ڕێکخراوە

---

[١] سەبارەت بەدامەزراند و کۆنگرەی نووسەرانی کورد، بڕوانە: نوسەری کورد"گۆڤار"،ژ (١)ی ئاداری ١٩٧١ ل٥٧-٧١.

[٢] شیخ رەئوف خانەقا:لە ساڵی١٩٠٢ لە شاری کەرکوك لە دایك بووە, یەکێکە لە شاعیرو ئەدیبە دیارەکان بووە، لەساڵی ١٩٥٠ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، چەند پۆستێکی لە حکومەتی عێراق وەرگرتووە، دیارترینیان بەڕێوەبەری کتێبخانەی کەرکوك ١٩٦٠-١٩٦٦ ، بەهۆی پەیوەندی بە شۆرشەوە چەندین جار گیراوە لەکۆنفرانسی یەکەمی نووسەرانی کەرکوك بە سەرۆکی لقی کەرکوك هەڵبژێردراوە لەساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کردووە.بڕوانە: شێخ ڕەئووف خانەقا، س.پ، ل١٤-٧٦.

[٣] عوسمان مستەفا خۆشناو, کەرکوك لە ئامێزی مێژوودا، هەولێر، ٢٠١٠, ل١٠١-١٠٣.

[٤] بڕوانە: کەریم شارەزا, میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی....، ل ل١١٨-١٢٥.

بەرنامەیەکی تایبەتی ئەدەبی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک ئامادە کردووە، لەلایەن هەریەك لە سەلام محەمەد و مستەفا ساڵح کریمەوە پێشکەش کراوە[1].

لەچالاکییەکانی لقی کەرکوکی ئەم ڕێکخراوە، لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، دەرکردنی گۆڤارێك بوو بەناوی گزنگ" لە ٣ی ئاداری ١٩٧٢، کەکۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی ئەدیبانی کوردی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام ئەم گۆڤارە تەنیا یەك ژمارەی لێدەرچوو[2].

**٢-کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی / لقی کەرکوك:**

کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی١٩٦٩ لە شاری سلێمانی دامەزراوە[3]. لقی ئەم کۆمەڵەیە لە ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧١ لە شاری کەرکوك بەشێوەیەکی فەڕمی مۆڵەتیان وەرگرتووە، لەڕێکەوتی ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١ یەکەم کۆنفرانسی خۆی بەبەشداری هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی شارەکە بەستووە، دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵە هەڵبژێردراوەو لەم کۆنفرانسەدا جەمیل جێماو[4]، بەسەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا[5]، لقی کەرکوکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی ڕۆڵی دیاری و بەرچاویان لە بواری هونەرو ڕۆشنبیریی شاری کەرکوکدا بینیووە, لقی کەرکوکی ئەم کۆمەڵەیە دەیان چالاکی هونەری لەشارەکە ئەنجامداوە، یەکێك لەو چالاکیانە لە بواری شانۆدا بووە، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك شانۆی کوردی بە پێزیان نمایش کردووە، وەك: کەبابخانەی خولە شەل ١٩٧١, نەورۆز١٩٧٣, تێکۆشان ومرۆڤ ١٩٧٣, هەروەها ئەم کۆمەڵەیە دوودرامای کوردی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کرد، ئەوانیش درامای بەهاری دزراو, درامای مەرەزە١٩٧٣، هەر لەم بوارەدا لقی کەرکوکی ئەم کۆمەڵەیە بە (شانۆگەری تەڤینەوە) لە نووسینی عەلی کەریم و دەرهێنانی سەلمان فایەق، بەشداری ڤیستیڤاڵی یەکەمی هونەری کوردی لە بەغدا ١٩٧٤ کردووە, ئەم شانۆگەریە پلەی یەکەمی ڤیستڤاڵەکەی بە دەست هێناوە[6].

هەروەها یەکێکی دیکە لە چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە لەبواری هونەری گۆرانی دا سازدان ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقا بەبەشداری چەندان هونەرمەندی کەرکوك، وەك :سەرکەوت ڕەشید وعلی عزیز وعەبدولئیلا محێدین وقادر مەردان وسابیر کوردستانی[7]. ئەوەی جێ باسە لەماوەیەکی

---

[1] عبدللە سلێمان ,س,پ, ل٩٤؛ مستەفا سالح کریم، چاو پێکەوتن تەلەفزیۆنی کەرکوك لە١٤نۆڤیمبەری٢٠١١.

[2] بروانە: گزنگ، ژ (١)، ئاداری ١٩٧٢.

[3] هۆشەنگ ساڵح محەمەد, س.پ, ل٨٤.

[4] جمیل جیماو:لەساڵی١٩٤٥ لەشاری کەرکوك لەدایك بووە، لەبواری نوسین ودەرهێنان وئەکتەری شانۆ ڕۆڵی بەرچاوی گێراوە، دامەزرێنەر و یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێردراوی لقی کەرکوکی کۆمەڵەی هونەر وێژەی کوردی، کە یەکەمین دامەزراوەی هونەری مۆڵەت پێدراو بووە لە مێژووی کەرکوك، لەساڵی٢٠٠٣ لەهەولێر کۆچی دوای کردووە.

[5] ستار جباری, کۆمەڵەی هونەرو ریژەی کورد لە مێژوترن و چالاك ترین ڕێکخراوی کوردی لە کەرکوك، مێرگ "گۆڤار"، هەولێر، ژ( ٥٨)، ئاداری، ٢٠١٠، ل٣٣.

[6] موحسین محەمەد, س.پ, ل٣٦؛ حەسەن تەنیا, س.پ, ل١١٠.

[7] ستارجەباری، کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی...، ل٣٤

کەمدا١٩٧١-١٩٧٤ ئەم کۆمەڵەیە گەورەترین خزمەتی بە هونەرو ویژەی کوردی لەشاری کەرکوکدا کردووە، هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ بەرەو پێشچوونی بزوتنەوەی رۆشنبیریی شارەکە، بەکار و چالاکییەکانی توانیویەتی تەکانێکی گەورە بە بواری رۆشنبیریی کوردی لە شاری کەرکوك بدات.

**ب ـ تیپە هونەرییەکانی شاری کەرکوك:**

تیپە هونەرییەکان ئەو تیپانەی لەبواری هونەری مۆسیقا و گۆرانی و شانۆ رۆڵی خۆیان لەبزوتنەوەی ڕۆشنبیریی شاری کەرکوك گێڕاوە. بە توانا و بەرهەمەکانیان توانیویانە کاریگەری لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە دروست بکەن. سود لە تواناو بەهرەکانی هونەرمەندانی شارەکە وەربگرن. دیارترین ئەو تیپانەی لەو ماوەیە کاریان کردووە، ئەمانەن:

**١ـ تیپی مۆسیقای بێکەس:**

تیپی مۆسیقای بێکەس یەکەم تیپی مۆسیقایە لەشاری کەرکوك دامەزاوە. سەرەتای دامەزراندنی ئەم تیپە دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٥٧-١٩٥٨ لەسەر دەستی هونەرمەندان رەمەزان زامدار و عەبدولئیلا محێدین و سەردار فەتاح دامەزراوە، ئەم تیپە مۆڵەتی کارکردنی نەبوو, هەروەها بارەگای تایبەتی خۆی نەبووە. بۆیە بەناچاری هەرجارەو لە ماڵی یەکێکیان کۆبوونەتەوە و زۆربەی کات لە ماڵی بورهان جاف و حمە سیروان پرۆڤەیان کردووە[1]. سەبارەت بە ناونانی تیپەکە رەمەزان زامدار دەڵێت:"ئێمە ناوی (بێکەس)مان هەڵبژارد، ئەمەش بەهۆی هەستی نەتەوایەتیمان وکاریگەری شیعرە نەتەوەییەکانی فایەق بێکەس(١٩٠٣-١٩٤٨)ی شاعیر کە پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناوە[2].

ئەندامانی تیپەکە پێکهاتبون لە مۆسیقا ژەنەکان: رەمەزان زامدار(کلارنیت)، عەبدولئیلا (کەمان -نەی)، سەردار فەتاح (عود)، سەلاح عەباس (ئۆکۆردیۆن)، شەوکەت رەشید(عود)، قادر مەردان(عود)، حوسێن بەهادین(عود)، ڤارکیس (عود)و....هتد، لەگەڵ ئەم تیپەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان گۆرانیان تۆمار کردووە لەوانە:جەلال وەندی و عەلی مەردان و قادر مەردان و جەبار سۆدەجی و نەجمەدین قارداش و ئەنوەر تاهیر و دکتۆرە بەلقیس و....هتد [3].

تیپی مۆسیقای بێکەس، وەکو یەکەمین تیپی مۆسیقای کوردی بووەتە سەرەتایەك لە بواری هونەر بۆ مۆسیقای کوردی لەشاری کەرکوك بە توانایەکی کەمەوە لە ماوەیەکی کەمدا توانیویەتی بەشداری زۆر چالاکی و یادە نەتەوەیی نیشتیمانیەکان و ئاهەنگە تایبەتییەکان بکات، بەمەش توانیوەیەتی کاریگەری لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکەدا دروست بکات، هەروەها.ئەم تیپە پێگەی گرینگی لە مێژووی رۆشنبیریی شارەکەدا هەیە. بووەتە بناغەیەك بۆ تیپە هونەریەکانی دیکەی کە لە شارەکە دامەزراوە.

---

[1] زاهیر شکور, س.پ, ل٢٤٢-٢٤٣؛ شێخ سدیق, س.پ, ل١١-١٢.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ: رەمەزان زامدار ٢٠١٥/٨/٢٠.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ: رەمەزان زامدار ٢٠١٥/٨/٢٠.

**٢ــ تیپی مۆسیقای سۆلاڤــ:**

دوای ئەوەی یانەی سۆلاڤ بە بڕیاری ژمارە (١٧٧٤)ی ٣٠تەمووزی ١٩٦٩ مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە. لەهەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەردنیدا شێخ پیرۆت تاڵەبانی بەسەرۆکی یانەکە هەڵبژێردرا. لە بنەڕەتدا سۆلاڤ یانەیەکی وەرزشی بوو، خزمەتی گەورەی لەبواری وەرزشی بە شارەکە کردووە، توانیەتی وەرزشکاران لەدەووری خۆی کۆبکاتەوە[1]. دواتر لەلایەن یانەی وەرزشی سۆلاڤەوە بەشی مۆسیقا کراوەتەوە، هەموو مۆسیقا ژەنەکانی تیپی مۆسیقای بێکەس پەیوەندیان پێوە کرد، بەم شێوەیە تیپی مۆسیقای سۆلاڤ لە ساڵی ١٩٦٩ دامەزراوە[2].

لەم تیپەدا کۆمەڵێك مۆسیقاژەن لەهەموو پێکهاتەی شارەکە کاریان تێدا کردووە، ئەوانیش: عەبدولئیلا محێدین(کەمان)، قادرمەردان(کەمان-عود)، سەردار بێبەخت(عود)، شەوکەت ڕەشید(عود-نەی)، ڕەمەزان زامدار (کلارنیت)، حوسێن بەهاددین (کەمان)، قاسم محەمەد (کەمان) ،نایف سعدون ، جەلال وەندی بوون[3].

بارەگای تیپەکە لەناو یانەی سۆلاڤدا بوو، هەر لەوێ پڕۆڤەیان کردووە, ئەم تیپە گەلێك چالاکی هونەری لە بواری گۆرانی مۆسیقا ئەنجام داوە، بە تایبەت لە بۆنە و یادە نەتەوەییەکانی کوردی، سەرەڕای ئاهەنگی تایبەتی و خێزانی، هەروەها چەندین مۆسیقا و گۆرانی هەمەرەنگی کوردیان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووە، ئەم تیپە ئاوازی بۆ چەندین گۆرانیبێژی کورد داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بەشداری ڤیستیڤاڵ ومیهرەجانی قوتابخانەکانیان کردووە[4].

یەکێك لە کارە هونەریە دیارەکانی تیپی مۆسیقای سۆلاڤ بەشداری ئاهەنگە جەماوەرییە گەورەکەی گوندی حەساری ناوچەی شوان بوو, کە ئەم ئاهەنگە بە بۆنەی ڕێکەوتننامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠ ڕێکخرابوو، کە تێیدا چەندین پارچە مۆسیقاو گۆرانییان تێدا پێشکەش کردووە، تاوەکو ئێستاش ئەم ئاهەنگە لە یادەوەری خەڵکی شارەکەدا ماوەتەوە[5].

ئەوەی دەبینین یانەی سۆلاڤ وێڕای چالاکیە وەرزشیەکان، لەڕێگەی تیپی مۆسیقای سۆلاڤ وەکو تاقانە تیپی کوردی لە شاری کەرکوك لە ١٩٦٩-١٩٧٥ توانیویەتی گەورەترین خزمەت بە گۆرانی و ئاواز و مۆسیقای کوردی لە شاری کەرکوك بکات. کە لایەنێکی دیاری ڕۆشنبیریی شارەکە بووە، لەو ماوەیەدا جێی پەنجەی خۆی لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەکە جێهێشتووە.

---

[1] شیخ ستار عبدوڵلا بەرزنجی, یانەی وەرزشی سۆلاڤ لە یادی٤١ ساڵەیدا، هەولێر٢٠٠١، ل ٢٧-٢٨؛ چاوپێکەوتن لەگەل شێخ پیرۆت تالەبانی ٢٠١٥/٨/٢٣.

[2] چاو پێکەوتن لەگەل رەمەزان زامدار ٢٠١٥/٨/١٧.

[3] شیخ ستار عبدوڵلا بەرزنجی, س.پ, ل٤٥-٤٧.

[4] شێخ سدیق, س.پ , ل٥٦-٥٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ پیرۆت تاڵەبانی٢٠١٥/٨/٢٣؛ هاوکاری، ژ(٣١)، ٩ئابی١٩٧٠ ؛ ژ(١٢٧)، ٢٩ی تەموزی١٩٧٢.

[5] شێخ ستار عبدوڵلا بەرزنجی, س.پ, ل ٤٦.

**٣ـ تیپی نەتەوەیی تورکمان (ترکمن مللی طاقمی):**

سەرەتای دامەزراندنی ئەم تیپە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا, بەڵام چالاکییەکانی ئەم تیپە لە شاری کەرکوك دوایی پێدانی مافە رۆشنبیریەکانی تورکمان، ئەم تیپە لەسەر دەستی جەلال وەندی لەشاری دەستی بە چالاکی کردوە، بارەگای ئەم تیپە لە باڵەخانەی مانگی سووری عێراقی لقی کەرکوك بووە[1].

لەم تیپەدا ژمارەیەك مۆسیقاژەن هەبوون، ئەوانیش(جەلال وەندی وموحسین بەهادین وحەبیب سیومللی وعومەرئەنوەر کۆپرلی وحوسین بەهلوان ومحەمەد الله وێردی کۆپرلی)بوون. ئەم تیپە رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە بواری ئاوازو مۆسیقا و گۆرانی تورکمانی لە شاری کەرکوك، توانیویەتی چەندین ئاواز وگۆرانی بۆ هونەرمەندانی تورکمان تۆمار بکەن ئەم تیپە وێرای لایەنی مۆسیقا تیپێکی سەمای میللی لەژێر سەرپەرشتی غازی عبدلمجید ومظفر نوری ومحمد قاسم وفیصل محمد دامەزراندوە، کە لە بۆنە و یادە نەتەوییەکانی تورکمان چەندین تابلۆییان نمایش کردووە. بەم شێوەیە تیپی نەتەوەیی تورکمانی توانی خزمەتی گەورەی گۆرانی و مۆسیقای تورکمانی بکات چەندین بەرهەم بۆ هونەرمەندانی تورکمانی تۆمار بکات, هەروەها ئەم تیپە بەشداری ئاهەنگی خێزانی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لە چالاکیە دیارەکانی ئەم تیپە، کە هونەرمەند جەلال وەندی بە شێوەیەکی زانستی چەندان گەنجی شارەکەی فێری موسیقا بکات. دواتر هەر ئەمانە بووینە بناغەی مۆسیقا ژەنەکانی داهاتووی شارەکە[2].

هەروەها لایەنێکی تری چالاکیەکانی ئەم تیپە لە بواری شانۆدا بووە، رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، هەر لەسەرەتای دروست بونیەوە چەندین شانۆگەری نمایش کردووە، وەك: تەمبەڵ عەباس, کە لە نوسینی سەلاح نەورەس ودەرهێنانی ئەنوەرمحەمەد رەمەزان بوو، هەروەها چەندین شانۆگەری تریان نمایشکرد وەك:(بازار ئاغاسی, یاراسا, الاستاد تاران, جاریتی السوق, یولچولا، حکیملر ساغ ئۆلسۆن و...هتد)[3]. بەم شێوەیە دەبینین ئەم تیپە بەو چالاکیانەی لەو ماوەیەدا لە شاری کەرکوك، کە لەبواری گۆرانی ومۆسیقاو سەما و شانۆگەری ئەنجامدا کاریگەری گەورەی لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە بە جێبهێڵێت .

**٤ـ تیپی یوجە سسلر:**

ئەم تیپە لەلایەن اسماعیل سرت تورکمان لەساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە[4]. بارەگای ئەم تیپە لەناو دەزگای رۆشنبیریی جەماوەری بووە، ئەم تیپە لە کۆمەڵێك مۆسیقاژەن پێکهاتبوون، ئەوانیش: بەهجەت غەمگین(عود)، سامی کریم(کەمان)، هادی عسکەر(کەمان) وعبدالخالق شکر(ئیقاع). ئەوەی

---

(1) فەلاح یاوز اغلو, م س , ص٥٦-٥٩.

(2) سمکۆ بەهرۆز, مێژوی گۆڕانە رۆشنبیریەکان ......ل١٨٦.

(3) فاضل حلاق, الحرکة المسرحیة..., ص٨٨؛ فلاح یاوز اغلو, م.س, ص٥٧-٥٨ .

(4) الرقم: (٨٧٣)، امر اداری، مدیریة دورالثقافة الجماهیریة، بتاریخ١٩٧٢/١٢/١٠.

جێگای ئاماژەیە ئەم تیپە کۆمەڵێك گۆرانی بۆ هونەرمەندانی تورکمانی تۆمارکردووە، وەك: محەمەد ئەحمەد ئەربیلی ویونس مەحمود وجەبار ئەحمەد وجاسم لەتیف و نورەدین سدیق. لەگەڵ ئەوەشدا بەژداری زۆربەی ئاهەنگە نەتەوەیی و جەماوەریەکانی تورکمانی کردەوە لەوانە ئاهەنگەکانی یانەی مامۆستایان و یادەکانی پێدانی مافە رۆشنبیریەکانی تورکمان. لەم تیپەدا جگە لە تورکمان کورد و عەرەبیش هەبوونە. ئەم تیپە لە ماوە ١٩٧٠-١٩٧٣لە سێ ساڵدا (٢٧) گۆرانی تورکمانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووە[١]. ئەم تیپە بەم چالاکیە هونەریانەی ئەنجامی داوە کاریگەری بەرچاوی لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوك بەگشتی رۆشنبیریی تورکمانی کردووە.

**٥ـ تیپی شانۆی تورکمانی:**

ئەم تیپە لە ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠ لەسەر دەستی عصمت هرمزی دامەزرا. ئەم تیپە مۆڵەتی کارکردن وبارەگای تایبەتی نەبووە, لەم تیپەدا ژمارەیەك شانۆکاری تورکمانی کاریان کردووە، لەوانە:(انور رمضان وخلیل احمد حسین وایدن شاکر العراقی وقحطان هرمزی وصلاح شیخلر و ...هتد). ئەوەی شایانی باسە ئەم تیپە چەندین کاری شانۆیی پیشکەش کردووە، یەکەم بەرهەمی شانۆی تیپەکەش شانۆی(الحیاةالجدیدة) لە ساڵی١٩٥٩ لە نوسین و دەرهێنانی عصمت هرمزی ئەم تیپە بەردەوام نەبووە، لەکارکردن بەتایبەتی دوای رۆیشتنی سەرپەرشتیاری تیپەکە عصمت هرمزی بۆ وڵاتی تورکیا بە مەبەستی خوێندن[٢]، ئەم تیپە لەماوەی کەمی تەمەنی دا، بەڵام توانی خزمەتێکی گەورە بە شانۆی تورکمانی بکات، چەندین شانۆگەری نمایش بکات جێی پەنجەی خۆی لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە بەجێبهێڵێت .

**٦ـ تیپی هونەری خەبات:**

ئەم تیپە لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری کەرکوك لەسەر دەستی هەریەك لە خالید دلێر ونوری هونەر دامەزراوە. یەکەم بەرهەمی شانۆی ئەم تیپە شانۆگەری فاڵچی بوو، لە ساڵی ١٩٥٨نمایشکردووە، لە دەرهێنان و نوسینی شانۆکار نوری هونەر, لەم شانۆگەرییە ئەکتەران(نوری هونەر وجەوهەر عەبدول وکەمال بێزار ونەجلا شێخ رەئوف ونازەنین بەکر) بەشداریان کردووە. ئەم تیپە چەند شانۆگەرییەکی دیکەی پێشکەش کردووە، لەوانە:(ژیان لە دوودەوردا ١٩٦٠, شەوی کۆتایی ١٩٦٠), ئەم شانۆگەریە کوردیانە لەلایەن خەڵکی شارەکەوە پێشوازیەکی بەرچاوی لێکراوە، ئەم تیپە جگە لە بواری شانۆگەری، بەڵکو چالاکی دیکەی، وەکو گۆرانی ومۆسیقاو هەڵپەرکێی کوردی پێشکەش کردووە، بە تایبەتی لە ئاهەنگی نەتەوەیی وبۆنە ویادە نیشتمانیەکاندا[٤]، ئەم تیپە بەو توانا کەمەو لەماوەیەکی کەمدا توانی کاریگەری گەورە لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە بەجێبهێڵێت.

---

[١] چاو پێکەوتن لەگەڵ بەهجەت مردان غەمگین لە ٢٠١٥/٩/١٢.

[٢] ماهیرنقیب، م.س، ص٣٧٤.

[٣] فاضل محمد بربر اغلو, لمحطات فی الحیات رائد عصمت هرمزی, سومر, ع(٤), صیف ٢٠٠٦, ص٢٠-٢٦.

[٤] حەسەن تەنیا, س.پ, ل ١٠٦-١٠٨؛ خالید دلێر، بیرەوەریی..., ل١٥٨؛ کاکەمەم بۆتانی گەلاوەریوەکان...,ل١٤٦.

**٧ـ تیپی مەشخەڵ:**

ئەم تیپە لەدوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری١٩٧٠ دروست بووە، دیارترین ئەو کەسانەی ڕۆڵیان لە دامەزراندنی هەبووە, هەریەك لە:(سەلمان فایەق، فازل جاف) ئەم تیپە لە ماوەی کارکردنیدا هەشت شانۆگەری نمایش کردووە. یەکەم کاری شانۆگەری دایکی شەهید١٩٧٠بوو, لەنووسینی مستەفا پەژار و دەرهێنانی سەلمان فایەق بوو، لەو شانۆگەریەدا ئەکتەران(فازیل جاف، پەروین ئەحمەد چەندان ئەکتەری دیکە بەشداریان تێداکردبوو. ئەم تیپە جگە لەمە چەندین شانۆگەری دیکەیان نمایشکردووە، وەك: هەرچی کردی حەسیر کردی١٩٧٠، کۆتایی دەرەبەگ, ژیان, کچەلالەکە, خاکەکەم, برسێتی ١٩٧٣, خێزانی شلەقاو، پێشمەرگە، تێکۆشانی ئافرەتان و...هتد) ئەوەی دەبینین کار وچالاکییەکانی ئەم تیپە دوای ئەو خامۆشیەی شانۆگەری کوردی، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول بەسەری داهات جاریکە توانی خوێن بەبەر شانۆگەری کوردی بکاتەوە، لە شاری کەرکوك چەندین شانۆگەری بەزمانی کوردی نمایش بکات بەمەش جێ پەنجەی خۆی لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی کوردی لەو شارە جێبهێلێت[١].

**٨ـ تیپی شانۆی باباگورگور:**

ئەم تیپە لە ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن تحسین شعبان دامەزراوە، بارەگای ئەم تیپە لەناو یانەی سەورەی وەرزشی بووە،ئەم تیپە توانیویەتی چەندین شانۆگەری نمایش بکات، دیارترین ئەو شانۆگەریانەی نمایشی کردوون (شمندفر، دلليلر دوختری، التی اليغ، غيورلد بادەسی، و...هتد )[٢].

## ج ـ ڕێکخراوەکانی توێژە کۆمەڵایەتییە پیشەییەکان:

لە ماوەی ئەم توێژینەوەیەدا لەشاری کەرکوك، چەندین ڕێکخراو هەبوون، کە تایبەت بوون بە کاروباری توێژێکی دیاری کراوی کۆمەڵگە، هەریەك لەو ڕێکخراوانە سەر بە پارتێکی سیاسی بوون هەریەك لەم پارتانەش لەچوارچێوەی بەرنامە وپرۆگرامەکانیان بایەخیان بەچالاکی ڕۆشنبیریی داوە هەر لەم میانەیەوە چەندین کار وچالاکیان ئەنجامداوە، بەپێی توانای خۆیان ڕۆڵیان لە بزاڤی ڕۆشنبیریی شارەکە گێڕاوە، ئەوانیش :

**١ـ یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق:**

ئەم ڕێکخراوە سەر بەحزبی شیوعی عێراقی بوو، لە ساڵی ١٩٤٨ دامەزراوە[٣]. ئەم ڕێکخراوە لە شاری کەرکوك لقی هەبوو، توانیویەتی لەناو توێژی قوتابیان ڕۆڵی خۆی بگێڕێت چەندین چالاکی ئەنجام بدات دیارترین کار و چالاکیان دەرکردنی گۆڤاری (صوت طلبة) دەنگی قوتابیان لە ١٣ی ئابی ١٩٥٩ تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە، بە هەرسێ زمانی کوردی وعەرەبی وتورکمانی ئەم گۆڤارە لە

---

[١] حەسەن تەنیا, س.پ، ل١١٠-١١١؛محسین محەمەد, س.پ, ل٣٦-٤٠؛ هاوکاری، ژ(١٥)، ٢٤نیسانی١٩٧١.

[٢] فازیل حەلاق، بزوتنەوەی شانۆگەری حەفتاکان لەکەرکوك، ئاینده"گۆڤار"، سلێمانی، ژ(٩٣)، تشرینی دووەمی٢٠١٠، ل٣٥.

[٣] ثابت حبيب العانی، اتحاد طلبة العراق والنشاط الديموقراطی، گاردينيا "مجله" ١٣نيسان٢٠١٤.

مێژووی ڕۆژنامەگەری قوتابیان گرنگی گەورەو دیاری هەیە[1]. جگە لەمە ڕۆژنامەیەکی دیکەیان دەرکردووە بەناوی ڕۆژنامەی پێشرەو – طليعة ١٩٦٠ تەنیا سێ ژمارەی لێدەرچووە[2]. بێگومان ئەم ڕۆژنامەیە دەروازەیەکی گرینگ بووە، بۆقوتابیانی شارەکە کە تواناکانیان بخەنەگڕ هەروەها لایەنێکی دیکەی کە بەزمانی پێکهاتەکانی شارەکە نوسراوە، ڕێگەیەك بووە بۆ زیاتر پتەو کردنی پەیوەندنی لەنێو توێژی قوتابیانی شارەکە کەلەنەتەوەی جیاواز پێکهاتبوون.

**٢ــ یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان – لقی کەرکوك:**

ئەم ڕێکخراوە لە ١٨ شوباتی ساڵی١٩٥٣ بەپێی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە شاری کەرکوك بەستراوە، دامەزرا[3]. ئەم ڕێکخراوە وەکو ڕێکخراوێکی پیشەیی تایبەت بە توێژی قوتابیان و لاوان بوو، سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی دەهاتنە ڕێی کارەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی ئەم توێژینەوەیەدا ڕۆڵی بەرچاوی لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی شارەکەدا گێڕاوە، چەندین چالاکی لەناو توێژی قوتابیان و لاوانی کەرکوکدا ئەنجامداوە، یەکێك لەو بوارانەی ئەم ڕێکخراوە گرینگی پێداوە بواری ڕۆژنامەگەری بووە، لقی کەرکوکی ئەم ڕێکخراوە گۆڤاری باباگوڕگوڕی بە زمانی کوردی لە ساڵی١٩٧٣دەرکرد، کەچی تەنیا دوو ژمارەی لێدەرچووە[4]. هەرچەند دوای دەستپێکردنەوەی شەر ١٩٧٤ لەنێوان کورد و حکومەتی عێراقی هەوڵدراوە ژمارەکانی دیکەی لە شاخ دەربکرێت بەڵام سەرکەوتوونەبووە. ئەوەی جێگای ئاماژەپێدانە ئەم ڕێکخراوە پێویستیەکی مێژووی سەردەمەکەی خۆی بووە، بۆ گەیاندنی دەنگی قوتابیان و لاوانی کوردستان، هەروەها ناساندنی دۆزی کورد بە ڕێکخراوە جیهانییەکان، ئەم ڕێکخراوە وەکو ڕێکخراوێکی نەتەوەیی توانی قوتابیان ولاوانی کوردستان ئاراستە بکات بۆ خەباتی جەماوەری دیموکراسی لە پێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد[5]. یەکێك لەو کارانە وەکو ئەرکی پیشەیی تایبەت بە قوتابیان بەردەوام ئەم ڕێکخراوە داکۆکی لەوە دەکرد، کە ئەویش خوێندن بە زمانی کوردی بێت لە شاری کەرکوك[6]. جگە لەمەش چەندین چالاکی دیکەی ئەنجامداوە، لەوانە بەبەردەوام چادرگا خێوەتگای بۆ قوتابیانی کەرکوك لەناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك کردۆتەوە، لەم ڕێگەوە کاریان دەکرد، بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و چەسپاندنی بیری نەتەوەیی لەلای جوتیاران و دانیشتوانی گوندەکانی شارەکە[7].

---

(1) بڕوانە: صوت طلبة – دەنگی قوتابیان، ع(١)ی ١٣ اب ١٩٥٩.

(2) عبدالجبار محمد جباری، تاريخ الصحافه الكرديه...، ص ١٥٨.

(3) ماجد حسن على، الحركة الطلابية الكوردية في العراق ١٩٣٦-١٩٧٠، رسالة ماجستير، كلية اداب، جامعة صلاح الدين، اربيل ٢٠٠٨، ص ٧٣-٧٦.

(4) زاهیر ڕۆژبەیانی، ئەزمونی ڕۆژنامەگەریم..، ل١١-٣٢؛ وريا جاف، كركوك....، ص٥٠.

(5) سالم کریم محمود، یەکێتی قوتابیانی کوردستان ١٩٥٣-١٩٧٥، کەرکوك ٢٠١٠، ل ٨٣.

(6) زاهیر ڕۆژبەیاتی، ل ١٦؛ ماجد حسن على، م،س، ص١٣٤.

(7) سامان کریم محمود، س.پ،ل ١٨٠-١٨٦؛ التأخی "جريده" ع (١٣٨٣)، تموز ١٩٧٣.

سەرباری هەموو ئەو چالاکییانەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاری لەسەر کردبوو، هەروەها بوارەکانی هونەری گۆرانی وشانۆ وشێوەکاری فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو چەندین ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا لە بۆنە نەتەوایەتی و نیشتمانیەکان ئەنجامداوە. هەروەها لەبواری شانۆگەری دەوری بەرچاوی هەبووە، دیارترین ئەو شانۆگەریانەی وەك: کاوەی ئاسەنگەر ١٩٧١، دڕك ودالْ ١٩٧٢، دکتۆر١٩٧٣، گوڵمەزێك لەدووکەڵ١٩٧٤، کۆتایی دەرەبەگ١٩٧٠-١٩٧١نمایشیان کردووە[١]، جگە لەمانە بواری شێوەکاریشدا رۆڵی خۆی گێڕاوە، یەکێك لەکارەکانی پێشانگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەندی شێوەکار ئەحمەد کاکەسور لە ساڵی ١٩٧١ کردووەتەوە[٢].

ئەم رێکخراوانە وەکو ڕێکخراوێکی قوتابیان و لاوان توانیویەتی لەناو توێژی قوتابیان ولاوان جێی خۆی بکاتەوە، لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە، چەندان چالاکی ئەنجام بدات قوتابیان ولاوان هۆشیار بکاتەوە، بەو چالاکیانەی ئەنجامی داوە هەرچەندە لەژێر بارودۆخێکی سەخت دابووە، بەڵام توانیویەتی کار لە بزوتنەوەی رۆشنبیریی کوردی لەشاری کەرکوکدا بکات.

**٣ـ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان /لقی کەرکوك:**

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان وەکو ڕێکخراوێکی پیشەیی تایبەت بە توێژی مامۆستایان لە ٢٨ شوباتی ١٩٦٢ لەلایەن کۆمەڵێك مامۆستای کوردەوە دامەزراوە، یەکەم کۆنگرەی خۆی بە نهێنی لە شاری سلێمانی لە ١٥ ئایاری ١٩٦٢ بەستووە[٣]. هەر لەم کۆنگرەیەدا لقەکانی دەست نیشان کراون، مامۆستا محمد باقی سەعید بە سەرپەرشتی لقی کەرکوکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دانراوە[٤].لقی کەرکوکی ئەم رێکخراوە چالاکی زۆری لە بواری پەروەردە لەناو توێژی مامۆستایان ئەنجامداوە، یەکێك لەو چالاکیانە لە بواری رۆژنامەگەری دابووە، کە لقی کەرکوکی ئەم رێکخراوە چەند رۆژنامەیەکی دەرکردووە، وەك: گۆڤاری پشکۆ١٩٦٢، گۆڤاری بابەگوڕگوڕ١٩٧٢[٥]. هەروەها لقی کەرکوك جگە لە مانە چەندین چالاکی لەبوارەکانی گۆرانی و مۆسیقا و شانۆ و شێوەکاری ئەنجامداوە، یەك لەو بوارانە بواری شێوەکاری بووە، کە پێشانگایەکی بۆ مامۆستایان وهونەرمەندانی کەرکوك لەژێر ناونیشانی (پێشانگای سەرکەوتن بۆ هونەری شێوەکاری) ژمارەیەکی زۆر مامۆستایانی کەرکوك بەشداریان تێکردووە، بەم شێوە دەبینین چالاکییەکانی ئەم یەکێتیە لەسەرجەم بوارەکانی رۆشنبیریی ئەنجامی داوە، خزمەتی گەورەبە بزوتنەوەی رۆشنبیریی کوردی لە شاری کەرکوك بکات.

---

[١] ئینسایکلۆپیدیای کەرکوك(دەسنووس)، ب٥، ل١٠٠.

[٢] صلاح حمە ئەمین، شێوەکاری لە کەرکوك، کەرکوك، ٢٠١٠، ل ١٣.

[٣] وشیار ئەحمەد حاجی، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان چەند لایەنێکی مێژووی سەرهەڵدان وتێکۆشان، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٢٩-٣١.

[٤] حمە باقی سەعید، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دامەزراندن و خەبات، سلیمانی، ٢٠١٣،ل٦١.

[٥] هـ.س، ل٢٢٣؛ صباح بازرگان، م.س، ص٢٥.

## تەوەری چوارەم: ناوەند و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی دەرەوەی شاری کەرکوک:

ناوەند و دەزگا رۆشنبیرییەکانی شاری کەرکوك، بەتەنیا سەرچاوەی سەرەکی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی شارەکە نەبوون، بەڵکو لە دەرەوەی شاری کەرکوك چەندین دەزگا وناوەندی رۆشنبیری کاریگەری گەورەیان لەسەر رەوتی گەشەسەندنی رۆشنبیریی شارەکە هەبووە، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو دەزگا و ناوەندانەی دەرەوەی شاری کەرکوك، کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە هەبووە.

**١ــ رادیۆکان:**

لە ماوەی ئەم توێژینەوەیەدا، لە بەر ئەوەی هیچ ئێزگەیەك و رادیۆیەك لە شاری کەرکوك پەخشی نەبووە. بەڵام ئەوەی هەبووە، رادیۆکانی دەرەوەی شارەکە پەخشیان گەیشتووەتە ناو شارەکە، بێگومان رادیۆکان کاریگەری بەرچاویان لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی شارەکە گێڕاوە. دیارترین ئەو رادیۆیانەی لەو ماوەیەدا پەخشین گەیشتووەتە شارەکە:

**أ ـ رادیۆی بەغدا:**

رادیۆی بەغدا وەك یەکەمین رادیۆ لە عێراق لە ١ی لە تەموزی ١٩٣٦ دامەزراوە. بۆ یەکەمجار پەخشی کوردی لە٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩ بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێك بڵاوکردووەتەوە، کە تایبەت بووە، بە هەواڵ و گۆرانی و مۆسیقای کوردی[1]. لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ئەم رادیۆیە هەر لە پەخش بەردەوام بووە، لە ساڵی ١٩٥٩ بەشی تورکمانی لەم رادیۆیە کراووەتەوە[2]. هەروەها ئەوەی دەبینین بەشی کوردی لەم رادیۆیە دوای رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ زۆر باشکراوە، ماوەکەشی زیادکرا بۆ ١٥ کاتژمێر و نیو لە ماوەی شەو رۆژێکدا. پەخشەی ئەم رادیۆیە گەیشتووەتە شاری کەرکوك و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان[3].

رادیۆی بەغدا و بەهەردوو بەشی کوردی و تورکمانی توانیویەتی خزمەتی گەورە بە رەوتی ڕۆشنبیریی لە شاری کەرکوك بکات، کۆمەڵێك هونەرمەندی کورد و تورکمان گۆرانی و بەرهەمەکانیان تۆمارکردووە، ئەم رادیۆیە چەندین بەرنامەی هەمەرەنگ و پرۆگرامی ئەدەبی رۆشنبیریی کوردی و تورکمانی هەبووە، هەروەها چەندین شانۆگەری و درامای رادیۆیی کورد و تورکمانی پەخش کردووە. ئەوەی جێگای باسە رۆشنبیرانی کەرکوك رۆڵیان لەم رادیۆیە بینیوە چەندین بەرنامەی ئەدەبی وبەرهەمی گۆرانیان بۆ رادیۆکە تۆمارکردووە[4].

---

[1] بڕوانە: کەمال رئوف محمد، مێژووی رادیۆی کوردی بەغداد ١٩٣٩-١٩٥٨، ب١+٢+٣، هەولێر، ٢٠١٤؛ ئەمیر حەسەن پور، نەتەوایەتی و زمان لەکوردستان١٩١٨-١٩٨٥، و:باکوری، هەولێر،٢٠١٠، ل١٢.

[2] خالید حبیب الراوی، م.س، ص٥٢.

[3] شەریف وەرزیر، رادیۆ رادیۆی کوردی، مێژووی سەرهەڵدانی رادیۆکوردیەکان، سلێمانی،٢٠١٠، ل٤٦.

[4] وصفی حسن ردێنی ،س.پ، ل ل ٢٠-٢٤؛ ئەمیر حەسەن پور، س.پ، ل١٨.

**ب ـ رادیۆی دەنگی کوردستان:**

ئەم رادیۆیە وەکو یەکێك لە هەنگاوە دیارەکانی شۆڕشی ئەیلوولی لەبواری راگەیاندن لە ٢٨ ئەیلولی ساڵی ١٩٦٣ لە ئەشکەوتی گردەڕەشە لە نزیك ماوەت لە پارێزگای سلێمانی بە وتارێکی مستەفا بارزانی سەرکردەی بزاڤی رزگاری خوازی کورد پەخشی خۆی بڵاوکردووەتەوە[١]، کە تییدا داوای یەك رێزی گەلی کورد و برایەتی کورد و عەرەبی کردووە[٢]. ئەم رادیۆیە دوایی رێکەوتننامەی ١١ی ئادار پەخشەکەی بۆماوەی چوار ساڵ وەستاوە، بەڵام دوایی هەڵگیرسانەوەی شەر لە٢٩ ئاداری ١٩٧٤ بە وتارێکی بارزانی ئیستگەکە جارێکی دیکە دەستی بەپەخش کردووەتەوە، کەتێدا ئاماژەی بەدێرینی برایەتی کوردوعەرەب هەروەها سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتی عێراق دەکات[٣].

ئەم رادیۆیە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و ئاشوری بەرنامەکانی پەخش کردووە، سەرەڕای ئەوە بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەرنامەی هەبووە[٤]. پەخشی ئەم ئێزگەیە گەیشتووەتە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و گەیشتووەتە شاری کەرکوك و دەوروبەری، ئەوەی شایانی باسە خەڵکی کەرکوك جگە لەکورد تورکمانیش رۆڵیان لەم رادیۆیەدا گێڕاوە، خەڵکی کەرکوك بەپەرۆشەوە گوێیان لێ گرتووە، سەرەڕای ئەو تەشویشەی لەلایەن حکومەتی عێراقی دەخرایە سەری تاوەکو هەواڵ و چالاکی شۆڕش بەخەڵك نەگات، ئەوەتا لەتیف حامید وەکو بێژەرێك چالاکییەکانی پێشمەرگەی بەگەرمی خوێندووەتەوە[٥]. لەگەل ئەو رۆژگارە ناهەموارە فشارە زۆرانەی لەسەر ئەم رادیۆیە هەبووە، تاوەکو کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول ئەم رادیۆیە توانی خزمەتێکی گەورە بە زمان و ئەدەب و رۆشنبیریی کوردی بکات، بیسەرانی رادیۆیەکە سوود لەبەرنامە پرۆگرامەکانیانی وەربگرن.

**ج ـ رادیۆی کرمانشان:**

ئەم رادیۆیە لەساڵی ١٩٥٨ کراوەتەوە، دوای هەڵوەشانەوەی بەشی کوردی رادیۆی تاران لە ساڵی ١٩٦٢ کارمەندەکانیان گواستەوە بۆ ئەم رادیۆیە، سەرەتا پەخشی ئەم رادیۆیە نیو کاتژمێر بوو، پاشان پەخشی زیادی کردووە، بۆ پێنج کاتژمێر بە شێوەی کرمانجی خواروو و سەروو بەرنامەکانی خۆی پەخش کردووە[٦]. پەخشی ئەم رادیۆیە دەگەیشتە شاری کەرکوك ئەوەی شایانی باسە

---

[١] وریا جاف، مێژووی دەنگی کوردستانی عێراق، هەولێر٢٠٠٢، ل ل١٥ ،٢٠؛ بارزانی مەلا خالید، بیرەوەریەکانم لەگەڵ دەنگی کوردستان، کۆڕێك لەلایەن یەکێتی نوسەرانی کورد/لقی هەولێر سازکرابوو لە ٢٠١٥/٩/١٧، کات ٥ی یێوارە .

[٢] ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول١٩٦١-١٩٧٥ لەسەر رۆژنامەوانیی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٩٧.

[٣] شەریف وەرزێر، س.پ، ل٧٤.

[٤] وریا جاف، مێژووی دەنگی کوردستان ...، ل ل٥٤ ،٧٥؛ بەهادین ئەحمەد، کورتەیکی مێژووی ئێزگەی رادیۆ تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان، رۆژنامەنوس، ژ(٢٣-٢٤) زستانی ٢٠١١، ل١٩٠.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ: هاشم جەباری ٢٠١٥/٩/٩؛ ئەمیر حەسەن پور، س.پ، ل٤٠؛ وریا جاف، مێژووی دەنگی کوردستان ...، ل٤٤؛ کاکەم بۆتانی، گەلاوەریوەکان...، ل١٩٥.

[٦] وصفی حسن ردینی، س.پ، ل ١٩.

**کەسایەتی دیاری کەرکوک مەلا جەمیل رۆژبەیانی[١] لەو رادیۆیە چەندین بەرنامەی جۆراو جۆری وەك:(ولاتەکەت باشتر بناسە، چیرۆکی شەو، فەلسەفەی ئیسلام و...هتد)پێشکەش کردووە، خەڵکی شارەکە بەپەرۆشەوە گوێیان لەسەرجەم بەرنامەکانی دەگرت بەتایبەتی بوارەکانی ئەدەبی گۆرانی و مۆسیقا کوردی[٢]. بەتایبەتیش بەرنامەکەی شوکورڵلای بابان،(کاروانی هەڵبەست و گۆرانی)، خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کورد، وەکو قانع(١٨٩٨-١٩٦٥)، هەژار موکریانی(١٩٢١-١٩٩١)، هێمن موکریانی(١٩٢٠-١٩٨٧)ئەحمەدهەردی(١٩٢٠-٢٠٠٨)،رەهبەر(١٩٠٣-١٩٧٣)[٣]. بەشێوەیەکی گشتی بەرنامەو پرۆگرامەکانی کاریگەریان لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە دروست کردبوو.**

**سەرەرای ئەم رادیۆیانە چەندین رادیۆی تر پەخشیان گەیشتووەتە شاری کەرکوك وەك رادیۆی قاهیرە بەشی کوردی(١٩٥٥-١٩٦٤) هەبووە، هەروەها رادیۆی بی بی سی، رادیۆی یەریڤان، سەوت عەرەب و..هتد[٤]**

**٢ـ تەلەفزیۆنی بەغدا:**

**ئەم تەلەفزیۆنە لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری بەغدا دامەزراوە[٥]. بەزمانی عەرەبی بەرنامەکانی پەخش کردووە، دوای رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ جگە لە زمانی عەرەبی پەخشی بەرنامەکانی بە کوردی و تورکمانی و سریانیش کردووە، ئەم تەلەفزیۆنە رۆڵی بەرچاوی لە بزوتنەوەی رۆشنبیریی شاری کەرکوکدا گێراوە، بەمەش هونەرمەندانی شاری کەرکوك چەندین بەرهەمیان لەم تەلەفزیۆنەدا تۆمارکردووە، هەر لە سەرەتای دروست بوونی تەلەفزیۆنی کەرکوك لەبەر نەبوونی بەرنامە و ستۆدیۆ بەرنامەکانی ئەم تەلەفزیۆنە دەنێردرانە شاری کەرکوك لە تەلەفزیۆنی کەرکوك لێدەدران دیارترین بەرنامەش (انغام من الشمال)، کە چەند گۆرانی و هەڵپەرکێی کورد بوو بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك لە هەفتەیەکدا لێدراوە[٦]. ئەم تەلەفزیۆنە کاریگەری گەورەی لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە دا هەبووە، چەندین بەرهەمی هونەری بۆ هونەرمەندانی کەرکوکی تۆمار و پەخش کردووە.**

---

[١] محەمەد جەمیل رۆژبەیانی لە ساڵی ١٩١٣ لە ناوچەی قەرەحەسەنی کەرکوك لەدایك بووە، بۆخوێندن زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان گەراوە، بروانامەی مەلایەتی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بەشۆرشی ئەیلوولەوە کردووە، دواترلە ساڵی١٩٦٤رووی کردووەتە ئێران لەرادیۆی کرمنشان تا١٩٧٩ خزمەتی کردووە، رۆژبەیانی لەبواری نوسین وەرگێران جێی پەنجەی دیارە چەندان بابەتی بەزمانی کوردی وعەرەبی لەگۆڤارو رۆژنامەکان بلاٌوکردووەتەوە، لەساڵی ٢٠٠١ لەشاری بەغدا تیرۆرکراوە. مەلاجەمیل رۆژبەیانی، شەهیدی قەڵەم، ئا: ئەحمەد نەجمەدین، کەرکوك، ٢٠١٤، ل ل١٥، ١٩٣.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ: هاشم جەباری ٢٠١٥/٩/٩؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ: صباح بازرگان /٢٠١٥/٨.

[٣] وصفی حسن ردینی، س.پ، ل ٣٥-٣٦؛ شێخ تەهاشێخ سەعید، س.پ، ل٥٤-٥٥.

[٤]ئەمیر حەسەن پور، س.پ، ل١٨؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ: صباح بازرگان ٢٠١٥/٩/١١؛ فاروق مستەفا؛ زاهیر شکور، س.پ، ل٥٧، فاضل العزاوی، م.س، ص٥٥.

[٥] خالید حبیب الراوی، م.س، ص١١٤.

[٦] شێخ سدیق، س.پ، ل ٥٦.

### ٣ـ کۆمەڵە و یانە و ڕێکخراوەکانی دەرەوەی شاری کەرکوك:

لە شاری کەرکوکدا ژمارەیەکی بەرچاو کۆمەڵە و ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی هەبوون، بەڵام ئەمانە تەنیا سەرچاوەی ڕۆشنبیریی شارەکە نەبوونە، بەڵکو چەندین یانە وکۆمەڵە ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری لەدەرەوەی شارەکەش هەبوون، ڕۆڵیان لەبزاڤی ڕۆشنبیریی شاری کەرکوکدا گێڕاوە، وەك:

**أـ یانەی برایەتی (نادی الاخاء):**

ئەم یانەیە لەلایەن کۆمەڵێك ڕۆشنبیریی تورکمان لەساڵی١٩٦٠ لەشاری بەغدا دامەزراوە. لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆیی عێراق مۆڵەتی کارکردنی پێدراوە. دەستە دامەزرێنەرانی ئەم یانەیە کە زۆربەی خەڵکی شاری کەرکوك بوون، بەتایبەتی مەردان عەلی ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەدامەزراندنی، دواتر بە سەرۆکی یانەکە هەڵبژاردراوە[(١)].

ئەم یانەیە چالاکترین ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی تورکمانی بووە، لەسەر ئاستی عێراق. لە هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیریی چالاکی بەرچاوی ئەنجامداوە، یەکێك لە چالاکییە دیارەکانی ئەم یانەیە دەرکردنی گۆڤارێك بوو بە ناوی برایەتی(الاخاء/ قارداشلق)[(٢)]، ئەم گۆڤارە نووسەران و ئەدیبانی تورکمانی لە دەرەوەی خۆی کۆکردەوە، نوسەرانی کەرکوك بەتایبەتی تورکمانەکان لە هەموو ژمارەکانی ڕۆڵیان هەبووە بابەتیان تێدا بڵاوکردووەتەوە، هەروەها سەرجەم چالاکییە ڕۆشنبیریی و وەرزشی وکۆمەڵایەتی کانی شارەکەی بە بەردەوام بڵاوکردووەتەوە، هەرچەندە بەهۆی ڕێگرییەکان لەلایەن حکومەتی عێراق یانەکە لقی لەم شارە نەکردووەتەوە، بەڵام گۆڤارەکە لە شاری کەرکوك باوەڕپێکراوی هەبووە لەلایەن تورکمانەکانەوە بەگەرمی پێشوازی لێکراوە[(٣)].

**ب ـ کۆڕی زانیاری کورد:**

یەکێك لە دەستکەوتەکانی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردبوو، بە پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە(٩٦٦) ڕۆژی ٢٦ئاب١٩٧٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەپێی یاسای ١٨٣ ساڵی ١٩٧٠[(٤)]، کۆڕی زانیاری کورد لە ٣٠ ئابی ١٩٧٠ دامەزراوە[(٥)]. ئیحسان

---

(١) مەردان عەلی: لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی وئامادەیی لە کەرکوك تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٤٧ کۆلیژی پزیشکی زانکۆی بەغدای تەواوکردوە، لە چەند ناوچەیەکی عێراق کاری نۆژداری کردووە، دەستەی دامەزرێنەری (نادی الاخاء) یە یەکەم سەرۆکی یانەکەش بووە، لە ٢٠١٠ لە شاری کەرکوك کۆچی دوایی کردووە،حبیب هرمزی، الاخاء، ع( ٣٠٣) کانون الثانی٢٠١٥، ص١٧.

(٢) سەبارەت بە دەرکردنی ئەم گۆڤارە: بڕوانە حبیب هرمزی، الاخاء، ع(١)، لسنه لاولی ١٩٦١، ص١٠-١١.

(٣) بۆ زانیاری بڕوانە: ژمارەکانی گۆڤاری (الاخاء/قارداشلق)؛ هانی صاحب، ازهارقرنفل...، ص٢٠.

(٤) الوقائع العراقیه،ع (١٩١٧)، ١٨ ایلول ١٩٧٠، ص١.

(٥) ئیحسان شێرزاد، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، کۆڕی زانیاری کورد "گۆڤار"، ب٣،ب١، بەغدا، ١٩٧٥، ل٣.

شێرزاد[1] بە سەرۆکی کۆڕ هەڵبژێردراوە. ناجی عەباس وەکو ڕۆشنبیریی کەرکوك بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی کۆڕ هەڵبژێردراوە[2].

بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵی بەرچاوی لە بوارەکانی ڕۆشنبیریی کوردی گێراوە، یەکێك لە کارە دیارەکانی کۆڕی زانیاری کورد، دەرکردنی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بووە، ئەم گۆڤارە بایەخی تەواوی بە کێشەکانی زمانی کوردی داوە، چونکە زۆر لە گیروگرفتەکانی ژیانی ڕۆشنبیریی گەلی کورد بەستراوەتەوە بەزمانە ئاڵۆزەکەیەوە، وەك بۆ دانانی ڕێبازی نووسینی یەکگرتوو بە کوردی دیاریکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێزمانی کوردی و هەلبژاردن، داتاشینی ژمارەیەکی زۆر لەزاراوەی کارگێری[3]. نووسەرانی شاری کەرکوك بەبەرهەمەکانیان بەشداری دیاریان لە گۆڤارە کەدا کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆڕی زانیاری کورد گرینگی زۆری بە بواری چاپەمەنی داوە. هەربۆ ئەم مەبەستەش چەندین بەرهەمی نووسەران ئەدیبانی کوردی لەچاپداوە دیارترین بەرهەمی لەم بوارەدا، شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی کە هەژار موکریانی وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، هەروەها ئەم کۆڕە بەرهەمی نووسەرانی کەرکوکی لەچاپداوە وەك: کتێبی کوردستان لە سالآنی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ی کەمال مەزهەر ئەحمەدی بەچاپ گەیاندووە[4].

**٤- ئەوگۆڤار و ڕۆژنامانەی لە دەرەوەی شار دەرکراون:**

ئەو ناوەندانەی لە دەرەوەی کەرکوك گۆڤار و ڕۆژنامەیان دەرکردووە کاریگەریان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەکەدا هەبووە، ئەوەش لەڕێگەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی گەیشووەتە شارەکە، کە لەناو ڕۆشنبیران و توێژەکانی دیکەی شارەکە خوێنەری خۆیان هەبووە. دیارترینیان :

**أ- لەبەغدا بە کوردی:** ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کوردییانەی لە ناوەندەکانی بەغدا دەرچوون لەڕێگەی کتێبخانەکان گەیشتونەتە شاری کەرکوك جێی پەنجەی خۆیان لەسەر ڕەوشی شارەکە بەجێ هێشتووە، وەك گۆڤارەکانی: هیوا ١٩٥٧-١٩٦٣، بەیان ١٩٦٩، پەروەردە و زانست١٩٧١، نوسەری کورد١٩٧١، ڕۆژی کوردستان١٩٧١، ڕۆشنبیریی نوێ، کۆلیجی ئەدەبیات، کۆری زانیاری کورد ١٩٧٣، ڕۆژنامەکانی: خەبات، دەنگ وباس(الاخبار) ١٩٦٦، (التاخی/ برایەتی) ١٩٦٧، النور١٩٦٩، هاوکاری ١٩٧٠.

---

[1]ئیحسان شێرزاد، لە ساڵی١٩٢٥لە شاری هەولێر لەدایك بووە، بڕوانامە دکتۆرای لە بواری فەلسەفەی کارگێری لە زانکۆی کالیفۆرنیا وەرگرتووە، چەند پۆستی لە حکومەتی عێراقی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٧١ بووەتە سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کردووە. بروانە:جمال بابان، اعلام الكرد، ص٢٩-٣١.

[2] ناجی عەباس ئەحمەد، لە ساڵی١٩١٢ لە کەرکوك لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٦٦ دکتۆرای لەجوگرافیا بەدەستهێناوە لەبواری وەرگێران نوسیندا دەستی هەبووە، لەساڵی١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە. لوقمان حوسێن تاهیر، کورتەیەك لەبارەی ژیانی د.ناجی عباس ئەحمەد، ئاوێزە"گۆڤار"، کەرکوك، ژ(٢)، ٢٠٠٢، ل١١٥.

[3] بروانە: کۆری زانیاری کورد، ب١، بەغدا ١٩٧٣، ل ٥-٧.

[4]کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لەسالانی شەری یەکەمی جیهانیدا، کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

**ب– شاری سلێمانی:** ئەو رۆژنامە وگۆڤارانەی شاری سلێمانی دەرچوون گەیشتووەتە شاری کەرکوک ئەوانیش: گۆڤارەکانی: بڵێسە ١٩٥٩، رۆژی نویٚ ١٩٦٠، رزگاری ١٩٦٩، دەنگی مامۆستا ١٩٧١، ئەستێرە ١٩٧٣، رۆژنامەی ژین ١٩٣٩–١٩٦٣.

**ج– شاری هەولێر:** ، گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤–١٩٦٠.

**د–لەناوەندە عەرەبی و تورکییەکان:** دیارترین ئەو رۆژنامە وگۆڤارانەی لە ناوەندە عەرەبی وتورکیەکان دەرکراون و گەیشتوونەتە شاری کەرکوک لەوانە: (الادیب، الاداب، یورد، الاخاء/قارداشلق ١٩٦١–١٩٧٥، الثقافة الجدید، المعلم الجدید، المعارف، الاخبار البغدادیة، الفکر المعاصر، الدراسات العربیة، الاقلام، المنار، العراق،، الحریة، النضال الشعبی، طریق الشعب، المثقف، الفکر الجدید، الف باء، الفنون بغدادیة، الشعربیروتی، الشعر ٦٩، Ses، Haeat، Qreoiz....هتد [1].

**٥ــ زانکۆ و پەیمانگاکان:**

زانکۆ و پەیمانگاکان رۆڵی بەرچاویان هەیە، لە بەرەوپێشبردنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا، کە بەرزترین و باڵاترین کایەی مەعریفین. لەشاری کەرکوک سەرەڕای بوونی پەیمانگای مامۆستایان لەماوەی توێژینەوەکەدا، بەڵام هیچ زانکۆیەك لەم شارەدا نەکراوەتەوە. بۆیە زانکۆکانی دەرەوەی شارەکە، کە سەرچاوەی سەرەکی بەدەستهێنانی ئەو توانا مەعریفیانە بووە. قوتابیانی شاری کەرکوك دوایی تەواو کردنی قۆناغی ئامادەیی روویان کردووەتە زانکۆکانی دەرەوەی کەرکوك بەتایبەتی زانکۆی بەغدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پایتەختی عێراق بووە، مەڵبەندی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی بوو، بۆ شارەکانی دیکەی عێراق. ئەوقوتابیانەی لەو شارە دەیان خوێند تێکەڵ بە رۆشنبیریی و شارستانی و کلتوری ئەو شارەبوون، بەم شێوەیە بوونە خاوەن پاشخانێکی رۆشنبیریی و پێشکەووتوخواز لەژێر کاریگەری ئەو پەرەسەندنە رۆشنبیرییەی پایتەخت بەدیهاتوون، هەوڵیان داوە ئەو سیما پێشکەوتووە بگەینە شاری کەرکوك، ئەوەتا دەبینین زۆربەی شانۆکار و شێوەکار و مامۆستایان کەرکوك دەرچووی پەیمانگا و ئەکادیمای هونەرە جوانەکان و زانکۆی بەغدا بوون، لەڕێگەی ئەم قوتابیانەوە بزوتنەوەی ئەو رۆشنیبرییەی بەغدا لەسەر هەموو لایەنەکانی رۆشنبیریی شاری کەرکوك رەنگ بداتەوە، سەرەڕای ئەمانە هەردوو زانکۆی موسڵ و سلێمانیش هەمان رۆڵیان بینیووە لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکەدا، هەروەها نابێت ئەوە لەبیر بکەین زانکۆکانی عێراق تەنیا چاوگی بزووتنەوەی رۆشنبیری شارەکە نەبوون. بەڵکوزانکۆکانی دەرەوەی عێراقیش کاریگەریان لەسەر ئەم بزووتنەوەیە هەبووە، بەتایبەتی زانکۆکانی تورکیا بەشێك لەقوتابیانی کەرکوك دوایی تەواوکردنی قوناغی ئامادەیی روویان تێکردووە. بۆیە شتێکی ئاساییە لەڕێگە ئەو قوتابیانەوە کاریگەری دیاری لەسەر رەوتی رۆشنبیریی شاری کەرکوك بکات [2].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ: هاشم جەباری٢٠١٥/٩/٩؛ سەباح بازرگان٢٠١٥/٩/١١؛ ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی٦/١٧/ ٢٠١٥. فاروق مصطفی، ذاکرة کرکوك...،ص ص٢٨، ٣٢، ٤٤، ٤٥؛ فاضل العزاوی، م.س، ص٩٩،٤٧، ١٠٢.

[2] فاروق مصطفی، ذاکرة کرکوك...، ص٤٤؛ عەبدوڵڵا سلێمان، س.پ، ل٣٤؛ رەفیق شوانی، س.پ، ل١٧٣.

# بەشی سێیەم

## کاریگەریی پێشهاتە سیاسیەکان لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوك.

تەوەری یەکەم: شۆرشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨

تەوەری دووەم: هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول١٩٦١وکاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوشی رۆشنبیری لەنێوان سالانی ١٩٦١-١٩٧٠

تەوەری سێیەم: پێشهاتە سیاسیەکانی١٩٧٠-١٩٧٤ کاریگەریەکانی لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شاری کەرکوك

تەوەری چوارەم: هەلگیرسانەوەی شەر ١٩٧٤-١٩٧٥کاریگەری لەسەر رەوشی ڕۆشنبیریی شاری کەرکوك

## بەشی سێیەم:
## کاریگەریی پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شاری کەرکوکدا:

ئەو پێشهات و گۆڕانە سیاسییانەی لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥دا، لە عێراق و کوردستان ڕوویانداوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەرکۆی کایەکانی ژیان لەعێراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی هەبووە، شاری کەرکوکیش لەو گۆڕانکاریانە بەدەرنەبووە، لەو قۆناغەدا کۆمەڵێك ڕووداو وپێشهات هاتوونەتە کایەوە دیارترینیان، (شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول١٩٦١، ڕێکەوتننامەی١١ی ئاداری١٩٧٠، هەروەها پێدانی مافە ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوەیی تورکمان لە ٢٤ی کانوونی دووەمی١٩٧٠، سریان لە٢٠شوباتی ١٩٧٢) بوون هەموو ئەو پێشهاتانە کاریگەری بەرچاویان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شاری کەرکوکدا هەبووە، لێرەدا باسی کاریگەری هەریەك لەم پێشهاتانە لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارەکە دەکەین:

**تەوەرەی یەکەم : شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨:**

شۆڕشی ١٤ تەموزی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق دەرەنجامی چەندین هۆکاری ناوەخۆیی و دەرەکی بوو. بارودۆخی عێراق لەوکاتدا لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە بارێکی خراپدا بوو، سەرەڕای کارتێکردنە دەرەکییەکان کە ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لەم شۆڕشەدا[1]. هەموو ئەو هۆکارانە بارودۆخی عێراقیان ئاڵۆزکردبوو، ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ دروست بوونی ڕێکخستنێکی نهێنی لەناو سوپای عێراق، کە بەناوی ئەفسەرانی ئازادیخوازان(ضباط الاحرار)[2] ناسرابوون، ئەم ڕێکخستنە بەسەرۆکایەتی عبدالکریم قاسم[3]، ڕۆژی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی هێنا

---

(1) لیث عبدالحسن االزبیدی، الثورة ١٤ تموز فی العراق، بغداد،١٩٨١، ص ١٨-١٩، ٢٩-٣٧، ٣٩، ٥٠، ٤٤-٥١،٦٧؛ فاضل حسین، سقوط النظام الملکی فی العراق، بغداد، د.ت، ص٦-٩؛ کاوس قفطان، الحرکة القومیة الکردیة فی کردستان العراق، ١٩٥٨-١٩٦٤،السلیمانیة، ٢٠٠٤،ص٣٧ ومابعدها.

(2) ئەفسەرانی ئازادیخواز، دەستەیەك لە ئەفسەرانی باڵای سوپای عێراق بوون، کاریان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢کە یەکەم شانەی بە سەرۆکایەتی ڕەفعەت حاجی سری دروست بووە، چەندین ئەفسەری دیکە پەیوەندیان پێوەکرد، ڕێکخراوەکە پەرەی سەند کاری بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی دەکرد. بڕوانە :محمد حسین الزبیدی، ثورة ١٤تموز فی العراق–اسبابها ومقدمتها ومسیرتها وتنظیمات الضباط الاحرار، بغداد١٩٨٣،ص٢٩٣-٣٦٣؛ عبدولقادر ساڵح شۆڕشی ١٤تەموزی١٩٥٨لەعێراق،سلێمانی٢٠٠٥، ل ٥٤-٧٦؛ لیث عبدالحسن الزبیدی، م.س، ص ٢٠١-٢١٦.

(3) عبدالکریم قاسم محمد لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری بەغداد لەدایك بووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٣١-١٩٣٢ بووەتە مامۆستا، دوای ئەوەی ساڵی١٩٣٢ چووەتە کۆلێژی سەربازی لە ساڵی ١٩٣٤ دەرچووەو، بووەتە ئەفسەر لە سوپای عێراقی بە پلەی مولازمی دوو لە ساڵی ١٩٤١ کۆلێژی ئەرکانی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٥٥گەیشتە پلەی عەمید ڕوکن، ڕابەڕایەتی شۆڕشی ١٤ تەمموزی کردووە، پاشان بووەتە سەرۆك وەزیران، سەرکردەی گشتی سوپا و وەزیری بەرگری لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەدەستی بەعسیەکان لە شاری بەغدا گوللە باران

**لەعێراق کە بۆماوەی ٣٧ساڵ فەرمانرەوایی عێراقی کرد، شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ گۆڕانکاری ریشەیی بەسەر ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی گەلانی عێراق داهێنا. لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی عێراق وکوردستانەوە، بەتایبەتش شاری کەرکوك لەلایەن هەموو پێکهاتەکانەوە پشتگیری لێکرا، هەر لەومیانەیەوە لە ١٦ تەمموزی ١٩٥٨، یەکەم بروسکەی پیرۆزبایی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەم شارەوە بۆ شۆڕش وسەرکردەی هێزە چەکدارە نیشتمانیەکان لێدراوە، بەئومێدی ئەوەی سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب دروست بێت کە چاکە و پێشکەوتنی هەردوو گەلی تێدابێت[1]. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەتورکمانە رەگەزپەرستەکانی کەرکوك، بەهۆی پەیوەندیان لەگەڵ کۆمپانیای نەوت، هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانیەتی بەغدا ١٩٥٥ دژایەتی خۆیان بۆ شۆڕش دەربڕیووە[2]. بە شێوەیەکی گشتی شۆڕش کۆمەڵێك دەرەنجامی گەورەی لێکەوەتەوە بریتیی بوون:**

**أ-کۆتایی هێنان بە رژێمی پاشایەتی(١٩٢١-١٩٥٨) کە بۆ ماوەی ٣٧ ساڵ فەرمانڕەوایی عێراقی کرد، راگەیاندنی رژێمی کۆماری.**

**ب- دامەزراندنی ئەنجومەنی سەروەری (مجلس السيادة)، کە خالد نەقشبەندی[3] وەکو نوێنەری کورد بوو بە ئەندامی ئەنجومەنەکە و لە سێ کەس پێکهاتبوو.**

**ج- بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراق دان بە هاوبەشی گەلی کورد و عەرەب لەوڵات نرا، کە لە بڕگەی سێیەمی دەستوری کاتی عێراق لە٢٧ی تەمموزی ١٩٥٨ راگەیندرا و چەسپێندرا[4].**

**د- یەکێك لە دەسکەوتە دیارەکانی شۆڕش ئازادکردنی سەرجەم زیندانە سیاسییەکان بوو، کە لە٢٠ی تەمموزی١٩٥٨ بەیاننامەی لێبوردن و بەخشینی بۆ ژمارەیەکی سیاسی کورد دەرکرد، کە لەسەردەمی پاشایەتی حوکم درابوون لە نێوانیاندا شێخ ئەحمەدی بارزانی ١٨٩٢-١٩٦٩ شێخ لەتیف شێخ محمود**

---

**کرا. بڕوانە: محمد حسين الزبيدي، م.س، ص ٣٤٥-٣٤٨؛ عبداللطيف الشواف، عبدالكريم قاسم وعيراقيون اخرون ذكريات وانطباعات، بيروت،٢٠٠٤.**

**[1] سعد ناجي جواد،م.س، ص٣٦؛ ميڤان عارف بادي، موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكردية ١٩٤٦-١٩٦٤، ص ١٦٥؛ عبەدولستار تاهیر شەریف،س.پ، ل٤٤؛ کاوس قفطان، م.س، ص٧٧.**

**[2] پشکو تاهیر عەبدولرەحمان، شاری کەرکوك لە نێوان ١٩٥٧-١٩٧٧، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسی، نامەی دکتۆرا، ٢٠١١ کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سلێمانی، ل ٣٧-٣٨؛ مارف خەزنەدار رۆژگاری من...، ل٢٢٦-٢٢٧.**

**[3]خالید عبدولغەفار نەقشەبەندی، لە ساڵی١٩١٥ لە گوندی بامەرنی لە پارێزگای دهۆك لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە ناوچەی خۆی تەواوکرد و قۆناغی ئامادەیی لە شاری بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی١٩٣٧ کۆلێژی سەربازی تەواو دەکات، گەیشتۆتە پلەی (مقدم رکن)، لە ساڵی ١٩٥٧ بۆتە موتەسەریفی هەولێر، دوای شۆڕشی ١٤ تەمموز ١٩٥٨ کرا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەروەری لە ساڵی ١٩٦١ کۆچی دوایی کردووە . جمال بابان، م.س، ص٢٧٨؛ نوری عبدالحميد العاني واخرون ، تاريخ الوزارات العراقيه في العهد الجمهوری ١٩٥٨-١٩٦٨، ج١، بغداد، ٢٠٠١، ص ٥٣ -٤٤.**

**[4] الواقع العراقيه، ع (١٠) ٢٣ تموز، ص٢.**

ومحمەد فەرەج خدر و سەعید ئیبراهیم حمە رەش[1]، هەروەها گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت، کە ماوە ١١ساڵ وڵاتی بەجێهێشت بوو[2]، شۆڕش کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی لە عێراق وکوردستاندا هێنایە کایەوە. لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بۆ بواری ڕۆشنبیرییە، لێرەدا تەنیا تیشك دەخەینە سەر کاریگەریەکانی شۆڕش لەسەر رەوشی رۆشنبیریی و بوارەکانی رۆشنبیریی لە شاری کەرکوك.

## یەکەم: بواری پەروەردەو فێرکردن:

بەشێوەیەکی گشتی شۆڕشی ١٤ تەموز کاریگەری گەورە و بەرچاوی کردە سەر بواری پەروەردە و فێرکردن، خوێندنی فەرمی لە عێراق و کوردستان بایەخی بەرچاوی پێدرا، ئەو زەمینەی شۆڕش هێنایە ئارایەوە لە بواری پەروەردە و فێرکردن بووە هۆی بەدەمەوەهاتنی زیاتری خەڵکی بۆ خوێندنی فەڕمی، ئەگەر سەرەنج بدەین دەبینین ژمارەی قوتابخانەکان و قوتابی لە شاری کەرکوك بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پاشایەتی زیادبوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نموونە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٥٧-١٩٥٨ لەشاری کەرکوك (١٣٣) قوتابخانە (٢٣٧٣٧)قوتابی هەبووە[3]، بەڵام ئەگەر سەیر بکەین بۆ ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١ ئەم ژمارانە زۆر زیادیان کردووە، بۆ(٣٢٤) قوتابخانە و (٤٩٩٣٦) قوتابی، ئەوەتا دەبینین لەماوەی سێ ساڵدا ژمارەی قوتابیان بۆ دوو ئەوەندە زیادی کردووە، کە نزیکەی (٢٦١٩٩) قوتابی زیادیکردووە، هەروەها (١٩١) قوتابخانەی نوێ کراونەتەوە[4]. یەك لەگرفتەکانی بەردەم بواری پەروەردە لە عێراق کەمی مامۆستا بووە، بۆیە دەبینین یەکێك لە بڕیارە دیارەکانی شۆڕش لە بواری پەروەردە کردنەوەی خولی پەروەردەیی بوو بۆ مامۆستایانی ئاینی لە ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠ لە شارەکانی کەرکوك وبەغدا و موسل وهەولێر. بەمەش دەیان مامۆستایانی ئاینی پەیوەندیان پێوەکرد، تاقیکردنەوەیان پێکراوە و دەرچووەکان دەکران بە مامۆستا[5]، داتاکانی وەزارەتی مەعاریفی ئەوکات ئەوەمان پێدەڵێن ژمارەیەکی بەرچاو قوتابی زیادی کردووە، بۆیە پێویستیان بە مامۆستای زیاتر بووە کە بەپێی داتای ساڵی١٩٥٧-١٩٥٨ تەنیا (٧٦٤)مامۆستا لە کەرکوك هەبوون[6]، بەڵام دواتر بەو هەنگاوانەی، کە حکومەت ناویەتی ژمارەی مامۆستای شارەکە بۆ ساڵی خوێندنی١٩٦٠-١٩٦١ گەیشتووەتە(١٦٧٥)[7]، زیادبوونی ژمارەکە بەهۆی کردنەوەی خول

---

[1] پشکۆ حمە تاهیر عەبدولرەحمان، شاری کەرکوك لەنێوان١٩٥٧-١٩٧٧، ل ٤٦.

[2] ولید حمیدی، کورد کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیا،و:موحەمەد نوری تۆفیق،سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢٢٥-٢٢٦؛ زرار سلێمان بەگ دەرگەلەیی، س.پ، ل ل٩٣، ٢٠٧.

[3] الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، التقرير السنوى عن سير المعارف لسنة ١٩٥٧-١٩٥٨، ص ١٧.

[4] الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقرير السنوى ١٩٦٠-١٩٦١، ص ص ٤-٥، ١٤-١٥، ٣٢-٣٣.

[5] محمد علی قەرەداغی، مێژوو خوێندن لە حوجرەکان ...، ل ٣٤-٣٥.

[6] الجمهورية العراقية، التقرير السنوي السير المعارف لسنة١٩٥٧-١٩٥٨، ص١٧. نورى عبدالحميد العانى واخرون ، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهورى....، ص٢١٢-٢١٣.

[7] الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقرير السنوى ١٩٦٠-١٩٦١، ص ص ٤-٥، ١٤-١٥، ٣٢-٣٣.

بوو، بۆ پیاوانی ئاینی کە دەبینین بەپێی بڕیارێکی مەعاریفی کەرکوك لە ڕۆژی ٢٧ی تشرینی دووەمی١٩٦٠، (٧٠) لەو دەرچووانە بە مامۆستای سەرەتایی دامەزران[١] ، هەروەها بە بڕیارێکی دیکەی مەعاریفی کەرکوك لە ڕۆژی ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ ژمارەیەکی دیکەی لەو دەرچووانەی بە مامۆستای سەرەتایی دامەزران[٢]. ئەوەی جێگای سەرەنجە ژمارەیەکی بەرچاو لە پیاوانی ئاینی دەست بەرداری مەلایەتی و مزگەوت و حوجرەکانیان بوون، بووینە مامۆستا لە قوتابخانە فەرمییەکان، هەروەها خەڵکی زیاتر منداڵەکانیان دەناردە قوتابخانە فەرمییەکان بەمەش ڕۆژبە ڕۆژ بایەخی حوجرەکان کەم بووەوە[٣]. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو زەمینەی دوای شۆڕش هاتە ئاراوە، کۆمەڵێك مامۆستایانی کوردستان لەناویاندا مامۆستایانی کەرکوك یاداشتێك بۆ وەزارەتی مەعاریف بەرزبکەنەوە .یەکێك لە داوا سەرەکیەکانیان لە میانەی بایەخدان بە خوێندن بەزمانی کوردی داوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی معاریفی کوردستان (مديرية معارف كوردستان)یان کردووە، کە ناوەندەکەی لە شاری کەرکوك بێت[٤]. هەرچەندە ئەم داواکارییە بەلاری دابرا لەلایەن ناظم تەبەقچەلی[٥] لە ڕێگەی چەند یاداشتێکی نهێنی بۆ هەواڵگریی سوپای عێراقی ناردووە، تێدا ئاماژەی بەوە داوە ئەو مامۆستایانە ئامانجیان لەم یاداشتە دامەزراندنی کۆماری کوردستان و قەوارەی کوردییە، ئاماژە بەوە دەکات کەشارەکەیان بەشارێکی کوردی داناوە، ئەوەی دەبینین تەبەقچەلی پێی وایە عەرەب وتورکمان ومەسیحی زۆرینەی شارەکە پێکدەهێنن، بۆیە ئاماژە بەوە دەدات پێویستە پۆستی سەرۆکی مەعاریفی کەرکوك بەردەوام بدرێتە عەرەب[٦]. سەرەنجام بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە ئەیلوولی١٩٥٨ وەکو یەکێك لە هەنگاوەکانی شۆڕش لە شاری بەغدا دامەزرا. ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ڕۆڵی گەورە و کاریگەری بینی لە گرینگی دان بە خوێندن لە کوردستاندا و کردنەوەی

---

[١]الرقم: (٤٩٧٥)، أمر إداري مديرية، تعيين المعلمين، معارف لواء كركوك – الذاتية بتاريخ ١٩٦٠/١١/٢٧.

[٢]الرقم:(١٥٩٧)، أمر إداري مديرية، تعيين المعلمين، معارف لواء كركوك – الذاتية، بتاريخ ١٩٦٠/١١/٢٩.

[٣]محمد علی قەرەداغی، مێژووی حوجرە ...، ل٣٤-٣٥.

[٤] بڕوانە:پاشکۆی ژمارە(٢)

[٥] ناظم كامل لطيف الطبقجلي: لە ساڵی١٩١٣لەبەغدا لەدایك بووە، بەرەچەڵەك سورییە، بنەماڵەکەیان بە نەتەوەپەرست ناسرابوون، چەندین پلەی سەربازی وەرگرتووە،لە ساڵی١٩٤٥ کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە گەیشتوە بەپلەی (زعيم ركن)، بەشداری شۆڕشی ١٤تەموزی کردووە، دواتر کرا بەسەرکردەی فرقەی دوو کە هەمووناوچەکانی کوردستان سەربەو فیرقە بوون، مەڵبەندەکەی کەرکوك بوو. تەبەقچەلی خێزانەکەی تورکمانێکی خەڵکی تەلەعفەربوو، بەمەش پەیوەندی لەگەل تورکمانەکان خۆش بوو، تەبەقچەلی ڕۆڵی خراپی گێڕا لەتێکدانی پەیوەندی نێوان کورد تورکمان لەکەرکوکدا لە٩/٢٠/ ١٩٥٩ بەهۆی پەیوەندی بەکودەتاکەی شەوافەوە لەسێدارە درا.احمد كاظم محسن البياتلي، ناظم الطبقجلي دورەالعسكرية والسياسي فی العراق١٩٣٥-١٩٥٩، بيروت،٢٠٠٠، لاپەرەی جیاجیا؛ نوری تالەبانی، س.پ، ل٥٦؛ لەتیف فاتیح فەرەج، ڕۆڵی ڕەگەزپەرستی وتێکدەرانەی نازم تەبەقچەلی لەکەرکوك،کەرکوك"گۆڤار"کەرکوك، ژ(٥)، هاوینی، ٢٠٠٠، ل٧٨.

[٦]بڕوانە، پاشکۆی ژمارە(٣).

قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندی هەروەها مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە کوردستان دا[1].

بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە لە بواری خوێندنی باڵا وێرای کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆی بەغدا[2].بەڵام شۆرش هیچ پرۆژەیەکی لەم بارەیەوە لە کوردستان نەبووە، بەمەش هیچ پەیمانگا و زانکۆیەك لە شارەکەدا نەکراوەتەوە، کە پێویستیەکانی ناوەخۆیی شارەکە لە فەرمانبەری کارگێری پربکاتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت چەند خولێك بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان بۆ پیاوانی ئاینی ودەرچوی ناوەندیەکان بووە[3].

هەر لەژێر رۆشنایی ئەو هەلومەرجەی شۆرش لە بواری پەروەردەدا هاتە کایەوە، دەرکردنی بریاری ٦٦ی ساڵی ١٩٥٨ یاسای سەندیکاکان بووە، ئەوە بوو مامۆستایانی عێراق یەکەم کۆنگرەیان لە ١ی شوباتی ١٩٥٩ لە هۆڵی گەل لە شاری بەغدا لەژێر چاودێری عبدالکریم قاسم گرێ دا، لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی نەتەوەکانی عەرەب و کورد و تورکمان تێدا بەشداریان کرد، رەفیق حیلمی کەسایەتی دیاری شاری کەرکوك، وەکو جێگری دووەمی سکرتێری یەکێتی مامۆستایانی عێراق هەڵبژێردرا[4]، ئەم کۆنگرەیە کۆمەڵێك راسپاردەی دەرکرد بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆسەی پەروەردە لە عێراق بەشێوەیەکی گشتی، بەرەنجامی ئەو کۆنگرەیە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە رۆژانی ١٠-١٣ی ئەیلوولی ١٩٥٩ لەژێر چاودێری عبدالکەریم قاسم لە شارۆچکەی شەقلاوە بەسترا، ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە مامۆستایان و رۆشنبیران لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە بەشداریان لەم کۆنگرەیەدا کرد، لە کۆی(١٤٠) لەمامۆستای کوردستان لەنێویاندا(١٥)مامۆستای کەرکوك بوون. هەرلەم کۆنگرەیەدا لەبەر تایبەتمەندی شارەکە نوێنەرانی کەرکوك وێرای داوای خوێندن بەزمانی کوردیو جەخت کردنەوە لەسەر رێگرییەکانی بەردەمی، هەروەها جەختیان لەسەر خوێندن بەزمانی نەتەوەکانی دیکەی شارەکە لە کۆنگرەکەدا کراوەتەوە[5]. لەم کۆنگرەیەدا چەند راسپاردەیەك دەرکران و ئاراستەی وەزارەتی مەعاریفی عێراق کران. کە بریتیی بوون لە:

أ- دامەزراندنی کۆری زمانەوانی بۆ دانانی فەرهەنگێکی زمانی کوردی یەکگرتوو .

ب- دانانی رێزمانی کوردی لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆر .

---

[1] مدیریەتی معارفی کوردستانی گشتی، هەتاو"گۆڤار"، ژ(١٦١) ساڵی شەشەم، ئابی ١٩٥٩، ل٢٤؛ عبدالفتاح علی البوتانی، مدرسة١١اذار...، ص٤٤؛ فەلەکەدین کاکەیی، م.س، ص١٨.

[2] جەمال نەبەز، کوردستان و شۆرشەکەی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٣٠.

[3] نوری عبدالحمید العانی واخرون ، تاریخ الوزارات العراقیه فی العهد الجمهوری....، ص٢١٣.

[4] سەروان مصطفی کریم، م.س، ص ٧٨-٧٩؛ شاخەوان عبدالله صابر، رەفیق حیلمی دراسة تاریخیة فی نشاط سیاسی والثقافی، سلیمانیة،٢٠٠٧،ص١٩٤.

[5] بروانە: المؤتمر المحلی الاول للمعلمین الاکراد فی العراق-شقلاوة،١١-١٣ایلول١٩٥٩، منشورات جریدة ازادی" هەتاو، ژ(١٦٢) تشرینی یەکەمی ١٩٥٩؛ خەبات، ژ (٥٨) ١٩٥٩؛ مصطفی نەریمان، س.پ، ل١٦٠.

ج- خوێندنی مێژووی نەتەوەی کورد لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لە قوتابخانەکانی کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی .

د- زمان وئەدەبی کوردی بە فەرمی لە قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی وئامادەیی وخانەی مامۆستایان بخوێندرێت.

ھ- ناردنە دەرەوەی قوتابیانی کورد بە مەبەستی خوێندنی بالاَ.

و- لە پۆلی سێیەمی ناوەندیەوە خوێندن بە زمانی کوردی و عەرەبی بێت .

ز- لە قۆناغی باخچەی ساوایان خوێندن تەنیا بە زمانی کوردی بێت [1].

هەر لەو ماوەیەدا مامۆستایانی کورد لەژێر سایەی ئەو هەلومەرجەی شۆڕش رەخساندبووی بۆ زیاتر بایەخدان بە خوێندنی کوردی کۆنگرەی دووەمی لە رۆژانی ٥-٧ ئابی ١٩٦٠ لە هەولێر بەست، دواتر کارەکانی گواستەوە بۆ شەقلاوە، لەم کۆنگرەیەدا چەند پێشنیار و راسپاردەیەك دەرکرا، لەوانە:

أ- کارکردن بۆ دامەزراندنی کۆڕی زمانەوانی کوردی .

ب- مێژووی کورد لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستان بخوێندرێت .

ج- گرینگی دان بە خوێندنی بالاَ و کردنەوەی زانکۆ لە کوردستان[2].

هەر لەژێر ئەو راسپاردانەی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی عێراق مامۆستایانی تورکمان یەکەم کۆنگرەی ناوەخۆیان لە ڕۆژانی ٢٨-٣٠ ئاب ١٩٦٠ لەژێر چاودێری سەرۆك وەزیران عبدالکەریم قاسم و بەبەشداری مامۆستایان و رۆشنبیرانی تورکمان لە شاری کەرکوك بەست، لەم کۆنگرەیەدا چەند پێشنیارو راسپاردەیەك ئاراستەی وەزارەتی مەعاریفی کراوە بەمەبەستی گرینگی دان بەخوێندنی تورکمانی ئەوانیش:

أ- پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندنی بە زمانی تورکی بێت لە ناوچە تورکمانییەکان.

ب-خوێندنی مێژوو دابەش بوونی جوگرافیای تورکمان لە ناوچەکان لەعێراقدا لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت

ج- پێویستە کتێبە تورکمانییەکان بە پیتی تورکی بێت.

د-لە پۆلی دووەمی سەرەتاییەوە تاکۆتایی قۆناغەکەخوێندن بە تورکی بێت لە ناوچە تورکمانیەکان[3].

هەروەها لەکۆنگرەی سێیەمی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق لە کانوونی دووەمی ١٩٦٠بەسترا چەندین راسپاردەی گرینگی دەرباری خوێندی کوردی دا لەوانە: خوێندنی مێژووی گەلی کورد لەقوتابخانەکانی کوردستان بەتایبەتی و لە عێراق بەگشتی بخوێندریَ، زمانی کوردی زمانی فەرمی

---

[1] هەتاو، ژ(١٦٣)تشرینی یەکەمی١٩٥٥؛ وشیار حاجی، س.پ، ل٢٢-٢٣؛ خەبات، ع (٥٥) السنە الاولى، ١٤ایلولی ١٩٥٩.

[2] بڕوانە: کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، بلاَوکراوەی نەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانی، ژ(٧)، سلێمانی ١٩٦٠.

[3] بڕوانە: مقررات المؤتمرات المحلى الاول للمعلمين التركمان المنعقد في كركوك، ٢٨-٣٠ اب ١٩٦٠، ص ص١٤ ،١٦-١٨.

بێت له ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١ جێبەجێ بکرێت، کردنەوەی پەیمانگاو زانکۆ لەکوردستان، دانانی دەقی ئەدەبی کوردی لەبابەتی خوێندنەوەی ئەدەبی[1].

ئەوەی دەبینین هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لەبواری پەروەردەدا هاتنە پێشەوە ڕۆڵی گەورەیان گێرا لەپێشخستنی پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەعێراق و کوردستان بەگشتی شاری کەرکوك بەتایبەتی، بەمەش خوێندنی کوردی وتورکمانی لەشارەکە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

## دووەم: بواری ڕۆژنامەگەری :

له دوای شۆڕشی ١٤تەمموزی١٩٥٨گۆڕانکاری بەسەر ئەو ڕەوشە خراپەی بواری ڕۆژنامەگەریدا هات، کە لە سەردەمی پاشایەتی لە عێراق و کوردستاندا هەبوو. هەموو ئەو کۆت و بەندانەی لەسەر بواری ڕۆژنامەگەری هەبوو هەڵگیرا، لە ماوەی سێ ساڵی شۆڕشدا چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری گەشەی بەرچاوی کرد. ئەمەش بەسوود وەرگرتن لەو کەشەی، شۆڕش هێنایە ئاراوە، هەروەك لە بڕگەی دووەمی دەستوری کاتی عێراقدا. ئاماژە بە ئازادی بیر و بۆچوون و رادەربڕین کراوە[2]، لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵێك گۆڤار و ڕۆژنامە لە شاری کەرکوك دەرچوون.

ڕۆژنامەی (بەشیر)، کە لە ٢٣ ئەیلولی ١٩٥٨ دەرچووە، یەکەمین ڕۆژنامەیە لە دوای شۆڕش لە شاری کەرکوك بە زمانی تورکمانی دەرکرا، ئەم ڕۆژنامەیە لە ژمارە یەکیدا، وتارێکی بەناونیشانی بەشیر لە سەردەمی ڕووناکی و ئازادی نوسیوە، کە پیرۆزبایی وستایشی شۆڕشی ١٤ی تەموز دەکات، هەروەها ئاماژە بەنەهامەتییەکانی سەردەمی پاشایەتی دەکات سەردەمی کۆمار بەسەردەمی رزگاری بوون، لە کۆت و بەندەکانی رابردوو بەسەردەمێکی نوێ وەسف کردووە. ناوی ڕۆژنامەکە بە بەشیر واتە مژدەی دەرکەوتنی گەزەنگی کۆماری[3]، ئەم ڕۆژنامەیە چەندین وتار و پارچە شیعری نەتەوەیی تورکمانی ستایشی شۆڕش، چەندین وتار ولێکۆڵینەوەی مێژوویی تورکمانی بلاّوکردووەتەوە[4].

هەروەها بەر لە شۆڕش چەند ڕۆژنامەیەك لە شارەکە دەردەچوون، دوای شۆڕش لەوانە ڕۆژنامەی کەرکوك بووکە لە ساڵی١٩٢٦وە دەرەچووەو بەردەوام بووە، دوایی شۆڕشیش دەرچووە، بەلاّم ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (گاوورباغی) زۆر بایەخی بە شۆڕش داوە ئەوەی دەبینین زۆربەی ژمارەکانی بەتایبەتی دەربارەی شۆڕش وتارەکانی سەرکردەی شۆڕشی بلاّوکردووەتەوە[5].

هەروەها هەرچەند چەندە گۆڤاری شەفەق مانگێگ بەر لە شۆڕش دەرچوو، بەلاّم ژمارە (٧)ی ساڵی یەکەمی دوایی شۆڕش دەرچوو، ئەم گۆڤارە لەلاپەڕە یەکەمی دا بەناونیشانێکی گەورە بابەتێك لەلایەن جەمال خەزنەدار نووسراوە, لەژێر دروشمی" **گەلی کوردستان لەناو جەرگەی کوردستانەوە**

---

[1] عبدالفتاح علی البوتانی، مدرسة١١ اذار...، ص٤٤-٤٥.

[2] بڕوانە: الوقائع العراقية، ع(٢٣)، تموز ١٩٥٨، ص٢.

[3] البشير، ع (١) ، ٢٣ايلول ١٩٥٨.

[4] احمد قوشضو اوغلو، البشير اول جريدة تركمانية تصدر فی العهد الجمهوری فی كركوك، ع(١٥+ ١٦+١٧)كانون الثانی+ نيسان+تموز، ٢٠٠٤، ص ص٤٣-٥٠، ٥٧-٦٠، ٦١.

[5] گاورباغی، ع(١١)، ٣١تشرين الاول١٩٥٩؛ سەباح ئیسماعیل، س.پ، ل٥٣.

**پیرۆزبایی لە جمهوریەتە خۆشەویستەکە ئەکات"**، گۆڤارەکە دوایی پیرۆزبایی لە ئازادیخوازان وسەرکردەکانی شۆڕش، هەروەها ئاماژە بەژێردەستەیی کورد وعەرەب لەژێر زەبرو زەنگی ئیستعمار و نۆکەرانی کردووە، گۆڤارەکە شۆڕش بە شۆڕشی هەموو عێراقیەکان ناودەبات،داوای سەرکەوتنی دەکات[1]. هەر ئەوکەشە ئازادییەی لە بوارەی رۆژنامەگەری هاتە ئاراوە، دەبینین بەر لە شۆڕش نوسەرانی گۆڤاری شەفەق بەناوی خوازراو یا نازناو نووسینەکانیان بڵاوکردووەتەوە، بەڵام لێرە بەدواوە دەستەی نوسەرانی بە ئازادی و بە ئاشکرا ناوی راستەقینەی خۆیان بابەتیان بڵاو کردووەتەوە[2].

هەروەها لەگۆڤارەکەدا چەندین پارچە شیعری شاعیران لەبارەی سەرکەوتنی شۆڕش و نەتەوایەتی و ئازادی بڵاوکراوەتەوە بەتایبەتی لە ژمارە(٨)ی گۆڤارەکە تەرخان کراوە بۆ شۆڕش کە تێدا چەندان پارچە شیعر لەم بوارە، دەیان بابەت بە زمانی کوردی وعەرەبی بڵاوکراوەتەوە. لەوانە بەناونیشانی" **برا ئازاد کراوەکانمان"** هەروەك ئاشکرایە یەك لە دەسکەوتەکانی شۆڕش ئازادکردنی گیراوە سیاسیەکان بوو، لێرەدا شەفەق بەم شێوەیە باسی لەئازاد کراوە گیراوە کوردەکان دەکات دەڵێت"**رۆژی یەك شەمە ١٠ی ئەم مانگە شێخ ئەحمەد بارزانی لەگەڵ برا بارزانیەکانی ترمان لە بەغداوە کەوتنە ڕێ بەرەو کوردستان، بەیانی خەڵکێکی گەلێك زۆر بەکاروانی رێك چوونە پیریان، لە دوزخورماتوو چاوەڕێ کران، بەخۆپیشاندان و هوتافکێشان دەوری برا بارزانیەکانیان دا... بەرەو داقوق کەوتە رێ، لەوێش خەڵکی شارەکە بەخۆپیشاندان هاتنە پیریان... گەیشتنە شاری کەرکوك ... شاری کەرکوك لە رۆژێکی پیرۆزدابوو، لە بەزم و رەزم و شادی دابوو شێخ ئەحمەد و براکانی ترمان لە خانەقا دابەزین پۆل پۆل خەڵکی شار بۆ پیرۆزبایی دەهاتن"**، هەروەها شەفەق لە درێژی باسەکەی دا باس لە ئازادکراوەکانی تر دەکات وەك: **"بەهادین نوری، عومەر عەلی شێخ، گۆرانی شاعیر، نائب عەبدوڵلا بەدەیان ئوتومبیل چوونە تاوغ بۆ پێشوازیان بەناو شاری کەرکوکدا گەڕان لە تەکیەی تاڵەبانی دابەزین"**"[3].

هەر لەدوای شۆڕش چەند رۆژنامەی دیکە دەرچوون، وەکو رۆژنامەی "ئازادی" لە ١ی مایسی ١٩٥٩دەرچووە، ئەم رۆژنامەیە زمانحاڵی حیزبی شیوعی بووە، چەندین بابەتی دەربارەی شۆڕش و بیروڕای شۆڕش نووسیوە، لەژمارە(١)دا بابەتێکی بەناوونیشانی"سڵاوی ئازادی بۆقارەمانی شۆڕشەکەمان"[4]، بڵاوکردووەتەوە، ئەگەر سەیری ژمارە ١٤ی رۆژنامەکە بکەین تەرخانکراوە بۆ بیرەوەری شۆڕشی١٤ی تەممووزی١٩٥٨[5]. هەروەها رۆژنامەی "رای گەل" یەکێکی دیکە بوو لەو

---

[1] بروانە: شەفەق، ژ(٧)، بەرگی یەکەم، ساڵی یەکەم تەموزی ١٩٥٨، ل ١-٢.

[2]شەفەق ژ(٧)، بەرگی یەکەم، ساڵی یەکەم تەموزی ١٩٥٨، ل ٢.

[3] بروانە: برا ئازاد کراوەکانمان، شەفەق، ژ(٨) بەرگی یەکەم ساڵی یەکەم ئابی ١٩٥٨، ل ٢٨؛مارف خەزنەدار، رۆژگاری من...، ل٢٦٠.

[4]ئازادی، ژ(١)١یئایاری١٩٥٩.

[5] ئازادی، ژ(١٤)١٦ی ئەیلولی١٩٥٩.

ڕۆژنامانەی دوایی شۆڕش دەرچوون لە ٦ی ئەیلولی ١٩٥٩ لە شاری کەرکوك لەلایەن پارتی نیشتمانی دیموکراتی دەرکراوە[١]، هەروەها سەرەرای ئەمانە چەند گۆڤار وبلاٌوکراوەیەکی پەروەردەیش وەکو "صدی جمهوریه١٩٥٩" و"صوت طلبة/دەنگی قوتابیانی ١٩٥٩"و گۆڤاری "طليعة" و بلاٌوکراوەی "العزه" وگۆڤاری"پێشرەو"، هەروەها بۆیەکەمجاریش گۆڤارێك بە زمانی ئاسووری لە شاری کەرکوك دەرچوو، ئەویش بەناوی"الربيع"لە٤ی ئەیلولی١٩٦٠ تاوەکو ١٦ی ئابی ١٩٦١ بەردەوام بووە[٢].ئەوەی دەبینین ئەو هەڵومەرجەی شۆڕشی ١٤ی تەموز لەباری ڕۆژنامەگەرییەوە هێنایەکایەوە، دەرفەتی بۆ هەموو نەتەوەکانی شارەکە ڕەخساندووە بە زمانی خۆیان گۆڤار و ڕۆژنامە و بلاٌوکراوە دەربکەن، بۆیە دەتوانین ئەم قۆناغە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری لە شاری کەرکوك بە قۆناغێکی گەشەسەندو دابنێین، کە لەو ماوەیەدا زۆرترین گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە شارەکە دەرچوونە، ئەم قۆناغە لەرووی ڕۆژنامەگەریەوە قۆناغێکی جیاواز بوو، لە سەردەمی پێش خۆی ئەمەش بەبوونی ئەو کەشە ئازادە لە دەربڕینی بیرو ڕا بە ئازادی، کە لەسەردەمی پاشایەتی قەدەغەبووە.

**سێیەم: بواری ئەدەبی:**

شۆڕشی ١٤ی تەموز کاریگەری لەسەر کۆی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی عێراق کرد. کۆمەڵێك دەسکەوتی بۆ گەلاٌنی عێراق بەدیهێنا، یەکێك لەو دەسکەوتانە ڕەخساندنی زەمینەیەکی ئازادبوو، بۆ نوسین وچاپەمەنی. لەسایەی شۆڕشدا بواری ئەدەبی لە کوردستانی عێراق و شاری کەرکوك گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش هەر لەژێر ئەو ڕۆشنایەدا چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە دەرچوون، دەرفەتێکی باشی بۆ شاعیران و ئەدیبان ونووسەران ڕەخساند بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان دەربخەن، هەروەها دواتر چەند ئەدیب و ڕۆشنبیرێك یەکێتی ئەدیبانی عێراقییان لە١٩ی ئەیلوولی١٩٥٨ دامەزراند، یەکەم کۆنگرەی خۆیان بەست (محمدمهدی الجواهيری) بەسەرۆك و ڕەفیق حیلمی بەجێگر هەڵبژێردرا، عوسمان مستەفا خۆشناو بەسەرۆکی لقی کەرکوك دانرا، هەر لەو ماوەیەدا ڕەفیق حلمی چەند وتار وسمیناری لە سەردانی بۆ ولاٌتە عەرەبییەکان لەسەر ئەدەبی کوردی دا[٣]، ئەوەی دەبینین لەو قۆناغەدا بەرهەمەکان لەچوارچێوەی بەرهەمی شیعری نەتەوایەتی و پێکەوە ژیان و سەرکەوتنەکانی شۆڕش بوون. ستایشی شۆڕشی ١٤ی تەموزیان لەبەرهەمە ئەدەبیەکان شاعیرانی کەرکوك ڕەنگداوەتەوە، ڕەخنەیان لە دەسەلاٌتی پاشایەتی دەست تێوەردانی بێگانە گرتووە. هەروەك ڕەفیق حیلمی لە چامەی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا ئاماژەی بە نەمانی پاشایەتی دەرکەوتنی حوکمی دیموکراتی وسەربەخۆیی ڕزگاری کردووە و دەڵێت:

**مژدە موژدەی چی ؟ موژدەی ڕزگاری**

**ڕزگاری کێ ؟ گەل لەکێ؟ زۆرداری**

---

[١] جبارجباری، تاريخ الصحافه الكرديه....، ص٥٨.

[٢] بۆ زانیاری دەربارەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بگەرێوە بۆ بەشی یەکەمی تەوەرەی دووەمی توێژینەوەکە .

[٣] شاخەوان عبدالله صابر، م.س، ص١٩٤-١٩٥؛ عوسمان مستەفا خۆشناو، کەرکوك....، ل١٠١.

**له چنگ زۆرداری و جەوری کاربەدەست**

**کاربەدەستانی بێگانە پەرست**

**بەلام وا شکور حوکمی کۆنی پیس**

**له ١٤ی تەموز درایه بەر لیس**[١]

هەر وەکو ئاماژەمان پێدا شاعیر ونوسەران ئەدیبان گۆشەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان کردووەتە وێستگەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان، ئەوەتا ڕۆژنامەی بەشیر وەك یەکەمین ڕۆژنامەی تورکمانی کە لەدوایی شۆڕش دەرچووە، چەندین بابەتی ئەدەبی بەتایبەتی شیعر و چیرۆك لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکانی تورکمانی بڵاوکردووەتەوە، کە پشتگیری وهاوسۆزی خۆیان بۆ شۆڕش دەربریوە، ئەوەتا شاعێریك له دێرە شێعریکدا وەسفی شۆڕشی کردووە، دەڵێت:

**تموز ایی اون دوردی　　　　کرم بغدادی اوردی**

**ای باتدی کونش چیقدی　　　　دنیا ده هرکس گوردی**[٢]

**واتاکەیبەکوردی**

**لەشەوی چواردەی مانگی تەموزدا　　　　عبدالکریم دەوری بەغدای دا**

**مانگ ئاوا بوو ڕۆژهەلات　　　　ئەمەش هەموو جیهانی بینی**

هەروەها جگە لەمە لە ژمارە یەکی بەشیردا پارچە شیعرێکی(ابو عفاف) لەژێر ناوی (یا یا جیش الجمهوریە)، عبدالسلام احمد شیعرێکی بەناوی (١٤تموز الخالد) بڵاوکردووەتەوە. هەروەها چەندین پەخشان و پارچە شیعری تری نەتەوەیی بڵاوکراونەتەوە[٣].

ئەگەر سەیری بارودۆخی ئەدەبی لە شاری کەرکوکدا لە ماوەی١٩٥٨-١٩٦١بکەین ئەوا دەبینین بەرهەمە ئەدەبیەکان ڕەنگدانەوەی بارودۆخە سیاسەکەدا بووە، یەك لەو ڕووداوانەی کاریگەری گەورەی لەسەر ڕەوشی ئەدەبی ڕووداوەکەی ١٩٥٩کەرکوك هەبووە[٤]. ئەم کاریگەریەش بووە هۆی ئەوەی کە شاعیری دیاری تورکمانی قحطان هرمزی لە کۆمەڵەی ئەدەبی کەرکوك١٩٥٤-١٩٦٤ دووربکەوێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوە هاوڕێیانی هیچ هەڵوێستێکیان لەبەرامبەر ڕووداوەکە نەبووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێخ ڕەئووف خانەقا وەك شاعیر و ئەدیبی دیاری کەرکوك لە شیعرێکیدا داوای

---

[١] وەرگیراوە لە: محەمەد ئەحمەد سەعید، س.پ، ل٣٤٣.

[٢] وەرگیراوە لە: شاکرصابرالضابط، م.س، ص١٤٠.

[٣] احمد قوشچو اوغلو ،البشیر اول...، ص٤٤-٥١؛ هانی صاحب حسن، م.س، ص٦٠.

[٤] لەیادی بیرەوەری یەك ساڵەی شۆرشی چواردەی تەموزی لەشاری کەرکوك پێکدادان لەنێوان بەشدارانی ئاهەنگێران، تورکمانەکانی شارەکە ڕوویدا، ئەمەش بەهۆی چەندین پاڵنەری ناوەخۆیی و دەرەکی هەوڵی درز خستنە نیوان کورد و تورکمان درا کە سەدان ساڵە لەوشارەدا پێکەوژیاوەن و پەیوەندی بەهێزیان هەبووە، لە ڕۆژی١٤و ڕۆژانی دواتری تەمووزی١٩٥٩پێکدادانی توند لەنێوانیان ڕویدا کە٢٨کوژراو١٣٠بریندارى لێکەوتەوە، دواتر ژمارەیەك کوردی بێتاوان تیاچوون، وەژمارەیەك کوردی کۆمنیستی کورد زیندانی کران هەندیکیان بریاری لەسێدارەدانیان بۆدەرکرا لە٢ شوباتی١٩٦٣بریارەکەیان بەسەردا جێبەجێکرا، پشکۆحمە تاهیرعەبدولرەحمان، کەرکوك لە١٩٥٧-١٩٧٧، ل٦٤-١٠٥.

برایەتی کورد وتورکمان دەکات، لەو پارچە هۆنراوەیەدا هۆکار و دەرەنجامی و راستیەکان روون دەکاتەوەو دەڵێت:

براى کەرکوکی کورد و تورکمان      گوێ بگرە لەمن بەدل و بەگیان
بیگرە رێگەی عەقل و کیاسەت      بەردە بەرۆکی پیاوی سیاسەت
گوێ مەدە قسەی هەڵپەرست      پیاوی موغاشیب وبەدوبەد رەوشت
هیچ دەست نەکەوتوی مردولەداخا      دەستی من و تۆ نەکا بەزاخا[1]

ئەم رووداوانە لە ئەدەبیاتی تورکمانی رەنگیداوەتەوە، چەند پارچە شیعر لەلایەن شاعیرانی تورکمانەوە، لەئەنجامی ئەو رووداوانەی بەسەر شارەکەدا هاتووە دانراوە عەبدولخالق ئەلبەیاتلی لەشیعرێکیدا پەنجەی خستووەتە سەرئەو رۆژگارە و دەڵێت:

هبت ريح عاتية بغتية فى غير موسمها
انطفا القنديل الذى كان يضى عواملى
غصت فى الدياجير
تحطمت الجرة التى ولرثتما عن اجدادى
فى غير اوانها
ضمات.. فلا ماء من حولى
النبع بعيد... النبع بعيد
على الرحيل الى الباع النائية.. النائية
فى جبينى اوارم
وفى صدرى جرح  عميق
ليس لى صاحب
فاناحائر وكركوك حائرة
لقد وارى الثرى الاسود
اجساد الشباب الابطال(٢)

بەشێوەیەکی گشتی دەقە ئەدەبییەکان لەژێر کاریگەری رووداوو بار و گۆڕانە سیاسیەکانە بەدەر نەبووە لەو قۆناغەدا زۆربەی بابەتە ئەدەبیەکان ناوەرۆکێکی سیاسی ونەتەوایەتیان وەرگرتووە.

سەبارەت بە چیرۆك بەتایبەتی چیرۆکی کوردی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن هەرچەندە لە رووی ژمارەوە گەشەیەکی وای بە خۆیەوە نەکردووە، بەڵام بەماوەی گەشەسەندن چەسپاندنی چیرۆك دادەنرێت، پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە لەرووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە ژمارەیەك چیرۆك بەناوەرۆکی تازەوە بلاوکرانەوە کە باسی(چەوسانەوەی ئافرەت، خەباتی جووتیار، رەنج وتێکۆشان

---

[1] شێخ رەئوف خانەقا، س.پ، ل٨٧-٩٣.

[2] الاخاء/قارداشلق، ع(١١-١٢)، السنة الثانية١٩٦٣،ص٣٧؛ هانى صاحب، ازهار القرنفل...، ص ص٦٤-٦٥.

نەخوێندەواری، دەسەڵاتی دەرەبەگ، نەخۆشی، داب نەریتە کۆمەلایەتیەکان)[1]. زۆر بابەتی دیکەش لەناوەڕۆکی چیرۆکی شارەکەیان ڕەنگی دابووەو، ئەگەر تەماشای چیرۆکەکانی یوسف الحیدری لە کۆمەڵە چیرۆکی (حین یجف البحر)هەروەها چیرۆکەکانی شێخ مارف بەرزنجی(١٩٢١-١٩٦٣)بکەین بە تایبەتی دوایی شۆڕش لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بلاّوی دەکردەوە، ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوری ئەو سەردەمانە بەرچاودەکەوێت کە سیمای ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی قۆناغەکە بوون کە لە چیرۆکی(نامەی سەرسنوور) کە ئەم چیرۆکە باس لەرووداني شۆڕشی ١٤تەموز و دەستکەوتەکانی ئازادی، دادپەروەری و یەکسانی بۆ کورد و عەرەب دەکات[2].هەروەها لەچیرۆکی (ئاوازو کەباب)دا باس لەبرایەتی کوردو عەرەب دژی داگیرکەر وهێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر دەکات[3]، یەکێك لە چیرۆکەکانی چیرۆکی (گای پیرۆز)ە کە ئاماژە بە سیماکانی کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی ناوچەی کەرکوك دەکات باس لە زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، هەروەها خراپی رەوشی تەندروستی ناوچەکانی دەووروبەری شارەکە دەکات[4]، جگە لەمە لە چیرۆکی (شەتل) ئاماژە بە کەم و کورییەکانی پەروەردە بەتایبەتی بیّ بەشی قوتابیانی کورد لە زمانی کوردی دەکات [5].هەروەها ئەو بارودۆخە سیاسیەی بەسەر عێراق و کوردستان و کەرکوکدا هاتووە، کە بوونەتە سەرچاوەی سەرەکی ناوەرۆکی چیرۆکی داگیر کردووە. ئەوەی دەبینین بەرهەمە ئەدەبیەکانی بەشێوەیەکی فراوان خزمەتی شۆڕشی کردووە، بەمەش وشە و زاراوەی سیاسی خزاونەتە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکان.

## چوارەم: بواری هونەری:

بواری هونەریش وەکو سەرجەم بوارەکانی دیکە لەو گۆرانکاریایە بەدەر نەبوو، کە شۆڕشی ١٤ تەموز هێنایە کایەوە. ئەو گۆرانکاریانە کاریگەری گەورەیان لەسەر رەوتی هونەری لە شاری کەرکوکدا جێهێشت. یەکێك لە بوارەکانی هونەری بواری شانۆیە، شانو لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز پێی نایە قۆناغێکی تازەوە. ئەگەر تێبینی بکەین ئەو شانۆگەریانەی لەو ماوەیەدا نمایش کراون لە رووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە گۆرانی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، بە بەراورد بەقۆناغی بەر لە شۆڕش.

هەر لەو رووەوە لە دوایی شۆڕش چەند تیپێکی هونەری شانۆی لە شارەکە دامەزران، وەك: تیپی شانۆی تورکمان و تیپی شانوی خەبات، ئەم تیپانە توانیان ژمارەیەکی بەرچاو شانۆگەری نمایش بکەن. رۆژنامەی"بەشیر" ئاماژە بەوە دەکات لە ماوەی یەك ساڵدا (١٥) شانۆگەری تورکمانی

---

[1] عومەر مەعروف بەرزنجی، لێکۆلینەوەوبیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی١٩٢٥-١٩٦٩، ل٧٤-٧٩؛ حسن جاف، ملامح التجدید فی القصة الکردیة الحدیثة، بغداد، ١٩٩٠، ص٣٢-٣٣؛ فاروق مصطفی،جماعة کرکوك التتمات اللاحقة، السلیمانیة، ٢٠١١، ص٥٣.

[2] مارف بەرزنجی، نامەی سەرسنوور، رۆڤار"گۆڤار"، سلێمانی، ژ (٦٣)، ل١٤-١٧.

[3] شەفەق، ژ( ٢ )ی ١٥ شوباتی ١٩٥٨، ل ل٢١-٢٤.

[4] مارف بەرزنجی، سەر لە بەیانی نەورۆزێك، رۆڤار، ژ (٦٣)، ل١٠-١٣.

[5] شەفەق، ژ(٣٢)ی ساڵی پێنجەم تەموزی ١٩٦١، ل ١٩-٢١.

نمایشکراوە سەبارەت بە شانۆگەری کوردی، سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپانەی بەردەمی، بەتایبەتیش نەبوونی ئەکادیمای هونەری کوردی، بەلاّم لەم قۆناغەدا گەشەیەکی بەرچاوی کردووە، ئەوەتا دەبینین خالد دلێر دەڵێت:"لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی لە هەموو قوتابخانە کوردیەکان و گەڕەکەکانی تر شانۆگەری کوردی لە نێوان قوتابیان و مامۆستایان رێك دەخرا"، هەر لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژە بە دامەزراندنی تیپی هونەری خەبات دەکات. "ئەم تیپە توانی لە ماوەی سێ ساڵدا چەندین شانۆگەری کوردی نمایش بکات". گەشەی بەرچاوی بە شانۆی کوردی داوە لە شاری کەرکوك[(١)].

یەکێکی دیکە لەو بوارە هونەریانە، کە لەژێر کاریگەرییەکانی شۆڕش بەدەر نەبووە، ئەویش بواری شێوەکاری بوو، لەکاتی باسکردنی هونەری شێوەکاری لە شاری کەرکوك، ناکرێت رۆڵی بەرێوەبەرایەتی پەروەردە لەکردنەوەی پێشانگای ساڵانە. هەروەها چالاکیەکانیکۆمەڵەی هونەرمەندانی کەرکوك لەبیر بکەین کەرۆڵی سەرەکیان هەبووە، لەگەشەسەندنی هونەری شێوەکاری لەشارەکە[(٢)]. ئەم کۆمەڵەیە چەندان پێشانگایان کردووەتەوە و ژمارەی هونەرمەندانی شێوەکاری رۆژبەڕۆژ لە زیادبووندا بووە، دوای شۆرش ژمارەی گەیشتووەتە نزیکەی(٤٠) شێوەکار. ئەوەی دەبینین بواری شێوەکاریش لە کارتێکردنی دروشمەکانی شۆڕش بەدەر نەبووە، ئەوەتا ئەم کۆمەڵەیە یەکەم پێشانگای خۆیان دوای شۆرش لە پێشانگای سیانزەهەم و چواردەهەمیان هەبوو لە ٢٦ تشرینی دووەمی ١٩٥٨ لەژێر دروشمی پێشانگای شۆڕش (معرض الثورة) لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی کەرکوك کردووەتەوە، ئەم پێشانگایانە لەلایەن خەڵکی شارەکەوە بەگەرمی پێشوازیان لێ کراوە[(٣)].

هەروەها گۆرانی و مۆسیقا لە شاری کەرکوك بەتایبەتی بەشێوەیەکی گشتی لە عێراق لەدوای شۆڕش گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پاشایەتی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەبۆنەی شۆڕشەی١٤تەموزەوە لە سەرتاسەری عێراقدا ئاهەنگ وڤیستیڤاڵی گەورە ساز کراون[(٤)]، وەکو خالد دلێر دەڵێت:"بەر لە شۆرشی ١٤ی تەمموز گۆرانی عەرەبی لە شارەکە زاڵ بوو، بۆهەر کوێیەك دەچووی گوێت لە گۆرانی عەرەبی دەبوو، هەروەها هونەری کوردی و مۆسیقای گۆرانی کوردی توێنیەتی گوێگری ئەوسای کوردی نەدەشکاند"[(٥)]، بەلاّم ئەو زەمینەی شۆڕش هێنایە ئاراوە، دەرفەت رەخسا یەکەم تیپی مۆسیقا لە شاری کەرکوك دابمەزرێت، ئەویش تیپی مۆسیقای بێکەس بوو، دامەزراندنی بۆ ساڵانی ١٩٥٧-١٩٥٨، بەلاّم چالاکیەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو و دوایی شۆرش دەرکەوتن، ئەم تیپە بەشداری هەموو ئەو چالاکی یە هونەری و بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی کردووە، بەتایبەتی ئاهەنگەکانی بەبۆنەی شۆڕشی١٤ی تەمموز و یادەکانی نەورۆز، هەروەها گۆرانی

---

(١) وەرگیراوە لە: حەسەن تەنیا، س.پ، ل ١٠٦-١٠٧.

(٢) شاکرحسین ال سعید، من التاریخ الحرکة التشکیلیة فی العراق ج٢،بغداد١٩٨٩، ص٣١٩ .

(٣) احمد محمد کرکوکلی، هم هولاء جماعة کرکوك...، ص١٢.

(٤) باکوری، تەمەنێك، ب٢، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٥٩.

(٥) وەرگیراوە لە: بیرەوەریەکانم، ئا: وریا ئەحمەد، هەولێر، ٢٠١٥، ل ٢٠.

مۆسیقای بۆ چەندین هونەرمەندی شارەکە تۆمارکردووە[1]. جگە لەمە دامەزراندنی تیپی هونەری خەبات لە بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردی رۆڵی بەرچاوی بینیووە، توانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی ببوژێنیتەوە، هەروەها بەشداری سەرجەم ئاهەنگی جەماوەری رێکخراوە نیشتیمانیەکانی شاری کەرکوکی کردووە[2]. ئەوەی زیاتر رۆڵی لەگەشەسەندنی گۆرانی و مۆسیقای کوردی هەبوو لە شارەکەدا رادیۆی بەغدا بوو، وێرای زیادکردنی بەشی کوردی لە رادیۆی بەغدا[3]. هەروەها یەکێك لەدەسکەوتەکانی شۆڕش کردنەوەی بەشی تورکمانی لە ساڵی١٩٥٩ لە رادیۆی بەغدا، کە ئەمەش رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە تۆمارکردن وگەیاندنی ئاواز وگۆرانی تورکمانی بە شاری کەرکوك، هونەرمەندانی شارەکە تواناکانی خۆیان لەم رادیۆیە بەدیارخست[4].

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ رەمەزان زامدار ٢٠١٥/٨/١٧.

(2) حەسەن تەنیا، س.پ، ل١٠٧

(3) جەمال نەبەز، س.پ، ل ١٣٠.

(4) عبدالطيف بندر اوغلو، م.س، ص٢٠؛ سمکۆ هەولێری، س.پ، ل١٣٣.

## تەوەری دووەم: هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول وکاریگەرییەکانی لەسەر رەوشی رۆشنبیری لەنێوان سالانی ١٩٦١-١٩٧٠:

سەرەڕای ئەوەی گەلانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی گەلی کورد بەتایبەتی پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ شۆڕشی ١٤ی تەموز و سەرکردایەتییەکەی دەربڕی. لە بەرانبەری ئەوەدا حکومەتی شۆڕش دانی بە هەندێ مافی گەلی کورد لە عێراقدا نا، بەڵام ئەم بارودۆخە بەردەوام نەبوو، سالێك بەسەر شۆڕشدا تێنەپەڕی، حکومەت کەوتە دژایەتی کردنی و پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکانی، کە بە کورد دابووی، هەروەها پشت گوێ خستنی کێشەکەی، ئەو هێرشانەی دەکرانە سەر کورد لەلایەن حکومەتی عێراق، ئەمانە سەرەتایەك بوو بۆ تێکچونی پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی قاسم بەم شێوە رۆژ بەرۆژ بارودۆخ و رەوشەکە بەرەو خراپی دەڕۆیشت، هەر لە درێژەی سیاسەتەکانی بەرانبەر بە نەتەوەی کورد حکومەتی قاسم ژمارەیەك کوردی لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و لە سوپا و پۆلیس دەرکرد[١]، سەرەرای ئەمانە دژایەتی بەرچاوی رۆشنبیری کوردی کرد و بەردەوام تەگەرە دەخرایە بەردەم گەشەکردنی لەم سۆنگەیە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی داخست[٢]. هەروەها لە شوباتی١٩٦١ رێگری لە بەستنی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کرد [٣].

هەموو ئەم هۆکارانە پەیوەندی کورد و حکومەتی قاسمییان بەرەو قۆناغێکی ئالۆز برد، هەر لەسەرتاوە پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین هەوڵی دیبلۆماسی دا، بۆ رەواندنەوەی گومانەکان لەیەکتری، ئەوەتا لەئەنجامی ئالۆزبوونی بارودۆخەکە پارتی دیموکراتی کوردستان یاداشتێکی ئاراستەی حکومەتی قاسم کرد، داوای کرد سنوورێك بۆ ئالۆزیەکانی دابنرێت، بەشێوەی ئاشتیانە کێشەکانیان چارەسەر بکرێن[٤]. سەرەرای چەندین هەوڵی دیکە، بەڵام ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو حکومەت بەردەوام بوو لە سیاسەتەکانی لقەکانی پارتی لەهەولێر و کەرکوك و موسل داخست[٥]. بڕیاری داخستنی رۆژنامەی (خەبات)ی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی دا[٦]، هەر

---

[١] ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان وشۆڕشی ئەیلول بنیاتنان وهەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥،چ٣، سلێمانی،١٩٩٩، ل٦٧؛ ئازاد نەقشبەندی، کاریگەری کەرکوك لەسەر راگوێزانی کورد لە کەرکوك و بەعەرەبکردنی، سەنتەری برایەتی "گۆڤار"، ژ(٢٠)هاوینی ٢٠٠١،ل ٢٦-٣١.

[٢] جەمال نەبەز، س.پ، ل ١٣٥.

[٣] ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٦٧.

[٤] مسعود بارزانی، س.پ، ل٣٠-٣٢؛ عامرعلی سمر، شمال العراق١٩٥٨-١٩٧٥، دراسه سیاسیه، بیروت، ٢٠١٢ ،ص ٢٣٧؛ حبیب محمد کریم، م.س، ص ص٧٤-٨٣.

[٥] مسعود بارزانی، س.پ، ل ٣١.

[٦] وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان، ل ٢٥.

بەمەش نەوەستا هێزی نارده سەر کوردستان مانۆڕی سەربازی ئەنجامدا[1]. هەموو ئەمانە لەکاتێکدا بوو پارتی دیمکراتی کوردستان به چەند یاداشت حکومەتی قاسمی ئاگادار کردبوو، که جەختی لەسەر مافە نەتەوایەتیەکانی کورد، جێبەجێکردنی دەستوور و ئۆتۆنۆمی کردبووەوە، بەڵام حکومەت بەهیچ شێوەیەك نەدەچووه ژێر باڵی داواکانی کورد، ئەوەبوو لە٦ئەیلوولی١٩٦١ مانگرتنێکی گشتی له کوردستان راگەیەندرا لەئەنجامدا پێکدادان له نێوان مانگرتوان و سوپای عێراق روویدا[2]، سەرەنجام له ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ شەڕ له نێوان کورد و دەسەڵاتداریەتی عێراق دەستپێکرد و شۆڕشی کورد هەڵگیرسا. ئەم شۆڕشه له مێژوو به شۆڕشی ئەیلوول ناسراوه[3].

شاری کەرکوك بەتایبەتی کوردەکان رۆڵی بەرچاویان لەم شۆڕشەدا بینی هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشدا ژمارەیەکی بەرچاو فەرمانبەر و مامۆستا و قوتابی و جووتیار و کرێکار و ...هتد کارەکانیان جێهێشتووه، چوونەته ریزی شۆڕشەوه پشتگیری تەواوی شۆڕشیان کرد[4].

یەکێك لەو پێشهاتانه لەماوەشۆڕشی ئەیلوولدا هاتەپێشەوه کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بوو، که ئەم کودەتایه لەلایەن بەعسیەکان و ئەفسەره نەتەوەییەکانی باڵی ناسری، لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوه کۆتاییان به حوکمی قاسم له عێراقدا هێنا[5]. هەرچەنده بەر له کودەتاکه بەعسیەکان له هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دابوون لەگەڵ شۆڕشی کورد دژی قاسم، کوردیش ئەمەیان بەستبویەوه به داننان به مافه نەتەوایەتیەکانی له چوارچێوەی عێراق بۆچارەسەرکردنی دۆزی کورد به داننان به مافی ئۆتۆنۆمی (خۆڕێبەری)[6]، ئەوەی شایانی باسه بەعسیەکان بەزارەکی بەڵێنیاندا ئۆتۆنۆمی بەکورد بدەن، ئەوەبوو لەگەڵ یەکەم رۆژی کودەتا لەلایەن کوردەوه شەر دژی حکومەت راگیراو لەبەرانبەردا حکومەت شەڕی راگرت، بەمه ئاگربەست لەنێوانیاندا دروست بوو[7]، پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی و پشتگیری خۆیان لەو گۆڕانکاریه نوێیه کرد که له عێراقدا هاته ئاراوه[8]، گفتوگۆ لەنێوان حکومەتی عێراق وسەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەستی پێکرد، بەڵام له ئەنجامدا وتوێژەکان لەسەر دیاریکردنی سنوری ئۆتۆنۆمی که حکومەتی عێراقی ئامادەنەبوو کەرکوك و شنگال

---

[1] عبدالفتاح على البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، اربيل، ٢٠٠١، ص٨٣-٨٤؛ هاوكار كريم حمه شريف، شۆڕشی ئەیلول لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی له رێکخستن وچالاکیه سەربازییەکان ١٩٦١-١٩٧٠، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٧٩-٨١.

[2] مسعود بارزانی، س.پ، ل ٣٤-٣٥؛ عبدالفتاح يحيى البوتانى، وثائق عن الحركة القومية الكوردية...، ص٨٥؛ گوینتەر دیشنەر، س.پ، ل١٨٦-١٨٧.

[3] هاوكار كريم حمه شريف ،س.پ،ل ٨٥؛ سەعدی عوسمان هەروتی، بزافی رزگاریخوازکورد.....، ل٦٢.

[4] بروانه: حەبیب محمد كريم، کەرکوك شۆڕشی ئەیلولی مەزن، سەنتەری برایەتی "گۆڤار"، ژ(٢٠)هاوینی ٢٠٠١، ل ٢٦٨-٢٧٤؛ رەفیق شوانی، س.پ، ل١٣٢-١٣٤.

[5] سعيد ناجي جواد، م.س، ص٧٧؛ منذرالموصلي، القضية الكردية"البعث والاكراد"دمشق٢٠٠٠، ص١٣١.

[6] مسعود بارزانی، س.پ، ل ١٠١؛ جەمال نەبەز، س.پ، ل ١٤٨.

[7] ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٩٤؛ مسعود بارزانی، س.پ، ل ١٠٣-١٠٤.

[8] ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل ٩٥.

و زومار و خانەقین لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمییەکە بێت، بەمەش ووتوێژەکان گەیشتنە بنبەست[1]. بەم شێوەیە شەڕ لە کوردستان دەستی پێکردەوە حکومەتی عێراق لە ٩ی حوزەیرانی١٩٦٣ پەلاماری ناوچە کوردیەکانی دا[2]، ئەوەی لەمەدا زیانی زۆر بەرکەوت شاری کەرکوك بوو، تووشی شالاوی پەلاماری بەعسیەکان بووەوە، کە رووخاندنی(١٣)ی گوندی دەوروبەری شاری کەرکوك کە لە چاڵە نەوتیەکان نزیك بوون[3]، هەروەها کۆچپێکردنی هەموو کوردەکانی گوندەکانی سەر بەناحیەی دوبز، نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگەکەیان، دەرکردنی کوردەکان لە کۆمپانیاکانی نەوت وگواستنەوەی مامۆستا و فەرمانبەری کورد بۆ ناوەراست و خوارووی عێراق و ژمارەیەکی زۆر عەرەبی لەجێگەی ئەمانە نیشتەجێ کرد. هەروەها گوندەکانی ناوچەی شوان وساڵەیی بەر شاڵاو و تاڵانی سوپای عێراق کەوتن[4]. جگە لەمە بەعسیەکان لە کەرکوك لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣، (٢٨)کەسایەتی و دیاری شارەکەی لەسێدارەدا، بە تۆمەتی بەشداری کردنی لە رووداوەکانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩[5]. لێرە بەدواوە ئەم سیاسەتانەی حکومەتی بەعس لە شارەکە بەمەبەستی بەعەرەبکردنی، گۆڕینی ناوی قوتابخانە و شەقام و گەڕەکەکان و بەردەوام راگواستنی کورد شارەکە. تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ رووخاندنی رژێمی بەعسی بەرامبەر بە کەرکوك پەیڕەو کرا. یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس دەرکردنی بەیانی(١٣) دژ بە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی شیوعی عێراقی بەتۆمەتی پاڵپشتی و یارمەتی دانی دەسەڵاتی قاسم، دووچاری کوشتن و گرتن و راودوونان بوونەوە، بۆیە بریاریاندا بچنە ریزی شۆڕشی کوردستان بەمەش پشتگیری شۆڕشیان بەهێز کرد[6].

شەر لەنێوان کورد و حکومەتی عێراق بەردەوام بوو، تاوەکو لە١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ عەبدولسەلام عارف بەعسیەکانی لە دەسەڵات دوورخستەوە[7]، بڕیاری راگرتنی شەری دا، نیازپاکی

---

[1] بروانە: واحد عمر محێدین، دانوستاندنەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد وحکومەتەکانی عێراق١٩٢١-١٩٦٨،سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٢١-١٨٠؛ مسعود بارزانی، س.پ، ل ١٠٩؛ محمود عثمان، التجارب الکردية مع الحكومات العراقية بشان كركوك، بحث فی كتاب كركوك مدينةالقوميات المتاخية، لندن٢٠٠٤، ص٣٤٥.

[2] جمال نەبەز، س.پ، ل١٥٠.کاوس قفطان، م.س، ص٢٣٠.

[3] گوندەکانی (سۆنەگۆڵی، یاروەلی، پەنجا عەلی، وەلی پاشا، قزلقایە، چیمەنی گەورە، چیمەنی گچکە، جەوەل بۆر، هەنجیرە، قوتان، قوشقایە، شۆراو، باجوان) نوری تالەبانی، س.پ، ل ٦٨.

[4] ه.س، ل ٦٨-٧٠؛ گویتنەر دیشنەر، س.پ، ل١٩٩؛ شێخ رئوف خانەقا، س.پ، ل٦٩-٧٥.

[5] ئەو کەسایەتیانەی لەسێدران (مارف بەرزنجی، حوسێن بەرزنجی،جەبار پیرۆزخان، نوری سید وەلی، ئیحسان سالمی، نوری عەبدوللا، فەتاح سالح زەنگەنە، عەتا جەمیل، عەبدولحافزشەریف، حمە حسین، کریم رەمەزان، تالب عومەر، فەتاح داود، موختار برغش،مهدی مەروان، مەحمود عەلی بەستێ، نەجمەدین شوانی، خەلیل ئیبرایم، تۆفیق مستەفا،حوسێن خورشید، عەبدولرەحمان سەعید، خورشید مەحمود، مەحمود مجید). مستەفا عەسکەری، کەرکوك بۆمێژوو دەدوێت، سلێمانی٢٠٠٧، ل٥٢-٥٣؛ سنورسەباح، س.پ، ل٧٨.

[6] مسعود بارزانی، س.پ، ل ١١٠-١١١؛ چاوپێکەوتن لە فاتح میرزا، ٢٦/ ٥/ ٢٠١٥.

[7] عبدالسلام عارف: لە ساڵی١٩٢١لە بەغدا لەدایك بووە، کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، لەساڵی١٩٥٦پەیوەندی بەئەفسەرە ئازادیخوازەکانەوە کردووە، بەشداری شۆڕشی ١٤ی تەموزی کردووە، بەڵام دوایی شۆڕش بەهۆی ناکۆکی

خۆی بۆ گفتوگۆدەربری[1]، بەڵام ئەوەی دەبینین لێرەدا کێشەیەك رووبەرووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد بووە، ئەویش دابەش بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤ بەسەر باڵی مەکتەبی سیاسی وباڵی سەرکردایەتی لەسەر مەسەلەی دانوستاندن ئەم لێکترازانە کاریگەری خراپی لەسەر تێکچونی یەکریزی بزووتنەووەی رزگاریخوازی گەلی کورد، هەروەها لاوازدەرکەوتن بەرامبەر بەحکومەت هەبووە. کە تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو[2]. سەرەڕای ئەوەی حکومەت داواکانی کوردی جێبەجیٚ نەکرد، لە ساڵی١٩٦٥ جارێکی دیکە شەڕ دەستی پێکردەوە تاوەکو ساڵی ١٩٦٦ بەردەوام بوو، لەو ساڵەدا عەبدولسەلام عارف لە١٣نیسانی١٩٦٦ بە رووداوی فرۆکە گیانی لەدەستدا[3].

دوایی ئەو عەبدولرحمان عارف[4] لە ١٦ نیسانی هەمان ساڵدا جێی گرتەوە، بەمەش سەردەمێکی نویٚ دەستی پێکرد جارێکی دیکە گفتوگۆکان دەستی پێکردەوە لەئەنجامدا رێکەوتننامەی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٦٦ هاتە کایەوە[5].کە ئەم رێکەوتنە لە(١٢) خاڵی سەرەکی پێکهاتبوو، چەندین خاڵی تایبەت بە مافی رۆشنبیریی تێدابوو: دانان بە زمانی کوردی و بوونی بە زمانی فەرمی لە عێراق شان بەشانی زمانی عەرەبی، لەو ناوچانەی زۆرینەی کوردیان تێدا دادەنیشین خوێندن بە هەردوو زمان دەبێت، دابین کردنی دەرفەتی خوێندن لە دەرەوەی وڵات بۆ قوتابیانی کورد، گەشەپێدانی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا، رێگەدان بە رێکخراوە کوردیەکان لە چوارچێوەی یاسادا چالاکی ئەنجام بدەن، رێگە بدرێت بە دەرچوونی بڵاوکراوەی سیاسی و نەتەوەیی کوردی[6].

سەرەڕای ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەوڵی دەدا بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی رێکەوتننامەکە، بەڵام حکومەتی عێراق سستی دەنواند، هەرجارەو بە پاساوێك تەگەرەی دەخستە بەردەم جێبەجێکردنی. ئەمەش بارودۆخەکەی بەرەو ئاڵۆزی برد، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا لەئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی حکومەتی عێراقی بەرەو لاوازی دەچوو، نەیدەتوانی چارەسەری ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە لە رووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بکات. ئەمەش رێگەی بۆ

---

ئایدۆلۆجی و رکابەری لەسەر دەسەڵات لەگەل قاسم دوورخراوەتەوە پاش کودەتای ٨ شوباتی ١٩٦٣ بووە بە سەرۆك کۆماری عێراق لە١٣نیسانی١٩٦٦ بەرووداوی فرۆکە گیانی لەدەست داوە. احمدفوزی، عبدالسلام عارف سیرتە محاکمە معرکە، بغداد١٩٨٨، ص٦٥.

[1] سعد ناجی جواد، م.س، ص١٠٣؛ عبدالفتاح علی البوتانی، وثائق عن الحرکة القومیة...،ص ٤٠٨؛ مسعود بارزانی، س.پ، ل١٥٥-١٦٣.

[2] مسعود بارزانی،ه.س، ل١٦٧-١٧٧،١٧٦-١٨١؛ ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل١٢٧-٢١٣؛محمود عثمان،م.س، ص٣٤٥.

[3] عبدالفتاح علی البوتانی، وثائق عن الحرکة القومیة، ص ٢٧٨؛ جەمال نەبەز، س.پ، ل١٦٥-١٧٤، سعد ناجی جواد، جواد، م.س،ص ١١٤-١١٥؛ جعفر عباس حمید، م.س، ج٨، ص ٣٠٢-٣٠٦.

[4] عەبدولرحمان عارف:لەساڵی١٩١٦لە دایك بووە، کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، گەیشتووە بەپلەی لیوا بەشداری شۆڕشی ١٤تەموز کردووە، دوای مردنی عەبدولسەلام عارفی برای بووە، بەسەرۆك کۆمار لە١٧ تەموزی١٩٦٨لە دەسەڵات دوورخراوەتەوە لە ٢٤ی ئابی٢٠٠٧ لە ئەردەن کۆچی دوایی کردووە. سنور سەباح، س.پ، ل٥٦.

[5] مسعود بارزانی،س.پ، ل ٢٢٧-٢٢٨.

[6] سعد ناجی جواد، م.س، ص١٣٠-١٣١؛ مسعود بارزانی، س.پ، ل ٣٨٨-٣٩٠.

بەعسیەکان خۆشکرد تا لە ١٧ تەموزی ١٩٦٨ کودەتایەك ئەنجام بدەن، عەبدولرحمان عارف لەسەر کار لابرد و ئەحمەد حەسەن بەکر[١] بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق[٢]، لێرە بەدواوە قۆناغێکی نوێ لە نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەستی پێکرد، هەرچەندە جارێکی دیکە حکومەتی عێراق، وەکو نەریتێکی دووبارەی سەرەتا بەشالاو پەلامار بۆسەر ناوچەکانی کوردستان هەوڵی داوە بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی سەرکوت بکا، ئەوەتا لە ١٠ی تشرینی دووەمی١٩٦٨ دا بەشێوەیەکی زۆرتوند پەلاماری ناوچەکانی کوردستانی دا، بەڵام لەو سیاسەتەی سەرکەتوو نەبوو، بۆیە پەنای بۆ دانووساندن برد، رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠ لێکەوتەوە[٣].

هەرچەندە شۆڕشی ئەیلول تایبەت بە نەتەوەی کورد بوو، بەڵام نەتەوەکانی دیکەی، وەکو عەرەب کە ئەوانەی بیروباوەری چەپ و دژی دەسەڵاتی حکومەت بوونە، هەروەها بەشێك لە تورکمان و سریان پەیوەندیان بەشۆڕشەوە کرد، ئەوەتا تورکمانەکان لەناوچەی شوان بارەگایان هەبووە، چونکە حکومەتەکانی عێراق مافی نەتەوەکانی بەتایبەتی تورکمان و ئاشوری، وەکو نەتەوەی کورد پشتگوێ خستووە، ئەوەتا دەبینین لەساڵی ١٩٦٨ چەندین ئەندازیار وماموٚستا تورکمان داوایانکرد یانەیەکی رۆشنبیریی هاوشێوەی یانەی (الاخاء) بەغدا لەشاری کەرکوك دابمەزرێنن، بەڵام بەعسیەکان رێگەیان پێی نەدا[٤].

ئەوەی جێگای ئاماژەپێدانە لەدانوستانەکاندا بەتایبەتی لەکاتی داوای ئۆتۆنۆمی لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە، بەردەوام جەختیان لەسەر مافی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان کردووتەوە، ئەوەتا دەبینین لەکاتی وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عێراقی لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ کورد سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، تورکمانەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دڵنیاکردەوە لە پێدانی مافەکانیان وپێکەوە ژیان لەکوردستان بەبێ جیاوازی[٥]، لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٠ هەموو ئەوپێشهاتە سیاسیانە هاتنە پێشەوە، کاریگەریان لەسەر سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیریی لە شاری کەرکوکدا کردووە.

**١- بواری پەروەردە:**

بواری پەروەردە وفێرکردن وەك هەموو بوارەکانی دیکە تر لە کاریگەری پێشهاتە سیاسیەکان بەدەر نەبووە، هەر گۆڕانکاریەکی سیاسی هاتبێتە پێشەوە کاریگەری خۆی لەسەر بواری پەروەردەش

---

[١]ئەحمەد حەسەن بەکر:لە ساڵی١٩١٤ لەتکریت لەدایك بووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازییە، لەساڵی١٩٦٨ بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق تا١٩٧٩لەدەسەلات دووردەخرێتەوە.لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٢لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، سنور سەباح، س.پ، ل٧٠.

[٢]سعد ناجی جواد، م.س، ص١١٤؛ جەمال نەبەز، س.پ، ل١٨٨.

[٣]مسعود بارزانی، س.پ، ل ٧-٢٠؛ ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل ٢٤٤-٢٤٨.

[٤]أرشد الهرمزی، الترکمان والوطن العراقی، ط٣، بیروت ٢٠٠٥، ص ص٣١، ١١١-١١٢؛ عبدالله خدریزادة، کرکوك ورد الضجیج المنحرف، اربیل، ٢٠٠٧، ص٣٩-٤٠.

[٥]عزیز قادر الصماغجی، التاریخ السیاسی لترکمان العراق،بیروت ، ١٩٩٩،ص٢٢٠؛ علی عامرسمر،م.س، ص٣٣١

بەجێهێشتووە، ئەگەر سەیری هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول بکەین دەبینین یەکێك لەوانە پاشگەزبوونەوەو کەمتەرخەمی حکومەتی عێراقی بووە، لە بەڵێنە ڕۆشنبیرییەکانی بە کورد دابووی، ئەوەتا دەبینین لە شاری کەرکوك دوو ساڵ دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ تەموز، بە بیانووی بوونی قوتابی تورکمان وعەرەب، کە ئەمە پاساوێکی بێ بنەمایە، خوێندن بە زمانی کوردی لەو شارە هەڵگیرا. بەو بڕیارەش لە شاری کەرکوك لە(٨٨) قوتابخانەی سەرەتایی (١٠٤٢٥)قوتابی کورد لە خوێندنی کوردی بێ بەش کران[١]. هەروەها ئەم پاشەکشەیە لەسەر بواری پەروەردە وخوێندن تەنیا لە کەرکوك نەبوو، بەڵکو لە هەموو کوردستان بەدیدەکرا. کە ئەوەتا حکومەتی قاسم بڕیاری هەڵگرتنی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردیدا[٢]. ئەمەش گورزێکی کوشندە بوو، لە خوێندنی کوردی کەوت، هەروەها دەبینین سوود مەندبوونی قوتابیانی کورد لە ناردنە دەرەوەی ڕێژەیەکی زۆرکەمدا بووە، کە لە ١-٢٪ زیاتر نەبووە[٣].

هەر لە میانەیەوە لە ٢٠ تەمموزی ساڵی١٩٦١ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، یاداشتێکی دایە حکومەتی عێراقی لەبارەی خراپی بواری پەروەردە لە کوردستاندا، بەڵام گوێنەدانی حکومەتی قاسم بە یاداشت و بیرخەرەوەکانی کورد، بەردەوام بوون لە دژایەتی کورد و نەدانی مافەکانی لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەمانە بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕش ناوچەکانی کەرکوك بوو بەگۆڕەپانی شەڕ و ململانێ لە نێوان حکومەت و شۆڕشگێڕانی کورد، ئەم بارودۆخەی دروست بوو کاریگەری گەورەی لەسەر ڕەوتی پەروەردە و فێرکردن لە شاری کەرکوك کرد ژمارەیەکی بەرچاوی قوتابخانە گوندەکان داخران، بەتایبەتی خوێندنی کوردی، هەرئەوەتا لەکۆنگرەی چوارەمی مامۆستایانی عێراق لەشوباتی١٩٦٢لە شاری بەغدا گرێدرا، بەراشکاوانە دژایەتی ڕۆشنبیریی کوردی کراوە داوای هەڵگرتنی خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان کراوە[٤].

ئەگەر سەیری داتاکانی وەزارەتی پەروەردەی عێراق بکەین دەبینین، تێکچوونی پەیوەندی کورد و حکومەتی عێراقی چ کاریگەری خراپی کردە سەر بواری پەروەردە لەشارەکە، ئەوەتا ژمارەی قوتابیان بۆ ساڵی خوێندنی١٩٦٠-١٩٦١کە (٤٩٩٣٦) قوتابی بووە[٥]. بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٢-١٩٦٣ ژمارەکە زیادی کردووە بووەتە (٥٨٣٣٤)[٦]، هەرچەندە ڕێژەکە زیادی کردووە، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦١ ژمارەکە زۆر کەم زیادی کردووە. ئەم زیادکردنەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بووە، لەوانە هەموو پێکهاتەکانی شارەکە بەشداریان لەو شۆڕشە نەکردووە، وەك

---

[١]کاوس قەفطان،م.س، ص ٦٨؛ برایەتی، ژ(٢٧٧٩)، چوارشەمە (١٩٩٩/٢/١٧).

[٢]جەمال نەبەز، س.پ، ل ١٣٥.

[٣]کاوس قەفطان، م.س، ص ٦٨؛ خەبات، ع (١٣٩) ١٩٦٠.

[٤]عبدالفتاح البوتانی، مدرسة ١١اذار....، ص٤٥-٤٦؛ شیرزاد زکریا، مجلس قیادة الثورة فی کوردستان١٩٦٤-١٩٧٠ دراسة تاریخیة سیاسیة عامة، دهوك، ٢٠١٠، ص١٩٩؛ جەمال نەبەز، س.پ، ل١٥١؛ کاوس قفطان، م.س، ص٦٩.

[٥]الجمهوریة العراقیة، وزارة التربیة الاحصاء تقریر السنوی ١٩٦٠-١٩٦١، ص ص٤- ٥ ، ١٤، ٣٢-٣٣.

[٦]الجمهوریة العراقیة، وزارة التربیة الاحصاء تقریر السنوی ١٩٦٢-١٩٦٣، ص ص٤-٥ ، ١٤ ، ٣٢-٣٣.

**تورکمان و سریان، هەروەها سیاسەتی بە عەرەبکردنی شاری کەرکوك لەلایەن حکومەت پەیڕەو کراوە. زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە، بەتایبەتی ژمارەی عەرەب بەشێوەیەکی نا سروشتی زیادی کردووە لە بەرانبەر کورد و تورکمان هەروەها لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولیش ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابیان و مامۆستایان پەیوەندیان بە ریزەکانی شۆڕشەوە کردووە، هەروەها لە بەرانبەر ئەمەشدا حکومەت چەندین رۆشنبیرو مامۆستای کەرکوکی بەهۆی پەیوەندیان بەشۆڕشەوە بریاری لەسێدارەدانی بۆدەرکردوون[1].ئەوەی لێرەدا دەبینین کوردەکان زیاتر تووشی گرتن و راوەدونان ودەرکردن بوونەتەوە[2]، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت رێژەی کورد و قوتابیانی کورد کەمی کردووە، کاریگەری لەسەر رەوتی رۆشنبیریی کوردی لە شارەکە کردووە.**

**رەوشی پەروەردە لەدوای کودەتای ٨ی شوباتی١٩٦٣ لەشاری کەرکوکدا کەوتووەتە بارودۆخێکی زۆر خراپەوە، خوێندن و نوسین بەزمانی کوردی قەدەغەکرا، ئەگەر لە داتاکانی وەزارەتی پەروەردەی عێراقی بڕوانین ئەو دۆخە خراپە زۆر بە زەقی بەدیار دەکەوێت. بۆ نموونە ساڵی خوێندنی ١٩٦٢-١٩٦٣ ژمارەی قوتابیانی شارەکە (٥٨٣٣٤) قوتابی بووە[3]، بەڵام ئەم ژمارەیە بۆ ساڵی ١٩٦٣-١٩٦٤ بووەتە (٥٣٧٥٢) قوتابی[4]. سەرباری بەردەوام بە عەرەبکردنی شارەکە، بەڵام ژمارەکە زۆر کەمی کردووە ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسەتە توندانەی بەعسیەکان لە ناوچەی کەرکوك و دەوروبەری بەرانبەر بەکوردەکانی شارەکە پەیڕەویان کردووە.**

**سەبارەت بە ژمارەی قوتابخانە و مامۆستایان دەبینین بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٠-١٩٦١ کە (٣٢٤) قوتابخانە بووە[5]، بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی١٩٦٣-١٩٦٤ کەمی کردووە بۆ (٢٩٤) قوتابخانە[6]، هەروەها ژمارەی مامۆستایانی بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٢-١٩٦٣ (٢٢٠٢) مامۆستا بوو[7]. بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٣-١٩٦٤ کە هاوکاتە لەگەڵ هاتنە سەر کاری بەعسیەکان ژمارەکە کەمی کردووە، بۆ (١٩٧٥) مامۆستا[8]. ئەو دۆخە خراپەی بە سەر بواری پەروەردە هاتووە، لەئەنجامی شاڵاو و پەلاماردانانەی بۆ سەر ناوچەکانی کەرکوك، هەروەها راوەدوونانی کوردەکان و وێرانکردنی گوندەکانی دەوروبەری شارەکە، لەلایەك و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لەلایەکی تر زۆربەی ناوچەکانی کەرکوك بوونەتە گۆرەپانی شالاو و پەلاماری یەکتری لەلایەکی دیکە ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابیان و مامۆستایانی کورد پەیوەندیان بەشۆڕشەوە کرد، بەشێکی دیکەیان گواسترانەوە بۆ**

---

[1] ذنون محمدبیریادی، سیرة الحیاتیة والعلمیة، کرکوك٢٠٠٦، ص٥١.

[2] سنور سەباح سدیق، س.پ، ل ٤٨-٤٩.

[3] الجمهوریة العراقیة، وزارة التربیة الاحصاء التربوی ،تقریر السنوی ١٩٦٢-١٩٦٣، ص ص٤-٥، ١٤، ٣٢-٣٣.

[4] الجمهوریة العراقیة،وزارة التربیة الاحصاء التربوی،تقریر السنوی ١٩٦٣-١٩٦٤، ص ص١٣ ،٢٣، ٥٢.

[5] الجمهوریة العراقیة ، وزارة التربیة ،تقریر السنوی ١٩٦٠-١٩٦١، ص ص ١٤ ،٣٣.

[6] الجمهوریة العراقیة ، وزارة التربیة ،تقریر السنوی ١٩٦٣-١٩٦٤، ص ص ١٣، ٢٣، ٥٢.

[7] الجمهوریة العراقیة، وزارة التربیة ،تقریر السنوی١٩٦٢-١٩٦٣، ص ص ٤-٥، ١٤-١٥، ٤٠-٤٢.

[8] الجمهوریة العراقیة ، وزارة التربیة ،تقریر السنوی ١٩٦٣-١٩٦٤، ص ص١٢-١٣، ٢٣-٢٤، ٥٢-٥٣، ٩٢.

ناوەراست و خواررووی عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا سەرباری ئەمانە بەردەوام حکومەتی عێراقی کاری کردووە، بۆ گۆڕینی باری نەتەوەی شارەکە و تواندنەوەی نەتەوەکانی شارەکە لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبیدا[1].

تا رێکەوتننامەی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بەشێوەیەکی گشتی رەوشی پەروەدە لەشاری کەرکوك لەدۆخێکی خراپ دابووە، کە لەم رێکەوتننامەیەدا لە بواری پەروەردەیدا جۆرێك لە گۆڕانی بەدوای خۆی داهێنا. بەتایبەتی لە گەرانەوەی دوورخراوەکان بۆسەر کارەکانیان. هەروەها لە چەند خاڵێکی سەرەکی تێدا جەختی لەسەر خوێندنی کوردی کردبووە لەوانە:

أ- داننان بە زمانی کوردی و بوونی بە زمانی فەرمی لەپاڵ زمانی عەرەبی.

ب- گەشەپێدانی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا و دابین کردنی دەرفەتی خوێندن بۆ قوتابیانی کورد لە دەرەوەی وڵاتدا.

ج- رێگەدان بە رێکخراوەکان لەوانەش رێکخراوە پیشەییەکانی تایبەت بە قوتابیان بۆئەوەی چالاکی بنوێنن[2].

هەروەها یەکێکی دیکە لەو هەنگاوانەی کردنەوەی (مدیریە معارفی کوردستان) بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لە ساڵی ١٩٦٧بوو[3]، کە دەتوانین بڵێین بواری پەروەردە لەکوردستان جۆرێك لەپێشکەوتنی بەخۆیەوە بینووە، بەڵام بە کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ جارێکی دیکە رەوشی پەروەردە بەرەو خراپی رۆیشتووە، لە شاری کەرکوك بەتایبەتی خوێندنی کوردی تورکمانی وسریانی بەتەواوەتی پشتگوێ خراوە، خوێندن تەنیا بەزمانی عەرەبی بوو بەمەش نەتەوەکانی شارەکە لە خوێندن بە زمانی دایك بێبەشکراون، لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی خوێندنی ١٩٦٦-١٩٦٩ ژمارەی قوتابیان ومامۆستایان لە شاری کەرکوکدا لە زیادبووندایە، وەکو لەم خشتەیەی خوارەوە دەبینین[4]

| ساڵی خوێندن | ژمارەی قوتابیان | مامۆستایان | قوتابخانە |
|---|---|---|---|
| ١٩٦٥-١٩٦٦ | ٦٢٣٣٣ | ٢٧٨٥ | ٣٢١ |
| ١٩٦٦-١٩٦٧ | ٦٤٧٢٦ | ٣٣٠٢ | ٣٥٩ |
| ١٩٦٧-١٩٦٨ | ٦٤٥٦٨ | ٣٢٠٦ | ٣٧٧ |
| ١٩٦٨-١٩٦٩ | ٦٨٣٨٠ | ٣٠٩٣ | ٣٣٦ |
| ١٩٦٩-١٩٧٠ | ٦٨٤٨١ | ٣٤٧٣ | ٤٤٢ |

(1) نوری تاڵەبانی، س.پ، ل٦٨-٦٩؛ خالد عەبدول کاکەیی مێژووی پەروەردە لەچەمچەماڵ، ئاسۆی پەروەردەیی "گۆڤار"، ژ(١٦)شوباتی٢٠٠٢، ل٩٠.

(2) شیرزاد زکریا، م.س، ص١٩٧.

(3) غازی حەسەن، س.پ، ل٦٧.

(4) بروانە: الجمهورية العراقية،وزارة التربية ،تقريرالسنوى ١٩٦٥-١٩٦٦،ص ص٢٠-٢١ ، ٣٣-٣٤ ،٩٥-٩٦ ، ١٧١.
الجمهورية العراقية،وزارة التربية،تقريرالسنوى١٩٦٦-١٩٦٧،ص ص٢٠-٢١ ، ٣٤-٣٥ ، ٧٥-٧٦ ،١٢٣.
الجمهورية العراقية،وزارة التربية،تقريرالسنوى١٩٦٧-١٩٦٨،ص ص٢٠-٢١ ،٣٢-٣٣ ،٧١-٧٢ ،١٣٥.
الجمهورية العراقية،وزارة التربية،تقريرالسنوى١٩٦٨-١٩٦٩، ص ص٢٠-٢١ ،٣٢-٣٣ ،٧٣-٧٤ ،١٢٩.
الجمهورية العراقية، وزارة التربية ،تقريرالسنوى١٩٧٤-١٩٧٥، ص ص ٧٥-٧٦، ١٤٩-١٥٠.

**دووەم:بایەخدانی شۆڕشی ئەیلول بە بواری پەروەردە:**

پەروەردە و فێرکردن یەکێك بووە لەم بواری کە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەردەوام بایەخیان پێداوە، ئەگەر سەیرکەین دەبینین لە هەموو ئەو یاداشت و بیرخەرەوانەی ئاراستەی حکومەتی عێراقیان کردووە، بەشێکی زۆری بۆ بواری پەروەردە، بە تایبەتی خوێندن بەزمانی کوردی تەرخان کراوە.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کەوتنە بەر شاڵاوی بەربڵاوی سوپای عێراق و وێرانکران، لەمەدا قوتابخانەکان بەدەرنەبوون، ئەگەر ژمارەی قوتابخانەکانی شاری کەرکوك ۱۹٦۰-۱۹٦۱ وەربگرین، دەبینین (۳۲٤) قوتابخانە بووە[1]، بەڵام بۆ ساڵی ۱۹٦۳-۱۹٦٤ ژمارەی قوتابخانەکان بووەتە (۲۹٤) قوتابخانە[2]، دیارە هۆکاری کەمبونەوەی قوتابخانەکان لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراقی بەتایبەتی ژمارەیەکی بەرچاوی گوندەکانی دەوروبەی کێڵگە نەوتیەکانی وێرانکرد خەڵکەکەی راگواستووە بۆ ناو شار، هەروەها گەڕەکێکی کوردنشینی بەناوی کۆماری لەکەرکوك رووخاند[3]، هەروەها ژمارەی قوتابیان و مامۆستایانی رووی لە کەمی کردووە، بەم شێوەیە کەرتی پەروەردە لە ئەنجامی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و کاردانەوەکانی حکومەت کەوتووەتە barودۆخێکی خراپەوە، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە چەند هەنگاوێکی ناوە، ئەوەتا لە ساڵی۱۹٦۷ (دەزگای زانیاری) کردەوە، ئەم دەزگایە چەندین کاری لە بواری پەروەدە لەکوردستان ئەنجامدا:

۱- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لە شارەکانی کوردستانی عێراق لە کەرکوك وسلێمانی و هەولێر ودهۆك هەریەك بەرێوەبەرێکی بۆ داندرا، پەروەردەی کەرکوك و سلێمانی رەمزی قەزاز[4]، بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی لە ناوچەی پێنجوێن بوو.

۲- ئەم دەزگایە هەستا بە سەرلەنوێ کردنەوەی ئەو قوتابخانانەی لە ئەنجامی شەڕ و وێران کرابوون، هەروەها کردنەوەی چەندین قوتابخانەی دیکە لەوگوندانەی کە قوتابخانەیان نەبوو.

۳- کردنەوەی خولی پەروەردەیی بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان، لەم خولانەدا چەندین مامۆستا لەم پەیمانگایە پێگەیاندران و تاوەکو رێکەوتننامەی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰ بەردەوام بوو.

٤-پرۆگرامەکانی خوێندنی شۆڕش هەمان ئەو پرۆگرامانە بوون، کە لە عێراق دەخوێندران، ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە بیری نەتەوەپەرستی عەرەبی هەبوو لابران ولەجێگەی ئەوان مێژوو وئەدەبی

---

[1] الجمهورية العراقية وزارة التربية التقريرالسنوى، ۱۹٦۰-۱۹٦۱، ص ص٤-٥، ١٤-١٥، ۳۲ -۳۳، ٥۳.

[2] الجمهورية العراقية وزارة التربية التقرير السنوى، ۱۹٦۳-۱۹٦٤، ص ص۱۲-۱۳ ،۲۳-۲٤ ،٥۲-٥۳ ،۹۲.

[3] سنور سەباح سدیق، س.پ، ل۷۷؛ نوری تالەبانی، س.پ، ل٦۸.

[4] رەمزی قەزاز لەساڵی۱۹۱۷لە سلێمانی لەدایك بووە، لەبواری نووسین وئەدەبیاتدا دەستی دیاری هەبووە چەند بەرهەمی هەیە وەك (بزووتنەوەی کورد)،(داستانی دووپالەوان)،...هتد لەساڵی ۱۹۷۳کۆچی دوایی کردووە. جمال بابان، م.س، ص۲۱٥.

کوردی دەخوێندران، سەرباری بەدەستکەوتنی کتێبەکان خوێندن ڕێکخستنەکانی شار ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە گەیاندنیان بۆ ژێر دەستی شۆڕش[1].

سەرەڕای ئەمانە ناکرێت ڕۆڵی مامۆستایانی شۆڕش لە بایەخدان بەتەنگەوەهاتنی خوێندن گرینگیدان بە پەروەردە وفێرکردنی منداڵی کورد لەیاد بکەین، کە بە بێ موچە لەپاڵ پێشمەرگایەتی ئەرکی مامۆستایەتیان ئەنجام دەدا، کە ئەوە نەبێت کە ناوبەناو یارمەتیەکیان وەرگرتبێت لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی قوتابیانی ناوچەکانی ژێردەستی شۆڕش بە بەراورد لەگەڵ قوتابیانی حکومەت کەمتر نەبووە ئەگەر باشتر و زیاتر نەبووبێت[2].

ئەوەی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ڕەوشی پەروەردە وفێرکردن لە ماوەی ١٩٦١-١٩٧٠ لە شاری کەرکوك بەشێوەیەکی گشتی لە دۆخێکی خراپ دابووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی نەتەوەکانی شارەکە، بۆیان نەبووە بە زمانی دایك بخوێنن، بەڵکو تەنیا بە زمانی زاڵ ئەویش زمانی عەرەبی خوێندراوە ئەمەش لە سیاسەتی حکومەتی عێراق دەرهەق بە خەڵکی شارەکە، بۆیە لەو ماوەیەدا لە شاری کەرکوك پەروەردە و فێرکردن لە دۆخێکی باش دا نەبووە.

**سێیەم: بواری ڕۆژنامەگەری ١٩٦١-١٩٧٠:**

بواری ڕۆژنامەگەری لە شاری کەرکوك لەو پێشهاتە سیاسی وگۆڕانکاریەکانە بەدەر نەبووە، کە بەسەر بارودۆخی سیاسی عێراق و کوردستاندا هاتووە. هەرچەندە ڕۆژنامەگەری لەدوای شۆڕشی ١٤ تەمووز بوژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، زۆرترین گۆڤار و ڕۆژنامە دەرکراون، بەڵام ئەوەی دەبینین ئەم دۆخە بەردەوام نابێت، ساڵێك بەسەر شۆڕشی ١٤تەموزدا تێنەپەرییوە ڕۆژنامەی بەشیر، وەکو یەکەم ڕۆژنامەی تورکمانی لە کەرکوکدا بەبریارێکی سەربازی داخرا، بە هۆی ڕووداوەکانی ١٩٥٩ی کەرکوك، هەروەها لەبەر نەبونی پارە دارکردنی ڕۆژنامەکە لە دەرچوون وەستاوە[3].

هەروەها ڕۆژنامەی کەرکوك ببوو بە گاورباغی بە زمانەکانی عەرەبی و تورکمانی دەرچووە، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٦٠ بەدواوە ڕۆژنامەکە کرایەوە بە کەرکوك، تاوەکو لە ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام بەشی کوردی و تورکمانی لابراو تەنیا بە زمانی عەرەبی دەرچووە[4]. هەروەها ڕۆژنامەی ئازادی کە زمانحاڵی حیزبی شیوعی عێراقی بوو لە شاری کەرکوك دەرچووە، دواترلەساڵی١٩٦٠ئەم ڕۆژنامەیەش داخرا[5].

---

[1] شیرزاد زکریا، م.س، ص١٩٩؛ خەبات "جریدە"، ع(٨٤١)، ١٩٩٧/٩/١٢، ل٩؛ عبدالحمید علی سعید البرزنجی، دور الثورة ایلول١٩٦١-١٩٧٥ فی حرکة التغیر الاجتماعی، دهۆك، ٢٠٠٧، ص١٩١-١٩٢.

[2] وەرگیراوە: لە هۆشەنگ ساڵح محمد شریف، س.پ، ل ٤٨-٤٩.

[3] نصرت مردان،الصحافه...، ص١٥٤؛ حبیب هرمزی، توثیق بدایات الصحافة الترکمانیة في کرکوك، سومر، ع(٧)، السن الثانی، اب ٢٠٠٧، ص٦٢.

[4] سمکو بەهرۆز، مێژوی گۆرانە ڕۆشنیریەکان.... ، ل٧٠؛ صباح بازرگان، م.س، ص١٠.

[5] قادر وریا، کوردستان، هەولێر ١٩٩٨، ل٧٤.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، حکومەت سانسۆری خستەسەر ئەو ئازادیە رۆژنامەگەریەی کە لە شارەکە هاتبووە کایەوە. دژایەتی توندی هەر بیروبۆچونێکی سیاسی ونەتەوایەتی کردووە، رۆژنامە و گۆڤارە نەتەوایەتی و سیاسیەکان داخراون، بۆیە لەو ماوەیەدا هیچ رۆژنامەیەکی سیاسی بەرچاوناکەوێت، ئەوەی هەبووە تەنیا چەند گۆڤار و رۆژنامەیەکی پەروەردەیی قوتابیانە وسەندیکاکانی سەر بە دەسەلات بوون، دەردەچوون، ئەو رەوشە لە دوای کودەتای شوباتی ١٩٦٣خراپتر بووە، رۆژنامەی رێگای کوردستانیش ئۆرگانی حیزبی شیوعی بەنهێنی دەرچووە، بەلام دوایی رێگای کوردستان ناچار لە٨ی شوباتی ١٩٦٣شار بەجێبهێڵن و رووبکەنە شاخ تاوەکو ساڵانی ١٩٦٤ دەربچێت[1] .

هەر لەو ماوەیەدا گۆڤاری شەفەق لە ساڵی ١٩٦٣ لە دەرچوون وەستاوە، بەم جۆرە رۆژنامەگەری لە شاری کەرکوک رووبەرووی بارودۆخێکی خراپ بووە، لە ئەنجامی سیاسەتە خراپەکانی حکومەتی عێراق، بە تایبەتی رۆژنامە کوردی و تورکمانیەکان بەشێکی زۆریان داخران، تەنیا ئەو گۆڤار و رۆژنامانە نەبێت لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدا کاریان کردووە، بۆیە لێرەدا دەبینین پەنا بۆ دەرکردنی رۆژنامەی نهێنی براوە، لەوانە گۆڤاری "پشکۆ" لە ١٩٦٧ لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی کەرکوکەوە دەرکراوە[2]. هەروەها گۆڤاری "مەشخەڵ" لە ١٩٦٧ کە گۆڤارێکی سیاسی بووە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی بەشێوەی نهێنی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەکرا، ئەوەی دەبینین لە ئەنجامی سیاسەتی حکومەتی عێراقدا لەماوەی شۆڕشی ئەیلوول هیچ گۆڤار و رۆژنامەیەکی سیاسی بەتایبەتی کوردی بە ئاشکرا لە شاری کەرکوک دەرچووبێت.

لەو ماوەیەدا کورد وتورکمان هەوڵیانداوە لە دەرەوەی شاری کەرکوکدا رۆڵیان لە رۆژنامەگەری نەتەوەکانیان هەبێت، ئەوەتا گۆڤاری"الاخاء/ قارداشلق"، لە بەغدا لەلایەن کۆمەڵێك نووسەر و ئەدیبی تورکمانی دەرچووە، نووسەران وئەدیبانی کەرکوك رۆڵی سەرەکیان هەبووە لە دەرکردنیدا، هەروەها وێستگەیەك بووە بۆ بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان[3]. هەروەها جگە لەمە لەسەر ئاستی تاکەکەسی هەوڵدراوە رۆژنامەی دیکە دەربکرێت، ئەوەتا شاکر صابر ضابط[4] لەئەیلولی١٩٦٣گۆڤاری"التراث الشعبی"، لەمایسی١٩٦٦رۆژنامەی"العراق" لە شاری بەغدا بە زمانی عەرەبی وتورکمانی دەرکردووە،

---

[1]قادر وریا، س.پ، ل٧٤؛ جەلال دەباغ، چاوگێرانێك بەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیی حزبی شیوعیدا، ڕۆژنامەڤانی "گۆڤار"، ژ(٢)ئابی ٢٠٠٠، ل٦٢.

[2]صباح بازرگان، م.س، ص٢٠؛ محمەد باقی سەعید، س.پ، ل٩٤؛ وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەری...،ل٣٨.

[3] بروانە: الاخاء/قارداشلق، ع(١)، السنة الاولى ١٩٦١،اعداد مابعدها؛ نصرت مردان، م.س، ص ١٥٤-١٥٨.

[4]شاکر صابر الضابط لە ساڵی١٩١٣لە کەرکوك لەدایك بووە، لە ساڵی١٩٣٨ کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە، بەپلەی ملازمی دووەم وێرای خزمەتی سەربازی لە بواری نوسین وڕۆژنامەگەری دەستی هەبووە، لە ساڵی ١٩٩٠کۆچی دوایی کردووە.اورهان البیاتلی، صفحات مطویة من حیاة المؤرخ شاکر صابر ضابط، الاخاء ، ع(٣١٢)، تشرین الاول ٢٠١٥، ص١٢-١٨.

ئەمانە دوو وێسگەی گرنگ بوون، بۆ تورکمانەکانی کەرکوك کە بەرهەمی ئەدەبی و نووسینەکانیان تێدابلاوبکەنەوە[1].

لەگەڵ ئەوەی بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، رۆژنامەگەری کوردی لەو ماوەیەدا لەژێر سانسۆری توندا بووە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕش لەپاڵ خەباتی چەکداری، خەباتی راگەیاندنی کردووە، هەروەك ئاماژمان بۆکرد حکومەت رۆژنامە کوردیەکانی داخست بەتایبەتی خەبات کە تا رۆژی ١٩٦١/٣/٢٨ دەرچوو کە (٤٦٢) ژمارەی لێدەرچووە. دواتر رۆژنامەی خەبات تەواوکەری لە شاری سلێمانی بە نهێنی دەرچووە. دواتر گواستراوەتەوە ئەشکەوتی گردەرەش. لێرەدا خەبات، وەکو زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش بەردەوام بوو. لە دەرچوون وگەیاندنی بارودۆخی کوردستان لە قۆناغەکانی شۆڕش بەمەش گوتاری سیاسیانەی کورد داواکارییەکانی کوردی بلاودەکردەوە[2]، هەروەها رۆژنامەی التاخی کە بەپێی بەندەکانی رێکەوتننامەی ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦ لە شاری بەغدا دەرچووە، سالح یوسفی[3]خاوەن ئیمتیاز وسەرنوسەری بووە، ئەم رۆژنامەیە لەلایەن خەڵکی عێراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەت جێگای بایەخ بووە، بەهۆی ئەو بابەتانەی بلاودەکردەوە، کە گوزارشتیان لە رای خەڵکی عێراق دەکرد. هەروەها هەوڵیدا کە لەم رێگەوە هاوسۆزی نەتەوەی عەرەب بۆ گەلی کوردستان رابکێشێت. هەروەها لەم رۆژنامەیەدا نوسەرانی کەرکوك بابەتیان بلاوکردۆتەوە لەوانە فەلەکەدین کاکەیی، ئەم رۆژنامەیە دەگەیشتە شاری کەرکوك خوێنەری هەبووە، کاریگەری گەورەی لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە هەبووە[4].

**ج- بواری ئەدەبی:**

سەبارەت بەبواری ئەدەبی لە شاری کەرکوك، لە ماوەی شۆرشی ئەیلوولدا، بەشێوەیەکی گشتی هەموو جموجۆلە ئەدەبیەکان لەژێر کاریگەری بارودۆخە سیاسیەکان دابووە، ئەو واقعە دژوارە بەسەر کەرکوکدا هاتووە ، شێوازی خەباتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی و رزگاری بووەتە کەرستەی ئەدەبی.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی١٩٦١، رەوشی ئەدەبی کوردی کەوتە قۆناغێکی ترسناکەوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەشێك لە ئەدیباتی کورد پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد، یان تووشی راوەدوونان و هەلاتن و دەستگیرکردنی بوون، لێرە بەدواوە بەرهەمە ئەدەبیەکان لە چوارچێوەی

---

[1] العراق"الجريده"ع(٢٤)١٩٦٦/١١/٢٢؛ ارشد هرمزی، م.س، ص ١١١؛ نصرت مردان، م.س، ص١٦٨.

[2]هۆشەنگ صالح محمد شريف، س.پ، ل٥٠؛ نەوزاد عەلی، خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٨،ل ١٣-١٥.

[3]سالح عەبدوڵلا نەجمەدین تەها یوسفی لە ساڵی ١٩١٨ لە ناوچەی بامەرنی سەر بە قەزای ئامێدیێ لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٤٣ کۆلیژی زانستەکانی بەغدای تەواوکردووە لەبواری شیعر ورۆژنامەگەری دەستی هەبووە، هەر لە تەمەنی لاویەتیدا دەچیتە ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد. لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٨١ لەلایەن رژێمی بەعسەوە لە شاری بەغدا تیرۆر کراوە. بروانە:عبدالسلام علی، صحفات من نضال الشهيد صالح اليوسفي، د.م،١٩٩٢، ص٧-٢٩.

[4]وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان ...، ل٤١؛ سعد ناجی جواد، م.س، ص ١٣٠.

بەرگری و نیشتمانپەروەری و شۆرشگێری دەخولاًنەوە[1]، ئەوەتا دوایی دەستگیرکردنی خالید دلێری ئەدیب وشاعیر لە بەندیخانەی تاکەسی کەرکوکدا دەڵێت:"دوای هێرشی حکومەت بۆسەر شۆڕشی کورد و ناوچەکانی کوردستان، قاسم لە دەربەندیخان وتارێکی دا، دەیوت ئەوان یاخیبون و پیاوی ئیستعمار و حلفی سەنتۆن هەموویانم لەناوبردن، ئەوانەی ماونەتەوە بۆ باوەشی حلفی سەنتۆ و ئاودیوی ئێران بوون. ئاگام لە هیچ نەبوو، بەلاًم بروای تەواوم بە جەماوەری گەڵەکەمان بوو، کە گوێم لە وتارەکەی قاسم بوو، بڕیارمدا وەلاًمی بدەمەوە لەوکاتە و ساتەدا یەکەم سرودی پێشمەرگەم دانا[2]. دەڵێت:

پێشمەرگەی بەهەڵمەتین پاڵەوانی میللەتین
شێری ڕۆژی زیللەتین لە پێناو سەربەخۆی کوردستان
بەخت دەکەین:ژیانمان:ومال و گیانمان لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان[3]

بارودۆخی ئەدەبی لەشاری کەرکوك لەدوای کودەتای بەعسیەکان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ چووە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، بەهۆی ئەو رەفتارە توندانەی حکومەت بۆسەر ئەدیبان و نوسەران وشاعیران، ئەوەتا کەوتنە جێبەجێکردنی بریاری لەسێدارەدانی چەندین کەسایەتی دیاری شارەکە، لەناویاندا چەند ئەدیبی تێدا بوو، وەکو چیرۆکنووس و ئەدیب و شاعیر مارف بەرزنجی وهاوڕێکانی بەبیانووی گلاًنیان بەرووداوەکانی ساڵی١٩٥٩ شاری کەرکوك لەسێدارەدران[4]، هەروەها یەکێکی دیکە لەو هەنگاوانە داخستنی گۆڤاری شەفەق بوو، ئەم گۆڤارە خزمەتی گەورەی بە رەوشی ئەدەبی کوردی کردبوو، بەداخستنی زیانێکی گەورەی بە رەوتی ئەدەبی کەوت لە شارەکەدا. لەئەنجامی ئەو سیاسەتە وێرانکاریانە حکومەتی بەعس بۆ سەر شارەکە لێرەدا بووەتە بابەتی ئەدەبی شاعیرانی کەرکوك، لوتفی شاعیر دەیان شیعری لەسەر زوڵم و زۆردارییەکانی نووسیوە، لە شیعرێکیدا لەم بارەیەوە دەڵێت:

کوردە بنوارە لە کردار ئەوزاعی زەمان خاکی تۆ ئەمرۆ سەرانسەری پڕە لە جەوری دوژمنان
ئاگرن زۆرداری بە جاریٚ کوردستان وێران ئەکا[5].

هەروەها شێخ رەئووف خانەقا لە شیعرێکدا گوزارشت لە زوڵم زۆرداری هاتنە سەرکاری بەعسی دەکات لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەڵێت:

ڕۆژی هەشتی، سال شەستی وسیٚ
مێژووی دەرناچیٚ لەبیری کەسیٚ
مێژووی ئەم ڕۆژە پڕ لە برینە
ڕۆژی مردن .

---

[1] ئاریان ئیبراهیم، ڕۆژنامەی برایی/برایەتی رۆڵی لەپێشخستنی ئەدەب ورۆشنبیریی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٣٣.
[2] خالید دلێر، س.پ، ل٢٦-٢٧
[3] ه.س، ل٢٢٢.
[4] مستەفا عەسکەری، س.پ، ل٥١-٥٣؛ عامرعلی سمر، م.س، ص٢٥٨.
[5] دیوانی لوتفی، س.پ، ل١٠٩

## بەڵی هەشتی شەش، مانگ حوزەیران

## کوردستان کەوتە بن بۆردومان[1]

کۆمەڵەی ئەدەبی کەرکوك کە یەکێك بوو لە دیارترین گرووپە ئەدەبیەکانی لەسەر ئاستی عێراق تووشی پەرتەوازیی بوون، لەلایەن بەعسیەکانەوە دەست بەسەرکران و هەندێکیان ناچار کران شاری کەرکوك جێبهێڵن[2]. ئەوەتا سەلاّح فایەق رووی کردە ناو ریزەکانی شۆڕشی ئەیلوول، سەرگول پولص رووی کردە سوریا پاشان بۆ ئەمریکا. هەریەك لە ئەنوەرغەسانی زوهدی داودی جەلیل قەیسی دەستگیرکران، لەبەر ئەوەی ئەمانە بیرۆکە چەپیان هەبوو، بەعسیەکان بەیانی(١٣)ی لەناوبرنی شوعیەکانیان دەرکرد، بەر ئەم شالاّوە کەوتن، لەلایەکی دیکەوە هەر بەم هۆیەوە کە نەیتوانیوە هەڵوێستی روونیان لە بەرابەر رووداوەکانی١٩٥٩هەبێت، ئەمە وایکرد قەحتان هورمزی لە کۆمەڵەیە دووربکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە لەهەموو پێکهاتەی شارەکە، بەبێ جیاوازی توانیویانە بیروراکانیان ئاڵوگۆربکەن، بەلاّم رووداوە سیاسیەکان کاریگەریان لەسەر ئەم فرە رەنگییە دروست کردووەو پەرتەوازەی کردوون، هەرچەندە دواتر توانیان لەگەڵ چەندانی دیکە لە هەموو عێراقەوە چەندین بەرهەمی ئەدەبی پێشکەش بکەن، کە بەنەوەی شەستەکان ناسراون (جيل الستينات). ئەوەی جێگای ئاماژەیە تەنیا جەلیل قەیسی لە کەرکوك مایەوە، کۆمەڵێك لە شاعیر و نووسەر، ئەدەبی دیکە لە نەتەوە جیاوازەکانی شارەکە گروپێکی دیکەیان دروست کردووە، لەنێوان سالانی ١٩٦٤-١٩٦٨ بە کۆمەڵەی دووەمی کەرکوك ناسراون، ئەم گروپەش کاریگەریان لەسەر بزوتنەوەی ئەدەبی فەرهەنگی شارکەدا دروست کرد[3]، هەروەها ئەوەی دەبینین بەشێکش لەنووسەران ئەدیبانی تورکمان لە ژێر کاریگەری رووداوەکانی سەردەمی قاسم پشتگیریان لە کودەتای ٨ی شوباتی١٩٦٣ کردووە[4]، هەروەها گۆڤاری "الاخاء" و رۆژنامەی "کەرکوك" گۆشەی تایبەتی بۆ بابەتی ئەدەبی تەرخان کردبوو، بەمەش زیاتر بوار بۆ نووسەران وئەدیبانی عەرەب و تورکمان لە شارەکە رەخساندبوو، ئەمە وای لە بزووتنەوەی ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبی کوردی لە شارەکە بەرچاوتر دەربکەوێت.

بەم شێوەیە رەوشی ئەدەبی کوردی لە شاری کەرکوك، تا رێکەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ گۆرانکاڕی بەسەردانەهات لەدۆخێی چەق بەستوو دابووە، بەلاّم ئەو کەشەی رێکەوتننامەکە رەخساندی وایکرد چەندین بلاّوکراوە دەربچن لەوانە (الاخبار) و رۆژنامەی (التاخی/برایەتی) کە لاپەرەی تایبەتیان بۆ ئەدەب تەرخان کردبوو، هەرلە بارەی پەیوەندی ئەدەبی کوردی و رۆژنامە کەمال مەزهەر دەڵێت:"لەرۆژی پەیدابوونیەوە رۆژنامەنووسی کورد شوێنی دیاری بۆئەدەبی کوردی تەرخان

---

[1] شێخ رەئوف خانەقا، س.پ، ل٩٦-١٠٠.

[2] لەتیف هەڵمەت، گروپی کەرکوك...، ل١٥

[3] فاروق مصطفى، جماعة كركوك التتمات...، ص٥٨؛ لەتیف هەڵمەت، هـ.س، ل١٥.

[4] محمد مردان، م.س، ص١٣٠.

کردووه" بایەخیان بە لایەنی ئەدەبی داوە[1]. رۆژنامەی برایەتی زۆربایەخی بەبلاۆکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی ئەو سەردەمەداوە، بەمەش نووسەرانی کەرکوك بەرهەمە ئەدەبیەکانی خۆیان تێدا بلاۆکردووەتەوە، هەروەها لەبەر ئەو دۆخە سیاسیەی کوردستان لێرەدا شاعیرانی کورد بە بیروباوەری بەرگری نەتەوایەتی دەیانووسی[2]. هەروەها لەسەردەمەدا کە بیروباوەری مارکیسزم رێبازە ئەدەبیەکانی وەك سیمبولیزم وسۆریالیزم ئەم رێبازانە لەرێگەی گۆڤارەکانی (الادیب والاداب والفکر المعاصر والاقلام والشعر و..هتد) بۆ ناو رۆشنبیرانی کوردستان و عێراق دەگوێزرانەوە. کاریگەری لەسەر رۆشنبیریی هەبووە کە بەلایەنی نوێخوازییەوە دەچوون[3].هەروەها لە کوتایی شەستەکان بەهۆی ئەو بیر و هزرانەی لەناو ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵدابوو، جۆرێك لە یاخیبوون لە ناوشاعیرانی نوێخواز بەدەرکەوت بۆ رزگاربوون لەکۆت و بەندی کلاسیك بەرەو قۆناغێکی نوێ کەئەویش گروپی کفری-کەرکوك بوو، ئەم گروپە رۆلێکی بەرچاو دیاری هەبوو لە بەرەو پێشڤەچوون و نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی و ژانەرەکانی ئەدەب بەگشتی وشیعرو چیرۆك بەتایبەتی[4].

**د-بواری هونەری:**

هەرچەندە رەوشی هونەری لەشاری کەرکوك لەدوای شۆرشی ١٤ی تەموز١٩٥٨ گەشانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەلاَم ئەم گەشەسەندنە زۆری نەخایاند، بەتایبەتی هونەری کوردی ئەمەش لەگەلّ هەلّگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، هەندێك پەیوەندیان بە شۆرشەوە کرد بەشێکیش لە هونەرمەندان بە بیانووی پەیوەندیان بە شۆرشی کوردیەوە دەستگیرکران.

سەبارەت بە بواری شانۆ لەم قۆناغەدا حکومەتی عێراقی هەموو ئەو تیپ و یانە وکۆمەلّە رێکخراوەکانیانی داخست، ئەوکات تیپی خەبات هەبوو، کە چەندین شانۆگەری خۆمالّی کوردی نمایشکرد، بەلاَم بەهەلّگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول تیپەکە چالاکیەکانی وەستا، بەوەی هەریەك لەهونەرمەندان خالد دلێر ومستەفا نەریمان دەستگیرکران[5]، کە رۆلّی گەورەیان هەبوو لە نووسین و دەرهێنانی شانۆی کوردی بە داخستنی تیپی خەبات بزووتنەوەی شانۆی کوردی لە شارەکە گەورەترین زیانی بەرکەوت، بە بەراورد لەگەلّ شانۆی نەتەوەکانی دیکەی شارەکە پاشەکشەی تەواوی کرد. فازل جاف لەم بارەیەوەدەلّێت:"لە سالّانی شەستەکان هیچ بەرهەمێکی شانۆیی بە زمانی کوردی

[1] وەرگیراوە لە: ئاریان ئیبرایم، س.پ، ل ١٢٦.

[2]ئاریان ئیبرایم، ه.س، ل ١٣٢؛ قارەمان حەیدەر رەحمان، بزوتنەوەی رۆشنبیریی کوردی لەشاری هەولێر١٩٧٥-١٩٩١، لێکۆلینەوەیەکی مێژوییە، کۆلێژی -زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٤، ل٢٤.

[3]کاکەمەم بۆتانی، ژانە رێیە خۆلەمێشیەکان، ب٢، کوردستان، ٢٠٠٧، ل٧٤.

[4] بروانە بەشی یەکەم تەوەری سێیەمی توێژینەوەکە.

[5]مستەفا نەریمان، س.پ، ل١٧٢؛ خالید دلێر، س.پ، ل٢٦.

**له شاری کەرکوك نمایش نەکراوە[1]. تەنیا ئەوە نەبێت قوتابیان ومامۆستایانی کورد لە چالاکی قوتابخانەکان بەشدارییان کردووە.**

**دوای دەرچوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەقوتابیانی کەرکوك لەپەیمانگاکانی هونەرە جوانەکانی بەغدا و گەرانەوەیان وەکو مامۆستا توانیویانە گەشە بە بواری شانۆ لە کەرکوکدا بدەن، بەتایبەتی شانۆی پەروەردەیی لەبواری هاندان بۆ خوێندن وپاك وخاوێنی و...هتد، ئەوەی دەبینین حکومەتی عێراق سانسۆری خستبووە سەر هەر جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبی هونەری نەتەوەکانی دیکە جگە لە نەتەوەی سەردەستە کە ئەو شانۆگەریانەی لەو ماوەیەدا نمایشکراون بەزمانی عەرەبی بوون و ناوەڕۆکەکانیان لە بابەتی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی زیاتری نەبەزاندووە[2] .**

**سەبارەت بەبواری شێوەکاریش بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە بەسەر شارەکەدا هاتبوو بەدەرنەبووە، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕش هونەرمەندان تووشی راوەدونان و دەستگیرکردن بوونەتەوە، هەروەك دەبینین عەبدوڵلا ئەمین دامەزرێنەری کۆمەڵەی هونەری کەرکوك بە بیانووی پەیوەندی بەشۆڕشی کوردەوە بە مادەی(٨٠)ی سزادانی عێراقی سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا، دوای دوو ساڵ زیندانی لە ساڵی ١٩٦٣ ئازاد دەبێت پاشان روو لە هەندەران دەکات[3]، جگە لەمە هونەرمەند سینان سەعید بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن رووی لە کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەت کرد، تەنیا(مەحمود عوبێدی) مایەوە ئەویش کرا بە سەرپەرشتی چالاکی قوتابخانە لەم رێگەیەوە توانی چەند پێشانگایەك بکاتەوە، بەهۆی ئەو دۆخەی بەسەر شارەکە داهات بزوتنەوەی شێوەکاریش تووشی سستی بوو. تەنها چەند هەوڵێکی تاکەکەسی نەبێت لە ماوەی شەستەکاندا کە لە پەنجەی دەست تیٚ پەڕی نەکردووە[4].**

**سەبارەت بە بواری گۆرانی ومۆسیقا لەم شارەدا دوای دامەزراندنی تیپی مۆسیقای بێکەس لەساڵانی ١٩٥٧-١٩٥٨، وەکو یەکەم تیپی هونەری چەندین چالاکی هونەری و گۆرانی ومۆسیقا لەبۆ نەو یادە نیشتیمانی و نەتەوەیەکاندا ئەنجام بدات. بەڵام دواتر چالاکیەکانی ئەم تیپە رووی لە کەمی کرد، بەتایبەتی دوای کودەتایی ٨ی شوباتی١٩٦٣، سیاسەتەکانی دژی بە کورد یەك لەو بوارانەش بواری هونەریی گۆرانی مۆسیقای کوردی بەدەر نەبووە لەو سیاسەتە توندەی کۆسپ و تەگەرەیان بۆ هونەرمەندان دروست کردووە، هونەرمەند رەمەزان زامدار یەکێك لە دامەزرێنەران و ئەندامە دیارەکانی دەستگیرکرا، لێرە بەدواوە چالاکی لە گۆڕەپانی هونەری کوردی لە شاری کەرکوك نەما، تاوەکو دامەزراندنی تیپی سۆلاڤ کە ئەم رۆڵی بەرچاوی لەزیندووکردنەوەی هونەر وگۆرانی کوردی لە شاری کەرکوکدا بینی[5]. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ رۆڵی تەلەفزیۆنی کەرکوك بکەین لەبواری گۆرانی و**

---

**[1]فازیل جاف، شانۆ روانینی نۆی داهێنان، چاوپێکەوتنی:محمود زامدار و ئازاد عەبدولواحید،٢٠٠٠، ل٣٨.**

**[2] ه.س، ل٣٧.**

**[3]مستەفا زەنگنە، س.پ، ل٨٧.**

**[4]سنان سعید، م.س، ص٢٢؛ بهجت غمگین، محمود العبیدی، مؤسسة...، ص١٥.**

**[5]شێخ ستار عەبدوڵلا بەرزنجی، س.پ، ل٤٥-٤٦.**

مۆسیقادا له شارەکە، هەرچەندە بڕیاری دامەزراندی دەگەڕایەوە بۆ یادی سێ ساڵەی دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری له عێراق، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول دواخرا، تاوەکو ڕێکەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی١٩٦٦بەکردنەوەی تەلەفزیۆنی کەرکوك تەکانێکی گەورەی بەبواری گۆرانی ومۆسیقای کوردی و تورکمانی دا له شارەکەدا، بەمەش هونەرمەندانی شارەکە چەندین بەرهەمیان تۆمارکرد[1].

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ هاشم جەباری، ٢٠١٥/٩/٩.

## تەوەری سێیەم: پێشهاتە سیاسییەکانی ساڵانی١٩٧٠-١٩٧٤ کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی شاری کەرکوک:

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ چەند پێشهاتێکی سیاسی لە عێراق و کوردستان هاتە کایەوە، ئەو پێشهاتە سیاسییانە کاریگەری گەورەیان کردە سەر ڕەوتی ڕۆشنبیریی لە شارەکەدا دیارترینیان ڕێکەوتننامەی١١ی ئاداری١٩٧٠، پێدانی مافە ڕۆشنبیرییەکانی تورکمان و سریان هەموو ئەو پێشهاتانە تەکانی گەورەیان بە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی لە شاری کەرکوك دا .

بەعسییەکان لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ بۆجاری دووەم بە کودەتایەکی سەربازی دەسەڵاتیان لە عێراق گرتەوە دەست[١]. لە بەیانامەکیاندا ئاماژەیان بە چارەسەری پرسی کورد کرد، هەروەها لە ٣ی ئابی هەمان ساڵدا بەعسیەکان پەیوەستی خۆیان بە ڕێکەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ نیشاندا چەند بڕیاریکیان دا لەوانە: ناردنە دەرەوەی قوتابیانی کورد بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی خوێندن، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد و کردنەوەی زانکۆیەك لە سلێمانی، هەروەها لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٦٨ بڕیاریاندا جەژنی نەورۆز کە دەکاتە ڕێکەوتی ٢١ ئادار لەهەموو ساڵێکدا بە جەژنی فەرمی کورد دابنرێ ئەو ڕۆژە لە عێراقدا بکرێتە پشووی فەرمی[٢]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەعسیەکان کاریان دەکرد بۆ قوڵکردنەوەی ململانێی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد[٣]. بەهۆی سەرنەگرتنی گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی عێراق وشۆڕشی کورد، جارێکی دیکە شەڕ دەستی پێکردەوە هێزەکانی شۆڕشی کوردی زیانی گەورەیان لە حکومەتی عێراقی دا بەتایبەتی هێرش بۆسەر هێڵی شەمەندەفەری کەرکوك-بەغدا لە کانونی یەکەمی١٩٦٨ لێدانی بیرە نەوتیەکانی کەرکوك لە شەوی ١-٢ی ئاداری١٩٦٩. پێکدادان لە نێوان هێزەکانی حکومەت و شۆڕشگێران لەناوچەکانی کوردستان بەردەوام بوو، لە زۆربەی شەڕەکاندا هێزەکانی حکومەت توشی شکست بوو[٤].لەو کاتەدا گۆڤاری "الثورة العربية" لە لێکۆڵینەوەیەکیدا ئەو ڕاستیەی خستەڕوو کە بەعسییەکان دانیان بەوەدانا، کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد بە هێزە دەبێت دانوستانیان لەگەڵ بکەین[٥]. بۆیە حکومەتی عێراقی نەك هەر نەیتوانی بەهەوڵە سەربازییەکانی شۆڕشی کورد دابمرکێنێت، بەڵکو زیانی سەربازی گەورەی بەرکەوت، بۆیە بەناچاری بیری لەچارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد کردەوە[٦]. جارێکی دیکە لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٦٩ دانوستاندن دەستی پێکردەوە، یەکەم هەوڵی حکومەت لە ٩ی تشرینی

---

[١]سعد ناجي جواد، م.س، ص٤٤؛ ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل ٢٤٣.

[٢]فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق ١١ی مارتی١٩٧٠-١١مارتی ١٩٧٤ توێژینەوەیەکی مێژوویی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٣-٣٤.

[٣]لەم بارەیەوەی بڕوانە: هـ.س، ل ٣٤؛ ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٢٤٣-٢٥٥.

[٤]سعد ناجي جواد، م.س، ص١٥٥؛ وصفی حەسەن، داستانا لێدانا گازخانا کەرکوك ل١٩٦٩/٣/١، هەولێر،٢٠١٠، ل١٥-٣٠.

[٥]وەرگیراوە: لە پشکۆ حمە تاهیر عەبدولرحمان شاری کەرکوك ١٩٥٧-١٩٧٧...، ل ٢١٦.

[٦]فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوللا، س.پ، ل ٣٦

یەکەمی مافی رۆشنبیریی گەلی کوردی سەلماند.وەك: زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانەکان دەبێت بخوێندرێت، لێکدانەوەو راڤەکردنی وانەکان لە قوتابخانە کوردییەکاندا بە زمانی کوردی بێت زمانی عەرەبی دەبێتە زمانی دووەم، کتێبە زانستی و ئەدەبی و سیاسییەکان کە لەبارەی کورد بە زمانی کوردی نووسراون دەخرێتە کتێبخانە گشتیەکان وکتێبخانەی قوتابخانەکانەوە، رێگە بە نووسەران وشاعیرانی کورد دەدرێت، کە یەکێتیەکی سەربەخۆیان دابمەزرێنن وبەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی بۆ رۆشنبیریی دابمەزرێنن رۆژنامە وگۆڤار بە زمانی کوردی بڵاوبکرێتەوە، ماوەی بەرنامەی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك زیاد بکرێت تا دانانی تەلەفزیۆنێکی کوردی و...هتد[1].

ئەم هەوڵانەی بەعسییەکان بۆ نیشاندانی نیازپاکی خۆیان بوو، بەم شێوەیە گفتوگۆکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩لە نێوان حکومەت وسەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەستی پێکرد، لەسەر بنەمای لامەرکەزی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەچوارچێوەی عێراق، حکومەتی عێراق ئامادەیی خۆیان نیشاندا لەسەر پێدانی ئۆتۆنۆمی. لە گفتوگۆکاندا لێگەیشتنی باش هەبوو[2]، بەڵام کاتێك دەهاتە سەر دیاری کردنی سنوری ئۆتۆنۆمی بەتایبەتی لەسەر شاری کەرکوك و خانەقین و شەنگال پرۆسەکە سستی تێکەوتووە. نوێنەرانی بەعس بە نوێنەرانی کوردیان ووتووە دەبیٚ مستەفا بارزانی کەرکوك وهەرچی ناوچەی نەوتی هەیە لە بیر خۆی بباتەوە[3]. دانوستاندیان لەسەر ناکرێت لەبەرانبەردا شاندی کوردی بە بەعسیەکانیان راگەیاند بەهیچ شێوەیەك دەست لە کەرکوك وئەو ناوچانە هەڵناگرین، دوای گەڕانەوەیان لە بەغدا ئەمەیان بە بارزانی راگەیاند مستەفا بارزانی لەسەر ئەوە پێداگری کردووە، کەرکوك وناوچە نەوتیەکانی باکوری عێراق، دەبێت لە سنوری هەرێمی ئۆتۆنۆمی دابن، شاری کەرکوك بکرێتە ناوەندی ئۆتۆنۆمی کوردستان[4]. بەم شێوەیە لەسەر پرسی کەرکوك دانوساندنەکان بۆ ماوەیەك وەستا. بۆ چارەسەری ئەم گرفتە جارێکی دیکە لە ١٠ی کانونی دووەم١٩٧٠ گفتوگۆ لەسەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری کردنی سنوری ئۆتۆنۆمی دەستی پێکرد حکومەت پێشنیاری کرد، کە هەولێر وسلێمانی ودهۆك بگرێتەوە، کەرکوك وشەنگال وخانەقین ناوچەکانی دەوروبەری موسڵ لە گفتوگۆکانی دیکە قسەی لەسەر دەکرێت تەنانەت شاندەکە دابەشکردنی کەرکوك بەپێی رووباری خاسە خستە روو، بەڵام ئەم پێشنیارانە لەلایەن سەرکردایەتی شۆرشی کوردەوە رەتکرانەوە، بەڵکو جەختیان لەسەر چارەسەری پرسی کەرکوك لەسەربنەمای سەرژمێری ١٩٥٧کردووەتەوە[5].

دوابەدوایی ئەمە حکومەتی عێراق شاندی نارده لای سەرکردایەتی شۆرشی کورد، یەکێك لەئەندامانی شاندەکە بە بارزانی ووتبوو: کەرکوك کوردستانی نیە، کیٚ دەتوانێت ئەمە بسەلمێنێت، بارزانی بەتوڕەییەوە لەوەڵامدا پێیدەڵێت"من دەڵێم کەرکوك کوردستانییە، ئاگاداربە لەوەی بڵێین

---

[1]طارق جامباز و جبار قادر، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة ١٩٦٨-٢٠٠٣، اربيل،٢٠١٣، ص٣٨-٣٩.

[2]مسعود بارزانی، س.پ، ل ٢٤-٢٥.

[3]ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل ٢٥٤.

[4]پشکۆ حمە تاهیر عەبدولرحمان، شاری کەرکوك ١٩٥٧-١٩٧٧ ...، ل ٢٢٨.

[5]مسعود بارزانی، س.پ، ل٣٩؛ محمود عثمان، م.س، ص٣٤٦.

**کوردستانی نیە، بەڵکو بڵێ ئێمە داگیرمان کردووە، تەنانەت یەك کوردیش لە کەرکوکدا نەمێنێت شارێکی کوردییە، زۆر باش بزانە بە هەموو جۆرێك دەستبەرداری نابین"** بەم شێوەیە جارێکی دیکە دانوستاندنەکان لەسەر کەرکوك وەستاوە، بەڵام دواتر شاندێکی عێراقی لە ی ئاداری١٩٧٠ سەردانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیان کردووە، حکومەت ئامادەیە واژوو لەسەر سەرجەم بابەتەکانی دیکەی، کە لە دانووستاندنەکانی پێشووتردا لەبەغدا و ناوپردان پێگەیشتون بکات، ئەوەبوو لە شەوی ٩-١٠ واژووی رێکەوتنامەیەك لە نێوان سەدام حوسێن ومستەفابارزانی لە ناوپردان کرا، کە ئۆتۆنۆمی بە کورد بدرێت بۆ پارێزگاکانی (هەولێر وسلێمانی ودهۆك)، کەرکوك وخانەقین شەنگال ناوچە کوردنشیەکانی دەوروبەری موصل بۆ دوای بمێنێتەوە لە ماوەی چوار ساڵی رێکەوتننامەکە چارەسەر بکرێت[1]. بەم شێوەیە کەرکوك لەدۆخێکی هەڵواسراو ئاڵۆزدا مایەوە، هەر ئەمەش هۆکاری هەڵگیرسانەوەی شەڕ بووە لە نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا.

بەم شێوەیە ئێوارەی١١ی ئاداری١٩٧٠ بەفەرمی لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا رێکەوتننامەکە راگەیەندرا[2]. رێکەوتنامەکە لە(١٥) مادەی ئاشکرا(٧) و مادەی نهێنی پێکهاتبوو. ئەم رێکەوتننامەیە، لە رووی سیاسیەوە چەندین دەستکەوتی گرینگی بۆکورد تێدابوو، دانانی کوردێك بۆ جێگری سەرۆك کۆمار، دابین کردنی بەشێك لە داهات بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، دامەزراندنی کورد لە دامەزراوە حکومی وسەربازییەکاندا. هەروەها گەڕاندنەوەی ئەوانەی بەهۆی شۆڕشەوە دوورخرابوونەوە، ئەمە زیاتر پەیوەست بوو بە شاری کەرکوك، چونکە لە هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەهۆی بوونی نەوت خەڵکەکەی دوورخرابوونەوە، هەروەها ئاماژە بە گەراندنەوەی ئەو عەرەبانەی هاتبوونە ئەو ناوچانە بگەرێندرێنەوە جێگەی پێشوویان، کە ئەمەش لەم رێگەوە چارەسەری پرۆسەی بەعەرەبکرنی دەکرد، کە حکومەتەکانی عێراق ودەسەڵاتدارانی بەفەرمی لە کەرکوك و دەوروبەری ئەنجامیان دەدا.

رێکەوتننامەکە(٧) بەندی نهێنی وەك پاشکۆیەك لەگەڵ دابوو، کە بەپێی بەندی حەوتەمی، دەبوو سەرژمێری گشتی هەمەلایەنە لە عێراق لە ماوەی یەك ساڵ دوای واژووکردنی رێکەوتننامەکە بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن بە پشت بەستن بەسەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٧ کە بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك[3].

ئەوەی شایانی باسە ئەم رێکەوتنامەیە لەلایەن خەڵکی عێراق بەگشتی و کوردستان و شاری کەرکوك و بەتایبەتی کوردەکان پێشوازی گەورەی لێکرا. ئەم رێکەوتننامەیە یەکێکە لە دەستکەوتە گەورەکانی شۆڕشی کورد، لەرووی مێژووییەوە بەڵگەنامەیەکی گرینگە، دان پێنانێکی فەرمییە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە بە مافەکانی گەلی کورد، ئەگەرچی حکومەت هەندێك لە بەندەکانی جێبەجێ نەکرد، هەرلەسەرەتاوە نیەتی جێبەجێ کردنی تەواوی رێکەوتنەکەی نەبوو، بەتایبەتی بۆ

---

[1] مسعود بارزانی، س.پ، ل٤٣؛ ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٢٥٠.

[2] ه.س، ل ٤٥؛ سعد ناجی جواد، م.س، ص١٦٦.

[3] پشکۆ تاهیر عەبدولرەحمان، کەرکوك ١٩٥٧-١٩٧٥...، ل ٢٣٤.

کەرکوك وشنگال و خانەقین ناوچە کوردییەکانی دەوروبەری موصل، کە خاڵی سەرەکی جیاوازییەکانیان بوو، خۆی دەدزییەوە کە پێویست بوو سەر ژمێریەکە لە ساڵی ١٩٧٢ ئەنجام بدرایە چارەسەری ئەم پرسەی بکردایە[1]. هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی[2]، هەروەها لە بری گەراندنەوەی عەرەبە هاوردەکان بەپێی بەندی(٨)ی ڕێکەوتنامەکە، بەڵکو بەردەوام بوون لە هێنانی عەرەب بۆ شارەکە و چەند گەرەکێکیان لە شارەکە بۆدروست کردن ناوی عەرەبیان لێندراوە، وەکو (کرامە وموسەننا). لەبەرانبەردا چەندین فەرمانبەری کوردی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك دەرکراون[3].

ئەوەی جێگای ئاماژەپێدانە لە حوزەیرانی ١٩٧٢ حکومەتی عێراق نەوتی خۆماڵی کرد. بەم شێوەیە سەرچاوەی دارایی زیاتری دەست دەکەوت لە ٧٠٪ نەوتی عێراق لە کەرکوك دابین دەکرا، لە هەمان کاتدا قەیرانی وزەی جیهانی نرخی نەوتی بەرز دەکردەوە، ئەوەندەی دیکە حکومەتی عێراق پێگەی کەرکوکی لەلای بەرزتر بووە. هەر ئەمەش وایکرد ناوی شارەکە بگۆڕێ بۆ (التامیم) کە ئەم ناوە هیچ مانایەکی شارستانی، پەیوەند بەخەڵکی شارەکەوە بەتایبەتی کورد تورکمانەوە نەبووە، ئەوەنەبێت تەنها مەفهومێکی ئابووری بە مەبەستی بەعەرەبکردنی شارەکە بووە[4]، پرۆسەی بەعەرەبکردنی شارەکە، کە لەوماوەیەشدا بەردەوام بوو، هەموو ئەو هۆکارانە پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراقی وسەرکردایەتی شۆرشی کورد بەرەو خراپی برد، بەتایبەتیش لە سەردیاری کردنی سنوری ناوچەی ئۆتۆنومی پارتی دیموکراتی کوردستان لە٩ی ئاداری ١٩٧٣ڕەشنووسی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی پێشکەشی حکومەتی عێراقی کرد[5]، بەڵام حکومەت بەتوندی ڕەتی کردەووە، سەرەڕای چەندین هەوڵی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، بەڵام ئەم هەولانە سەرکەوتوو نەبوو، سەرەنجام ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی عێراق لە ئاداری ١٩٧٤ یەکلایانە ئۆتۆنۆمی کوردستانی ڕاگەیاند[6]، کە هەولێر وسلێمانی ودهۆك گرتەوە کەرکوکیش لەدەرەوەی ئۆتۆنۆمیەکە دانرا[7]. بەم شێوەیە پرسەکە سپێردرا بەسەرژمێرییەك بڕیار لە چارەنووسی ئەم ناوچانە بدات[8].

---

[1] پشکۆ تاهیر عەبدولرەحمان، کەرکوك ١٩٥٧-١٩٧٥...، ل ٢٣٤-٢٣٥؛ جەمال نەبەز، س.پ، ل٢١٨.

[2] لە٢٩ی ئەیلوولی١٩٧١دەزگای ئیستخباراتی عێراقی چەند مەلایەکیان ڕەوانەی لای بارزانی کرد، بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی کوردو عەرەب هاتبوون، بەڵام تەقەمەنیان لێ بەسترابوو، نێردرا بوونە لای بارزانی خۆیان تەقاندنەوە، بەڵام ئامانجەکەیان نەپێکا لەم هەولە تیرۆرستییە بارزانی ڕزگاری بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مسعود بارزانی، س.پ، ل٦٩-٧٦؛ گوینتەر دیشنەر، س.پ، ل٢٣٢.

[3] ئازاد نەقشبەندی، س.پ، ل٢٨؛ سنور سەباح سدیق، س.پ،ل٩٧.

[4] سنور سەباح، ه.س، ل ٩٧-٩٨.

[5] مسعود بارزانی، س.پ، ل١٢٦؛ پشکۆ تاهیر عەبدولرەحمان، کەرکوك ١٩٥٧-١٩٧٧..، ل٢٤٢؛ حبیب محمد کریم، تاریخ الحزب الدیمقراطی الکردستانی....، ص٢٦٥-٢٧٢.

[6] الوقائع العراقیة، ع(٢٣٣٢)، ٢٦ اذار١٩٧٤، ص١-٢.

[7] کریس کوچیرا، کورد لە سەدەی نۆزدەی، و:حمە کریم عارف، هەولێر، ٢٠٠٧.، ل ٣٧٥.

[8] پشکۆ تاهیر عەبدولرەحمان، کەرکوك ١٩٥٧-١٩٧٣....، ل ٢٤٥؛ نادرئینتشار، نەتەوایەتی کورد، و:عەتا قەرەداغی، سلێمانی،٢٠٠٤، ل ل ١٥٩-١٦٠، ١٦٧.

بەپێی یاسای ئۆتۆنۆمی حکومەتی عێراق١٩٧٤ بەشێکی گەورە و دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی لە خاکی کوردستان دابڕی، لەسەر ئەم ناوچانەگرژی کەوتە نێوان سەرکرایەتی شۆڕشی کورد وحکومەتی عێراق، بۆیە دەبینین سەرکردایەتی کورد بەهیچ شێوەیەك ئامادەنەبووە دەست لەسەر کەرکوك وناوچەکانی تر هەڵبگرێت هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە شەڕ دەستی پێبکاتەوە[1].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێکەوتننامەی ١١ی ئادار وبڕیاری پێدانی مافەکانی تورکمان و سریان وەکو خۆیان جێبەجێ نەکران. بەڵام دانی بە مافەکانی پێکهاتەکانی شارەکە نا بەتایبەتی ئەو کەشەی رێکەوتننامەی١١ی ئادار هێنایە کایەوە، بۆ ماوەی  چوارساڵ ئاشتی ونەمانی شەر و زەبرٍوزەنگ بەشێوەیەکی بەرچاو باری ئابووری وخوێندن و رۆشنبیریی گەشانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، دەسکەوتەکانی رێکەوتننامەکە کاریگەری گەورەی بەسەر باری خوێندن و ئەدەب و زمانی فەرهەنگی کوردی شاری کەرکوك داهێنا. رۆشنبیرانی کەرکوك توانیان سوود لەم دۆخە وەربگرن لێرەدا تیشك دەخینە سەر باری رۆشنبیریی کەرکوك لە ماوەیەدا:

**١-بواری پەروەردە لە کەرکوك ١٩٧٠-١٩٧٤:**

ئەو پێشهاتانەی لەماوەی ساڵانی١٩٧٠-١٩٧٤ لە عێراق و کوردستان هاتنە پێشەوە، کاریگەری گەورەیان لەسەر گەشەی بوارەکانی رۆشنبیریی کرد، بەتایبەتی بواری پەروەردە وفێرکردن. بەبەراورد لەگەڵ شەستەکاندا ئەم گەشەسەندنەش لە میانەی بایەخدانی بە خوێندن بە زمانی کوردی وتورکمانی وسریانی دانانی کتێب و پرۆگرام بەم زمانانە بوو[2]، بەرلەمە هیچ قوتابخانەیەك بە زمانی ئەو نەتەوانە لەشارەکە نەبووە، بەڵام دوایی ئەو گۆڕانکارییانەی هاتنە پێشەوە، جارێکی دیکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی کرایەوە. دواتر هەریەك لە یاریدەدرانی بەرێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی و تورکمانی لەپەروەردەی کەرکوك کرایەوە. هەرچەندە لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی دانەبوو، بەڵام یاریدەدەرانی خوێندنی کوردی و تورکمانی رۆڵی بەرچاویان گێرا لە پێشخستنی خوێندن لە شارەکەدا. یەك لە کارە دیارەکانیشیان دروست کردنی لێژنەیەك بوو، کە هەڵسا بە ڕووپێوی کردن لەناو قوتابخانەکانی شارەکە، کە هەر قوتابخانەیەك زۆربەی قوتابیەکانی کوردبوایە دەکرا بە کوردی و هەر قوتابخانەیەکیش زۆربەی قوتابیەکانی تورکمان بوایە دەکرا بە تورکمانی، لەئەنجامدا(٣٨)قوتابخانەی کوردی،(١٧) قوتابخانەی تورکمانی لە شاری کەرکوك کرایەوە[3]. هەروەها یەکێك لە دەسکەوتەکانی زۆربەی قوتابخانەکان بە ناوی رەمزە دیارەکانی کوردەوە دەکران، وەك قازی محەمەد، گۆران، کوردستان، چەمی رێزان و...هتد، بۆ تورکمانیش بەهەمان شێوە بوو[4]، هەروەها چەند لێژنەیەك دانراون بۆ دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن سەبارەت بە

---

[1] مسعود بارزانی، س.پ، ل ١٥٣-١٦٥،

[2] بۆ زانیاری بڕوانە: بەشی یەکەمی توێژینەوەکە .

[3] ملا محمد امین زەنگەنە، م.س، ص ص ٢٢٣-٢٢٦.

[4] برایەتی،  ژ (٢٧٧٩)، چوارشەممە ١٩٩٩/٢/١٧؛ ملا محمد امین زەنگەنە ،س.پ، ص٢٢٥-٢٢٦.

دانانی پڕۆگرامەکانی خوێندنی کوردی لە کوردستان لە ساڵی ١٩٧١ لیژنەیەك لە چەندان مامۆستا و پسپۆڕی کوردستان دامەزرا بۆ دانانی پرۆگرامی تایبەت بەزمان و ئەدەبیاتی کوردی، لەم لیژنەیەشدا مامۆستایانی کەرکوك رۆڵیان هەبووە[١]. هەرچەندە هەوڵدەدرا خوێندنی کوردی لەکەرکوکدا یەکسەر نەکرێتە کوردی بەڵکو هەر ساڵەو قۆناغێك، ناکرێت لێرەدا رۆڵی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە بەرچاونەگرین، کە جەختیان لەسەر ئەوە کردووە دەبێت خوێندن لە هەموو قۆناغەکان بە قۆناغی ئامادەیشەوە بە کوردی بێت[٢]، هەروەها بەهاوکاری مامۆستایانی کوردی خۆبەخش توانیان پرۆسەی خوێندنی کوردی لە کەرکوك سەرکەووتوبێت. ئەم لێژنەیە توانی چەندین کتێبی پەروەردەیی وەربگێرێنە سەر زمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی١٩٧١-١٩٧٢[٣]. جگە لەمانە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی کۆمەڵێك کتێبی لەبارەی مێژووی کورد و زمان و ئەدەبیاتی کوردی دانا، بەم شێوەیە ژمارەیەکی بەرچاو کتێبی کوردی چاپکراون و خوێندن بەگشتی لە شاری کەرکوك بوو بە کوردی لە هەموو قۆناغەکان بەکوردی دەخوێندرا بەم شێوەیە خوێندنی کوردی لەو شارەدا گەشەی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی بەراورد لەگەڵ ساڵی شەستەکاندا.

سەبارەت بە خوێندن بە زمانی تورکمانی لەساڵی١٩٣٧ تاوەکو ساڵی١٩٧٠خوێندن لەشارەکە بە تورکمانی نەبوو، بەڵام بەپێی بڕیاری ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ لە خاڵی یەکەمدا دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی بە تورکمانی بێت، لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارە یاریدەدەری بەرێوەبەرایەتی خوێندنی تورکمانی دوای دەست نیشانکردنی قوتابخانە تورکمانیەکان لە کەرکوك، لێژنەیەك پێکهێنرا بۆ دانانی پڕۆگرامەکانی خوێندنی تورکمانی بەبەشداری مامۆستایانی شارەزای زمان وئەدەبیاتی تورکمانی، چەند کتێب بۆ خوێندنی تورکمانی داندرا[٤]. ئەوەی جێگای سەرنجە خوێندنی تورکمانی تەنها قۆناغی سەرەتایی گرتەوە، هەروەها بەردەوامی داوای تورکمان بۆ چەسپاندنی مافە رۆشنبیریەکان لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە جێبەجێ نەکردنی مافە رۆشنبیریەکانیان لەلای حکومەتەوەو دژایەتی کردنی، هەر ئەمە بووە هۆی مانگرتنی مامۆستایان و قوتابیانی تورکمان لە شاری کەرکوك[٥]. کە داوای جێبەجێکردنی ئەو بریارانەیان کردووە، حکومەت بەتوندی دژی داواکەیان وەستاوە، لەئەنجامداچەند مامۆستایەك کوژران، خوێندن بە تورکمانی هەڵگیرا. لەگەڵ ئەوەی حکومەت، وەکو پێویست برگەکانی تایبەت بە بواری پەروەردەی جێبەجێ نەکرد، بەشێوەیەکی

---

[١]غازی حەسەن، س.پ، ل٩؛ سمکۆ جەباری، مامۆستای شەهید جەبار جەباری پەروەردەکار و تێکۆشەر، ئاسۆی پەروەردەیی، ژ(١٥)، کانوونی دووەمی ٢٠٠٢، ل٢٩-٣٠.

[٢]برایەتی، ژ(٢٧٧٩)، چوارشەممە ١٩٩٩/٢/١٧.

[٣]پەروەردە و زانست، ژ (٢)، ١٩٧١، ل ٨٥-٨٦

[٤]احمد قوشچو اوغلو، اقرار حقوق ترکمان ....، ص ١٦-١٧.

[٥]مەلا نوری ئاعجەلەری، س.پ، ل٢٠٦-٢٠٧؛ مديرية الامن العامة، مديرية الامن محافظة كركوك، الرقم (ق.س) (٩٦٩٦)، بتاريخ، ١٢تشرين الثانی١٩٧١؛ رئاسة اركان الجيش، دائرةالعامة، مديراستخبارات العسكرية، اضراب الطلبة التركمان، الرقم(ق.س)(٢٨١٣)، بتاريخ١٣تشرين الثانی١٩٧١.

گشتی خوێندنی تورکمانی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی. سەرەڕای ئەوەی ئەمانە مامۆستایانی کورد بەهۆی سروشتی پێکهاتەی نەتەوەیی شارەکە، وێرای داواکانی خۆیان لە کۆنگرەی سێیەمی مامۆستایانی عێراق لە شوباتی١٩٧١جەختیان لەسەر داننان بە مافی خوێندنی تورکمانی کردووە[1].

سەبارەت بە ڕەوشی قوتابیان ومامۆستایان وقوتابخانەکان، لەو ماوەیەدا گۆڕانکاری گەورەی بەسەر داهاتووە، ئەگەر سەیری داتاکانی وەزارەتی پەروەردەی عێراق بکەین. ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، ئەوەتا بۆ ساڵی خوێندنی١٩٧٠-١٩٧١ لەشاری کەرکوك(٤٧٥) قوتابخانە هەبووە، هەروەها (٣٢٨٦) مامۆستا و(٧٢٥٨١)قوتابی بوون[2]، بەسەرجەم قۆناغەکانەوە، بەڵام لە ماوەی چوار ساڵی ڕێکەوتننامەکەی ١٩٧٠-١٩٧٤ ژمارەی قوتابخانەکان گەیشتووەتە (٦٤٩) قوتابخانە، ژمارەی مامۆستایان بەرزبووەتەوە بۆ (٤٣٨٩) مامۆستا، هەروەها ژمارەی قوتابیانیش گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، گەیشتووەتە (٩٨٠٠١) قوتابی لە سنوری پارێزگای کەرکوك[3]، ئەم گەشەسەندنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەودۆخە سیاسییەی دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هاتبووە ئاراوە. هەروەها لەو قۆناغەدا لە بواری پەروەردە، لەئاستی عێراق و کوردستاندا هەنگاوی گرینگ نرا، ڕەوشی پەروەردە وخوێندن لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی بەرەو پێش برد، یەکێك لەو هەنگاوانە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە ڕۆژانی ٥-٧ ئابی ١٩٧٠ سێییەم کۆنگرەی خۆی لەشەقڵاوە بەئاشکرا لەژێر چاودێری مستەفا بارزانی بەست، لەم کۆنگرەیەدا چەند ڕاسپاردەیەکی گرینگیان سەبارەت بە بایەخدان بە خوێندنی کوردی دەرکرد. دیارترینیان:

أ- پرۆگرامەکانی خوێندن بەجۆرێك بن، کە لەگەڵ پێویستی گەلی کورد و ئامانج و ئاواتەکانی بگونجێت، هەروەها مێژوو و جوگرافیای کوردستان لە هەموو قوتابخانەکانی عێراق بخوێندرێ.

ب- لەناوچەکانی کوردستاندا خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی بە کوردی بێت.

ج- قوتابخانە داخراوەکان بەهۆی شۆڕشەوە بکرێنەوە.

د- گۆشەیەك بدرێ بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە تەلەفزیۆنی کەرکوك وموسڵدا[4].

لەم کۆنگرەیەدا بڕیاردرا شاری کەرکوك بکرێتە مەڵبەندی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان[5]. جگە لەمە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە ٢-٣ شوباتی١٩٧٢کۆنگرەی چوارەم، هەروەها لە١-٣ شوباتی ١٩٧٤ کۆنگرەی پێنجەمی بەست ئەم کۆنگرانە ڕۆڵی گرینگیان بینی لەبایەخدان بە خوێندنی کوردی لەکوردستان. لە یەکێك لە هەنگاوە دیارەکان لەو ماوەیەدا بە هەوڵ وکۆشش و داوای مامۆستایانی کورد لە حکومەتی عێراق کردنەوەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە

---

[1] نوری ئاغجەلەری، س.پ ، ل٢٠٥-٢٠٦.

[2] الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقرير السنوی ١٩٧٠-١٩٧١، ص ص٣٢-٣٣، ٨٢-٨٣، ١٥٦.

[3] الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقريرالسنوی ١٩٧٤-١٩٧٥، ص ص٧٥-٧٦، ١٤٩-١٥٠.

[4] وشيار حاجی، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ...، ل ٤٧-٥٥؛ هاوکاری، ژ (٣٠) ئابی١٩٧٠؛ حمە باقی سەعید، س.پ، ل١٨٨-١٩١.

[5] نوری ئاغەجەلەری، س.پ، ل ٢١٢؛ التاخی، ع(١٣٩٣)٨ی اذار١٩٧٣.

کوردستان بوو، لەبەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی[1]، کە ئەم سەرپەرشتیاریە ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت لە چاودێری کردنی رەوشی پەروەردە وفێرکردن ئەمەش بۆ پێشخستنی خوێندنی کوردی زۆر گرینگ بوو. بەتایبەتیش بۆ شاری کەرکوك، ئەمەش بەهۆی ئەو رەوشە خراپەی بەسەر بواری پەروەردەدا لە شارەکەدا هات بوو.

بەشداری مامۆستایانی کورد لە کۆنگرەی سەرپەرشتیاران و پەروەردەیی لە بەغدا لە١٢ شوباتی١٩٧٢، کۆنگرەی سەرسەنگ لە ١١ی ئابی ١٩٧٢، کۆنگرەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەغدا ٢٥ی ئەیلولی ١٩٧٣[2]. هەروەها لە ٢٥ی تەموزی١٩٧٣لە شارۆچکەی شەقلاوە کۆنگرەیەکی تایبەت بە پرۆگرام و خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکان بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا چەند راسپاردەیەکی گرینگ لە بارەی خوێندنی زمانی کوردیەوە دەرکران[3]. مامۆستایانی کەرکوك رۆلی بەرچاویان لەم کونگرانە بینی، هەموو ئەم هەنگاوانە لە بواری پەروەردە کاریگەری گەورەیان لەسەر رەوشی پەروەردە لە کوردستان بەگشتی وکەرکوك بەتایبەتی کرد.

هەروەها جگە لەمانە بۆ یەکەمجار لە مێژووی راگەیاندن وپەروەردە لە عێراق دا، وانەی پەروەردەیی لەلایەن مامۆستایانی کوردەوە بە زمانی کوردی لە تەلەفزیۆن پێشکەش کران، کە ٢١ وانە بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی لە نیسانی١٩٧٣ لە تەلەفزیۆنی کەرکوك بلاٌوکرایەوە[4]. سەرەڕای کردنەوەی چەندین خولی پەروەردەیی بۆ مامۆستایان، هەروەها دامەزراندنی چەند پەیمانگایەك لە کوردستان، کردنەوەی زانکۆی سلێمانی، هەروەها گرینگی دان بە بەشی کوردی زانکۆی بەغدا، کە لە سەردەمی هەردوو(عارف)ی برا بەتەواوی پشتگوێ خرابوو، بۆیە دەکرێت بلێین هەموو ئەو هەنگاوانە لەو قۆناغە دیاریکراوەدا، بەشێوەیەکی گشتی رەوشی پەروەردەیان بەرەو پیش بردووە.

**٢-بواری رۆژنامەگەری:**

ئەو پەرەسەندنەی لە ماوەی سالأنی١٩٧٠-١٩٧٤ هاتنە ئاراوە کاریگەری گەورەیان لەسەر بزوتنەوەی رۆشنبیریی شاری کەرکوك کرد یەك لەو بوارانە بواری ڕۆژنامەگەری بوو. یەك لەو گۆڕانکاریانەی لەو ماوەیەدا مافە رۆشنبیریەکانی تورکمان بوو کە لە خالیٚ (شەشدا)ئاماژە بەوە دەدات کە "**تورکمانەکان مافیان هەیە رۆژنامەی هەفتانە وگۆڤاری مانگانە دەربکەن**" [5]. هەروەها لە بەندی سێیەمی خالی (أ)ی رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دا دەڵێت:"**پەلەکردن لە جێبەجێ کردنی بریارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە بارەی زمان و مافە رۆشنبیریەکانی گەلی کوردەوە**

[1] ملا نوری ئاغەجەلەری، هـ.س، ل ٢١٧-٢١٨.

[2] هوشنگ سالح محەمەد شەریف ، س.پ، ل ٥٩

[3] پەروەردە و زانست، ژ(٦) ١٩٧٣.

[4] پەروەردە و زانست ، ژ (٥) ١٩٧٣ ، ل ٧٣-٧٤؛ التاخی، ع(١٤٥٦)،١٠ی تشرين الاول١٩٧٣.

[5] بروانە: پاشکۆی ژ(٦).

**پەیوەندی کردنی پرۆگرامە تایبەتییەکانی کاروباری نەتەوەیی کورد لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردییەوە[1]".**

ئەم گۆڕانکاریانە ئاسۆیەکی نویٚ لەبەردەم بواری رۆژنامەگەری لە کوردستان وکەرکوکدا کردەوە. چەندان رۆژنامەی سیاسی وئابووری وکۆمەلآیەتی و وەرزشی وهونەری وئەدەبی پەروەردەیی دەرچوون لە دەرەوەو ناوەوەی کەرکوک. گەیشتونەتە شارەکە یان رۆشنبیرانی شارەکە بەشداریان تێدا کردووە. ئەگەرچی بەر لەمە چەند رۆژنامەیەك لەشارەکە دەرچوون، دوای رێکەوتنامەکە بەردەوام بوون لە دەرچوون. بەلآم ئەو رەوشە لەبارەی هاتنە ئاراوەی چەندان گۆڤار و رۆژنامە وەك: گۆڤاری (المعرفه)١٩٧٠، گۆڤاری(النمر)١٩٧١، گۆڤاری(سلسر) ١٩٧١-١٩٧٢، گۆڤاری(صداقه)١٩٧٢، گۆڤاری (گزنگ)١٩٧٢، گۆڤاری(ئالای سوور)١٩٧٢، گۆڤاری(باباگورگور)١٩٧٢، رۆژنامەی(کوچوك قارداش) ١٩٧٣ دەرچوون، سەرەڕای ئەم گۆڤارانە چەند بلآوکراوەیەك دەرچوون، لەوانە بلآوکراوەی (منع وقع الحوادث) ١٩٧٠، بلآوکراوەی (المربی)١٩٧٠[2].

سەبارەت بە رۆژنامەی هەفتانە لە شاری کەرکوك لەو ماوەیەدا تەنیا رۆژنامەی کەرکوك ١٩٢٦ دەرچوو، بەلآم لە سالًی ١٩٧٢ رۆژنامەکە لەدەرچوون وەستاوە[3]. ئەوەی جێگای ئاماژەیە رۆژنامەی کەرکوك رۆلًی گەورەی لە بواری ڕۆشنبیریدا هەبووە بەتایبەتی لە ماوەی شەستەکاندا، لەگەل ئەوەی تەنیا بە زمانی عەرەبی دەردەچوو[4].

جگە لەوانەی لە شارەکە دەردەچوون رۆژنامە و گۆڤارەکانی دەرەوەی شارەکەش بە کوردی وعەرەبی وتورکمانی دەردەچوون دەگەیشتنە شارەکە و لە شاری کەرکوکیش پەیامنێریان هەبووە، نووسەران و شاعیران وئەدیبانی کەرکوك بەرهەمەکانیان تێدا بلآوکردووەتەوە، نووسینیان لە بارەی شارەکەوە بلآوکردۆتەوە، وەکو دەبینین گۆڤاری(برایەتی) لەبارەی مێژووی شاری کەرکوك نووسیویەتی پشتی بە مێژوونووس وگەڕیدەی تورك شەمسەدین سامی(١٨٥٠-١٩٠٤)بەستووە، کە لە سالًی ١٨٩٢سەردانی شارەکەی کردووە ولە کتێبی(قاموس الاعلام)دەلًێت: شاری کەرکوك مەرکەزی ئەو لیوایەکە پێی دەلًێن شارەزوور ئەکەوێتە ویلایەتی موصل لە کوردستاندا سیٚ چارەکی دانیشتوانەکەی کوردن وچارەکەی تریان تورك وعەرەب وشتی ترن[5]. ئەو زانیارییانەی بۆ ئەو سەردەمەو باردۆخی کەرکوك باخیداربوو بۆ سەلماندنی کوردبوونی ئەم شارە.

ئەو رۆژنامانەی دەگەیشتنە شارەکە وەك: رۆژنامەی التأخی/برایەتی، گۆڤاری الاخاء /قارداشلق کە (جودەت ئاوچی) لە شاری کەرکوك پەیامنێری بوو، رۆژنامەی هاوکاری(رەزا شوانی) پەیامنێری بوو، رۆژنامەی (یۆرد-الوطن) عبداللطیف بندەر اوغلو خاوەن ئیمتیاز وسەرنوسەری بووە، گۆڤاری

---

[1] وەرگیراوە لە: مسعود بارزانی، س.پ، ل٣٣٩.

[2] بۆ ئەو گۆڤار ورۆژنامانە بڕوانە: بەشی یەکەم، تەوەری دووەمی توێژینەوەکە.

[3] کەرکوك، ع(٢٠٣٦)٢٠اب١٩٧٢.

[4] سمکۆ بەهرۆز، مێژووی گۆرانە ڕۆشنیریەکان....، ل٦٦.

[5] شمس الدین سامی، م.س، ص٣٨٤٦؛ برایەتی، ژ(١) حوزەیرانی١٩٧٠، ل٣٠.

بیرلیك سەسی-صوت الاتحاد ئەوەی جێگای باسە ئەم ڕۆژنامە وگۆڤارانە لەڕێگەی كتێبخانەكانی شارەكەوە دەگەیشتە دەست ڕۆشنبیران وخەڵكی شارەكە[1]، كاریگەری گەورەیان لەسەر بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی شارەكە هەبووە، هەر لە سەر بواری ڕۆژنامەگەری نووسەری دیاری كەركوك جەبار جەباری كتێبێكی بە ناوونیشانی (مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی) بڵاوكردەوە[2]. كە ئەم كتێبە سەرچاوەیەكی گرینگ و پڕ زانیاری مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی دادەنرێت.

هەروەها ڕۆژنامە كوردییەكان هەواڵ و مانشێتی تایبەت بە بارودۆخەكەی بڵاوكردوەو، ئەوەتا ڕۆژنامەی التآخی داوای جێبەجێ كردنی ڕێكەوتننامەی ١١ی ئادار و داننان بەیەكسانی مافی كورد وكەمینەكانی دیكەی كردووە، چەند سەروتاری بۆبابەتی پێشخستنی دەزگاكانی ڕاگەیاندن تەرخانكردووە. لە مایسی ١٩٧١ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش-عێراق، بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپەمەنی كوردی داوە كەڕۆڵی بەرچاوی لەبڵاوكردنەوەو چاپەمەنی كوردیدا بینی[3].

هەروەها تەلەفزیۆنی كەركوك وەكو كەناڵێكی ڕاگەیاندن هەرچەندە ئەم تەلەفزیۆنە كوردی نەبوو، بڕیاربوو، تەلەفزیۆنێكی كوردی دابنرێت، پرۆژەكە دواكەوت بۆ ساڵی ١٩٧٤. بەڵام ئەو تەلەفزیۆنە وەكو بوارێكی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرینگی بینی لەبەرەو پێشبردنی سەرجەم بوارەكانی ڕۆشنبیری هەموو نەتەوەكانی شارەكە[4].

**٣- بواری ئەدەبی:**

بزاڤی ئەدەبی لە شاری كەركوك لە دوای ئەو گۆڕانكارییە سیاسییانەی بەسەر كوردستان داهات لە ماوەی ساڵانی١٩٧٠-١٩٧٤وەرچەرخانێكی گەورەی بەسەر ڕەوشی ئەدەبی لە شاری كەركوكدا داهێنا، ئەو دۆخەش كەش وهەوا ئازادییە زەمینەیەكی لەباری ڕۆشنبیریی لە كوردستان وشاری كەركوك خوڵقاند، بەتایبەتی بۆ توێژی ڕۆشنبیران، كە بە ئازادانە بەرهەمە ئەدەبییەكانیان بڵاوبكەنەوە، بۆیە لێرەدا ناكرێت ڕۆڵی ڕۆژنامە و گۆڤارەكانی ئەو سەردەمە لە دەرەوە یان لە ناو شاری كەركوك دەرچوون ئاماژەی بۆ نەكەین، تەكانێكی گەورەیان بە بواری ئەدەبی دا، لەڕێگەی ئەو بڵاوكراوانە بەرهەمەكانیان بە خوێنەر بگەیەنێت هەر لەم سۆنگەیەوە بڵاوكراوەكان گۆشەی تایبەتییان بۆ بواری ئەدەبی تەرخان كردووە. لە ماوەی ئەو چوار ساڵە كۆمەڵێك شاعیری لاو وەك: لەتیف هەڵمەت و سەلام محەمەد...هتد، هاتنە مەیدانەكە بە بەرهەمەكانیان فەزایەكی شیعری كوردی كە لە ڕووی ناوەڕۆكدا پەیوەست بوون، بە كێشەی میللەتەوە، سیمای یاخی بوون نوێگەری دەركەوتن[5].

---

[1] چاوپێكەوتن لەگەل سەباح بازرگان١١/٩/ ٢٠١٥.

[2] عبدالجبار محمدجباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی، سلێمانی،١٩٧٠.

[3] ئازاد عوبێد ساڵح، س.پ، ل١٨٣.

[4] چاوپێكەوتن لەگەل هاشم جەباری/٩ /٩ /٢٠١٥.

[5] محەمەد ئەحمەد سەعید، تازەگەری لەشیعری كوردی لەكەركوك لەنێوان ١٩٧٥-١٩٩١، زانكۆی سلێمانی "گۆڤار"، ژ(٢٨)، نیسانی٢٠١٠، ل١٩٠.

لەو قۆناغەدا چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیریی هونەری دامەزران، بە ئاشکرا کەوتنە چالاکی نواندن، لەوانە یەکێتی نووسەرانی کورد، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد، کۆمەڵەی هونەر وێژەی کوردی، هەر یەك لەم کۆمەڵانە لقی خۆیان لە شاری کەرکوکدا کردەوە، سەبارەت بە ڕێکخراوی تورکمانی و سریانی لەو ماوەیەدا هیچ ڕێکخراوێکی تایبەت بەم بوارانە لە شارەکەدا نەبووە چالاکی ئەدەبی ئەنجام دابێت. تەنیا ئەوەنەبێت کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی تورکمانی لەبەغدا، وێڕای چاپکرنی بەرهەمی ئەدیبانی تورکمان دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار، کە ئەمەش دەرفەتێکی بۆ ئەدیبان و شاعیرانی تورکمان ڕەخساند تا بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوە[١].

ڕێکخراوە کوردییەکان چالاکی بەرچاویان لەم بوارەدا ئەنجامداوە. دیارترین ئەو چالاکیانە یەکێتی نووسەرانی کورد بە هاوکاری لقی کەرکوکی یەکێتیەکە، یەکەمین میهرەجانی شیعری کوردی لەژێر دروشمی ئادار و نەورۆز لە ڕۆژانی ٢٢-٢٣/ ئاداری ١٩٧٢ سازکرد، ئەوەی شایانی باسە لە میهرەجانەکەدا وێڕای شاعیرانی کەرکوك، شاعیرانی کورد لەهەموو شار وشارۆچکەکانی کوردستانەوە ڕوویان کردە شاری کەرکوك بەشداریان لە یەکەم میهرەجانی شیعری کوردی کرد و چەندان بەرهەمی ئەدەبی کوردی بەپێزیان پێشکەش کرد[٢]. ئەنجامدانی ئەم چالاکییە لەم بارودۆخە سیاسیەی بەسەر شارەکە داهاتبوو، کارێکی گرینگ بوو لە کارکردن لەسەر هەستی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی. هەروەها لقی ئەم یەکێتیە ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لەکۆکردنەوەی ئەدەیبان و نووسەرانی شارەکە، چەندان کۆڕ وسینماری ئەدەبی و شیعری بۆ ئەدەبیان و شاعیرانی شارەکە سازکردووە. هەروەها جگە لەمانە ئەم یەکێتییە بەرنامەیەکی ئەدەبی وەرگرتووە لە تەلەفزیۆنی کەرکوك، لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی خزمەتی گەورە بە ئەدەبی کوردی بکات[٣]. سەرەڕای ئەمانە لقی کەرکوکی ئەم یەکێتیە گۆڤاری گزنگی ١٩٧٢ دەرکردووە، کە کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدیبانی کەرکوك و کوردستان بوو[٤]، هەروەها کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی کەرکوك سەرەڕای ئەوەی زیاتر بایەخی بە لایەنی هونەر و گۆرانی دابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی ئەدەبیشی ئەنجامەدا[٥].

سەرەرای ئەمانە چالاکی قوتابخانەکان لەبواری ئەدەبی بەتایبەتی خوێندنەوەی شیعری نیشتمانپەروەری لە قوتابخانە کوردییەکانی شارەکە سازکراوە، ڕێکخراو وسەندیکاو یەکێتیەکانی قوتابیان و مامۆستایان و ئافرەتان ...هتد چەندان چالاکی ئەدەبیان نیشانداوە[٦].

---

[١] محمد مردان، م.س، ص١٤-١٥.

[٢] بڕوانە: کەریم شارەزا، میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی...، ل١١٨-١٢٥.

[٣] عبداللە سلێمان، س.پ، ل١٣.

[٤] گزنگ، ژ(١)، ٥ ئاداری ١٩٧٢.

[٥] عەبدولستارجەباری، کۆمەڵەی هونەروێژەی کوردی...ل٣٤؛ وشیار ئەحمەد ئەسوەد، ئاوەردانەوەیەك بۆکۆمەڵی هونەر و وێژەی کورد لقی کەرکوك، هاواری کەرکوك، ژ(٥)، تشرینی یەکەم ٢٠٠١، ل١٥٢-١٥٨.

[٦] هاوکاری، ژ(١٢٧)، ١٩٧٢/٧/٢٩، ژ(١٦٥)، ١٩٧٣/٥/٤؛ التاخی، ع(١٣٩١)، ١٩٧٣/٣/٢.

سەبارەت بە ئەدەبی تورکمانی لەشاری کەرکوك لەم ماوەیەدا سەرەڕای ئەوەی بەپێی خاڵی چوارەمی مافە رۆشنبیرییەکانی تورکمان کە ئەو مافەی پێیدابوون، ئەدەیبان وشاعیران و نووسەرانی تورکمانی کۆمەڵە و یەکێتی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن بۆ ئەوەی هاوکاریان بکات بەرهەمەکانیان چاپ بکات، ئەم یەکێتییە سەر بە یەکێتی نووسەرانی عێراق بێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە هەر زوو پاشگەز بووەوە، لەم ماوەیەدا هیچ رێکخراوێکی تورکمانی تایبەت بە ئەدیبان ونووسەران دانەمەزرا، بەڵکو هەر جمووجۆڵ و چالاکی ئەدەبی تورکمانی هەبووبێت لە هەوڵی تاکە کەسی سوڕاوەتەوە، هەر لەم قۆناغەدا کرانەوەی گەورە بەرووی بزاڤی ئەدەبی داهاتووە، بەرهەمە ئەدەبییەکان وەکو باران رژاونەتە ناو دونیای ئەدەبی شارەکە، دەبینین لەم ماوەیەدا نووسەرانی کورد وتورکمان چەندین بەرهەمی ئەدەبیان بە چاپ گەیاندووە[1].

**٤- بواری هونەری :**

بواری هونەری وەکو هەموو بوارەکانی دیکە لەم قۆناغەدا گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو کەشە لەبارە سیاسیەی دوای رێکەوتنامەکە هاتووەتە ئاراوە، بەمەش دەرفەت لەبەردەم هونەرمەندانی شارەکە کراوەتەوە چەندین تیپی هونەری دابمەزرێنن، وەك: تیپی شانۆی مەشخەڵ، ئەم تیپە رۆڵی بەرچاوی بینی لە پێشخستنی شانۆی کوردی[2]، کە شانۆی کوردی لە شەستەکاندا بەتەواوەتی خامۆش بووبوو. هەروەها جگە لەمە تیپی هونەری کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی ١٩٧٢ ئەم تیپە رۆڵی گرینگی بینی لە زیندووکردنەوەی هونەر وگۆرانی ومۆسیقا و شانۆی کوردی لە کوردستان و شاری کەرکوك بەتایبەتی. ئەم تیپە چەندین شانۆی کوردی نمایشکردووە، بەشداری ڤیستیڤاڵە هونەرییەکانی کردووە. وەك ڤیستیڤاڵی یەکەمی هونەری کوردی ١٩٧٤ لەبەغدا کە لەم ڤیستیڤاڵە تیپە هونەریەکانی شانۆی کوردی بەشداریان کرد لە ڤیستیڤاڵەکەدا شانۆگەری (تەقینەوە)، کە بەرهەمی تیپی هونەر و وێژەیی کورد لقی کەرکوك بوو پلەی یەکەمی بەدەست هێنا[3].

هەروەها لەم قۆناغەدا بۆ یەکەمجار شانۆ ودرامای کوردی لە تەلەفزیۆن وبەتایبەتیش لە تەلەفزیۆنی کەرکوك نمایشکراوە، کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی هەردوو تەمسیلی(مەرەزە) و (بەهاری دزراو) لە تەلەفزیۆنی کەرکوك بەرهەم هێنا[4]، هەروەها چەند بەرهەمێکی دیکەی تورکمانی، وەك (شەش دەرهەم) و (شەمەندەفەر)، چەند شانۆگەریەك لە رادیۆ لێدرا هەر لەم ماوەیەدا شانۆگەری تورکمانی گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە. چەند تیپێکی شانۆیی دامەزراوە، وەك تیپی میللی تورکمانی و تیپی شانۆی بابەگوڕگوڕ. کە چەندین شانۆگەری تورکمانیان نمایشکرد، دیارترینیان

---

[1] التاخی، ع(١٥٧٥)، ١٩٧٤/٣/٣.

[2] موحسین محەمەد، س.پ، ل٣٦؛ فازل جاف، شانۆ ڕوانین....، ل٣٨.

[3] عەبدولستارجەباری، کۆمەڵەی هونەروێژەی کوردی...، ل٣٤.

[4] حەسەن تەنیا، س.پ، ل١٠٩-١١٠.

شانۆگەری (تەمبەل عەباس)[١].یەکێك لە سیما دیاردەکانی شانۆی ئەم قۆناغە نووسینی دەقی شانۆی خۆماڵی بە زمانی کوردی و تورکمانی لەلایەن نووسەرانی شارەکەوە بوو[٢].شانۆ ودراما شانبەشانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی رۆڵی گرینگ ودیارو بەرچاوی هەبوو لە بە رۆشنبیری کردنی خەڵکی ناوچەکە، چونکە نوسەرانی هەوڵیانداوە لەرێگە دەقە شانۆییەکان پەنجە بخەنە سەر کەم کورپییەکانی و لایەنە خراپەکانی حکومەت و دەردە کوشندەکانی کۆمەڵگە و رۆشنبیرکردنی تاکی شارەکە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هیچی لە بزووتنەوەی چەکداری کەمتر نەبووە.

سەبارەت بە بواری هونەری شێوەکاری لە شاری کەرکوکدا، پێشینەیەکی مێژوویی هەیە بەردەوام لەگەشەسەندن دابووە، بەڵام شێوەکارانی کوردی لە شارەکە دەرفەتی ئەوەیان پێ نەدەدرا، چالاکی هونەری ئەنجام بدەن، بەڵام دوای رێکەوتننامەی١١ی ئاداری١٩٧٠هونەرمەندانی کەرکوك دەرفەتیان لەبەردەم رەخسا چەند چالاکیەکی هونەری ئەنجام بدەن، هەر لەم ماوەیەدا ژمارەی پێشانگای شێوەکاری کەرکوك لە دەرەوە و ناوەوەی شارەکە زیادی کردووە. بەتایبەتی شێوەکارانی کەرکوك لەو ماوەیەدا چەندین پێشانگای تایبەت وهاوبەشیان کردۆتەوە، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی پێشانگاکان لەوسەردەمەدا خۆی لە هەوڵی تاکە کەسیدا بینیوەتەوە، چەند هونەرمەندێك پێکەوە پێشانگایەکیان کردووەتەوە[٣], وەك ئەحمەد کاکەسور لە ساڵی١٩٧١ [٤]، لە ساڵی١٩٧٣ پێشانگایەك بەهاوبەشی لەگەڵ ئاری بابان پێشانگایەکی تری کردووەتەوە هەروەها هەریەك (گارا رەسول و ئازادە رەش وئاری بابان) پیشانگای هاوبەش و هەریەك لە ناسر خەلف [٥]، عادل عەلی پێشانگای تایبەتیان کردووەتەوە[٦].لەگەڵ ئەوەشدا بە بەردەوام بەرێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی پەروەردەی کەرکوك، وەکو نەریتی ساڵانە بە هەوڵ وکۆششی مەحموود عوبێدی شێوەکاری بەناوبانگی کەرکوك، بەردەوام لە قوتابخانەکان لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان ساڵانە پێشانگایان کردووەتەوە، ئەم پێشانگایانە رۆڵیان هەبووە لە هاندانی قوتابیان بۆ بەدەمەوەهاتنی ئەم هونەرە[٧].

بە هەمان شێوە بواری گۆرانی ومۆسیقا وەکو سەرجەم بوارەکانی دیکەی ڕۆشنبیریی لە کەرکوك لەساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ بوژانەوەی بەخۆیەوە بینیووە، کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکی رۆلیان لەم وەچەرخانەدا هەبووە، ئەمەش خۆی لەرێکخستنەوە و دامەزراندنی چەند تیپێکی هونەری وگۆرانی ومۆسیقا بینیووە لەلایەن هونەرمەندانی شارەکەوە، ئەوەتا دەبینین بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپەی شاری کەرکوك بەدرێژایی ساڵانی شەستەکان کاریگەری گەورەی کردبووە سەر چالاکییە هونەریەکان،

---

[١]فلاح یاوز اوغلو، م.س، ص٥؛ فاضل حلاق، م.س، ص٨٨.

[٢]فازیل جاف، س.پ، ل٣٨؛ فاضل حلاق، م .ن، ص ٨٧-٩٠.

[٣]سمکۆبەهرۆز، ناودارانی کەرکوك....، ل٢٤٥،

[٤]سەلاح حمە ئەمین، س.پ، ل١٤

[٥]ئاری بابان، رەنگدانەوەی کەرکوك....، ل٦٥-٦٨؛ هاوکاری، ژ(١٢٧) ی ١٩٧٢/٧/٢٩.

[٦]چاوپێکەوتن لەگەل عادل عەلی ٧/ ١٠/ ٢٠١٥

[٧] بهجت غمگین، محمود العبیدی مؤسسة....، ص١٥.

تیپی بێکەس کە تاقانە تیپی گۆرانی مۆسیقای کوردی بوو، بەڵام بەهۆی گرتن و راوەدوونانی هونەرمەندەکانی چالاکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام ئەو بارودۆخەی لە کۆتایی شەستەکان هاتە کایەوە بووە مایەی ئەوەی جارێکی دیکە ئەم تیپە خۆیان رێکبخەنەوە و چوونە ناو یانەی سۆلاڤ و سەر لە نویٚ لە ساڵی ١٩٦٩ جارێکی دیکە دەستیان بەکاری هونەری گۆرانی ومۆسیقای کوردی کردەوە[١]، چەندین ئاواز وگۆرانیان بۆ هونەرمەندانی کوردستان وشاری کەرکوك داناوە، هەروەها بەشداری دیاریان لەسەرجەم چالاکیەکانی تەلەفزیۆنی کەرکوك کردووە. دیارترین چالاکی هونەری ئەم تیپە بەشداری و بەرێوەبردنی ئاهەنگە گەورەکەی گوندی حەسار لە ناوچەی شوان بوو، کە بەبۆنەی رێکەوتننامەی١١ی ئادارەوە رێکخرابوو، ئەم ئاهەنگە دەنگدانەوەی گەورەی لە هەموو کوردستان لێکەوتەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بەشداریان تێدا کردووە[٢].

هەربەهۆی ئەم دۆخە سیاسیە لەبارەی لەم ماوەیەدا هاتەکایەوە، تورکمانەکان توانیان چەندین تیپی هونەری دابمەزرێنن لەوانە تیپی میللی تورکمان( ترکمن مللی طاقمی)١٩٧٠ جارێکی دیکە لە سەردەستی هونەرمەندانی کەرکوك رێکخراوەتەوە و خزمەتی بە بواری تورکمانی بکات بەتایبەتی دیارترین چالاکی هونەری ئەم تیپە فێرکردنی ئارەزوومەندانی بواری مۆسیقا بووە، بەشێوەیەکی ئەکادیمی زانستی[٣]. هەروەها تیپی یوجە سلسر١٩٧٠، یەکێکی دیکە بوو لەو تیپانەی لەم ماوەیەدا دامەزرا، کە چەند چالاکی لە بواری گۆرانی ومۆسیقای تورکمانی لە شاری کەرکوك ئەنجامدا، ئەوەتا لە ماوەی ١٩٧٠-١٩٧٣ توانیان (٢٥) گۆرانی تورکمانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار بکات[٤].

هەروەها نابیٚ رۆڵی تیپی هونەری کۆمەڵەی هونەر و وێژەیی کوردی ١٩٧١ لقی کەرکوك لەبیر بکەین، کە بەشداری زۆربەی ئاهەنگە جەماوەرییە نیشتمانیەکانی ئەم شارەی کردووە، رۆڵی بەرچاوی لە زیندوو راگرتنی هونەری کوردی لە شارەکەدا هەبووە [٥].

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین رەوشی هونەری لەشاری کەرکوك لەم ماوەیەدا بوژنەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە تیپە هونەریەکانی شارەکە خۆیان رێکخستووە، چالاکی هونەری گەورەیان ئەنجامداوە، سەرەڕای هەموو ئەمانە بواری هونەری بەتایبەتی گۆرانی ومۆسیقا لە قوتابخانەکان کە دەروازەیەکی گرینگە بۆ ئاشناکردنی منداڵان بەم بوارە، بەشێوەیەکی زانستی وئەکادیمی هەڵوەستەی لەسەر کراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بابەتی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە، هەروەها لە رۆژانی بۆنە ویادەکان بەتایبەتی چالاکی قوتابخانەکان لە رۆژی هەڵکردنی ئاڵا و فیستڤاڵە پەروەردەییەکان گرینگی زۆری پێدراوە[٦].

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ رەمەزان زامدار ١٧/ ٨/ ٢٠١٥.
[٢] شێخ ستار عبەبدوڵڵا بەرزنجی، س.پ، ل٢٧-٢٨.
[٣] فلاح یاوز اوغلو، م.س، ص٥.
[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهجەت غەمگین ١٢/ ٩/ ٢٠١٥.
[٥] عەبدولستارجەباری، کۆمەڵەی هونەروێژەی کوردی...، ل٣٢.
[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهجەت غەمگین ١٢/ ٩ /٢٠١٥.

## تەوەری چوارەم:هەڵگیرسانەوەی شەڕ ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥کاریگەرییەکانی لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوك :

بەپێی رێکەوتننامەی١١ی ئاداری١٩٧٠ نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عێراقی ماوەی چوار ساڵ داندرا، بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی رێکەوتننامەکە، بەڵام ئەوە دەبینین حکومەت بەڵێنەکانی نەبردە سەر بەتایبەتیش لەسەر پرسی کەرکوك وخانەقین و شنگال دانانی ئەم ناوچانە له دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. هەروەها سازش نەکردنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەسەر ئەم ناوچانە، ئەگەرچی زەمینەیەکی لەباری لە سایەی رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هاتبووە ئاراوە، تاوەکو هەردوولا بگەنە چارەسەری کێشەکانیان لە چوارچێوەی عێراق، نەیانتوانی ئەو هەلە بقۆزنەوە. جارێکی دیکە، شەڕ دەستی پێکردەوە،

حکومەتی عێراق لە هاوینی ١٩٧٤ هێرشی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان شەڕی توند لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە وحکومەت روویدا لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی سەربازییەوە ناهاوتا بوون، چونکە حکومەتی عێراق بووە خاوەن هێزێکی زۆر بەتایبەتی دوای واژووکردنی رێکەوتننامەی دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤیەت لەساڵی ١٩٧٢ تەواو لەرووی سەربازییەوە بەهێز بوو[١]. بەبەراوود لەگەل کوردەکان حکومەتی عێراق بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشی کورد، چەند تەنازولێکی بۆ ئێران، لەسەر شەتولعەرەب کرد لە رێکەوتننامەی جەزائیر ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لە بەرانبەر ئەوەی حکومەتی ئێران دەست هەڵبگرێت لە یارمەتی و پشتگیری شۆڕشی کورد[٢].ئەمە بووە هۆی هەرەسهێنانی شۆرشی کورد، ئەو بارودۆخەی بەسەر کوردستاندا هات کاریگەری بەسەرجەم بوارەکاندا هێنا لە رووی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کوردی بەتایبەتیش لە شاری کەرکوکدا، لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر رەوشی رۆشنبیرییە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ئاکامەکانی ئەو بارودۆخە سیاسیەی لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤-٦ئاداری ١٩٧٥دا، لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شاری کەرکوك.

**أ-لەسەر بواری پەروەردە:**

یەکێك لەو بوارانەی لە ماوەی ئەو ساڵەدا کە زۆرترین زیانی بەرکەوت بواری پەروەردە و فێرکردن بوو، لە دوای پاشگەزبوونەوەی حکومەتی عێراقی لە پێدانی مافە رۆشنبیرییەکانی تورکمان وسریان ، هەڵگیرسانەوەی شۆرش ١٩٧٤-١٩٧٥ بەم شێوەیە خوێندنی کوردی و کورد وتورکمانی لە شاری کەرکوك هەڵگیرا خوێندن کرا بەزمانی عەرەبی[٣]. هەرچەند بەپێی قانونی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

---

[١] ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٣٦٥؛ نازنازمحمەد، سیاسەتی ئێران بەرامبەر شۆرشی ئەیلوول١٩٦١-١٩٧٥ لێکۆینەەیە کی مێژووییە، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٩٦-١٩٧.

[٢] لەبارەی ئەم رێکەوتنامەیە کاریگەریکەکانی بڕوانە: کامەران بابان زادە، رێکەوتنامەی جەزائیر ورەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لەخوارووی کوردستان، سلێمانی،٢٠١٣، ل١١٧-١٨٩.

[٣] محمد امین زەنگەنە، م.س، ص٢٢٣-٢٢٤.

مافی خوێندن بە زمانی کوردی درابوو[١]، بەڵام ئەم شارە کەوتە دەرەوەی ناوچە ئۆتۆنۆمیەی کە حکومەت ساڵی١٩٧٤ رایگەیاند بوو، بۆیە لە خوێندنی کوردی بێبەش بوو. ئەگەر سەیری داتاکانی وەزارەتی پەروەردەی عێراقی بکەین دەبینین رەوشی پەروەردە و قوتابیان و مامۆستایان و قوتابخانەکان لە شاری کەرکوك بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٤-١٩٧٥ بە بەراورد بە ساڵی خوێندنی ١٩٧٣-١٩٧٤. پێشکەوتنی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینووە، ئەوەتا بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٣-١٩٧٤ کە (٤٤٢٣) مامۆستا و (٦٤٩) قوتابخانە، (٩٨٠٠١)قوتابی بووە[٢]، بەڵام ئەم رێژەیە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٤-١٩٧٥ زیاد بووە (٤٤٤٧)مامۆستا، کە لە ٠،٦٪ بەڵام ئەم زیادبوونە لە چاو ساڵانی رابردوو شارەکانی دیکەی عێراق ئێجگار کەمە ئەگە بەراودی بکەین بەشارێکی وەکو بەغدا دەبینین رێژەی زیادکردنی مامۆستا لەو ساڵە بەبەراورد بەساڵی پێشوو٦،٦٪ زیادی کردووە، هەروەها قوتابخانەکانیش زۆر کەمی کردووە بەتایبەتی قوتابخانە سەرەتاییەکان ئەمەش بەهۆی ئەوەی قوتابخانەی گوندەکان چۆڵکران کەوتنە بەر شاڵاو و پەلامارەکانی حکومەت. ئەوەتا دەبینین ژمارەکە کەمیکردووە بۆ (٥٧٩) قوتابخانە، بەڵام سەبارەت بە ژماری قوتابیان زیادی کرد بۆ(١٠١٥٤٠) قوتابی[٣]، بەڵام ئەگەر سەیری داتاکانی ساڵانی رابردوو بکەین دەبینین ئەم زیادکردنە لە چاو ساڵانی رابردوو کەمە، ئەمە وێرای ئەوەی ژمارەیەك خێزانی کورد چووینەتە ریزی شۆرش وپەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراق لەسەر بەعەرەب کردن و دەرکردن و راگواستنی کورد بەردەوام بووە، بەمەش رێژەی عەرەب بەرانبەر بە کورد و نەتەوەکانی دیکە زیادی کردووە ئەمەش لە بەرژەوەندی حکومەت و بۆ مەبەستی بەعەرەبکردنی شارەکەدا بووە[٤].

لەو سەروبەندە حکومەت بەئاشکرا کەوتە تەعریبکردنی بواری پەروەردە، هەستا بە گۆرینی ناوی قوتابخانە کوردی و تورکمانیەکان بۆ ناوی عەرەبی، وەك:ئامادەیی کوردستان(عبدالملیك بن مروان)، ناوەندی کاوە(معاذ بن جبل)، ناوەندی زیوەر(الاندلس)، ناوەندی چەمی رێزان (الرافدین)، پیرەمێردی سەرەتایی(البکر)، مەولەوی سەرەتایی(الادریس)، هەڵمەتی سەرەتایی (العراقیة)، ییلدزلار(الفجر الجدید)، اق طاش(المتنبی)، یدی قارداش(البعث) ١١ی ئازار(میسلون)....هتد، هەروەها هەردوو قوتابخانەی شۆڕش و باباگوڕگوڕ داخراون[٥].

---

[١] الوقائع العراقیة، ع(٢٣٣٢)، ٢٦ اذار١٩٧٤، ص١.

[٢] الجمهوریة العراقیة، وزارة التربیة، التقریر السنوی ١٩٧٣-١٩٧٤، ص ص٣١، ٨٥-٨٦، ١٥٧.

[٣] الجمهوریة العراقیة، وزارة التربیة، التقریر السنوی ١٩٧٤-١٩٧٥، ص ص٣١، ٨٥-٨٦، ١٥٧.

[٤] سنور سەباح، س.پ، ل٩٨؛ عارف قوربانی، کەرکوك و پاکتاوی رەگەزی، ب٢، کەرکوك، ٢٠٠٤، ل١٠٣؛ گوینتەر دێشنەر، س.پ، ل٢٥٢-٢٥٤.

[٥] عارف قوربانی، ه.س، ل٩٨؛ زیاد کوبرولو، التغیر الدیموغرافی لسکان کرکوك، بحث فی کتاب کرکوك مدینة المتاخیة، لندن، ٢٠٠٢، ص٣٩٨؛ محمد هموندی، م.س، ص١٠٣.

سەرەڕای ئەوەی هەموو میلاکاتی بەتاڵ، کە ئەو مامۆستایانەی پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد یان ئەو مامۆستایانەی وەك پێویست بوو دابمەزرێنرایە بە خەڵکی عەرەبی هاوردە پڕدەکرانەوە[1]. بەم شێوەیە خوێندن لە کەرکوك کەوتە بارودۆخێکی یەکجار دژوارەوە، حکومەتی عێراق پەروەردە وخوێندنی خستەخزمەت تەنیا نەتەوەی سەردەست، ئەویش نەتەوەی عەرەب، هەروەها بڵاوکردنەوەی بیری ناسیۆنالستی عەرەبی و زاڵکردنی ڕێکخراوە قوتابی و لاوانیەکانی بەعس بەسەر دام و دەزگا پەروەردەیەکان. هەربۆ ئەو مەبەستەش ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی سەر بە حکومەت لە نیسانی دامەزراند١٩٧٤بۆ جێگرتنەوەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، کە ئەو ڕێکخراوەش بیرو باوەر هزری ناسیۆنالیستی عەرەب و بنەماکانی حیزبی بەعسی لەناو قوتابیانی کوردا بچەسپێنی"[2].

**ب- بواری ڕۆژنامەگەری:**

سەبارەت بەبواری ڕۆژنامەگەری هەرچەندە لە ماوەی ڕێکەوتننەکەدا، حکومەت سیاسەتی بەرانبەر شارەکە گۆڕانکارییەکی ئەو تۆی بەسەردانە هاتبوو، بەردەوام بوو لە دژایەتی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان دەبینین ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لەو ماوەیەدا دەردەچوون لە پەنجەی دەست تێپەری نەکردووە، کە چەند ژمارەیەك زیاتریان لێدەرنەچووە، یەکێك لەو گۆڤارانە گۆڤاری گزنگ بوو، تەنیا یەك ژمارەی لێدەرچوو، هەروەها لەو ماوەیەدا هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکمان بەرچاو ناکەوێت. هەروەها لە بواری بڵاوکراوەی ناوەندەکاندا حکومەتی عێراقی وێڕای ڕاگرتنی هەرچی بڵاوکراوەی کوردی لە شارەکەیە، ئیتر لێرە بەدواوە حکومەت بە پیلانی ڕێکخراو هەرچی کتێب و چاپەمەنی و گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی لە کتێبخانەی گشتی کەرکوك گواستیانەوە بۆ کتێبخانەی نیشتمانی لە بەغدا بە بیانووی دەوڵەمەندکردنی، شایانی ئاماژەپێدانە کتێبخانەی کەرکوك لەرووی ژمارەی سەرچاوەی کوردی گۆڤار و ڕۆژنامە دەوڵەمەندترین کتێبخانە بوو[3]. حکومەت بەم کارەی گورزێکی کوشندەی لە بزاڤی ڕۆشنبیریی وفەرهەنگی شاری کەرکوك بەتایبەتیش ڕوشنبیریی کوردیدا. هەروەها لەم بوارەدا حکومەت هەڵسا بە گۆڕینی ناوی کتێبخانەکانی شارەکە بۆ زمانی عەرەبی وەك کتێبخانەی ئاسۆ کرا بە (الطليعة)کتێبخانەی دارا کرا بە (العروبه)کتێبخانەی هەندرێن کرا بە (التأميم)[4].

**٣- بواری ئەدەبی :**

هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان حکومەتی عێراق و کوردا لەساڵانی١٩٧٤-١٩٧٥ئەو دەرفەتەی لەبار برد لەئەنجامی ڕێکەوتنامەکەدا هاتبووە کایەوە، بەتایبەتی لەلایەنی ڕۆشنبیریی وئەدەبی لە شاری کەرکوك، بەتێکچوونی بارۆدۆخەکە بەشێکی زۆر شاعیران وئەدیبان پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد، چوونە ریزی شۆڕش. بەم شێوەیە لێرە و بەدواوە بەرهەمە ئەدەبیەکان شێوەی بەرگری ویاخیبوون وقوربانیدان و سروشتی کوردستان و مێژووی کوردستان، هێما ڕەمز بووە کەرەستەی دەربڕین

---

[1] زیاد کوبرولو،م.س ، ص٣٩٨.

[2] قارەمان حەیدەر رحمان، س.پ، ل٥٩.

[3] حەمید عەبدوڵلا ساڵح، س.پ، ل١١٩.

[4] لەتیف فاتح فەرەج، کورد وکەرکوك، ب١،سلێمانی،٢٠٠٢، ل١٠١؛ محمد همون‌دی، م.س، ص١٠٥.

هەروەها ئەوانەی مانەوە لەشار هەر بەهەمان هەڵوێست بەناوی خوازراو بەرهەمەکانیان بڵاودەکردەوە. شیعری خۆشەویستی نیشتمان و لەپێناو ڕەواندنەوەی خەمەکانی ئازارەکانی نەتەوەی کورد و بەتایبەتی شاری کەرکوک [1] ئەو بارودۆخە نالەبارەی بەسەر کوردستاندا هات شاعیرانی ناو شار لەڕێگەی هێما و ڕەمزەوە تەوزیفی شیعرەکانیان دەکرد، ئەوەتا لەتیف هەڵمەت لەگەڵ ئەو دۆخەی هاتنی سەربازەکان کوردستان شاعیر هەموو ئەو بێ ئومێدیە لە شیعردا دەرەوێنێتەوە، ڕەمز ونیشانەکانی خۆڕاگری نیشتمان تێکەڵی شیعر دەکات لە قەسیدەی "بۆ ئەو شارەی خۆشم دەوێ" کەبەیەکەم شیعری بەرگری مەقاوەمەت دادەنرێت لەدوایی کۆتایی شۆرشی ئەیلوول دەڵێت:

دار بەڕوو فێری کردم

چۆن ڕەگی هۆنراوەم قووڵ بێ

دار بەڕوو فێری کردم

چۆن نەخزێم

هەرچەندە شەختەو گەردەلوول بێ

داری بەڕوو فێری کردم

کە چۆن ڕەگم بگا بەئاو

داری بەڕوو فێری کردم

چۆن پەل بهاوم بۆ هەتاو...[2]

هەورەها شاعیران بەشێوازی ئەکەشەی کە بەسەر کوردستان شاری کەرکوک هاتووە کردووە گواستۆتەو ناو دەقە ئەدەبیەکانیان، بۆنمونە سەلام محەمەد، لە شیعرێکی دا لەبارەی چەوسانەوە وزوڵم وستەم وگۆرینی ناوی شەقام و بازار وسیما وجوانیەکانی شاردا دەڵێت :

سوارەکان دێن

ناوی شار و شەقام بازار ئەگۆڕن

دەست و پەنجەی خەڵوزاوی

سیمای ناکام

چاووی قووڵی فرمێسکاوی ئەسڕنەوە[3]

ئەم دەقە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی کوردستانە و دوای هەرەس بەتایبەتی کەرکوک لە حکومەت هەموو رواڵەت و سیماکانی ئەو شارەی گۆڕی لە پرۆسەی بەعەرەبکردندا هەموو سیما جوانەکانی کوردەواری شارەکەیان سڕییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەدیب و رۆشنبیران و شاعیران

---

[1] عەبدوڵڵا سلێمان، س.پ، ل١١٢؛ محەمەد ئەحمەد سەعید، س.پ، ل١٩؛ ئازاد سەراوی، بەرەو کەرکوک، ب٢، کەرکوک، ٢٠٠٨، ل ل٣٠٥،٣٠٣

[2] لەتیف هەلمەت، دیوانی لەتیف هەلمەت، ب١، چ٢، سلیمانی،٢٠٠٢، ل٢٤.

[3] محەمەد ئەحمەد سەعید، تازەگەری لەشیعری کوردی لەکەرکوک....، ل١٩٨.

هونەرمەندان توانیوویانە مۆڕاڵی خەڵك بەرزبكەنەوە كە كورد كۆتایی نایەت، هەروەها سەلام محمد لە شیعرێكی ئومێد بەرگری مقاومەت تەوزیف كردووە دەڵێت: **ناتوێمەوە**

**نا نا نا نا ناتوێمەوە**

**ئەوەی دیم ڕۆژگاریك بوو**

**دەرگەوانەكەی حەوت دەرگاكەی دۆزەخی خوا نیبینیوە**[1].

بەم شێوەیەدا بزوتنەوەی ئەدەبی كوردی كە ئەوانەی كە ڕوویان كردە شاخ بەشێوەیەكی ئاشكرا بنووسن، ئەوانەی لە شارمانەوە بە دەقە شیعرەكانیان بە بەكارهێنانی هێما ڕەمز و ناوی خوازراو بەرهەمەكانیان بڵاویانكردۆتەوە. بەم شێوەیە بزاڤی ئەدەبی لە شاری كەركوك لە دوای نسكۆ ١٩٧٥ی شۆڕشی كوردی تووشی تونێلێكی تاریك بوو، ئەمەش بووە هۆی داخستنی سەرجەم ڕێكخراو كۆمەڵە و ئەدەبیەكانی كوردستان، لەوانە داخستنی یەكێتی نووسەرانی كورد لقی كەركوك.

**٤- بواری هونەری:**

هەڵگیرسانەوەی شەر١٩٧٤-١٩٧٥كاریگەری گەورەی كردە سەر ڕەوشی هونەی شاری كەركوك بزاڤی هونەری كوردی تووشی بارودۆخێكی زۆر ئاڵۆزكرد، سەرجەم تیپە هونەرییە كوردییەكان لەوشارەدا هەڵوەشانەوە، لە ساڵی١٩٧٤ تیپی هونەری سۆلاڤ هەڵوەشایەوە هەروەها تیپی كۆمەڵەی هونەر و وێژەی كوردی وتیپی هونەری مەشخەڵیش هەردووكیان هەڵوەشانەوە[2]، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەشێك لە هونەرمەندانی كوردستان چونە پاڵ شۆڕش، لەساڵی١٩٧٤ تیپی مۆسیقای شۆڕشیان دامەزراند، هونەرمەندانی كورد لە شارەكانی كوردستان بەشداریان تێداكرد. ئەم تیپە چەندین گۆرانی و سرودی نەتەوایەتی تۆمار كردووە لە ناوچەكانی شۆڕشدا چەندین چالاكی هونەری ئەنجام داوە[3]. هونەرمەندانی كەركوك لەم تیپە ڕۆڵیان هەبووە، وەكو حەسەن گەرمیانی ونەجمەددین كەركوكی وعەبدولرەحمان زەنگنە. ئەوەی جێگای ئاماژەپێدانە نەك كورد بەڵكو هونەرمەندانی توركمانیش هاتوونەتە ریزی تیپی شۆرش ئەویش هونەرمەند نجمەددین عەنتەر ئۆغلو ئەندامی تیپی شۆڕش بووە بەئامێری تەمبور[4].بەم شێوەیە بەشێك لەهونەرمەندانی كورد پەیوەندیان بە شۆڕشەوە كرد ئەوانەی مانەوە ناچاربوون كەركوك بەجێ دەهێڵن وچوونە شارەكانی سلێمانی و هەولێر و بەشێكیان روویان لە هەندەران كرد. بەم شێوەیە بزوتنەوەی هونەری كوردی لە شاری كەركوك لە دوای نسكۆی تووشی دۆخێكی زۆر خراپ بووبەمجۆرە بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لەشاری كەركوك دوایی ساڵی ١٩٧٥ دەچێتە قۆناغێكی تازەوە كە چەندین تایبتمەندی و سیمای تازەی بەخۆیەوە دەبینێ .

---

[1] محمەد ئەحمەد سەعید، تازەگەری لەشیعری كوردی لەكەركوك....، ل١٩٩.

[2] عەبدولستارجەباری، كۆمەڵەی هونەروێژەی كوردی...، ل ٨١.

[3] بۆزانیاری دەرباری ئەم تیپە بڕوانە: خالد سەركار و وریا ئەحمەد، تیپی مۆسیقای شۆڕش١٩٧٤-١٩٧٥، چلاواز "گۆڤار"، هەولێر، ژ(٢٨)حوزەیرانی٢٠٠٨، ل١٢-١٨؛ عەبدوڵڵا ئیدریس شریف، گۆرانی وسرودی نیشتمانی بەرنگاری كوردی لەكرمانجی خوارووا، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٨٧-١٩٢.

[4] خالیدسەركار و وریا ئەحمەد، ھ.س، ل١٧

# ئەنجام

# ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا لەبارەی ڕەوشی ڕۆشنبیریی شاری کەرکوك لەماوەی سالآنی ۱۹۵۸- ۱۹۷٥دا گەیشتووین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- بەهۆی ئەوەی کەرکوك شارێکی فرە نەتەوە و ئاین بووە، بۆیە هەریەك لەم نەتەوانە کەم یان زۆر بەشداری بزاڤی رۆشنبیریی شارەکەیان کردووە ئەمەش وای کردووە زیاد لە بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری تێدا گەشەبکات.

٢- بوارەکانی رۆشنبیری لەشاری کەرکوك دەگەڕێتەوە بەر لە سالّی١٩٥٨، دەبینین بۆ ماوەیەکی زۆر خوێندنی ئاینی و کونجی حوجرە و قوتابخانەی مزگەوتەکان سەرچاوەی زانست و زانیاری و خوێندەواری بوونە لە شارەکە، کە ئەوانەناوەندێك بووینە بۆ پێگەیاندنی چەندەها هۆزانڤان و نووسەر وهونەرمەند، هەروەها دوایی گەشەکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە کۆتایی سەدەی ١٩ بەتایبەتی لە سالّی١٨٧٠ز قوتابخانەی فەڕمی لێکراوەتەوەو کاریگەری لە بەرەو پێش چوونی رەوشی رۆشنبیریی و پەروەردە لە شارەکە کردووە.

٣- لە سەدەی بیستەمدا دوایی هاتنی ئینگلیزەکان خوێندنی فەڕمی گەشەی بەرچاوی کردووە بەتایبەت لە سالّی ١٩١٨ کە قوتابخانەی بۆ کوڕان و کچان کراوەتەوە, لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کەرکوك تاکە شاری کوردستان بووە قوتابخانەی ناوەندی تێدا بێت کە ئەمەش بووەتە ئەلقەی بەیەك گەیاندنی قوتابیان و رۆشنبیرانی کوردستان.

٤- شاری کەرکوك یەکەم شاری باشووری کوردستان بوو، کە چاپخانەی بۆهێنرابێت، ئەمەش بووەتە هۆی دەرکەوتنی چەندان رۆژنامە و گۆڤار کە لە سالّی١٩١١ رۆژنامەی حوادث وەکو یەکەم رۆژنامە، وەك رۆژنامەیەکی سیاسی ئەدەبی کۆمەلآیەتی، هەروەها یەکەم گۆڤاریش گۆڤاری المعارف لە سالّی ١٩١٣ کە گۆڤارێکی ئەدەبی هونەری بوو دەرچووە، لەماوەی توێژینەوەکەدا ژمارەیەکی بەرچاو گۆڤارو رۆژنامە دەرچوون، ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر بلآوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی کۆمەلآیەتی هەبووە و جێی پەنجەی خۆیان لەسەر رەوشی رۆشنبیری جێهێشتووە.

٥- چەندان ناوەند و کۆمەڵە و ڕێکخراوی تایبەت بە بواری ڕۆشنبیری لە ماوەی توێژینەوەکەمان دا ۱۹۵۸-۱۹۷٥ لەشاری کەرکوك دامەزراون، وێڕای ئاستەنگە سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابوورییەکان, بەلآم توانیوویانە رۆڵی خۆیان بگێڕن و رۆشنبیران لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و هانیان داون و توانا و بەهەرەکانیان بەگەڕخستوون، لەوانەش بەتایبەتی قوتابخانە وکتێبخانەی گشتی و تەلەفزیۆنی کەرکوك وچاپخانەکان, هەروەها تیپە شانۆ ومۆسیقەکان و کۆمەڵەکانی رۆشنبیریی کوردی ویەکێتی نوسەرانی کورد و ڕێکخراوە پیشەییەکانی وەکو

یەکێتی قوتابیان ولاوان وماموٚستایان، هەموو ئەوناوەند وکۆمەڵە و ڕێکخراوانە زۆرترین خزمەتیان بەرەوشی ڕۆشنبیریی شارەکە کردووە.

٦- هەموو ئەو پێشهاتە سیاسییانەی چ لەسەر ئاستی عێراق چ لەسەر ئاستی کوردستان، کە لەماوەی توێژینەوەکەمان روویانداوە کاریگەری خۆیان لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە کردووە، لەوانە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ رەنگدانەوەیەکی باشی بەسەر تەواوی کایەکانی رۆشنبیری شارەکەدا هەبووە، خوێندنی فەرمی گەشەی بەرچاوی کرد، هەروەها لەبواری ئازادی رادەربڕیندا کرانەوەی گەورە بەڕووی ئەدیبان و نووسەران کرایەوە بە ئازادانە بنووسن، هەرلەو میانەوە لەو سەردەمەدا زۆرترین رۆژنامەی بەئاشکرا دەرکراوە،

٧- هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلولی١٩٦١ و کودەتای یەکەمی بەعسییەکان ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کودەتای دووەمی بەعسییەکان ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ کاریگەری نەرێنییان کردە سەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە بەتایبەتی رۆشنبیری کوردی، چونکە ئەوەی بینیمان لەم ماوەیەدا وێرای قەدەغەکردنی خوێندن بەزمانی کوردی، دژایەتی هەموو جۆرە چالاکی ئەدەبی، هونەری کوردی کراوە, بەلاّم تاڕادەیەك نەتەوەکانی دیکەی شارەکە خۆیان لەگەلّ دۆخەکەدا بگونجێنن رەوشی رۆشنبیریان بەبەراورد لەگەل کوردا پێشکەوتوو تر بووە.

٨- ئەو پێشهاتە سیاسیانەی، کە لەنیوەی یەکەمی حەفتاکاندا هاتنە ئاراوە، کاریگەری لەسەر سەرجەم بوارەکانی رۆشنبیری لە شارەکە کردووە، وەك پێدانی مافە رۆشنبیرییەکانی تورکمان و سریان, هەروەها رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عێراق هەموو ئەو پێشهاتانە کاریگەری دیاریان لەسەر رەوشی رۆشنبیریی شارەکە هەبووە. هەر لەم قۆناغە سەرجەم بوارەکانی رۆشنبیریی گەشەی بەرچاویان کردووە و چەندین تیپ و کۆمەڵە و یانە و رێکخراوی هونەری و ئەدەبی دامەزراون، هەر لەم قۆناغەدا ئەوەی کاری لەسەر گەشەی رۆشنبیریی شارەکە کردووە بریتی بووە لە زیادکردنی بەرنامەکانی بەشی کوردی و تورکمانی و سریانی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك.

٩- دەست پێکردنەوەی شەر لەنێوان حکومەت و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ بەهۆی پاشگەزبوونەوەی حکومەت لە بەڵێنەکانی بەرامبەر بە نەتەوەکانی شارەکە، هەموو ئەمانە کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر بزووتنەوەی رۆشنبیریی لە شارەکەدا و خوێندن بە زمانی کوردی و تورکمانی لە شارەکە قەدەغە کرا، هەروەها سەرجەم کۆمەڵە و رێکخراو وناوەندە رۆشنبیرییەکان داخران، بەمەش جموجۆڵی چالاکی لە شارەکە وەستا بزووتنەوەی رۆشنبیریی بەتەواوەتی لە دوای نسکۆی ساڵی١٩٧٥بەتایبەتی چالاکی رۆشنبیریی کوردی خامۆش بووە.

# لیستی سەرچاوەکان

# لیستی سەرچاوەکان

**قورئانی پیرۆز:**

**یەکەم:بەڵگەنامەکان:**

**ا-بڵاونەکراوەکان:**

-الجمهورية العراقية، وزارةالاعلام، مديرية دور الثقافة الجماهيرية، امر اداری كتاب(تشكيل فرقة) رقم (٨٧٣) بتاريخ١٩٧٢/١٢/١٠.

-الجمهورية العراقية، وزارة المعارف، مديرية التعليم العامة، أمر وزاری نقل معلمين رقم (٧٤١٢٥) ،بتاريخ ١٩٦١/١١/١١.

-مديرية معارف لواء كركوك-الذاتية، أمر إداری تعيين المعلمين، رقم(١٥٩٧)، بتاريخ ١٩٦٠/١١/٢٩.

-مديرية معارف لواء كركوك-الذاتية، أمر إداری تعيين المعلمين، رقم(٤٩٧٥)، بتاريخ ١٩٦٠/١١/٢٧.

**١-بڵاوکراوەکان:**

**١ -بەزمانی کوردی:**

-راپۆرتی کارگێڕی دەڤەری کەرکوک لە ١ کانوونی دووەم تا ٣١ کانوونی دووەمی ١٩١٩، و:سەربەست کەرکوکی، چاپخانەی شیڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

-فواد حمه خورشید، کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپخانەی مناره، هەولێر، ٢٠٠٧.

-ولید حمیدی، کورد وکوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، و:موحەمەد نوری تۆفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ١٩٩٩.

**٢-بەزمانی عەرەبی:**

-طارق جامباز و جبار قادر، قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد وكوردستان، من مطبوعات الاكاديمية الكردية، اربيل،٢٠١٣.

-عبدالفتاح على البوتانی، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١.

-معانات تركمان العراق، فی الوثائق الرسمية العراقية١٩٦٨-٢٠٠٣ج٢، منشورات مركز الشرق الاوسط للبحوث والدراسات التركمانية. د.ت، د.م.

**دووەم: بڵاوکراوە حکومی و ڕێکخراوەییەکان:**

**أ-بڵاوکراوە حکومەییەکان:**

-الحكومة العراقية، وزارة المعارف، التقرير السنوی عن سير المعارف لسنة ١٩٣٤-١٩٣٥، بغداد، ١٩٣٧.

-الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، التقرير السنوي عن سير المعارف لسنة ١٩٥٧-١٩٥٨، مطبعة: الحكومة، بغداد، ١٩٥٩.

-الجمهورية العراقية، وزارة المعارف، الاحصاء التربوى- التقريرالسنوى ١٩٦٠-١٩٦١، مطبعة- العانى، بغداد، د.ت.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوى-التقرير السنوى ١٩٦١-١٩٦٢، مطبعة العانى، بغداد، د.ت.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوى-التقرير السنوى ١٩٦٢-١٩٦٣، مطبعة دار الجمهورية، بغداد، د.ت.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوى-التقرير السنوي ١٩٦٣-١٩٦٤، مطبعة الحكومة بغداد، ١٩٦٧.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوى-التقرير السنوي ١٩٦٤-١٩٦٥، مط الحكومة بغداد، ١٩٦٧.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوي - التقرير السنوى ١٩٦٥-١٩٦٦،مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٦٩.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوى - التقرير السنوى ١٩٦٦-١٩٦٧،مطبعة - الحكومة، بغداد، ١٩٧٠.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوى - التقرير السنوى ١٩٦٧-١٩٦٨،مطبعة العراق، بغداد، ١٩٧١.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوي-التقرير السنوى١٩٦٨-١٩٦٩،مطبعة العراق، بغداد، ١٩٧١.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، الاحصاء التربوى - التقرير السنوى ١٩٧٠-١٩٧١،مطبعة العراق ، بغداد، ١٩٧٢.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية الاحصاء التربوى - التقرير السنوى ١٩٧٤ -١٩٧٥، مطبعة العانى، بغداد، د.ت.

-الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، نتائج الاحصاء الثقافي ١٩٦٢-١٩٦٣، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٦٤.

-الجمهورية العراقية، وزارة التربية، مديرية النشاط المدرسى، الاناشيدالمدرسية، بغداد، ١٩٧٢.

-الجمهورية العراقية، وزارةالداخلية، مديرية النفوس العامة، مجموعة الاحصائية لتسجيل عام١٩٥٧، لواء السليمانية وكركوك، مطبعة العانى، بغداد، د.ت.

-الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى الاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء، بغداد،١٩٧٣.

-الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى الاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة التاميم، مطبعة العانى، ١٩٧٨.

-مديرية التربية محافظة كركوك، دراسة وصفية تحليلية لواقع التعليم في مراحل المختلفة في محافظة كركوك ١٩٧٣-١٩٧٤ /١٩٧٤-١٩٧٥.
-مديرية التربية، محافظة كركوك، دراسة وصفية تحليلية لواقع التعليم في مراحل المختلفة في محافظة كركوك ١٩٧٠-١٩٧١/١٩٧٢- ١٩٧٣.
-موصل ويلايتى رسميسيدر، موصل ويلايتى مطبعة سى١٣٠٨ه/١٨٩٠م

**ب-بلاْوكراوه ڕێكخراوەییەكان:**

**١-به زمانى كوردى:**

-كۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە، بڵاوكراوەی نەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانی، ژ(٧)، سلێمانی ١٩٦٠.

**٢-بەزمانی عەربی:**

- المؤتمر المحلى الاول للمعلمين الاكراد فى العراق-شقلاوة، ١١-١٣ايلول١٩٥٩، منشورات جريدة ازادى، مطبعة الرابطة، بغداد،د.ت.
- مقررات المؤتمرات المحلى الاول للمعلمين التركمان المنعقد في كركوك، ٢٨-٣٠ اب ١٩٦٠.

**سێیەم: نامەی زانكۆیی بڵاونەكراوە:**

**١-نامەی ماستەر:**

**ا-بەزمانی كوردی:**

-ئومێد ئیبراهیم محمد، ڕەوشی خوێندنی ئاینی ئیسلام لەشاری سلێمانی١٩٢٢-١٩٥٨، كۆلێژی پەروەردە-زانكۆی كۆیە، ٢٠١٣.
-دڵشاد مەحموود عەبدولرەحمان، کەرکوك لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری ١٩٣٢-١٩٥٨، كۆلێژی ئەدەبیات -زانكۆی سەلاحەین, هەولێر، ٢٠٠٦.
-قارەمان حەیدەر رەحمان، بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی كوردی لەشاری هەولێر١٩٧٥-١٩٩١، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوییە، كۆلێژی ئەدەبیات-زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤.
-هۆشەنگ ساڵح محمد شریف، بزاڤی ڕۆشنبیریی لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥ لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییە، كۆلێژی ئەدەبیات -زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٣.

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

-خليل على مراد، تاريخ العراق الادارى ولاقتصادى فى العهد العثمانى الثانى (١٦٣٨-١٧٥٠)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٧٥.
-سەروان مصطفى كريم، مسيرة التعليم فى كوردستان العراق ١٩٥٨-١٩٧٥،كلية الاداب، قسم التاريخ، جامعة بيروت العربية، ٢٠١٣.
-ماجد حسن على، الحركة الطلابية الكوردية في العراق ١٩٣٦-١٩٧٠،كلية الاداب-جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٨.

**٢-تێزی دکتۆرا:**

**١-بەزمانی کوردی**

-پشکۆ تاهیر عەبدولرەحمان، شاری کەرکوک لەنێوان١٩٥٧-١٩٧٧، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسی، فاکەلتی زانستە مرۆڤاتیەکان-زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

-دڵشاد محمود عەبدولرەحمان، بارودۆخی کۆمەلایەتی شاری کەرکوک لەسەردەمی پاشایەتی١٩٢١-١٩٥٨، کۆلێژی ئەدەبیات-زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠١٠.

**٢-بەزمانی عەرەبی**

-دلشاد عمر عبدلعزيز، شركة نفط العراق المحدودة دراسة التاريخية فى نشاطيها والاقتصادي والخدمى فى كركوك ١٩٢٧-١٩٧٢، كلية اداب-جامعة موصل، ٢٠١٤.

-زين العابدين على صفر، النقل فى المدينة كركوك، كلية الاداب-جامعة بغداد، ١٩٩٦.

**چوارەم: گۆڤارو ڕۆژنامەکان:**

**١-بەزمانی کوردی:**

**ا-گۆڤارەکان:**

-(بەیان)، گۆڤارێکی وێژەیی هونەری گشتییە دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی کوردی مانگی جارێك دەریدەکرد: ژ(١) ١٩٧٢، ژ (٩) ١٩٧٢، ژ(١٦) ئابی١٩٧٤.

-(برایەتی) گۆڤارێکی سیاسی گشتی بوو: ژ(١) ١٩٧٠/٦/١، ژ(١٢) نیسانی ١٩٧١، ژ(١٣) نیسانی ١٩٧١، ژ(٧٧) تشرینی دووەمی/١٩٧٢، ژ (٣٨) شوباتی١٩٧٣، ژ(٤٣)ئاداری/١٩٧٣.

-(پەروەردە و زانست)، گۆڤارێکی پەروەردەی زانستییە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی سێ مانگ جارێك دەری دەکرد: ژ(٢)١٩٧١، ژ(٢)پایزی١٩٧٢، ژ(٤) ١٩٧٢، ژ(٥)بەهاری١٩٧٣، ژ(٦) پایزی ١٩٧٣.

-(ڕوانگە)، کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمەرەنگە دەنگی نەوەی نۆی ڕائەگەیەنێ. ژ(١)١٩٧١

-(شەفەق): گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی هەفتانەی کوردی بووە پانزە ڕۆژ جارێك لە کەرکوك دەرچووە: ژ(١)کانونی دووەمی١٩٥٨، ژ(٢)شوباتی١٩٥٨، ژ(٤)ی نیسانی١٩٥٨، ژ(٥-٦)ی مایس وحوزەیرانی ١٩٥٨، ژ(٧)ی تەموزی ١٩٥٨، ژ(٣)نیسانی١٩٥٩، ژ(٦) ١٩٥٩تەموزی، ژ(٣) تەموزی ١٩٦١.

-(گزنگ)، بڵاوکراوەیەك بوو، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك دەریان کردووە: ژ (١)ی (٥) ئاداری ١٩٧٢.

-(کۆڕی زانیاری کورد)، لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد دەرکراوە: ژ(١)١٩٧٣. ب٣،ب١، ١٩٧٥.

-(هەتاو) گۆڤارێکی وێژەیی ئەدەبی هەفتانە بووە پانزە ڕۆژجارێك لەچاپخانەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، ژ(١٦٢)ئەیلولی١٩٥٩،ژ(١٦٣)تشرینی یەکەمی١٩٥٩.

**ب- ڕۆژنامەکان:**

-(برایەتی) ڕۆژنامەیەکی سیاسییە ژ(٨٢) ١٩٦٧/٧/٢٢، ژ(١١٠) ١٩٦٧/٨/١٩، ژ(١٧٣)١٩٦٧/١٠/٢١ ، ژ(٥)١٩٧٣/٥/١٢، ژ(٢٧٧٩) ١٩٩٩/٢/١٧.

-(خەبات)، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی ئۆرگانی پارتی دیمکراتی کوردستانە: ع(٨٤١) ١٩٩٧/٩/١٢،ع (١٣٩)١٩٦٠، ژ (٥٨) ١٩٥٩، ع (٥٥) ١٩٥٩.

-(ئازادی) ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەی ئۆرگانی حیزبی شیوعی لقی کوردستان بوو ژ(١) ئایاری ١٩٥٩، ژ(١٤) ئەیلول ١٩٥٩.

-(هاوکاری) ڕۆژنامە یەکی هەفتانەی گشتی لە دەزگای هاوکاری وبلاوکردنەوەی کوردی دەردەکرا:

ژ(١٨)یمایسی١٩٧٠، ژ(٣١)ی ئابی١٩٧٠، ژ(٣٠) ئابی١٩٧٠، ژ(٣٤) ئابی١٩٧٠، ژ(٣٩) تشرینی یەکەمی١٩٧٠، ژ(٤٣)تشرینی یەکەمی١٩٧٠، ژ(١٥)نیسانی١٩٧١، ژ(٢٧)ئابی ١٩٧١، ژ(٤٣) تەموزی ١٩٧١، ژ(١١٦)مایسی١٩٧٢، ژ(١٢٧)تەموزی١٩٧٢، ژ(١٤٥)کانوونی یەکەمی ١٩٧٢، ژ(١٤٨) کانونی یەکەمی ١٩٧٢، ژ(١٦٥)مایسی١٩٧٣، ژ(٤٤)تشرینی دووەم١٩٧، ژ(٢٤١) تشرینی دووەمی ١٩٧٤.

-(ژیان)، ژ(١٦٦) ساڵی چوارەم١١نیسانی١٩٢٩.

-(ژین)، ژ(١٥٦٧)ساڵی سی وپێنج١٩٦٠/١٠/١٠.

-(صوت طلبة-دەنگی قوتابیان-اوکنجی سەسی)گۆڤارێکی قوتابیانەی ڕۆشنبیریی گشتی بوولە لایەن یەکێتی قوتابیانی گشتی قوتابیانی عێراق لقی کەرکوکەوە دەرچووە: ع (١) اب ١٩٥٩،ع (٢) السنە الاولی ١٩٥٩.

**٢- بەزمانی عەرەبی:**

-(ابناء الرياضة و الشباب جريدة الريضية)، ع (١) سنة ١٩٦٨.

(الاخاء/قارداشلق)، مجلة ادبية سياسة تصدر بالغتين العربية تركية تصدرها من نادى الاخاء التركمانية فى بغداد: ع(١) ١٩٦١، ع(٥) ١٩٦٢، ع(١٢،١١)١٩٦٣، ع(٣) ١٩٦٤، ع (١+٢) ١٩٦٥، ع (١٠-١١)١٩٦٩، ع(٤-٥) ١٩٧٠، ع (١-٢) ١٩٧١، ع(٥-٦)١٩٧٢.

-(اهل النفظ)، لسان حال الموظفين والعمال فى شركة نفط العراق والشركات التمحدة معها، ع (٦٠+٦١) السنة الخامسة١٩٥٦.

-(البشير) جريدة ادبية و ثقافية تصدر بالغتين التركمانية والعربية: ع (١) ايلول ١٩٥٨ ع (١٢) كانوونى الثانى ١٩٥٩.

-(التأخى)،جريده يوميه سياسيه،ع(١٢٧٤)١٩٧٣، ع(١٢٩١)١٩٧٣، ع(١٣٨٣)١٩٧٣، ع(١٣٩١)١٩٧٣، ع(١٣٩٣)١٩٧٣، ع(١٤٥٦)١٩٧٣، ع(١٥٧٥)١٩٧٤.

-(الوقائع العراقية)، الجريد الرسمية للجمهورية العراقية تصدرها وزارة الاعلام فى العراق: ع (١)٢٣تموز ١٩٥٨، ع(٢٣)تموز ١٩٥٨، ع (١٩١٧) ١٨ ايلول١٩٧٠.

-(سسلر)، عدد(١)،١٩٧١.

-(صدى كركوك الرياضى)، ع (١) ١٩٦٦، ع (٢)١٩٦٦، ع (٣) ١٩٦٦.

-(گاورباغى) الجريدة تصدرها بلدية كركوك، ع(١١)تشرين الاول١٩٥٩.

-(کەرکوك) الجريدة تصدرها بلدية كركوك، ع(١٩٣٠)١٩٦٧. ع(١٨٧٦) ١٩٦٥، ع(٢٠٣٦) ١٩٧٢.

**پێنجەم: بیرەوەری:**

-باكوری، تەمەنێك، ب٢، دەزگای چاپ بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٨.
-خالید دلێر، بیرەوەریەکانم، ئا: وریا ئەحمەد، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٥.
-ڕەفیق حیلمی، یاداشتی كوردستانی عێراق وشۆرشەكانی شێخ محمود، چاپخانەی المعارف، بغداد، ١٩٥٦.
-زاهیر ڕۆژبەیانی ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم، چاپخانەی كارۆ، كەركوك، ٢٠١٢.
-زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم١٩٤٣-١٩٧٧.
-على مەردان، بیرەوەری گەلای پایز، ئا:عبدالقادرعلى مردان، لێكولینەوەی:ئەحمەد سەیدعەلی بەرزنجی، چ٢، چاپخانەی رۆشنیری، هەولێر،٢٠١٢.
-كاكەمەم بۆتانی، گەلاوەریوەکان(كاكەمەمێكی تر)، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥.
-________، ژانە رێیە خۆلەمێشیەکان، ب٢، چاپخانەی بینایی، كوردستان،٢٠٠٧.
-مەلا نوری ئاغجەلەری، بیرەوەریەکانم لەنێوان بینین و بیستندا، ئا:سدیق ساڵح، بنكەی ژین، سلێمانی،٢٠٠٩.
-محمەد باقی سەعید،یەکیتی مامۆستایانی كوردستان بیرەوەریەکان وخەباتی مامۆستایان، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.
-مصطفی نریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم، دارالحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٩٤.

**شەشەم:كتێب:**

**١-بەزمانی كوردی:**

-ئازاد سەراوی، بەرەو كەركوك، ب٢،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كەركوك، ٢٠٠٨.
-ئازاد عوبێد سالح، كاریگەری شۆرشی ئەیلول لەسەر رۆژنامەوانی كوردی، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧.
-ئازاد مەجید محەمەد, نەوتی كەركوك ١٩٢٥-١٩٧٢, چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كەركوك ، ٢٠١٢.
-ئازاد محمد امین، ئاووهەوای هەرێمی كوردستانی عیراق، چ١، هەولێر، ١٩٩٨.
-ئەحمەد تاقانە، رۆژنامەی كەركوك كوردی ساڵی١٩٣٠، ئامادەكردن و پێشەكی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
-ئەحمەد عوسمان ئەبوبەكر، كوردستان لە سەردەمی ئاشتی دا، كۆكردنەوەی جەمال گردەسۆری، هەولێر، ٢٠١١.
-ئەحمەد میرە، كاریگەری بزوتنەوەی رۆشنبیری ئەدەبیە كوردییەكان لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیری ١٩٧٠-٢٠٠٣، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠١٢.

-ئاريان ئيبراهيم، رۆڵی رۆژنامەی برايی/برايەتی لەپێشخستنی ئەدەب ورۆشنبييری كورديدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبيری، هەولێر، ٢٠٠٥.
-ئەمير حەسەن پور، نەتەوايەتی وزمان لەكوردستان١٩١٨-١٩٨٥، و:باكوری، چاپخانەی رۆشنبيری، هەولێر،٢٠١٠.
-ئيبراهيم جەلال، خوارووی كوردستان وشۆرشی ئەيلول بنياتنان وهەلتەكاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چ٣، چاپخانەی ژيار، سلێمانی، ١٩٩٩.
-ئيسماعيل سرت توركمن، سێ چيرۆك بۆ مندالأن، و: جومعە محمد، كەركوك، ١٩٧٢.
-ئيسماعيل عەلی، مێژووی ئەدەبياتی توركمانی و ناودارەكانی، چاپخانەی ئارتۆز، هەولێر، ٢٠١٠.
-ئيسماعيل ئيبراهيم سەعيد، ئەسيری شاعيری نەتەوەخوازی كورد، چاپخانەی كارۆ،كەركوك، ٢٠٠٦.
-بەشير سەبری بۆتانی، هونەری فۆلكلۆری وميللييەكانی دەڤەری كەركوك ستران و گۆڤەند ميوزيك، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
-پشكۆ حمەتاهير ئاغجەلەری، شاری كەركوك١٩١٧-١٩٢٦،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی سلێمانی،٢٠٠٧ .
-جەزا تۆفيق تالب، بايەخی جيۆپۆلەتيكی دانيشتوانی هەرێمی كوردستان، بلأوكراوەی سەنتەری ستراتيجی كوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.
-جەمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەری كوردی، چاپخانەی دار الحريە، بەغدا، ١٩٧٣.
-جەمال نەبەز، كوردستان و شۆرشەكەی، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.
-حەسەن بارام، مەوسوعەی پارتەسياسيەكانی كوردستان وعێراق١٩٠٨-٢٠٠٥، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠١٣.
-حەسەن ئەرفەع، كوردەكان، و:سامان عەبدوڵلأ، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.
-حەمەديان، مێژووی قەدەغەكردنی كتێب لەكتێبخانەی كەركوك، دەزگاو پەخشی حەمدی، سلێمانی ،٢٠١١.
-حەسەن تەنيا، شانۆ شانۆی كوردەواری، چاپخانەی دارافاق، بەغدا، ١٩٨٥.
-حەميد عەبدوڵلأ سالح، سياسەتی تەعريب لە شاری كەركوك، سەنتەری لێكۆڵينەوەی ستراتيجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٨.
-حمە باقی سەعيد، يەكێتی مامۆستايانی كوردستان دامەزراندن و خەبات، چاپخانەی كارۆ سليمانی، ٢٠١٣.
-حمە صالح فرهادی، چەند لايەنێكی رۆژنامەنووسی كوردی، چاپخانەی حوادث، بەغدا، ١٩٨٨.
-حمەكريم هەورامی، مێژووی پەروەردەو خوێندن لە حوجرەكانی كوردستان، ب١،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبيری، هەولێر، ٢٠٠٨.
-دزو قاری و: محمد جەميل رۆژبەيانی،چ٢، چاپخانەی تەرەقی كەركوك، ١٩٩٢.

-دڵشاد عمر عبدالعزیز، نەوتی کەرکوك وململانێی زلهێزەکان١٨٩٠-١٩٢٧، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠١١.
-دیوانی رەنجوری ملا عومەری زەنگەنە لێکۆڵینەوە (محەمەد عەلی قەرەداغی)، مطبعة افاق العربیة بەغدا، ١٩٨٣.
-دیوانی رەهبەر، ساغکردنەوەی حمە زیاد شێخ تەها، چاپخانەی رەنج، سلێمانی،٢٠١٠.
-دیوانی لوتفی، ئا: شێخ عبێد شێخ لەتیف، چ٣، کەرکوك، ٢٠١٣.
-رەفیق شوانی، وتارەکانم دەربارەی کەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠٠٩.
-زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی شێوە و شێواز و بنیاد، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.
-زاهیر شکور، جارانی کەرکوك گەشتێك بەناوگەرك وشەقامەکانی کەرکوك، ب:١، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠١٣.
-ساڵح هەلاج، پیاوێك گرەو لەنەمری دەباتەوە، کەرکوك، ٢٠٠٥.
-سالم کریم محمود، یەکێتی قوتابیانی کوردستان ١٩٥٣-١٩٧٥، بڵاوکراوەی کۆمەڵەی روناکبیری وکۆمەڵایەتی کەرکوك، کەرکوك، ٢٠١٠.
-سامان معروف بەرزنجی عومەر معروف بەرزنجی، مارف بەرزنجی شەهید، سەرجەم بەرهەمی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣.
-سەعدی عوسمان هەروتی، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد،هەولێر، ٢٠٠٦.
-سەلام محەمەد، دیوانی سەلام محەمەد، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣.
-ستارجباری، گوڵبژێرێك لە باغی کەلتوری تورکمانی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ، ٢٠١٣.
-سمکۆ بەهرۆز، بیبلۆگرافیای ناوداران ورۆشنبیرانی کەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ،کەرکوك، ٢٠١٣.
-ـــــــــــ، مێژووی گۆرانە رۆشنبیریەکانی ناوچەی کەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠٠٦.
-ـــــــــــ، مێژووی ئەو کۆمەڵەو رێکخراو حیزبانەی لەناوچەی کەرکوك سەریان هەڵداوە، چاپخانەی بینایی، کەرکوك، ٢٠٠٦.
-سنورسەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك ١٩٦٣-١٩٩١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
-سیروان سەرگەلوی، خانەقای سەید ئەحمەد لە ئامێزی مێژوودا، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، ٢٠١٥.
-سیل جۆن ئیدمۆنس، کورد-تورك-عەرەب ، و:حامیدگەوهەری، هەولێر، ٢٠١٢.
-شەریف وەرزیر، رادیۆ رادیۆی کوردی،مێژووی سەرهەڵدانی رادیۆکوردیەکان،سلێمانی،٢٠١٠.
-شەمیران سلێمان، رووبەروو لەگەڵ لەتیف هەلمەت، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.

-شەهید شێخ حوسێن بەرزنجی ژیان وبەرهەمەکانی، ئامادەکردنی(یەحیا بەرزنجی)، هەولێر،٢٠٠٩.
-شێخ سدیق، گەرانێك بەنێوماڵەکانی کتێب سینەما شانۆ مۆسیقا تەلەفزیۆن لە کەرکوك، دەزگای ڕاگەیاندنی ئازادی، کەرکوك، ٢٠١٠.
-شێخ رەزای تاڵەبانی، ئا: ئەحمەد تاقانە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
-شێخ رەئوف خانەقاه، یادگاری خانەقا و یاداشت و شیعر، ئا : شێخ مالیك شێخ رەئوف، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠٠.
-شیخ ستار عبدوڵڵا بەرزنجی, یانەی وەرزشی سۆلاڤ لە یادی٤١ ساڵەیدا،چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١.
-شێخ لەتیف رەزا بەرزنجی گلە زەردەیی، ئا:عبید شێخ لەتیف بەرزنجی، چ٣، چاپخانەی کارۆ ،کەرکوك، ٢٠١٣.
-شیرین فرهاد، و: علی باپیر اغا، چاپخانەی تەرەقی، چ٢، کەرکوك، ١٩٩٢.
-صەلاح حمە ئەمین، شێوەکاری لە کەرکوك، دەزگای هەوال، کەرکوك، ٢٠١٠.
-صلاح الدین عبدالحمید عبدالله، شاری کفری لە تەرازووی رەسەنایەتی و شارستانییەتیدا، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٩.
-گەرمیان شکورهەیەری،لەچەپەحانەی شکور خەیاتەوە، بلاۆکراوەی کۆمەڵەی روناکبیری کۆمەلآیەتی کەرکوك، کەرکوك، ٢٠١٠.
-گۆران فەتحی، شاری کەرکوك، بەشێك لە مێژووی (مزگەوت و تەکیە و خانەقا و زاناو پیاوانی ئاینی یە ناودارەکان)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢.
-گوینتەر دێشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدرلێکراو، و: حمە کریم عارف،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
-عارف قوربانی، کەرکوك و پاکتاوی رەگەزی، ب٢، چاپخانەی تیشك، کەرکوك، ٢٠٠٥.
-عبدالقادر ساڵح، شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی، ٢٠٠٥.
-عبداللەسلێمان،لەکەرکوکەوە بۆ ڤێتەرۆنس لەگەڵ سەلام محمدی شاعیر، چاپخانە بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣.
-عبدالله ئاگرین، خوێندنەوە بۆ چەند بابەتێکی ئەدەب، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.
-عەبدولرحمان قاسملو، کورد وکوردستان، و:عبدالله حسن زادە،چ٦،چاپحانەی رۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠٠٦.
-عەبدوڵڵا غەفور ئەنتودیموگرافیای باشوری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٦
-عەبدولواحید ئیدریس شریف،گۆرانی وسرودی نیشتمانی بەرەنگاری کوردی لەکرمانجی خوارووا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١.

-عدنان كاكە رەش(ئامادەكردن) كۆمەڵە نوسەرێك، كەركوك بۆمێژوو دەدوێت، مەكتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)سلێمانی، ٢٠٠٧.
-علاء الدين سجادی، دەقەكانی ئەدەبی كوردی، چاپخانەی بینایی، بەغداد، ١٩٧٨.
-ــــــــــــ، مێژووی ئەدەبی كوردی، چ٢، بەغدا، ١٩٧١.
-ــــــــــــ ، كوردەواری، چاپخانەی معارف، بەغداد، ١٩٧٤.
-عمرشێخ لەتیف بەرزنجی، رەوشی حوجرە لەپێگەیاندنی زانائاینیەكانی هەولێر، هەولێر، ٢٠٠٧.
-عوسمان عەلی، چەند لێكۆڵینەوەیەكی دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی كورد، و: كامەران بابان زادە ،ب٢، بلاوكراوەكانی پەیمانگای جیهانی فیكری ئیسلامی، ٢٠١٠.
-عوسمان مستەفا خۆشناو, كەركوك لە ئامێزی مێژوودا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٠.
-ــــــــــــ ، لەگەڵ رۆژگاردا، گەلاوەریوەكان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.
-عومەر مەعروف بەرزنجی، لێكۆلینەوەوبیبلیۆگرافیای چیرۆكی كوردی١٩٢٥-١٩٦٩، چاپخانەی كۆری زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٨.
-عیزەدین مستەفا رەسول، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چ٣، دەزگای ئاراس، هەولێر ، ٢٠١٠.
-غازی حەسەن، خوێندەواری رێگایەكی سەخت ودرێژ لە كوردستاندا، دەزگای ئاراس، هەولێر ، ٢٠٠٨.
-غەفور مەخموری بەعەرەبكردنی كوردستان، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦.
-فاروق جمیل كریم، رۆژنامەوانی لە كەركوك لە بەرایەكان تا ساڵانی ٢٠٠٥،چاپخانەی كەكۆزن، سلێمانی، ٢٠١٢.
-فازیل جاف، شانۆ ڕوانینی نۆی داهێنان، چاوپێكەوتنی:محمود زامدار و ئازاد عەبدولواحید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.
-فازیل حوسێن، كێشەی ویلایەتی موصل، و: محمد شاكەلی، كەركوك، ٢٠٠٩.
-فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵلا، بارودۆخی سیاسی كوردستانی عێراق ١١ی مارتی١٩٧٠ - ١١مارتی ١٩٧٤ توێژینەوەیەكی مێژوویی، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.
-فەرید ئەسەسەرد، ئینسكلوپیدیای یەكێتی نیشتمانی كوردستان، سلێمانی، ٢٠١٣.
-فەرمان عبدولرەحمان، پاكتاوكردنی رەگەزی كورد لەكوردستانی عێراقدا، سلێمانی، ٢٠٠٦
-فەرهاد پیربال، مێژووی هونەری شێوەكاری لە كوردستاندا لەكۆنەوە تا پەنجاكان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٦.
-قادر وریا، كوردستان، هەولێر، ١٩٩٨.
-كامەران بابان زادە، ڕێكەوتننامەی جەزائیر وڕەهەندەكانی لەسەركێشەی كورد لەخوارووی كوردستان، سلێمانی،٢٠١٣.
-كەمال رئوف محمد، مێژووی رادیۆی كوردی بەغداد ١٩٣٩-١٩٥٨، ب١+٢، هەولێر، ٢٠١٤.

-کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب١، بەغدا، ١٩٨٥.
-کریس کوچیرا، کورد لە سەدەی نۆزدەی، و:حمە کریم عارف، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٧.
-لەتیف فاتح فەرەج، کورد وکەرکوك، ب١، سلێمانی، ٢٠٠٢.
-لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بلاۆکراوەی ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٤.
-مارتین فان برونەسن، ئاغا شێخ دەولەت، و:کوردۆعەلی، ب٢، سلێمانی،٢٠٠٣.
-مارف بەرزنجی، چرایەك لە تاریکی، چ ٢، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك ، ٢٠٠٩.
-مارف خەزنەدار، رۆژگاری من، دروست بوونی ١٩٤٩-١٩٦٠، ب٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ، ٢٠٠٩.
-ـــــــــ، مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ب٢، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
-مەحمود نجمەدین، مەلاجمیل رۆژبەیانی شەهیدی قەلەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، ٢٠١٤.
-مەهدی محمد قادر، رۆڵی کورد لە بزووتنەوەی ئاشتیخوازان لە عێراقدا(١٩٥٠-١٩٦٣) هەولێر،٢٠١٥
-ـــــــــــ، هەولێرلە نێوان سالانی١٩١٤-١٩٣٠، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر،٢٠٠٨.
-ـــــــــــ پێشهاتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان١٩٣٩-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٨.
-محمد حمە باقی، مێژووی موزیکی کوردی، چ٣، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٩.
-محمد عبدالله کاکەسور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراق١٩٢١-١٩٥٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
-محمد ئەحمەد سعید، کەرکوك بزاڤی شیعری کوردی لێکۆڵینەوە هەڵسەنگاندن، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
-محمود زامدار، دەروازەیەك بۆئاوازو گۆرانی کوردی، دار الحرية للطباعة، بەغداد، ١٩٨٠.
-مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد١٩٦-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، ب١+٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
-موعتەصەم سالەیی، لەنێوان ئێستا و ڕابردودا، چاپخانەی بینایی، کەرکوك ، ٢٠٠٦.
-نادرئینتسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی :عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤.
-نازنازمحمەد، سیاسەتی ئێران بەرامبەرشۆرشی ئەیلوول١٩٦١-١٩٧٥ لێکۆینەوەیەکی مێژوویە، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.
-نبیل عگێد ئەلموزەفەری، و:حەسەن جاف، رۆڵی نوێنەرانی کەرکوك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا١٩٢٥-١٩٥٨، هەولێر، ٢٠١٢.
-نەژاد عزیز سورمێ، رۆژنامەگەری کوردی چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك وهونەرەکانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩.

-نەوزاد عەلی، خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨.
-نەوزاد عەلی، گۆڤاری گزنگ لێکۆڵینەوە بیبلۆگرافیا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
-نزار محمد سابر کەرکوکی، لەبارەی شیعر و شاعیرانی کلاسیکی کوردی کەرکوک وگەرمیانەوە، چاپخانەی ئاسیا، ٢٠١٤.
-نوری تاڵەبانی،ناوچەی کەرکوک و هەولی گۆرینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، و:محەمەدی مەلا کریم، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
-هاوکار کریم حمە شریف، شۆرشی ئەیلول لێکۆلینەوەیەکی مێژووی لە رێکخستن وچالاکیە سەربازییەکان ١٩٦١-١٩٧٠، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٢.
-هەردەوێل کاکەیی، مەقام موزیکی فۆڵکلۆری کوردی، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک، ٢٠٠٦.
-هەڵو کاکە وەیس، مێژووی چاپخانە لە کەرکوک ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢.
-واحد عومەر محێدین، دانوساندنەکانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد وحکومەتەکانی عێراق ١٩٢١-١٩٦٨، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
-وریا جاف، مێژووی دەنگی کوردستانی عێراق، هەولێر، ٢٠٠٢.
-ـــــــ، مێژووی رۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٩٦، چ١، چاپخانەی خەبات، ١٩٩٦.
-وشیار ئەحمەد حاجی، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان چەند لایەنێکی مێژووی سەرهەڵدان وتێکۆشان، چاپخانەیوەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.
-ـــــــــ، دەفتەری سەروەری مامۆستایانی کوردستان، ب:١، هەولێر، ١٩٩٩.
-وصفی حەسەن، داستانا لێدان گازخانا کەرکوك ل ١٩٦٩/٣/١، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.

**٢-بەزمانی عەرەبی:**

-أ.ث، عن التعليم في كردستان العراق ، مطبعة خةبات ، ١٩٨٦.
-ابراهيم خليل احمد، تطور التعليم الوطنى في العراق ١٨٦٩-١٩٣٢، منشورات مركز دراسات الخليج العربى، بغداد، ١٩٨٢.
-ابراهيم خليل سعيد، كركوك پانوراما التاريخ الانسان، ج(١-٢)، مطبعة فضولى، كركوك، ٢٠١٥.
-ابراهيم داقوقلى، فنون الادب الشعبى التركمانى، دار الزمان، بغداد، ١٩٦٢.
- احمد صدقى شقيرات، اريخ مؤسسة شيوخ الاسلام فى العهد ٨٢٨-١٣٤١ه/١٤٢-١٩٢٢م، مج١،مطبعة كنعان، الاردن، ٢٠٠٢.
-احمد كاظم محسن البياتلى، ناظم الطبقجلى دورالعسكري والسياسي فى العراق١٩٣٥-١٩٥٩، بيروت، ٢٠٠٠.
-احمدفوزى، عبدالسلام محمدعارف، سيرتة محاكمتة مصرعة، بغداد، ١٩٨٨.
-أرشد الهرمزى، التركمان والوطن العراقى، ط٣، مؤسسة وقف كركوك، بيروت، ٢٠٠٥.

-جبار قادر، قضايا كردية معاصرة كركوك -الانفال- الكرد و تركيا، اربيل، ٢٠٠٦.
-جمال بابان، اصول اسماء المدن والمواع العراقية، مطبعة الاجيال،بغداد، ١٩٨٩.
- ـــــــــ، اعلام الكرد، الجزء(١-٢)، ط٢، منشورات اراس، اربيل، ٢٠١٢.
-جميل موسى النجار، التعليم العراق في العهد العثمانى الاخير ١٨٦٩-١٩١٨، بغداد، ٢٠٠١.
-حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطى الكردستانى-العراق في محطات رئيسية ١٩٤٦-١٩٩٣، ط ١، دهوك، ١٩٩٨.
-حسن جاف، ملامح التجديد فى القصة الكردية الحديثة، بغداد،١٩٩٠.
-حميدالجاف، ادباء من كركوك، كركوك، ٢٠١٠.
-خالد حبيب الراوى، تاريخ الاذاعة والتلفزيون في العراق، دارالحمكة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٩٢.
-خليل اسماعيل محمد، كركوك دراسات في التكوين القومى السكان، من منشورات جريده ميديا، اربيل ، ٢٠٠٢.
- ـــــــــ ، مؤشرات التعريب والتهجير فى اقليم كوردستان العراق، ط٢، سليمانية، ٢٠٠٣.
-ذنون محمدبيريادى، سيرة الحياتية والعلمية، مطبعة اربخا، كركوك، ٢٠٠٦.
-زبير بيلال اسماعيل، علماء ومدارس فى اربيل، مطبعة زهراء الحديثة، موصل، ١٩٨٤.
-سعدى عثمان حسين، كوردستان الجنوبيةفى القرنين السابع عشروالثامن عشر، مطبعة سيما، اربيل، ٢٠٠٦.
-سعيد الديوەجى، التربية والتعليم فى الاسلام، موصل، ١٩٨٢.
-شاخەوان عبدالله صابر، رەفيق حلمى دراسة تاريخية فى نشاط سياسى والثقافى، مطبعة شڤان، سليمانية، ٢٠٠٧.
-شاكرحسين ال سعيد، من التاريخ الحركة التشكيلية فى العراق ج٢، بغداد، ١٩٨٩.
-شاكر صابر الضابط، موجز تاريخ التركمان فى العراق ٦٣٧-١٩٥٨، مطبعة بيت الوراق للنشر،بيروت، ٢٠١١.
-شاكرخصباك العراق الشمالى، دراسة للنواحى الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣.
-شهاب احمد رحمن، الاغتيالات السياسية فى العراق "موصل كركوك نموذجا"، من منشورات الاكاديمية الكردية، اربيل، ٢٠١٣.
-شيرزاد زكريا، مجلس قيادة الثورة فى كوردستان١٩٦٤-١٩٧٠دراسة تاريخية سياسية عامة، مطبعة الجامعة، دهوك،٢٠١٠.
-صباح بازرگان، المرشد الى صحافة كركوك ١٩١١ - ٢٠١١، مطبعة شهيد ازاد هورامى، كركوك، ٢٠١٣.
-صباح عبدالله كركوكلى، اعلام الصحافة التركمانية فى العراق١٩٠٠-٢٠٠٣،كركوك، ٢٠١٣.
-صلاح الدين ساقى ولى، دليل المطبوعات كركوكية، تحقيق: حسن كوثر رضا، مطبعة فضولى، كركوك ، ٢٠٠٣.

–صلاح شاكربيرقدار، كركوك موطن المقام العرقى الاصيل، ج:١، كركوك، ٢٠٠٩.
–عامرعلى سمر، شمال العراق ١٩٥٨–١٩٧٥، دراسة سياسية، بيروت، ٢٠١٢.
–عبدالجبار محمد جبارى، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥.
–عبدالحميد على سعيد البرزنجى، دورالثورة ايلول١٩٦١–١٩٧٥فى حركة التغيرالاجتماعى، سبيريز للطباعة والنشر، دهوك٢٠٠٧.
–عبدالرزاق الحسنى، تاريخ الوزارات العراقيه، مج٣، بغداد١٩٨٨.
–عبدالرزاق الهلالى، تاريخ التعليم فى العراق فى العهد الاحتلال البريطانى١٩١٤–١٩١٨، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٧٥.
–عبداللطيف الشواف، عبدالكريم قاسم وعيراقيون اخرون ذكريات وانطباعات، دار الوراق للنشر، بيروت، ٢٠٠٤.
–عبدالفتاح على بوتانى، مدرسة ١١ اذار اول مدرسة كوردية في مدينة الموصل مع نبذة تارخية عن التعليم في كوردستان – العراق ، ط٢، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢.
–عبدالعظيم عباس نصار، بلديات العراق فى العهد العثمانى١٥٣٤- ١٩١٨، مطبعة شريعت، بغداد، ٢٠٠٦.
–عبدالله خدريزادة، كركوك ورد الضجيج المنحرف، دار اراس، اربيل،٢٠٠٧
–عبداللطيف بند اوغلو، التركمان في العراق الثورة، تاريخهم، لغتهم، ادابهم تراثهم، دار الحرية بغداد ، ١٩٧٣.
–عزيز قادر الصماغجى، التاريخ السياسى لتركمان العراق، ط١،دار الساقى، بيروت ،١٩٩٩.
–عطا ترزى باشى، أرزرى قنبر، مطبعة الزمان، بغداد، ١٩٦٤.
– ــــــــــــ، كركوك في القرن التاسع عشر الحاله الاجتماعية والادبية، ت: مولود طه قاياجى، دار الفضولى للطباعة والنشر، كركوك، ٢٠٠٩.
– ــــــــــــ، كركوك اسكيلرسوزى، بغداد، ١٩٦٢.
– ــــــــــــ،تاريخ الطباعة والصحافة فى كركوك، ت:طةقاياجى، وزارة الثقافة، كركوك، ٢٠١٢.
–ــــــــــــخويراتلرى ماعنيلرى كركوك، ط٣، بغداد، ١٩٧٠.
–عماد عبدالسلام رووف، مراكز ثقافية مغمورة فى كردستان، ط١،مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٨.
– فاروق مصطفى ، ذاكرة كركوك، وزارة الثقافة، كركوك، ٢٠١٠.
–ــــــــــــ ،جماعة كركوك التتمات اللاحقة، مؤسسة سردم، السليمانية، ٢٠١١.
–ــــــــــــ،مدخل تعريفى الى جماعة كركوك، مطبعة فضولى، كركوك،٢٠١٥.
–فاضل الحلاق، الحركة المسرحية في كركوك تواريخ أسماء ووثائق، كركوك، ٢٠٠٩.
–فاضل العزاوى،الروح الحية جيل الستينات فى العراق،ط٢، المدى، ٢٠٠٣.
–فاضل حسين سقوط النظام الملكى فى العراق، بغداد،د.ت.
–فلك الدين كاكەيى، بطاقة يانسيب ،د.م،١٩٦٧.
–كاوس قفطان، الحركة القومية الكرية فى كردستان العراق١٩٥٨–١٩٦٤،السليمانية، ٢٠٠٤.

-كركوك مدينة القوميات المتاخية، مجموعة من الكتاب والباحثين من بحوث ،دار أراس للطباعة و النشر، اربيل، ٢٠٠٩.
-كركوك مدينة القوميات المتاخية، مركز كربلاء للبحوث، لندن، ٢٠٠٤.
-كمال مظهر احمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، بغداد، ١٩٨٧.
- ــــــــــــ، كركوك وتوابعهاحكم التاريخ والضمير دراسة وثائقية عن القضية الكردية فى العراق،ج١،مطبعة رينوين، د.ت .
-ليث عبدالحسن االذبيدى، ثورة ١٤ تموز في العراق، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.
-ماهرالنقيب، كركوك وهويتها القومية والثقافية، ت:حبيب الهرمزى، مؤسسة وقف كركوك استانبول، ٢٠٠٨
-محمد حسين الذبيدى، ثورة ١٤تموز في العراق-اسبابها ومقدمتها ومسيرتها وتنظيمات الضباط الاحرار، دارالحرية، بغداد،١٩٨٣.
-محمد خضر محمود، المسرح في كركوك، كركوك، ٢٠١٣.
-محمد على القرةداغى، هوية كركوك الثقافيةوادارية، ط١، دار ئاراسللطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٤.
-محمدخضر و بهجت مردان، هابة غائب جسدا حاضر فنا، كركوك، ٢٠٠٢.
-محمدشاكلى، كورد و توركمان مشروح لتقويم واقع مغتعمل، اربيل ٢٠٠٧.
-مؤيد الراوى، ممالك،ط٢، دارجمل، ٢٠١٠.
-منذرالموصلى، القضية الكردية"البعث والاكراد"، دمشق، ٢٠٠٠.
-مير بصرى، اعلام التركمان والادب التركى فى العراق الحديث، لندن، ١٩٩٧.
-ميڤان عارف البادى، موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكردية ١٩٤٦-١٩٦٤مؤسسة موكريان، اربيل، ٢٠٠٩.
-نجاة كوثراوغلو من حوادث كركوك، ١٧٠٠-١٩٥٨، وزارة الثقافة، كركوك، ٢٠١٠.
- ــــــــــــ ، مشهد أدب تركمانى تتحدى الخمودمولود طه قاياجى، فضولى، كركوك، ٢٠١٣.
- ــــــــــــ ، صفحات من تاريخ كركوك من فجرالتاريخ الى١٩٥٨، اصدارات الجبهة التركمانية العراقية، كركوك، ٢٠٠٩.
-نصرت مردان، اطلالة على المسرح التركمانى المعاصر، كركوك، ٢٠٠٥.
- ــــــــــــ ، الصحافة التركمانية في العراق بين ١٩١١-٢٠٠٦، مؤسسة وقف كركوك للثقافة والابحاث، استنبول، ٢٠١٠.
-النظام التربوى و التعليم في العراق - ثنائية التبعيث و العسكرية، سلسلة اصدارات الهيئة الوطنية العليا للمساءلة والعدالة الدائرة الاعلامية..
-نورى عبدالحميد العانى وجاسم محمد الحربى، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهورى ١٩٥٨-١٩٦٨، ج١، ط٢، بغداد، ٢٠٠٦.
.

-هانی صاحب حسن، ازهار القرنقل دراسه في الشعر الحر التركمانی في العراق دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢.

-هشام القيسی، شعراء جماعة كركوك، مطبعة روز، كركوك، ٢٠٠٩.

-وريا جاف، كركوك دراسة سياسية واجتماعية، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ١٩٩١

-يوسف سعيد، المجزرة الاولی، كركوك، ١٩٥٨.

٣-بەزمانی توركی:

ATA TERZI BASi, kerkuk sairlrei, Istanbul,2013. -

-شمس الدين سامی، قاموس اعلام، مهران مطبعةسی، مج٥، استنبول، ١٣١٤رومی/١٨٩٢ميلادی

-عطا ترزی باشی، خويراتلری وماعيلری كركوك، دار الامة، بغداد، ١٩٧٠.

- ـــــــــــ ، كركوك اسكيلسوزی، مطبعة الزمان، بغداد، ١٩٦٢.

٤-بەزمانی ئينگليزی:

Doxidis, Kirkuk master plan final report 1975.-

حەوتەم:وتارو لێكۆڵینەوەو چاوپێكەوتنی رۆژنامەوانی:

أ-بەزمانی كوردی:

-ئازاد نەقشبەندی، كاريگەری كەركوك لەسەر راگوێزانی كورد لە كەركوك وبەعەرەبكردنی، سەنتەری برايەتی"گۆڤار"، هەولێر، ژ(٢٠)هاوينی ٢٠٠١.

-ئەحمەد محمد ئيسماعيل، شەفەق ئەستێرەيەكی گەشی دونيای رۆژنامەگەری كوردی (١٩٥٨-١٩٦٢)، رامان "گۆڤار"، هەولێر، ژ(٥٩)ی (٥)ی مايسی ٢٠٠١.

-ئيسماعيل علی، بەشير يەكەمين رۆژنامەی توركمانی سەردەمی كۆماری لە كەركوك رۆژنامەنووس" گۆڤار"، هەولێر، ژ (٤)ی ٢٢نيسانی ٢٠٠٥.

-بارزانی مەلا خاليد كۆری يەكيتی نوسەرانی كورد/لقی هەولێر بيرەوەريەكانم لەگەل دەنگی كوردستان،٢٠١٥/٩/١٧، كات ٥ی ئێوارە.

-بەهادين ئەحمەد، كورتەيەكی مێژووی ئێزگەی راديۆ تەلەفزيۆن وكەناڵە ئاسمانيە كورديەكان، رۆژنامەنوس، ژ(٢٣-٢٤) زستانی ٢٠١١.

-بورهان ئەحمەد، عبدالله ابراهيم (ديدار) كەركوك تا كۆتايی حەفتاكانی سەدەی بيست، كوردستانی نویً"رۆژنامە"، سلێمانی،ژ(٥٨٧٥)٢٠١٢/٩/١٠

-جەلال دەباغ، چاوگێرانێك بەمێژووی رۆژنامەگەری كورديی حزبی شيوعيدا، رۆژنامەڤانی "گۆڤار"، هەولێر، ژ(٢)ئابی٢٠٠٠.

-جەمال خەزنەدار، (چاوپێكەوتن)، هونەرمەند بەديع باباجان، رەنگين"گۆڤار"، ژ(٥٢)ی١٩٩٣.

-حبيب محمد كريم، كەركوك شۆرشی ئەيلولی مەزن، سەنتەری برايەتی، ژ(٢٠) هاوينی ٢٠٠١.

-خالد عەبدول کاکەیی، مێژووی پەروەردە لەچەمچەمال، ئاسۆی پەروەردەیی"گۆڤار"، هەولێر، ژ(١٦) شوباتی٢٠٠٢.
-خالدسەرکار و وریا ئەحمەد، تیپی مۆسیقای شۆڕش١٩٧٥-١٩٧٤، چلاواز"گۆڤار"،هەولێر ، ژ(٢٨)، حوزەیرانی، ٢٠٠٨.
-دیار، قۆریات هونەرێکی مێژووی ناسنامەی میللەتێکی دێرین، باریش"گۆڤار"،هەولێر، ژ(٤) نیسانی، ٢٠٠١.
-رەفیق صالح، رۆژنامەوانی کوردی لە کەرکوك، هەزارمێرد"گۆڤار"، سلێمانی، ژ(١٦) حوزەیرانی ،٢٠٠١.
-رزگار شوانی، هونەرمەند ئاری بابان، کەرکوکی ئەمرۆ"گۆڤار"،کەرکوك، ژ( ١)تەموزی، ٢٠٠٨.
-رووبار عەلی، شانۆی هاوچەرخی تورکمانی لە کەرکوك ، باریش، ژ(٢٠)، شوباتی،٢٠٠٥.
-سەباح ئیسماعیل، چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان موستەفا خۆشناو، نەوشەقەق"گۆڤار"،کەرکوك، (٦٣) کانوونی یەکەم، ٢٠٠٨.
-ـــــــــــ، گروپی کەرکوك خۆری ئاوانەبوو کوردستانی نوێ، ژ(٥٨٧٥)، ٢٠١٢/٩/١٠.
-سەلاح حمە ئەمین، ئەحمەد محمد کاکەسور، هەواڵ "هەفتەنامە"، سلێمانی، ژ(٣٣١) ٢٦ئایاری، ٢٠٠٧.
-ستار جباری, کۆمەڵەی هونەرو ریژەی کورد لە مێژوترن و چالاك ترین رێکخراوی کوردی لە کەرکوك، مێرگ"گۆڤار"، هەولێر، (٥٨) ئاداری، ٢٠١٠.
-سمکۆ بەهرۆز، رابەری ڕۆژنامەگەریی لە دەڤەری کەرکوك لە نێوان سالآنی ١٩٠٨-٢٠١٠ ڕۆژنامەنوس، ژ(٢٦) بەهاری، ٢٠١٢.
-سمکو جباری، باری رۆژنامەوانی و رۆناکبیری کەرکوك، رۆژنامەنووس، ژ(٢٣-٢٤)ی زستانی، ٢٠١١.
-ـــــــــــ، مامۆستای شەهید جەبار جەباری پەروەردەکارو تێکۆشەر، ئاسۆی پەروەردەیی، ژ(١٥)کانوونی دووەمی، ٢٠٠٢.
-سمکۆهەولێری، کورتەیەکی مێژووی لەمەر گۆرانی تورکمانی، باریش، ژ(٢٢) حوزەیرانی، ٢٠٠٥.
-سید فەخرەدین هەولێری، هونەرمەند حەمید سالح قازی، باریش، ژ(١٦)نیسانی،٢٠١٣.
-گۆڤاری کەرکوك، رەنگدانەوەی کەرکوك لەتابلۆکانی ئاری بابان، کەرکوك"گۆڤار"، کەرکوك، ژ(٢)سالی چوارەم، پایزی، ٢٠٠٢.
-عبدالله عبدالرحمن زەنگەنە، منیش ئەوەندەی لێ ئەزانم، رەنگین، ژ(١٠٥) تشرینی یەکەمی، ١٩٩٧.
-عبدالله ئیبراهیم، گروپی دووی کەرکوك، و: بورهان ئەحمەد، نەوشەفەق ، ژ (٨٤) ئابی،٢٠١٠ .
-عەباس عبدالله یوسف، گروپی کەرکوك چەند ئاماژەیەکی چڕ، کوردستانی نوێ، ژ(٥٨٧٥) ، ٢٠١٢/٩/١٠.

-عمر محمد ساڵح، ئاوەردانەوەیەك لە محمد ئەمین عەسری و رۆژنامەی کەرکوك، هاواری کەرکوك، ژ(٣) ئاداری، ١٩٩٩.

-عوسمان شارباژێری، سرودی ئەی رەقیب، هەرێمی کوردستان"گۆڤار"، هەولێر، ژ(٣٩٥) ٩/کانوونی دووەمی، ٢٠٠٧.

-فازل حەلاق، بزوتنەوەی شانۆگەری حەفتاکان لەکەرکوك، ئاینده"گۆڤار"، سلێمانی، ژ(٩٣)تشرینی دووەمی، ٢٠١٠.

-فەرهاد پیربالْ، فاریزەیەك لەبارەی مێژووی هونەری شێوەکاری لە شاری کەرکوك، هاواری کەرکووك ، ژ (٢) کانونی یەکەمی، ١٩٩٨.

-فرهاد عزیز، قوتابخانەکانی چەمچەماڵ ئاسۆی پەروەردەی، ژ (١٦)،شوباتی،٢٠١٢.

-کەریم شارەزا، میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی ، هاواری کەرکوك، ژ(٥) ئابی، ٢٠٠١.

-ـــــــــــ، بەرێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، پەیامی ئەیلول "گۆڤار"، هەولێر، ژ(٣) بەهاری، ٢٠٠٨.

-ـــــــــــ، مامەند کەرکوکی کیٚ یە، بەیان "گۆڤار"،بەغدا، ژ (١٨) ساڵی، ١٩٧٥.

-لەتیف فاتح فەرج، کتێبخانە لە کەرکوك ئاورێکی خێرا، رامان، ژ(١٨٤) ئەیلولی ٢٠١٣.

-ـــــــــــ،رۆڵی رەگەزپەرستی وتێکدەرانەی نازم تەبەقچەڵی لەکەرکوك، کەرکوك، ژ(٥) هاوینی٢٠٠٠.

-لەتیف هەڵمەت، گروپی کەرکوك ، لە کەرکوکەوە بۆ بەغدا ، کوردستانی نویٚ، ژ(٥٨٧٥)١٠ی ئەیلول ، ٢٠١٢.

-لوقمان حوسێن تاهیر، کورتەیەك لەبارەی ژیانی د.ناجی عباس ئەحمەد، ئاوێزە"گۆڤار"، کەرکوك، ژ(٢) ، ٢٠٠٢.

-مارف بەرزنجی، سەر لە بەیانی نەورۆزێك، رۆڤار"گۆڤار"، سلێمانی، ژ(٦٣).

-ـــــــــــ، نامەی سەرسنور، رۆڤار، ژ(٦٣).

-محمەد ئەحمەد سەعید، تازەگەری لەشیعری کوردی لەکەرکوك لەنێوان ١٩٧٥-١٩٩١، زانکۆی سلێمانی"گۆڤار"، سلێمانی، ژ(٢٨)نیسانی،٢٠١٠.

-محمد علی قەرەداغی، مێژووی حوجرە و مەدرەسەکانی کوردستان، واتە"گۆڤار"، هەولێر، ژ(٧)شوباتی، ٢٠١١.

-مستەفا زەنگەنە، لاپەرەیەکی شاراوە لە ژیانی هونەرمەند، هاواری کەرکوك، ژ(١) ئەیلولی، ١٩٩٨.

-موحسین محەمەد، بزووتنەوەی شانۆی کوردی لەشاری کەرکوك١٩٥٣-١٩٧٤، هاواری کەرکووك، ژ(١)ی ئەیلولی، ١٩٩٨.

-نەوزاد ئەحمەد ئەسود (چاوپێکەوتن) جلیل قەیسی: نەوشەفەق، ژ(٧٥)کانونی یەکەمی، ٢٠٠٩.

-نوری تاڵەبانی، شێخ وئیرشادی تالەبانی وچەند ناودارێکی ئەم بنەماڵەیە، کەرکوك، ژ(٣)، ساڵی دووەم، زستانی، ٢٠٠١،

-هەردەوێل کاکەیی ، مەلا عباس حلمی کاکەیی، بەیان، ژ(١١٦) شوباتی، ١٩٨٦.
-ـــــــــــــ ، ئاوایی تۆبزاوە، کاروان"گۆڤار"، ژ (٨٣) ساڵی، ١٩٩٠.
-هێرش محمد ئەمین، (چاوپێکەوتن)، بەدیع باباجان، رەنگین، ژ(٧) مایسی، ١٩٨٨.
-هیمەت کاکەیی، لەگولزاری ئەدەبیاتی کەرکوک خدر لوتفی ئەفەندی، بارش، ژ(٢٢)، حوزەیرانی، ٢٠٠٥.
-وشیار ئەحمەد ئەسوەد ، گۆرانی ومەقام لەکەرکوک، بارش، ژ(١٨)تشرینی یەکەمی، ٢٠٠٤.
- ـــــــــــــ، مۆسیقاودەنگ لەلای قادرمەردان هاواری کەرکوک، (١)ی ئەیلولی، ١٩٩٨.
-ـــــــــــــ، ئاوەردانەوەیەك بۆکۆمەڵی هونەر و وێژەی کورد لقی کەرکوک، هاواری کەرکوک، ژ(٥)تشرینی یەکەم، ٢٠٠١.

**ب-بەزمانی عەرەبی:**

-احمد قوشچو اوغلو، البشير اول جريدة تركمانية تصدرفی العهد الجمهوری فی كركوك، باريش "مجلة"، اربيل، ع(١٥+١٦+١٧)كانون الثانی+ نيسان+تموز، ٢٠٠٤.
-ـــــــــــــ، اقرار حقوق التركمان الثقافية في العراق عام ١٩٧٠، توركمن ايلی"مجلة"، كركوك، ع (٢٤)، كانون الثانی، ٢٠١٠.
-احمد محمد كركوكلی ، هم هولاء جماعة كركوك ، صوت الاخر "المجلة"، اربيل،٢٧شباتی، ٢٠٠٨.
-ـــــــــــــ، مكتبة سيد عباس حلمی ملتقی ثقافی كركوك، صوت الاخر، ع(٥٤٠)، ٢٩ تموز، ٢٠١٥.
-أ.م ايدن، الفنان عطاء صبری، باريش، ع(١٨)، تشرين الاول، ٢٠٠٤.
-اورهان البياتلی، صفحات مطوية من حياة المورخ شاكر صابر ضابط، الاخاء"مجلة"، بغداد، ع(٣١٢) تشرين الاول، ٢٠١٥.
-بهجت مردان، محمود العبيدی مؤسسة جماعة فنان كركوك، سومر"مجلة"،كركوك، ع(٥) السنة الثانية، كانون الثانی،٢٠٠٧.
-تحسين شيخ اوغلو، نشأة المسرح التركمانی في كركوك والفنانين الرواد المعاصرين، باريش، ع(١) سنة، ٢٠٠٠.
-حبيب هرمزی، الاخاء، ع(٣٠٣)، كانون الثانی،٢٠١٥.
-ـــــــــــــ، تاريخ الصحافة التركمانية في كركوك، سومر ، ع(٧) سنة ٢٠٠٧.
-زاهيدالبياتی، حسن كوثرفی ذمة الخلود، توركمن ايلی، ع(٨٧)نيسان٢٠١٥
-سردار زەنگەنە، نبذة مختصرة عن المكتبة العامة في كركوك، الصوت الاخر، ع(٢٨٠)، ١٧شباط ،٢٠١٢.
-سنان سعيد، جماعة فنانی كركوك، سومر، ع(٥) السنةالثانية،كانون الثانی، ٢٠٠٧.
-گولەرسياه منصوری، سيد محمد جواد اديباوشاعيرا وصحفيا، باريش، ع(٥)تموز، ٢٠٠٥.
-عيصمت هرمزی، محطاط فی حياة الرائد المبدع، سومر، ع(٤) صيف، ٢٠٠٦.
-عيصمت صاری كهيه، تاريخ تعليم فيی العهد العثمانی، قارداشلق/الاخاء، ع(٢١٥-٢١٦).

-فاروق فائق عمر، المعارظ في العراق،ع(٥ ) السنة الثانية، كانون الثاني، ٢٠٠٧.
-فاضل الحلاق، التشكيلي التركماني اسماء التواريخ، سومر، ع(٥) السنةالثانية، كانون الثاني٢٠٠٧.
-فاضل محمد بربر اغلو, محطات في الحيات رائد عصمت هرمزي, سومر، ع(٤) صيف، ٢٠٠٦.
-__________، لقاء صلاح الدين شيخلر، توركمن ايلي، ع(٥٢) السنةالخامسة، ٢٠١٢.
-فلاح ياواز اوغلو، سعات غزت ارسلان، الفنان التشكيلي والمسرحي، توركمن ايلي، ع(٥٠) السنةالخامسة، ٢٠١٢.
-الفنان الرائد ايدن شاكر العراق، سومر ، ع (٥) السنةالثانية، كانون الثاني،٢٠٠٧.
-محمد عبدالله عمر، الامن القومي الكوردي لاراضي محافظة كركوك الزراعية، هاواري كركوك"مجله"، ع(١)اربيل، ١٩٩٨.
-محمد عبدلله كاكه سور و نيشتمان بشير، التعليم الديني (الاسلامي)في كردستان العراق١٩٢١-١٩٥٨، زانكۆ"مجلة"، اربيل، ع(٤٠)، ٢٠٠٩.
-محمد كلدان، تأسيس المدارس النظامية في كركوك، الثقافة الحديثه، "مجلة"، كركوك، ع(١)، مايس ، ١٩٥٤.
-مصطفى نەريمان، هيجرى دةدة تحفه السليمانية، رۆشنبيرى نوێ "مجلة" بغداد، ع(١٠٧) ايلولى، ١٩٨٥.
-ملامحمدامين زنگنه، الدراسة الكوردية والتركمانية في مدينة كركوك، كركوك "مجلة"، كركوك، ع(١٤) السنة الرابعة، خريف٢٠٠٢.
-ناظم كركوكي، التشكلين تركمان في المهجر ، سومر، ع(٥) السنةالثانية،كانون الثاني، ٢٠٠٧
-نصرت مردان، سينمات كركوك وأيام المتعه في الظلام، ميزوبوتاميا"مجلة"، العدان(٥-٦) بغداد، تموز،٢٠٠٥.
-هياس كاكةيي، مشاكل التعليم في كردستان، گولان "مجلة"، اربيل، ع (٨) ٢٥كانون الثاني،١٩٩٧.
-وجدي مصطفى طوپال، نخبة من اعلام المقام العراقي في كركوك، باريش، ع(٤٩)مارت،٢٠١٠.
-__________، القوريات والمقام العراقي، باريش، ع(٢٥)كانون الاول، ٢٠٠٥.

**هەشتەم: چاوپێکەوتن:**

ئەحمەد محەمەد کەرکوکلی(کەرکوك)/ ١٧ / ٦ /٢٠١٥

ئاری بابان(سلێمانی)/ ١٦/ ١ /٢٠١٦.

بهجت غمگین(کەرکوك)/ ١٢ / ٩ /٢٠١٥.

جەبار نامیق چاوپێکەوتن (تەلەفزیۆنی کەرکوك) لە١٤نۆڤیمبەری٢٠١١.

جەلال محەمەدشریف(کەرکوك)/٢٦ / ٥ /٢٠١٥.

رەمەزان زامدار (کەرکوك)/ ١٧/ ٨/٢٠١٥.

شێخ پیرۆت تاڵەبانی(کەرکوك)/ ٢٣ / ٨ /٢٠١٥.

شێخ یوسف تاڵەبانی(کەرکوك)/ ٢٣ / ٨ /٢٠١٥.

صەباح بازرگان(کەرکوك)/ ١١ / ٩ /٢٠١٥.
عادل عەلی(کەرکوك)/ ٧ / ١٠ /٢٠١٥.
فاتح میرزا(کەرکوك)/ ٢٦/ ٥/٢٠١٥.
فاروق مستەفا(کەرکوك)/ ١١ / ٩ /٢٠١٥.
مستەفا سالْح کەریم چاوپێکەوتن (تەلەفزیۆنی کەرکوك) لە١٤نۆڤیمبەری٢٠١١
نجاة کوثر اوغلو(کەرکوك)/١٢ / ٦ /٢٠١٥.
هاشم جەباری(کەرکوك)/ ٩/ ٩ /٢٠١٥.

**نۆیەم: ئینسایکلۆپیدیا:**

ئینسایکلۆپیدیای کەرکوك (دەستنووس) لەلای (سمکۆ بەهرۆز) پارێزراوە و بلاۆنەکراوەتەوە.
موسوعةکرکوك قلب العراق،ط١، بیروت، ٢٠٠٨

**دەیەم: ماڵپەرەکانی ئەنتەرنیت:**

هەلویست جاف، دور سینما ڤ کەرکوك،سایتی WWW.KIRKUKNOW.COM
نجات کوثر اوغلو،التاریخ التعلیم فی کەرکوك www.bizturkmeniz .com
فلاح یاواز اوغلو، الفرقة القومیة الترکمانیة www.alturkmani.com
ثابت حبیب العانی، اتحاد طلبة العراقی والنشاط الدیمقراطی www.algardenia.com

**یازدەم: ئەتلەس:**

هاشم یاسین حمد امین، اخرون، اطلس کرکوك، تاریخی-اداری، طبیعی-سیاسی-اقتصادی، اربیل٢٠٠٦.

# پاشکۆکان

**پاشکۆی ژمارە ( ١ )**





مديرية معارف لواء كركوك — الجمهورية العراقية — العدد/ ٤٩٣٩/٧/٥

ذاتية الابتدائي — التاريخ ٢٧/١١/١٩٦٠

الى /

امر اداري

الموضوع / تعيين معلمين

بناء على [illegible] بقانون التعديل الثاني لقانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠ المبلغ الينا بكتاب مديرية التعليم العامة — الابتدائي — ٦٤١٣١ في ٧/١١/١٩٦٠ والمادة الرابعة من قانون تطهير الجهاز الحكومي رقم (٢) لسنة ١٩٥٨ المعدل — [illegible] المنصوص عليها في المادة السابعة من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠ في المادة المدرجة اسماؤهم في القوائم المرفقة ايها [illegible] الدورة التربوية لرجال الدين لسنة ١٩٥٩/١٩٦٠ بكركوك فقد تقرر تعيينهم معلمين على الملاك [illegible] الابتدائي براتب شهري قدره ١٨/ دينارا في المدارس المؤشرة ازاء اسم كل منهم على [illegible] التجربة لمدة سنة واحدة في خدمة فعلية واعتبارا من تاريخ المباشرة بالوظيفة .

يوسف محمد فريد

مدير معارف لواء كركوك

صورة منه الى /

فەرمانی دامەزراندنی پیاوانی ئاینی بەمامۆستای فەرمی لە شاری کەرکوک لە ئەرشیفی مامۆستا (منصورغفور) پارێزراوە.

## پاشكۆی ژماره(٢)



### مذكرة المدرسين الأكراد الى وزارة المعارف
#### حول رفع مستوى الثقافة في كردستان خاصة والعراق عامة

سيادة وزير المعارف المحترم

تحية واجلالا

وبعد ... لقد جاء عهد الحرية والنور . جاء عهد الحق والعدل . ومضى دون رجوع عهد الذل والاستعباد . مضى ذلك العهد البغيض الذي كان فيه المسؤولون يأتمرون بأوامر اسيادهم المستعمرين ويمثلون مصالحهم في طول البلاد وعرضها . نعم ، لقد جاء اليوم الذي يخضع فيه المسؤولون لارادة الشعب ويعملون بوحي من مصالحه . لقد آن الاوان ان نصارح المسؤولين بما يخالج نفوسنا المعذبة من أمان وآمال طيلة هذه السنين الطوال .

يا سيادة الوزير ..

لا تخفى على سيادتكم التضحيات الجسام التي قدمها الشعب الكردي على مذبح الحق والحرية ، ووقوفه بجانب الشعب العربي الشقيق في أحلك الساعات واسوأ الظروف . كما لا تخفى عليكم ما قامت به زبانية الاستعمار في العهد البائد من اضطهاد شعبنا الكردي وضرب حركاته التحررية بأساليبهم الوحشية وزج أفواج من شبابه وشيوخه في السجون والمعتقلات وتشريد المئات منهم واقامة مجازر دموية في كردستاننا العزيزة ونصب المشانق للمناضلين الاحرار وتجويع آلاف العوائل الكردية . ثم تحريم شعبنا الابي من كافة أوجه النشاط السياسي بل وحتى الادبي باسماء موهومة كمكافحة المبادىء الهدامة وحفظ الامن والسلام وغير ذلك .

أجل .. لقد قام عملاء العهد البائد بكل ذلك ولم يكتفوا بها . بل شنوا حربا ابتزازية ضد ثقافة الشعب الكردي المجاهد

-----

یاداشتی ماموٚستایانی كورد بوٚ وەزارەتی مەعاریف/پەروەردە داوای بایەخ دان بەزمان وكەلەپوری كورد وەگرنگی دان بەبواری خوێندن و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی كوردستانلە ساڵی ١٩٥٨. وەرگیراوە لە: پشكۆحمە تاهیر عەبدولرەحمان، كەركوك١٩٥٧-١٩٧٧.

فوصدوا أبواب المدارس في وجه الجماهير المتعطشة للعلم والثقافة بحجج واهية واختلاقات كاذبة . وحرموا الاكراد من التثقف والتعلم بلغة آبائهم واجدادهم . ذلك الحق البسيط الذي لم تحرم منه شعوب جنوب أفريقيا والزنوج في أمريكا وغيرها من الشعوب الواقعة تحت نير الاستعمار المباشر . كما ومنعت دراسة تاريخ الامة الكردية في المدارس . ذلك التاريخ الحافل بالبطولات والامجاد . فقد كان الطالب الكردي يدرس تاريخ مختلف الشعوب والقوميات وحتى المنقرضات منها ولكنه كان يجهل تاريخه جهلا تاما . ثم ان الطالب العربي الذي كان يقرأ الشيء الكثير من التاريخ نفسه يبقى جاهلا بتاريخ أخيه الكردي الذي يشاركه في الجهاد وفي الوطن .

أما وقد انقضى العهد البائد وزال ذلك الكابوس الجاثم على صدر شعبنا الابي . فالشعب الكردي لا يسعه الا ان يقف مرة اخرى بجانب شقيقه في النضال الشعبي العربي المجاهد ليحقق انتصارات اكبر واكبر مدافعا عن جمهوريتنا الفتية ومحتفظا بالمكاسب القومية التي احرزها شعبنا العراقي عربا واكرادا . وفي الوقت عينه يصارح المسؤولين بكافة الحقوق الطبيعية التي حرمها عليه العهد البائد واكدها الدستور الجديد وفي مقدمتها الحقوق الثقافية .

هذا ولما كنا نتشرف بالانتساب الى الاسرة التعليمية الموقرة ورغبة منا في محاربة الجهل رأينا من واجبنا ان نقدم لسيادتكم بعض المقترحات الاساسية لرفع مستوى الثقافة بين افراد الشعب الكردي آملين ان تلقى اهتماما وقبولا من قبل سيادتكم.

وتفضلوا بقبول فائق الاحترام

جمال نبز ــ المدرس في متوسطة الزبير ( بصرة )

فائق عارف ــ المدرس في ثانوية السليمانية ( سليمانية )

احسان عبد الكريم ـ المدرس في ثانوية السليمانية ( سليمانية )

نجم الدين المفتي ـ المدرس في ثانوية أربيل ( اربيل )

عبد الله محمد الحساج الياس ـ المدرس في مدرسة سرسينان ( سليمانية )

احسان عبد الحميد ـ المدرس في المتوسطة الشرقية ( كركوك )

عبد الرحمن رضا ـ مدرس ثانوية المصلى ( كركوك )

مصطفى سعيد احمد ( نه‌ريمان ) ـ مدرس القلعة العراقية ( كركوك )

* * *

## آ ـ المقترحات

### ١ ـ اللغة الكردية : ـ

لما كانت اللغة القومية أهم وسائل الاتصال بين الطالب والبيئة التي يعيش فيها ، وعن طريق اللغة يكتسب الطالب خبراته ومعارفه ويعبر عن مشاعره الخاصة وافكاره الشخصية لذا كان الاهتمام بلغة الام أمرا ضروريا لرفع مستوى الثقافة خاصة في سني الدراسة الابتدائية . الامر الذي يجعلنا ان نشرح بشان اللغة الكردية ما يلي : ـ

أ ـ جعل اللغة الكردية لغة التعليم في كافة المناطق الكردية.

ب ـ تكريس اللغة الكردية وآدابها في جميع المراحل الدراسية « الابتدائية والثانوية والعالية » اسوة باللغة العربية

ج ـ جعل اللغة الكردية لغة اجبارية في دار المعلمين العالية ودور المعلمين والمعلمات . ذلك لان المعلم يتعرض للنقل من منطقة الى اخرى ومن لواء الى آخر . الامر الذي يحتم عليه تعلم هذه اللغة ..

د ـ تخصيص كرسي للغة الكردية وآدابها في كلية الآداب

بجامعة بغداد المنوي تأسيسها في المستقبل .

ه ـ فتح مدارس باللغة الكردية في المناطق العربية التي تقطن فيها جاليات كردية وكذلك في المناطق الكردية الواقعة في جنوب العراق . ونخص بالذكر منها الاكراد الفيليين في بغداد والحبانيه ومركز لواء الموصل وجماهير الاكراد في لوائي الكوت والعمارة « بدورة وجصان وزرباطيه وعلي غربي » . هذا وان الاهتمام بتطبيق هذه المادة في المدارس الابتدائية أمر ضروري جدا ، ان لم يكن تطبيقها في المدارس المتوسطة أمرا ميسورا . ذلك لان مرحلة الدراسة الابتدائية مرحلة تربوية لا تعليمية .

٢ ـ اللغة العربية : ـ

يعتبر تعلم اللغة العربية بالنسبة الى الطلبة الاكراد أمرا ضروريا الا ان الطريقة التي اتبعت سابقا في تدريس هذه اللغة كانت عقيمة وغير مجدية للغاية . حيث كان المنهج المقرر للغة العربية يشمل العرب والاكراد على حد سواء . علما بان طريقة تعلم لغة الام يجب ان تختلف عن طريقة تعلم لغة اخرى غير لغة الام . لذا نقترح ما يلي : ـ

أ ـ وضع كتب جديدة باللغة العربية تحت اشراف لجنة من المربين وعلماء النفس واللغويين . تراعى فيها الاساليب التربوية والاستدراج ويراعى فيها التقارب بين اللغة الفصحى والمصطلحات العامية . ليتمكن الطالب ان يقرأ ويتكلم بلغة سليمة قريبة من اللغة الدارجة . كالكتب التي الفت تحت اشراف منظمة اليونسكو .

ب ـ ان تدريس اللغات الاخرى بجانب لغة الام في السنوات الاولى من الدراسة الابتدائية تحدث الارتباك عند الطلاب وبالتالي عدم الحصول على الفوائد المتوخاة من الدراسة في هذه المرحلة . لذا نقترح عدم تدريس اللغتين العربية والانكليزية في الصفوف الاولى من الدراسة الابتدائية والاقتصار على تدريس

اللغة الاولى اعتبارا من الصف الخامس واللغة الثانية ابتداء من الصف السادس . وهذه حقيقة ثابتة طبقت في مصر وسوريا وتركيا وايران فافلحت بالنجاح حيث لا تدرس اللغات الاجنبية في مبادىء سني الابتدائية .

ج – فتح دورات خاصة للمعلمين الذين يناط بهم تدريس هاتين اللغتين .

## ٣ – التاريخ : –

يدرس الطالب الكردي تاريخ الامم والاقوام القديمة وحتى المنقرضات والبائدات منها . كما ويدرس تاريخ مختلف الشعوب الحاضرة دراسة تفصيلية ويحفظ أسماء الملوك والطوائف والمعارك بصورة ببغاوية الا انه يحرم من دراسة تاريخ امته والاطلاع على مفاخر آبائه واجداده . ثم ان الطالب العربي الذي يهتم بنفس الدراسة العقيمة يبقى جاهلا بامجاد شقيقه الكردي والادوار التاريخية المشتركة التي مر بها الشعبان العريقان.

هذا ورغبة منا في توطيد اواصر الاخوة والصداقة عن طريق التفاهم المتبادل نقترح ما يلي : –

أ – دراسة تاريخ الامة الكردية دراسة تفصيلية في كافة مدارس كردستان .

ب – دراسة مجملة عن تاريخ الاكراد في مدارس المتوسطة الثانوية من قبل الطلاب العرب .

ج – جعل التاريخ الكردي مادة اجبارية في دور المعلمين والمعاهد الكليات التي تعنى بمادة التاريخ .

د – ترك الاساليب القديمة في دراسة علم التاريخ ووضع مناهج جديدة له تحت اشراف اخصائيين من علماء التاريخ . اذ ان التاريخ ليس هو ذكر الاشخاص والحوادث الطارئة بل هو اصول الشعوب ونضالها من أجل التحرر والانعتاق من الذل والعبودية والتقدم نحو مستقبل أفضل ثم ان التاريخ فيه دروس

وعبر وتجارب وخبرات يستهدف من دراستها غـرس بـذور الروح الوطنية والقومية واذكائها في النفوس لا الاهتمام بحفظ اسماء الملوك والسلاطين وعدد الجواري والغلمان .

٤ ـ جغرافية كردستان : ـ

الغاية من دراسة علم الجغرافية هي الالمام بحدود الوطن القومي ومعرفة أحوال سكانه واوجه نشاطهم المختلفة وثرواته الطبيعية وخيراته الزراعية والحيوانية وظروفه المناخية وكذلك العوارض الطبيعية من جبال وتلال وانهار وسهول . ولما كـان الاستعمار البغيض حرم الطلاب الاكراد من معرفة جغرافيـــة بلادهم . لذا نقترح ما يلي : ـ

أ ـ دراسة جغرافية كردستان بصورة تفصيلية في المدارس الكردية بوجه عام والاهتمام بجغرافية كردستان العراقية بوجه خاص .

ب ـ دراسة موجزة لجغرافية كردستان في المدارس العربية كبحث متمم لجغرافية العراق والاقطار المجاورة .

ج ـ جعل جغرافية كردستان مادة اجبارية في دور المعلمين والمعاهد والكليات التي تعنى بهذه المادة

٥ ـ البعثات : ـ

لم تكن البعثات في العهد البائد تخضع لنظام يحقق العـدل والمساواة بين المواطنين كافة . فكان الطالب الذي يحرز معـدلا عاما يبلغ حداً معينا يبعث الى الخارج ، بغض النظر عن لوائـه وحاجة منطقته الامر الذي يشكل ظلما وعدوانا بحق البعض من الطلاب . فلو اخذنا مركز لـواء الموصل والاقضية الكرديـــة التابعة له مثالا لذلك لرأينا عدد الطلاب الذين يتخرجون سنويا من الصف الخامس في مركز الموصل لا يقل عن ( ٢٠٠ ) طالب في حين لا يتخرج من سكان تلك الاقضية اكثر من عشرة طلاب في السنة الواحدة . بل نستطيع ان نقول ان عدد الطلاب الاكراد

الذين يتخرجون من الصف الخامس في جميع أنحاء العراق لا لا يبلغ هذا العدد أي ( ٢٠٠ طالب ) خلال خمس سنوات لقلة عدد المدارس في المناطق الكردية وسد معظمها ايام العهد البائد لاعتبارات سياسية . ولما كان الطالب يبعث الخارج على أساس المعدل دون ان يكون للواء الذي ينتمي اليه أي اعتبار ، لذا فان الطلبة الاكراد الذين يشتركون في البعثات يقل عددهم بل يتضاءل بالنسبة الى غيرهم . هذا ومن أجل ان يأخذ العدل مجراه الطبيعي نقترح ما يلي : ـ

أ ـ ان تكون البعثات حسب نفوس الالوية ، أي يجب ان لا تقل نسبة طلبة الاكراد عن ربع مجموع المبعثين الى الخارج ولو كانوا دون المستوى ؟!

ب ـ ان ترسل البعثات الى جميع اقطار العالم دون الارتباط باقطار معينة . اذ ان العلم لا موطن له .

ج ـ ان تكون البعثات حسب حاجة الشعب العراقي من الخبراء والاخصائيين وان تعنى عناية خاصة بالنواحي الصناعية والتكنيكية .

د ـ ان تراعى في قبول الطالب للبعثة درجات دروس الاختصاص والدروس الضرورية للبعثة فقط لا المعدل العام ، كما هو متبع الان .

هـ ـ ان يطبق نفس الشروط المذكورة أعلاه على طلاب البعثات من خريجي الكليات والمعاهد العالية .

٦ ـ توزيع الكليات والمعاهد العالية : ـ

ان حصر الكليات والمعاهد العالية ببغداد له تأثير سيء على مستوى الثقافة في البلاد . فالدراسة في بغداد بالنسبة الى طلاب بقية الالوية تكلف غاليا وتضع شتى العراقيل والعقبات امامهم . وخاصة من الناحية الاقتصادية الامر الذي يؤدي الى حرمان عدد من الطلاب من مواصلة الدراسة . لذا نرى من الاوفق توزيع

بعض الكليات على بعض الالوية . لان القيام بهذا العمل - على ما نعتقد - يحل مشكلة هذا الحرمان الى حد كبير . فمثلا انشاء كلية كدار المعلمين العالية أو كليـة الهندسـة في لواء كركـوك تسهل الدراسة لطلاب الوية ( كركوك وموصل والسليمانيـة واربيل ) كما ان انشاء كلية ككلية الطب أو الصيدلة في (البصرة) تسهل مشاكل الدراسة لطلاب الالوية الجنوبية . وهذه القاعدة متبعة في كثير من الاقطار الاوروبية والاقطار الشقيقة .

٧ - شروط القبول في الكليات والمعاهد العالية : -

نقترح ان نراعي في قبول الطلاب في الكليات والمعاهد العالية العراقية الشروط التالية : -

١ - نسبة نفوس الالوية .
٢ - دروس الاختصاص لا المعدل العام .
٣ - عدم الالتفات الى سنة التخرج .
٤ - عدم الالتفات الى عمر الطالب .

٨ - فتح المدارس : -

رغم قلة المدارس ( المتوسطات والثانويات بوجه خاص ) في كردستان قامت حكومة العهد البائد بسد بعضها متذرعة في ذلك بشتى الاعذار السخيفة ! لذا نرى من الضروري اعادة فتحها جميا ونخص بالذكر منها ثانوية ( حلبجة وكويسنجق ) . ثم هنالك بعض المناطق الاخرى تحتاج الى متوسطات وثانويات اذ ان معظم الطلاب ينقطعون عن الدراسة بعد تخرجهم من المدارس الابتدائية بسبب فقرهم وعدم تمكنهم من السفر الى مناطق اخرى . لذا نقترح فتح المدارس الضرورية لهم وخاصة مدارس البنات .

٩ - الاقسام الداخلية : -

يحرم الكثير من الطلاب وخاصة طلاب القرى والارياف من

مواصلة الدراسة المتوسطة والاعدادية وذلك لعدم وجود تلك المدارس في قراهم . ولعدم تمكنهم من السفر الى المدن أو المناطق التي توجد فيهـا تلك المـدارس لضيق يدهم وخفض حالتهم المعيشية . لذا نرى ان فتح الاقسام الداخلية لهم تشجعهم على الالتحاق بالمدارس وتحثهم على مواصلة الدراسـة بلهفة واهتمام .

**١٠ ـ اكمال نواقص المدارس : ـ**

نقترح بشأن ذلك ما يلي : ـ

١ ـ سد الشواغر بالمدرسين الاختصاصيين أو المحاضرين ذوي الكفاءات .

٢ ـ الاهتمام بالنواحي العملية ووسائل الايضاح وتجهيز المدارس بالمختبرات والمكتبات .

٣ ـ توجيه الطلاب نحو النشاطات المختلفة . اي تشكيل اللجان المدرسية التي منعها العهد البائد وذلك تحت اشراف المدرسين الذين لهم مؤهلات خاصة .

٤ ـ تشجيع الطلاب على القيام بسفرات مدرسية داخل القطر العراقي وخارجه .

٥ ـ الاعتناء بالمدارس المسائية بما يكفل للطالب المسائي العلم والتقدم وعدم فسح المجال بالتدريس لبعض المحاضرين الذين لا هم لهم سوى سد الشواغر .

٦ ـ مد يد المعونة للمدارس الاهلية العراقية اسـوة بالمدارس الرسمية .

٧ ـ عدم تحديد الاجور التي يتقاضاها المدرسون عن المحاضرات التي يلقونها بنسب رواتبهم بخلاف العهد البائد . اذ كانت اجور المدرس من المحاضرات التي يلقيها لا تتجاوز نسبة معينة من راتبه فان زادت عن ذلك قطعت عنه في حين كان غير المنتمي الى الاسرة التعليمية يقبض من الاجور ما

نشاء له ان يقبض .

### ١١ ـ تطهير جهاز المعارف : ـ

قام رجال العهد البائد بشن حملات ارهابية ضد الوطنيين والمناوئين للاستعمار والرجعية فشردوا وعذبوا وفصلوا وعاثوا في الارض فسادا ما طاب لهم ان يفعلوا . لذا نقترح : ـ

١ ـ تطهير جهاز المعارف من الخونة واذناب العهد البائد الذين سببوا فصل وتشريد النيارى والاحرار من المدرسين والطلاب وزجهم في السجون والمعتقلات .

٢ ـ تطهير جهاز المعارف من الذين ليست لديهم كفاءات تؤهلهم للقيام بواجباتهم . ليحل محلهم ذوو المؤهلات والقابليات الممتازة .

### ١٢ قضية التنقلات ومراعاة حقوق الاسرة التعليمية : ـ

كانت مسالة التنقلات بين المعلمين والمدرسين في العهد البائد امرا يسوده الفوضى ويعمه الاضطراب . اذ انها لم تكن تخضع لنظام يحمي لافراد الاسرة التعليمية حقوقهم . فحتى ذلك القانون الشكلي الذي وضعه المسؤولون في عهدهم المشؤوم لم يكن يطبق . فقد كان من بين المعلمين جماعة سكنوا في المدن زهاء ( ٢٠ سنة ) ولم يروا القرى مطلقا وعلى العكس فمن بينهم جماعة اخرى بقوا في القرى سنوات وسنوات ولم ينتقلوا الى المدن رغم طلباتهم الملحة ثم ان التنقلات كانت خاضعة لمشيئة المتصرفين والادارات المحلية . فكان المعلم المسكين ينقل اداريا بجرة قلم من منطقة الى اخرى وفي اي وقت كان لاغراضات سياسية بحتة ومن اجل ذلك نقترح ما يلي : ـ

١ ـ وضع نظام خاص يؤمن الحق والمساواة لمعلمي الابتدائية من حيث نقلهم من القرى الى المدن وبالعكس .

٢ ـ اخضاع التعليم الابتدائي لاشراف وزارة المعارف وعدم تسليمه الى الادارات المحلية بتاتا اذ ان الغرض من ذلك

في العهد البائد لم يكن الا مراقبة المعلمين في القرى والارياف مراقبة بوليسية .

٣ ــ اعادة النظر في قضايا المدرسين الذين نقلوا وشردوا من لواء الى آخر بأوامر ادارية دون اي مبرر شرعي فلحقت بهم اضرار كثيرة من جراء ذلك .

٤ ــ اعادة النظر في قضايا المعلمين الذين اصابهم الظلم والجور نتيجة للتصرفات الكيفية التي قام بها بعض المتصرفين ورجال الادارة في العهد البائد .

٥ ــ منح مخصصات محلية كافية للمعلمين الذين ينقلون الى القرى والارياف والعمل على تأمين دور ــ السكنى لهم كامتيازات خاصة تحثهم على القيام بواجبهم في مناطق متأخرة لا تتوفر فيها اسباب العيش كالمدن .

٦ ــ مراعاة حقوق الاسرة التعليمية كالسماح لهم بتأسيس نقابة خاصة بهم وتقليل ساعات الدروس لهم .

### ب ــ التطبيق

من الاهمية بمكان ان نضع بعض الخطوط الاساسية امام المسؤولين حول تطبيق المقترحات السابقة. اما تلك الخطط التي نحن نرتأيها للقيام بتطبيق ما سبق هي : ــ

١ ــ ان تنظيم امور المعارف في المناطق الكردية وحل المشاكل المتعلقة بها يتطلب منا ان نفكر في ربط تلك المناطق بادارة معينة تكون لها بعض الصلاحيات الخاصة . لذا نرى من الارفق ان تنظم شؤون المعارف في كردستان ( وهي الوية السليمانية واربيل وكركوك وخانقين والقضية بموصل الكردية ) تحت اشراف دائرة واحدة تدعى (مديرية معارف كردستان) يرأسها مدير يدعى ( مدير معارف منطقة كردستان ) يكون مسؤولا امام وزير المعارف مباشرة . واننا نعتقد ان تطبيق المقترحات السابقة منوط الى حد كبير بتأسيس هذه الادارة الخاصة

٢ ـ من الاوفق ان يكون مقر هذه المديرية مركز لـواء كركوك لكونه وسطا بين جميع الالوية والمناطق الكردية .

٣ ـ ان يكون لهذا المدير معاونون في مراكز الالوية الاخرى، مسؤولين امامه مباشرة .

٤ ـ اننا نعتقد جازمين بان السيد ( رفيق حلمي ) هـو الشخص الذي يصلح لهذا المنصب لكونه مربيا قديرا وخبيرا ماهرا في شؤون الثقافة الكردية .

٥ ـ تأليف لجان مختلفة من المدرسين والادباء والمؤرخين الاكراد تقوم كل لجنة حسب اختصاصها (بتأليف وترجمة الكتب العلمية والادبية الى اللغة الكردية) تحت اشراف وزارة المعارف .

٦ ـ جعل التدريس باللغة الكردية في المدارس الابتدائية اعتبارا من هذه السنة وتطبيق نفس المادة في المدارس المتوسطة والثانوية حالما يتم اعداد الكتب المقررة باللغة الكردية .

٧ ـ الايعاز الى مدرسي المتوسطات والثانويات باستعمال اللغة الكردية في الصف اثناء شرح الدروس ابتداء مـن هـذه السنة والاستعانة بالكتب القديمة كمصادر ريثما يتم اعـداد الكتب المقررة باللغة الكردية .

٨ ـ اعادة المشردين والمشتتين من المعلمين والمدرسـين الى مناطقهم للاستفادة منهم في التدريس باللغة الكردية .

٩ ـ منح مكافئات مادية ومعنوية للمشتغلين بقضايا التأليف والنشر والترجمة وتشجيعهم عـلى القيام بالبحوث العلميـة والادبية .

١٠ ـ فتح دورات خاصـة للمعلمين والمدرسـين الاكراد الذين لا يتقنون اللغة الكردية قراءة وكتابة لكي يتمكنوا مـن القيام بواجباتهم على الوجه الاكمل .

**پاشکۆی ژماره ( ٣ )**

قيادة الفرقة الثانية　　　　سري للغاية وشخصي

الاستخبارات

الرقم ح ـ ش ٣ ـ ٥ ـ ٩١٤

التاريخ ٩ ـ ٩ ـ ١٩٥٨

الى ـ

مدير الاستخبارات العسكرية

الموضوع مذكرة المدرسين الاكراد الى وزارة المعارف حول رفع مستوى الثقافة في كردستان خاصة

بطيه نسخة من المذكرة اعلاه للاطلاع .

ورد في الصفحة (١٥) تحت عنوان ( ب ـ التطبيق ) المادة (١) ما يلي ـ

( تحديد منطقة المعارف الكردية بالوية السليمانية واربيل وكركوك وخانقين واقضية الموصل الكردية ) .

نود أن نلفت النظر الى خطورة التحديد اعلاه حيث نبدي الملاحظة التالية .

العراق . كما ان ادعاء المذكرة بكردية كركوك مناف صهر القوميات الاخرى في اللواء وهذا ما ينافي روح دستور الجمهورية العراقية .

٣ ـ ليس من المصلحة تأسيس مديرية معارف كردستان وليس من الصحيح أن يكون مركزها في مدينة كركوك .

٤ ـ يجب اسناد منصب مدير المعارف في كركوك دوما « وأبدا » الى شخص عربي شرط أن تتوفر فيه صفة الحياد ويعمل للمصلحة وخدمة التعليم دون تحيز لقومية او عنصرية .

٥ ـ أما ما جاء في بقية المذكرة فنترك أمرها لوزارة المعارف لانها فرضت شروطا وليس اصلاحا .

ارجو اطلاع الجهات المعنية لخطورة المذكرة المبرقعة باسم الاصلاح .

اننا لا ننكر على اخواننا الاكراد حقهم في المطالب المنوه عنها على أن تتفق والمصلحة العامة التي هي رائد المخلصين لهذا الوطن .

توقيع

الزعيم الركن

ناظم الطبقجلي

قائد الفرقة الثانية

**یاداشتی تیپی دووی سوپای عێراق لەبارەی یاداشتی مامۆستایانی کورد. وەرگیراوە لە: وریا جاف، م.س، ص٢٧٤-٢٧٥.**

## پاشكۆی ژماره (٤ )



قيادة الفرقة الثانية
الاستخبارات
الرقم ح – ش٣ – ١٥٩٨
التاريخ ١٩٥٨/١٢/٢

سري وشخصي

الى :– مديرية الاستخبارات العسكرية

الموضوع / – بطاقة معايدة

تشير الى المادة (١٠) من كتابنا السري والشخصي والمرقم ١٣١٣ في ٣١–١٠–١٩٥٨ .

نرسل اليكم نسخة من بطاقة المعايدة المنوي طبعها والتي توضح تطور اتجاه النية لتكريد مدينة كركوك لضمها الى مقاطعة كردستان العراق وترمز الى ضم النفط اليها والصورة تمثل الجندي الكردي الذي يحمي هذه المنطقة بالسلاح ( مشارا اليه بمدفع ) هذه احدى اساليب الدعاية التي سيمارسونها فنرى من المصلحة ان تمنع مثل هذه التصاوير لانها تأتي في قائمة الفتنة التي يساهم فيها المتطرفون الاكراد بما فيهم البارتي الديمقراطي والشيوعيين المستقلين وجبهة الاتحاد الوطني هذا عدا النشرات التي تصدر تأييدا للفكرة .

نرجو عرض الموضوع على سيادة الزعيم الركن عبد الكريم قاسم للاطلاع على المراحل الاولى من دعاية اخواننا الاكراد وتطور دعايتهم على التاكيد بالاستيلاء على لواء كركوك الذي فيه اقلية كردية بالنسبة للاتراك والعرب والمسيحيين وتشجيعهم هجرة الاكراد الى مدينة كركوك ضاربين عرض الحائط بمحتويات الدستور العراقي المؤقت .

اننا نتوقع تطور الموضوع في المستقبل الى حالة اشد من هذا الاسلوب من اسلوب الدعاية والنشرات الى اسلوب المجاهرة بمطاليبهم لاعلان اقليم كردستان ثم تلي المراحل الاشد طرفا

نرجو ان يكون لديكم علما بان منعكم مثل هذه الدعايات – بواسطة توجيهات حكومة الجمهورية والاذاعة والصحف ضرورة ماسة لتطمين القوميات المختلفة في كركوك وللقضاء على فتنة تدبر او التي ستدبر من قبل المتطرفين من دعاة الاقليم المذكور .

توقيع
الزعيم الركن
ناظم الطبقجلي
قائد الفرقة الثانية

المرفقات

یاداشتی تیپی دووی سوپای عێراق لەبارەی یاداشتی مامۆستایانی كورد. وەرگیراوە لە: وریا جاف، م.س، ص٢٧٦.

**پاشکۆی ژمارە (٥)**



الجمهورية العراقية

وزارة المعارف
مديرية التعليم العام
الابتدائي
العدد ٧٤١٢٥
التاريخ / ١١/١١/١٩٦١

الموضوع/ نقل معلمين

أمر وزاري

بناء على مقتضيات المصلحة العامة
تقرر نقل المعلمين المدرجة اسماؤهم وعناوينهم ادناه الى الاماكن المؤشرة تجاه اسم كل منهم نقلا اداريا اعتبارا من تاريخ اطلاعه [illegible]

وزير المعارف
الزعيم الركن اسماعيل العارف

| الاسم | اللواء الحالي | اللواء المنقول اليه |
|---|---|---|
| ١ـ كامل حسين | معلم في مديرية معارف كركوك | لا مرد بمديرية معارف الديوانية |
| ٢ـ حاتم سعيد | - | - |
| ٣ـ قاسم اسماعيل | - | - |
| ٤ـ جوامير فلامرز | - السليمانية | - |
| ٥ـ حبيب اسماعيل | - كركوك | - |
| ٦ـ حميد الحاج رشيد الزندي | - | - |
| ٧ـ خورشيد محمد صالح | - | - |
| ٨ـ منصور غفور | - | - |
| ٩ـ جبار كابيل | - | - |

نسخة منه الى :ـ مقر الحاكم العسكري العام ـ كتابكم المرقم ٢٢٢٤ في ١٦/١٠/١٩٦١ للتفضل بالعلم.
وزارة المالية
- الداخلية
قيادة الفرقة الثانية ـ للعلم
رئاسة مجلس الخدمة العامة ب ٩ نسخ
مديرية الاستخبارات العسكرية للعلم
مديرية الحسابات العامة
مراقبية الحسابات العامة
مديرية الخزينة المركزية
متصرفية لواء كركوك ـ السليمانية ـ الديوانية
مديرية الامن العامة
مفتشية المعارف العامة
مديرية الادارة الذاتية / الملفات / السجل الشخصي / الملاك والترفيعات
مديرية اعداد المعلمين
مديرية التعليم الثانوي ـ مع الاوليات لاجراء اللازم فيما يخصكم رجاء.
مديرية الاحصاء التربوي
مديرية التعليم الابتدائي ـ السيد عادل الدوري بنسختين ـ السيد جميل للتأشير
مديرية الحسابات بديوان الوزارة
مديرية معارف لواء كركوك ـ كتابكم المرقم ٠٨١٠ في ٢/١١/١٩٦١.
- - السليمانية
- - الديوانية
- خزينة لواء كركوك ـ السليمانية ـ الديوانية
مديرية الاستعلامات
شعبة الاضبارات
نقابة المعلمين
المومأ اليهم / ..........

خيري / ٧ منه

بڕیاری گواستنەوەی مامۆستایان بەهۆی پەیوەندیان بە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١. لە ئەرشیفی مامۆستا (منصورغفور) پارێزراوە

**پاشکۆی ژماره (٦)**

مجلس
قيادة الثورة

رقم القرار/٨٩
تاريخ القرار ٢٤/١/٩٧٠

بسم الله الرحمن الرحيم

**قـــرار**

ان ثورة السابع عشر من تموز التي تؤمن بأن الطريق المؤدي الى زيادة مساهمة المواطنين في خدمة هذا الوطن وترصين الوحدة الوطنية وتعزيز الوحدة الكفاحية يأتي من خلال تمتع المواطنين بحقوقهم المشروعة وايمانا من الثورة بحق الاقلية التركمانية في التمتع بحقوقها الثقافية في المناطق التي تسكنها لذا :

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٤/١/١٩٧٠ ما يلي :ـ

١ ـ تدرس اللغة التركمانية من مرحلة الدراسة الابتدائية .

٢ ـ جعل كافة وسائل الايضاح باللغة التركمانية في جميع المدارس التي ستدرس بهذه اللغة .

٣ ـ استحداث مديرية للدراسة التركمانية بوزارة التربية والتعليم .

٤ ـ تمكين الادباء والشعراء والكتاب التركمان من تأسيس اتحاد لهم والعمل على مساعدتهم وتمكينهم من طبع مؤلفاتهم وتوفير الفرص لزيادة قدراتهم وقابلياتهم اللغوية وربط هذا الاتحاد بأتحاد الادباء العراقيين .

٥ ـ استحداث مديرية للثقافة التركمانية ترتبط بوزارة الثقافة والاعلام .

٦ ـ اصدار صحيفة اسبوعية ومجلة شهرية باللغة التركمانية .

٧ ـ زيادة البرامج التركمانية في تلفزيون كركوك .

رئيس مجلس قيادة الثورة
احمد حسن البكر

**بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تایبەت بە بریاری پێدانی مافە رۆشنبیرییەکانی نەتەوەی تورکمان، وەرگیراوە لە: طاريق جامباز، م.س، ص٤٠**

**پاشكۆی ژماره ( ٧ )**

مجلس
قيادة الثورة

رقم القرار/٢٥١
تاريخ القرار ٢٠/٣/١٩٧٢

بسم الله الرحمن الرحيم

## قــرار

تعتبر ثورة السابع عشر من تموز التي تلتزم بمبادىء حزب البعث العـــربي الاشتراكي أن تمكين الجماهير من ممارسة حقوقها الديمقراطية هو التجسيد الثابت لمنطلقاتها واسترشادها بمبادىء الحزب وأهدافه .

ولذلك فالثورة تؤمن بأن ممارسة الاقليات القومية الموجودة داخل القطر العراقي لحقوقها الثقافية هو التعبير عن المنهج الديمقراطي لالتزامها العميق بهذا التآخي القومي والوحدة الوطنية .

ان الحفاظ على الخصائص القومية لهذه الاقليات وحماية تقاليدها وتراثها الشعبي والانساني ، وتطوير ثقافتها وآدابها في اتجاه تقدمي ، وتوفير الشروط الضامنة لنهوض جماهيرها هو التعبير عن الحرص على زيادة مساهمتها في بناء هذا الوطن وتعزيز مسيرته التقدمية وتمتين الوحدة الوطنية والكفاحية بين أبنائه ، وتوطيد روابط الاخاء بين جماهير الشعب في هذا القطر وارساء العلاقة بين المواطنين على اختلاف انتماءاتهم القومية على أسس ديمقراطية متينة وتنفيذا لقرارات المؤتمر القطري السابع لحزب البعث العربي الاشتراكي في ضرورة تمكين الاقليات القومية من ممارسة حقوقها المشروعة .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٦/٤/١٩٧٢ مايلي :

١ – منح الحقوق الثقافية للمواطنين الناطقين باللغة السريانية من الآثوريين والكلدان والسريان وفقا لمايلي .

أ – تكون اللغة السريانية لغة التعليم في كافة المدارس الابتدائية التي غالبيــــة تلاميذها من الناطقين بهذه اللغة . ويعتبر تعليم اللغة العربية الزاميا في هذه المدارس .

ب – تدرس اللغة السريانية في المدارس المتوسطة والثانوية التي غالبية تلاميذهـا من الناطقين بهذه اللغة . وتعتبر اللغة العربية لغة التعليم في هذه المدارس .

ج – تدرس اللغة السريانية في كلية الآداب بجامعة بغداد كاحدى اللغــات القديمــة .

د - استحداث برامج خاصة باللغة السريانية في اذاعة الجمهورية العراقية ومحطتي تلفزيون كركوك ونينوى .

هـ - اصدار مجلة شهرية باللغة السريانية من قبل وزارة الاعلام .

و - انشاء جمعية للادباء والكتاب الناطقين باللغة السريانية ، وضمان تمثيلهم في الاتحادات والجمعيات الادبية والثقافية في القطر .

ز - مساعدة المؤلفين والكتاب والمترجمين الناطقين باللغة السريانية ماديا ومعنويا بطبع ونشر انتاجهم الثقافي والادبي .

ح - تمكين المواطنين الناطقين باللغة السريانية من فتح النوادي الثقافية والفنية وتشكيل الفرق الفنية والمسرحية لاحياء وتطوير التراث والفنون القومية .

٢ - ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره بالجريدة الرسمية ويتولى الوزراء تنفيذ أحكامه.

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تایبەت بە پێدانی مافی ڕۆشنبیریی سریان١٩٧٢. وەرگیراوە لە: طارق جامباز، م.س، ص٦٨

**پاشکۆی ژماره (٨)**


بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

وزارة الاعلام

مديرية دور الثقافة الجماهيرية العامة

قسم الشؤون الفنية

الرقم / كركوك / ٣/ ٢ ٨٧

التاريخ / ١٠ / ١٢ / ١٩٧٢

أمر اداري

تقرر تشكيل فرقة تركمانية للتمثيل والغناء والتمثيل والدبكات الشعبية في مديرية دور الثقافة الجماهيرية بمحافظة كركوك باشراف قسم الشؤون الفنية من السادة المدرجة اسماؤهم ادناه اعتبارا من تاريخ صدور هذا الامر.

عبد الكريم مكي

المدير العام

نسخة منه الى /

وزارة الاعلام – مديرية المكتب الخاص – للتفضل بالاطلاع لطفا.

محافظة كركوك – التحرير – للعلم رجاء.

مديرية دور الثقافة الجماهيرية في كركوك – كتابكم ١٨٨ في ٣/ ١٢/ ١٩٧٢.

– – – – الموصل } للعلم.

– – – – البصرة

جريدة الثورة

جريدة الجمهورية

جريدة التآخي

جريدة الراصد العربي

مجلة الف باء

للتفضل بنشر خبر تشكيل الفرقة في صحفكم الغراء لطفا.

[illegible]

قسم الشؤون الفنية

**بڕیاری مۆڵەت دان بەتیپی هونەری یوجە سسلر١٩٧٢. لەئەرشیفی هونەرمەند (بەهجەت غەمگین) پارێزراوە.**

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# kirkuk City during1958-1975
# A Historical
## Study about the Cultural Condition

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Art Salahaddin University – Erbil in Partial Fulfillment of the Requierements for the Degree of Master of Art in Modern History

By

**Fryad Rahman Muhammad Dawud**
B.A. History – Salahaddin Univeristy–2008

Supervised By
**Asst . Prof . Dr. Ismail Muhammad Hassaf**

Erbil- KURDISTAN
April 2016

// Abstract

This research entitled (**Kirkuk City during 1958 – 1975: A Historical Study about the Cultural Condition**) aims at showing the entire cultural activities and movements in the fields of education, journalism, literature, art …etc. that carried out during this period of time in the city. Undoubtedly researching in the cultural field of a city like Kirkuk in this period is a very sensitive task, because, firstly, the city is comprised of different ethnics and religions, that each of them has its own features, especially the characteristics of culture as it is an essential part of building society. Secondly, the political events of Iraq and Kurdistan had left dramatic influences over the city's culture, especially after the Bath's came to power on 8th February 1963 and 17th July 1968 that left negative effects on the Kurdish culture than other ethnics in the city. Moreover, the richness of Kirkuk with natural sources, instead of luxury, became the source of misfortune for the citizens. The Iraqi government had tried continuously changing the demography of the city, thus, this process badly affected the cultural aspect of the city. In spite of this condition the intellects of the city exploited the least opportunity to express their literary and artistic merits. This research is comprised of a preface and three chapters.

A summary of city's history and geography in addition to a rapid review of the cultural status before 1958 are mentioned in the preface.

Chapter one provides an account of the cultural aspects of the city. This chapter is divided into four sections. Section one presents the circumstances of education. The second section deals with the condition of journalism in Kirkuk city. The third section provides information about the literary genres (poetry, fiction, novel, and folklore). The fourth section deals with art condition including (drama, painting, song, and music). Within each artistic aspect, the development and the impediments to their growth are discussed.

Chapter two offers information about the role of centers, groups and organizations of culture and art that served the cultural movements and were able to gather artists, authors and common people to show their skills through various activities. Additionally, the role and the effect of cultural centers and groups outside the city on the cultural movements of the city are demonstrated.

Chapter three sheds light on the political events that happened in Iraq and Kurdistan during 1958 – 1975 like the 14th July Revolution in 1958, the beginning of September Revolution in 1961, and giving the national rights of (Turk 1970) and (Syriac 1972) and also the agreement of (11th ,March,1970 ) between Iraqi government and Kurdish liberation movement leadership . Each of the aforementioned events left and determined their effects on the cultural movements of the city.